# مێژووی بیری سیاسیی
# سەدەی بیستەم

د.  حوسێن بەشیرییە

# مێژووی بیری سیاسیی سەدەی بیستەم

## بەرگی دووەم

## لیبڕاڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم

وەرگێڕانی

ناسر ئیبراهیم زادە

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **مێژووی بیری سیاسیی سەدەی بیستەم** (بەرگی دووەم – لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم)
- **نووسینی:** د. حوسێن بەشیرییە
- **وەرگێڕانی:** ناسر ئیبراهیم زادە
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** رێمان محەمەد
- **نرخ:** ١٥٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی موکریانی (هەولێر)
- لە بەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٩٣٣) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێی دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٧٢٥)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

بۆ:

سانا

و

شەهین

# ناوەڕۆك


بەشی یەکەم: لیبراڵیزم لە سەدەی بیستەمدا ........ ٩

وتاری یەکەم: بەستێنە مێژوویی و فکرییەکانی لیبراڵیزم لە سەدەی بیستەمدا ........ ١١

وتاری دووەم: نەوەی کۆنی لیبراڵ-دیموکراتەکانی سەدەی بیستەم ........ ٣٧

وتاری سێیەم: کارڵ پۆپەر ........ ٦٩

وتاری چوارەم: فریدریش هایك ........ ٩٧

وتاری پێنجەم: ئایزایا بەرلین ........ ١١٦

وتاری شەشەم: جۆن راولز ........ ١٣٨

وتاری حەوتەم: هانا ئارێنت ........ ١٥٩

وتاری هەشتەم: لیبراڵیزم و ئایدۆلۆژیا و مەعریفەی زانستی ........ ١٩١

بەشی دووەم: کۆنسەرڤاتیزم لە سەدەی بیستەمدا ........ ٢٠٧

وتاری یەکەم: پرەنسیپ و قۆناغ و جۆرەکانی کۆنسەرڤاتیزم لە سەدەی بیستەمدا ........ ٢٠٩

وتاری دووەم: نەوەی کۆنی کۆنسەرڤاتەکانی سەدەی بیستەم ........ ٢٣٧

وتاری سێیەم: ئۆرتیگا یی گاست ........ ٢٦٣

وتاری چوارەم: دوو ژۆڤەنەل، مۆنییە، وەیل ........ ٢٨٥

وتاری پێنجەم: لیۆ شتراوس: فەیلەسووفی کۆنسەرڤاتیسف ........ ٣٠٧

وتاری شەشەم: مایکل ئۆکشات ........ ٣٢٨

وتاری حەوتەم: چۆنییەتی پێوەندی نێوان ئایین و مۆدێرنیتە لە ڕۆژئاوادا ........ ٣٤٧

وتاری هەشتەم: لە کۆنسەرڤاتیزمەوە تا هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرنیزم ........ ٣٦٧

سەرچاوەکان ........ ٣٨٧

# بەشی یەکەم

# لیبراڵیزم لە سەدەی بیستەمدا

(١)

## بەستێنە مێژوویی و فکرییەکانی لیبراڵیزم لە سەدەی بیستەمدا

سەرەڕای نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان هەر دوو چەمکی لیبراڵیزم و دیموکراسی و هزرەکانی پێوەندیدار بەو دوو چەمکەوە، هەندێ لە نووسەران ئەو دوو چەمکە بە جیا تاوتوێ دەکەن. هزرە لیبڕاڵ و دیموکراتیەکان بنەما و سەرچاوەی هاوبەشیان هەیە، بەڵام بەکارهێنانیان لە درێژەی مێژوودا گەلێ ئالۆزی لێکەوتۆتەوە. لێرەدا سەرەتا بە شێوەیەکی کورت و لێك جیا ئەو دوو چەمکە تاوتوێ دەکەین. دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە جیاوازی نێوان ئەو دوو چەمکە لە لێکدانەوەدا ساکارە، بەڵام بە کردەوە زۆر دژوارە. هزرە لیبڕالییەکان بنەمای فەلسەفی و تیۆری سیستەمە دیموکراتیەکانی ڕۆژئاوا پێك دێنن. بەو واتایە دیموکراسی ڕووی ڕاست و هاوسەنگ کراوی لیبراڵیزمە. جەوهەری لیبراڵیزم جیا کردنەوەی پانتای دەوڵەت و کۆمەڵگا و سنووردار کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە لە هەمبەر مافەکانی تاك لە کۆمەڵگا دا. لیبراڵیزم هەر لە دەسپێکەوە هەوڵێکی فکری بوو بۆ دیاری کردنی پانتای تایبەتی (تاکەکەسی، خێزانی، ئابووری) لە هەمبەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا. لیبراڵیزم وەك ئایدۆلۆژیای سیاسی لە هەمبەر دەسەڵاتی دەوڵەت، داکۆکی کردووە لە کۆمەڵگای مەدەنی، دەوڵەتی دەستووری و کۆتکراو لە چوارچێوەی یاسادا، ئازادییە تاکەکەسییەکان و حقووقی مەدەنی و بە تایبەت خاوەندارێتی تایبەت. بە پێی بنەماکانی لیبراڵیزم مافی دەوڵەت بۆ دەستخستنە ناو ژیانی تایبەتی و مەدەنی دەبێ لە ڕێگەی کۆتی بە هێز و دیاری کراوەوە سنووردار بکرێ. بنەمای فەلسەفیی ڕوانگەیەکی ئەوتۆ ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان خاوەن عەقڵن، عەقڵیش دابینکەری ئازادی تاکەکەسییە؛ و تاکەکەس تەنیا کاتێ دەتوانێ بە پێی عەقڵ بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ بژی کە ئازادی هەبێ. ئازادی و عەقڵ دوو بەشی لێك دانەبڕاون. سەندنەوەی ئازادی لە تاکەکەس

بە واتای نکۆڵی کردنی عەقڵی تاکەکەسە؛ و نکۆڵی کردنی توانایی عەقڵی مرۆڤ نکۆڵی کردنی ئازادی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە. تاکی بێ عەقڵ و بەند کراو دەبێ بە پێی عەقڵی باڵا بـژی، جـا ئەو عەقڵە باڵایە چ لە نەریت و ئاییندا بێ و چ لە ئایدۆلۆژیای سیاسیدا.

بە پێی پرەنسیپەکانی لیبرالیزم، ئازادی تاکەکەسی بە هەموو لایەنەکانییەوە بەرژەوەنـدی راستەقینەی تاك و کۆ دابین دەکات و یەکێکە لە پێداویستییەکانی شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ. لـەو رووەوە داهێنـانی تاکەکەسـی و تایبـەت لـە هـەمـوو پانتاکانی ژیاندا دەبێ بپـارێزێ و بـە هێـز بکـرێ. هـۆی دژایـەتی تونـدی لیبرالیـزم لەگـەڵ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی ئابوورییدا بۆ ئەم بابەتە دەگەرێتەوە. هـەڵبەتـە ئـەوە تـەنیا بەشێکی دژایەتی گشتی لیبرالیزمە لەگەڵ دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی بـە کۆمـەڵ و بـە تایبەت دەستخستنە ناو ژیانی فکرییەوە. داکۆکی کردن لە مافە سەرەکییەکانی تاك (بە پێی یاسا دانراوەکان)، پشتگیری کردن لـە سیسـتەمی نوێنەرایـەتی، سـنووردار کردنـی شـێوەی بەکارهێنانی دەسەلات، دانی پۆست و پلە بە پێی لێهاتوویی و هەڵبژاردن، پێداگری لـە سـەر جیاکردنەوەی هێزەکان لە یەکـتر و هتـاد... هـەموو ئـەو بابەتانـەی باسـکرا لـە پرەنسـیپە سەرەکییەکانی لیبرالیزمەوە سەرچاوە دەگرن.

ئازادی تاکەکەسی و سنووردار کردنی دەسەڵاتی دەوڵـەت، وەك دوو پرەنسـیپی سـەرەکی لیبرالیزم، هەرچەند تەواوکەری یەکترن، بەڵام جاروبار دژایەتی دەکەوێتە نێوانیان، واتا جـاری وایە پاراستن و پەرەسەندنی پانتای ئازادی تاکەکەسی بەندە بە دەستێوەردانی دەوڵەتەوە. لـەو رووەوە دیموکراسی، وەك وەدیهاتنی لیبرالیزم، بە کردەوە پشتگیری دەستێوەردانی دەوڵـەت لـە پانتا ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات. بەم پێیە لیبرالیزمی دیموکراتیی سـەدەی بیسـتەم زۆر لـە لیبرالیزمـی سـەدەی نـۆزدە جیـاوازە. بێگومـان سیاسـەتە کـۆمەڵایـەتی و ئابـوورییـەکانی دەوڵـەتە لیبرال - دیموکراتەکانی سەدەی رابردوو و ئەم سەدەیە زۆر جیاوازیان پێکەوە هەیە و تەنانەت بۆ داکۆکی کردن لە مافە کۆمەڵایەتییـەکـانی چینەکـانی خـواروو هانایان بردۆتە بەر سیاسەتی خۆشگوزەرانی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریـدا. لەو رووەوە دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابوورییدا، هەرچەندە دژی پرەنسیپی سەرەکی لیبرالیزم واتا ئابووری ئازادە، بەڵام تایبەتمەندییەکانی تری دەوڵەتی لیبرال رەت ناکاتـەوە. لـە ئاستێکی بەربلاو لە رووی واتاوە دەوڵەتە سۆسیال _دیموکراتەکانیش تەواو لیبرالن. بە کورتی

دەكرێ بڵێین لیبراڵیزم بە كردەوە زۆر لە لیبراڵیزم وەك فەلسەفە و بیرۆكە ناتەواوترە. بۆ ئاسان كردنەوەی بابەتەكە دەكرێ باس لە دوو جۆرە لیبراڵیزم بكەین: یەكەم، لیبراڵیزمی ئابووری بە واتای پاراستنی بازاڕی ئازاد و ڕكەبەر كە ڕەنگە دەوڵەتە دیكتاتۆر و فاشیەكانیش ڕەچاوی بكەن، دووەم، لیبراڵیزمی كلتوری، بە واتای ئازادی هزر و ڕا دەربڕین، كە ڕەنگە لە سیستەمی خاوەن ئابووری دەوڵەتیشدا هەبێ. لیبراڵیزم لە *هزرە سیاسییەكاندا* زۆرتر بە واتای فەلسەفەی ئازادی بە لایەنە كلتورییەكەیدا بەكار دێ، بەڵام لە *هزرە ئابوورییەكاندا* زۆرتر جەخت دەكرێتە سەر لایەنە ئابوورییەكەی. لەو ڕووەوە دەستخستنە ناو كاروباری ئابووری لە لایەن دەوڵەتی دیموكراتیەوە بە واتای ڕەت كردنەوەی لیبراڵیزم نییە، بەڵكو دەكرێ تەواوكەری پڕەنسیپەكانی لیبراڵیزم بێ. هەڵبەت دەبێ هەموو دەم ئەوەمان لەبەر چاو بێ كە دەستێوەردانی دەوڵەتی دیموكراتی لە كاروباری ئابووریدا هیچ كات لەناوبردنی سیستەمی سەرمایەداری و خاوەندارێتی تایبەت لەسەر ئامرازەكانی بەرهەمهێنانی لێ نەكەوتۆتەوە و بەردەوام مەبەستی چاكسازی سیستەم بووە. لەو ڕووەوە زۆربەی لیبراڵەكان، بە تایبەت لە وڵاتانی ئەوروپاییدا، ئێستاكە وەك بەشێكی هێزە ڕاست و كۆنسەرڤاتەكان دێنە ژمار؛ و لەو باوەڕە دان كە مەرجی هاتنە دیی ئازادییەكانی تر ئازادی ئابوورییە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئازادی سیاسی تەنیا لە سیستەمی سەرمایەداریدا وەدیدێ؛ لە ڕوانگەیەكی ئەوتۆدا ئازادی بەر لە یەكسانی مەرجی دیموكراسییە و پێكهێنانی یەكسانی لە ڕێگەی دەستكرد و سیاسییەوە، ئازادی واتا لیبراڵیزم و دیموكراسی تووشی پەشێوی دەكا.

هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بۆ وەسفی بارودۆخی سیستەمە لیبراڵ_دێموكراتە هاوچەرخەكان ناكرێ ئەو واتا بەرتەسكەی لیبراڵیزم بەكاربێنین. لیبراڵیزم بە واتا سەرەكییەكەی دیاردەیەكی سەدەی نۆزدەهەمە. بەڵام لیبراڵیزم لە دەوڵەتە خۆشگوزەرانییەكانی ئێستادا ئاوێتەی دیموكراسی و بە تایبەت هزری سیاسی و ئابووری بووە. هەڵبەت ئێستا لەگەڵ لاواز بوونی دەوڵەتە خۆشگوزەرانییەكان و داشكانەوە بە لای سیاسەتی لیبراڵیزمی ئابووری لە ژێر ناوی ئایدۆلۆژیای نیولیبراڵیزمدا گرژییەكانی نێوان لیبراڵیزم و دیموكراسی زەقتر بۆتەوە؛ جێگەی وەبیرهێنانەوەیە كە مەبەست لە لیبراڵیزم لێرەدا لایەنە ئابوورییەكەیەتی. بەم شێوەیە ئەو لیبراڵیزمەی لە سەردەمانی دەوڵەتە خۆشگوزەرانییەكاندا هیچ هەڵوێستێكی كۆمەڵایەتی و ئابووری نەبوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی نیولیبراڵیزمدا بۆتە خاوەن هەڵوێست. هەڵبەت

لایەنگرانی دیموکراسی هەڵوێستی لیبراڵیزمی ئابووری و نییولیبراڵیزمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیان پێ هەڵوێستێکی دواکەوتوانەیە. بێگومان لە ڕووی مێژوویی و هەروەها لە ڕووی چەمکەوە، لیبراڵیزم زۆرتر تێکەڵاوی سەرمایەداریە نەك دیموکراسی. دیموکراسی بە واتا مۆدێرنەکەی هیچ کات بە ڕادەی لیبراڵیزم دەربڕی ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندی چینە سەردەستەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری نەبووە. دەکرێ بڵێین هەر چەندە لیبراڵیزم بە واتا کلتوری و فەلسەفییەکەی بەستێنی سەرەکی هزرە دیموکراتی و تەنانەت سۆسیالیستییەکانە، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە لە سیستەمی سەرمایەداری نزیکە. هەر وەك ئاگادارن، ڕەخنەگرانی سیستەمە دیموکراتیەکان دیموکراسی و لیبراڵیزم بەو واتایەی باسکرا لێك جیا ناکەنەوە؛ و دیموکراسییە مۆدێرنەکان وەك نوێنگەی ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندی چینە باڵادەستە خاوەن سامانەکان لە قەڵەم دەدەن. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی هێزە جەماوەرییەکان و پەرەسەندنی دیموکراسی، بەستراوەیی دەوڵەت بە چینە باڵادەستەکان (لە چاو سەردەمی لیبراڵیزم) کەم دەبێتەوە، بە تایبەت سەرهەڵدانی بزووتنەوە و یەکێتی و حیزبە کرێکارییەکان بۆتە مایەی هاوسەنگ بوونی باڵادەستی چینە سەردەستەکان بە سەر دەوڵەتدا. تەنانەت دەبێ بڵێین کە لیبراڵیزم هەر لە دەسپێکەوە هزری یەکسانی پەژراند و هێدی هێدی هزری دیموکراسیشی قبووڵ کرد. لەم ڕوانگەوە، دیموکراسی بەرهەمی لیبراڵیزمە. بە گشتی لیبراڵیزم بە واتا بەرفراوانەکەی، وەك میراتی سەرەکی شارستانییەتی ڕۆژئاوا و بەستێنی فکریی دیموکراسی، سۆسیال_دیموکراسی و سۆسیالیزم دێتە ژمار، بەڵام بە واتا ئابوورییەکەی ئایدۆلۆژیای ئەو حیزب و دەوڵەتە تایبەتانەیە کە پشتگیری لە ئابووری بازاڕ بە واتا کلاسیکەکەی دەکەن.

لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە، لیبراڵیزم، فەلسەفەی زیادکردنی ئازادی تاکەکەسییە لە کۆمەڵگا دا بۆ ئەوپەری خۆی؛ و دوژمنی سەرەکی لیبراڵیزم چڕ بوونەوەی دەسەڵاتە کە زۆرترین زیان دەگەیەنێتە ئازادی تاکەکەس. لە ڕوانگەی لیبڕاڵییەوە، تاك و بەرژەوەندی تاك دەکەونە پێشەوەی کۆمەڵگا و بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتییەوە. لە ڕاستیدا، لیبراڵیزم بەدەر لە *ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی ڕێبازێکیشە بۆ ژیان*. بەو واتایە لیبراڵیزم هەر لە دەسپێکەوە ئاوەڵدووانەی عەلمانیەت، مۆدێرنیزم، ئیختیار، بازاڕی ئازاد، ڕکەبەرایەتی، تاکگەرایی، بەشداری سیاسی، سیستەمی نوێنەرایەتی، عەقڵانیەت، پێشکەوتن و زانستگەرای بووە.

لیبرالّیزم هەر لە بنەڕەتدا پێداگر بووە لەسەر پاراستنی جۆراوجۆری لە هەموو پانتاکانی ژیاندا. لەو ڕووەوە لیبرالّیزم دژی یەکێتیخوازی، سەنترالیزم، پاوانخوازی و دەسەلاّتخوازیی (ئۆتۆریتاریانیزم) ە. لە لیبرالّیزمدا تاك و ئامانجەکانی تاك لە ڕیزی پێشەوەن و بونیادە کۆمەلاّیەتییەکان و یەك لەوان دەولّەت ئامرازی دابین کردنی ویست وخواستەکانی تاکەکەسە. لە ڕوانگەی لیبرالّیزمەوە دەسەلاّت پیرۆز نییە. لەو ڕووەوە لیبرالّیزم دژی شێوازە نەریتییەکانی دەسەلاّتە و بە تایبەت دژی هەر چەشنە نوخبەگەراییەکە ( چ لەسەر بنەمای نەوە و ڕەچەلّەك بێ یان لەسەر بنەمای ئایین و ئەرستۆکراسی فکری و هتد)؛ و داکۆکی لە بەرفراوان بوونەوەی سەربەستی تاك دەکا. لیبرالّیزم دژی هەر چەشنە نەریتێکە کە سەربەستی و دەسەلاّتی تاك بەرتەسك کاتەوە. هەلّبەت لیبرالّەکان بەرە بە بەرە و هاوکات لەگەلّ تێپەڕ بوونی ڕۆژگار بە بونیادە و ئامرازەکانی گەیشتن بە ویست وخواستەکانیاندا چوونەوە؛ هەر بۆیە باسی ئەوەمان کرد کە دیموکراسی و تەنانەت سۆسیال_دیموکراسیش هەلّقولاّوی لیبرالّیزمن و ئامانج و پرەنسیپەکانی لیبرالّیزمیان لەگەلّ پێداویستە بگۆڕەکانی سیستەمە کۆمەلاّیەتی_ئابوورییەکاندا گونجاندووە.

لە ڕووی مێژووییەوە، لیبرالّیزم سەرەتا دژکردەوەیەك بوو لە هەمبەر بالاّدەستی ئایین و دواتر لە هەمبەر بالاّدەستی سیاسی دەسەلاّتدارە ستەمکارەکاندا. دژایەتی کردنی کلّێسە بووە هۆی ئاوێتە بوونی لیبرالّیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی، بەلاّم لیبرالّیزم هاوکات دژی ستەمکاری دەسەلاّتدارە مۆدێرنیست و ناسیۆنالّیستەکان و هەروەها دژی کلّێسەش بوو. گرنگترین ویست وخواستی لیبرالّەکان لە هەمبەر دەسەلاّتدارە ستەمکارەکاندا سنووردار کردنی دەسەلاّت بوو لە چوارچێوەی یاسادا کە زۆرتر لە ڕێگەی شۆڕشەکانەوە وەدەست هاتووە و لە بەلّگە گرنگەکانی وەك میساقی یاسایی شۆڕشی مەزنی ١٦٨٨ بریتانیا و ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی ١٧٧٦ ئەمریکا و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و هاوولاّتی ئەنجوومەنی شۆڕشگێڕی فەرەنسا لە سالّی ١٧٨٩دا ڕەنگی دایەوە؛ بۆ نموونە بە پێی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ «مرۆڤەکان ئازادن و لە ڕووی حقووقییەوە وەك یەك خولّقاون... ئامانجی کۆمەلّگای سیاسی پاراستنی مافی مرۆڤە ... ئازادی، دەسەلاّتی ئەنجامدانی هەر کارێکە بە مەرجێك کە زیانی نەبێ بۆ خەلّکانی تر... هیچ کەس بۆی نییە بە هۆی باوەڕ بە بیروباوەڕێك کەسێکی تر تاوانبار بکا...»

گرنگترین چەمکی تیۆری لیبراڵیزم گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، بە پێی ئەو چەمکە حکومەت دامەزراوەیەکی دەستکردە کە خەڵك بە مەبەستی ئاسایش و تەناهی و وەدەست هێنانی ئاسانتری مافەکانیان دروستی دەکەن. بە کورتی گرنگترین پرەنسیپەکانی لیبراڵیزم بریتین لە: باوەڕبوون بە بەهای یەکسانی هەموو مرۆڤەکان، سەربەخۆیی ئیرادەی تاك، عەقلانییەت و نییەتپاکی مرۆڤ، مافە سروشتییەکان، دەستکرد بوونی بونیادی دەوڵەت و سنووردار بوونی دەسەڵاتی حکومەتە لە چوارچێوەی یاسادا. ئامانجی سەرەکی لیبراڵەکان خەبات کردنە لە دژی سەرجەم جۆرەکانی ستەمکاری واتا ستەمکاری چینایەتی، جەماوەری، ئایینی یان حیزبی.

لە ڕوانگەی مێژووی هزری سیاسی ڕۆژئاواوە، لیبراڵیزم ئایدۆلۆژیای چینێکی بورژوا بوو کە لە دژی دەوڵەتە ستەمکارەکانی ئەوروپا سەری هەڵدا و خوازیاری سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتانە بوو لە چوارچێوەی یاسادا. لە ڕووی مێژوویییەوە، ڕیشەی پێداگری لیبراڵیزم لەسەر تاکەکەس و عەقڵی تاکەکەس دەگەڕێتەوە بۆ هزرەکانی مەسیح؛ بە تایبەت ئەو بەشەی کە سەبارەت بە یەکسانی و یاسا و مافی سروشتی لە قوتابخانەی ڕەواقییەکانی وەرگرتبوو. لە ڕووی فەلسەفەی سیاسییەوە دەکرێ بڵێین کە هزری سەرەکی لیبراڵیزم سەبارەت بە دابەش کردنی چوارچێوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت لە فەلسەفەی تۆماس هۆبزەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕاستە بیرۆکەی هۆبز، بیرۆکەیەکی دۆگمە، بەڵام سەرچاوەی دیاری کردنی پانتایەکی جیا لە پانتای دەوڵەتە وەك دەسەڵاتی گشتی یان ***مرۆڤی دەستکرد***. لەو پانتایەدا هەموو تاکەکان پێکەوە یەکسانن و هەر کەس لە هەوڵی دابین کردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دایە و قازانجویستی سەرەکیترین پاڵنەرە. لە دۆخێکی سروشتیدا کاتێك تاکەکان مافە سەرەکییەکانی خۆیان دەدەنە دەست دەسەڵاتێکی باڵاترەوە پانتایەکی گشتی و پانتایەکی تایبەتی (دەوڵەت و کۆمەڵگا) پێك دێ. بابەتێکی ئەوتۆ بەرهەمی ***گرێبەستی کۆمەڵایەتییە***. دەسەڵاتدار دەبێ مافەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بە تایبەت مافی خاوەنداریتی و ژیان و پێکهێنانی خێزان بپارێزێ. بەم شێوەیە هەر چەندە بیرۆکەی هۆبز لە ڕووی دەرئەنجامی سیاسییەوە نالیبراڵییە (چونکە دەسەڵاتی دەوڵەت بێ سنوورە)، بەڵام لە ڕووی هەڵوێست سەبارەت بە سروشت و ڕیشەی دەوڵەتەوە لیبراڵییە و گریمانەی سەرەکیشی جیا کردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگا و ڕاگواستنی مافەکانی کۆمەڵگایە بۆ دەوڵەت. لە ڕوانگەی هۆبزەوە ئازادی تەنیا لە ژێر ناوی

لڤیاتانـدا وەدی دێ. لڤیاتـان خـاوەنی دەسـەڵاتی ڕەهایـە، بـەڵام دابینکـەری ئازادییـە تاکەکەسییەکانە: «دەوڵەت لەو لێوارە بەردینانەی قەراغ شەقام و جادە دەچێ. مەبەسـت لـە چێکردنی ئەو لێوارانە ڕێگرتن لە ترۆمبێل و ڕێبواران نییە، بەڵکو ڕێنوێنی کـردن و بـەرگری کردنە لە ڕێ لێونبوونیان.» لڤیاتان ناتوانێ بە زۆر باوەڕێك بە سەر تاکێکدا بسەپێنێ، چونکە بیرکردنەوە ئازادە. لڤیاتان تەنیا نرخێکە کە دەبێ لەبری ئاشتی و ئاسایش دا بـدرێ. لڤیاتـان دەستکردە و دەرئەنجامی ڕەزامەندی گشتییە و بـە دوورە لـە هـەر چەشـنە ڕەمـز و ڕازێـك. ئامانجی دەوڵەتیش خزمەت کردنە بە تاکەکەس و هەروەها دابین کردنی ئاشتی و تەناهییە بـۆ تاکەکەس. ئامانجی کۆمەڵگای سیاسی دابین کردنی بەرژەوەندی دەوڵەت نییـە، بـەڵکو دابـین کردنی بەرژەوەندی تاکەکەسە. جۆن لۆکیش هەر وەك هـۆبز لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە دەوڵـەت بەرهەمی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخی سروشتی، بەڵام بـە پێچـەوانـە هۆبز باوەڕی وابوو کە مرۆڤ تـەنانـەت لـە دۆخـی سروشتیشـدا خـاوەنی مـافی سروشـتییە و دەوڵەتیش بە مەبەستی پاراستنی ئەو مافە سروشتییە پێك هـاتووە. هـەر بۆیـە تـاك مـافی خۆیەتی بـەرەنگـاری هـەر چەشـنە دەسـەڵاتێکی سـتەمکار بێتـەوە کـە نکـۆڵی لـە مافـە سروشتییەکان بکا. جۆن لۆك گەورەترین فەیلەسووفی قوتابخانەی لیبراڵیزمـە و کـاکڵی هـزری ناوبراو سنووردار کردنـەوەی دەسـەڵاتی سـتەمکاریە. لـە ڕوانگـەی لۆکـەوە دەوڵـەت تـەنیا ئامرازێکە بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی کۆمەڵگا. بـەر لـە دەوڵـەت کۆمـەڵگا هـەبـووە و هـەمـوو مافـەکانی نادرێتـە دەوڵـەت. دەسـەڵاتی دەوڵـەت لـە چوارچـێوەی دابـین کردنـی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا دایە. لە دۆخی سروشتیدا مرۆڤ «کۆیلـەی دەسـەڵاتی سـەر ڕووی زەوی نییە»، بەڵام پەیڕەوی یاسـای سروشـتە؛و مـافی سروشـتی، بـە تایبـەت مـافی ژیـان و خاوەندارێتی، بەرهەمی یاسای سروشتە. لە دۆخی سروشتیدا ڕاستە شەڕ لە ئارادا نییە، بەڵام تەناهی و ئاسایشیش هیچ گەرەنتییەکیان لـە پشـتەوە نییـە؛ و هـەر بۆیـە گرێبەسـتێك بـۆ سازدانی کۆمەڵگا یان دەوڵەت دەبەسترێ. بە باوەڕی جۆن لۆك گرنگترین ئامانجی تاکەکان لـە چوون بۆ ناو کۆمەڵگای مەدەنی و پەیڕەوی کردن لە دەوڵـەت پاراسـتنی خاوەندارێتییـە. بـە گشتی حکومەت نوێنەری خەڵکە و بەرهەمی گرێبەستە نەك لایەنێکی ئەو گرێبەستە.

پاش لـۆك، مۆنتیسـکیۆ و ئـادام سمیـت لـە نووسـینەکانی خۆیانـدا بنـەما حقـووقی و ئابوورییەکانی لیبراڵیزمیان خستە ڕوو. لە هەمبەر دەوڵەتی تۆتـالیتێری لـۆیی چـاردەهەمدا

مۆنتیسکیۆ داکۆکی لە لێك دابڕانی دەسەڵات و حقووقە فیۆدالییەکان دەکرد؛ و ستەمکاریانی بەو دڕندانە دەشووبهاند کە بۆ خواردنی بەری دارێك ئامادەن دارەکە لـە ڕیشـەوە هـەڵکـەنن (ئامـاژە بـە لـۆیی چـاردەهەمە کـە بـە بـاوەڕی مۆنتیسـکیۆ بـۆ پتـەو کردنـی دەسـەڵاتی ستەمکاریانەی خۆی ئامادە بوو گـەورە خێزانکـانی فـەڕەنسـا خاشـەبـڕ بکـا). بـە بـاوەڕی مۆنتیسکیۆ باشترین یاسای بنچینەیی یان حکومەت بۆ سنووردار کردنی دەسەڵاتی ستەمکار ئەوەیە کە لە سێ توخمی تاکەکەسی (پاشـا)، ئەرستۆکراسـی (نـەجیبزادەکـان) و دیمـوکراتی (کۆمەڵەی سێ چینەکان) پێك هاتبێ. لە ڕوانگەی مۆنتیسکیۆوە گرنگترین تایبەتمەندی ئـەو حکومەتە دابەش کردنی هێزەکان و کۆنتڕۆڵ کردنی هێزەکانە لە لایـەن خۆیانـەوە. هـەروەهـا پشتگیری لە جیا بوونەوەی دەوڵەت لە کڵێسە و کۆنتڕۆڵ کردنی یـەکتری دەوڵـەت و کڵێسـەی دەکرد.

لە سەدەی هەژدەهەمدا تۆماس پین (١٨٠٩-١٧٣٧) هەراوترین لێکدانەوەی لە پڕەنسیپە سەرەتاییەکانی لیبراڵیزم بەدەستەوەدا. ناوبراو سەرقاڵی خـەبـات بـۆ شۆڕشـی سـەربـەخۆیی ئەمریکا و شۆڕشی فەڕەنسـا بـوو. پـین لـە کتـێبی *عـەقڵی سـاخلەم* (Common sense) (١٧٦٦)دا پشتگیری لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی ئەمریکا دەکا؛ و لە کتێبی *مافەکانی مـرۆڤ* (The rights of man)دا (١٧٩٣) هێرش دەکاتە سەر حکومەتە ئەرستۆکراتەکانی کـۆن و پەسنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی فەڕەنسا دەدا. لە ڕوانگەی پینەوە بە پێـی حـوکمی عـەقڵ و یاسـای سروشـت حکومـەتی دیمـوکراتی پێویسـتە؛ و حکومـەتێکی ئـەوتۆ زامـنی مافـە سروشتییەکانی مرۆڤە. بە پێی یاسا و مافە سروشتییەکان هـەر کـەس بـۆی هەیـە بـە پێـی عەقڵی خۆی لەسەر ژیانی ئەخلاقی، ئایینی، سیاسی و ئـابووری خـۆی بڕیـار بـدا. پـین، بـە تایبەت لە کتێبی *سەردەمی عەقڵ* (The age of reason)دا(١٧٩٦) داکۆکی لـە ئـازادی ئایینی دەکا و گاڵتە بە کڵێسە دەکا و دەڵێ: « زەینی من کڵێسەی منە.» و لە یاسا و مافە سروشتییەکان پڕەنسیپی دەوڵەتی بچووك هەڵدێنجێ و لەو بـاوەڕە دایـە کـە تـەنیا ئـەرکـی حکومەت پاراستنی مافی سروشـتیی تاکەکانـە. هـەروەهـا بـە بـاوەڕی نـاوبراو لـە پانتـای ئابووریشدا تاکـەکان دەتـوانن بـە بـێ دەسـتێوەردان و پشـتگیری کردنـی دەوڵـەت بـەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بچن.

هەروەها لە هزرەکانی تۆماس پیندا تێکبەزیوییەك لە نێوان پرەنسیپەکانی لیبرالّ _دیموکراسی و ئایدۆلۆژییەکانی تر، بە تایبەت سۆسیالیزم و رادیکالّیزمدا، بەدی دەکرێ. بە کردەوەش هزرەکانی ناوبراو ئیلهامبەخشی بزووتنەوەی چینی کرێکاری ئینگلیز بوون. پین هەروەها داکۆکی لە خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی چینەکانی خواروو دەکرد. دابین کردنی پێداویستییە کۆمەلایەتییەکانی وەك بەشێکی مافی سروشتی تاکەکان لە قەلّەم دەدا و باج دانان لەسەر میرات و سامانی وەك گرنگترین سەرچاوەی دابین کردنی خەرجییەکان دێنایە ژمار.

بە گشتی بزووتنەوەی لیبرالّیزم لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا شۆرشێکی تیۆری دروست کرد و هزری سنووردار کردنی دەسەلات لە چوارچێوەی یاسادا، گرێبەستبوونی سروشتی دەولّەت، ئازادی کار و مالّی لە هەر چەشنە مەرجێکی فیۆدالی بەدیاری هێنا. لەو دوو سەدەیەدا هزرە لیبرالّییەکان بنەمای سەرەکی ئەو شۆرش و ریفۆرمانە بوون کە لە ئەوروپادا روویان دا. ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەلایەتییەی پاش ئەو شۆرش و ریفۆرمانە هاتنە ئاراوە روویەکی تری ئامانج و هزرە لیبرالّییەکان بوون. لەو سەردەمەدا تەنیا چینی تاجر و بازرگان سوودی لەو گۆرانکارییانە وەردەگرت؟و ئایدۆلۆژیای لیبرالّیزم رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە بوو. بەلام دواتر خەباتی کۆمەلایەتی بۆ سوود گەیاندن بە چینەکانی تری کۆمەلّگا لە دەسکەوتەکانی شۆرشی لیبرالّی هێدی هێدی هزری لیبرالّیزمی دیموکراتیتر کرد. پاش شۆرشەکانی سالّی ١٨٤٨ لیبرالّیزم دەبوو خۆی لەگەلّ پێداویستییەکانی دیموکراسی نوێدا بگونجێنێ؟ و ئامانجە سەرەکییەکانی لیبرالّیزم و هزری یەکسانی بە چەشنێك بەربلاو بکاتەوە کە چینە کۆمەلایەتییەکانیتر بگرێتەوە. لایەنگرانی لیبرالّیزم کە ئایدۆلۆژیای خۆیان لەگەلّ بەرژەوەندییەکانی چینە سەردەستەکانی سەردەمی سەرمایەداریی بازرگانیدا رێکخستبوو، ئێستا دەبوو لە رێگەی دووبارە پێداچوونەوە بە ئامانجەکانی خۆیاندا ئامانجەکانیان لەگەلّ ویستوخواستە دیموکراتیەکاندا بگونجێنن. بەو شێوەیە هزری یەکسانی (سیاسی و کۆمەلایەتی) لە پالّ هزری ئازادی لە ئایدۆلۆژیای لیبرالّیزمدا بە هێز بوو. بە گشتی هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە فەلسەفەی لیبرالّیزمدا پانتای گشتی لە پانتای تایبەت جیا دەکرێتەوە و لە هەمبەر دەسەلاتی دەولّەتیدا پشتگیری لە مافەکانی کۆمەلّگای مەدەنی، بە تایبەت مافی خاوەندارێتی دەکرێ و جەخت دەکرێتە سەر پێویستی سنووردار

کردنی دەسەڵاتی دەوڵەت؛ بەڵام لە ڕوانگەی لیبراڵییەوە، دەوڵەت لە هەمبەر کۆمەڵگادا جگە لە پاراستنی مافەکانی تاکەکەس بەرپرسایەتییەکی تری نییە. لە هەمبەردا، فەلسەفەی دیموکراسی، کە هاوکات لەگەڵ هاوسەنگ کردنی لیبرالیزمدا سەریهەڵدا، پێداگری دەکرد لەسەر پرەنسیپی بەرپرسایەتی بەرفراوانی دەوڵەت لە هەمبەر کۆمەڵگادا بۆ دابین کردنی جۆرێك لە یەکسانی. هەڵبەت دەوڵەت نابێ زۆر دەست بخاتە ناو کاروباری ئابووری و کلتورەوە، بەڵام دەبێ هەوڵ بدا ئەوپەڕی شادی و خۆشی بۆ خەڵك دابین بکا. بەو شێوەیە لە دیموکراسیدا دەوڵەت تەنیا پارێزگاری لە مافەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ناکا، بەڵکو ئەرکەکەی تری بریتییە لە پەرەپێدانی ئەم مافانە. لەم ڕووەوە لە دیموکراسیدا تێکەڵاوی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری و کلتوردا تا ڕادەیەك پێویستە.

لە ڕووی مێژووی هزری سیاسییەوە، لیبراڵیزم سەرەتا لە هزرەکانی قوتابخانەی سوودگەرایی (سوودگەرایی) و بە تایبەت جێرمی بێنتهام (١٧٤٨-١٨٣٢)دا دیموکراتیتر بوو. ئەو قوتابخانەیە لە نیوەی سەدەی هەژدەهەمەوە تا نیوەی سەدەی نۆزدەهەم لە بریتانیادا هزری سیاسی زاڵ بوو و بیرمەندانێکی وەك دەیڤید هیوم، جیمز میل و بێنتهام نوێنەری ئەو هزرە بوون.

لە ڕوانگەی بێنتهامەوە تەنیا پاساو بۆ بوونی دەوڵەت ئەوە بوو کە بواری وەدیهاتنی ئەوپەری خۆشی بۆ زۆربەی خەڵك دەستەبەر دەکا. بە شێوەیەکی ڕوونتر بێنتهام لەو باوەڕەدا بوو کە بە پێی پرەنسیپەکانی سوودگەرایی، سەرەتا دەبێ بەدوای شادی و خۆشی تاکەکەسی و دواتر شادی و خۆشی و ڕزگاری ئەویتر و پاشان زۆرترین شادی بۆ بەشی زۆرینەی خەڵك و دواجار ئەوپەری شادی و خۆشیدا بچین. ئەو کارە، کارێکی دروستە چونکە دەبێتە هۆی دابەش بوون و هاوسەنگ بوونی خۆشی و شادی لەناو ڕێژەیەکی زۆرتری خەڵکدا. مەبەست لە دامەزراندنی دەوڵەت پاراستن و بەرز کردنەوەی ئاستی شادی و خۆشی و ڕزگاری گشتییە. بێنتهام لەو باوەڕەدا بوو کە ***مافی سروشتی*** باوەڕێکی بێ کەڵکە و تەنیا دەوڵەت سەرچاوەی مافەکانی تاکەکەسە، بەڵام هەر هەمان مافە سروشتییەکانی فەیلەسووفە لیبراڵەکان، بە تایبەت مافی خاوەندارێتی تایبەتی بۆ تاکەکەس لەبەر چاو دەگرت. بەڵام بە باوەڕی بێنتهام دوائامانجی دەوڵەت دابین کردنی لایەنی زۆری ئازادی نییە بەڵکو دابین کردنی لایەنی زۆری شادی و خۆشی و ڕزگاری بۆ هەمووانە. ئازادی دەبێ خۆی بداتە دەست شادی و ڕزگاری. لەو

ڕووەوە بێنتهام لایەنگری دیموکراسی و یەکسانی ڕێژەیی بوو لە خاوەنداریێتیدا بە مەبەستی دابین کردنی خێر و خۆشی گشتی. هەر بەم هۆیە، هەندێ لێکۆڵەر پرەنسیپی شادی و خۆشی زۆرینەیان وەك دژبەری تاکگەرایی لیبراڵی و هاودەنگی دیموکراسی نالیبراڵی یان کۆخوازدا سەیر دەکرد. بە واتایەکی تر، لە هزری بێنتهامدا هەندێ ناکۆکی لە نێوان لیبرالیزم و دیموکراسیدا دەردەکەوێ. لە هزری جۆن ستیوارت میلدا ناکۆکیگەلێکی ئەوتۆ زیاتر دەردەکەوێ.

جۆن ستیوارت میل سەرەکیترین نوێنەری فەلسەفەی دیموکراسی سەدەی نۆزدەهەم بوو. میل بە پێچەوانەی بیرۆکەی ئابووریزانانی کلاسیك، لەو باوەڕەدا بوو کە دابەشینی کالاّ و سامان لە کۆمەڵگادا پەیڕەوی لە یاسا سروشتییە نەگۆڕەکان ناکەن و بەرپرسایەتی هوشیارانەی دەوڵەت لەو بوارەدا لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. هەروەها بە پێی پرەنسیپەکانی لیبرالیزم دەگوترێ کە مافی بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا دەبێ گشتی بێ. لە ڕوانگەی میلەوە بەشداری گشتی خەڵك لە ژیانی سیاسیدا وەك باشترین شێوەی فێرکاری مەدەنی خەڵك دێتە ژمار. بە گشتی لە ڕوانگەی جۆن ستیوارت میلەوە، دیموکراسی بە واتای بەشداری گشتی لە سیاسەتدا زۆرتر لە دادپەروەری نزیکە تا لە لیبرالیزم کە حکومەتی چینی بورژوای لێ کەوتبۆوە. لە ڕوانگەی میلەوە کۆتایی لۆژیکی لیبرالیزم دیموکراسییە. دەوڵەتی دیموکراتی دەبێ بەرپرسایەتییەکی بەربلاو بۆ دابین کردنی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی گشتی و خاو کردنەوەی گرژییە چینایەتییەکان بگرێتە ئەستۆ. لەو ڕوانگەوە، دەستێوەردانی دەوڵەت خۆی بەشێکە لە سیاسەتی لیبراڵی، چونکە مەبەستی سڕینەوەی ئەو لەمپەرە نائیرادی و نەخوازراوانەیە کە لە بەردەم هەوڵە قازانجویستەکانی تاکەکەسدا سەرهەڵدەدەن. میل بە پێچەوانەی بێنتهام، لەو باوەڕەدا بوو کە ئامانجی مرۆڤ تەنیا شادی و خۆشی نییە، بەڵکو ئازادی و شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ سەرووترە. دەوڵەت دامەزراوەیەکی ئەخلاقییە و ئامانجی ئەخلاقی هەیە و ئامانجەکەشی پەروەراندنی سەروەرییە لە تاکەکەس دا. واتا ئازادی تەنیا مەرجێك نییە بۆ دابین کردنی شادی و خۆشی، بەڵکو پێویستییەکە بۆ گەشەکردنی شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ. ئازادی بە واتای ڕزگار بوونی تاك نییە لە دەست هەر چەشنە دەستێوەردانێکی دەرەکی؛ لەو کردەوانەی بە لای خودی مرۆڤدا دەشکێنەوە (وەك کردەوە ئەخلاقییەکان) دەوڵەت بۆی نییە خۆی تێوەردا، بەڵام لەو کردەوانەی بە لای ئەوانی تردا

دەشکێتەوە پێویستە دەوڵەت خۆی تێوەگلێنێ. بەو پێیە بەدواداچوونی شادی و بەرژەوەندی تاکەکەس، بە پێچەوانەی باوەڕی بێنتهام، دابین کردنی شادی و بەرژەوەندی گشتی لێ - ناکەوێتەوە. بەو پێیە، دەوڵەت دەبێ لە ڕێگەی دەستێوەردانی ئابوورییەوە کاریگەری نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان کەم کاتەوە و ژیان بۆ جەماوەر خۆشتر بکا. کە واتە پڕەنسیپی دابین کردنی شادیو خۆشی بۆ بەشی زۆری خەڵك پێویستی بەوە هەیە کە دەوڵەت دەست بخاتە ناو کاروباری ئابوورییەوە. لەگەڵ ئەوەدا، میل لەوە دەترسا نەکا دیموکراسی ستەمکاری زۆرینەی لێ بکەوێتەوە. بە باوەڕی میل *دیموکراسی ژمارەیی* دیموکراسییەکی درۆینە کە جیاوازییە سروشتییەکانی تاکەکان لەبەر چاو ناگرێ.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە لە گۆڕانی لیبراڵیزم بۆ لیبراڵ_ دیموکراسیدا ئازادی پۆزەتیڤ دەبێتە جێگری ئازادی نێگەتیڤ. لە لیبراڵیزمی سەرەتاییدا ئازادی بە واتای تەناهی گیان و ماڵی تاکەکەس هاتووە لە هەر چەشنە دەستدرێژییەکی دەرەکی (یەك لەوان دەستدرێژی دەوڵەت)، بەڵام لە لیبراڵ_دیموکراسیدا ئازادی بە مانای توانای هەڵبژاردن و دەسەڵاتی بوونی مافی سروشتی تاکەکەسە؛ لێرەدا دەوڵەتیش دەبێتە خاوەن بەرپرسایەتی واتا لە کاتی پێویستدا دەبێ یارمەتی تاکەکەس بدا. لە واتای یەکەمدا، دەوڵەت *جەنگی پێویستە* کە دەست دەخاتە ناو کاروباری ئابووری تاکەکەسەوە، بەڵام، بۆ پاراستنی داراییەکانی تاکەکەس بوونی پێویستە. بەڵام لە واتای دووەمدا، دەوڵەت دامەزراوەیەکی سوودمەندە کە دەتوانێ قەرەبووی زیانەکانی دەرئەنجامی سیستەمی بازاڕی ئازاد بکاتەوە. لە لیبراڵیزمی سەرەتاییدا تاکەکەس دەبێ بە تەواوی ئازاد بێ تا بتوانێ بکەوێتە ململانێ لەگەڵ ئەوانی تردا، بەتایبەت لە پانتای ئابووریدا دەبێ هەڵسوکەوتی بە پێی قازانج و بەرژەوەندی خۆی بێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگا بە پێی یاسا سروشتییەکانی ڕانان و داخوازی دابین بکرێ. بەڵام لە واتای دووەمدا، هزری ئازادی ئابووری بێ سنوور خۆی سنووردار کردنی ئازادییە و نکۆڵی لە پڕەنسیپی سەرەکی لیبراڵیزم دەکا. بیرۆکەی سوودگەرایی بێنتهام هزری ئازادی تاکەکەسی نێگەتیڤ و پڕەنسیپی شادی و خۆشی تاکەکەسی ئاوێتەی یەکتر کرد؛ و بەو شێوەیە پڕەنسیپی ئازادی لەگەڵ پڕەنسیپی یەکسانی تاکەکان لە بوونی شادی و خۆشیدا دەوڵەمەندتر کرد. جۆن ستیوارت میلیش لە ڕێگەی پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروبارێکی وەك: هاندانی فێرکردن و بارهێنان، کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کرێکاران، دابین کردنی

تەندروستی گشـتی و... لـەسـەر دابـین کردنـی ئـازادی پـۆزەتـیڤ وەك بەشـێکی سـەرەکی لیبرالّ_ دیموکراسی پێدادەگرێ. بەو شێوەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهـەمـدا نووسـەرانی لیبرالّ هێدی هێدی جەخت دەکەنە سەر گرنگی و پێویستی دەستێوەردانی دەولّەت لە کاروباری کۆمەلّگا بۆ دابین کردنی ئازادی و یەکسانی تاکەکان؛ و لیبرالّیزمی نێگەتیڤی سەرەتایی بـوو بە لیبرالّیزمی پۆزەتیڤ کە دواجار لە سەدەی بیسـتەمدا بـوو بـە بنـەمای تیـۆری دەولّـەتی خۆشبژی. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لـە سـەدەی بیسـتەمدا تـا بـەر لـە سـەرهەلّدانی بزووتنەوە و هزری نوێلیبرالّیزم، کـە جـارێکی تـر پشـتگیری لـە ئامانجـەکـانی لیبرالّیزمـی سەرەتایی دەکا، لیبرالّەکان و لیبرالّیزم بە گشتی بۆچوونی ریفۆرمیستانە و دیموکراتییان هەبوو و پشتگیریان لە دارشتە و سیاسەتەکانی دەولّەتی خۆشبژی دەکرد. واتـا لیبرالّیزمـی سـەدەی بیسـتەم جـەخت دەکاتـە سـەر پێویسـتی بەشـداری سیاسـی سـەرجـەم گـرووپ و چـینە کۆمەلاّیەتییەکان، خەبات لە دژی هەژاری و بێکـاری، پتـەو کردنـی بونیـادەی ئەنجوومـەن، بەرپرسایەتی کۆمەلاّیەتی دەولّەت (دەولّـەتی پـۆزەتیڤ و شـتی لـەو بابەتـە). بـەو شـێوەیە لیبرالّیزم لە سالّی ١٨٨٠وە تا سالّی ١٩١٤ بۆچوونێکی پۆزەتیڤ و دیموکراتیی هەبـوو. ئـەو خالّەش جێی بیر هێنانەوەیە کە جیا کردنەوەی لیبرالّیزم لە دیموکراسی- ئەو جۆرەی سەبـارەت بە حیزب و گرووپ و سیستەمە سیاسییەکان پێویستە- لە باسی هزرە سیاسییەکاندا نەك هەر پێویست نییە، بگرە زۆر جار دەسکردە. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێـدرا، لیبرالّیـزم بـە واتـا بەرفراوانەکەی وەك بزووتنەوەی فکری گشتی سەرچاوەی دیموکراسی، سۆشیالیزم، رادیکـالیزمو ریفۆرمیزم بووە و پرەنسیپەکانی لەگـەلّ ئایـدۆلۆژیا سیاسـییە راسـت و چـەپو میانـەکانـدا رێکخراوە. بەلاّم لە سەدەی بیستەمدا لیبرالّیزم وەك بیرۆکەی کۆمەلاّیەتی و ئـابووری دیـار و سنووردار تەنیا لە هـزر و کـردەوەی نـوێلیبرالّیزمـدا جیاوازییـەکـانی لەگـەلّ ئایـدۆلۆژیای لیبرالّ_ دیموکراسیدا دەردەکەوێ؛ و وێکچوونێکی زۆری لەگەلّ کۆنسەرڤاتیزمدا هەیە و زۆر جار بۆ وەسفی لیبرالّیزم کۆنسەرڤاتیزمی نوێ بەکار دێ ( بێگومـان نییولیبرالّـەکـان پێشـگریمانە سەرەکییەکانی کۆنسەرڤاتیزم وەك تیرە و رەچەلّەك و خێزان و ئایین قبوولّ ناکەن). لە راستیدا، بیرۆکەی لیبرالّیزم کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە سەرنجدان بە ئاستەنگییەکانی دەوری دەولّـەت ئاوری لە کۆمەلّگا و بازار دەدایەوە لە سەدەی بیستەمدا لەگەلّ بەرزبوونەوەی گرنگـی دەوری دەولّەت ناچار بوو دەوری ئەویش لەبەر چاو بگرێ. هەمـوو لیبرالّەکـانی سـەدەی بیسـتەم بـە

شێوازی جۆراوجۆر هەستیان بە پێداهاتنەوە بە دەوری کۆمەڵایەتی دەوڵەت کردووە و بۆچوونی خۆیان لەسەر دەربریوە. بە گشتی ئەو بیروبۆچوونانە دژایەتیان لەگەڵ پرەنسیپەکانی لیبراڵیزم سەبارەت بە ئازادی تاکەکەس لە ستەمکاری و باڵادەستی سیاسیدا نییە. لیبراڵیزم لە بنەمادا خوازیاری ئازادی تاکەکەسە لە باڵادەستی ئایینی، سیاسی، نەریتی، چینایەتی و...؛ و ئێستاکە چڕ بوونەوەی دەسەڵاتی ئابووری لە پاوانکراوەکاندا ئاستەنگی نوێی خستۆتە بەردەم ئازادی تاکەکەسەوە، هانا بردنە بەر دەوڵەت وەك هۆکاری هاوسەنگی هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ پرەنسیپەکانی لیبراڵیزمدا نییە؛ و ناوەرۆکی لیبراڵیزم، دژایەتی نێوان ئازادی و دەسەڵات، رەت ناکاتەوە. بە سەرنجدان بە داشکانەوەی زۆری لیبراڵیزمی کلاسیك بەلای هزری یەکسانیو پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە سەدەی بیستەمدا، هەنووکە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەکی لە نێوان لیبراڵ_دیموکراسی یان سۆسیال_دیموکراسی لە لایەك و بۆچوونە نیولیبراڵەکان لە لایەکیترەوە لە ئارا دایە.

بە پێی ئەوەی باسکرا، دیموکراسی لە ڕووی مێژووییەوە دیاردە و چەمکێکی دەوڵەمەندتر و بەرفراوانتر لە لیبراڵیزمە. دیموکراسی زۆربەی کات لەو توخمانە پێك هاتووە: یەکسانی حقووقی و سیاسی هەموو تاکەکان؛ دەسەڵاتی گەل؛ دەستنیشان کردنی دەسەڵاتداران بەپێی هەڵبژاردن؛ جیا کردنەوەی هێزە سەرەکییەکان؛ پرەنسیپی حکومەتی زۆرینە؛ فرەیی بەهاو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان؛ بەشداری کردنی بەردەوامی کۆمەڵگا لە بڕیارە سیاسییەکاندا؛ مەجالی یاسادانان لە هەموو بوارەکاندا بە پێی دەنگی گەل و بە بێ لەبەر چاو گرتنی نەریتە کۆنەکان؛ پاراستنی عەقڵانییەتیی تاکەکەس سەبارەت بە شێوە ژیانی خۆی، سنووردار کردنی حکومەت لە چوارچێوەی یاسادا و هتاد. فرەیی توخمەکانی پێکهێنەری دیموکراسی تا رادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە دیموکراسی سیستەمێکی حکومەتییە، بەڵام لیبراڵیزم سیستەمێکی فکرییە. لەو ڕووەوە دیموکراسی چەمکێکی ئاڵۆز و فرە لایەنەیە؛ و تارمایی واتاکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو جەخت کردنەی کە خاوەن ڕایان و لایەنگرانی دیموکراسی دەیکەنە سەر لایەنە تایبەتەکانی دیموکراسی. بەکردەوەش زۆربەی حکومەتەکان هەندێ لایەنی دیموکراسی ئاوێتەی هەندێ لایەنی ڕژیمە نادیموکراتیەکان (ئۆلیگارشیەکان، حکومەتە ئەرستۆکراسییەکان، سیستەمە ستەمکارەکان و هتاد) دەکەن. هەروەها بە هۆی ئایدۆلۆژیاکانی تر و بارودۆخی مێژووییەوە گەلێ پاشگری جۆراوجۆریان بە دیموکراسییەوە

لکاندووه وەك: دیموکراسی ئامۆژگاری؛ دیموکراسی ئایینی؛ دیموکراسی کۆمەڵایەتی؛ دیموکراسی *ڕاستەقینە*؛ دیموکراسی گەلی و دیموکراسی *پەتی*.

بەشێکی زۆری حکومەتەکان خۆیان پێ حکومەتێکی دیموکراتیە، ئەوەش شتێکی سەیر نییە و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە یەکەم، نەریتی هزری دیموکراتی زۆر بەربلاوە و پڕاوپڕە لە هزری جۆراوجۆر و تەنانەت دژەیەك سەبارەت بە بنەماکانی سەرهەڵدانی دەوڵەت، مرۆڤ، دەوری دەوڵەت و هتاد؛ لەو ڕووەوە هەر کەس دەتوانێ بەپێی بەرژەوەندی و پێداویستی خۆی کەڵکی لێوەربگرێ. سەبارەت بە سەرچاوەی دەوڵەت لە نەریتی فکری دیموکراسیدا هەم بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی هەیە و هەم بیرۆکەی سوودگەرایی؛ مرۆڤ هەم بوونەوەرێکی ئەخلاقی، عەقلانی و *سروشتییە* و هەم بوونەوەرێکی قازانجویست؛ بۆ نموونە یەکێك لە جیاوازییە سەرەکییەکانی بیروڕا سەبارەت بە نوێنەرایەتی ئەوەیە کە ئایا نوێنەر دەبێ نوێنەری ویست و بیروباوەڕی گەل بێ یان نوێنەری بەرژەوەندییەکانی گەل. بێنتهام لەو باوەڕە دایە کە گەل لە هەموو کەس باشتر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەناسێ کە واتە نوێنەر دەبێ نوێنەری بیروباوەڕی گەل بێ. لە هەمبەردا، جۆن ستیوارت میل دەڵێ نوێنەر ناتوانێ تەنیا نوێنەری بیروباوەڕی کاتی و کرچوکاڵی گەل بێ و دەبێ ئاوڕێکیش لە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەل بداتەوە. دووەم، گەل بە پێچەوانەی ڕابردوو، نەزان و گێل نییە و پێویستی بە سەرپەرست و ڕێنیشاندەر نییە و لە سەردەمی ئێستادا هەم لە ڕووی کردەوەو هەم لە ڕووی تیۆرەوە گەل ئامادەی پانتایی سیاسەتە. ڕێبەرەکان هەرچەندە ستەمکار و دیکتاتۆڕیش بن دواجار ناچارن هانا بەرنە بەر گەل چونکە ڕەوایی دەسەڵاتەکەیان لە بەردەستی گەل دایە و ئەوەش هێمایەکە لە بۆچوونی دیموکراتیی حکومەت.

دیموکراسی بە واتا نوێیەکەی هەم شێوازێکی حکومەتە و هەم جۆرە کۆمەڵگایەکیشە. بە بێ بوونی کۆمەڵگای دیموکراتی یان بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دیموکراسی حکومەتی دیموکراتی سەقامگیر نابێ. لە فەلسەفەی سیاسی کۆندا، دیموکراسی وەك شێوازێکی حکومەت دەهاتە ژمار؛ بەڵام لە فەلسەفەی نوێیدا چەمکێکی بەرفراوانترە. بە گشتی لە فەلسەفەی سیاسی کۆندا ڕوانگەیەکی ڕەشبینانە لەسەر دیموکراسی هەبوو بەتایبەت لەسەر دیموکراسی پەتی؛ و زۆرتر پشتگیری لە دیموکراسی تێکەڵاو دەکرا کە ئاوێتەیەك بوو لە ئۆلیگارشی و حکومەتی ئەرستۆکراسی (بەو شێوەیەی ئەرستۆ باسی دەکا). دیموکراسی پەتی وەك حکومەتی خەڵکی

نەزان و بێبەهرە دەهاتە ژمار کە ناسەقامگیری و ستەمکاری و دیماگۆژی لێدەکەوتەوە. لە شۆڕشی فەڕەنسادا وشەی دیموکراسی لایەنێکی پۆزەتیڤ وەردەگرێ. هەم لە ڕوانگەی دژبەران و هەم لە ڕوانگەی لایەنگرانەوە، دیموکراسی بەرهەمی شۆڕشی فەڕەنسایە؛ هەرچەند دیموکراسی ژاکۆبۆنی یان زۆرایەتی کە پاش شۆڕش هاتە دیی ئاوێتەیەك بوو لە دیکتاتۆری شۆڕشگێڕانە و دیموکراسی و دوور بوو لە ئامانجەکانی دیموکراسی لیبڕاڵی. کەڵکەڵەی شۆڕشگێڕانی فەڕەنسا تێکشکاندنی سیستەمی ئەرستۆکراسی و ئیمتیازەکانی چینی ئەرستۆکرات بوو؛ و دیموکراسی تایبەتمەندییەکی خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانەی هەبوو. لە ئاکامدا، دیموکراسی شۆڕشگێڕانەی فەڕەنسا سیمایەکی تۆتالیتێری بەخۆوە گرت و دژبەران وەك دیکتاتۆری زۆرینە سەیریان دەکرد. ژان ژاك ڕۆسۆ تیۆریسیەنی سەرەکی دیموکراسی جەماوەرییە. بە باوەڕی ڕۆسۆ، لە دیموکراسی جەماوەریدا ئیرادەی گشتی بە تەواوی دەردەکەوێ و پەیڕەوی کردن لە ئیرادەی گشتی بە واتای پەیڕەوی کردن لە ئیرادەی خوایە. لە ڕوانگەی ڕۆسۆوە، ئیرادەی گشتی بە نوێنەر ناشێ و شیاوی سپاردن بە ئەم و ئەو نییە و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی گشتییە. دواتر دیموکراسی شۆڕشگێڕانەی فەڕەنسا و مۆدێلە گشتییەکەی واتە دیموکراسی زۆرینە ڕووبەڕووی زۆر ڕەخنە بوونەوە.

گرنگترین بابەت لە دیموکراسیدا کە بوو بە مایەی مشتومڕێکی زۆر بابەتی یەکسانییە؛ و ئەو بابەتە بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی دیموکراسی و لیبراڵیزم. دیموکراسییە دژە لیبڕاڵەکان (چ شۆڕشگێڕانە و چ جەماوەری) زیاتر جەخت دەکەنە سەر یەکسانی نەك ئازادی. بێگومان پێك هێنانی هاوسەنگی لە نێوان یەکسانی و ئازادیدا کە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسی، وردترین و دژوارترین ئامانجی دیموکراسیی بووە. پێداگری لەسەر دوو ئامانجی ئازادی و یەکسانی دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە دیموکراسی یان لیبراڵیزم. لایەنگرانی سوودگەرایییش بە هەمان ڕادە لە ئامانجەکانی دیموکراسی لیبڕاڵی دوور دەکەوتنەوە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەبری یەکسانی و ئازادی پێداگر بوون لەسەر شادی و خۆشی هاووڵاتیان. لە ڕاستیدا شۆڕشگێڕانی فەڕەنساش لە دیموکراسییە دیکتاتۆڕییەکەی خۆیاندا ئازادیان دەخستە دوای شادی و خۆشییەوە؛ و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەستیان لە توندوتیژیش نەدەپاراست. تەنیا لایەنگرانی شۆڕش وەك هاووڵاتی یەکسان دەهاتنە ژمار؛ دژبەران و دوژمنانی شۆڕش وەك هاووڵاتی یەکسان نەدەهاتنە ژمار.

له لایەکی ترەوە، هەر لە کۆنەوە نووسەرانی کۆنسەرڤاتتر هەردەم نیگەرانی ئەو مەترسییانە بوون کە لە ئەنجامی بەرفراوان بوونەوەی یەکسانیدا بۆ ئازادی پێك دەهاتن. بۆ وێنە ئالێکسی دۆتۆکوڤێل نووسەری ئەرستۆکرات و کۆنسەرڤاتی فەرەنسایی بە پێی ئەزموونی دیموکراسی جەکسۆنی ئەمریکا رەخنەی لە دیموکراسی مۆدێرن بە گشتی و شکانەوەی بەلای دیکتاتۆری زۆرینەدا و هەروەها کۆمەڵگای جەماوەری و یەکدەست کردنی خەڵك دەگرت. دۆتۆکوڤێل نیگەرانی ئەوە بوو کە یەکسانی تەشەنە بکاتە هەموو پانتاکانی ژیانەوە و بەتایبەت یەکسانی لە دەسەڵات و سەرچاوەکانیدا، کە وەك جەوهەری دیموکراسی سەیر دەکرێ، بۆ ئازادی مەترسیدارە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیکتاتۆری زۆرینە یان ئەو سیستەمە دیکتاتۆریانەی لەسەر بنەمای پشتگیری جەماوەریین. لە روانگەی دۆتۆکوڤێلەوە مەترسییەکانی نایەکسانی یان بە واتایەکی روونتر کۆمەڵگایەکی پێکهاتوو لە تاکەکانی وەك یەك (کۆمەڵگای جەماوەری)، بۆ سەر ئازادی لە مەترسییەکانی ئازادی بۆ سەر یەکسانی راستەقینەتر و جیددیتر بوون؛ و نووسەرانی رادیکاڵ و سۆسیالیست هەردەم پێداگر بوون لەسەر مەترسییەکانی ئازادی بۆ سەر یەکسانی. لەو روانگەوە، ئەو ئازادییەی لە سەردەمی لیبرالیزمدا دەخرایە روو لە راستیدا ئازادی بازرگانی و بازاری ئازاد بوو. بە گشتی کۆنسەرڤاتەکان نیگەرانی مەترسییەکانی یەکسانی بۆ سەر ئازادی بوون و رادیکاڵەکانیش نیگەرانی مەترسییەکانی ئازادی بۆ سەر یەکسانی. هەندێ نووسەریش لە روانگەیەکی فەلسەفی ترەوە لەسەر ئەو باوەرەن کە هەر لە بنەمادا ناکۆکی لە نێوان ئازادی و یەکسانیدا لە ئارا دایە. بە واتایەکی تر، ئەو گرژییە تەنیا دەرئەنجامی دارشتەی کۆمەڵگاکانی ئێستاو دابەشینی نایەکسانی سەرچاوە ئابوورییەکان نییە. ماکس ڤەیبەر کاتێ باس لە زۆری و دژایەتی و ناکۆکی نێوان ئامانجە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ (ئازادی، یەکسانی، شادی، خۆشی، تەناهی، دادپەروەری، رزگاری و هتد) دەکا مەبەستی واتایەکی ئەوتۆ لە گرژییە. ئایزایا بێرلین فەیلەسووفی لیبرالی ئینگلیزیش لەسەر ئەو باوەرەیە کە «مرۆڤ لە رێگەی هەڵبژاردنەوە رووبەرووی گەلێ ئامانج دەبێتەوە کە بە یەك رادە یۆتۆپیك و رەهان؛ و وەدیهاتنی هەندێکیان بێگومان قوربانی بوونی هەندێکی تری لێدەکەوێتەوە.»[1]

1. David Held(Ed), political theory today, London, polity press, 1991, p.51.

لە سەدەی بیستەمدا زۆربەی لیبراڵە ڕاستڕەوەکان، وەك فریدریش هایك ( Friedrich August von Hayek) و ڕابێرت نوزیك و میلتۆن فریدمەن (Milton Friedman) لەو باوەڕەدا بوون کە یەکسانی، ئازادی تووشی پەشێوی دەکا و لەگەڵ یەکدا کۆ نابنەوە؛ و باس لە *دادپەروەری کۆمەڵایەتی* لە کۆمەڵگایەك دا کە لەسەر بنەمای تاکە ئازادەکان دوست بووە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی بالاتر و سەندنەوەی ئازادی لە مرۆڤەکان. لە لایەکی ترەوە، لیبراڵە چەپەکانی وەك هارۆڵد لاسکی و ئار.ئێچ. تاونی ( Richard Henry Tawny) و جۆن دیوی، نکۆڵی لە بوونی گرژی لە نێوان ئازادی و یەکسانیدا دەکەن و لەو باوەڕە دان کە ئەو دووە بەشەکانی پێکهێنەری ئامانجێکی هەراوترن و یان بەدوای دۆزینەوەی هەوداکانی پێوەندی نێوان ئەو دوو بابەتەوەن. هەندێ تیۆریسیەنی لیبراڵی هاوچەرخیش باس لە یەکسانی لە ئازادی و ئازادییەکانی تاکە یەکسانەکان دەکەن.

هەر وەك ئاماژەی پێدرا، لە نێوان دوو چەمکی ئازادی و یەکسانیدا، دیموکراسی زۆرتر لە ڕێگەی چەمکی یەکسانییەوە پێناسە کراوە؛ هەرچەندە وەك باشترین سیستەمی سیاسی بۆ وەدیهاتنی ئازادیش دێتە ژمار. بەڵام تارمایی چەمکی یەکسانی بۆتە هۆی ئەوە کە هەندێ نووسەر لە ڕێگەی چەمکە سەرەکییەکانی تری، وەك ئازادی و بەرژەوەندی گشتییەوە یەکسانی لێکدەنەوە. یەکێك لە گرفتەکانی سازدانی پێوەندی لە نێوان یەکسانی و دیموکراسیدا ئەوەیە کە ئەگەر یەکسانی وەك سەرەکیترین بەهای دیموکراسی لە قەڵەم بدەین و خاوەنی واتای جۆراوجۆر بێ (وەك یەکسانی یاسایی، یەکسانی ئابووری، یەکسانی سیاسی)، دیموکراسیش بە واتای جۆراوجۆرەوە دەردەکەوێ. هەر بەو هۆیە چەمکی دیموکراسی چەمکێکی دینامیکە و گۆڕانی بەسەردا دێ. لەو نێوەدا یەکسانی سیاسی، واتە مافی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا، وەك جەوهەری دیموکراسی مۆدێڕن دەرکەوتووە. بە پێی ئاستی بەشداری دەکرێ باس لە پلە جۆراوجۆرەکانی دیموکراسی بکەین. بە پێی چەمکی یەکسانی سیاسی، هەر کەس لە کۆمەڵگادا دەبێ مافی ئەوەی هەبێ لە بڕیارەکانی حکومەتدا بەشداری بکا کە شوێندانەرن لەسەر بەرژەوەندی گشتی. مافی یەکسانی هەموو تاکەکان لە بەشداری لە بڕیاری سیاسیدا بە واتای دەوری وەك یەکی هەموویان نییە؛ بەڵام تەنیا ئامادە بوونی تاك لە کۆمەڵگای سیاسیدا مافی بەشداری لە ژیانی سیاسی بۆ تاك پێك دێنێ. سنووردار کردنی ئەو مافە بە هەر هۆیەك، هەر لە سەروەتو سامانەوە بگرە تا تایبەتمەندی ئەخلاقی و فکری، لە ڕوانگەی لایەنگرانی

دیموکراسییەوە نادیموکراتیە؛ هەرچەندە هەندێ بناغەدانەری سەرەکی دیموکراسی، وەك جۆن لوك و جۆن ستیوارت میل، لەو بارەوە هەندێ مەرجیان لەبەر چاو گرتووە و لە ڕێگەی پێداگرتن لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی گشتییەوە پاساویان بۆ ئەو مەرجانە هێناوەتەوە. لە ڕوانگەی دیموکراتیەوە کۆمەڵگای ئازاد تەنیا کاتێك وەدی دێ کە مافی یەکسانی هەمووان بۆ بەشداری لە بڕیاری سیاسیدا قبووڵ بکرێ و ئەو مافە لە بەها و بایەخی سروشتی وەك یەکی هەموو تاکەکان لە کۆمەڵگای سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ. هیچ گرووپێکی کۆمەڵایەتی ناتوانێ بە بیانووی بنەماڵەی ڕەسەن، گەیشتن بە سەرچاوەکانی حەقیقەت، گوڵبژێرکراو و شتی لەو بابەتە لە ڕووی مافی بەشداری سیاسییەوە خۆی پێ لەوانی تر لەسەرتر بێ.

لە ڕووی مێژووییەوە، هزری سەروەری گەل و سەرچاوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئیرادەی گشتییەوە وەك پڕەنسیپێکی سەرەکی دیموکراسی لە شۆڕشی فەڕەنساوە خرایەڕوو. بە پێی ئەو هزرە، خاوەنی *دەسەڵاتی دامەزراو*، گەلە و لە ڕێگەی میکانیزمگەلێکی وەك نوێنەرایەتی و پڕەنسیپی زۆرینەوە بەکار دێ. مەبەست لە دەسەڵاتی دامەزراو ئەوەیە کە گەل مافی ئەوەی هەیە لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە دەستووری دەوڵەت و کۆمەڵگای خۆی بنووسێت، کە هەموو یاساکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن و چیتر لە چوارچێوەی ئەو نەریت و ڕێسایانەدا نەمێنێتەوە کە لە دانانیاندا هیچ دەورێکی نەبووە. هەر وەك مازینی سیاسەتوانی دیموکراتی ئیتاڵی دەڵێ: هەر نەتەوەیەك دەسەڵاتی دامەزراوی نەبێ هەر بە ڕواڵەت نەتەوەیە. چونکە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی دامەزراو بەدەست گەلەوە بە دەگمەن هەڵدەکەوێ؛ مافی هەڵبژاردنی نوێنەر و کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتداران، وەك نوێنگەی بەکردەوەی پڕەنسیپی سەروەری گەل، بۆتە باو. لەو ڕووەوە دیموکراسی سەدەی بیستەم لە ڕووی شێوازی سیاسییەوە حکومەتێکە کە لە مەودای زەمەنی دیاری کراودا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی و ململانێی نێوان دوو یان چەند حیزب پێك دێ و لە سەردەمانی دەسەڵاتداریدا لە ژێر چاوەدێری گرووپی ئۆپۆزیسیۆن دایە. بەم پێیە مەرجی پێویست بۆ دیموکراسی، بە واتای سەروەری گەل، بوونی حیزب و گرووپی جۆراوجۆر یان بە واتایەکی تر پلۆرالیزمی سیاسییە کە بەرگری دەکا لە نوێنەرانی گەل و حکومەت تا لە ڕێڕەوی ڕێبازی سەروەری گەل دەرنەچن، بە تایبەت ئەو ڕاستییە کە ڕێکخراوی ئاڵۆزی حیزبەکان لە دیموکراسییە هاوچەرخەکاندا ڕێگرە لە چاوەدێری ڕاستەوخۆی گەل بە سەر نوێنەراندا هەر ئەوە دەبێتە مایەی گرنگی زیاتری فرەیی گرووپ و حیزبەکان. بەم

جۆرە سیستەمی فرەحیزبی و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو وەك مەرجی بێ ئەوملاوئەولای دیموکراسی سەیر دەکرێ؛ هەرچەندە هەر وەك ڕەخنەگران دەڵێن، حیزب و سیستەمی نوێنەرایەتی و ڕێسای حکومەتی زۆرینە ڕەنگە زیانی سەرەکی هەبێ بۆ سەر پرەنسیپی سەروەری گەل. هەر بەو هۆیەیە کە بیرۆکە دیموکراتیەکانی هاوچەرخ تەنیا چەمکی سەروەری گەل و پرەنسیپی حکومەتی زۆرینە بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی بە تەواو نازانن؛ بۆ تەواو بوونی پێ لەسەر پرەنسیپی سنووردار کردن و دەستووری بوونی یاسای حکومەت دادەگرن.

لە سەدەی بیستەمدا چەمکی دیموکراسی لە چەمکی دەوڵەتی کۆتکراو و دەستووری جیا ناکرێتەوە. بە پێچەوانەی ڕای فەیلەسووفە کلاسیکەکان، دیموکراسی لە واتای حکومەتی زۆرینەدا مەرج نییە دژی دیکتاتۆڕی و ستەمکاری بێ و لە هەمان کاتدا کە ستەمکاری کەمینە هەیە دیکتاتۆڕی زۆرینەش هەیە. بەڵام، حکومەتی یاسا ڕێگرە لە بەردەم دیکتاتۆڕی تاکەکەس و کەمینە و زۆرینە. دەوری یاسا دیاری کردنی سنوور و چوارچێوەی دەسەڵاتداران و مافی هاووڵاتیانە. جیا کردنەوەی بە ئاشکرا و ڕوونی هێزەکان لە یەکتر، بە پێی یاسا، یەکێکە لە پشتیوانە سەرەکییەکانی حکومەتی یاسای؛ هەرچەندە ناکرێ لە ڕێگەی چەمکی دیموکراسی بە واتای ئیرادەی زاڵ و دابەش نەکراوی گەلەوە بگەینە پرەنسیپی جیا کردنەوەی هێزەکان لە یەکتر. لە ڕوانگەی ئەو بیرمەندانەی کە دیموکراسی وەك حکومەتی کۆتکراو و دەستووری لە چوارچێوەی یاسادا لە قەڵەم دەدەن، دیموکراسی بە واتای کلاسیکی سەروەری گەل (یان زۆرینە) بەلای جۆرە تۆتالیتاریزمێکدا دەشکێتەوە. لە هەمبەردا، دیموکراتە ڕادیکاڵەکان مەبەستیان لە دیموکراسی هەمیشە حکومەتی ئیرادەی گشتی یان سەروەری گەل بووە و پێداگر بوون لەسەر ئامانجەکانی وەك دادپەروەری، یەکسانی و ئازادی. لە هەمان کاتدا، ئەو دوو بۆچوونە لە دیموکراسی پێکەوە دەسازێن؛ واتا بە پێی چەمکی سەرەکی و سەرەتایی دیموکراسی، دەوڵەت دەبێ بەستراوە و دەستووری بێ بە یاسایێکی دەستکرد کە لە ئیرادەی دەسەڵاتداری گەلەوە سەرچاوەی گرتبێ. یاسا نابێ وەك ئاستەنگی لەسەر ئیرادەی زاڵی گەل بێتە ژمار، چونکە گەل دەبێ بتوانێ لە ڕێگەی *دەسەڵاتی دامەزراوی* خۆیەوە یاسا بگۆڕێ. بەو شێوەیە چەمکی دەوڵەتی کۆتکراو بە چوارچێوەی یاسا کە لە بیرۆکە حقووقییە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرچاوە دەگرێ، لە سەدەی بیستەمدا وەك کەرەسەیەکی سەرەکی دیموکراسی دێتە ژمار.

به گشتی دەکرێ چەمکی دیموکراسی لە چەند پرەنسیپی سەرەکیدا کورت کەینەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن: سەرچاوە گرتنی دەسەڵات و یاسا لە ئیرادەی گەلەوە؛ ئازادی دەربڕینی ڕای گشتی و پشت بەستنی حکومەت پێی؛ دیاری کردنی شێوازی ڕوون و ئاشکرا بۆ دەربڕینی ڕای گشتی بۆ نموونە حیزبە سیاسییەکان؛ پرەنسیپی حکومەتی زۆرینەی ژمارەیی لەو باس و بابەتانەی کە ڕای گشتی لەسەریان ناکۆکە بە مەرجی بوونی لێبووردەیی و لێبووردەیی سیاسی؛ سنووردار کردنی بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکومەت لە چوارچێوەی ماف و ئازادییە تاك و گرووپییەکاندا؛ فرەیی و جۆراوجۆر بوونی گرووپ و بەرژەوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان؛ بواری بیروڕا گۆڕینەوەی گشتی سەبارەت بە پرسە سیاسییەکان و بەهێز بوونی کۆمەڵگای مەدەنی؛ پرەنسیپی ڕێژەیی بوونی ئەخلاق و بەهاکان؛ لێبووردەیی و لێبووردەیی لە هەمبەر دەنگی جۆراوجۆر و دژبەر؛ یەکسانی سیاسی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووی دەست وێراگەیشتن بە دەسەڵات؛ بوونی هەل ودەرفەت بۆ کەمایەتییە فکرییەکان بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە ببن بە زۆرینە؛ سەربەخۆیی دەزگای قەزایی بە مەبەستی دابین کردنی ئازادی مەدەنی تاك و گرووپەکان؛ جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان یان لانی کەمی سەربەخۆیی سێ دەسەڵاتەکە؛ بواری دەربڕینی دژایەتی ڕێکخراو و بوونی گرووپی دژە یاسا.

لە سەدەی بیستەمدا مەترسی نوێ هەڕەشە لە چەمکی دیموکراسی کلاسیك دەکەن کە لە مەترسی دیکتاتۆری زۆرینە کەمتر نین و لە ڕاستیدا بوونە هۆی گۆڕانی واتای دیموکراسی. ئابووری سەرمایەداری بێگومان لە کردەوەدا بەشداری سیاسی سنووردار دەکا. لە دیموکراسییەکانی هەنووکەییدا مافی دەنگدان مافێکی حاشاهەڵنەگرە و مافی هەڵبژاردنی حیزبی سیاسی جۆراوجۆر لە ئارا دایە، بەڵام مافێکی ئەوتۆ زامنی *یەکسانی دەرفەتە* بە کردەوەییەکان لە بەشداری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نییە؛ و گۆڕاوە جۆراوجۆرەکانی وەك ڕادەی داهات، پەروەردە، شارنشینی، پەراوێزنشینیو... کاریگەریان هەبووە لە ڕادەی بەشداری سیاسیدا. هەروەها نوخبە ڕێکخراو و بەهێزەکان لە دیموکراسییە هەنووکەییەکاندا گەلێ ئاستەنگیان خستۆتە بەردەم بەشداری ڕاستەقینەی گشتی لە ژیانی سیاسیدا تا ئەو جێیە کە هەندێ تیۆریسیەنی هاوچەرخ لەو باوەڕە دان کە دیموکراسی واتە فرەیی و ململانێی نێوان نوخبەکان. زاڵ بوونی نوخبەکان بە سەر بڕیارە سیاسییەکان لە دیموکراسییە هاوچەرخەکاندا بۆتە لەمپەری بەردەم پەرەسەندنی یەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی. بەو شێوەیە چەمکی

کۆنی دیموکراسی زۆرینە جێی خۆی داوەتە دیموکراسی ئێلیتیستی. لە دیموکراسی نوخبەکاندا ئازادی تاکەکەسی و حکومەتی زۆرینە و یەکسانی، واتە پرەنسیپەکانی دیموکراسی کلاسیك، جێی خۆیان دەدەنە دیموکراسی وەك میتۆدێك بۆ پێك هێنانی ڕێبەرایەتی سیاسی. پلۆڕالیستەکانی هاوچەرخ لەو باوەڕە دان کە دیموکراسی بە کردەوە بریتییە لە چالاکی و ململانێی چەند ئێلیت. هەروەها لەو باوەڕە دان کە ڕای دیموکراتە ڕادیکاڵەکانی وەك ڕۆسۆ بیرۆڕایەکی ئایدیالیستییە. ڕۆسۆ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە «دەنگی گەل دەنگی خوایە» و «کەمینە هەردەم لە هەڵە دایە». لە ڕوانگەی پلۆڕالیستەکانەوە دیموکراسی حکومەتی زۆرینە و جەماوەر نییە، بەڵکو لانی زۆر کەرەسەیەکە بۆ ڕاوێژ کردن لەگەڵیان و پاراستنی بەرژەوەندی کەمینەکان. تێگەیشتنی گەل بواری تاوتوێ کردنی بابەتی ئاڵۆز نادا؛ دەوری گەل دەبێ تەنیا ملکەچ کردن بێ نەك حکومەت کردن. لەو ڕوانگەوە، دیموکراسی کاتێك دێتە دیی کە حکومەت بەدوور بێ لە ویستوخواستی ڕاستەوخۆ و توندی جەماوەر.

دارشتنی تیۆر بۆ دیموکراسی لە سەدەی بیستەمدا ئاراستەیەکی *دژە زۆرینەی* بە خۆوە گرتووە. سەرچاوەی ئەو گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی فاشیزم و ڕێکخستنی جەماوەری لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا. لە دیموکراسییەکاندا تەنانەت ئێستاش جەماوەر وەك مەترسییەك بۆ سەر دیموکراسی سەیر دەکرێ، چونکە پلۆڕالیستەکان لەو باوەڕە دان کە هوشیاری و لێبووردەییی پێویست بۆ ژیانی دیموکراتییان نییە و لە هەڵبژاردنە سیاسییەکاندا زۆرتر دەکەونە ژێر کاریگەری هۆکارە هەستەکی و ناعەقڵانییەکانەوە. بە گشتی لە دیموکراسی زۆرینە و ململانێی نوخبەکاندا توخمە سەرەکی و ئەخلاقییەکانی بیرۆکەی کلاسیکی دیموکراسی وەك توخمی پوچ و ئەفسانەیی وەلا دەنرێن و لە ڕاستیدا *کردەوەی* دیموکراسییەکانی باو وەك *بیرۆکەی* دیموکراسی قبووڵ دەکرێ. بەو پێیە بەشداری کردنی بەشی زۆری گەل لە سیاسەتدا نە گونجاوە و نە دڵخوازیشە. ئاڵۆزی پرسە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا و ڕوو کردنی گەل لە بابەتە تایبەت و تاکەکەسییەکان بواری بەشداری سیاسی نادا؛ هەروەها بەشدارییەکی ئەوتۆ نەخوازراویشە، چونکە ویستوخواستێکی لە ڕادەبەدەر دەسەپێنێتە سەر سیستەمی سیاسی و فەزای ژیانی سیاسی تێکەڵ بە وەهم و خەیاڵ دەکا. کەواتە دیموکراسی پێویستی بە برێ گوێنەدان و پاسیڤ بوونی جەماوەر هەیە.

بە کورتی، دیموکراسی تا ئێستا بە سێ واتا بەکار هاتووە: یەکەم، بـە واتـای حکومـەتی زۆرینە؛ دووەم، بە واتای حکومەتی یاسا؛ و سێیەم، بە واتـای فرەیـی ئێلیـت و گرووپـەکانی دەسەڵات. لە نێو ئەو سێ واتایەدا گەلێ گرژی و ناکۆکی لە ئـــارادایە کە دەبنە هۆی لێڵی و نـــاڕوونی واتای دیموکراسی و لە ئاکامدا لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە سەدەی بیستەمدا.

***

لەو بابەتانەی تا ئێستا باسکران ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە لـە ڕووی فەلسـەفییەوە، بیرۆکەی لیبراڵ_دیموکراسی ڕۆژئاوا پشت بە دوو تێگەیشتنی سەرەکی و لە هەمان کاتدا دژبەر لە سروشتی مرۆڤەوە دەبەستێ: یەکەم، تێگەیشتنی لیبراڵـی و تاکگەراکانـە کـە مـرۆڤ وەك بوونەوەرێکی قازانجخواز سەیر دەکا، تێگەیشـتنێکی ئـەوتۆ مـەرجی پێویسـتی سیسـتەمی سەرمایەداری بووە؛ دووەم، سەربەست و ئازاد لـە قەڵـەم دانـی مـرۆڤ کـە هـەر لـە سـەدەی نۆزدەهەمــەوە هێـدی هێـدی لـە پـاڵ تێگەیشـتنی یەکەمـدا پێگەیشـتووە و وەك بنـەمای دیموکراسی بە واتایەك لە لیبراڵیزم تەواوترە. ئەو دوو تێگەیشتنە ناکۆکە لە مرۆڤ لە مێـژووی هزری سیاسی بەر لە سەدەی بیستەم لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازدا سـەریـان هـەڵـداوە. بێگومان لە کردەوەدا پێوەندییەك لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا هاتۆتە ئاراوە، واتـا مـرۆڤ لـە کۆمەڵگای لەسەر بنەمای بازاڕی ئازادی سەرمایەداریدا بوونەوەرێکی قازانجخوازە و بـە پێـی ئازادی و سەربەستی خۆی بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەچێ. بـەڵام لـە ڕووی لۆژیکـەوە مرۆڤـی قازانجویسـت کـە بـە پێـی پاڵنـەر و غەریزییـەکـان و سروشـتی خـۆی بـەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەچێ، لە بنەمادا، بوونەوەرێکی سەربەست و ئازاد نییە.

ڕیشەکانی بیرۆکەی لیبراڵ_دیموکراسی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی لیبراڵی کە لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەهەم لە ئەورووپا، بە تایبەت لە بریتانیادا دەرکـەوت. بیرۆکەی لیبراڵی بەر لە بیرۆکەی دیموکراتی لە سیستەمێکی ئەوتۆدا سەری هەڵدا. بیرمەندانی لیبراڵ، هەر لە لۆکەوە تا بێنتهام، وتەبێژی ئەو سیستەمە بوون؛ و بە پێی بەرژەوەندییەکـانی ئەو سیستەمە وێنەیەکی تیۆریان لە سروشت و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ بەدەسـتەوە داوە. لـە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە ئامانجی کۆمەڵگا ئەوپـەری شـادی و بەرژەوەنـدی تاکەکەسییە. مـرۆڤ کۆمەڵێك ویستوخواستە کە دەبێ دابین بکـرێن؛ وەك: ویسـتی نـاو و ناوبـانگ، دەسـەڵات، دلۆڤانی، تەناهی؛ و خاوەندارێتی. لە ڕوانگەی لیبراڵەکانەوە تەناهی خاوەنـدارێتی دەکەوێتـە

پێشەوەی یەکسانی لە خاوەندارێتیدا، چونکە پێداگری لەسەر یەکسانی دەبێتە هۆی لاواز بوونی پاڵنەری کەڵەکە بوونی سەروەت و سامان لە کۆمەڵگادا. بە تایبەت لە قوتابخانەی سوودگەرایی بێنتهامدا، خێر و بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگا لە زۆر کردنی سەروەت و سامان و کالای ماددی دایە. بێنتهام لە وتە بەناوبانگەکەی خۆیدا دەڵێ: «یەکەم، لە هەمبەر هەر بەشێك لە سامان و دارایی لە کۆمەڵگادا بەشێك لە شادی و خۆشی سەرهەڵدەدا؛ دووەم، لە دوو کەس کە سەروەت و سامانیان وەك یەك نییە ئەوەیان بە کەیفترە کە سەروەت و سامانی زۆرتری هەبێ.»[1] بە کورتی زۆری سەروەت و سامان دەبێتە هۆی زۆر بوونی شادی و خۆشی تاك و کۆمەڵگا. هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری لە سەدەی حەڤدەهەم بەولاوە، وێنەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی قازانجخواز و بەکارهێنی کالاکان وەك کارێکی عەقلانی سەیر دەکرێ و لە ڕووی ئەخلاقیشەوە پاساوی بۆ هەیە، بەڵام تێگەیشتنێکی ئەوتۆ لە مرۆڤ لە سیستەمە کۆمەلایەتی و ئەخلاقییەکانی بەرێدا بە گشتی بە باش سەیر نەدەکرا. لە ڕاستیدا سوودگەرایی و لیبرالیزم بەرهەمی گۆڕانکارییە فکرییە سەرەکییەکان لە چەند سەدەی مێژووی ئەوروپادا بوون کە هەموویان، هەر لە هیومانیزم و بزووتنەوەی ڕیفۆڕمی ئایینەوە بگرە تا عەقلانییەت و عەلمانیەت، بوونە هۆی بەرز بوونەوەی بەدنیایی بوون. سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد خۆی پشت بە مافی تاکەوە دەبەستێ بۆ وەدەست هێنانی سەروەت و سامانی بێ بڕانەوە و لە ڕووی تیۆرەوە قوتابخانەی سوودگەرایی وێنەی تاکێکی ئەوتۆی بە دەستەوە دەدا. مرۆڤ وەك خاوەندار و بەکارهێنی کالا و سامانی لە ژمار نەهاتوو وێنا دەکرا. وێنەیەکی ئەوتۆ لە مرۆڤ پێویست بوو بۆ پاساوی مافی وەدەست هێنانی سەروەت و سامان بە شێوەیەکی بێ سنوور؛ و مافێکی ئەوتۆ وەك بنەمای بازاڕی نوێ دەهاتە ژمار؛ و وێنەیەکی ئەوتۆ لە مرۆڤ تا ئەو کاتەی کۆمەڵگا پشت بە پاڵنەرەکانی بازاڕەوە ببەستێ پێویستە. بەو شێوەیە ویستوخواستی بێ سنوور و لەبڕان نەهاتوو و قازانجخوازی وەك بابەتێکی عەقلانی و ئەخلاقی دێتە ژمار.

دووەم بنەمای فەلسەفی دیموکراسی کە تێگەیشتنێکی تر لە سروشتی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ لە سەدەی نۆزدەهەم، بە تایبەت لە هزری بیرمەندانێکی وەك جۆن ستیوارت میلدا، خرایە ڕوو.

---

1. C.B.Macpherson, Democratic Theory: Essays in Retrieval, London, Oxford U.P.1975, P.27.

ئازادی، سەربەستی و یەکسانی مرۆڤ وەك کاکڵی دیموکراسی کەوتەوە سەر قازانجخوازی مرۆڤ وەك کاکڵی لیبرالّیزم. ڕەخنەگرانی ئەخلاقی بازاڕ و تاکگەرایی لیبراڵی بەهیوا بوون گەلێ بەهای سەرووی بەهاکانی قازانجویستانەی لیبرالّیزم بخەنە ڕوو. لەو جۆرە ڕەخنانەدا لەبری پێداگری لەسەر خاوەندارێتی بە شێوەی لیبرالّیزمی کلاسیك جەخت دەکرایە سەر توانا و لێهاتووییەکانی تاکەکەسی و مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سەربەست و ئازاد و یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا سەیر دەکرا. بە پێی ئەو بنەمایە ئامانجی مرۆڤ پەرەپێدانە بە توانا ئالّۆزە مرۆییەکان نەك وەدەست هێنانی قازانج و کۆ کردنەوەی کالاّ؛ ژیانی مرۆڤ دەبێ بگاتە کەماڵی خۆی نەك تەنیا سەرفی کەڵەکە کردنی بەرژەوەندییە ماددییەکان بکرێ. لە ڕاستیدا ڕەخنەگرانی لیبرالّیزمی تاکگەرا بە هیوای ئەوە بوون کە قازانجخوازی تاکەکەسی کۆمەڵگای لیبراڵی و یەکسانی و سەربەستی کۆمەڵگای دیموکراتی پێکەوە لێکدەن.

دیموکراسییە هاوچەرخەکان هەر دووکی ئەو تێگەیشتنانە لە سروشتی مرۆڤ و چالاکییەکانیان لەخۆ دەگرت، بەڵام باس لە ئاوێتە کردنی ئەو دوو تێگەیشتنە بابەتێکی ترە. تێگەیشتنی دووەم هەرچەندە دژکردەوەیەك بوو لە هەمبەر لیبرالّیزمی تاکگەرایانەی توندڕۆی سەدەی هەژدەهەم، بەڵام ڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەر گۆڕانکارییە فکرییەکانی پێشوو، بە تایبەت هزرە هیۆمانیستییەکان و شۆڕشە دیموکراتیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بە سەرنجدان بە بەردەوامی و گەشەکردنی تەواوی سیستەمی سەرمایەداری لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا، تێگەیشتنی دووەم لە مرۆڤ سستی و لاوازی تێگەیشتنی لیبراڵی لێ نەکەوتەوە، چونکە تێگەیشتنی دوایی پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەبووە. بە گشتی دوو بنەمای فەلسەفی لیبراڵ_ دیموکراسی هەردەم هەم لە ڕووی تیۆرەوە و هەم لە ڕووی کردەوەوە لەگەڵ یەکدا ناکۆك بوون. لەم ڕووەوە دەکرێ بڵێین دیموکراسی مۆدێرن دوو سیمای هەیە: یەکەم، سیمای لیبراڵیستی، کە بەکردەوە دەبێتە هۆی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری یان لانیکەم ڕێ لەو نایەکسانییانە ناگرێ و لە ئاکامدا زیان دەگەیەنێتە هزری یەکسانی یاسایی و سیاسی. لە هەمان کاتدا، سیمایەکی ئەوتۆ لەگەڵ سیستەمی ئابووری سەرمایەداریدا یەکتر دەگرێتەوە چونکە بەناچاری بەلای سەنترالیزمی دارایی و ساماندا دەشکێتەوە. دووەم، *سیمای دیموکراتییە* کە لانیکەم بە ڕواڵەت داکۆکی لە یەکسانی و سەربەستی و ئازادی هەموو تاکەکان دەکا و ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەڕێوە بچێ لەگەڵ

هەنـــدێ پێداویســـتی سیســـتەمی ســـەرمایەداریدا دەکەوێتـــە ناکۆکییـــەوە. بیرۆکـــە لیبراڵ_دیموکراتییەکانی سەدەی بیستەم ئەو دوو تێگەیشتنە ناکۆکە لەخۆ دەگـرن؛ و بـە پێـی پێداگری زۆرتر لەسەر هەر کامەیان دەکرێ پۆلێن بکرێن.

بە گشتی بیرۆکەی لیبراڵ_دیموکراسی ئاوێتەیەکی ناهەماهەنگی نێوان لیبراڵیزمی کلاسیك و پرەنسیپی دیموکراتیی یەکسانی تاکەکان لە هەڵبژاردنی حکومەت دایە. ئەو ئاوێتەیە لەو ڕووەوە ناهاوئاهەنگە کە بیرۆکەی کلاسیکی لیبراڵیزم پێداگرە لەسەر مافی تاکەکەس بۆ وەدەست هێنانی سەروەت و سامان و خاوەندارێتی بێسنوور و ئابووری بازاڕی و نایەکسانی؛ بەڵام بیرۆکەی یەکسانی دیموکراتی پرەنسیپگەلێکی ئەوتۆ بە دژی ئازادی و یەکسانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان لە قەڵەم دەدا. گرفتی سەرەکی بیرۆکەی لیبراڵ_دیموکراسی هەردەم سازدانی پێوەندی لە نێوان ئەو دوو بنەما فەلسەفییەدا بووە. تیۆریسیەنەکانی لیبراڵ_دیموکراسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بەتایبەت جۆن ستیوارت میل، بەسترانەوەی زۆری لیبراڵیزم بە سەرمایەدارییان لەبەر چاو نەدەگرت؛ لەو ڕووەوە لە تیۆردا کاریگەری ئەخلاقی بازاڕیان بە هەند نەدەگرت. بەڵام بەکردەوە، کاریگەری ڕاستەقینەکانی ئابووری سەرمایەداری لەسەر بیرۆکەی لیبراڵ_دیموکراسی هەروا بە گوڕوتینەو لە سەدەی بیستەمدا هزرە نییولیبراڵەکان جارێکی تر جەختیان کردە سەر بەستراوەیی لیبراڵیزم و سەرمایەداری.

## (٢)

## نەوەی کۆنی لیبڕاڵ – دیموکراتەکانی سەدەی بیستەم

نەوەی کۆنی بیرمەندانی لیبڕاڵ_دیموکرات، واتا نەوەی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی، هەرچەندە هەروا لە ژێر کاریگەری دیموکراسی و لیبرالێزمی کلاسیکدا بوون، بەڵام هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە پڕەنسیپەکانی دیموکراسیو لیبرالێزمی کلاسیك لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا بگونجێنن کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوویان دا. لەم ڕووەوە بیرۆکەکانیان ئاوێتەیەکە لە لیبرالێزم و دیموکراسی لەگەڵ ڕادیکالیزم، ڕیفۆرمیزم و تەنانەت سۆشیالیزمی ڕیفۆڕمیست. شەڕ، قەیران و شۆڕش بێ گومان بارودۆخیکی گونجاو بۆ لیبرالێزمی سەدەی نۆزدەهەم نەبوون. هەر بۆیە لیبڕاڵ_ دیموکراتەکانی ئەو سەردەمە لەسەر بابەتگەلێکی وەك: قبووڵ کردنی بازاڕی ئازاد، دەوری دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، سنوورەکانی مافی خاوەندارێتی تایبەت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئەو جۆرە بابەتانە تووشی ئالۆزی فکری هاتن؛ گەشەکردنی بزووتنەوە سۆسیالیست و ڕادیکاڵەکان و ڕەخنەی لیبرالێزم، وەك ئایدۆلۆژیای دژبەری گۆڕانکاری و پارێزەری دۆخی هەنووکەیی، لەو بارەدا کاریگەر بوون. گەشەکردنی بزووتنەوە و هزرە فاشیستییەکان پاش جەنگی یەکەمی جیهانیش گیانێکی نوێیان بەخشییە بیرمەندانی لیبڕاڵ_دیموکرات بۆ ئەوە داکۆکی لە ئازادی بکەن، لە ڕوانگەی فاشییەکانەوە ئازادی وتەزایەکی درۆ و پوچ و بێ کەڵکە. لەگەڵ ئەوەدا لە یەکەم دەیەکانی سەدەی بیستەمدا باوەڕی گشتی بە بەهاکانی لیبڕاڵ_دیموکراسی تووشی کزی هات. لەو بارودۆخە ناسەقامگیرەدا، ئایدیا لیبڕاڵ و دیموکراتیەکان کۆن و بێکەڵك دەهاتنە بەرچاو، بەتایبەت ڕەشبینی لاوانی ئەوروپا بووە هۆی ئەو کە ڕوو لە ئایدۆلۆژیا دژە عەقڵ و ڕۆمانتیکەکان بکەن؛ و هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیایانە توانایی خەڵك بۆ حکومەت کردن بەسەر خۆیاندا کەوتە بەر شك و گومانەوە. هەروەها قەیرانی ئابووری دەیەی١٩٢٠ باوەڕی خەڵك بە لێهاتوویی دیموکراسی تووشی لاوازی کرد و خەڵك زۆرتر

لایەنگرییان لە هەنگاوی دەسەڵاتدارانەی حکومەتان و پلاندانان و کۆنترۆڵ کردنی ئابووری لــە لایەن دەوڵەتەوە دەکرد؛ جەنگی جیهانیش بووە هۆی پتەوتر بوونی ئەو بۆچوونە. بە ســەرنجدان بەو کۆمەڵە هۆکارە، لیبراڵ_ دیموکراتەکان داکۆکیان لــە هــەڵوێســتەکــانی خۆیــان دەکــرد؛ و هەروەها بە سەرنجدان بە بارودۆخی مێژوویی سەقام نەگرتوو، جــارێکی تــر جــەختیان کــردەوە سەر بیرۆکە سەرەکییەکانی خۆیان.

بەم شێوەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی بیرمەندانی لیبراڵ_دیمــوکرات بــە سەرنجدان بە دۆخی نوێ بۆ سڕینەوەی کەموکوڕییــەکــانی سیســتەمی بــازاڕی داکۆکیــان لــە بەرزبوونەوەی چالاکی دەوڵەت دەکرد و هێدی هێدی لە ئایدیالی لێسەفر (لێگــەڕێ کــار بکــا لێگەڕێ بڕوا)

Laisser Faire(Laissez Faire)) دوور کەوتنەوە. لە ئاکامدا، پشتگیری لە ئابووری تێکەڵاو و سیاسەت و پلانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بوو بە بەشێکی هزرە لیبراڵییــەکــانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم؛ بە واتایەکی تر هزری بەرزبوونەوەی توانای دەوڵەت پتەوتر بــوو، هەندێ لە بیرمەندانی لیبراڵی سەدەی نــۆزدە (بــەتایبــەت بێنتهــام و میــل) بــەرز بوونــەوەی تواناکانی دەوڵەتیان لەبەر چاو دەگرت. هەر لەو سەردەمەدا ئادۆڵف واگنەر بە بــاوەڕی خــۆی پێی وابوو *یاسای بەرز بوونەوەی چالاکییە دەوڵەتییەکــانی* دۆزیــوەتــەوە. بــەو شــێوەیــە لــەو سەردەمەدا جۆرێکی نوێی لیبراڵیزم خەریکی سەرهەڵدان بــوو کــە ئایــدیاکــانی دیموکراســی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بە تەواوی لەخۆ دەگرت. لەو لیبراڵیزمە نوێیەدا سەروەری ڕەهای مافی خاوەندارێتی تایبەت ڕەت دەکرایەوە؛ و بە مەبەستی دابین کردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتــی بۆ خەڵك جەخت دەکرایە سەر وەرگرتنی پیتاك و بــاج لــە مــیرات و ســەروەت و ســامان؛ بــە تایبەت زۆر سەرنج دەدرایــە چــەمکی *هــەلودەرفــەتــی یەکســان*، وەك ئامــانجی ســەرەکــی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری دا.

بە گشتی جۆری دژکردەوەی لیبراڵەکان لە هــەمبــەر پــرس و گۆڕانکارییــەکــانی ســەدەی بیستەمدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕێبازی جۆراوجۆری لیبراڵیزم. ئەو لیبراڵانەی کــە ســەرەڕای جەخت کردن لەسەر پڕەنسیپە سەرەکییەکانی لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەت هــەروا باوەڕیان بە ئازادی تاکەکەسی، سیستەمی ئابووری بازاڕی ئازاد هەبــوو و دژی هــەر چەشــنە دەستێوەردانێکی دەوڵەت لە کاروباری ئــابووریدا بــوون و وەك *لیــبراڵ کۆنســەرڤات* دەهاتنــە

ژمار. له هەمبەردا، ئەو لیبرالانەی ئامادە بوون پرەنسیپە سەرەکییەکانی لیبرالیزم لەگەڵ گۆڕانکاری و بارودۆخی نوێدا بگونجێنن و بەتایبەت تارادەیەك دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ وەلامدانەوە بە ویستوخواستی خەڵك قبووڵ بکەن، وەك *لیبراڵ ریۆزڤیۆنیست* دەهاتنە ژمار؛ هەندێ لەو بیرمەندانە ئەوەندە گۆڕانیان لە راياندا پێکهێنا تا بەلای جۆرێك سۆشیالیزمی لیبراڵیدا شکانەوە. هەندێکی تریش دواجار لەگەڵ پێداگری لەسەر تاکەکەسی داکۆکیان لە جۆرێك ئەرستۆکراسی فکری و زانستی لە حکومەتدا دەکرد و جەماوەریان بە چاوێکی سووك چاو لێ دەکرد و بەو پێیە لە پرەنسیپەکانی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم نزیك بوونەوە.

ئەو بابەتانەی تا ئێستا باسکران، سەبارەت بە لیبرالیزمی ئەوروپایی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەموویان راستن؛ بەلام سەبارەت بە لیبرالیزمی ئەمریکایی سەدەی بیستەم دەبێ بڵێین بیرمەندانی لیبراڵ بە گشتی دوو ئاراستەیان هەبوو: یەکەم دیموکراسی جاکسۆنی و دووەم دیموکراسی جیفرسۆنی. هەندێك زۆرتر بەلای دیموکراسی جاکسۆنیدا دەشکانەوە، ئەو روانگەیە بە شێوەی رۆسۆ دیموکراسی لە سەروەری و حکومەتی زۆرینە و دەستێوەردانی راستەوخۆی گەل لە سیاسەتدا دەبینێ. لە هەمبەردا، زۆربەی بیرمەندانی هاوچەرخ بەلای دیموکراسی جیفرسۆنیدا دەشکێنەوە، ئەو روانگەیە دیموکراسی وەك حکومەتێکی سنووردار لە چوارچێوەی یاسا و پارێزەری ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکاندا سەیر دەکا؛ و ئەگەر حکومەتێك لە چوارچێوەی دەستووردا نەبێ تەنانەت ئەگەر حکومەتی زۆرینەش بێ، وەك حکومەتی دیکتاتۆری لە قەڵەم دەدا. لەو شێوازە فکرییەدا، خەڵك دەبێ باشترین و لێهاتووترین تاکەکان بۆ حکومەت کردن هەڵبژێرن و بە تەواوی چاوەدێری سیاسەت بکەن. لە روانگەی جیفرسۆنییەوە گەل پاش هەڵبژاردنی رێبەران لێهاتوویی هەڵسەنگاندنی کار و کردەوەی ئەوانی نییە، چونکە حکومەت کردنیش کار و کردەوەیەکی پرۆفیشناڵە.

بە گشتی لە سێ سەدە رامان و هزرینی لیبراڵ_دیموکراتیدا چوار نەوە بەرچاو دەکەوێ: یەکەم، نەوەی بەر لە دیموکراتی، کە جەختیان دەکردە سەر *ئازادی نێگەتیڤ* و سەروەری و پیرۆزی خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەتی بچووك و ئابووری ئازاد؛ دووەم، نەوەی دیموکراتەکان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵیاندا بۆ ئاوێتە کردنی لیبرالیزمی کلاسیك لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی دا؛ سێیەم، نەوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کە لیبراڵ_دیموکراسیان لەگەڵ هەندێ پرەنسیپی سۆشیالیزم و ئابووری دەوڵەتی (وەك کەرەسەکانی

دابینکەری بیرۆکە سەرەکییەکانی لیبرالّیزم) تێکەڵ کرد و جەختیان کردە سەر ئازادی پۆزەتیڤ و چوارەم، نەوەی نییولیبرالّەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، کە ڕوویان کردە بووژاندنەوەی پرەنسیپە سەرەتاییەکانی لیبرالّیزم.

لێرەدا بە کورتی ڕای هەندێ لە بیرمەندانی لیبراڵ - دیموکراتی ئەمریکایی و ئینگلیزی تاوتوێ دەکەین، کە بە پێی پۆلێن کردنی سەروو دەچنە ڕیزی نەوەکانی دووەم و سێیەمەوە.

## ویلیام جیمز:

ویلیام جیمز(١٨٤٢-١٩١٠)، فەیلەسووفی پراگماتیستی ئەمریکایی، بە پێی بۆچوونی فەلسەفی خۆی داکۆکی لە پرەنسیپەکانی لیبراڵ - دیموکراسی دەکرد. ناوبراو خاوەنی بڕوانامەی دوکتۆرای پزشکی لە زانکۆی هارڤارد بوو، بەلاّم بە هۆی نەخۆشی هیچ کات نەیتوانی کاری پزشکی بکات. نووسینە سەرەکییەکانی بریتین لە: *پراگماتیزم*[1]، *ئەو ئیرادەیەی بەلای باوەڕدا دەشکێتەوە*[2]، *جۆرەکانی ئەزموونی ئایینی*[3]، *واتای ڕاستەقینە*[4]. بەپێی فەلسەفەی پراگماتیستی هەر هزرێك دەرئەنجامی بەکردەوەی بەسوودی هەبێ، بە مەرجێك لەگەڵ ئەزموونداا ناكۆك نەبێ، دەبێ وەك حەقیقەت قبووڵ بکرێ. بیروباوەڕێك کە ئۆقرەیی فکری و ئەخلاقی بداتە کەسێك، بۆ ئەو کەسە حەقیقەت ئەو بیروباوەڕەیە. واتە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەها یان دیاری کردنی دواسروشتی ڕاستەقینە کارێکی بێ کەڵکە. زانست دەبێ وەك کەرەسەیەك بۆ چاکسازی کاروباری جیهان سەیر بکرێ نە وەك ئامانجێك. هزرەکان کاتێك ڕاستن کە پەیوەندییان بە واقیع و ئەزموونەکانی ژیانی ئێمەوە هەبێت. حەقیقەت شتێکی سەقامگیر نییە کە لە هزرێکی ئەبستراك دا گونجا بێ. بە پێچەوانە، هزرەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێوەندی لەگەڵ ڕاستەقینە دایە کە وەك حەقیقەت دەردەکەون. لەم ڕووەوە

---

1. Pragmatism

ئەم کتێبە بەم ناونیشانە کراوەتە فارسی: ویلیام جیمز، پراگماتیسم. ترجمەی عبدالکریم رشیدیان، (تهران،سازمان انتشارات و اموزش انقلاب اسلامی، ١٣٧٠).

2. The Will to Believe
3- The Varieties of Religious Experience
4. The Meaning of  The Ttuth

حەقیقەت هەمیشە لە گۆڕان دایە. ئەو هزرەی لە سەردەمێکدا بە کەڵك و ڕاستەقینە بێت ڕەنگە لە سەردەمێکی تردا بێ واتا و بێ بەها بێت.

جیمز دژی هەر چەشنە ڕەهاخوازی و دۆزینەوەیەکی حەقیقەت بوو، بە تایبەت جۆرە هیگڵییەکەی کە تەواو پشت بە عەقڵانییەتی ڕەهاوە دەبەستێ؛ و ناکۆکییەکانی نێوان بابەتە ڕاستەقینە و فەلسەفە ئەبستراکەکانی بیر دێنایەوە. جیهانی ڕاستەقینە بەپێچەوانەی وتەزای فەلسەفە ڕەهاخوازەکان، هەمیشە لە گۆڕان دایە، وتەزاکانی فەلسەفە ڕەهاخوازەکان هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حەقیقەتی نەگۆڕ دەخەنە ڕوو. پراگماتیزم دژی هەر چەشنە فەلسەفەیەکی ئەبستراکییە. لەو ڕوانگەوە، فەلسەفە و زانست و عەقڵ دەبێ لە خزمەت کردەوەدا بن. کردەوەکانی ئێمە هەمان بیروباوەڕی ئێمەن؛ و کردەوە بابەتێکی ورد و تاکەکەسییە و کاریگەری خۆی هەیە. بیروباوەڕیش بەرهەمی ویست و ئیرادەیە؛ ڕاستی و دروستی و گرنگی بیروباوەڕەکان بەندە بە دەرئەنجام و بەرهەمەکانی ئەو بیروباوەڕانە. لە تاوتوێ کردنی بونیادە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەبێ سەرنج بدرێتە ڕۆڵ و دەور و سوودیان نەك *حەقیقەتی* ئەبستراك. بۆ نموونە گرنگی ئایین لە کەڵك و سوودە کۆمەڵایەتییەکەی دایە، نەك لە سروشت و سەرچاوەکەی دا. لەو ڕووەوە تاك بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکانی خۆی دەتوانێ هانا بەرێتە بەر هەر چەشنە بیروباوەڕێك و تاکە پێوانەی ڕاستی و دروستی هەر چەشنە بیروباوەڕێك کەڵكو قازانجی ئەو بیروباوەڕەیە. هەروەها ناسین و تێگەیشتنی ئێمە لە بابەتەکان هیچ کات دواتێگەیشتن نییە و بەردەوام لە گۆڕان و گەشە - سەندن دایە. تا ئەو کاتەی هزرێك بەکردەوە دەرنەکەوێ ناکرێ هەڵسەنگاندنی ڕاستی و دروستییەکەی بکرێ؛ لەو ڕووەوە ڕاستییەکان بەردەوام لە گۆڕان دان. بەو پێیە هەر ڕۆژە دەبێ لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەو ڕۆژەدا بژین. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، بە باوەڕی جیمز هیچ چەشنە حکومەتێك ئایدیالی سەرجەم نەتەوەکان لە هەموو بارودۆخەکاندا نییە. حەقیقەت لە هیچ بوارێکدا پێوەندی بە یەکێتی و ئازادییەوە نییە، بەڵکو بەرهەمی زۆری و ڕێژەییە. پلۆرالیزم بەستێنی سەرەکی سەرهەڵدانی ئازادییە. پێشکەوتنی فکریش بەرهەمی لێبووردەییە سەبارەت بە زۆرینە و جۆراوجۆری بیروڕاکان. دەبێ پانتایی لێبووردەیی و هەڵکردنی سیاسی هەرچی زیاتر بەرفراوان کرێتەوە بۆ ئەوەی بیروباوەڕ و گرووپە جۆراوجۆرەکان بکەونە پێشبڕکێیەوە و لە ئاکامدا سیاسەتی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵگادا ڕەچاو بکرێ. لەو پێشبڕکێیەدا هزرە

لاواز و بێ بنەماکان پانتایەکە چۆڵ دەکەن. جاروبار تاکی لێهاتوو و بلیمەت سەرهەڵدەدەن کە جیهانی هزر و کردەوە تووشی گۆڕان دەکەن، دەبێ لە ڕێگەی لێبووردەییی ڕەها سەبارەت بە هزرەکانەوە لەمپەری بەردەم سەرهەڵدانی ئەو بلیمەتانە هەڵگیرێ.

لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ویلیام جیمزدا کۆمەڵگا تەنیا پێکهاتووە لە کۆمەڵێك تاك؛ و هیچ خێر و بەرژەوەندییەکی گشتی ناکەوێتە سەرووی ئاسوودەیی و خۆشی ئەو خەڵکەوە. مرۆڤ تەنیا لە چوارچێوەی کردەوە و هزرە تاکەکەسییەکان دایە کە گەشە دەکات و پێدەگا. لەگەڵ ئەوەدا هزری ویلیام جیمز تۆخمێکی نوخبەگەرایی لەخۆ دەگرێ، بەڵام بە باوەڕی جیمز خەڵك دەبێ لە لایەن ڕێبەرانی هەڵکەوتە و پێگەیشتووە ڕێبەرایەتی بکرێن؛ و جەماوەر تەنیا لە ڕێگەی ڕێنوێنی هەڵکەوتە و گەورەکانەوە ڕەنگە بتوانن کاری بەکەڵك و قازانج ئەنجام بدەن. ئەگەر بیزمارك لە لانك دا مردبا، خەڵکی ئەڵمان گۆڕانکارییەکی گەورەی ئەوتۆیان بە خۆیانەوە نەدەدی. نەتەوەکان تەنیا کاتێك دەگەنە ئەنجام کە خاوەنی ڕێبەر بن. لەو ڕووەوە پێشکەوتنی هەندێ نەتەوە لەچاو نەتەوەکانی تر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی تاکی لێهاتوو و ڕێبەرانی گەورە لەناو ئەو نەتەوەدا. چڵەپۆپەی گەشەکردنی هەر شارستانییەتێك ئەو کاتەیە کە کۆمەڵێك تاکی لێهاتوو و گەورە وێکرا سەرهەڵدەدەن؛ هەڵبەت هەر وەك باسکرا، لە ڕوانگەی جیمزەوە ئازادی تاکەکەس مەرجی سەرەکی سەرهەڵدانی تاکگەلێکی ئەوتۆیە.

ڕوانینێکی ڕەشبینانەی ئەوتۆ سەبارەت بە جەماوەر تا ڕادەیەك جیمز لە بیرمەندانی لیبراڵ_دیموکرات دوور دەخاتەوە و لە بیرمەندانی کۆنسەرڤاتی نزیك دەکاتەوە. هەر لە درێژەی ئەو شێوە بۆچوونەدا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مرۆڤ لە بنەمادا بوونەوەرێکی وەحشییە کە خۆی لە پشت پەردەی شارستانییەت و کلتوردا حەشار داوە؛ خەڵك لە بنەمادا شەڕخوازن و لە ئاشتی و ئاسایشی هەمیشەییدا تووشی پەشێوی و داوەشاوی دەبن. جیمز هەر چەندە دژی سیاسەتی ئیمپریالیستی و لایەنگری سەربەخۆیی نەتەوە بندەستەکان بوو و داکۆکی لە ئاشتی جیهانی دەکرد؛ بەڵام شەڕخوازی وەك ویستوخواستێکی غەریزی و دڕندانەی مرۆڤ لە قەڵەم دەدا. لەو ڕووەوە جیمز باوەڕی وابوو کە بێتوو ئەڵتەرناتیڤێك بۆ شەڕ نەدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی هەڵچوون و کوڵوکفەکەی دامرکێتەوە، ئاشتی دەوامێکی ئەوتۆی نابێ. جیمز لە هەمان کاتدا پەسنی سەروەرییە سوپاییەکانی دەدا و لەو باوەڕەدا بوو کە بانگهێشتی لاوان بۆ دەورەی

سەربازی بە مەبەستی چارەسەر کردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان تاکە *ئەڵترناتیڤی ئەخلاقی جەنگە* کە سەروەرییە سوپاییەکانی نەتەوە دەپارێزێ. تەنانەت جەنگیش بەهرەی بە سوودی لە ڕووی پێکهێنانی یەکریزی و یەکێتی نەتەوەیی بۆ نەتەوەکان بەدواوە بووە؛ هەر وەك چۆن ناسیۆنالیزم بۆتە هۆی ململانێی نێوان دەوڵەتەکان بۆ سەروەت و دەسەڵاتی هەرچی زیاتر و یەکێك بووە لە هۆکارەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی دەوڵەتە نەتەوەییەکان. جیمز گرنگییەکی زۆری دەدایە ئایین وەك پێکهێنەری تەناهی و ئاسایش بۆ مرۆڤ: «لە شوێنێکدا کە خوا هەیە تراژیدی شتێکی کاتییە.» بەم شێوەیە لە ڕوانگەی جیمزەوە باوەڕ بە خواش سوودگەرایانە و پراگماتیستانەیە.

## جۆن دیوی:

دیوی(١٨٥٩_١٩٥٢) لە زانکۆکانی میشیگان، شیکاگۆ و کۆلۆمبیادا وانەی فەلسەفەی وتۆتەوە و لە دەروونناسی و زانستە پەروەردەییەکانیشدا دەستی هەبوو؛ هەندێ بە *باوکی پەروەردە وفێرکردنی پێشڕەوی* ناو دەبەن. لەناو نووسینە سەرەکییەکانی دیویدا دەکرێ ئاماژە بە وانە بکەین[١]: *فەلسەفە و شارستانییەت، تاکگەرایی کۆن و نوێ، کۆمەڵگا و کێشەکانی*. ناوبراو یەکێك بوو لە بنیاتنەرانی قوتابخانەی پراگماتیزم؛ بەڵام بەپێچەوانەی جیمز، باوەڕی وابوو کە مرۆڤ هەمیشە کۆیلەی سروشتی دڕندانەی خۆی نییە، بەڵکو دەتوانێ بەکەڵك وەرگرتن لە عەقڵ و ئەزموون دژوارییەکان ئاسان کاتەوە. بە باوەڕی دیوی فەلسەفە ئامانجێکی بەکردەوەی هەیە و دەبێ وەك ئامرازێك بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی تواناکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا کەڵکی لێ وەربگیرێ؛ لەم ڕووەوە قوتابخانەی فەلسەفی دیوی بە قوتابخانەی ***ئامرازگەرایی*** ناوزەد دەکرێت. بە باوەڕی دیوی تەنانەت وتەزا گشتی و ئەبستراکەکانی زەینیش بەرهەمی پێداویستییەکانی ژیانن و لە ژیانی ئێمەدا ئەرکێك دەگرنە ئەستۆ. هزر و ناسینی مرۆڤ بە گشتی بەرهەمی دژکردەوەی زەینە لە هەمبەر دەور و پشتی خۆیدا. بە

---

١- ئەو کتێبانەی دیوئی کە وەرگێڕاونە سەر زمانی فارسی ئەوانەن: بنیاد نو در فلسفە، ترجمەی لالح ابوسعیدی ، (اقبال، ١٣٣٧)" تجربە و اموزش و پرورش، ترجمەی اکبر میرحسینی، (تهران،مرکز ترجمە و نشر کتاب، ١٣٦٩)" مدرسە و اجتماع، ترجمەی مشفق همدانی، (تهران، لفی علیشاه، ١٣٢٧).

واتایەکی تر ناسین هەمان تەجروبەیە؛ و بیروباوەڕ بەرهەمی کردەوەیە. زانست و فەلسەفە دەبێ شارستانییەت و کلتوری مرۆڤ بەرەو پێشەوە بەرن دەنا پوچ و بێ ناوەڕۆکن.

لە ڕووی فەلسەفەی سیاسییەوە، جۆن دیوی باوەڕی وابوو کە مەرجی سەرەکی وەدیهاتنی دیموکراسی ڕەچاو کردنی یەکسانی هەموو تاکەکانە. بە پێچەوانەی جیمز، پێگەیەکی تایبەتی بۆ لێهاتووەکان لەبەر چاو نەدەگرت، بەڵکو باوەڕی وابوو کە هەمووی خەڵك کەم تا زۆر خاوەنی هۆش و عەقڵن؛ لەو ڕووەوە هیچ تاك یان گرووپێك لەوانی تر سەرتر نییە و بە بێ - ڕەزامەندی ناتوانێ بەسەر ئەوانی تردا حکومەت بکا. بە باوەڕی دیوی دیموکراسی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە رۆڵ و بەهایەکی فێرکاری هەیە. باس و وتووێژی گشتی، مێشکەکان پەروەردە و ئامادەی ژیانی بەکۆمەڵ دەکا. بۆ ئەوەی دیموکراسی لە ئایدیاکانی خۆی دوور نەکەوێتەوە دەبێ بەردەوام چاوخشاندنەوەی بەسەردا بکرێ. بە باوەڕی دیوی گەشەکردنی کۆمەڵگای پیشەسازی نوێ زیانی سەرەکی دەگەیەنێتە بنەماکانی دیموکراسی؛ چونکە گەورە پیشەسازییەکان و تایبەتمەندی پاوانکراو، سانتڕالیزم و بیرۆکراتیکی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ زیانی هەیە بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی و هێزی داهێنانی تاکەکەس؛ و مرۆڤ دەکاتە مۆرەیەکی ساکار لە دەزگایەکی گەورەدا. لە ڕاستیدا، لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا ئایدیا سەرەکییەکانی لیبراڵیزم دەبنە قوربانی. کە واتە نوێژەن کردنەوەی دیموکراسی ئەرکێکی گشتی و هەمیشەییە. ئەگەر بڕیارە لیبراڵیزم و دیموکراسی وەفادار بن بە ئایدیاکانی خۆیان، دەبێ مرۆڤ لە سەرلێشێواوی و تەنیایی و دلەڕاوکێ و نەبوونی ئاسایش ڕزگار بکەن کە بەرهەمی کۆمەڵگای پیشەسازی نوێیە. لەو ڕووەوە بە باوەڕی دیوی، بە سەرنجدان بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگای نوێ، دەبێ بە پێچەوانەی لیبراڵیزمی کلاسیك تەناهی کۆمەڵایەتی و یەکسانی ئابووری بکەونە پێش ئازادی تاکەکانەوە. دیویش وەك هەندێ بیرمەندی لیبراڵ_دیموکرات ئازادی پۆزەتیڤ لە ئازادی نێگەتیڤ جیا دەکاتەوە؛ و ئازادی پۆزەتیڤ بە باشتر دەزانێ. ئازادی نێگەتیڤ واتای ئەوەیە کە تاك بتوانێ ئەوەی پێی خۆشە ئەنجامی بدا یان بە واتایەکی تر، بە دوور بێ لە هەر چەشنە دەستدرێژییەك. بەڵام ئازادی پۆزەتیڤ کاتێك وەدی دێ کە تاکەکەس بتوانێ توانا شاراوەکانی پەرە پێ بدا و بیانگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی. ئازادی ڕادەربڕین دەبێ وەك ئازادی پۆزەتیڤ بێتە ژمار، چونکە بە بێ ئەو ئازادییە مرۆڤ ناتوانێ مێشکی خۆی پەروەردە بکا.

دیموکراسی دڵخوازی جۆن دیوی گەلێ جیاوازە لە دەوڵـەتی لیبراڵـی سـەدەی نۆزدەهـەم و پێویستی بە ئەندازیاری کۆمـەڵایـەتـی (Social Engineering) هەیـە، واتـە پلانـدانانی بەردەوام بە قازانجی گشتی. دیوی لەو باوەڕەدا بوو کە ئابووری بازاڕی ئازاد لەگەڵ دیموکراسیدا ناگونجێ و تووشی شکسـت هـاتووە. لـەو ڕووەوە ڕێنـوێنی و پلانـدانانی ئـابووری مـەرجـی پاراستنی دیموکراسی بووە. بە باوەڕی ناوبراو کۆمۆنیزم و فاشیزم بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەم ڕێنوێنن و هەم خاوەن پلان، بەڵام پشت بە بۆچوونێکی مـردو و ڕزیـوەوە دەبـەسـتن؛ لـەو ڕووەوە *کۆمەڵگای پلان بۆداڕێژراو* زۆر جیاوازە لەو کۆمەڵگایەی بەردەوام پلانی بۆ دادەڕێژرێ. دیموکراسی پێویستی بە کۆمەڵگایەك هەیە کە بەردەوام پلانی بـۆ داڕێـژرا بـێ؛ و وەدیهـاتنی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ مەجالی باس و وتووێژی ئازاد و هەمیشەییە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گرفتەکان لە هەر بڕگەیەکی مێژوویی‌دا. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا هەموو بیروبۆچوونەکان دەبـێ بەردەوام ڕەخنە بکرێن بۆ ئەوەی هەردەم مەجالی نوێژەن کردنەوەی دیموکراسی هەبێ. بە بـاوەڕی دیوی دیموکراسی زیاتر لە هەر سیستمێکی تر لەگەڵ پلاندانانی بەردەوامدا دەگونجێ؛ چـونکە لـە دیموکراسیدا بنەمای بڕیاری سیاسی ئەزموون و تاقیکردنەوە و لێکۆڵینـەوەی هەمیشـەییـە نـە هەوەس و ئیشتیا و دۆگم و نەریتە فکرییە هەڵوەشاوەکان. زانست و دیموکراسـی پێوەندییـەکـی نزیکیان پێکەوە هەیە، واتە شێوەی دڵخواز لە دیموکراسیدا تاقیکردنەوەی هزر و بیروبۆچوونەکانە و ئەوەش هەمان میتۆدی زانستە. بە باوەڕی دیوی «زانست تاکە سەرچاوە و زامنی دوارۆژێکـی دڵخواز و خۆشە ». لە ڕێگـەی گەشـەکردنی میتـۆدی زانسـتییەوە، مـرۆڤ دەتـوانێ هـەر وەك شارستانییەتەکانی بەرێ بەر بە هەرەسـهێنانی شارسـتانییەتـی ئێسـتا بگـرێ. زانسـت و هـزر ئامرازگەلێکن کە دەکرێ لە ڕێگەی ئەوانەوە جیهان بگۆڕین بەو جۆرەی خۆمان دەمانـەوێ. بـە سەرنجدان بە پێوەندی نزیکی نێوان زانست و دیموکراسی بـە بـاوەڕی دیـوی «چـارەی دەردەکـانی دیموکراسیش دەبێ لە دیموکراسی‌دا بدۆزینەوە.»

**لاورەنس ئەی. لۆوەڵ:**

لاورەنس ئەی. لۆوەڵ (Lawrence Abbott Lowell) (١٨٥٦–١٩٤٢) مامـۆستای هارڤارد و ماوەیـــەکیش سەرۆکی ئـــەو زانکۆیـــە بوو و گەلێ ئاڵوگۆڕی لە سیستەمی ئەو زانکۆیەدا هێنائاراوە. نووسینە سەرەکییەکانی سەبارەت بە دیموکراسی بریتین لـە: چـەنـد

وتارێك سەبارەت[1] بە حکومەت (١٨٨٩)، ڕای گشتی و حکومەتی گەل[2](١٩١٣)، و گێـرە و کێشە بنچینەییەکان (١٩٣٢). لۆوەڵ لەم کتێبانەدا وەك لیبڕاڵەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم لـەو باوەڕە دایە کە ئەرکەکانی حکومەت دەبێ لە چوارچێوەی کردەوە نێگەتیڤەکانـدا سـنووردار بکرێ. دەستێوەردانی پۆزەتیڤی دەوڵەت لە کاروبـاری گەلـدا دژی لیبرالّیـزم و دیموکراسـییە. یاسای نێگەتیڤ چاوەدێری ئەو کاروبارانەیە کە نابێ ئەنجام بدرێن؛ دیموکراسی پێویسـتی بـە سنووردار کردنی ئازادییە تاکەکەسییەکانە. بـەڵام یاسـای پـۆزەتیڤ چـاوەدێـری ئـەو کـارو کردەوانەیە کە دەبێ ئەنجام بدرێن. یاسـایێکی ئـەوتـۆ دژی دیموکراسـی و ئـامرازی سـەرەکـی حکومەتی دیکتاتۆرییە. کەم کردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان لە ڕوانگـەی لۆوەڵـەوە باشـترین شێوەی یاسادانانە هەر بەو هۆیە لۆوەڵ پەسنی یاسای بنچـینەیـی ئـەمریکـای دەدا، چـونکە دەسەڵاتی یاسادانانی بەرتەسك کردۆتەوە.

لۆوەڵ نیگەرانی مەترسییەکانی دیموکراسی زۆرینە یان جاکسۆنی بـوو لـەسـەر ئایـدیال و پرەنسیپەکانی دیموکراسی. بـە بـاوەڕی لـۆوەڵ توانـای پاشـایەك لـە سـازدانی حکومـەتێکی دیکتاتۆر و ستەمکاردا زۆر کـەمـترە لـە توانـای زۆرینـەی گـەل، چـونکە پاشـا بـەردەوام لـە دژکردەوەی ڕای گشتی و سەرهەڵدانی گەل دەترسێ؛ بەڵام زۆرینەی ستەمکار خۆی لە جێـی ڕای گشتی دادەنێ و لە هیچ سڵ ناکـا. لەگـەڵ هـەمووی ئـەوانـەدا لـۆوەڵ لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە دیموکراسی بە واتای سەروەری جەماوەری گەلە؛ و بـەبـێ ئـەوە دیموکراسـی پـوچ و بـێمانایـە. دیموکراسی تەنیا بە واتای پارێزگاری لە مافی تاکەکەس و ڕێزگرتن لەو مافانە نییە؛ و تـوخمێکی گرنگی ***دەسەڵاتی گەل*** لەخۆ دەگرێ. هەر بەو هۆیە ناوبراو لایەنگـری دیموکراسـی زۆرینـە بـوو، بەڵام هەندێ مەرجی لەبەر چاو دەگرت واتە حکومەتی *زۆرینەی ڕێژەیی* لە حکومەتی *زۆرینـەی کاریگەر* جیا دەکردەوە. زۆرینەی ڕێژەیی تەنیا شتێکی چەندییە؛ بەڵام زۆرینـەی کاریگـەر ئـەو کەسانە لەخۆ دەگرێ کە زانیاری تەواویان لەسەر ئامانجـەکانی حکومـەت هەیـە و خـاوەن یـەك بۆچوونن یان بە واتایەکی تر زۆرینەی کۆمەڵگای سیاسی پێك دێـنن. وەدەسـتهێنانی زۆرینـەی ڕێژەیی ڕەوایی نابەخشێتە دەسەڵاتداران. جـەماوەری پـرشوبـڵاو و لێکـدابڕاو و بـێ زانیـاری و بەرژەوەندی هاوبەش مافی چاوەدێری و کۆنترۆڵ کردنی حکومەتی نییە.

---

1. Essays on Government
2. Public Opinion and Popular Government

**ڕۆبەرت ماك ئیڤەر:**

ماك ئیڤەر (Robert Mornison Mac Iver)(١٨٨٢—١٩٧٠) لە سکۆتلەند لە دایك بووە؟ ماوەیەك مامۆستای زانکۆی ئابەردین (Aberdeen) بوو پاشان چووە کەنەدا و ماوەیەك لە زانکۆی تۆرێنتۆ وانەی گوتەوە. لە ساڵانی ١٩٢٩— ١٩٥٠دا بوو بە مامۆستای فەلسەفەی سیاسی زانکۆی کۆلۆمبیا لە ئەمریکا. گرنگترین نووسینەکانی بریتین لە:جڤاك: تاوتویێ کردنی کۆمەڵناسانە[1] (١٩١٧)، توخمەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان[2] (١٩٢١)، لڤیاتان و گەل[3] (١٩٣٦)، تۆڕی حکومەت[4] (١٩٤٧)، گەڕان بەدوای شادی دا[5] (١٩٥٥)، سیاسەت و کۆمەڵگا[6] (١٩٦٩). بۆچوونی ماك ئیڤەر لەو کتێبانەدا ئەوەیە کە دیموکراسی کەرەسەیەکە بۆ تێگەیشتن لە ویستوخواستی زۆرینە و پارێزگاری کردن لە مافەکانی کەمینە. بە واتایەکی تر دیموکراسی حکومەتی زۆرینە یان جەماوەر و یان پشتگیری جەماوەری لە حکومەت نییە، چونکە دیکتاتۆڕییەکانیش لە لایەن جەماوەرەوە پشگیری دەکران؛ دیکتاتۆڕی زۆرینە لە سەردەمی نوێدا زۆر باو بووە. «حکومەتی دیکتاتۆڕی ڕەنگە لە لایەن زۆربەی گەلەوە پشتیوانی لێ بکرێ. زۆرینە تەنانەت ئەگەر لە ڕێگەی باشترین شێوە دیموکراتیەکانەوە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبێ، دیسانیش ڕەنگە پرەنسیپەکانی دیموکراسی ژێر پێ بخات. جاروبار فریودەران و ڕێبەرانی تۆتالیتێر زۆرترینی دەنگەکان وەدەست دێنن؛ و دواجار ئەو بونیادە دیموکراتیانە لەناو دەبەن کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بە دەسەڵات گەیشتوون.»[7] بە پێچەوانەوە، دیموکراسی تەنیا شێوازێکە بۆ دیاری کردنی دەسەڵاتداران و ئامانجەکانی حکومەت. بەو واتایە وەدیهاتنی دیموکراسی پێویستی بە سێ شت هەیە: یەکەم، مافی دەنگی گشتی؛ دووەم، گفتوگۆی ئازاد سەبارەت بە سیاسەت و سێیەم، ئازادی تەواو بۆ حیزبەکان لە چالاکی سیاسیدا. ئەو سێ شتە ئامرازی سەرەکی و پێویستی تێگەیشتن لە ویستوخواستی

---

1. Community:A Scialogical Studys
2. Elements of Social Science
3. Leuiatan and The People
4. Web of Government
5. The Pursuit of  Happiness
6. Politics and Society
7. Mostafa Rejai (Ed). Democracy: The Contemporary Theories, New Yor, Aterton, 1967, P.144.

زۆرینەن. سیستەمێك كە خاوەنی یەكێك لەو سێ ئامرازە نەبێ نادیموكراتیە. سەرەڕای ئەوانە، دیموكراسی پێویستی بە بارودۆخی گشتی تریش هەیە؛ وەك: یەكێتی ڕێژەیی ئەتنیكی و كلتوری بۆ گەیشتن بە یەكێتی بیروبۆچوون؛ دابین كردنی خۆشگوزەرانی ڕێژەیی پێویست بۆ سەرهەڵدانی دەرفەتی بەشداری كردن لە سیاسەتدا؛ سەقامگیری سیاسی. لە بارودۆخی قەیراناویدا دیموكراسی بەدیی نایە. هەروەها كاتێك گەل تووشی ترس و دڵەڕاوكێ و هەست بە نەبوونی ئاسایش بكا دەكەوێتە داوی دیماگوژەكانەوە؛ و دیموكراسی و دیماگوژی مەودایەكی زۆریان لە نێوان دایە.

سەبارەت بە پێوەندی نێوان دیموكراسی و سیستەمی ئابووری ماك ئیڤەر لەو باوەڕەدا بوو كە دیموكراسی بەپێی سروشتی خۆی بەستراوەی هیچ ئایدۆلۆژیا و پلانێكی ئابووری نییە. بێگومان سیستەمی ئابووری لەلایەن گەلەوە دیاری دەكرێ. لەو ڕووەوە بەپێی سروشتی دیموكراسی هیچ چەشنە پێوەندییەك بۆ وێنە لە نێوان دیموكراسی و ڕیفۆرمیزمی ئابووری، دەستێوەردانی دەوڵەت لە كاروباری ئابووری و لەو جۆرە بابەتانەدا لە ئارادا نییە. بە باوەڕی ماك ئیڤەر دیموكراسی یەكێكە لە شێوازەكانی حكومەت نە سیستەمێكی ئابووری. سیستەمی ئابووری پەیڕەوی ویستوخواستی گەل و سیستەمی سیاسییە. بەم پێیە *دیموكراسی ئابووری* چەمكێكی بێ بنەمایە. دیموكراسی ئابووری تەنیا لە هەڵبژاردنی بەرپرسان لە ڕێگەی دەنگدانی كرێكاران و بەشداری كردنیان لە بڕیارەكانی بەرپرسایەتی‌دا خاوەن واتایە.

### چاڕلز میریام:

چاڕلز میریام (Charles E.Merriam(1874_1953)) مامۆستای زانستە سیاسییەكانی زانكۆی شیكاگۆ بوو و وەك سەرەكیترین نووسینەكانی دەكرێ ئەوانە ناوبەرین: *لایەنە نوێیەكانی سیاسەت*[1]، *دیموكراسی و ستەمكاری نوێ*[2] (١٩٣٩)، و *ئەجندای دیموكراسی*[3] (١٩٤١). لە ڕوانگەی میریامەوە دیموكراسی حكومەتێكە كە لە ڕێگەی ئەوەوە بەرزترین ئایدیاكانی مرۆڤ وەدیدێ. حكومەتی دیموكراتی، بەپێچەوانەی سیستەمە ستەمكارە

---

1. New Aspects of Politicts
2. The New Democracy and The New Depotism
3. On The Agenda of Democracy

کۆن و نوێیەکان، ئەو ئەرکە بە لێهاتووییەکی زۆر و کەمترین هەڵە ڕادەپەڕێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی لێهاتوویی دیموکراسی لەو پێوەندییەدا دەبێ کەڵك لە پێوانەکانی بەرپرسایەتی زانستی وەرگیرێ کە لە پیشەسازیدا بەکاردێن. بە باوەڕی میریام بۆ بەرز کردنەوەی لێهاتوویی دیموکراسی دەبێ لێوەشاوەی هێزی یاسادانەر لە چوارچێوەی بڕیاردان لەسەر کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگادا ببەسترێتەوە و لە هەمبەردا کەڵك وەرگرتن لە هێزی لێوەشاوە و کارزان لە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی‌دا زیاد بکرێ. دیموکراسی و زانست ئاوەڵدووانەی یەکن و لە دیموکراسییەکاندا ئەرکی تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی کۆمەڵگا دەبێ لە ئەستۆی زانست بێ. بە بێ کەڵك وەرگرتن لە تواناکانی زانستی نوێ، بە تایبەت لە باشتر کردنی دۆخی گشتی و پێکهێنانی خۆشگوزەرانی و بردنە سەری ئاستی پەروەردە و کلتور، دیموکراسی نایەتە دیی. بەو پێیە دیموکراسی لەگەڵ هەنگاوی گشتی بۆ پێکهێنانی خۆشگوزەرانی و هەروەها هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاستێکی یەکسانی لەناو گەلدا ناکۆك نییە . بەڵام مەبەست لە یەکسانی لە دیموکراسیدا پوچەڵ کردنی گیرفانی خاوەن سامانەکان نییە، بەڵکو دەوڵەمەند کردنی هەژارانە. بەو شێوەیە گەشەکردنی دیموکراسی بەندە بە گەشەکردنی زانست. «جیهانی ئێمە جیهانی تاقیکاری و گۆڕانکارییە، جیهانێك کە بەردەوام نوێ دەکرێتەوە و باڵادەستی مرۆڤ بەسەر هێزە سروشتییەکان و هەروەها خودی مرۆڤدا زیاتر دەبێ.»[1]

## واڵتەر لیپمان:

واڵتەر لیپمان (Walter Lippmann)(1889_1974) یەکێك بوو لە فەیلەسووف و بیرمەندانی لیبراڵ کە لە ژێر کاریگەری ئاڵوگۆڕە مێژووییەکانی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەت ئەزموونی دوو جەنگی جیهانی و قەیرانی سستی ئابووری و *سیاسەتی نوێی* ڕۆزڤەڵت، تووشی گۆڕانی فکری هات و لە تاکگەراییەوە ڕووی کردە کۆگەرایی (کۆلێکتیڤیزم) و تەنانەت هزری پلاندارێژی و بەڕێوەبەرایەتی بەکۆمەڵی سەدەی بیستەمی وەك هاوتای دۆزینەوەی عەقڵ لە یۆنانی کەوناردا لە قەڵەم دەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرژی نێوان بەها سەرەکییەکانی

1. R.H.Galriel, The Course of American Democracy Thought, New York, Ronald Press.

لیبراڵ_دیموکراسی بە تایبەت دیسیپلین و ئازادی و بازاڕی ئازاد و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مێشکی لیپمانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد بوو. لیپمان دیموکراسی پێ جۆرێك ڕێگەی ژیان بوو نە جۆرێك حکومەت. نووسینە سەرەکییەکانی بریتین لە: *پێشەکییەك لەسەر سیاسەت*[1] (١٩١٣)؛ ڕای گشتی[2] (١٩٢٢)، کۆمەڵگای باش[3] (١٩٣٧)؛ چەند وتارێك دەربارەی فەلسەفەی گشتی[4] (١٩٥٥).

لیپمان لە کتێبی *پێشەکییەك لەسەر سیاسەت*دا دیموکراسی وەك *بەرزترین ئامرازی شارستانییەت* و گرنگترین لەمپەری بەردەم سەقامگیری ستەمکاری لە قەڵەم دەدا، چ حکومەتی ستەمکارە ناهوشیارەکان و چ حکومەتی ستەمکارە گەشبین و نییەت باشەکان. بە باوەڕی ناوبراو ئەرکی سەرەکی دیموکراسی پەروەردەکردنی گەل و وریا کردنەوەی دەسەڵاتدارانە لە ڕای گەل؛ هەروەها لەو باوەڕەدا بوون کە دەوڵەتی مۆدێرن تەنیا لە ڕێگەی سازدانی خۆشگوزەرانی گشتییەوە دەتوانێ ئازادی و دیسیپلین و یاسا بپارێزێ. ڕای لیپمان لە ساڵی ١٩٢٢ بەدواوە تووشی گۆڕان هات و لە دوو کتێبی *ڕای گشتی و کۆمەڵگای باش*دا دەنووسێ دیموکراسی تەنیا بۆ کۆمەڵگا بچووکەکان بەکەڵکە و لە کۆمەڵگا مۆدێرن و ئاڵۆزەکانی ئیمرۆدا زانیاری گەل بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان تەواو نییە. لە دیموکراسییەکانی هەنووکەییدا تاکەکەس لە هەمبەر دیماگۆژاندا شکست دێنێ و هوشیاری بەکۆمەڵ تایبەتمەندییەکی دەستکرد وەردەگرێ. بەو پێیە دیموکراسی بەکردەوە *سەروەری پاسیڤی گەلە*. کۆمەڵگای دڵخواز ئەو کۆمەڵگایە نییە کە لە ژێر دەستی *سەروەری خەڵکی ناڵێهاتوودا بێ* کە واتە واباشترە کە دەوری گەل لە دیموکراسیدا تەنیا لە چوارچێوەی ئامرازی پشتگیری و ڕەزامەندی یان دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکاندا بێ و حکومەت بکەوێتە دەست ئەو کەسانەی کە شیاوی ئەو کارەن. بەو شێوەیە لیپمان هەر وەك ئەفلاتون داکۆکی لە حکومەتی ئەرستۆکراتی فکری دەکرد. حکومەت دەبێ لە دەست گرووپێکی بژاردە وهۆشیار لە گەورە ئیدیاکانی مرۆڤدا بێ. هەروەها ناوبراو زیاتر ئاگاداری گرژییەکانی نێوان پلاندانانی ئابووری و

---

1. A Perface to Politics.
2. Public Opinion.
3.The Good Society .
4. Essays in The Public Philosophy.

پڕەنسیپەکانی لیبرالّیزم بووە؛ و دەولّەتی ئۆتۆریتەری وەك پێویستی کۆگەرایی ئابووری لە قەلّەم دەدا؛ هەروەها لیپمان لە کتێبی *چەند وتارێك لەسەر فەلسەفەی گشتی*دا ڕەخنە لە دیموکراسی زۆرینە یان ژاکۆبۆنی دەگرێ، کە بە پێی ئەو شێوە دیموکراسییە ڕەشایی خەلّك لێوەشاوەیی ئەوەی هەیە کە کێشە گشتییەکان چارەسەر بکا و ڕای زۆرینە پێوانەی ڕاستی و دروستی سیاسەتەکانە.

بە باوەڕی لیپمان دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا ڕێگەی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاّت بۆ ئەو گرووپانە خۆش دەکەن کە گوێ نادەنە پێوانە و بەها ئەخلاقییەکان. بە باوەڕی ناوبراو ڕێگە چارە پێداگری کردنە لەسەر بەردەوامی ئەو هزر و نەریتە فکرییەی لە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە بۆ ئەوەی مافی گەل پارێزراو بێ و دەسەلاّتی حکومەت بەرتەسك بێتەوە. گەل سەرقالّی بەرژەوەندی کاتی خۆیەتی؛ هەر بۆیە ناشێ گەل دەربارەی کێشە گشتییەکانی وەك جەنگ و ئاشتی بڕیار بدا و ڕۆلّ و دەوری گەل تەنیا پشتگیری یان ڕەت کردنەوەی ئەو سیاسەتانەیە کە کەسانی تر بڕیاریان لەسەر داوە. بەمەبەستی پاراستنی پڕەنسیپەکانی دیموکراسی پێویستە هێزێکی بەرێوەبەرایەتی سەربەخۆ و بەهێز و لێهاتوو لە ئارادا بێ کە بەرژەوەندییە ڕاستەقینە و گشتییەکانی کۆمەلّگا بناسێ و نوێنەری ڕای خەلّکی ڕەشۆکی نەبێ. بەگشتی لیپمان بیروبۆچوونی ڕەشایی خەلّکی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەلاّم باوەڕی وابوو کە ئازادی هزر و ڕادەربڕین باشترین کەرەسەی دۆزینەوەی حەقیقەتە و پابەندی پڕەنسیپە سەرەکییەکانی لیبرالّیزم بوو. لە هەمان کاتدا پێداگر بوو لەسەر مافی کەلّك وەرگرتن لە پێکهاتەکانی دیموکراسی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان بەو پێکهاتانە هەیە و هەولّ دەدەن بۆ پاراستنیان. ناوبراو هەروەها جەختی دەکردە سەر پاراستنی پڕەنسیپەکانی لیبرالّیزمی کلاسیك، کە لە سەدەی بیستەمدا کەوتبوونە بەر هێرشی تۆتالیتاریزم: «یەکەمین پڕەنسیپی لیبرالّیزم ئەوەیە کە سیستەمی بازاڕی ئازاد دەبێ هەم بپارێزرێ و هەم پتەو بکرێ، چونکە یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕێكوپێککەری دابەشکردنی کار.»[1]

* * *

1. The Course of American Democratic Thought, p.307.

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هزری سیاسی لیبراڵ_ دیموکراسی هەمیشە یەکێك بووە لە بەهێزترین نەریتە فکرییەکانی ئەو وڵاتە. هەر وەك لە هەڵسەنگاندنی ئەو چەند نموونەی سەرەوودا دەردەکەوێ لیبراڵیزمی ئەمریکایی بەلای کۆنسەرڤاتیزمدا شکاوەتەوە. بەڵام لە بریتانیادا، بە هۆی گۆڕانکاری سیاسی ئەو وڵاتە، لیبراڵیزم بەلای سۆشیالیزم و چەپدا شکاوەتەوە؛ هەرچەندە کۆنسەرڤاتیزم یەکێك بووە لە کۆنترین نەریتە فکرییەکانی ئەو وڵاتە. لە کاتێکدا بیرمەندانی لیبراڵ_دیموکراتی ئەمریکا باوەڕیان وابوو کە دیموکراسی حکومەتی یاسا و پارێزگاری کردنە لە مافەکانی تاکەکەس، بیرمەندانی لیبراڵ_دیموکراتی بریتانیا لە بۆچوونێکی ڕادیکاڵتردا لەو باوەڕەدا بوون کە دیموکراسی واتە سەروەری زۆرینە. لێرەدا بە کورتی بۆچوونی سیاسی هەندێ بیرمەندی لیبراڵ_دیموکراتی نەوەی کۆنی بریتانیا تاوتوێ دەکەین.

**جیمز براپس:**

جیمز بڕایس (James Bryce)(1838_1922) مامۆستای یاسا بوو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد. *دیموکراسی مۆدێرن*[1] (١٩٢١) گرنگترین کتێبی بڕایسە لە بواری هزری سیاسیی دا. ناوبراو باوەڕی وابوو کە دیموکراسی شێوازێکی حکومەتە کە تێیدا ئیرادەی زۆرینەی گەل دەسەڵاتدارە. بە باوەڕی ناوبراو کێشەی سەرەکی دیموکراسی چۆنیەتی دابین کردنی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان نییە، بەڵکو چۆنیەتی وەدیهێنانی بە تەواوی و کاریگەری سەروەری گەلە. لەو ڕووەوە هێرش دەکاتە سەر ڕەخنەی ئالێکسی دۆتۆکۆڤیل لە دیموکراسی و داشکانەوەی بەلای ستەمکاری زۆرینەدا. بە باوەڕی بڕایس سیستەمی سیاسی ئەمریکا نموونەیەکە لە *ستەمکاری زۆرینە* کە تێیدا ئازادی بیروڕا گەیشتۆتە ئەوپەری خۆی. لە ڕوانگەی بڕایسەوە پاسیڤ بوون و بێ کردەوەیی جەماوەر مەترسییەکە بۆ سەر دیموکراسی و سەروەری گەل و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئۆلیگارشی و پتەو بوونی داشکانەوە بەلای ئۆلیگارشیدا. ئۆلیگارشیش لە هەر شێوازێکدا ڕێگرە لە بەردەم وەدیهاتنی ئیرادە و سەروەری زۆرینە.

---

1. Modern Democracy

برایس لەو باوەڕەدا بوو کە دیموکراسی بە واتای سەروەری زۆرینە سێ تایبەتمەندی سەرەکی هەیە؛ و ئەو سێ تایبەتمەندییە دیموکراسی لە سیستەمە نادیموکراتیەکان جیا دەکەنەوە و دەستنیشانکەری سەرەکیترین ئەرکە سیاسییەکانی گەلن. ئەو سێ تایبەتمەندییە بریتین لە: یەکەم، ئامانج و دوارۆژی حکومەت لە لایەن ڕای گشتییەوە دیاری دەکرێ نە لە لایەن گرووپە ئەرستۆکراتەکانەوە؛ دووەم، ڕێبەر لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێ و جگە لە هەڵبژاردنی گشتی، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ گەیشتن بە پۆستەکانی حکومەت؛ و سێیەم، گەل هەمیشە مافی ئەوەی هەیە کە دژایەتی سیاسەتی هەڵڕستەدەکانی خۆی بکات. برایس لەو باوەڕەدا بوو کە بۆ وەدیهاتنی دیموکراسی لە ئاستی هەرە بەرزی خۆیدا، واتا بە مانای سەروەری گەل، پێویستە ئەو هەنگاوانە باوێشترێن: یەکەم، ڕاهێنانی زیاتری گەل بە مەبەستی کەڵك وەرگرتنی باشتر لە توانا و دەرفەتەکانی لە کاتی بەشداری کردنی سیاسیدا و وەدەست هێنانی توانایی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بابەتە گشتییەکان؛ دووەم، هاندانی زیاتری گەل بۆ ئەوەی زۆرتر خۆی بە کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە خەریك بکا. بە بێ زۆرینەیەکی وشیار و ئۆگری کێشە سیاسییەکان دیموکراسی دەستەبەر نابێ. بە باوەڕی برایس حیزبی سیاسی باشترین ئامرازی ڕێكوپێك کردن و ڕانانی ڕای گشتی و هەروەها ڕێنمای ڕای گشتییە بەرەولای کێشەکانی کۆمەڵگا. ڕۆڵێکی تری حیزب پاراستنی میانەڕۆییە لە هەمبەر توندڕۆیی سیاسیدا. بوونی حیزبی ڕکەبەر بەر بە سەرهەڵدانی دیماگوژی دەگرێ؛ هەروەها حیزبی دژبەری ڕێکخراو و ڕەسمی ئاستەنگی دەخاتە بەردەم ستەمکاری و پاوانخوازی. بە گشتی پێکهاتە دیموکراتیەکان، بۆ نموونە حیزبە سیاسییەکان و هەڵبژاردن، گەل هاندەدەن بۆ بیرکردنەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا. دیموکراسی لە بنەمادا سیستەمێکی عەقلانییە و پشت بە کردەوە و دژکردەوەی ژیرانە دەبەستێ، چونکە گەل بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان و هەروەها بەدواداچوونی بەرژەوەندییەکانی دەبێ هانا بەرێتە بەر عەقڵ.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، برایس باس لە کەموکوڕییەکانی دیموکراسیش دەکات. بە باوەڕی ناوبراو دیموکراسی تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا مەترسی جەنگی چینایەتی و شۆڕشی یەکلا نەکردۆتەوە. ئەو کەسانەی لەو وڵاتانەدا پۆستە سیاسییەکان بەدەستەوە دەگرن لێهاتووترین تاکەکان نین. زانیاری گەل لەسەر کێشە گشتییەکان سنووردارە و ئەگەری فریوخواردن ولارێ بوونی گەل هەردەم لە ئارادایە. لە ئەنجومەنەکانی یاسادانادا نوێنەران،

بەرژەوەندی گشتی دەکەنە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی توێژ یان بازنەی هەڵبـژاردنی خۆیـان. لەو ڕووەوە براِیس باوەڕی وابـوو کـە پێشـکەش کردنـی پرۆژەیاسـای تایبـەتی نوێنـەران لـە ئەنجومەندا مەنع بکرێ. بە باوەڕی براِیس کەمۆکوڕییەکانی دیموکراسی چارەسەر نـاکرێ. لـەو پێوەندییەدا، سەرەڕای پێداگری لەسەر پڕەنسیپی سەروەری زۆرینە، ئاوڕ لە کـەڵك وەرگـرتنی کارناسان لە سیاسەت و حکومەت دەداتەوە، و پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە خەڵکانی شارەزا و لێهاتوو دەبێ وەك هاوکار و ڕاوێژکاری ڕێبەرانی سیاسی کەڵکیان لێ وەرگیرێ. بە گشـتی لـە ڕوانگەی براِیسەوە دیموکراسی لەسەر بنەمای سەروەری زۆرینـە سـەرەڕای کەموکوڕییـەکانی، باشترین شێوازی حکومەتە و تاکە ڕێگەی هەڵاتنـە لـە دەسـت هـەر چەشـنە سـتەمکاری و دیکتاتۆرییەك.

### ئەی.دی.لیندسای:

ئەی.دی.لیندسـای (A.D.Lindsay) (1879_1952) وەك بەرچـاوترین تیۆریسـیەنی دیموکراسی سەدەی بیستەم دێتە ژمـار. نـاوبراو مامۆسـتای فەلسـەفە و بەرپرسـی زانکـۆی ئۆکسفۆرد و یەکێك بوو لە ڕێبەرانی حیزبی کرێکار؛ لە سەردەمی لاوێتیدا ئـەو کاتـەی کـە ئەنـدامی کۆمەڵـەی فابیـەن (The Fabian Society) بـوو، کەوتـە ژێـر کاریگـەری سۆشیالیزمی میانەڕۆی ئینگلیزی. کتێبی *دەوڵەتی دیموکراتیی مۆدێرن*[1] (١٩٤٣) یەکێکە لـە نووسینە سەرەکییەکانی لیندسای کە لەو کتێبەدا باس لە فەلسەفەی سیاسی خـۆی دەکـات. ئەم کتێبە لە ڕاستیدا کۆمەڵێك وتاری ساڵی ١٩٢٩ لەخۆ دەگرێ و سەرەتا لەژێر ناوی بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسی[2]دا بلاو کرایەوە.

فەلسەفەی سیاسی لیندسای زۆر وەك فەلسەفەی سیاسـی ژان ژاك ڕۆسـۆ دەچـێ و بـەلای دیموکراسـی زۆرینـە دا دەشـکێتەوە. بـە بـاوەڕی نـاوبراو، ڕۆسـۆ لـە نووسـینەکانی خـۆیدا بنەمایەکی ڕاست و دروست بەدەسـتەوە دەدا بـۆ ناسـینی دەوڵـەت و دیموکراسـی مـۆدێرن. لیندسای هەروەك ڕۆسۆ لەو باوەڕە دایە کە ئەرکی دەوڵەت پێکهێنانی بارودۆخی ژیانی باشترە بۆ گەل و دەوڵەت تەنیا لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە دەتوانێ بگاتە ئـەو ئامانجـە. کەواتـە دەوڵـەت

1.The Modern Democatic State
2.The Essentiols of Democracy

دامەزراوەیەکی ئابووری نییە، بەڵکو زۆرتر بونیادێکی پەروەردەییە؛ و دەبێ تاکەکان فێری ئەوە بکات کە خێر و بەرژەوەندی گشتی بناسن. تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە ئیرادەی تاکەکەس ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتییە کە تاکەکەس بۆ دابین بوونی خێر و بەرژەوەندی گشتی لە سیاسەتدا بەشداری بکا و دەنگ بدا؛ و تەنیا ئەو کاتە دەتوانین بڵێین دیموکراسی ڕاستەقینە دێتە دیی، کە ئیرادەی گشتی زاڵ بێ. بەم پێیە دیموکراسی ناتوانێ تەنیا بەواتای بەشداری کردن لە سیاسەتدا بێ بۆ دابین کردن و دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی تاکەکەس و توێژێك، چونکە ئەوسا ویستە تاکەکەسییەکان زاڵ دەبن. بەو شێوەیە تێگەیشتنی لیندسای لە دیموکراسی تێگەیشتنێکی ئایدیالیستییە. بە باوەڕی ناوبراو لە ڕەوتی بە کۆمەڵایەتی بووندا تاکەکەس دەبێ فێری ئەوە بێ کە بەرژەوەندی گشتی بخاتە پێش بەرژەوەندی خۆیەوە و لەو پێوەندییەدا هەر وەك پێشتر باسکرا، دەوڵەت دەورێکی سەرەکی هەیە. بەڵام تاکەکان کاتێك دەتوانن بەشداری ئیرادەی گشتی بن و بەرژەوەندی گشتی بپارێزن کە لە بیروبۆچوون و ڕادەربڕیندا بە تەواوی ئازاد بن، چونکە ئەو ئازادییە دەبێتە هۆی ئەوە کە سەبارەت بە پرس و بابەتە گشتییەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت زانیاری پێویست وەدەست بێنن و دەرفەتی بیرلێکردنەوە و ڕەخنە کردنی ئەو بابەتانەیان بۆ بڕەخسێ. لەو بارەیەوە لیندسای باس لە *حکومەت لە ڕێگەی وتووێژەوە* دەکات. کەواتە دیموکراسی تەنیا لە ڕێگەی دامەزراندنی بونیادە سیاسییە دیموکراتی و هەڵڕستەدەییەکانەوە دابین نابێ. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، لیندسای، وەك هەندێکی تر لە تیۆریسیەنانی دیموکراسی، پێگەیەکی تایبەت بۆ کارناسان و پسپۆڕان لەبەر چاو دەگرێ. «ئەو بیرۆکە دیموکراتیەی پێی وایە هاووڵاتییەکی ئاسایی دەتوانێ ڕۆڵە حکومەتییەکان ڕاپەڕێنێ زیانی زۆر بووە.»[1] بە باوەڕی لیندسای حکومەتی کارناسان و پسپۆڕان نەك هەر دژایەتی لەگەڵ دیموکراسیدا نییە، بگرە دیموکراسی بە پێی سروشتی خۆی دەبێ هەلی حکومەت کردن بۆ ئەو تاقمە دەستەبەر بکات. لە هەمان کاتدا لە حکومەتێکی ئەوتۆدا دواجار ئەوە مافی کومەلانی خەڵکە کە چاوەدێری سیاسەت و بڕیارە سیاسییەکان بکەن، چونکە بەپێچەوانەی کارناسان، کومەلانی خەڵك زیاتر سەرقاڵی دنیای ڕاستەقینە و ئەزموونی ڕۆژانەن. لەو پێوەندییەدا لیندسای *چاوەدێری* لە *حکومەت* جیا دەکاتەوە؛

1. Democracy: The Contemporary Theories, p.37.

حکومـــەت بـــەواتای بـــەڕێوەبردن و بڕیـــاردان ئـــەرکی کەمایـــەتی شـــارەزا و پســـپۆڕە هەڵبژێردراوەکانە، لە کاتێکدا *چاوەدێری* ئەرکی زۆرایەتییە. کەواتە دیموکراسی *حکومەتی* گەل نییە. دەوڵەتی کارناسان و پسپۆڕانیش دەبێ بارودۆخی باشـتر ژیـان بـۆ سـەرجەم کۆمـەڵانی خەڵك دابین بکا و تەنیا لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێ دەست نەخاتە کاروباری کۆمەڵگاوە. بـە وتـەی لیندسـای گـرنگترین گـرفتی دەوڵـەتی دیمـوکراتی ئەوەیـە کـە سـنووری ئـەرك و بەرپرسایەتییەکانی خۆی نەبەزێنێ. بە گشتی بیرۆکەی لیندسای، هەر وەك بیروبۆچوونی ڕۆسۆ و میل، تایبەتمەندییـەکی ئـەخلاقی دەبەخشـێتە دیموکراسـی؛ و وەك هۆکـاری پەرەسـەندن و گەشەکردنی مرۆڤایەتی سەیری دیموکراسـی دەکـا. بـە واتایـەکی تـر لـەو بـاوەڕە دایـە کـە دیموکراسی زۆر لەوە لەسـەرترە کـە وەك ئامرازێـك بـۆ هەڵبـژاردنی ڕێبـەران و بـەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا بێتە ژمار. بە باوەڕی ناوبراو دیموکراسی دەبێ ببێتە هۆی گەشەکردن نـەك پاراستن و هاوسەنگ کردنی دۆخـی بـاو. بـەو شـێوەیە تاکگـەرایی و سـوودگەرایی لیبراڵـی بەرباسی لوك و بێنتهام لە بیرۆکەی نوێئایدیالیسـتی لیندسـایدا کـاڵ دەبێتـەوە و تەنانـەت دەکەونە بەر ڕەخنەش.

## ئەرنست بارکەر:

ئەرنسـت بارکـەر (Ernest Barker) (1874_1960) مامۆسـتای فەلسـەفە بـوو لـە زانکۆکـانی ئۆکسـفۆرد و کـەمبریج. *هەنـدێ تێڕامـان دەربـارەی حکومـەت*[1] (١٩٤٢) و *پرەنسـیپەکانی تیـۆری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی*[2] (١٩٥١) دوو کتـێبی سـەرەکی نـاوبراون. بارکەریش هەر وەك لیندسای لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقییەوە دەیڕوانییە دیموکراسی. بارکەر لـەو باوەڕەدا بوو کە ئازادی ڕوحی و گەشەکردنی ئەخلاقی ئامانجی دیموکراسییە؛ و دیموکراسـی لـە چوارچێوەی یاسایەکدا دێتە بەر کە ئەو یاسا ڕەنگدانەوەی حەق و دادپەروەری بـێ. یاسـایێکی ئەوتۆ تاکە پێوانەی ڕاسـتی و دروسـتی یاسـا و ڕێسـاکانی دەوڵەتانـە. بـەڵام یاسـایەك کـە ڕەنگدانەوەی حەقیقـەت و دادپـەروەری بـێ چـۆن دێتـە دیـی؟ بـە بـاوەڕی بارکـەر *یاسـای*

---

1. Reflections On Government
2. Principles of Secial and Political Theory

*دادپەروەری*[1] ، وەك یاسای دایك، بەرهەمی هزری گەلە؛ بەڵام نەك خەڵك و گەلی قۆناغ و سەردەمێك. ئەویش هەر وەك ئیدمۆند برێك، فەیلەسووفی کۆنسەرڤاتی ئینگلیزی، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە خەڵکی سەردەمێك کورتبین و گەمژەن و تەنیا جۆری مرۆڤ بە درێژایی چاخ و سەردەم هۆشدار و ژیرە. یاسای دادپەروەری بارکەریش بەرهەمی زەینی مرۆڤە لە سەرانسەری مێژوودا و ئەو یاسایەی کە لە دەستوور دا ڕەنگدەداتەوە، بەرهەمی پرۆسەیەکی مێژوویی درێژماوەیە. پابەندبوونی بوونی تاکەکەس لە هەمبەر یاسای دانراو و یاسای دادپەروەریدا وەك یەك نییە. تاکەکەس لە ڕووی یاساییەوە ئەرکی ئەوەیە کە یاسا دەوڵەتییەکان لەبەر چاو بگرێ؛ بەڵام لەبەر چاو گرتنی یاسای دادپەروەری جگە لە ئەرکێکی یاسایی، وەك ئەرکێکی ئەخلاقی تاکەکەسیش دێتە ژمار. چونکە یاسای دادپەروەری بەرهەمی کۆمەڵە، کەواتە لە ڕووی ئەخلاقییەوە هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی ئەرکی سەرشانییەتی کە لە پرۆسەی گشتی گەشەکردنی مرۆڤ و بەرەوپێش بردنی یاسای دادپەروەریدا چالاکانە ڕۆڵ بگێڕێ؛ هەرچەندە ڕەنگە جاروبار ئەو دەور و ئەرکە بە شێوەی ناڕەزایەتی یان سەرهەڵدان دەرکەوێ. ئەو تاکەکەس یان گرووپەی کە پێی وایە بۆچوونەکەی شیاوی ئەوەیە کە لە یاسای دادپەروەری مرۆڤی گرێ بدرێ دەبێ قەناعەت بە خەڵکانی دەوروبەری بێنێ بۆ ئەوەی باوەڕ بە ڕاستی و دروستی بۆچوونەکەی بێنن و هەوڵ بدا بۆچوونەکەی بکاتە یاسای دەوڵەتی، بزووتنەوەی دژە کۆیلەتی سەدەی نۆزدەهەم یەکێك بوو لەو بۆچوونانە.

لە ڕوانگەی بارکەرەوە ئازادی گرنگترین بەهای دیموکراتییە بەڵام وەك *مەرجێکی پێویست* بۆ پەروەردە کردنی کەسایەتی ئەخلاقی سەیری ئازادی دەکا. هەروەها لە دیموکراسیدا «ئازادی و یەکسانی هاوتای یەکترن، بەڵام ئەو هاوتابوونە دەبێ لەسەر بنەمای یەکسانی بێ؛ واتا نابێ ئازادی بکەوێتە ژێر دەستی یەکسانییەوە... ئەگەر تاکەکان لە بۆچوون و کردەوەدا خاوەن ئازادی یەکسان بن، ئەوسا لەگەڵ یەکتردا یەکسانن؛ بەڵام ئەوە بە واتای یەکسانی تەواو نییە. یەکسانی لە ئازادی بۆچووندا... دەبێ پێبەپێی یەکسانی لە ڕاهێنانی توانایی فکریدا بێ. یەکسانی لە ئازادی کردەوەدا ئەو کاتە خاوەن واتایە کە لە ئامراز و دەرفەتی کردەوەدا یەکسانی تا ڕادەیەك لە ئارادا بێ... ئەگەر واتایەکی بەرفراوانتر لە یەکسانی پێویست بێ، نابێ ئازادی لە پێناویدا بدەین.»[2]

---

1.The Law of Justice
2. Democracy: The Contemporary Theory, p.134.

لە ڕوانگەی بارکەرەوە یەکێك لە مشتومڕ هەڵگرترین پرەنسیپەکانی دیموکراسی پرەنسیپی زۆرینەیە، چونکە ئەو پرسیارە دێتەڕوو کە بۆچی ئیرادەی بەشێکی خەڵك دەبێ بە کردەوە وەك ئیرادەی گشتی قبووڵ بکرێ. بە باوەڕی بارکەر دواوەڵام *زۆرملێ و دەسەڵاتە*، واتە لە ڕێگەی قبووڵکردنی پرەنسیپی زۆرینەوە « لەبری ئەوەی سەرەکان بشکێنین ئەو سەرانە دەژمێرین. ئەگەر بڕیار لەسەر توندوتیژیش بێ، دیسان زۆرینە سەرکەوتن بەدەست دێنێ. ڕاستە بەو شێوەیە بنەمای دیموکراسی لەسەر زۆرەملێ ڕاوەستاوە، بەڵام ئەو زۆرەملێیە زۆرملێیەکی خەیاڵییە نە زۆرەملێیەکی ڕاستەقینە.»[1]

**برتراند راسڵ:**

برتراند ئارتۆر ویلیام راسڵ (١٨٧٢_١٩٧٠) فەیلەسووفی ڕیالیست و زانای ماتماتیك و لۆژیك زانی هەڵکەوتەی ئینگلیزی لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکرات و سیاسیدا لە دایك بوو. باپیری راسڵ، واتا لۆرد جۆن راسڵ، سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بوو. راسڵ لە مێرمنداڵییەوە دەستی لە ئایین کێشایەوە. ناوبراو بە پێچەوانەی جیهانی ماتماتیك و لۆژیك، لە جیهانی بابەتە ئەزموونیو کۆمەڵایەتییەکاندا هیوای بە گەیشتن بە بنبڕی (قەتعییەت) نەبوو. راسڵ لە زانکۆی کەمبریج دا لۆژیك و ماتماتیك و فەلسەفە و ئەخلاقی خوێند؛ لە سەردانێکیدا بۆ ئەڵمانیا لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئابووری سیاسی مارکسیدا ئاشنا بوو؛ لە ژێر کاریگەری ئەو ئاشنایەتییەدا یەکەم کتێبی سیاسی خۆی واتا *سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانی*[2] (١٨٩٦) نووسی. تا ساڵی ١٩١٤ کە چووە ناو ڕیزەکانی حیزبی کرێکار بۆچوونێکی لیبراڵی هەبوو؛ بەڵام لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە هۆی هەڵگرتنی بیروبۆچوونی ڕادیکاڵ پۆستی مامۆستای زانکۆی کەمبریجی لێ ستێندرایەوە و بە تاوانی چالاکی لە دژی جەنگ شەش مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە. بۆچوونە تایبەتەکانی دەربارەی ئایین و زەواج دواتر لە ئەمریکادا بوو بە هۆی هەندێ نارەزایەتی لە دژی راسڵ. لە ساڵی ١٩٢٠دا بە سەردانێك چووە سۆڤیەت. بەرهەمی ئەو سەفەرە کتێبی *تیۆر و پراکتیکی بەڵشەڤیزم*[3] بوو کە لەو کتێبەدا ڕەخنە لە

---

1. Ibid, p.131
2. German Social Democracy
3. The Practice and Theory of Balshevism

بۆچـــــــــوونە تۆتالیتێرەکانی ئەو وڵاتە دەگــــــرێ. لـــــــــــە ڕووی فەلسـەفییەوە، راسـڵ لـە ساڵی ١٨٩٨ ڕووی کردە ڕیالیزم و پۆزەتیڤیزم و ماتریالیزم. نووســـــراوە سەرەکییەکانی راسـڵ دەربــارەی فەلسـەفە بــریتین لــە: *ئــەنالیزی زەیــن*[1] (١٩٢١)؛ *ئـەنالیزی مــاددە*[2] (١٩٢٧)؛ *لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە مانا و حەقیقەت*[3] (١٩٤٠)؛ *زانستی مـرۆڤ: پانتـا و سـنوورەکانی*[4] (١٩٤٨). نووسراوە سەرەکییەکانی راسڵ سەبارەت بە کۆمەڵگا و سیاسەت بریتین لە: ڕێگەکانی ئـازادی: سۆشـیالیزم، ئەنارشـیزم و سـەندیکالیزم[5] (١٩١٩)؛ ئـاییینی مـن[6] (١٩٢٥)؛ بـۆ چـی مەسیحی نیم[7] (١٩٢٧)؛ ئازادی و ڕێکخـراو[8]، ١٨١٤_١٩١٤ (١٩٣٤)؛ مێـژووی فەلسـەفەی ڕۆژئاوا[9] (١٩٤٥)؛ *هیوا و ئاواتی نوێ بۆ جیهان لە کاتی گۆڕانکاری دا*[10] (١٩٥١)؛ و ئەخلاق و

---

ئەو کتێبە لە ژێر ئەو ناوەی خوارەوەدا کراوەتە فارسی:

برتراند راسل، عمل و تئوری بلشویسم، ترجمه احمد لبا، (کتاب تهران، ١٣٦٢).

1.The Analysis of Mind

برترانـد راسـل، تحلیـل ژهـن، ترجمـه منوچـهر بزرگمهر،(تهران،شـرکت سـهامی خـوارزمی بـا همکـاری فرانکلین،١٣٤٨).

2.The Analysis of Matter

3. An Inquiry Into Meaning and Truth

4. Human Knowledge:Its Scope and Limitis

5.Roads to Freedom: socialism, Anarchism and Syndicalism

6. What I Believe

7.Why I Am not a Chritian, and Other Essays

برتراند راسل، چرا مسیحی نیستم، ترجمەی روح‌اله عباسی، (تهران، روزبـه،١٣٤٧). ترجمـەی ب.ا.گـاهری، (تهران،انتشارات گنجینه،١٣٥٤). ترجمەی عبدالعلی دستغیب،(تهران،فرهنگ،١٣٥١).

8.Freedom and Organization, 1814_1914

برترانـد راسـل، ازادی و سـازمان، پژوهشـی در بنیـاد سوسیالیسـم و لیبرالیسـم،ترجمەی علـی رامـینی، (تهران،امیرکبیر ١٣٥٧)

9.A History of Western Philosophy:Its Connection With Political and Social Circumstances From The Earliest Times to The Present Day

برتراند راسل، تاریخ فلسفەی غرب، ترجمەی نجف دریابندری ،(تهران،کتابهای جیبی،١٣٤٨)،٣ ج.

10. New Hopes For a Changing World

برتراند راسل، اُمیدهای نو، ترجمەی علی شایگان،( تهران).

سیاسەت لە کۆمەڵگادا [1](١٩٥٩)[2]. پاش جەنگی دووەمی جیهانی بە هۆی خەبات لە دژی چەکی ناوەکی لە ناو گرووپە ڕادیکاڵەکاندا راسڵ ناو و ناوبانگێکی زۆری وەدەستهێنا. بۆ خۆی دەیگوت من ڕوحیکی لیبراڵ، ئەنارشی ڕاڕا و بێ دینم هەیە. فەلسەفەی سیاسی راسڵ ئاوێتەیەکە لە بۆچوونی فکری لیبراڵ و ڕادیکاڵی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە؛ و ڕەهەندەکانی وەك عەقلانییەتی سەردەمی ڕۆشنگەری، بیرۆکەی سوودگەرایی، پۆزەتیڤیزم، پراگماتیزم، دژە فەلسەفەیی پراگماتیستی و هەندێ بنەمای بیرۆکە سۆسیالیستییەکان. بەڵام راسڵ خۆی بەپێچەوانەی بۆچوونە سۆسیالیستییەکەی، بە توندی لایەنگری دیموکراسی و دەسەڵاتی گەل بوو. لە ڕوانگەی راسڵەوە حکومەتی هیچ کەمایەتییەك ناتوانێ خۆشی و ئاسوودەیی و تەناهی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەمی گەل دابین بکا. کۆمەڵگا و حکومەتی ئەرستۆکراسی بە چاوێکی سووکەوە سەیری جەماوەر دەکەن؛ و ڕێگە نادەن ئامانجەکانی دیموکراسی بێنە دی. لەگەڵ هەمووی ئەوانەشدا تێگەیشتنی راسڵ لە دیموکراسی سیاسی لە بۆچوونی جۆن لوك نزیکترە تا لە بۆچوونی ڕۆسۆ؛ واتە زۆرتر ئەو بۆچوونەی بەلاوە پەسەند بوو کە دەڵێ دیموکراسی واتە حکومەت کردن لە چوارچێوەی یاسادا و هەروەها پاراستنی مافە تاکەکەسییەکان نە ئەو ڕوانگە کە دەڵێ دیموکراسی واتا حکومەتی زۆرینە. بە باوەڕی ناوبراو ***حکومەت بۆ گەل*** لە ***حکومەتی گەل*** باشترە و دیموکراسی دەسەڵاتی گەلە نەك حکومەتی گەل. خەڵك دەتوانن باشترین تاکەکان بۆ حکومەت کردن هەڵبژێرن؛ توانایی و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە کار و کردەوە و سیاسەتەکانی حکومەت هەڵسەنگێنن و ڕەخنەیان لێ بگرن. بەو شێوەیە راسڵ تا ڕادەیەك هەم لە دیموکراسی ڕۆسۆیی نزیك دەبێتەوە و هەم لە دیموکراسی زۆرینە. بەڵام خەڵك

---

1. Human Society in Ethics and Politics

٢. هەندێ لەو نووسراوانەی ڕاسەل کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی بەو شێوەیەی خوارەوەن:

ایا بشر اینده‌ای هم دارد، ترجمەی م.منلور، (تهران،مروارید، ٢٥٣٥)" اخلاق وسیاست در جامعه، ترجمەی محمود حیدریان، (تهران ، بابك، ٢٥٣٥)" تأپیر علم بر اجتماع، ترجمەی مهدی افشار ، (تهران،زرین، ٢٥٣٥)" جستارهای فلسفی، ترجمەی میرشمس‌الدین ادیب سلگانی، (تهران،امیرکبیر،١٣٦٣)" جهان‌بینی علمی، ترجمەی حسن منلور، (تهران،دانشگاه تهران،١٣٥١)" قدرت، ترجمەی نجف دریابندری، (تهران،خوارزمی،١٣٦٧)" مسایل فلسفه، ترجمەی منوچهر بزرگمهر،(تهران،خوارزمی،١٣٤٧).

کاتێك تواناو لێهاتوویی هەڵسەنگاندن و ڕەخنە گرتن لە کار و کردەوەکانی حکومەتیان هەیە کە لە ڕووی هزر و بیروبۆچوونەوە ئازادی تەواویان هەبێ و ئەوەش بەندە بە پەرەپێدانی فێر کردن و بارهێنانی گشتی. بە باوەڕی راسڵ، ئازادی ڕادەربڕین و پێکهێنانی ئەنجومەن، تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی پەشێوی و پاشاگەردانی، دیسانیش بۆ دیموکراسی پێویستە و کەڵك وەرگرتنی خراپ لە ئازادی لە کەڵك وەرگرتنی خراپ لە دەسەڵات باشترە.

لە لایەکی ترەوە، راسڵیش وەك ڕۆسۆ لەو باوەڕەدا بوو کە لە نێوان دیموکراسی و خاوەنداریێتی تایبەتدا ناکۆکییەکی سەرەکی لە ئارادایە و هەر بەم هۆیە بەلای سۆشیالیزمدا دەشکاوە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە باوەڕ بە پیرۆزی خاوەنداریێتی تایبەت یەکێکە لە گەورەترین ئاستەنگییەکانی بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤ و سەرچاوەی خاوەنداریێتی دزی و توندوتیژییە. بەم پێیە مەرجی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی باشتر تێکدانی بونیادەی خاوەنداریێتی تایبەتە؛ هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نییە کە راسڵ مارکسی بوو. لە ڕوانگەی راسڵەوە بۆچوونەکانی مارکس دۆگماتیکن و دواجار سیستەمی سیاسی دیکتاتۆڕ و ستەمکاری لێدەکەوێتەوە. ناوبراو لە بەرانبەر ماتریالیزمی مێژوویی مارکسدا داکۆکی لە پڕاگماتیزمی ئەمریکایی دەکرد. هەروەها ئەو بۆچوونە مارکسییەی بە ڕاست نەدەزانی کە پێی وایە دەوڵەت ئامرازی باڵادەستی چینایەتییە. لە ڕوانگەی راسڵەوە دەوڵەت بونیادەیەکی گشتی و بەکەڵکە و بۆ هاوئاهەنگ کردنی بەرژەوەندی چینەکانی کۆمەڵگا پێویستە؛ هەر ئەوە بۆتە هۆی مانەوەی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا، راسڵ لەو باوەڕەدا بوو کە حکومەت تەنیا یەکێکە لەو پێکهاتانە کە بۆ دانانی یاسای بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا پێویستە؛ و هەر ئەو بۆچوونە بناخەی بیرۆکەی پلۆڕالیستانەی راسڵە سەبارەت بە دەوڵەت و سیاسەت. بە باوەڕی راسڵ جگە لە حکومەت، بونیادە و سینف و ئەنجومەنەکانیش کاریگەریان هەیە لە پێکهێنانی نەزمی کۆمەڵایەتی و هاوئاهەنگ کردنی بەرژەوەندییەکانی گەلدا و بەڕێوەبەرایەتی فرۆشگا و کارگەکان دەبێ لە دەست سەندیکا و ئەنجومەنەکاندا بێ بۆ ئەوە بەر بە سەرهەڵدانی دەزگای بیرۆکراسی سانتراڵی دەوڵەتی بگیرێ. هەروەها راسڵ لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ بەر بە بەرفراوان بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە کۆمەڵگادا بگیرێ، چونکە حکومەت بەڵایەکە کە تاکە پاساو بۆ بوونی بەرگری کردنە لە بەڵا و ڕووداوی گەورەتر. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو گرووپە دەسەڵاتدارەکان بە شێوەیەکی سروشتی خوازیاری دەسەڵات و ستەمکاریەکی زۆرترن؛ و تەنیا دیموکراسی دەتوانێ

ئەم زێدەڕۆییە لغاو بکا. راسڵ سەبارەت بە ئەنجامی شۆڕشیش زۆر خۆشبین نەبوو، چونکە پێی وابوو شۆڕش دەبێتە هۆی بەرفراوان بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵـەتی و بـە دەسـەڵات گەیشـتنی کەمینەیەکی ستەمکار و خۆپەرەست کە بۆ گەیشتن بە ئامانج لـە هـەموو ئامرازێـك کـەڵك وەردەگرێ. لە ڕوانگەی راسڵەوە ترسی لە دەستدانی دەسەڵات سـەرەکیترین نیگـەرانی ئـەو گرووپانەیە کە لە ڕێگەی شۆڕشـەوە دەسـەڵات بەدەسـتەوە دەگـرن؛ هانـدەری سـەرەکی ئـەو گرووپانە لە کار و کردەوەدا ئەو ترسەیە. بە باوەڕی راسڵ ترس هۆکاری سـەرەکی بێـزاری لـە خەڵکانی ترە و تەنیا لە درێژماوەدا و لە ڕێگەی فێرکردن و بارهێنانـەوە دەکـرێ ئـەو ترسـە بشکێ. لە بەرانبەر ترسدا، ئەوین سەرچاوەی باشتر ژیانە. سەرچاوەی جەنگیش ترسە، ترسـی نەمانی تەناهی نیشتیمانی یان بەرتەسـك بوونـەوەی چوارچـێوەی ژیـان دەوڵـەتان پەلکێشـی پێکهێنانی دەستە و هەواڵبەندی و دواجار شەڕ دەکا. بە باوەڕی راسڵ یەکێك لـە ڕێگـەکانی بەرگری کردن لە ڕوودانی شەڕ پێکهێنانی فێدراسیۆنێکی جیهانی نەتەوەکانە نەك دەوڵەتەکان.

بە گشتی راسڵ داکۆکی لـە چەشـنێك سۆشـیالیزم دەکـرد، بـەڵام سۆشـیالیزمەکەی لـە چوارچێوەی دیموکراسی و لیبراڵیزمدا بوو؛ واتا لە لای راسڵ دیموکراسـی ڕێـزی لـە سۆشـیالیزم زیاتر بوو.

## هارۆڵد لاسکی:

هارۆڵد ژۆزێف لاسکی(١٨٩٣_١٩٥٠) لە خێزانێکی یەهوودی و لە مانچستەر لە دایـك بوو. هەر لە سەردەمانی لاوێتیدا ئایینی جووی وەلانا، چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو ئایینە لەگەڵ هزرە مۆدێرنەکاندا یەکتر ناگرێتەوە. لە سەردەمانی لاوێتیدا چووە ناو ڕیزی کۆمەڵـەی فابیەنەکان و پاش ماوەیەك وانە گوتنەوە لە کەنەدا و ئەمریکادا بوو بە مامۆسـتای زانسـتە سیاسییەکان لە بەشی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی لەندەن. ناوبراو پشـتگیری لـە چالاکی سیاسی یەکێتییە کرێکارییەکان دەکرد و لە ساڵی ١٩٤٠دا بوو بە ئەنـدامی لیژنـەی بەرێوەبەرایەتی حیزبی کرێکار.

بۆچـوونەکانی لاسـکی بـە سـانایی لێـك جیـا ناکرێنـەوە، چـونکە نـاوبراو ماوەیـەك لیـبراڵ_ دیمـوکرات بـوو و سـەردەمێکیش سۆسـیال_ دیمـوکرات. لاسـکی هـەم لـە لایـەن کۆمۆنیستەکان و هەم لە لایـەن سۆسیالیسـتەکان و هـەمیش لـە لایـەن کۆنسـەرڤاتەکانەوە هێرشی کرایە سەر. ناوبراو خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی بوو لـە داڕشـتەی کۆمەڵایـەتی و

ئابووریدا بۆ ئەوە ئاستەنگییەکانی بەردەم ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری هەڵگیرێن. لە هەمان کاتدا لە هەندێ لە نووسینەکانیدا دەوڵەت وەك یەکێك لە دوژمنانی سەرەکی ئازادی مرۆڤ دەست نیشان دەکا و پشتگیری لە زۆربوونی ئەو ئەنجومەن و پێکهاتانە دەکا کە لە ڕۆڵ و ئەرکەکانی دەوڵەت دا بەشدارن. هەر بەو هۆیە وەك یەکێك لە لایەنگرانی سەرەکی تیۆری پلۆرالیزم و دەوڵەتی پلۆڕالیستی دێتە ژمار. کتێبە سەرەکییەکانی بریتین لە: *ئۆتۆریتە لە دەوڵەتی مۆدێڕندا*[1]؛ *بنەماکانی سەروەری*[2]؛ *ڕێزمانی سیاسەت*[3]؛ *ئازادی لە دەوڵەتی مۆدێڕندا*[4]؛ *دەوڵەت لە تیۆر و کردەوەدا*[5]؛ *سەرهەڵدانی لیبراڵیزمی ئەورووپایی*؛[6] *حکومەتی پارلمانی لە بریتانیادا*؛[7] *هەندێ ڕامان سەبارەت بە شۆڕشی سەردەمی ئێمە*[8]؛ *باوەڕ، عەقڵ، شارستانییەت*[9].

بە هۆی ساغ نەبوونەوە لەسەر دیموکراسی یان سۆشیالیزم و هەر جارە ڕوو لە یەکیان کردن لە لایەن لاکسییەوە دەکرێ ڕەوتی فکری سیاسی ناوبراو بە سەر سێ قۆناغ دا دابەش بکەین:

قۆناغی یەکەم، سەردەمانی باوەڕ بە لیبراڵیزم و پلۆرالیزم و دیموکراسی بوو کە دەبێتە ساڵانی ١٩١٦ تا ١٩٣٠. لاسکی لە نووسینەکانی ئەو سەردەمەدا، بە تایبەت لە کتێبی *ئۆتۆریتە لە کۆمەڵگای نوێدا و بنەماکانی سەروەری*دا، داکۆکی لە تاکگەرایی توندڕۆ و دژە دەوڵەتی، و ئازادی تەواوی هەر چەشنە بیروبۆچوونێك دەکا هەرچەندە ئەو بۆچوونە تێکدەر و شۆڕشگێڕانە بێ؛ و هێرش دەکاتە سەر دەسەڵاتی دەوڵەتی. بە باوەڕی لاسکی تەنیا باوەڕ بە بیروبۆچوونێك نابێ ببێتە هۆی سزا دان؛ و هیچ بۆچوونێك خۆی لە خۆیدا قەدەغە نییە،

---

١. Authority in The Modern State

٢. The Foundations of Sovereignty and Other Essays

٣. A Grammer of Politics

4. Liberty in The Modern State

٥. The State in Theory and Practice

6. The Rise of European liberalism

٧. Parliamentry Government in England

٨. Reflections On The Revolution of Our time

٩. Faith, Reason, and Civilization : An Essay in Historical Analysis

تەنانەت ئەگەر کردەوەی تاوانکارانەشی لێ بکەوێتەوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆشدا ئەوەی دەبێتە هۆی سزا دان کردەوەیە نەك بیروبۆچوون. هەروەها بە پێچەوانەی بۆچوونی باو، لە بارودۆخی قەیراناویدا دەبێ ڕێگە بۆ بیروبۆچوونی جۆراوجۆر کراوە بێ، چونکە قەیران ڕاست ئەو بارودۆخەیە کە پێویستە بیروبۆچوونی جۆراوجۆری تێیدا بخرێتە ڕوو. ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو کە بە پێی چەمکە ئەخلاقی و حقووقییەکانی پاشماوەی ئەتنیك و ئایینەکانی ڕۆژهەلاتی کۆن ناتوانین بابەتەکانی وەك پێوەندی کۆمەلایەتی و ئەوینی ئازاد ڕەت کەینەوە، بەڵکو دەبێ بەپێی پێوانەی زانستی سەردەمی نوێ تاوتوێ بکرێن.

لاسکی لە قۆناغی دووەمی بۆچوونی سیاسی خۆیدا واتە لە ساڵی ۱۹۳۰ تا ۱۹٤۰ ڕووی کردە تیۆر شۆڕشگێرە مارکسییەکان و پێویستی شۆڕش بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی ڕاستەقینە. لە دەسپێکی ئەو قۆناغەدا کتێبی *ئازادی لە دەوڵەتی مۆدێرن* (۱۹۳۰) دای چاپ و بلاو کردەوە. ناوبراو لەو کتێبەدا داکۆکی لە چەمکی ئازادی نێگەتیڤ دەکا، ئازادی نێگەتیڤ واتا سڕینەوەی هەر چەشنە گوشار و لەمپەرێکی دەرەکی لە بەردەم هاتنە دی تاکەکەسییەتی. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، بە بێ تەناهی ئابووری ئازادی سیاسی نرخێکی نییە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە بەرهەمی کاری ئابووری گەل بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش بکرێ، ئازادی ڕاستەقینە جێگەی نابێتەوە. لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا چینی دەسەلاتدار پوانە سەرەکییە کۆمەلایەتییەکان دێنێتە ژێر دەستی خۆی و هیچ کات بە ویستی خۆی دەست لەو پوانانە هەڵناگرێ. لەو ڕووەوە شۆڕش و توندوتیژی پێویستە. سۆشیالیزم بە بێ توندوتیژی نایەتە دی. سەرەکیترین نووسراوەی ئەو قۆناغەی ژیانی فکری لاسکی کتێبی *دەوڵەت هەم لە تیۆر و هەم لە کردەوەدا* (۱۹۳۵)یە کە لە ژێر کاریگەری قەیرانی داکەوتنی ئابووری، سەرکەوتنی بزووتنەوە فاشییەکان، و شکانی حیزبی کرێکار لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۱۹۳۱دا نووسراوە. لەو کتێبەدا لاسکی سەبارەت بە سروشت و ڕۆڵ و دەورەکانی دەوڵەت تیۆریەکی تەواو مارکسی بەدەستەوە دەدا و ڕوودانی قەیران لە سەرمایەداری وەك سەرەکیترین هۆکاری خەلەل و پەشێوی دیموکراسی سیاسی لە قەڵەم دەدا. لە ڕوانگەی لاسکییەوە چینی خاوەن سەرمایە بە مەبەستی پاراستنی دەسەلاتی خۆی هانا دەباتە بەر هەر ئامرازێك بۆ وێنە شەڕ. بە باوەڕی لاسکی جەنگی یەکەمی جیهانی، جەنگێکی ئیمپریالیستی بوو؛ و هۆی تێوەگلانی ئەمریکا لەو شەڕەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەن سەرمایەکانی ئەو ولاتە وام و قەرزێکی زۆریان دابوو بە ولاتانی

یەکگرتووی شەڕ و دەوڵەتی ئەمریکا بە مەبەستی گەڕانەوەی ئەو قەرزانە ناچار بوو پارێزگاری لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە بکا. ناوبراو هەروەها لەو باوەڕەدا بوو کە فاشیزمیش هەر وەك شەڕ ئامرازێك بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خاوەن سەرمایەکان. کاتێ جەماوەر بخوازێ لە ڕێگەی بونیادە دیموکراتیەکانەوە بنەمای دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری چینی دەسەڵاتدار لەبن بێنێ، چینی خاوەن سەرمایە دیموکراسی هەڵدەوەشێنێ. لەو ڕووەوە فاشیزم بەربەرەکانی بێبەزەیانەی خاوەن سەرمایەکان بووە بە مەبەستی پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری ڕوو لە مەرگ. هەر لەو سەردەمەدا لاسکی لە کتێبی *سەرهەڵدانی لیبراڵیزمی ئەوروپایی*(١٩٣٦)دا تێپەر کردنی لیبراڵیزمی کلاسیکی سەدەی نۆزدەهەمو گەیشتن بە لیبراڵیزمی ڕادیکاڵی سەدەی بیستەم وەك توانەوەی ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزم و سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیایەکی بە تەواوی نوێ لێکدەداتەوە. بە باوەڕی لاسکی لیبراڵیزمی کۆن چونکە ئایدۆلۆژیای دژە ئەرستۆکراسی و نوێنەری بەرژەوەندی بورژوازی لە کاتی گەشەکردندا بوو، سەبارەت بە پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا نەیدەتوانی هەڵوێستێکی دروست ڕەچاو بکا.

قۆناغی سێیەمی بۆچوونی سیاسی لاسکی سەردەمانی میانەڕۆیی ناوبراو بوو کەساڵانی کۆتایی تەمەنی لەخۆ دەگرێ. لەو قۆناغەدا، لاسکی لە کتێبی *هەندێ ڕامان سەبارەت بە شۆڕشی سەردەمی ئێمە*دا باس لە ڕوودانی شۆڕشێکی مەزن لە سەدەی بیستەمدا دەکا کە هێما و نیشانەکانی ئەو شۆڕشە لە کەلێنی نێوان هێز و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، سەرهەڵدانی نەتەوە بندەستەکان، ویستوخواستی دیموکراتیی جەماوەر بۆ پێکهێنانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و پلاندانانی ئابووری، لەناو چوونی ئایین و هتددا بەدی دەکرێ؛ بەڵام لە ڕوانگەی ناوبراوەوە کەموکوڕییەکانی ئەو سەردەمە تەنیا بەرهەمی باڵادەستی و چەوسانەوەی چینایەتی نییە. هەروەها لاسکی لەو باوەڕەدا بوو کە بە بێ لەناو چوونی بە تەواوی خاوەنداریێتی تایبەتیش دەکرێ دیموکراسی وەدی بێ؛ بەڵام دیموکراسی بە بێ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا و هەوڵدان بۆ هێنانەدی دادپەروەری دابەشین دەستەبەر نابێ. لە کتێبی *باوەڕ، عەقڵ، شارستانییەت*دا لاسکی بە تێروتەسەلی باس لەو بابەتە دەکا. هەروەها لاسکی لەو سەردەمەدا باس لە پێویستی *ڕوودانی شۆڕش بەپێی تەوافوق* دەکا. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە شۆڕشە توندوتیژەکان بێتوو سەرکەوتن وەدەستبێنن،

دواجار هەڵپەساردنی دیموکراسی و سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییان لێدەکەوێتەوە؛ و بێتوو تووشی شکست هێنان بێن، ئەوسا کۆنەپەرستی سەرهەڵدەدا.

***

چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بەسەر هزری هەندێ لە بیرمەندانی سەرەکی لیبراڵ_دیموکراتی کۆن لە سەدەی بیستەمدا ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە چۆن دەکرێ ئەو بیرمەندانەی لایەنگری دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و تەنانەت چەشنێك سۆشیالیزم بوون، وەك لیبراڵ_ دیموکرات ناودێر بکەین. لە ڕاستیدا گرفتی سەرەکی دابەش کردنی بیرمەندان بە پێی قوتابخانە جۆراوجۆرەکان نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جێگە و پێگەی لیبراڵیزم و دیموکراسی لەو قوتابخانانەدا. بە واتایەکی تر، لیبراڵیزم و دیموکراسی خۆیان تووشی ئاڵوگۆڕ هاتوون؛ و لە ئاکامدا دەکرێ باس لە *لیبراڵیزمی ئۆرتۆدۆکس* یان *لیبراڵیزمی کلاسیك*، *لیبراڵیزمی ریۆزیۆڤینیست* و *لیبراڵیزمی نابازاڕی* بکەین. هەر وەك پێشتر باسکرا دوو بۆچوونی دژەیەك لە سروشتی مرۆڤ لە تیۆری لیبراڵ_دیموکراسیدا (لە یەکیاندا وەك بوونەوەرێکی قازانجخواز و لە بۆچوونەکەی تردا وەك بوونەوەرێکی ئازاد و سەربەست) هەوێنی لێکدانەوەی جۆراوجۆر بووە لەو تیۆریە. هەر وەك لە تاوتوێ کردنی هزری هەندێ بیرمەندی لیبراڵ_دیموکراتی سەرەتایی سەدەی بیستەمدا دەردەکەوێ، جەخت کردن لەسەر بۆچوونی دووەم و پێداویستییەکانی (بەرفراوان بوونەوەی دەسەڵات و دەستێوەردانی دەوڵەت و هتد) لەو سەردەمەدا زیادی کردووە. لە هزرە لیبراڵ-دیموکراتیەکانی ئەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی شاراوە ئەو بابەتە قبووڵ کراوە کە بە سەرنجدان بە گۆڕانکارییە مێژووییەکان لیبراڵیزمی کلاسیك ناتەواوە و کەموکوڕی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هزرە لیبراڵ_دیموکراتیەکانی ئەو سەردەمە، سەرەڕای داشکانەوەی زیاتر بەلای ئەو بۆچوونەدا کە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سەربەست و یەکسان سەیر دەکا، هەروا لەخۆ گری دوو بۆچوونە دژەیەکەکەی ناوئاخنی لیبراڵیزمە و هەوڵ دەدەن لە سەردەمی سەرمایەداری بەرەو پێشکەوتندا ئاوێتەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ لە گریمانەی تیۆری بازاڕ و پرەنسیپەکانی یەکسانی دیموکراتی، وەك لیبراڵیزمێك کە ڕیفۆرمی تێدا کراوە، بەدەستەوە بدەن. بەم پێیە تیۆری لیبراڵ_دیموکراسی نابازاڕی، سەرەڕای پاراستنی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەهەم، بەرهەمی بارودۆخی سەدەی بیستەم بووە. بە گشتی لیبراڵ - دیموکراتە ڕاست ئاژۆکان (ڕاستڕەوەکان) لەو

باوەڕە دان کە لیبراڵ- دیموکراسی و سیستەمی سەرمایەداری هیچ چەشنە دژایەتییەکیان پێکەوە نییە، بەڵکو پڕەنسیپەکانی عەقڵانییەتی ئابووری سەرمایەداری و ئازادی و یەکسانی دیموکراتی تەواوکەری یەکترن. لە لایەکی ترەوە، لیبراڵ_دیموکراتە میانەڕۆکان لەو باوەڕەدا بوون  کە دەستێوەردانی سنوورداری دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا سەرەڕای ئەوە کە دژی لیبراڵ_دیموکراسی نییە، بگرە زامنکاری پڕەنسیپەکانی لیبراڵ_دیموکراسییە؛ و دواجار لیبراڵ_دیموکراتە چەپ ئاژۆکان باوەڕیان وایە کە سەرمایەداری لەگەڵ پڕەنسیپەکانی لیبراڵ_دیموکراسیدا ناگونجێ و هەروەها لە ڕوانگەی ئەوانەوە جۆرە سۆشیالیزمێك پێویستە بۆ وەدیهاتنی پڕەنسیپەکانی ئازادی و یەکسانی دیموکراتی.

بۆ شیکردنەوەی جۆراوجۆرییەکی ئەوتۆ پێویستە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە سەیری بەستێنی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی هزرە سیاسییەکان بکەین. لە ڕووی مێژووییەوە، لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەهەم وەك ئایدۆلۆژیای ئازادی و ئۆتۆنۆمی تاکەکەس تووشی ئەو ئاستەنگییانە هاتبوو: هزری مافی دەنگدانی پیاوانە و مالیکانە ڕێگر بوو لە بەردەم  بەشداری چینەکانی خواروو و ژنان لە ژیانی سیاسیدا؛ بەردەوامی هەندێ دارِشتەی سیاسی کۆن لە چوارچێوەی هزری سەروەری دەوڵەت بە واتا مۆدێرنەکەی گەلێ ئاستەنگی دەخاتە بەردەم وەدیهاتنی لیبراڵیزم؛ لە لایەکی ترەوە، هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی و پاوانکردنی دەسەڵات تێیدا لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی لیبراڵیزمدا لە ناکۆکیدا بوو؛ سەرهەڵدانی شوناسی بەکۆمەڵی نوێ، بە تایبەت نەتەوە و چین، ببووە هۆی ئەوە کە وەدیهاتنی پلانی هیۆمانیستی و گشتخوازانەی (Holistic) لیبراڵیزم دژوار بێ؛ هەروەها هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی *کێشەی کۆمەڵایەتی* و بەرفراوان بوونەوەی نایەکسانییەکاندا دەرکەوت کە بە بێ دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵات کێشەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن چارەسەر ناکرێ. لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەهەم کاتێ ئەو گۆڕانکارییانەی تێپەڕ کرد بوو بە شتێکی تر. ناکۆکی ئامانجەکانی لیبراڵیزم لەگەڵ کردەوەی کۆمەڵایەتیدا کاریگەرییەکی قووڵی هەبوو لەسەر لیبراڵیزم. هەروەها لیبراڵیزم نەیدەتوانی بە دوور بێ لە کاریگەری سەرهەڵدان و بەربڵاوبوونەوەی سۆشیالیزم و یەکێتی و حیزبە کرێکارییەکان و ئەو بۆچوونەش کە (دەوڵەتی مینیماڵ ) لە ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکاندا بێلایەنە چیتر نەیدەتوانی دەوام بێنێ. لە ئاکامدا هێدی هێدی ئەو چەمکە بوو بە باو کە دەوڵەت بونیادەیەکە لە سەرووی

گێرەوکێشە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها بەپێچەوانەی لیبرالیزمی کلاسیک، کە تێیدا کۆمەڵگا پێکهاتووە لە کۆمەڵێك تاکی ئازاد و سەربەست کە شوناسیان لێك جیا نییە، هێدی هێدی کۆمەڵگا وەك بوونەوەرێك باس دەکرا کە خاوەن مافی تایبەت بە خۆیەتی؛ و هاوکات بۆچوونێکی *کۆمەڵگابین* سەری هەڵدا کە بنەمای سیاسەتی کۆمەڵایەتی نوێ بوو. لە ئاکامدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا چاوەدێری و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بوو بە پێویستییەکی بێ ئەملاوئەولا. چاوەدێری و ڕێکخستنی لە گوێن ئەو شێوەیە لە سەدەی بیستەمدا بە شێوازی جۆراوجۆری وەك دەوڵەتی خۆشبژی، فاشیزم و ستالینیزم دەرکەوت.

لیبرالیزم لە شەپۆلی یەکەم و دووەمی قەیرانی سەرمایەداریدا، سەرەتا لە دەیەی ١٨٩٠ و دواتر لە سالانی نێوان دوو جەنگی جیهانیدا، تووشی قەیران هات. سەرهەڵدانی سەرمایەداریی ڕێکخراو لە چوارچێوەی پاوانکراوەکان، بەرفراوان بوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی بە شێوەیەك کە پێویستی بە پسپۆڕایەتی هەیە، تایلۆریزم (Taylorism)، ئابووری کینزی و کۆرپۆڕاتیزم (Corporatism)، وەك مۆدێلێکی نوێ بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، مەجالی وەدیهاتنی ئامانجە سەرەتاییەکانی لیبرالیزمی نەدەدا. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، هەر وەك تەکنۆلۆژیایەکی سیاسی، فەزای کۆمەڵایەتی بە شێوەیەك گۆڕی کە بە هیچ جۆر لەگەڵ ئامانجە سەرەتاییەکانی لیبرالیزمی سەرەتاییدا یەکتری نەدەگرتەوە. هەمووی ئەو گۆڕانکارییانە بەستێنی گەیشتن بە لیبراڵ_دیموکراسی ڕێکخراو لە سەردەمی سەرمایەداریی ڕێکخراوی دەستەبەر کرد.

## (٣)

# کارڵ پۆپەر

کارڵ ڕیمۆند پۆپەر (١٩٠٣-١٩٩٤) زۆرتر وەك فەیلەسووفێکی زانست و مەعریفەناسی ناوبانگی دەرکردووە. توانا و لێهاتوویی زانستیی پۆپەر، بەتایبەت لە پانتای میتۆدۆلۆژی زانستیدا، شتێکە کە بیرمەندانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست دانی پێدا دەنێن. پۆپەر لە نەمسا لە دایك بوو و لە زانکۆی ڤییەنا خوێندنی ماتماتیك و فیزیك و دەروونناسی تەواو کرد. لە سەردەمانی لاوێتیدا چووە ناو دنیای سیاسەت و خاوەن بۆچوونی سۆسیالیستی بوو. لەو سەردەمەدا، ناوبراو لە ڕووی زانستی و فەلسەفییەوە ڕەخنەی لە پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی لایەنگرانی قوتابخانەی ڤییەنا دەگرت. ئەو ڕەخنانە لە یەکەم کتێبی پۆپەر لەژێر ناوی *لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی*[1] دا هاتووە، کە لە لایەن قوتابخانەی ڤییەناوە چاپ و بلاو کرایەوە. لەگەڵ بەرفراوان بوونەوە و سەرکەوتنی فاشیزمدا، پۆپەر نەمسای جێ هێشت و چووە زیلاندی نوێ؛ و لە سالانی نێوان ١٩٣٧وە تا ١٩٤٥ لەو ولاتەدا خەریکی وانە گوتنەوە بوو. لەو سەردەمەدا سەرەکیترین و بەرچاوترین بەرهەمی خۆی واتا کۆمەڵگای کراوە و دوژمنانی[2] نووسی. پاش کۆتایی شەڕ لە بەریتانیا نیشتەجێی بوو و بوو بە مامۆستای فەلسەفەی زانست و لۆژیکی زانکۆی لەندەن. لە ساڵی ١٩٧٥دا کتێبی *هەژاری مێژوویی خوازیی*[3] و لە ساڵی ١٩٦٣دا

---

1. Logik Der Forschung

ئەو کتێبە لە ژێر ناوی The Logic of Scientific Discovery دا کراوەتە ئینگلیزی و لە ژێر ئەو ناوەی خوارەوەدا کراوەتە فارسی: کارل ریموند پوپر، منگق اکتشافات علمی، ترجمەی حسین کمالی،(تهران، انتشارات علمی و فرهنگی،١٣٧٠)

2. The Open Society and Its Enemies

کارل ریموند پوپر، جامعەی باز ودشمنان ان، ترجمەی عزتالله فولادوند،(تهران، خوارزمی،١٣٦٤_١٣٦٩)، ٤ ج.

3. The Poverty of  Historicism

*کتێبی مەزندە و پوچەڵ*[1] ، و لە ساڵی ١٩٧٢دا *مەعریفەی بابەتی: ڕێبازێکی گەشەخوازانە*[2] ی نووسی.

پۆپەر لەو بەرهەمانەدا ڕەخنەکانی خۆی لە پۆزەتیڤیزم دەوڵەمەندتر دەکا و ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ: مێژوو لە ڕەوتی جووڵانەوەی خۆیدا پەیڕەوی لە یاسایێکی تایبەت دەکا. بۆچوونی سەرەکی ناوبراو ڕەت کردنەوەی میتۆدی ئیستیقرایە لە زانستە ئەزموونییەکاندا کە بەپێی ئەو بۆچوونە بینینە ئەزموونییەکان گریمانە زانستییەکان پشتڕاست دەکەنەوە. لە پانتای هزری سیاسیدا پۆپەر لە ڕوانگەیەکی زانستی و فەلسەفییەوە داکۆکی لە لیبراڵیزم و دیموکراسی دەکا؛ و لە ڕێگەی پرەنسیپی نابنبڕی (نەبوونی قەتعییەت[3])ی فەلسەفە و فیزیکەوە جەخت دەکاتە سەر هزری *ڕزگار بوونی مێژوو* لە کۆتوبەندی یاساکان و خۆبەدەستەوە دانی دواڕۆژ. یەکێکی تر لە بەرهەمە سەرەکییەکانی پۆپەر پاشکۆیەك لەسەر *لۆژیکی دۆزراوەی زانستییە* لە سێ بەرگدا: *ڕیالیزم و ئامانجی زانست*[4] (١٩٨٣)؛ جیهانی کراوە: *ئەرگۆمێنتێك بۆ ناقەدەرگەرێتی*[5] ( ١٩٨٢)؛ تیۆری کوانتۆم و جیاوازی بیروڕا لە فیزیکدا[6] (١٩٨٢).

بە گشتی پۆپەر لایەنگری هزری ئازادی سیاسی و ڕکەبەرایەتی ئازاد بوو، هەروەها ناوبراو تیۆریسیەنی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی لەسەرەخۆ[7]، لایەنگری کۆمەڵگای کراوە[8] و دژی

---

کارل ریموند پوپر، فقر تاریخیگری، ترجمەی احمد ارام،(تهران،خوارزمی،١٣٥٤)

1. Conjectures and Refutations:The Growth of Scientific Knowledge

کارل ریموند پوپر، حدس‌ها و ابگال‌ها : رشد شناخت علمی، ترجمەی احمد ارام،(تهران،شرکت سهامی انتشار،١٣٦٨).

2. Objective Knowledge: An Evolutionary Approach

کارل ریموند پوپر، شناخت عینی، برداشتی تکاملی، ترجمەی احمد ارام،ویراستەی سیروس پرهام، مجموعە اندیشەهای علر نو،(تهران، علمی و فرهنگی، ١٣٧٤).

3. Uncertainly Principle
4. Realism and The Aim of Science
5. The Open Universe: An Argument For Indeterminism
6. Quantum Theory and The Schism In Physics
7. Piecemeal Social Engineering
8. Open Society

مێژووگەرایی[1] و هەر چەشنە ئایدۆلۆژیایەکی شۆڕشـگێڕانە و یۆتۆپیـایی بـوو. لێکدانـەوە و شیکردنەوەی هزری فەیلەسووفە سیاسییەکانی کۆن بە تایبەت ئەفلاتون و هیگڵ بە شێوەیەکی نوێ پۆپەری هێنایە ڕیزی شـیکارە ناودارەکـانی فەلسـەفەی سیاسـییەوە. سەرچـاوەی هـزری سیاسی پۆپەر دەگەڕێتەوە سەر داکۆکی کردنی ناوبراو لە لیبرالیزم. بەڵام بـە پێـی ئـەوە کـە لیبرالیزمی پۆپەر پێوەندی بە بۆچوونەکانی ناوبراو لە بواری زانستدا هەیـە، کەواتـە داکـۆکی کردنی پۆپەر لە لیبرالیزم دەبێ لە ناو هەناوی تیۆری گشتی ناوبراو دەربارەی سروشتی ناسین و ئازادی و عەقلانییەت هزر و کردەوەی مرۆیی تاوتوێ بکەین.

## فەلسەفە و میتۆدی زانست:

یـەکێك لـە دەسـکەوتە سـەرەکییەکانی تیـۆری زانسـتی پۆپـەر وەلاْمدانـەوەی گـرفتی ئیستیقڕایە لە زانستدا کە لە سەردەمی دەیڤید هیوومەوە شك و گومـانێکی بنچـینەیی لـە بنیاتی زانستی ئەزموونیدا پێك هێناوە. هەر لـە سـەردەمی فڕانسـیس بیکۆنـەوە گریمانـەی سەرەکی ئەوە بوو کە زانستی ئەزموونی پشت بە پڕەنسیپی ئیستیقڕاوە دەبەسـتێ: « تیـۆری ناڕاست دەربارەی زانست کە لە سەردەمانی بیکۆنەوە دەستی پێکـرد... تیۆریەکـە بـاس لـە ئیستیقڕایی بوونی زانستە سروشتییەکان دەکا».[2] بەڵام هیوم لەو پڕەنسـیپە بـەگومان بـوو و دەیگوت مەرج نییە ئەو یاسانەی لەگەڵ بابەتە ئەزموونییەکانی ڕابردوودا یەکتر دەگرنەوە لـە دواڕۆژیشدا بتوانن کۆك بن لەگەڵ بابەتەکانی ئەو سەردەمەدا « زانست لە بنەمادا بابـەتێکی ئیستیقڕایی نییە و پشت بە تەجروبە و ئەزموون و بینینەوە نابەستێ و هیوم ئەو ئەفسانەیەی تێکشکاند.[3] » لەم ڕووەوە زانستی ئەزموونی ئیستیقڕایی لە ڕووی لـۆژیکی و ئەزموونییـەوە بنەمایەکی پتەوی نییە، چونکە ئیستیقڕا لە لۆژیك و تەجروبەوە هەڵناهێنجرێ. پۆپەر دەڵـێ ڕاستی و دروستی یاسا ئیستیقڕاییە دۆزراوەکان (هیوم وتەنی) ناسـەلمێنرێن، بـەڵام تـەنیا لـە

---

1. Historism

٢. کارل ریموند پوپر، جستجوی ناتمام، ترجمەی ایرج علی ابادی، ویراستەی چیاو موحد، مجموعەی اندیشەهای نو،(تهران، سازمان انتشارات و اموزش انقلاب اسلامی،١٣٦٩ )ل٩٥.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧.

سۆنگەی ئەو هۆیەوە ناکرێ ڕەت کرێنەوە؛ بەڵکو دەبێ لە ڕێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوە هەڵسەنگاندنیان لەسەر بکرێ و لە ڕووی پێکگرتنی ئەزموونییەوە دەوڵەمەندتر بکرێن بۆ ئەوە بکرێ ڕەت بکرێنەوە. لە بەرانبەر ڕەخنەی هیومدا، پۆپەر لەو باوەڕە دایە کە «ئێمە بێ چاوەڕوانی ئەوە کە دووپاتبوونەوەی ڕووداوەکان ڕێسایەك بە سەر ئێمەدا بسەپێنێ، چالاکانە هەوڵ دەدەین هەندێ ڕێسا بە سەر جیهاندا بسەپێنین. هەوڵ دەدەین وێکچوویەکانی جیهان بدۆزینەوە و بە پێی ئەو یاسانەی خۆمان دامانهێناوە ئەو وێکچوویانە شی بکەینەوە. بە بێ ئەوە چاوەڕوانی سەرەتاکان بکەین، بە پڕتاو بەرەو ئامانجەکان باز دەدەین. ڕەنگە ئەگەر بینینێك ناڕاستی ئەو دەرئەنجامانەمان بۆ دەر بخا، ئەو ئامانجانە وەلا بنێن.[1] » کەواتە تیۆر زانستییەکان دەبێ بە شێوەیەك ڕێکخەین کە بە سانایی بکرێ ڕەخنەیان لێ بگیرێ یان ڕەت بکرێنەوە. زانست لە ڕێگەی ڕەت کردنەوە[2] و ڕەخنەوە[3] گەشە دەکا. واتە هەوڵی فکری بۆ ڕەت کردنەوەی تیۆرکان گەشەکردنی زانستی لێدەکەوێتەوە. پوچەڵ بوونەوە[4] دەبێ بکەینە جیاکەرەوەی بابەتە ئەزموونییەکان لە بابەتە نائەزموونییەکان و هەروەها پێوانەی جیا کردنەوەی زانست لە زانستی ساختە[5]. لە ڕەوتی گەشەکردنی زانستدا بە مەبەستی شیکردنەوەی بابەتەکان *گەلێ گومان* دەخرێنە ڕوو کە دواتر ئەو شك و گومانانە لە ڕێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوە دەکەونە بەردەم پوچەڵ بوونەوە. لەو ڕووەوە گەشەکردنی زانست بەرهەمی میتۆدی *سڕینەوەی هەڵە و خەتاکانە*[6].

بەم پێیە زانستی تەواو و بێ ئەملاوئەولا بوونی نییە. زانست بەرهەمی ڕەخنە و پوچەڵ کردنەوەیە. بە پێچەوانەی بۆچوونی پۆزەتیڤیستەکان ڕێگەی گەشەکردنی زانست پشتگیری و ئیسباتی تیۆرکان نییە، بەڵکو بەرهەمی ڕەخنە و پێداچوونەوەیە بە تیۆرکاندا. «شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی زانستی شێوەیەکی ڕەخنەیانەیە؛ و بەدوای پشتگیری کردندا ناچێ؛ بەڵکو بە

---

1. Karl Raimund Popper, Conjectures and Refutations: The Growth of Scientific Knowledge, London, 1972, p.46.
2. Refutation
3. Critique
4. Falsifiability
5. Pseudoscience
6. Error Elimination

دوای ئەو ئەزموونە سەرەکییانەدا دەچێ کە ڕەنگە تیۆری بـەرباس *ڕەت کاتـەوە*، بـەڵام هـیچ کات ناتوانێ بیسەلمێنێ.[1] »

لەم ڕووەوە زانست و مەعریفەی زانستی سروشتێکی ڕێژەیی و سـنووردارییان هەیـە. هـیچ تیۆریەکی زانستی ناکرێ وەك تیۆریەکی ڕاست و دروست ناو بەرین، تەنیا دەکرێ بڵێین جـارێ پاڵپشتی ئەزموون و تەجروبەی لە پشتە. «وێنەی گشـتی زانسـت بـەو شـێوەیەیە کـە ئێمـە سەرەتا گرفتێکی گرینگ و بەرچاو هەڵدەبژێرین. دواتر وەك ڕێگە چارەیەکی کـاتی تیۆریـەك پێشنیار دەکەین. پاشان ڕەخنە لەو تیۆریـە دەگـرین واتـا هـەوڵ دەدەیـن ئـەو تیۆریـە ڕەت کەینەوە... بە گشتی میتۆدی زانست دەکرێ لەو وشانەدا کورت کەینەوە: حەدس و گومـانی بوێرانە لە ژێر چاوەدێری ڕەخنەی توندوتیژدا هاوهەنگاو لەگەڵ تاقیکاری دژوار و ئاسـتەم.[2] » بەو شێوەیە، بە پێی پرەنسیپی پوچەڵ بوونـەوە، دەشـێ بـۆ هـەر بوارێـك تیۆریـەکی گەشـە سەندووتر بدۆزینەوە. خاڵێکی گرنگ و بەرچـاوی تیـۆری زانسـتی پۆپـەر ئەوەیـە کـە تیـۆر زانستییەکان بەرهەمی حەدس و گومانن؛ و ئیستیقرا هیچ دەورێکی لە بەرهەمهاتنیاندا نییە. ئەزموون و تاقیکارییەکان هیچ کە بنەمای تیۆرکان نین بگرە خۆیان لە ژێر ڕۆشـنایی ئەوانـدا خاوەن واتان و تیۆریسیەن پاش حەدس و گومان بە شوێن ئەواندا دەچـێ. «تیـۆری حـەدس و پوچەڵ کراوە پێشاندەری ئەوەیە کە بۆچی هەوڵی ئێمە بۆ سەپاندنی بۆچوونێکی تیۆر بە سـەر جیهاندا لە ڕووی لۆژیکەوە دەکەوێتە پێشەوەی بینینی وێکچووییەکان... تیۆر زانسـتییەکان کورتەی بینینەکان نین، بەڵکو داهێنانن، حەدسی بوێرانەن کە بۆ تاقیکردنەوە دەخرێنە ڕوو بۆ ئەوە ئەگەر دژی بینینەکانی دواتر بـن، وەلا بنـرێن.[3] » ئیسـتیقرا لـە ڕاسـتیدا پرۆسـەیەکی نەفسانییە نە پرۆسەیەکی لۆژیکی. تیۆر نوێیەکان بەرهەمی ئەزموون و ئیستیقرا نین، بـەڵکو بەرهەمی ڕەخنەی تیۆرکانی باون؛ و گەیشتن بە تیۆریەکی نوێ پێویستی بە حەدس و شـهوود هەیە[4]. لە ڕاستیدا، لە ڕووی زەمانەوە تیۆر لە پێشەوەی بینینە. «لـە ڕاسـتیدا بینـینی بـێ لایەن بوونی نییە. هەر بینینێك چالاکییەکی ئامانجدارە... و بەرهـەمی کێشـە و بـارودۆخی

---

١ . جستجوی ناتمام، ل ٤٧.

2. Bryan Magee, Modern British Philosophy, London, 1971, p.73.

3. Conjectures and Refutations, p.46.

4. Intuition

چاوەڕوان کراوە. ئەزموونی پاسیڤ بوونی نییە... حەدس یان هیپۆتێزەکان دەبێ بکەونە پێشەوەی بینین و تێگەیشتن: ئێمە چاوەڕوانی سروشتی و ناسینی سروشتی شاراوەمان هەیە.[1] »
بە کورتی ئاراستەی پرۆسەی وەدەستهێنانی زانست لە ئەزموون و بینینەوەیە بۆ تیۆر نەك لە تیۆروە بۆ ئەزموون و بینین.

بە گشتی هەر وەك باسکرا پۆپەر ئیستیقرا بە جیاکەرەوەی زانست لە نازانست یان زانست ئاسا نازانێ. بە باوەڕی ناوبراو ئەوەی زانست لە نازانست جیا دەکاتەوە هەڵە و پوچەڵ بوونەوەی پرەنسیپەکانە، چونکە تەنیا ئەو پرەنسیپانە تاقی دەکرێنەوە کە بشێ ڕەت بکرێنەوە. ڕەت کردنەوە و پوچەڵ کردنەوەی تیۆرکان زەینی زانستی دەخەملێنن. گریمانەکانی پوچەڵ کردنەوە کە شیمانەی هەڵە بوونیان لە ڕاستیان زیاتر بێ، دنەدەری باس و لێکۆڵینەوەی زانستین. لەو ڕووەوە بە باوەڕی پۆپەر ئەوەی دەبێتە هۆی هەموار بوونی ڕێگەی بەرفراوان بوونەوەی زانست پوچەڵ بوونەوەی تیۆر و گریمانەکانە نەك پشتڕاست کردنەوە یان ئیسبات کردن. هەر بەو هۆیە دەبێ بەدوای کەموکوڕییەکانی گریمانەکاندا بچین؛ و ڕەخنە گرتن ئەو کەموکوڕییانە دەردەخا. بە وتەی پۆپەر «لە قۆناغی پێش زانستیدا بێزارین لەو بۆچوونە کە ڕەنگە لە هەڵەدا بین. بەو پێیە تا ئەو جێیە بشێ بە شێوەیەکی دۆگماتیك حەدس و گومانەکانی خۆمان دەپارێزین. بەڵام لە ئاستی زانستیدا بە شێوەیەکی ڕێكوپێك بەدوای هەڵە و خەتاکانی خۆماندا دەچین.[2] » لە ئاکامدا دەگەینە تیۆری باشتر. تیۆری باشتر بەو تیۆر دەگوترێ کە جگە لەوە باس لە پێگە و ئاستی تیۆرکانی پێش خۆی دەکا ڕووبەڕووی ئەو بیرۆکانەش بێتەوە. «کۆ کردنەوەی زیاتری بینین و دیتراوەکان نابێتە هۆی پێشکەوتنی زانستی، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زانست ڕەت کردنەوەی تیۆر لاوازەکان و دانانی تیۆری باشتر و بە ناوەڕۆك دەوڵەمەندترە.[3] » لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا دەکرێ بڵێین لە ڕووی ڕوون کردنەوەوە تیۆری نوێ بە شێوەیەکی کاتی لە تیۆر کۆنەکان بەهێزترە. بۆ ئەوە بکرێ هەڵە بوونی تیۆریەك پێشان بدەین دەبێ زۆر بە ڕوونی باس لەو تیۆریە بکەین. ئەو

---

١. جستجوی ناتمام، ل ٦٣.

2. Modern British Philosophy, p.73.

٣. جستجوی ناتمام، ل ٩٦.

بیرۆکانەی پوچەڵ ناکرێنەوە زانستی نین کەواتە پوچەڵ بوونەوە پێوانەی تیۆری زانستییە. لە تیۆریەکی یەکەدا جیهان ناچارە داخراو بێ، بەڵام جیهانی ئەزموون جیهانێکی کراوەیە. لەو ڕووە ئەگەر تیۆریەك بانگەشەی ئەوە بکا کە دەتوانێ هەم ئەزموونی ئێستا و هەم ئەزموونی دوارۆژ ڕوون بکاتەوە (هەرچەندە تواناییەکی ئەوتۆ دڵی لایەنگرانی خۆش دەکا) بانگەشەیەکی ئەوتۆ هێمایەکە لە نازانستی و هەڵە بوونی ئەو تیۆریە. بۆ نموونە مارکسییەکان بەردەوام هەوڵیانداوە لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە بۆچوونەکانی خۆیاندا پڕەنسیپەکانی ئەو تیۆریە لە مەترسی ڕەت بوونەوەو پوچەڵ بوونەوە ڕزگار بکەن. مارکسییەکان لەو باوەڕە دان کە پڕەنسیپەکانی بۆچوونی ئەوان شتێکی بێ ئەملاوئەولایە و بە هیچ جۆر پوچەڵ ناکرێتەوە، بەڵام تیۆری زانستی تیۆریەکە کە بکرێ پوچەڵ کرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا پۆپەر بە پێچەوانەی پۆزەتیڤیستە لۆژیکییەکانی قوتابخانەی ڤییەنا، تیۆر نازانستییەکان وەك تیۆری بێ واتا و بێ کەڵك نایەنێتە ژمار. بە باوەڕی ناوبراو تیۆر نازانستییەکان ڕەنگە هاوسەنگ بکرێن و بشێ تاقی بکرێنەوە. «دروست کردنی تیۆر بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ قۆناغی یەکەم، قۆناغی دۆگماتیکە و قۆناغی دووەم، قۆناغی ڕەخنەییە.[1] » زۆربەی مەزنە تیۆرکان کە بەشێکن لە شوێنەوارە هەڵکەوتەکانی مێشکی مرۆڤ لە داوێنی ئەو دۆگمە کۆنانە کەوتوونەوە کە کەوتوونە بەر ڕەخنە.[2] «قۆناغی ڕەخنەیی کاتێ وەدی دێ کە پێشتر قۆناغێکی دۆگماتیك لە ئارادا بێ و لەو قۆناغەدا شتێك _ چاوەڕوانییەك، بابەتێکی تەکوز لە ڕەفتاردا_ ڕوو بدا بۆ ئەوە قۆناغی سڕینەوەی هەڵەکان ئەکتیڤ بێ.[3]» بەڵام تەنیا لە ڕێگەی میتۆدی ڕەخنەییەوە، واتا میتۆدی سڕینەوەی هەڵەوە، دەکرێ بزانین حەدسی دۆگماتیك ڕاستە یان نا.

بەو پێیە پێوانەی جیا کردنەوەی زانست لە نازانست واتادار بوونی پڕەنسیپەکان نییە، بەڵکو ڕەت بوونەوە تاکە پێوەرەی ئەو بابەتەیە. «پۆزەتیڤەکان پێوەرەی ئیسباتهەڵگری و واتادار بوون وەك پێوانەی جیا کردنەوەی پڕەنسیپە زانستییەکان لە پڕەنسیپە نازانستییەکان

---

١. سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

٢. سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٩.

3. Quantum Theory and the Schism in Physics, 199_277.

بەکار دێنن، بەڵام لەو بابەتە بێئاگان کە من تەنیا وەك پێوانەی جیا کردنەوە کەڵك لە پوچەڵ کردنەوە وەردەگرم نە وەك پێوانەیەکی خاوەن واتا. [١] » تیۆر میتافیزیك و نازانستییەکان واتادارن، بەڵام نە تاقی دەکرێنەوە و نە پوچەڵ دەکرێنەوە. جیاوازی ڕای نێوان پۆپەر و پۆزەتیڤە لۆژیکییەکان بەتەواوی ئاشکرا دەبێ. کەواتە تیۆر زانست ئاسا یان نازانستییەکان بێ بایەخ و بێ واتا نین. « تێپەڕ کردنی میتافیزیکە و گەیشتن بە زانست هەنگاوێکی کوتوپڕ نییە: ئەوەی دوێنێ بۆچوونێکی میتافیزیکی بوو ڕەنگە سبەینێ ببێتە تیۆریەکی زانستی. [٢] » پۆپەر هەروەها دەڵێ: «بە باوەڕی من تیۆر میتافیزیکییەکان ئامپای تیۆر زانستییەکانن... بێتو بتوانین تیۆری میتافیزیکی بە شێوەیەکی عەقلانی ڕەخنە بکەین، دەبێ ئەو بابەتەش بە هەند وەرگرین کە ڕەنگە لەخۆ گری حەقیقەت بێ. [٣] » تەنانەت پۆپەر دەڵێ: «ڕەنگە... لە میتافیزیك دا بتوانین لەو سیستەمانەی بایەخی لێدوان و هەڵسەنگاندنیان هەیە پێوانەیەك بدۆزینەوە بۆ جیا کردنەوەی سیستەمە میتافیزیکییە بێ بایەخەکان. ویستی ڕاستەقینەی لایەنگرانی میتافیزیك ئەوەیە کە هەموو لایەنە حەقیقییەکانی جیهان... لە یەك وێنەدا کۆ کاتەوە... واتا پێوانەی هەمان پێوانەی زانستەکانە. ئایا وێنەیەك لە جیهان بایەخی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی هەیە یان نا بە باوەڕی من وەڵامی ئەو پرسیارە بەندە بەوە کە ئایا دەبێتە مایەی ڕەخنەی عەقلانی و هاندەری هەوڵدان بۆ بەزاندنی سنوورەکانی خود و گەیشتن بە وێنەیەکی باشتر یان نا. [٤] »

باسی پۆپەر دەربارەی میتۆدی زانست و گرنگی ڕەخنە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تیۆری پۆپەر دەربارەی سێ جیهانەوە هەیە: جیهانی یەکەم، جیهانی ئەشیا و دیاردە بابەتی و ماددییەکانە؛ جیهانی دووەم، جیهانی زەینی و نێوان زەینییەکانە؛ و جیهانی سێیەم، جیهانی بەرهەمە بابەتییەکانی زەین و عەقڵی مرۆڤ یان جیهانی *مەعقوولاتە* (ئەو جیهانە دەسکردی مرۆڤە بەڵام لە مرۆڤ جیا دەبێتەوە). جیهانی مەعقوولات لە زمان، ئەدەب، هونەر،

---

1 . Quantum Theory and the Schism in Physics, 199-211.

2. Ibid. p. 199_211

3. Ibid. p. 199_211

4. Karl Raymond Popper, Quantum Theory and The Schism in Physics , London , 1982, p. 199_211

فەلسەفە، ئـایین، حقـووق، ئـەخلاق، زانسـت، حکومـەت و بونیـادە کۆمەڵایەتییـەکانی تـر پێکهاتووە کە لە چوارچێوەی بابەتی و ماددی وەك کتێبدا تۆمار کـراون. مـرۆڤ ئافرێنـەری جیهانە بەڵام وەك بابەتێکی بابەتی جیهان دەداتە بەر تێهزرین و ڕەخنە و تاوتویێ کردن. هـەر کام لە بەشەکانی جیهانی مەعقوولات پێشینە و ڕەوتی مێژوویی تایبەت بە خۆی هەیە. ئـەو جیهانە بەرهەمی کردەوەی مرۆڤە، بەڵام پێشتر هـیچ پـلان و نەخشـەیەکی بـۆ دانەڕشـتراوە. گەشەکردنی جیهانی مەعقوولات بەرهەمی ڕەخنە و حەدس و پوچەڵ کردنەوەیە؛ و پێشـینەی ڕەخنەی عەقڵی دەگەڕێتەوە بۆ ژیار و شارستانییەتی یۆنان[1].

سێ جیهانەکەی پۆپەر پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە؛ و ئەو پێوەندییـە دەبێتـە هەوێنی تیۆری ناوبراو لەمەڕ ڕێژەیی و کراوە بوونی جیهان. جیهانی یەکەم جیهانێکی داخـراو نییە، بەڵکو بەردەوام لەژێر کاریگەری جیهانی دووەم دایە؛ و جیهانی دووەم لـە پێوەندییـەکی هەمیشەیی دایە لەگەڵ جیهانی سێیەم؛ و جیهانی سێیەم کاریگـەری هەیـە لەسـەر جیهـانی یەکەم. «هیچ بەڵگەیەکی ڕوون نەخراوەتـە ڕوو بـۆ ڕەت کردنـەوەی کراوەیـی جیهـان و ئـەو ڕاستییە کـە بابەتـە نوێیـەکان بـەردەوام لـە گەشـەکردن دان؛ و هـیچ بەڵگەیـەکی ڕاسـت و دروستیش نەخراوەتە ڕوو کە شكو گومان بخاتە سەر ئازادی و داهێنـانی مـرۆڤ. بـۆ ناسـینی ئازادی مرۆڤ پرەنسیپی ڕێژەیی بوون بە تەنیا بەس نییـە و شـتێکی تـریش پێویسـتە. ئێمـە پێویستیمان بە هزری کراوەیی جیهانی یەکەم بە ڕووی جیهانی دووەم و جیهانی دووەم بە ڕووی جیهانی سێیەم و کراوەیی سروشتی و سەربەخۆی جیهانی سێیەم هەیە.[2]»

بـە بـاوەڕی پۆپـەر ئەگـەر ناسـین و زانسـتی مرۆیـی هەمیشـە ناتـەواو بـن و بـەردەوام دەستەملانی جیهانی یەکەم بن، کەواتە ئەو جیهانەش کە هەڵگری ناسـین و زانسـتی مرۆییـە دەبێ هەمیشە کراوە بێ. بێگومان پێوەندییەکی بنەڕەتی لە نێوان پرەنسیپی ڕێـژەیی بـوون و کراوەیی جیهان و پرەنسیپی پوچەڵ بوونەوە لە ئارادایە، چونکە مەعریفەی زانستی لە ڕێگەی حەدس و پوچەڵ کردنەوەوە پەرە دەستێنێ. بـە وتـەی پۆپـەر «ئەگـەر سروشـت بـە تـەواوی

---

١. برایان مگی، پوپر، ترجمەی منوچهر بزرگمهر، (تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٥٩)، فلل٤.

2. Karl Raimund Popper, the Open Universe: An Argument for Determinism. London, 1982 p.130.

دیتێرمینیستیك با، دەبوو كردەوەكانی مرۆڤیش بەو شێوەیە بووبان. ئەوسا ئیتر شتێك بە ناوی كردەوە نەبوو، بەڵكو ئەوەی هەبوو تەنیا ڕواڵەتی كردەوە بوو.[1] »

پۆپەر لەو باوەڕە دایە كە دیتێرمینیزمی *زانستی* سەرەكیترین گرفتی بەردەم شیكردنەوەی ئازادی، داهێنان و ئەرك و بەرپرسایەتی مرۆڤ و داكۆكی كردن لەو چەمكانەیە. تیۆری لاپلاس توندترین لایەنی دیتێرمینیزمی زانستی لەخۆ دەگرێ. ناوبراو دیتێرمینیزمی زانستی وەك تیۆریەك پێناسە دەكا كە بە پێی ئەو تیۆریە «داڕشتەی جیهان بەو شێوەیەیە كە ئەگەر ئێمە وەسفێكی تەواو و وردمان لە ڕووداوەكانی ڕابردوو لە بەردەستدا بێ و هەموو یاساكانی سروشت بناسین ئەوسا دەتوانین بە شێوەیەكی عەقڵی و بەوپەڕی وردبینییەوە هەر ڕووداوێك پێشبینی بكەین. بەڵام تیۆریەكی ئەوتۆ نە تاقی دەكرێتەوە و نە پوچەڵیش دەكرێتەوە. دیتێرمینیزم هەر چەشنە داهێنان و ئازادییەك ڕەت دەكاتەوە. بە وتەی پۆپەر «ئافراندنی بەرهەمێكی نوێ وەك سەمفۆنی«جی مینۆڕی» موتسارت لە لایەن ئەو فیزیازان یان فیزیۆلۆژیستەشەوە پێشبینی ناكرێ كە لە توانای لەشی موتسارت بەتایبەت مێشك و ژینگەی ناوبراو دەكۆڵێتەوە.[2] » تیۆری دیتێرمینیستی زانستی «ئەو بۆچوونەی لێدەكەوێتەوە كە میلیاردان ساڵ لەوەپێش وردیلەكانی جیهانی یەكەم لەخۆ گری شێعری هومەر و فەلسەفەی ئەفلاتون و سەمفۆنییەكانی بەتهۆڤێن بوون.[3] »

چەمكی جیهانی سێیەم لە هزری پۆپەردا پێوەندییەكی نزیكی لەگەڵ چەمكی *زانستی بابەتی*دا هەیە. هەر ڕەخنەیەك لە هەر تیۆریەك، بەر لە تاقیكردنەوە، دەبێ لە چوارچێوەی بابەتی زماندا دەركەوێ. هزر تا ئەو كاتەی بابەتی نەبووە و لە جیهانی دووەم واتا لە جیهانی زەین دایە نە ڕەخنەی لێدەگیرێ و نە تاوتوێ دەكرێ. كەواتە دەربڕینی ڕوون و ئازادی ڕەخنە و بۆچوونەكان ڕێگەی گەیشتن بە جیهانی سێیەم خۆش دەكەن. تەنانەت ئەگەر زانایەك بۆچوونەكەی خۆی تاقیش كاتەوە و ئیسباتیشی كردبێ تا ئەو كاتەی ئەو تیۆریە لە ڕێگەی تاقیكردنەوە گشتییەكانەوە ئیسبات نەكرێ وەك بەشێك لە زانستی بابەتی و جیهانی سێیەم نایەتە ژمار. زانست تەنیا ئەو كاتە بابەتییە كە بەشێك بێ لە جیهانی سێیەم و بۆ هەموان

1. Ibid. 127.
2. Ibid. p.41.
3. Ibid. pp. 127_128.

بێ. کەواتە زانست سەر وە جیهانی دووەم نییە. جیهانی زانست، جیهانی بابەتییە کە دەکەوێتە دەرەوەی جیهانی زەین. «ناسین و مەعریفەی زانستی تەنیا مەعریفە بە واتا باوەکەی نییە کە لە ڕستەی «من دەزانم»دا دەردەکەوێ. ناسین بە واتای « من دەزانم» پێوەندی بە جیهانی زەینەوە هەیە، بەڵام ناسینی زانستی پێوەندی بە جیهانی تیۆرە بابەتییەکانەوە هەیە.[1]»

لە ڕوانگەی پۆپەرەوە زانست پرۆسەیەکە ڕوو لە گەشەکردن و لە ئاکامی دژکردەوە لە بەرانبەر گرفت و کێشە باوەکان دا بەرەوپێش دەچێ. لەم ڕووەوە پێوەندییەك هەیە لە نێوان ڕەوتی گەشەکردنی زانست و پرۆسەی ڕوو لە گەشەکردنی ژیاندا. «دیاردەی زانست و مەعریفەی مرۆڤ بێگومان یەکێکە لە گەورەترین موعجیزەکانی جیهان.[2]» دانانی تیۆری زانستی لە لایەن مرۆڤەوە هەر وەك دروست کردنی ئامراز و کەرەسە وایە لە لایەن گیانلەبەرانی خوارترەوە کە بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەدا دێتە ئەنجام. «هەموو گیانلەبەران شەو و ڕۆژ بە شێوەیەکی بەردەوام سەرقاڵی چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانن.» لە قۆناغە سەرووترەکانی گەشەکردندا، میتۆدی ڕەخنەیانەی سڕینەوەی بەردەوامی هەڵە و خەتاکان بە تەواوی سەرهەڵدەدا. تیۆرکان، هەر وەك ئامراز و کەرەسەکان لە جیهانی یەکەمدا، گۆڕان دروست دەکەن. هەموو بەرهەمەکانی جیهانی سێیەم و یەك لەوان زانست لە درێژەی قۆناغەکانی گەشەکردندا پێك دێن و بەرهەمی هاوسەنگ کردن و ڕەخنە و پێداچوونەوەی بەردەوامن. هیچ کات و لە هیچ بوارێکدا ناکرێ لە خاڵی سفرەوە دەست پێ بکەین. ئێمە هەموو میراتخۆری ڕابردوین و پشت بە داب‌و نەریتەکان دەبەستین، هەرچەندە ڕێگەی پێشکەوتن لە پێداچوونەوە و نوێژەن کردنەوە دایە[3].

بە کورتی لە ڕوانگەی پۆپەرەوە «بنەمای ئەزموونی زانستی بابەتی هیچ چەشنە *رەهاییەکی* نییە. زانست لەسەر ڕەوەزە بەردێك نەڕواوە. بینای تیۆر زانستییەکان لەسەر زەلکاو دروست کراوە و لە بینایەك دەچێ کە لەسەر خۆڵ چێ کراوە. لە سەرێ ڕا بە خاك و

1. Karl Raimund Popper, Objective Knowledge: An Evolutionary Approach, Oxford, 1979, p. 108.
2. Ibid, Preface.

٣. پوپر، فلل ٥.

خۆڵ زەلکاوەکە پڕ دەکرێتەوە، بەڵام هیچ کات ناگەنە بنەمایەکی لە *پێشدا دیاری کراو* و سروشتی. ئەگەر دەست لە پڕکردنەوەی چاڵەکە بکێشینەوە، بەو هۆیە نییە کە گەیشتووینە زەوییەکی پتەو و تۆکمە. ئێمە تەنیا ئەو کاتە ڕاست ڕادەوەستین کە دڵنیا بین زەوییەکە ئەوەندە پتەوە کە بتوانێ بیناکە ڕاگرێ.[1]» لە شوێنێکی تردا پۆپەر دەڵێ: «دەبێ ئەو بۆچوونە وەلا بنێین کە ناسین و مەعریفە دوا سەرچاوەیەکی هەیە و پێ لەو ڕاستییە بنێین کە مەعریفە ملکی هەمووی مرۆڤە و ئاوێتەیەکە لە هەڵە و دەمارگرژی و هیوا و ویستەکانی ئێمە. ئێمە تەنیا دەتوانین بە شێوەیەکی هێدی و لەسەرەخۆ لە حەقیقەت نزیك بینەوە، هەرچەندە حەقیقەت دوورەدەستیش بێ... بە گشتی پانتایی زانست و مەعریفەی هیچ بەڵگەیەك لە دەست ڕەخنە قوتار نابێ... حەقیقەت دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی مرۆڤ و دەبێ ڕێز لەو وتەیە بگرین؛ چونکە بە بێ ئەو وتەیە هیچ پێوانەیەکمان لەبەردەستدا نییە بۆ تاوتوێ کردن و ڕەخنەگرتن لە مەزەندە و حەدسەکانمان...[2]»

## بە ئاراستەی ڕەت کردنەوەی میتۆد و ئایدۆلۆژیا شۆڕشگێڕەکان و مێژووگەرایی:

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی کتێبی ***کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی***، شیکردنەوەی بنەما فەلسەفییەکانی تۆتالیتاریزم و فاشیزم و هۆکارەکانی حەزی جەماوەرییە لەهەمبەر ئەم بۆچوونانە. گرنگترین هۆکاری دەروونناسانە و کۆمەڵناسانەی تۆتالیتاریزم لە هەڵاتنی جەماوەر لە ترسی ئازادی و ئەرك و بەرپرسایەتی نەخوازراو و ویست و خواستی جەماوەر بۆ ئاسایش و تەناهی دایە. پاش دەرباز بوونی مرۆڤ لە کۆمەڵگای نەریتی دەسەڵاتخواز و داخراو و دەسپێکی نەریتی ڕەخنەیانە، ئارەزوو و ویست و نیازی نوێ هاتە دی کە دڵەڕاوکێ و تەنگژەی قووڵی لە مرۆڤدا پێك هێنا؛ بە جۆرێك کە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ناو تەناهی و ئاسایشی منداڵدانی لەدەستچووی لە مرۆڤدا زیندوو کردەوە. لە کۆمەڵگای مۆدێرندا نەریت و زنجیرە پلە و ئایین وەك پشتیوانانی تەناهی و ئاسایشی تاکەکەسی تێك دەڕوخێن و بواری ڕەخنە و تاوتوێ کردن و هەڵبژاردنی ڕێگە جۆراوجۆر و بێ وێنەکانی ژیان هەموار دەبێ و گومان دەکەوێتە بۆچوونە کۆنەکان. بە هۆی گوشارەکانی ژیار و شارستانییەت کۆمەڵگا بەرەو

---

1. Karl Raimund Popper, The Logic of Scientific Discover, London 1968, p. 111.
2. Conjectures and Refutations, p.30

هەڵوەشانەوە دەچێ و تاك‌و كۆمەڵگا لە ئازادبیرییەوە هانا دەبنە بەر دۆگماتیزم و لە ئازادییەوە بۆ تەناهی‌و ئاسایش. سەرچاوەی هانابردنە بەر *كۆمەڵگای داخراو*، كە هەر لە كۆنەوە بۆ بەرەوڕووبوونە لەگەڵ داشكانەوەی ژیار و شارستانییەت بەلای ئازادی و ڕەخنەدا پێكهات، بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە؛ داخوازی شارە خەونێكی پڕ لە تەناهی و ئاسایش، خوازیاری كۆمەڵگایەكی داخراو و بە دوور لە ئازادی فكر و ڕەخنە. دواكەوتوویی و ئامانجخوازی، واتا هانابردنە بەر داوێنی پڕ لە تەناهی و ئاسایشی نەریتەكانی ڕابردوو و بەدواداچوونی شاری خەونەكان لە دوارۆژدا، هەر دوو لە یەك قوماشن؛ و هەر دوو بۆ بنەبڕ كردنی هێزی ئازاد پەنا دەبنە بەر توندوتیژی. هەر دوو دژی ئاڵوگۆڕ و خوازیاری كۆمەڵگایەكی وەستاون. دوارۆژی هەر دوو تۆتالیتاریزمە (ڕاست و چەپ) كە یەكیان لە فاشیزم و ئەوی تریان لە كۆمۆنیزمدا خۆی دەبینێتەوە. بە باوەڕی پۆپەر هەندێ لە لێهاتووترین و بەهۆشترین فەیلەسووفەكان لە ڕووی هەستی مرۆڤ دۆستییەوە واتا بۆ چاكسازی كۆمەڵگای مرۆیی، دانەری سەرەكی پلانی كۆمەڵگای داخراو و دوژمنی كۆمەڵگای كراوە و ئازادی و ڕەخنە و ئاڵوگۆڕ بوون. بە باوەڕی ناوبراو ئەفلاتون پێشەنگی فەیلەسووفە دواكەوتووەكانە و سەرەكیترین بیرمەندی شارە خەونی دوارۆژ ماركسە. پۆپەر بە پێچەوانەی ڕەخنەگرانی ڕابردوو، لەبری خاڵە لاوازەكانی هزری ئەو فەیلەسووفانە هەڵدەكوتێتە سەر خاڵە بە هێزەكانی بۆچوونی ئەو فەیلەسووفانە؛ و لە كاتی پێویستدا، بە مەبەستی خستنەڕووی خاڵە بە هێزەكان دەستێك بە لۆژیكی ناوخۆیی ئەو فەلسەفانەدا دێنێ؛ و لە جەخت كردن لەسەر خاڵە لاوازەكان خۆ دەپارێزێ. بەو پێیە كاتێ ڕەخنە لە بنەما پتەوەكانی بۆچوونی ئەو فەلسەفانە دەگیرێ، لایەنگرانی ئەو فەلسەفانە هیچ شتێكیان بۆ داكۆكی كردن لە بەردەستدا نامێنێ.

پۆپەر لەو باوەڕە دایە كە سەرچاوەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی تۆتالیتاریزم و ڕێبازی مێژووییگەرایی[1] دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونەكانی ئەفلاتون و ئەرستۆ؛ بنەمای ئەو دوو بابەتە بریتییە لە دەسەڵاتخوازی ئەفلاتون و ڕێبازی ماهییەتگەرایی[2] ئەرستۆ. فەلسەفەی شارەخەونی ئەفلاتون فەلسەفەیەكە بۆ پاراستنی كۆمەڵگای داخراو و دەوڵەتی تۆتالیتێر و بەرگری كردن

---

1. Historicism
2. Essentialism

له پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لەو بابەتانەدا. ئەفلاتون و ئەرستۆ بانگەشەکەری ئەو فەلسەفە غەیبگۆیانەیە[1] بوون کە هیگڵ میراتگری بوو. «بۆچوونی قوتابخانەیی (سکۆلاستیك) و عیرفانی و هیوابڕان لە پاشکۆیەتی_ هەموو دەرئەنجامە بێ ئەملاوئەولاکانی ڕێبازی ماهییەتگەرایی ئەفلاتون و ئەرستۆن؛ و یاخی بوونی ڕاشکاوانەی ئەفلاتون لە بەرانبەر ئازادیدا گۆڕا بۆ سەرهەڵدانی شاراوەی ئەرستۆ لە بەرانبەر عەقڵدا[2].» ئەفلاتون و ئەرستۆ دەورێکی سەرەکیان هەبوو لە «سەرهەڵدانی فەلسەفەی هیگڵدا کە باوکی مێژووییگەرایی و تۆتالیتاریزمی هەنووکەییە». لە سەدەکانی ناوەڕاستدا «کلێسە بوو بە ئەلتێرناتیڤی تۆتالیتاریزمی ئەفلاتونی و ئەرستۆیی؛ و دواجار ئەو ڕەوتە لە لێپێچینەوەی بیروڕادا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. سەرچاوەی لێپێچانەوەی بیروڕا بۆچوونێکی ئەفلاتونی بوو[3].» پاش ئەو بابەتە، فەلسەفەی هیگڵ سەرچاوەی هەموو ئایینەکانی ڕەسەنایەتییە لە سەردەمی هەنووکەییدا. «فەلسەفەی هیگڵ بنەمای فەلسەفەی سیاسی هەموو لابالە چەپە ڕادیکاڵە مارکسییەکان و میانەڕۆ کۆنسەرڤاتەکان و فاشییە ڕاست ئاژۆ توندڕۆکان بوو.» «هیگڵ... دووبارە ئەو بۆچوونانەی ئەفلاتونی دۆزییەوە کە پاڵپشتی هەمیشەیی یاخی بوونن لە بەرانبەر عەقڵ و ئازادیدا. فەلسەفەی هیگڵ وەك لە دایك بوونەوەیەکی دووبارەی خێڵپەرەستییە... و بازنەی ونبووی نێوان ئەفلاتون و شێوازی هەنووکەیی تۆتالیتاریزمە. لایەنگرانی هەنووکەیی تۆتالیتاریزم... هەر هەموویان لە فەزای داخراوی فەلسەفەی هیگڵدا بارهاتوون و وا ڕاهاتوون کە دەوڵەت و مێژوو و قەوم بپەرستن.» هیگڵ لە ڕێگەی فەلسەفەکەی خۆیەوە ئامانجەکانی شۆڕشی فەرانسەی بەلارێدا برد؛ و وەك فەیلەسووفی ڕەسمی و خزمەتکاری دەوڵەتی پێرۆس «پاساوی هەم بۆ خوا و هەم بۆ پرۆسیا هەبوو.» ناوبراو «لە لایەکەوە پەرستنی ئەفلاتونیانە و پرۆسیانەی دەوڵەت و لە لایەکی ترەوە، مێژووپەرستی و بەندایەتی لە بەرانبەر سەرکەوتن لە مێژوودا دەکاتە ئەلتێرناتیڤی ئازادیخوازی لە ناسیۆنالیزمدا» و «ئێستاش لە سەردەمی ئێمەدا ڕێبازی مێژووییگەرایی شێتانەی هیگڵ وەك ڕەمزێکە کە دەبێتە مایەی گەشەکردنی خێرای

1. Oracular

٢. جامعەی باز و دشمنان ان، ج ٣ ،ل ٦٧٤.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧٩.

تۆتالیتاریزم. به گشتی دەکرێ بڵێین بەشێکی زۆری چەمکە سەرەکییەکانی تۆتالیتاریزمی هەنووکەیی لە هیگڵەوە بە میرات جێ ماوە.» ئەو چەمکانە بریتین لە : ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرەستانە؛ پەسن و پێداهەڵدانی دەوڵەت و شەڕ؛ سڕینەوەی ئەرك و بەرپرسایەتی ئەخلاقی لە دەوڵەت؛ یەکێتی زوڵم و زۆر و حەق؛ پەسن و پێدانانی ڕێبەران و کەسایەتییە جیهانی_مێژووییەکان[1]. دواجار پۆپەر لە زمان شۆپێنهاوەرەوە دەڵێ: «ئەگەر ویستتان لاوێکی گێل و حۆل پەروەردە بکەن و بە گشتی توانای بیرکردنەوەی لێ بستێننەوە، باشترین ڕێگە ئەوەیە کە کتێبەکانی هیگڵی بدەنێ بیانخوێنێتەوە.[2]»

وادێتە بەرچاو کە حوکم و هەڵسەنگاندنی پۆپەر دەربارەی مارکس لەچاو بۆچوونەکانی سەبارەت بە هیگڵ هەندێ نەرمتر و بە ئینسافانەترە و تەنانەت هەندێ جار هاودەنگی کردنە لەگەڵ بۆچوونەکانی مارکس؛ هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە پۆپەر مارکس و مارکسییەکان لێك جیا دەکاتەوە. بە باوەڕی پۆپەر مارکسیزم «پەتیترین و گەشە سەندووترین و مەترسیدارترین شێوازی ڕێبازی مێژووگەرایی بووە.[3]» بە باوەڕی پۆپەر «سەرچاوەی فکری مارکسیزم و فاشیزم یەك شتە، هەرچەند مارکس تیۆرکەی خۆی تاقی کردەوە؛ لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێکی بۆچوونە سەرەکییەکانی هەڵە بوون، بەڵام تاقیکردنەوەکەی لە خۆڕا نەبوو.[4]» بەڵام سەرەڕای هەموو لێهاتووییەکانی مارکس پێغەمبەرێکی درۆیی بوو. ناوبراو باسی لە پێشگۆیی ڕەوتی مێژوو دەکرد؛ بەڵام وتەکانی وەڕاست نەگەڕان... و زۆر خەڵکی خاوەن هۆشی بەلاڕێدا برد و ئەو خەڵکانەی هێنانە سەر ئەو باوەڕە کە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی زانستی لەگەڵ گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا پێشگۆیی مێژووییە[5]. مارکس بەهۆی ڕاهاتنی لە قوتابخانەی هیگڵدا، بە توندی لەژێر کاریگەری جیاوازی کۆنی نێوان هەبوو[6] و دەرکەوتە[7] و جیاوازی

---

1.World_Historical Personality

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥٨.

٣. جامعەی باز و دشمنان ان، ج ٤، ل ٨٥٨.

٤. سەرچاوەی پێشوو جا.

5 . Historical Prophecy
6. Noumenon
7. Appearance

نێوان جەوهەری[1] و ناجەوهەری[2]دا بوو. مارکس خۆی لەو باوەڕەدا بوو کە لە ڕووی فکرییەوە لەچاو هیگڵ و کانت گەلێ پێشکەوتنی وەدەست هێناوە کە پێشکەوتنەکانی بریتی بوون لەوە کە *بوون* یان *ڕاستەقینەی* هەر وەك جیهانی ماددی سەیر دەکرد و دەرکەوتنیشی وەك جیهانی هزر و بۆچوون سەیر دەکرد.[3]» بە باوەڕی پۆپەر «مارکس پێداگر بوو لەسەر ئەو بابەتە کە ڕووبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان میتۆدەکەی خۆی واتا مێژوویگەرایی و هەر چەشنە لێکدانەوەیەکی ئابووری بە مەبەستی پلاندانانی عەقلانی لە ئارادایە.[4]» و ڕیشەی بەهەند نەگرتنی گرنگی سیاسەت بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە. «بۆچوونی مارکس دەربارەی لاوازی و بێهێزی هەر بەشێکی سیاسەت و هەروەها بۆچوونی مارکس دەربارەی دیموکراسی وەك شێوازێك لە دیکتاتۆری چینایەتی بە باوەڕی من هەڵەیەکی مەرگهێنە[5]. بەپێی بۆچوونی خودی مارکس بە پێچەوانەی مارکسییەکان ئێمە ناتوانین ڕاستەقینەی ئابووری بە ویست و خواستی خۆمان، بۆ نموونە لە ڕێگەی ڕیفۆرمی یاساییەوە بگۆڕین. سیاسەت تەنیا ئەوەندەی لەدەست دێ کە « ئازاری زان کورتتر و کەمتر بکاتەوە.[6] » لە ئاکامی بەسووك چاولێکردنی مارکس لە دەسەڵاتی سیاسی، سەرەڕای لەبیرکردنی خستنەڕووی تیۆریەك دەربارەی گرنگترین کەرەسە و ئامرازی شاراوەی باشتر کردنی دۆخی هەژارانی ئابووری، تەنانەت ئاوڕ لە گەورەترین مەترسی شاراوەی سەر ئازادی مرۆڤیش ناداتەوە. تیۆر کرچ و کاڵەکەی مارکس لەو بارەوە کە لە کۆمەڵگای بێ چین[7]دا دەسەڵاتی سیاسی هیچ واتایەکی نییە و دەوڵەت ڕۆڵ و دەوری خۆی نامێنێ و «سیس دەبێ و دەژاکێ» نیشاندەری ئەو ڕاستییە کە مارکس هیچ

---

1 .Substantial
2 . Accidental

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩٣ و ٨٩٤.

٤. سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٦٠.

٥. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١١.

٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١٩.

7. Classless Society

کات لەو بابەتە تێنەگەیشتووە کە دەسەڵاتی سیاسی چەندە دەتوانێ و دەبێ لە خزمەت ئازادی و مرۆڤایەتیدا بێ.[1] »

بە باوەڕی پۆپەر پێشگۆیی سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی بێ چین نەك لەو پێشەکییانەوە نایەت کە مارکس باسی کردووە، بەڵکو «بۆ زۆربەی خەڵك جۆرە هەلاتنێکە؛ ڕێگەیەك دروست دەکا بۆ خۆدزینەوە لە ئەرك و بەرپرسایەتییە هەنووکەییەکان و گەیشتن بە بەهەشت لە دواڕۆژدا[2]. «ئەو بەشەی مارکسیزم کە لە ڕووی سیاسەتی پراکتیکەوە زۆرترین زیانی لێدەکەوێتەوە هەر ئەم بابەتەیە، واتە پێشگۆیی شۆڕشێکی توندوتیژ[3]. بەباوەڕی پۆپەر «هۆی «هۆی شکستی مارکس وەك پێغەمبەر و پێشگۆیەك، دەگەڕێتەوە سەر هەژاری ڕێبازی مێژووییگەرایی، واتا ئەو ڕاستییە کە ئەگەر ئەورۆ چاومان بە شتێك بکەوێ کە وەك داشکانەوە یان ڕەوتێکی مێژوویی بێتە بەرچاو، ناتوانین بزانین ئایا سبەی ڕۆژیش وادێتە بەرچاو یان نا.[4] » بەلام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، پۆپەر لە هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکانی مارکسدا بێئینساف نییە؛ و دەڵێ: «لە ناکۆکی نێوان ئایالیزم و ماتریالیزمدا لەگەڵ مارکس هاودەنگترم. مەبەستم دەرخستنی ئەو خاڵە بوو کە *لێکدانەوەی ماددی* مارکس لە مێژوو[5]، سەرەڕای بایەخێك کە ڕەنگە بیبێ، نابێ بەهەند وەربگیرێ.» پۆپەر هەروەها دەڵێ:«بە باوەڕی من مارکس باوەڕی بە کۆمەڵگای کراوە[6] هەبوو. بە پێی پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی مارکس، چەمکەکانی وەك ئازادی و یەکسانی لە هەموو بابەتەکان گرنگتر بوون[7]. تەنانەت ڕەنگە بکرێ کاریگەری مارکس لەسەر ئایینی مەسیح لە ڕووی ڕیفۆرمی ئەخلاقییەوە وەك کاریگەری لۆتەر لە ئایینی کاتۆلیکدا سەیر بکەین... ڕەنگە بکرێ بڵێین لە ڕووی وردبینی و

---

١. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢٠.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٤١.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥٧.

٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١٣.

5. Materialistic Interpretation of History

٦. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢٤ .

٧. سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩٧ .

توندبوون لەسەر بابەتە ئەخلاقییەکان و پێداگری لەسەر کردەوە لەبری وتە، مارکسیزمی سەرەتایی گرنگترین هزری ڕیفۆرمیستانەی سەردەمی ئێمەی بەدیهێنابێ.[1]» بە باوەڕی پۆپەر «ئەگەر لە مارکسیان پرسیبا کە: «ئایا ئێمە دەبێ خۆمان چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین یان تەنیا قەناعەت بە پێشگۆیی بێنین؟» بێگومان مارکسیش دیاری کردنی چارەنووس لە لایەن خۆمانەوەی پێ لە پێشگۆیی باشتر دەبوو.[2]» لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، پۆپەر لە دوالێکدانەوەدا باوەڕی وایە کە گەرداوێکی گەورە دەکەوێتە نێوان «ئەکتیڤیزمی مارکس و باوەڕی مارکس بە مێژوویبگەرایی؛ و ئەو بۆچوونەی مارکس کە لە بەرانبەر هێزە ناعەقلانییەکانی مێژوودا هیچ ڕێگە چارەیەکمان نییە جگە لە تەسلیمبوون، ئەو گەرداوە بەرینتر دەکاتەوە[3]. مارکس مێژوویبگەرایی لە هیگڵ خواستەوە، بەڵام دواتر بەوەندە نەوەستا؛ نەوەستا؛ و ڕێگەی بە مێژوویبگەرایی دا هەتا بەسەر ئەکتیڤیزم یان باوەڕی مارکس بە کاریگەری کردەوەدا زاڵ بێ.[4]»

بە کورتی گرنگترین بانگەشەی مارکسیزم ئەوەیە کە مێژوو و کۆمەڵگا پەیڕەوی لە یاسا زانستییە بێ ئەملاوئەولاکان دەکەن و بە پێی ئەو یاسانە دەکرێ دوارۆژی مێژوو و کۆمەڵگای مرۆڤ پێشبینی بکەین. ناکرێ هیچ هەنگاوێك بە پێچەوانەی ئەو یاسانە هەڵبێنینەوە؛ ئەوەیە واتای *سۆشیالیزمی زانستی*[5] لە بەرانبەر *سۆشیالیزمی یۆتۆپیایی*[6]دا. هەڵبەت پۆپەر هزری مارکس ناخاتە خانەی یۆتۆپیاوە، هەرچەندە مارکسیزمی سەدەی بیستەم لە چوارچێوەی کۆمۆنیزمدا تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی بە خۆوە گرت. پۆپەر نکۆڵی لە *زانستی بوونی* هزری مارکس ناکا، واتە بە سەرنجدان بە سروشتی یاسامەندی هزری مارکس بۆی هەیە ڕەت بکرێتەوە. هەر بەو هۆیە لە ڕوانگەی پۆپەرەوە بۆچوونەکانی مارکس دەبێ تاقی بکرێنەوە، هەڵبەت تاقیکراونەوە و بەشێکی زۆریان ڕەت کراونەوە. بەو شێوەیە، بە پێچەوانەی بۆچوون و

1. سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٢٦ .

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢٧.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢٧.

٤. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣٩.

5. Scientific Socialism

6. Utopian Socialism

پێشبینییەکانی مارکس، کۆمۆنیزم لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا نەهاتە دی؛ پرۆلیتاریا لە شۆڕشە کۆمۆنیستییەکانی سەدەی بیستەمدا دەورێکی ئەوتۆی نەبوو؛ لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا کرێکاران باشتر و ئاسوودەتر دەژین و وشیاری چینایەتیشیان نەماوە؛ کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوو بە دوو جەمسەری بورژوازی و پرۆلیتاریا دابەش نەبووە و چینێکی مامناوەندی سەری هەڵداوە. کەواتە تیۆری *زانستی* مارکس ڕەت کراوەتەوە. «مارکسیزمی *زانستی* مرد؛ بەڵام دوو شتی دەبێ بمێنێ: یەکەم هەستی بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و دووەم ئەوین و ئۆگری بە ئازادی.[1] »

بەپێی بۆچوونی پۆپەر مارکسیزم تەنیا نموونەیەکە لە تیۆرکانی مێژوویگەرایی. بەپێی ئەو بیرۆکانە مێژوو لە ڕووی یاسا دیتێرمینیستییەکانەوە ( قەدەرگەراییەکان) هەندێ قۆناغ دەبڕێ؛ و هەر بەپێی ئەو یاساانەش، دوارۆژی کۆمەڵگا پێشبینی دەکرێ. هەمووی ئەو بیرۆکانەی بەدوای دۆزینەوەی بۆچوونە دیتێرمینیستییەکان لە پرۆسەی مێژوودا دەچن، خاوەنی مێژوویگەرایین. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە مێژوو گشتایەتییەکە کە بەپێی یاسا گشتییەکان بەشەکانی گرێدراوی یەکترن. لە ڕوانگەی پۆپەرەوە ئایدۆلۆژیا شۆڕشگێڕەکان هەم خاوەنی مێژوویگەرایین و هەم گشتخوازن (Holist). چونکە باوەڕیان بەوە هەیە کە مێژوو بەپێی گەڵاڵە و پلان بەرەو پێشەوە دەچێ، ئامانج یان یۆتۆپیایەك بۆ مێژوو وێنا دەکەن. بە بۆچوونی پۆپەر تیۆرکانی مێژوویگەرایی میتافیزیکی و فەلسەفیو *زانستی* هەموو هەر یەك شتن. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە، پۆپەر لەو باوەڕە دایە کە گۆڕانی مێژوو پەیڕەوی لە هیچ یاسایێکی دیتێرمینیستی ناکا، بەڵکو گۆڕانی مێژوو بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی ئێمەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و سڕینەوەی گرفتەکان. مێژوو خۆی لە خۆیدا خاوەنی هیچ ئامانج و یۆتۆپیایەك نییە، بەڵکو ئەوە کردەوەکانی ئێمەیە کە ئەو لایەنانە بە مێژوو دەبەخشێ. هەڵبەت گەشە و گۆڕانی مێژوو پەیڕەوی گەشە و پەرەسەندنی زانستی ئێمەیە، بەڵام ناتوانین شێوەی پەرەسەندنی زانست لە دوارۆژدا پێشبینی بکەین، هەر کەس بتوانێ لە ڕێگەی کەرەسە زانستییەکانی بەردەست ئەمرۆ پێشبینی دۆزراوەکانی بەیانی بکا وەك ئەوە وایە کە هەر ئێستا دەستی بەو دۆزراوانە ڕاگەیشتبێ و ئەوەش بە واتای کۆتایی ڕەوتی گەشەکردنی

---

١. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤٠.

مەعریفەیە، دەنا هەر لە بنەمادا وەك دۆزینەوە نەدەهاتنە ژمار. پێشبینی نەکرانی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا و دانانی پلانی تۆکمە و تەواو بۆ ئەو کۆمەڵگایە لە دوای ئەو چەمکە گشتییەوە دێ. ئاکار و کردەوەی مرۆڤ بەگشتی، و کردەوەی سیاسی بەتایبەتی، هەندێ شوێنەواری لێدەکەوێتەوە کە بەدەر نییە لە نییەتی بکەرەکەی.

لە ڕوانگەی ڕەخنەیانەی پۆپەرەوە، ئەو بۆچوونانەی بەچاوێکی یۆتۆپیایی و شۆڕشگێڕانەوە دەڕواننە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی یان *ئەندازیاری کۆمەڵایەتی* کە پشت بە زانست ئاسا یان ڕامانەوە دەبەستێ ناعەقلانین. لەو ڕووەوە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئایدۆلۆژیا گشتخواز و یۆتۆپیایی و هیستۆریزمەکان کارەسات بارن. هەر وەك چۆن هەر یاسایێکی سروشتی ڕێژەییە و ڕەت دەکرێتەوە، یاسا و گریمانە کۆمەڵناسانەکانیش، تەنانەت کاتێ بەڵگەی زۆریشیان لە پشت بێ، دەبێ تاقی بکرێنەوە. لێرەوە دەردەکەوێ کە وەدیهاتنی ویستە یۆتۆپیاییەکان بە مەبەستی نوێژن کردنەوەی هەمووی کۆمەڵگا لە ڕووی لۆژیکەوە ناگونجێ. «بە زۆر هۆ ناکرێ هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێك بخەین؛ لانیکەم یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە لەگەڵ سەپاندنی هەر دیسیپلینێکی نوێ بەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کۆمەڵێك پێوەندی کۆمەڵایەتی نوێ لە دایك دەبن کە پێویستە دیسانیش ڕێك بخرێنەوە.[1]» ئەوە کە لە ڕووی لۆژیکەوە ناکرێ بە شێوەیەکی یۆتۆپیایی بڕواننە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی لە کەموکوڕییەکانی بۆچوونە گشتخوازەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە ئەو زانستانە تایبەتمەندی هەڵڕستەدەیی بینینەکان لەبەر چاو ناگرن و گریمانەکەیان بواری خوێندنەوەی گشتایەتی کۆمەڵایەتییە.

پۆپەر لەو باوەڕە دایە کە لە نێوان دوو ڕێگە چارەی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی یان گشتخواز و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هێدی و هێوەردا، تەنیا دووەمیان ڕێگە چارەیەکی شیاوە. ئەو کەسانەی باوەڕیان بە یۆتۆپیا هەیە «بە شێوەیەکی ناشیانە ئەوەی لە بنەمادا هێدی و هێورە بەکار دێنن.[2]» ئەندازیاری کۆمەڵایەتی گشتخواز یان یۆتۆپیایی دەکەوێتە پێشەوەی ئەو تیۆر دەربارەی کۆمەڵگا و بەشە دیاریکەرەکانی کە دواجار پشت بە *حەدس ومەزەندە* دەبەستێ. لە بەرانبەر دا، ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هێدی وهێور دەبێ بارودۆخی

1. Ibid, p. 68.
2.Ibid, p.68.

پێویست لـە ڕووی ئەزموونییـەوە لەبـەر چـاو بگـرێ. بـە بـێ بـواری ڕەخنـە لـە ئامـانج و میتۆدەکانی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هیچ کاریگەرییـەکی نییـە. «پێشـکەوتن و گەشـەکردن زۆرتر بەستراوەی هۆکارە سیاسییەکانن؛ واتە بەستراوەی ئەو پێکهاتانەن کە پـارێزەری ئـازادی هزر و تێڕامانن.[1] » دەبێ بوار و دەرفەتی ڕەخنە گرتن لە سیاسەتە حکومەتییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەر چەشنە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی پـارێزراو بـێ. ئـەو بۆچـوونە، هـەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بەرهەمی تیۆری پۆپەرە دەربارەی گەشـەکردنی زانسـت وەك پڕۆسـەی *سڕینەوەی هەڵە و سووچ*. ڕەخنە گرتن لە سیاسەتەکانی حکومەت بە هـۆی هەنـدێ هۆکـاری تریش پێویستە؛ و یەك لەو هۆکارانـە ئەوەیـە کـە کـردەوەی سیاسـی هەمیشـە دەرئـەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە. پۆپەر چەند هۆکارێـك دێنێتـەوە بـۆ ڕەت کردنـەوەی ئەنـدازیاری کۆمـەڵایـەتی گشـتخواز لـە ئاسـتێکی بەرفراوانـدا: یەکـەم، لـەو چەشـنە ئەندازیارییـە کۆمەڵایەتییەدا، چونکە هەر بەخێرایی هەندێ هەنگاوی بەربڵاو و گشـتی دێنـە ئـەنجام، بـە سانایی ناکرێ بڵێین کام یەك لەو هەنگاوانە کاریگەرە لە وەدەست هێنانی ئامانجـەکاندا؛ بـەو پێیە میتۆدێکی ئەوتۆ ڕێگرە لە بەردەم وەدەست هێنانی ناسینی ئەزموونی دەربـارەی ژیـانی کۆمەڵایەتی. بە باوەڕی پۆپەر تەنانەت ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هێـدی و هێـوریش هەمیشـە نابێتە هۆی وەدەست هێنـانی ناسـینی ئـەزموونی پێویسـت دەربـارەی کۆمـەڵگا. «زۆربـەی تاقیکارییە باشەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە یۆتۆپیایی نین و سروشتێکی هێدی و هێوریـان هەیـە، بەڵام دیسـانیش بـۆ ماوەیـەکی دوور و درێـژ وەك خـەون و خـەیاڵ دەمێننـەوە. ئەنـدازیاری کۆمەڵایەتی بە کردەوە زۆربە دەبێ پشت بەو تاقیکارییانەوە ببەستێ کە تەنیا لە زەیندا تاقی کراونەوە...[2] » بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە میتۆدێکی باشـتر لـە ئەنـدازیاری کۆمەڵایـەتی هێدی و هێوریش هەبێ. دووەم، بـە بـاوەڕی پۆپـەر پلانـدانان و ئەنـدازیاری کۆمەڵایـەتی گشتخواز یان یۆتۆپیایی ڕەتکەرەوەی ئامانجەکانن؛ یان بەواتایەکی باشتر، ناتوانن ڕێگر بن لـە بەردەم ڕەتکردنەوەی ئامانجەکانی ناوئاخنی خۆیان. زۆربەی کات هەوڵدان بۆ نوێژن کردنـەوەی گشـتی کۆمـەڵگا ڕووبـەڕووی دژایـەتی بـەربڵاو دەبێتـەوە، چـونکە بەرژەوەنـدی گرووپـە کۆمەڵایەتییـەکان دەخاتـە مەترسـییەوە؛ هـەروەها ڕێککـەوتن و هـاودەنگی دەربـاری

1. Ibid.
2. Ibid, p. 97.

ئامانجەکانی ئەو هەنگاوە یۆتۆپیایی و گشتخوازییانە زۆر درەنگ وەدەست دێ. لە ئاکامدا ئەندازیارانی کۆمەڵایەتی یان شۆڕشگێڕان دەبێ دژبەران سەرکوت بکەن؛ و یان بێ دەنگیان بکەن و وایان لێ بکەن لە بەرانبەریاندا سەر دانەوێنن. لەو ڕووەوە حکومەت سروشتێکی توندوتیژانە بە خۆوە دەگرێ؛ و ناچار دەبێ هەر چەشنە ڕەخنە و دژایەتییەك سەرکوت بکا. حکومەتێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگادا دەبڕێ؛ و تەنانەت ناتوانێ سنوورەکانی سەرکەوتنی خۆی لە پلانەکانی بەرباسیدا بە تەواوی بناسێ. دواجار، شۆڕشگێڕان دەبنە چینێکی ئەرستۆکراتی نوێ؛ و بە مەبەستی شاردنەوەی پوان و ئیمتیازەکانی خۆیان ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە بەکار دێنن: «ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە دەبێتە ماددە سڕکەری کۆمەڵانی خەڵك.» شۆڕشگێڕان کاتێك بۆ ڕزگار کردنی پلانە شۆڕشگێڕی و یۆتۆپیاییەکانی خۆیان بە تەواوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە هەنگاوی بە پەلە دەنێن یان پلاندانانی پلان بۆ دانەنراو دادەڕێژن. بەو شێوەیە ئەندازیاری کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی ئامانجەکانی خۆی ڕەت دەکاتەوە.

ئایدۆلۆژیا یۆتۆپیایی و شۆڕشگێڕەکانیش کە بە هیوای دامەزراندنی جیهانێکی نوێ و بێ وێنەن، ئایدۆلۆژیاگەلێکی فانتێزی و خەیاڵین، چونکە بابەتی نوێ و بێ وێنە بەگشتی نایەتە دیی؛ ڕیشەی دوارۆژ دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا و ڕابردوو. دامەزراندنی شارە خەونی بێ وێنە دەست نادا، چونکە تەنیا کارێکی ئێمە بە ڕاستی دەتوانین ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە کار لەسەر دۆخی هەنووکەیی بکەین و هەندێ ئاڵوگۆڕی تێدا پێك بێنین. شۆڕشگێڕان و ئەو کەسانەی باوەڕیان بە یۆتۆپیا هەیە بە هەندێ ئاڵوگۆڕ ڕازی نابن و خوازیاری گۆڕانی داڕشتەی سەرجەم کۆمەڵگان. واتە دەخوازن بەر لەوە شتێك لە وربەکارییەکان بگۆڕن، ئاڵوگۆڕ لە سەرجەمی سیستەمدا پێك بێنن و ئەو کارەش خۆی لە خۆیدا پاڕادۆکسێکە. هەروەها شۆڕشگێڕان و لایەنگرانی شارە خەون بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زانستی تەواویان دەربارەی کۆمەڵگا هەیە، کە ئەو بابەتە دوورە لە ڕاستی. هەروەها ئەو بۆچوونەش ناڕاستە کە دەڵێ مێژوو کۆتایی و ئەنجامێکی هەیە؛ چونکە پاش وەدیهاتنی ئەو شتەی وەك کۆتایی و ئەنجام باسی لێوە دەکرێ، دیسانیش هەندێ ئاڵوگۆڕ پێك دێنو کۆتایی و ئەنجامێکی تر وێنا دەکرێ. کەواتە مێژوو داخراو نییە؛ و ناکرێ بوەستێندرێ. هەرچی زیاتر بەرەوپێش دەچین ئاسۆی نوێترمان بەڕوودا دەکرێتەوە؛ و هیچ کات ناگەینە ڕۆخی ئارامی و ئاسوودەیی و کۆتایی ئاسۆ.

یەکێکی تر لە پاڕادۆکسەکان ئەوەیە کە هەم شۆڕشگێڕان و هەم خەون و خولیاکانی شۆڕشگێڕان لە کۆمەڵگا و دۆخی هەنووکەییەوە سەرچاوە دەگرن و لەگەڵ ئەوەدا کە بەشێکە لە دۆخی هەنووکەیی ناکرێ دۆخی هەنووکەیی لەناوبەرین. پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بە تەواوی نوێ و بێ وێنە پێویستی بە ڕووخانی دۆخی هەنووکەیی هەیە، بەڵام کارێکی ئەوتۆ دەبێتە مایەی ئەوە کە بەکردەوە نەتوانین هیچ هەنگاوێك هەڵگرین. کەواتە جگە لە هەوڵ و هەنگاوی هێدی و هێور کە بەگشتی ئاڵوگۆڕی سەرەکی و بنەرەتی لێدەکەوێتەوە هیچ ڕێگە چارەیەکی تر لەبەردەستدا نییە. تەنانەت ئەگەر بکرێ لە ڕێگەی گەڵاڵە و پلانەوە کۆمەڵگا بە تەواوی نوێژەن بکەینەوە، دیسانیش جیهان لە دەست چاودێران و پلاندارێژان دەردەچێ و بە هۆی ئاڵوگۆڕە دیتێرمینیستییەکان گۆڕانی بەسەردا دێ. بەگشتی لە ڕوانگەی پۆپەرەوە پێکهاتنی گۆڕانی گشتی و ڕادیکاڵ لەو کۆمەڵگایانەدا کە بونیادەی پێویست بۆ ڕەخنەی ئازادی سیاسەتەکانی حکومەتیان نییە زۆر دژوار و ئاستەمە. بارودۆخی گونجاو و لەبار بۆ ڕەخنەیەکی ئەوتۆ لە سیاسەت و حکومەتدا هاوتا و هاوشانی ڕەوتی چارەسەر کردنی گرفت و کێشەیە لە زانستدا لە ڕێگەی سڕینەوەی هەڵە و خەتا. لە ڕوانگەی پۆپەرەوە بارودۆخی ڕەخنەی زانستی و سڕینەوەی هەڵە و خەتا تەنیا لە حکومەتە دیموکراتی و لیبراڵەکاندا بۆ باس لێکردن دەبێ؛ و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لەو بارودۆخەدا پەشێوی پێك دێنێ.

## داکۆکی کردن لە دیموکراسی و کۆمەڵگای کراوە:

هەر وەك ئاماژەی پێدرا، بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کارڵ پۆپەر لە تیۆری ئەپیستمۆلۆژیانەی ناوبراوەوە سەرچاوە دەگرن، پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو تیۆریە بنەمای فەلسەفەی زانستی پۆپەرە. تەوەرەی سەرەکی ***کتێبی کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی*** ئەوەیە کە هزر و تیۆر فەلسەفییەکان سەرچاوەی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانن. بە باوەڕی پۆپەر هەر وەك چۆن لەمەڕ تیۆر زانستی و میتافیزیکییەکان کەڵك لە پڕەنسیپەکانی ڕەخنەی عەقلانی وەردەگیرێ دەبێ لەمەڕ تیۆر سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش بە هەمان ڕادە کەڵك لەو پڕەنسیپانە وەربگیرێ. بۆچوونەکانی هەر دوو کتێبی *کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی* و *هەژاری مێژووییگەرای* لە تیۆری ئەپیستمۆلۆژیانەی کتێبی لۆژیکی دۆزینەوەی

زانستییەوە سەرچاوە دەگرن. ڕەخنەی عەقلانی هەر وەك چۆن بنـەمای گەشـەكردنی زانسـتە، تایبەتمەندییەكی سەرەكی كۆمەڵگای كراوەشە.

لە *كتێبی كۆمەڵگای كراوە و دوژمنەكانی*دا پۆپەر بە تێروتەسەلی داكۆكی لە دیموكراسـی یـان بـە واتایـەكی باشـتر داكـۆكی لـە سۆسـیال_دیموكراسـی دەكـا. بـەپێی فەلسـەفەی میتۆدۆلۆژییانـەی پۆپـەر، واتـە *سـڕینەوەی هەڵـە و خـەتا*، باشـترین ڕێگـەی گەیشـتن بـە كۆمەڵگایەكی باشتر چارەسەركردنی هێدی و هێوری ئـەو كێشـە و گرفتانەیـە كـە كۆمـەڵگا تووشیان هاتووە. هەر وەك چۆن لە زانستدا پێشكەوتن پێویستی بە ڕەخنەی بەردەوامـە، لـە سیاسـەت و كۆمەڵگاشـدا ڕێگـەی گەشـەكردن و پەرەسـەندن لـە ئـازادی ڕەخنـە گـرتن و خستنەڕووی پێشنیار و ڕێگـە چـارەی جۆراوجـۆر و چارەسـەر كردنـی كێشـە و گرفتـەكان و پێكهێنانی گۆڕان بەپێی ئەو ڕێگە چارانە دایە. ڕەمزی پێشكەوتنی دیموكراسییەكانی ڕۆژئـاوا لە سامان و سەرچاوە سروشتییەكانی ئەو وڵاتانەدا نییە، بەڵكو دەگەڕێتـەوە سـەر پێشـینەی بوونی هزری ئازادی و ڕەخنە. بە واتایەكی تـر، دیموكراسـی هۆكـاری سـەرەكی گەشـەكردن و پەرەسەندنی ئابووری ڕۆژئاوا بووە. دیموكراسی مەجال و دەرفەتی ئـەوە دەسـتەبەر دەكـا كـە سیاسەتەكانی دەوڵەت وەك هەندێ گریمانـە سـەیر بكـرێن كـە بـەردەوام دەبـێ بكەونـە بـەر چاكسازییەوە. سیاسەتدانان خۆی لە خۆیدا هەڵگری هەندێ دەرئەنجامی پێشبینی نـەكراوە؛و هەرچی لە پێشتردا زیاتر باسی بكرێ و ڕەخنەی لێبگیرێ ئەگەری سـەركەوتنی زیـاتر دەبـێ. ڕەخنە گرتن شیمانەی سڕینەوەی هەڵە بەرز دەكاتەوە. لە داڕشتنی سیاسـەتدا تـەنیا نییـەنی باش بەس نییە و بڕیـارە سیاسـییەكان دەبـێ بـەردەوام تـاقی بكرێنـەوە؛ هەڵبـەت نـەك بـە مەبەستی دەركەوتنی سەركەوتنەكانیان، بەڵكو بە مەبەستی دەستنیشانكردنی كـەموكوڕی و ناتەواوییەكانیان. بەڵام سیاسەتوانان بـە پێچـەوانەوە زۆربـە جـەخت دەكەنـە سـەر بەڵگـەی سەركەوتنی سیاسەتەكانی خۆیان؛ و خۆ دەپـارێزن لـە بەدواداچـوونی هەڵـەكانی دەرئـەنجامی بڕیارەكانیان و ئەوەش خۆی گرنگترین هۆی داكەوتن و شكستە. هەر وەك تیـۆر زانسـتییەكان لە بڕیارە سیاسییەكانیشدا، هەڵە كاتێك دەردەكەوێ كە مەجالی ڕەخنە بـبێ و ئـەو كـارەش خۆی پێویستی بە بـوونی كۆمـەڵگای كـراوە و پلۆڕالیسـتی هەیـە. كۆمـەڵگای كـراوە بـەو كۆمەڵگایە دەگوترێ كە تێیـدا سیاسـەتە دەوڵەتییـەكان لـە ڕێگـەی ڕەخنـەی بەردەوامـەوە هاوسەنگ بكرێن و گۆڕانیان بەسەردا بێ. هەڵبـەت گـۆڕانی ئـەو سیاسـەتانە پێویسـتی بـە

گـۆڕانی دەزگـای دەسـەڵاتدارە. لـەم ڕووەوە بـوونی نـەیارانی ڕێکخـراو و هـەل و دەرفـەتی گواستنەوەی ئاشـتیانەی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی لـە گرووپێکـەوە بـۆ گرووپێکـی تـر مـەرجی وەدیهاتنی کۆمەڵگای کراوەیە. بەو پێیە دیموکراسی تەنیا بە واتای ئەو میتۆدەی کـە بـەپێی ئەو زۆرینـە پرەنسـیپەکان هەڵدەبـژێرێ، دیموکراسـی ڕاسـتەقینە نییـە. هـەر وەك چـۆن لـە دیکتاتۆرییە شۆڕشگێڕییەکاندا ئەو بابەتە دێتە کایەوە، ڕەنگە زۆرینەی خەڵك ئەو پرەنسیپانە هەڵبژێرن کە دژایەتی کۆمەڵگای کراوە، بونیادە مـەدەنی و ئازادەکـان و ڕەخنـەگرتن بکـەن. بۆچوونێکی ئەوتۆ لە دیموکراسی بۆچوونێکی ڕواڵەتییە. کۆمـەڵگای کـراوە ڕەنگـە جگـە لـە دیکتاتۆڕو کەمایەتییەکان، لە لایەن زۆرینەشەوە زیانیان بەر بکەوێ. بەو پێیە لە جێی خـۆی دایـە ئەگـەر لـە بەرانبـەر زۆرینەکانـدا داکـۆکی لـە کۆمـەڵگای کـراوە و بونیـادە ئـازادە دیموکراتیەکان بکەین. چـونکە زۆرن ئـەو دیماگۆژ و سـەرکوتکەرانەری بـە شـێوەی تایبـەت جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن؛ و بە ناوی پشـتگیری جەماوەرییـەوە کۆمـەڵگای کـراوە و بونیـادە دیموکراتیـەکانیان لـەناو بـردووە. هەڵبـەت مـەرجی سـەرەکی کۆمـەڵگای کـراوە لێبووردەییی سیاسییە. بەڵام دەبێ ئـەوەشمان لـەبیر بـێ کـە لێبـووردەیی لـە بەرانبـەر ئـەو گرووپانەی دژی لێبووردەییی دیموکراتین زیانی هەیە بۆ سەر بنچینەی کۆمەڵگای کـراوە. بـەو پێیە لە کاتی پێویست و بوونی مەترسی گەورە، دەبێ دوژمنـانی لێبـووردەیی و لایـەنگرانی توندوتیژی سەرکوت بکرێن.

لە ڕووی سیاسەتی ئابوورییەوە پۆپەر لایەنگری لە جۆرێك سۆسیال_دیموکراسی دەکا. بـە باوەڕی ناوبراو بەرەڵڵایی ئابووری پەشێوی ئازادی و دیموکراسییە. پۆپەر داکۆکی لە دەوڵـەتی خۆشگوزەرانی و پێکهێنانی هەندێ دامەزراوە دەکا بۆ پشتگیری کردن لە چینەکانی خوارووو دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا. بە باوەڕی پۆپـەر دەستخسـتنە نـاو کاروبـاری ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە بابەتێکە ئەملاوئەولای پێ ناوێ. دەوڵەت هەر هەڵوێستێك ڕەچاو بکا_چ هەڵوێستی دەستێوەردەرانە و چ غەیری ئەو_ جۆرێکە لە دەستێوەردانی دەوڵـەت لـە کاروباری ئابووری دا. بەهەر حاڵ لە سەرمایەداریی پێشکەوتوودا ئازادی بە تەواوی بازاڕ وێنا ناکرێ؛ چونکە ئەگەر دەوڵەتیش دەسـت نەخاتـە نـاو کاروبـاری ئابوورییـەوە، پاوانکراوەکـان بارودۆخی ململانێ و ڕکەبەرایەتی لـەناو دەبـەن. بـە کـورتی دەوڵـەت دەبـێ بـە مەبەسـتی دابینکردنـی ئـازادی ئـابووری بـۆ هـەموان پـلان دابڕێـژێ و دەسـت بخاتـە نـاو کاروبـاری

ئابوورییەوە. بە واتایەکی تر مەبەست لە دەست خستنە ناو کاروباری ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێ دابینکردنی لانی زۆری ئازادی ئابووری بێ. دەستێوەردانی کەمتر یان زۆرتر لە ڕادەی پێویست بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئازادی_ واتە دوائامانجی سەرەکی ژیانی سیاسی_ تووشی پەشێوی دەکا. لەو بارەدا پۆپەر هوشداری دەدا کە «بێ شك گەورەترین مەترسی دەستێوەردان _ بەتایبەت دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ_ بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و بەرفراوان بوونەوەی بیرۆکراسی لێدەکەوێتەوە. ئەو شتەش کە دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی ئەو مەترسییە ئەوەیە کە کەم کەس لە لایەنگرانی دەستێوەردان کەموکوڕییەك لەو بابەتەدا دەبینن... دەبێ هەم بۆ تەناهی پلانمان هەبێ و هەم بۆ ئازادی، چونکە تەنیا ئازادی گەرەنتی تەناهیو ئاسایش دەکا.[1]» بۆ ئەو مەبەستە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ ناسانتراڵ بێ، چونکە سانتراڵیزە بوونی دەسەڵات مەترسی ستەمکاری لێدەکەوێتەوە. لەو ڕووەوە پرسی سەرەکی لە ژیانی سیاسیدا پێوەندی بە سروشت و ڕێژەی دەسەڵاتداران (هەر وەك لە فەلسەفەی کۆندا باو بوو) نییە، بەڵکو بابەتی سەرەکی شێوەی نواندنی دەسەڵاتە؛ و ڕێگەی وەلانانی ستەمکاری بەرگری کردنە لە نواندنی دەسەڵات بە شێوەیەکی دیکتاتۆڕیانە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە «چۆن دەکرێ بونیادە سیاسییەکان بە شێوەیەك ڕێکبخەین کە تەنانەت دەسەڵاتدارە خراپ و ناوەستاکانیش نەتوانن زیان لە کۆمەڵگا بدەن.[2]»

لە ڕووی سیاسەتی ئابوورییەوە دروشمی پۆپەر، لە بەرانبەر تیۆری لایەنگرانی یوتالیتاریانیزمدا کە داکۆکی لە ئەوپەری شادی و خۆشی بۆ لانی زۆری تاکەکان دەکەن، هەوڵدانە بۆ کەم کردنەوەی هەژاری و چارەڕەشی. واتە لەبری هەوڵدان بۆ پێکهێنانی شاری خەونەکان هەوڵ بدەین کەموکوڕییەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەین. ناوبراو لە کتێبی کۆمەڵگای کراوە و دوژمنانیدا دەڵێ: «لەناو ئامانجە سیاسییەکاندا ئامانجی دابین کردنی شادی و بەختەوەری بۆ خەڵك ڕەنگە مەترسیدارترین ئامانج بێ. ئامانجێکی ئەوتۆ هەوڵی سەپاندنی بەها بەرزەکانی ئێمە بەسەر خەڵکانی تریدا لێدەکەوێتەوە بۆ ئەوە تێبگەن لەو شتەی کە بە باوەڕی ئێمە بۆ خۆشی و ئاسوودەیی ئەوان زۆر گرینگە... ئامانجێکی ئەوتۆ

---

١. پوپر، فللهای ٦و٧.

٢. سەرچاوەی پێشوو جا.

یۆتۆپیاخوازی و بۆچوونی ڕۆمانتیکی لێدەکەوێتەوە. ئێمە بە متمانەی تەواوەوە دەڵێین کە لە کۆمەڵگای خۆش و فانتازیای ئێمەدا خۆشبەختی بۆ هەمووانە و بێ شك ئەگەر ئێمە یەکترمان خۆش بوێ بەهەشت لە ڕووی زەوی دێتە ئاراوە... بەڵام هەوڵدان بۆ هێنانە دی بەهەشت لەسەر ڕووی زەوی دۆزخی لێدەکەوێتەوە؛ نەبوونی لێبووردەییی لێدەکەوێتەوە؛ سەر دەکێشێتە شەڕە ئایینییەکان؛ و هەروەها دابین کردنی ڕزگاری لە ڕێگەی بەرقەرار کردنی دەزگای پشکنینی ڕای لێدەکەوێتەوە.[1] »

بە باوەڕی پۆپەر شێوەی دروست کردنی یۆتۆپیا و دابین کردنی شادی و خۆشی تەواو بۆ خەڵك شێوەیەکی دیار و ڕوون نییە، بەڵام شێوەی کەم کردنەوەی و سڕینەوەی کەموکوڕی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان شێوەیەکی تا ڕادەیەك ڕوون و ئاشکرایە. وەلانانی بەدبەختی و ڕۆژڕەشی پاڵنەرێکی بەکردەوە و سۆزاوی زۆر بەهێز لە خێرخوازانی کۆمەڵایەتیدا پێك دێنێ لەچاو دابین کردنی خۆشی و شادی و ئاسوودەیی. کەواتە بەجێیە لەبری باس لە دابین کردنی ئەوپەری شادی و خۆشی بۆ بەشی هەرەزۆری خەڵك (بە شێوازی بێنتهام)، باس لە هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی ئەوپەری ئازار و ڕۆژ ڕەشی بکەین بۆ بەشی هەرە زۆری خەڵك.

سەبارەت بە پێوەندی نێوان فەلسەفەی زانست و ئەپیستمۆلۆژیای پۆپەر لەگەڵ بۆچوونی سیاسی ناوبراودا ڕای جۆراوجۆر هەیە. ڕەخنەگران لەو باوەڕە دان کە تیۆری زانستی ناوبراو *شۆڕشگێڕانەیە* (واتە جەخت دەکاتە سەر پوچەڵ کردنەوە)، بەڵام تیۆری ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هێدی و هێمنی ناوبراو تیۆریەکی ڕیفۆرمیستانەیە؛ بۆ نموونە یەکێك لە ڕەخنەگران بە ناوی مایکێل فریمان دەڵێ ئەپیستمۆلۆژیای پۆپەر پوچەڵ دەکرێتەوە بەڵام فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی دۆگماتیکە. بە بۆچوونی فریمان «لە ئاستی ئەپیستمۆلۆژیادا، ڕەخنەی پۆپەر لە یۆتۆپیاخوازی ئەوەیە کە بۆچوونێکی ئەوتۆ یاساکانی زانست ڕەت دەکاتەوە؛ بەڵام بەپێی بۆچوونی ناوبراو یاسا زانستییەکان هەمیشە ڕێژەیی و دوایاسا نین. ئەو بۆچوونە خۆی لە دوو لایەنەوە دەبێتە هۆی لاواز بوونی ڕەخنەی یۆتۆپیاخوازی: یەکەم لەو ڕووەوە کە ناوزەد کردنی هەر تیۆریەکی کۆمەڵایەتی وەك تیۆریەکی یۆتۆپیایی دەبێ ڕێژەیی بێ؛ و

1. Michael Freeman, «Sociology and Utopia: Some Reffection on the Social Philosophy of Karl Popper», British Journal of Sociology, (March 1975), No.26, pp. 31_32.

دووەم، چونکە پۆپەر خۆی بەردەوام دەڵێ یەکێك لە پێداویستییەکانی ورەی زانستی دۆزینەوەی بەردەوامی بەڵگە و شایەدی پوچەڵکەرەوەی یاسا ڕێژەییەکانە، تیۆرکەی ناوبراو دەربارەی گەشەکردن و پەرەسەندنی زانست و ناسین وا دەنوێنێ کە نە تەنیا ڕێگر نییە لە بەردەم تاقیکارییە یۆتۆپیاییەکاندا بگرە هاندەری ئەو جۆرە تاقیکارییانەشە.[1] »

ئەرنست گێڵنەر، یەکێکی تر لە ڕەخنەگرانی پۆپەر لەو باوەڕە دایە کە «لە نێوان فەلسەفەی زانست و تیۆری کۆمەڵایەتی پۆپەردا هاوسەنگی و یەکێتی و هەم یەکنەگرتنەوە و گرژی لە ئارا دایە. فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ناوبراو هەڵگری خاڵی پۆزەتیڤی *کراوەییە* کە هاوتای کۆمەڵایەتی پوچەڵبوونەوەیە... بەڵام گرژییەکی بەرچاویش لە ئارا دایە؛ لە زانستدا *کراوەیی* واتە ئەوپەری ڕیسکە، بەڵام لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە پێچەوانەوە.[2] »

1. Ibid.
2. Ernest Gellner, The Degitimation of belief. Cambridge, 1974, p. 172.

# (٤)

## فرێدریش هایك

فرێدریش ئۆگۆست فۆن هایك یەکێکە لە سەرەکیترین نوێنەرانی شەپۆلی تازەی لیبرالێزم لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە. ناوبراو لە زانکۆی ڤییەنا خوێندنی دوکتۆرای یاسا و زانستە سیاسییەکانی تەواو کرد و دواتر بوو بە مامۆستای ئابووری زانکۆی لەندەن و هاوولاتی بریتانیا. لە بۆچوونەکانی هایکدا لیبڕالسمی کلاسیك گیانێکی نوێی بە بەردا کرایەوە. هایك بە پێچەوانەی لیبڕاڵەکانی پێش شەڕ، خۆی لە قەرەی ئاوێتە کردنی بابەتە سیاسییەکانی سەردەم و پڕەنسیپەکانی لیبرالێزم نەدا؛بەلام هەولێدا لە ڕوانگەی لیبرالێزمی کلاسیکەوە وەلامی هەندێ پرس و بابەتی گرنگی سەدەی بیستەم بداتەوە. ناوبراو هەروەها لە ڕێگەی بۆچوونی نوێوە داکۆکی لە پڕەنسیپ و بەها سەرەکییەکانی لیبرالێزمی کلاسیك؛ واتە عیزەت و شەڕافەتی تاکەکەس، سەرێتی ئەخلاقی هزری ئازادی، سەروەری سیستەمی بازاڕی ئازاد، پێویستی حکومەتی یاسا و سنوورەکانی دەسەلاتی دەولەت دەکا. هایك لە نووسراوە جۆراوجۆرەکانی خۆی لە بوارەکانی ئابووری تیۆری، ماف، فەلسەفە و مێژوودا بە شێوەیەکی یەکپارچە داکۆکی لەو پڕەنسیپانە دەکا. نووسراوە سەرەکییەکانی ناوبراو بریتین لە: *نرخەکان و بەرهەمهێنان*[1] (١٩٣١)؛ *ڕێگەیەك بەرەو کۆیلەتی*[2] (١٩٤٤)؛ *تاکگەرایی و نەزمی ئابووری*[3] (١٩٤٩)؛ *دژە شۆڕشی زانست*[4] (١٩٥٢)؛ *نەزمی هەستەکی*[5] (١٩٥٢)؛ *سەرمایەداری و مێژوونووسان*٦ (کۆکراوە)(١٩٥٤)" بنچینەی ئازادی[7] (١٩٦٠)" چەمکی یاسا[8] (١٩٦١)"

---

1. Pries and production
2. The Road to Serfdom
3. Individualism and Economic Order
4. The Counter-Revolution of Science
5. The Sensory Order
6. Capitalism and the Historians
7. The Constitution of liberty
8. . The Idea of Law

خوێندنەوەی فەلسەفە، سیاسەت و ئابووری[1] (١٩٦٧)؛ شێواوی زمان لە هزری سیاسی دا[2] (١٩٦٨)؛ یاسا، یاسادانان و ئازادی (بەرگی ١): ڕێسا و نەزم[3] (١٩٧٣)؛ دابین کردنی کار کار و پیشە بە هەر نرخێك؟[4] (١٩٧٥)؛ یاسا، یاسادانان و ئازادی (بەرگی ٢): تراویلکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی[5] (١٩٧٦)؛ لەنەتەوەخستنی دراو[6] (١٩٧٦)؛ هەندێ خوێندنەوەی تازە تازە دەربارەی فەلسەفە، سیاسەت، ئابووری و مێژووی هزرەکان[7] (١٩٧٨)؛ یاسا، یاسادانان یاسادانان و ئازادی:نەزمی سیاسی لە لای خەڵکانی ئازاد[8] (بەرگی ٣)(١٩٧٩)؛ ناسین، گەشەکردن و کۆمەڵگا[9] (١٩٨٣)؛ دەیەی ١٩٨٠: بێکاری و یەکێتییەکان[10] (١٩٨٤).

هایك ڕوانگەیەکی فەلسەفی و ئەپیستمۆلۆژیانەی هەیە، ئەو ڕوانگەیە هێزی ئیلهامی نووسینەکانی ناوبراوە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. کتێبی نەزمی هەستەکی لەخۆگری هزرە ئەپیستمۆلۆژییەکانی هایکە؛ ئەو کتێبە هەرچەندە دوای هەندێ نووسراوەی سەرەکی ناوبراو لە بواری ئابووریدا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام لە هەموو نووسینەکانی بەپێزترە. سەرچاوەی ڕوانگەی فەلسەفی هایك دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی فەلسەفەی ڕەخنەیانەی کانت؛ شوێنەواری بۆچوونی پۆپەر و ڤیتگنشتاین لەو ڕوانگەدا بەدی دەکرێ. بۆچوونی گشتی هایك دەربارەی مەعریفەناسی، دەروونناسی و ئەخلاق بۆچوونێکی تەواو کانتییە کە بە پێی ئەو بۆچوونە ئێمە بە تەواوی ناتوانین لە دیاردە و بابەتەکان تێبگەین. هایك لەو باوەڕە دایە کە ئەو تەکوز و ڕێکوپێکییەی ئێمە لە ڕێگەی ئەزموونەوە پێی دەگەین، بەرهەمی داهێنانی زەینی ئێمەیە؛ واتە ڕاستەقینەیەکی بابەتی و دەرەکی نییە. هزری سەرەکی تیۆری ڕەخنەیانەی بێ هێزی و لاوازی مرۆڤ لە گەیشتن بە هەڵوێستێکی سەروو و دەرەکی و بابەتییە؛ هەڵوێستێك کە بکرێ لە ڕێگەی ئەو هەڵوێستەوە بگەینە وێنەیەك لە جیهان بەو جۆرەی هەیە واتە بەدوور لە

1. Studies in philosophy, Political and Economics
2. Confusion of language in political Thought
3. Law, Legislation and Liberty (vol. I) Rules and Order
4. Full Employment at Any price
5. Law, Legislation and Liberty (vol.II) The Mirages of social justice
6. The Denationalization of Money
7. New studies in philosophy, politics, Economics and the History of Ideas
8. Law, Legislation and liberty (vol. III): The political order of a free people
9. Knowledge, Evolution and society
10. The 1980’s:Unemployment and the unions

ئەزموون و بەرژەوەندییە مرۆییەکان. بە پێی ئەو بۆچوونە فەلسەفە و میتافیزیك ناتوانن تەواو بە شێوەی ڕامان و عەقڵی بن. بە بۆچوونی هایك، هەر وەك کانت، ناتوانین لە پڕیسپێکتیڤی مرۆییەوە وەها لە بابەتەکان دوور کەوینەوە کە بگەین بە ڕوانگەیەکی تەواو بێ لایەن دەربارەی جیهان، بەو شێوەیەی هەیە. کەواتە ئامانجی فەلسەفە سازدانی سیستەمێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیە لە ئاستی توانای عەقڵ. بە پێی بۆچوونی هایك، نابێ تووشی ئەو هەڵەیە بین کە جیاوازی نێوان *بوون* و ڕواڵەت لە فەلسەفەدا هەر وەك جیاوازی نێوان *نەزمی هەستەکی* یان *زەینی و نەزمی ماددی* یان *دەرەکی* وەك یەك سەیر بکەین. مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی دۆزینەوەی سروشتی بابەتەکان لە پشت پەردەی ڕواڵەتی ئەو بابەتەوە نییە؛ چەمکی سروشت یان ڕاستەقینەی ڕەها لە زانست و فەلسەفەدا چەمکێکی زیانبار و بێ کەڵکە. هایك بەپێچەوانەی ئەزموونخواز و پۆزەتیڤیستان، هیچ باوەڕی بە بوونی بەستێنێك نییە وەك بنەمای ناسین بۆ تێگەیشتنە هەستەکییە سەرەتاییەکان (بەدوور لە زەین). چەمکی پانتای هەستەکی تەواو و دەست لێنەدراو کە لەخۆ گری پێوەندییەکی بێ نێوبژیوان بێ لەگەڵ ڕاستەقینە دەرەکییەکاندا، چەمکێکی پووچ و بێ مایەیە. هەر شتێك هەم لایەنی پێناسەیی هەیە و هەم لایەنی تیۆر. بە پێی بۆچوونی هایك تێگەیشتنی ئێمە لە جیهانی دەرەکی پشت بە زانیارییە تەواو هەستەکییەکانەوە نابەستێ، بەڵکو پشت بە پێوەندی ئێمە و جیهانەوە دەبەستێ. ئەو ڕێكوپێکی و نەزمەی لە جیهانی ڕاستەقینە و ئەزموونە هەستەکییەکاندا پێی دەگەین بەرهەمی داڕشتەی تەکوزبەخشی زەینی ئێمەیە.

هایك باوەڕی وایە کە ئەو چوارچێوە فکری و زەینییانەی لە ڕێگەی ئەوانەوە جیهان دەناسین نەگۆڕ نین؛ بەڵکو پۆپەر وتەنی، گەشە دەکەن. هەروەها هایك لەو باوەڕە دایە کە زەینیش پەیڕەوی لە ڕێساگەلێك دەکا، کە هەندێکیان هەر ناناسرێن. زەینی ئێمە ناتوانێ ڕێساکانی زاڵ بەسەر خۆیدا بناسێ. زەینی وشیار پەیڕەوی ڕێساگەلێکە کە نایانناسێ، واتە *وشیاری ناوخۆیی* (Supraconsciousness) نییە. لە بۆچوونی گشتی هایکدا هەم لە ڕەفتار و هەم لە زەینی مرۆڤ دا زنجیرەپلەیەك لە ڕێساکان زاڵە کە سەرەکیترینیان دەکەوێتە پانتای بان وشیاری(Met conscious)، واتە ئەو دیوی توانای تێگەیشتنی ئێمە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕێسایانە نەگۆڕ و گشتی و گرێدراوی زەینی ئێمە نین؛ بەڵکو بەرهەمی گەشەکردن و گۆڕانن. لە کاتی تێگەیشتن لە ڕێساکانی کردەوە یان هزری خۆماندا، دەکەوینە

ژێر کاریگەری ڕێسا سەروو وشیارییەکانی نوێیەوە:«گەشەکردنی عەقڵی مرۆیی بەشێکە لە گەشەکردنی ژیار و شارستانییەت ... زەین هیچ کات ناتوانێ پێشکەوتنی دوارۆژی خۆی پێشبینی بکا.»[1]

مەعریفەناسی هایك کۆمەڵناسی ناوبراو دادەپۆشێ. جەخت کردن لەسەر لاوازی زەین لە تێگەیشتن لە ڕێسا زاڵەکانی سەر هزری وشیارانەی خود بە واتەی ڕەتکردنەوەی عەقلانییەتی دیکارتییە، کە بە پێی عەقڵی دیکارتی زەینی مرۆڤ دەتوانێ خۆی بناسێ یان بکەوێتە بندەستی حکومەتی پرۆسەی فکری وشیارانە و ژیرانەوە. بە پێی بۆچوونی هایك زەینی مرۆڤ خاوەنی جۆرێك سەربەخۆییە، واتە تێگەیشتنی تەواو لە زەین لە ڕێگەی زەینەوە کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە. دەرئەنجامی ئەو بۆچوونە لە کۆمەڵناسیدا بەو جۆرەیە کە، هەر وەك چۆن لە پانتای هزردا لە ڕووی فەلسەفییەوە گەیشتن بە هەڵوێستێکی بالاَ ئاستەمە؛ لە ڕووی کۆمەلاَیەتیشەوە گەیشتن بە هەڵوێستێك کە بکرێ بەسەر هەموو کۆمەڵگادا زاڵ بێ و کۆمەڵگا بگۆڕێ دژوارە. بە پێی ئەو بۆچوونە کانتییە، ڕەخنەی ئیستعلایی ژیانی کۆمەلاَیەتی دەست نادا؛ چونکە هەر ڕەخنەیە تەنیا ڕەخنەیەکی دەروونییە. هەر وەك چۆن لە تیۆری ناسینی زەیندا کاتێ دەگەینە پانتای ئەو ڕێسایانەی ناناسرێن دەبێ دەست لە ناسینیان بکێشینەوە، لە تیۆری کۆمەلاَیەتیشدا کاتێ دەگەینە پانتای هاوبەش لە ڕێسا و نەریتە سەرەکی و پێکهێنەرەکانی ژیانی کۆمەلاَیەتی دەبێ دەست ڕاگرین. ئەو پانتایە ئیتر پانتای ڕەخنە و تاوتوێ کردن نییە و دەبێ باوەڕی پێ بێنین، هەر چەندە گۆڕانی بەسەردا دێ و گەشە دەکا. بەو پێیە نەزمی سەرەکی کۆمەڵگا، بە پێچەوانەی عەقلانییەتی دیکارتی، بەرهەمی عەقڵی ڕێبەرو سەردەستی مرۆڤ نییە؛ دەست نەدانی پلاندانانی کۆمەلاَیەتیش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتە. بۆچوونەکانی هایك بۆ ڕەت کردنەوەی پلاندانانی گشتی وێچووتر لە بۆچوونەکانی پۆپەر بوو. پۆپەر دەڵێ چونکە ئێمە ئاگاداری وربەکارییەکانی ژیانی کۆمەلاَیەتی نین و کۆمەڵگاش بەردەوام لە گۆڕان دایە، کەواتە ناتوانین پلانێکی گشتی بۆ کۆمەڵگا دابرێژین؛ بەلاَم لە تیۆری هایکدا ئاستەنگییەکانی پلاندانان بنچینەییترن. بە بۆچوونی ناوبراو بەشێکی بەرچاوی ئەو ناسینەی بناخەی ژیانی کۆمەلاَیەتییە تایبەتمەندییەکی کرداری، واتە

---

1. Friedrich August von Hayek, The constitution of liberty, London, 1960, p. 24.

نازانستی، هەیە. ناسینێکی ئەوتۆ ناچێتە چوارچێوەی زەینێکەوە، چونکە ناوەڕۆکی ڕێوڕەسم و نەریتەکانن؛ و ئەو داب و ڕسمانە لە ڕێگەی هەندێ ڕێساوە ڕەفتاری ئێمە کۆنترۆڵ دەکەن کە زۆربەیان نەناسراون. کەواتە هەر چەشنە پلاندانانێك دەچێتە خانەی *بەرواڵەت ناسینەوە*.[1] هەڵسوکەوتی ئێمە بە پێی ئەو یاساو ڕێسایانەیە کە زانیارییەکی تەواومان لەسەریان نییە و عەقڵی ئێمەش دەچێتە چوارچێوەی ئەو پرەنسیپە نەناسراوەوە. بەو پێیە نوێژەن کردنەوەی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی عەقلانی و هەروەها شۆڕش کارێکی بێ کەڵك و لەخۆڕایە. دیسیپلینی کۆمەڵگا بەرهەمی پلانێکی عەقلانی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی خۆرسکە. هایك چەمکی *نەزمی خۆرسك* (Catallany) ڕووبەڕووی *سەفسەتەی بنیاتنان* ( Constructive fallacy) دەکاتەوە. ئەگەر نەزمی کۆمەڵگا بەرهەمی عەقڵێکی ڕێنوێنیکەر نەبێ و ئەگەر زەینی مرۆڤ بەرهەمی گەشەکردنی کلتوری بێ ئەوسا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دیسیپلینی کۆمەڵایەتی بابەتی ڕێنوێنی وشیارانە و پلاندانانی عەقلانی نییە. شارستانییەت بەرهەمی پلان و بەرنامە نییە. ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە شارستانییەت بەرهەمی پلان و بەرنامەیە لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونە ناڕاستەن کە عەقڵی مرۆڤ بابەتێکی جیا لە کۆمەڵگایە. هایك باس لە دوو جۆرە عەقلانییەت دەکا: یەکەم، عەقلانییەتێك کە بەلای بنیاتنان (Constructive rationality)دا دەشکێتەوە کە بناخەکەی باوەڕ بە ناسینی تەواو و ڕێنوێنی کۆمەڵگایە و پێگەی هزری سۆشیالیزم و پلاندانانە. دووەم، عەقلانییەتی گەشە کردوویە (Evolutionary rationality) کە جەخت دەکاتە سەر گەشەکردنی هێدی و هێور و خۆرسکی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان. بە وتەی هایك (لە زمان گێڕییەوە): «هەڵەکانی ئەو عەقلانییەتەی بەلای بنیاتنانەوە دا دەشکێنەوە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دوالیزمی دیکارتیدا هەیە؛ واتە وێناندنی بوونی زاتێکی زەینی و سەربەخۆ و لە دەرەوەی سروشت ئەو توانایە بە مرۆڤ دەبەخشێ کە پلان بۆ بونیادە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان داڕێژێ.»[2]

هایك لەو باوەڕە دایە کە بێرنارد ماندویل بۆ یەکەم جار مۆدێلی گشتی گەشەکردنی خۆڕسکی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك ئەخلاق، حقووق، زمانو ئابووریدا دۆزیوەتەوە. بە باوەڕی ناوبراو ئەو گەشەکردنە خۆڕسکە دەکرێ لە بایۆلۆژی و پەرەسەندنی کاکەشانەکاندا

1. Pretence to knowledge
2. Gray, Hayek on liberty: oxford, 1984, p. 27.

دەستنیشان بکرێ. زەین و هزریش پەیڕەوی لە گەشەکردن و پەرەسەندنی خۆڕسك دەکەن، عەقڵ دیسیپلینی خۆڕسك لە ژیانی زەیندا لێکدەکاتەوە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەفلاتونی، ڕەنگدانەوەی سروشت و مۆسۆلی بێ کۆتایی و نەگۆڕ نییە. ئەو عەقلانییەتەی بەلای بنیاتنان دا دەشکێتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە جەخت دەکاتە سەر دەستێوەردان و پلاندانانی عەقلانی، گەشەکردنی خۆڕسکی زەین و پەرەسەندنی زەین لەبەر چاو ناگرێ. هایك لە دوو ڕووەوە باس لە نەزمی خۆڕسك لەمەڕ کۆمەڵگا دەکا: یەکەم، بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، هەرچەندە لە ڕێگەی کردەوەی مرۆڤەوە بەدی دێن، بەڵام بەرهەمی پلان و بەرنامەی وشیارانەی مرۆڤ نین و دەستێکی شاراوە لەکار دایە لە پێکهاتنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندا. بە شێوەیەکی تر دەکرێ بڵێین هایك بونیادە ئیرادی و دەسکردەکان لە بونیادە خۆڕسك و هەڵقوڵاوەکانی کردەوەی نائیرادی و ناوشیارانەی مرۆڤ جیا دەکاتەوە. بونیادە و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆڕسکی کۆمەڵگادا پەیڕەوی پرەنسیپی هەڵبژاردنی سروشتین «سەرچاوەی سەرەکی نەزمی کۆمەڵایەتی...بڕیارێکی وشیارانە نەبووە بۆ گرتنەبەری هەندێ ڕێسای گشتی تایبەت... ئەوەی بۆتە مایەی لە دایك بوونی کۆمەڵگای گەورە سەپاندنی وشیارانەی ڕێساکانی کردەوە نەبوو، بەڵکو گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەو ڕێسایانە بوو لە ناو خەڵکانێکدا کە بۆچوونێکی ئەوتۆیان دەربارەی ئەنجامی بینینە گشتییەکانی خۆیان نەبوو.[1] پێشکەوتن، واتە دۆزینەوەی ئەو بابەتەی تا ئێستا نەناسراوە... شارستانییەت هەمان پێشکەوتنە و پێشکەوتن هەمان شارستانییەتە.»[2] لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ناسینی بەکردەوە (Implicit knowledge) دەکەوێتە پێشەوەی ناسینی ڕێكوپێك و زانستی؛ واتە ناسینی ئێمە لە جیهانی کۆمەڵایەتی سەرەتا ناوەڕۆکی کردەوەکانی ئێمەیە و دواتر لە تیۆرکاندا دەردەکەوێ. دووەم هایك لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی هەڵبژاردنی سروشتی لەناو نەریتە هاوڕکەکاندا باس لە چەمکی نەزمی خۆڕسك دەکا؛ گەشەکردنی کلتوری بەرهەمی ئەو ڕەوتەیە. کۆمەڵگا، هەر وەك پێشتر باسکرا، بوونەوەرێکی ئامانجدار و دەسکرد نییە، هەرچەندە لە درێژەی ڕەوتی گەشەکردنی خۆڕسکی بونیادەکاندا بەرژەوەندی ئەندامانی دابین

1. Friedrich August von Hayek, Law, Legislation and Liberty (vol. III): The Political Order of a Free People, London, 1979, p.33.
2. Constitution of liberty, pp. 39, 41.

دەبێ. سیستەمی ئابووری سیستەمێکی نادەسکردە و پەیڕەوی لە پڕەنسیپی هەڵبژاردنی سروشتی و گەشەکردنی خۆڕسك دەکا. چەمکی نەزمی خۆڕسك پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ چەمکی بازاڕی ئازاددا هەیە. بازاڕ گرنگترین نموونەی سیستەمێکی خۆڕسکە کە لە توانا و ناسینی پرش‌وبڵاوی تاکەکان کەڵك وەردەگرێ. سیستەمی بازاڕ دابینکەری ئەو بابەتەیە کە سەرجەمی زانست و مەعریفەی لێرەولەوێی کۆمەڵگا لەبەر چاو بگیرێ و کەڵکی لێوەرگیرێ. «بازاڕ تاکە میتۆدێکە کە تێیدا، بە بێ دەستێوەردانی زۆرەملی و سەرسەرییانەی دەسەڵات، کار و چالاکییەکان لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگ دەبن.»[1] بازاڕ وەك تاکە ڕێگەی بەرژەوەندی هەمووان ئامانجە نائابوورییەکان لێك گرێ دەدا، بە بێ ئەوەی ئامانجە گرنگەکان بخاتە پێشەوەی ئامانجەکانی تر؛ چونکە سیستەمێکی ئەوتۆ تەنیا خاوەنی زنجیرەپلەیەکی یەکەی نیازەکان نییە. لە ئابووری بازاڕدا گەشەکردنی خۆڕسك لە چەشنی گەشەکردنی جۆرەکانی داروینییە و کۆمپانیا لێهاتووەکان براوەن.

هایك باوەڕی وایە کە ناکرێ سیستەمی ئابووری لەگەڵ ڕێکخراوە دەسکردەکانی وەك سوپا و کۆمپانیایەکی بازرگانی و قوتابخانەدا پێك بگرین‌و پێمان وابێ بازاڕیش هەر وەك ئەو ڕێکخراوانە ئامانجێکی لە پشتە. ناوبراو بە مەبەستی جیا کردنەوەی پانتای ئاڵۆوێری کۆمەڵایەتی لە ڕێکخراوە دەسکردەکان وشەی کاتالاکسی (Catallaxy) بەکار دێنێ، بە واتای دیسیپلینێکی خۆڕسك لە چەشنی *دەستی شاراوەی* ئادام سمیت. هایك لە پێناسە کردنی ئەو چەمکەدا دەڵێ: «کاتالاکسی دیسیپلینێکە کە لە ڕێگەی هەماهەنگی و یەکتر قبووڵ کردنی دوو لایەنەی زۆربەی ئابوورییە تاکەکەسییەکان لە بازاڕدا سەری هەڵداوە. کەواتە کاتالاکسی دیسیپلینێکی خۆڕسکی تایبەتە کە لە ڕێگەی بازاڕ و بە هۆی کردەوەی تاکەکان لە یاساکانی خاوەندارێتی، سزادان و گرێبەستەکاندا پێکدێ.»[2] هایك لەو باوەڕە دایە کە بۆ وەسفی پێوەندییەکانی بازاڕ وشەی ئابووری لەچاو چەمکی کاتالاکسی وشەیەکی ناتەواو و بەرتەسکە. بە بۆچوونی هایك لە کاتالاکسیدا بەدواداچوونی بەرژەوەندی تایبەت، بەرژەوەندی گشتی لێدەکەوێتەوە و لە ڕووی کارلێهاتوویی و بێ لایەنییەوە هیچ ڕێکخراو و بونیادەیەکی

---

1. Friedrich August Von Hayek, the Road to Serfdom, London, 1944, p. 27.
2. Friedrich August Von Hayek, Law, Legislation and Liberty (vol. II): The Mirage of Social Justice, London, 1979, pp. 108-109.

دەسکرد ناتوانێ ببێتە ئەڵترناتیڤی کاتالاکسی. «سوود و زیانەکانی سیستەمی بازاڕ دەرئەنجامی پرۆسەیەکە کە کاریگەری لەسەر تاکەکان بابەتێکی وشیارانە نییەو لە کاتی دامەزرانی ئەو پێکهاتانەشدا بیر لەو بابەتە نەکراوەتەوە. هۆی مانەوەی ئەو پێکهاتانە ئەوەیە کە دەبنە مایەی گەیشتنی بەشێکی زۆری خەڵك بە ویست وخواستەکانیان.»[1] پرۆسەی بازاڕ نە دادپەروەرانەیە و نە نادادپەروەرانە، چونکە دەرئەنجامەکان پێشبینی نەکراون؛و پشت بە کۆمەڵێك بارودۆخەوە دەبەستێ کە هیچ کەس بەتەواوی ئەو بارودۆخانە ناناسێ.»[2] کەواتە بە بۆچوونی هایك چاوەڕوانی دادپەروەری لە پرۆسەی بازاڕ چاوەڕوانییەکی لەخۆڕایە. بەباوەڕی ناوبراو تەنیا کردەوەی مرۆیی هەڵدەگرێ وەك دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانە ناوزەد بکرێ و دەربارەی بارودۆخەکان ناتوانین حوکمێکی ئەوتۆ دەرکەین. «ڕاستەقینە یان بارودۆخێك کە کەس ناتوانێ بیانگۆڕێ، ناکرێ دادپەروەرانە یان نادادپەروەرانە ناوزەد بکرێن. باس لە دادپەروەری ئەو واتایەی هەیە کە کەس یان کەسانێك *دەبێ* یان *نابێ* کردەوەیەك ئەنجام بدەن؛ئەو دەبێ و نابێیە خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکە بە بوونی هەندێ ڕێسا کە ئەو ڕێسایانە هەندێ بارودۆخ دەستنیشان دەکەن، بە چەشنێك کە لەو بارودۆخانەدا کردەوەیەکی تایبەت یان مەنع دەکرێ یان بە ئەنجام گەیاندنی پێویستە.» بە بۆچوونی هایك *ئەگەر* پێمان وابێ شێوەی دابەشینی ئیمتیاز و بێ بەشییەکان لە سیستەمی بازاڕدا دابەشینێکی بە ئەنقەستە ئەوسا دەکرێ بڵێین بازاڕ لە زۆر بواردا نادادپەروەرانەیە؛بەڵام ڕاستی بابەتەکە بەو شێوەیە نییە.» نایەکسانی و ناڕەوایی ناوەڕۆکی سیستەمی بازاڕن؛بەڵام لە ڕوانگەی هایکەوە بوونی نایەکسانی و بێ عەدالەتی لە سیستەمی بازاڕدا نە تەنیا شتێکی بێ ئەملاوئەولایە بگرە سوودمەندیشە، بە تایبەت چونکە نایەکسانی بەشێکی پێویستی پرۆسەی بەشارستانییەت بوونە.

لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوەیە کە هایك هێرش دەکاتە سەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، سۆشیالیزم، ئابووری پلان بۆ دانراو و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا. بە باوەڕی ناوبراو ئابووریزانانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیو دەوڵەتی کینزی بە هەڵە لە کاتالاکسی، واتە دیسیپلینی خۆڕسکی ئاڵووێرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، تێگەیشتوون و لەگەڵ کردەوەی

1. Ibid, pp. 64-65.
2. Ibid, p. 70.

ڕێکخراوە دەسکرد و ئامانجدارەکاندا لێیان تێکچووە. دیسیپلینی ڕێکخراوە دەسکردەکانی وەك کۆمپانیا و قوتابخانە، گرێدراوی دیسیپلینی سیستەمە خۆڕسکە بەرفراوانەکانە. دانانی پلان بۆ سیستەمە خۆڕسکەکان لە چەشنی دانانی پلان بۆ سیستەمە دەسکردەکان، بە زیانی ئازادییە تاکەکەسییەکانە. سیستەمی بازاڕیی بە هۆی دیسیپلینی خۆڕسکی خۆیەوە خاوەنی *پلانی* ناوخۆیی خۆبەڕێوەبەرە و هیچ پلان و گەڵاڵەیەك ناتوانێ جێگەی بگرێتەوە. زانستی بەکردەوەی پڕشوبڵاو لە سیستەمی خۆڕسکی بازاڕدا دەبێتە مایەی هاوسەنگی لە ژیانی ئابووریدا؛و ئەو زانستە پلانی بۆ دانانرێ و دیاردەیەکی خۆڕسکە. ئەو زانستە، وەك ڕێساکانی سەروو زەین، دەکەوێتە پشتەوەی چاودێری هۆشیارانەی ئێمە. گرفتی سەرەکی لە پلاندانانـدا ئەوەیە کە پلانداڕێژان هەوڵ دەدەن زانستی بەکردەوەی بازرگانان و سەرمایەدانەران بکەنە شێوازی تیۆریك بەمەبەستی کەڵك وەرگرتنی باشتر لە سەرچاوەکان. بەڵام سیستەمی پلاندانان بە دەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنێ کە هیچ مکانیزمێکی نییە بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری، واتە خاوەنی سیستەمی ئازادی نرخەکان نییە. هیچ سیستەمێکی تر ناتوانێ زانستی بەکردەوەی پڕشوبڵاو پێك بێنێ کە بنەمای سیستەمی بازاڕییە. پلاندانانی سۆسیالیستی تەنیا کاتێ دەتوانێ ببێتە جێگری پرۆسەی بازاڕ کە زانستی تیۆری ببێتە جێگری زانستی بەکردەوە لە سەرجەم کۆمەڵگادا؛ بە باوەڕی هایك شتێکی ئەوتۆ هیچ کات نایەتە دی. لە پلاندانانی سۆسیالیستیدا زانستێکی گشتی پێویستە ئەویش دەکەوێتە سەرشانی تاکێك کە تەواو خۆی ناسیبێ و لە بارودۆخێکی سەقامگیردا بژی؛ بە سەرنجدان بە سروشتی مرۆڤ و مێژووی کۆمەڵگا شتێکی ئەوتۆ نەگونجاوە. بەکردەوەش سەرجەم ئابوورییە بە ناو سۆسیالیستییەکان پشت بە زانست و ناسینی بە کردەوەی پڕشوبڵاوی پلان بۆ دانەنراو و لە سیاسەتەکانی خۆیاندا پشت بە زانیاری نرخەکان لە ئاستی جیهانەوە دەبەستن. بە بۆچوونی هایك سیاسەت و پلانە سۆسیالیستییەکان تەنیا سێبەری پرۆسەکانی بازاڕن، ئەو بازاڕەی لە سۆنگەی دەستێوەردانە سیاسییەکانی دەوڵەتەوە تووشی پەشێوی هاتووە. کەواتە هایك باس لە نالێهاتوویی و کەموکوڕییەکانی ئابووری پلان بۆ دانراو ناکا بەڵکو باس لە *نەگونجاو بوونی* دەکا. بەو پێیە نەگونجاو بوونی سۆشیالیزم بابەتێکی مەعریفە ناسییە، واتە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە سیستەمە بازاڕییەکەی لێك بڵاو بوو بێ، ناتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر کەڵك لە ناسین و زانستی بە کردەوە و پڕشوبڵاوی هاووڵاتیانی وەربگرێ. ئاکامی بارودۆخێکی ئەوتۆ پەشێوی و

پاشاگەردانییە، چونکە تاکەکان لە نەبوونی هێماکانی سیستەمی نرخەکاندا ناتوانن بەلای بەرژەوەندی گشتیدا بشکێنەوە؛ لە ئاکامدا پاشەکەوتی زانستی بە کردەوەی پرش‌وبڵاو بەرەو کۆتایی دەچێ. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا تەنیا سەرهەڵدانی بازاڕی ڕەش دەتوانێ بەر بە کەوتنی کۆمەڵگا لە چاڵاوی ئابووری بژێوی بگرێ. کەواتە پلاندانان و سۆشیالیزم دەرئەنجامی لەبەر چاو نەگرتنی ڕۆڵ و دەوری مەعریفەناسانەی بونیادە و پرۆسەکانی بازاڕیین. سۆسیالیستەکان ناتوانن لە تایبەتمەندی سەرەکی سیستەمی بازاڕی وەك شێوازی دۆزینەوەی ناسین و زانیاری دەربارەی ئەولەوییاتی تاکەکان تێبگەن. سەرجەم بونیادەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت بونیادە بازاڕییەکان، هەڵگری ناسین و زانیارین. بازاڕ وەك گرنگترین ڕهەندی پێکهێنان و دابەشینی ناسین و زانست بنەمای سیستەمی کۆمەڵایەتییە.

هایك هەروەها لەو باوەڕە دایە کە گەشەکردنی کلتور بەرهەمی ململانێی نێوان بونیادە و نەریتە جۆراوجۆرەکان و *هەڵبژاردنی سروشتی* بونیادە و نەریتە بەهێزەکانە، کە هەڵگر و ڕەنگدانەوەی ناسینی باشترن. ڕێساو پرەنسیپە ئەخلاقییەکان و نەریتەکان هێدی هێدی دەپاڵێورێن و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان لە ئاکامی کردەوەی هەزاران تاکەوە چارەسەر دەکرێ. ئەو ناکۆکی و گرژییانە سەرچاوەی گەشەکردنی کلتورین. ئەخلاق‌و کلتوری تاکەکەسیش هەر بەو شێوەیە گەشە دەکا. ئەو خاڵە یەکێکە لە خاڵەکانی جیاوازی نێوان هزری لیبراڵی هایك و هزری کۆنسەرڤاتەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕوانگەی هایکەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەواو عەقلانی نییە، واتە هەموو کردەوەکانی بەلای ئامانجی عەقلانیدا ناشکێتەوە. هەندێ لەو دەستوورانەی مرۆڤ پەیڕەوییان لێ دەکا دەکەونە *پانتای بان هوشیارییەوە* و دەرك ناکرێن. ئێمەمانان لە پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە فێرە دەستووری کردەوەی خۆمان دەبین؛و هیچ کات بە شێوەیەکی هوشیارانە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی عەقلانی ئەو دەستوورانە ڕەچاو ناکەین. ئامانجەکانیش لە لایەن ئەو دەستوورانەوە دەستنیشان دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێکی بەرچاوی زانستی ئێمە زانستی بە کردەوە و *ئەزموونییە*. کەواتە ڕفتاری عەقلانی لە مرۆڤ دا زاڵ نییە. بە کورتی لە ڕوانگەی هایکەوە عەقلانییەت بە واتای پەیڕەوی کردنە لە دەستوورە باوەکانی کردەوە. کۆمەڵگایەك کە لە تاکی تەواو حیسێبگەر پێکهاتبێ، تووشی پەشێوی دەبێ، هایکیش هەر وەك لیبراڵەکانی سەدەکانی پێشوو، لەو باوەڕە دایە کە مەرجی

سەقامگیری و ئازادی تەسلیم بوونە لە بەرانبەر پەیمان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەك. دەستووری کۆمەڵایەتی وەك ڕەهەندی ناسینی بە کردەوە یەکێکە لە پێداویستییەکانی دیسیپلینی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، نەناسراو مانەوەی ئامانجەکانی دەستوورە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی بەردەوامی دیسیپلینی خۆڕسك.

تەوەرەی هزری سیاسی هایك چەمکی ئازادییە. ئەوەی تا ئێستا باسکرا، واتە گەشەکردن و پێشکەوتن و دیسیپلینی خۆڕسك، بەرهەمی ئازادییە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە «ئازادی تەنیا بەها نییە... سەرچاوە و مەرجی ئەخلاقیترین بەهاکانیشە.»[1] هایك لایەنگری چەمکی نێگەتیڤی ئازادییە. ئازادی بەو واتایە نەبوون و ڕەت کردنەوەی هەلومەرجی نەخوازراوە. «سێ بابەت نێگەتیڤی گەورەن: ئاشتی، ئازادی و عەدالەت.»[2] (دواتر باس لە ڕوانگەی هایك دەربارەی عەدالەت دەکەین). لە ڕوانگەی هایکەوە هەر چەشنە زۆرێکی دەرەکی دوژمنی ئازادی تاکەکەسە: «زۆر بەو هۆیە نەخوازراوە کە تاکەکەس وەك بوونەوەرێکی خاوەن بیر و بەهادانەر دەسڕێتەوە؛و دەیکاتە ئامرازێکی ساکار بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی تر.»[3] بە بۆچوونی هایك ئەوەی هەندێ لە بیرمەندان پێی دەڵێن ئازادی پۆزەتیڤ، واتە بوونی بواری کردەوە، پێوەندییەکی ڕاستەوخوی بە چەمکی ئازادی نێگەتیڤەوە نییە: «ئازادی تەنیا ئاماژە دەکاتە سەر پێوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر؛ و دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئازادی تەنێ لە زۆر و باڵادەستی دا دەردەکەوێ. واتای ئەو وتەیە ئەوەیە کە گوڵبژێر کردنی بەرژەوەندییە ماددییەکان لە لایەن مرۆڤەوە لە هەر سەردەمێکدا هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئازادییەوە نییە. شاخەوانێك کە لە ناو ڕەوەزە بەردێکی چڕدا حاسێ بووە و تەنیا یەك ڕێگەی لەبەرە بۆ ڕزگار کردنی ژیانی، بێگومان ئازادە.»[4] بە کورتی، ئازادی ناوەڕۆکی توانایی ئێمە بو ئەنجامدانی کردەوەیەك نییە؛بەڵکو گرێدراوی پێوەندی تاکە ئازاد و سەربەخۆکانە لەگەڵ یەکتردا. مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی هەڵیبژاردووە هەنگاو دەنێ. بوونی ئامراز و کەرەسە و *دەسەڵاتی* گەیشتن بەو ئامانجە ناچێتە چوارچێوەی باسی ئازادییەوە.

---

1. Constitution of liberty, p. 6.
2. The Political order of a free people, p. 130.
3. The Political order of a free people, p. 130.
4. Constitution of liberty, p. 21.

ئازادی هیچ پێوەندییەکی بە خاوەندارێتی سەرچاوە و کەرەسە ماددییەکانەوە نییە، بەڵکو، هەر وەك دواتر باس دەکەین، هزری نادروستی عەدالەتی دابەشینییە[1] کە دەبێتە هۆی دروست بوونی بۆچوونێکی ئەوتۆ لە پێوەندی ئازادی و دەسەڵاتدا.

نرخی ئازادی لە دروست کردنی قەتعییەت و ئاسوودەیی خەیاڵدا نییە، بەڵکو لەو بابەتانە دایە کە پێشبینی ناکرێن و بەرهەمی وەدیهاتنی ئازادین: «نرخی ئازادی زۆرتر لەو هەل و دەرفەتە دایە کە بۆ سەرهەڵدانی بابەتێکی پلان بۆ دانەنراو دەستەبەری دەکا.[2] داکۆکی کردن لە ئازادی تاکەکەسی زۆرتر پشت بە دانپێدانانی ئێمەوە دەبەستێ بە نەزانیمان لە پێوەندی لەگەڵ زۆربەی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان هەیە لە سەر ئامانج و ئاسوودەیی ئێمەدا... ئازادی بۆ ئەو بابەتانەی پێشبینی ناکرێن پێویستە تا ڕادەیەك بمێنێتەوە.»[3] لێرەوەیە کە ئازادی وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی ڕەوتی گەشەکردنی خۆڕسك دێتە ژمار. «ئازادییەك کە پێشاوپێش دەرئەنجامە پۆزەتیڤەکانی دیار بێ ئازادی نییە. ئەگەر بمانزانیبا ئازادی چ کەڵکێکی هەیە، هۆی ویستی ئازادی لەناو دەچوو... ئازادی بەناچار بەو واتایەیە کە زۆر شت دێتەدی کە ئێمە خوازیاری ئەو شتانە نین. بڕوا و متمانەی ئێمە بە ئازادی پشت بە دەرئەنجامەکانی شیاوی پێشبینی لە بارودۆخێکی تایبەتدا نابەستێ، بەڵکو بنەماکەی ئەو بۆچوونە گشتییە کە ئازادی زۆرتر بە قازانجمانە نەك بە زیانمان.»[4]

تێگەیشتنی هایك لە ئازادی پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تێگەیشتنی ناوبراو لە حقووق و ئەخلاق هەیە. ژیانی ئەخلاقی تاك ڕەنگدانەوەی دیسیپلینی خۆڕسکە. ئەخلاقیش هەر وەك حقووق و زمان، بە بێ پلان و گەڵاڵەی پێشتر دارێژراو هەڵقوڵاوی ناخی ژیانی هاوبەشی مرۆڤەکانە. پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لەخۆ گری ئۆتۆریتە و فەرماندەری نین؛و بەر لە سەرهەڵدانی دەوڵەت لە دایك بوون. ناوەڕۆکی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان نەگۆڕ نییە، بەڵکو بە پێی نیاز و پێداویستی و بارودۆخی مرۆڤەکان و گەشەکردن و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا دێ. لەگەڵ ئەوەشدا هایك، هەروەك دەیڤید هیوم، لەو باوەڕە دایە کە جەوهەری

---

1. Distributive justice
2. Constitution of liberty, p. 61.
3. Ibid, p. 29.
4. Ibid, p. 31.

ئەخلاق بابەتێکی نەگۆڕ و هەر وەك هیوم ئەخلاق وەك یاسا سروشتییەکان ناوزەد دەکا، واتــە ئەخلاق پێوەندی بە سروشتی مرۆڤ و دۆخی مرۆییەوە هەیە. وەفادار بوون بە بەڵێن و پــەیمان، بەردەوامی خاوەندارێتی و گواستنەوەی ماڵ بەپێی ڕێککەوتن ســێ مــافی سروشــتی لــەگۆڕان نەهاتوون کە خۆشی و ئاسوودەیی مرۆڤ دەستەبەر دەکەن.

ئازادی و یاسا پێوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. بە باوەڕی هایــك ئــازادی تاکەکەســی بەرهەمی یاسایە؛ و لە دەرەوەی کۆمەڵگای مەدەنیدا بوونی نییە؛ و حکومەتی یاســا ناچــارە ئازادی تاکەکەسی بپارێزێ. بەڵام دەبێ بزانین یاسا لە هزری هایکــدا هــەڵگری چ واتایەکــە و چۆنە ڕەخنەکانی وەك ئەوە کە یاسا ڕەنگە ئازادی تاکەکەسی سەرکوت بکا، ڕەت دەکاتــەوە. لە هزری هایکدا پێوانەی یاسا پێوانــەی کــانتی هــەمووانی بوونــە؛و یاســا خــۆی بەرهــەمی گەشەکردنی ئەخلاقی کۆمەڵگایە: «جیهانی کۆمەڵگا لــە درێــژماوەدا دەکەوێتــە ژێردەســتی هەندێ پرەنسیپی ئەخلاقی کە خەڵکی باوەڕیان پێی هەیە. تاکە پرەنسیپی ئەخلاقی کە بۆتــە مایەی گەشەکردنی ژیار و شارستانییەت پرەنسیپی ئازادی تاکەکەسییە، واتە لە دانی بڕیاردا پرەنسیپەکانی ڕەفتاری عادیلانە دەستی تاك دەگرن نە دەستووورە تایبەتەکان.»[1] هایك یاسا و حقووق لە سەروەری جیــا دەکاتــەوە. نــاوبراو هێــرش دەکاتــە ســەر چــەمکی ســەروەری لــە تەواوییەتی خۆیدا؛ و لەو باوەڕە دایە کــە ئــەو چــەمکە یەکێکــە لــە هەڵــە ســەرەکییەکانی پۆزەتیڤیزمی حقووقی.[2] بە باوەڕی هایك لە سیســتەمی یاســامەند دا *ئــیرادەی* هــیچ کــەس پەیڕەوی لێ ناکرێ؛و یاسا ڕەنگدانەوەی ئیرادەی دەسەڵاتدار نییە. بە بۆچــوونی هایــك یاســای ڕاستەقینە دەربڕینی ئەو پرەنسیپانەیە کە خەڵکی پەیڕەوی لێدەکەن بە بێ ئەوە کەســێك ئــەو پرەنسیپانەی بە گوێی خەڵکدادا بێ. لەڕاستیدا حکومەتی یاسا حکومەتی *سەرووحقووقی* بە واتای باوە. هەر بەو هۆیە هایك یاســای بنیــاتی (Nomous) یــان پرەنســیپەکانی ڕەفتــاری عــادیلانە لە دەستووورە حکوومییەکان جیا دەکاتەوە: یاسای بنیاتی یان پرەنسیپەکانی ڕەفتاری

---

1. The Political Order of a Free People, p.151.

2. Legal Positivism

بیرۆکەیەکە دەربارەی سروشتی قانون کە ئەو دوو پرەنسیپەی خوارەوە وەك تایبەتمەندی سەرەکی ئەو بیرۆکەیــە سەیر دەکرێن: ١- لە نێوان ئەخلاق و قانووندا پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەئارادا نییە" ٢- ئیعتیبــاری قــانون دواجار لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕاستییە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتی و تایبەتەکانەوە دیاری دەکرێ.

عادیلانە بەرهەمی ئازادی و ئەخلاقە، *نێگەتیڤ* یان نکۆڵیکەر و پێشگیرانەیە و ئازادی تاك بەتەواوی دەستەبەر دەکا و دەسدرێژی تاکەکان بۆ سەر یەکتر ڕەت دەکاتەوە؛دەستوورە حکوومییەکان ڕەنگدانەوەی زۆرینە و دەسەڵاتن و سنوورەکانی ئازادی تاك دەستنیشان دەکەن. هەر دەستوورێك بە حوکمی ئەوە وەك *یاسا* ناودەبرێ ڕەوا نییە. *ڕەوایی یاسا باوەکان* لە گونجانیان لەگەڵ یاسا بنیاتی و گشتییەکان دایە. ڕەنگە *یاسا باوەکان*، واتە دەستوورە حکوومییەکان، ستەمکاریانە دەرچوو بن و دواجار ئازادی نێگەتیڤ بخەنە مەترسییەوە. بە باوەڕی هایك پێوانەی عادیلانە بوونی هەر پڕەنسیپێك (لە سەردەمی کانت بەولاوە) لە ڕێگەی گشتی بوونی ئەو پڕەنسیپەوە وەسف کراوە. یاسا نابێ باس لە میسداقەکان بکا و تەنیا لەسەر گرووپێکی تایبەت بەرێوەبچێ. پەیڕەوی لە یاسا، بەو واتایە، پەیڕەوی لە تاك نییە. یاسای عادیلانە دەبێ لە هەموو بوارەکاندا هاوئاهەنگ بێ و بێ لایەنە بکرێ بەرێوە بچێ. لەسەر ئەو بنەمایە بڕیارە دەوڵەتییەکان بۆ دەست خستنە ناو کاروباری ئابووری، کە قازانج یان زەرەدی هەندێ گرووپی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، دەستوورگەلێکی ناعادیلانەن؛و وەك یاسا بە واتای دروستی وشە نایەنە ژمار.

بەکورتی، لە ڕوانگەی هایکەوە حقووق و یاسا بەشێکن لە مێژووی سروشتی مرۆڤ ؛ لە پێوەندی نێوان مرۆڤەکانەوە سەریان هەڵداوە و دەکەونە پێش لە دایك بوونی دەوڵەت. یاسای ڕاستەقینە و بنیاتی دەکەوێتە هەمبەر یاسادانانەوە (Thesis) کە لە دیموکراسییە زۆرینە و لە تیۆری پۆزەتیڤیزمی حقووقیدا جەختی لەسەر کراوە. لە دیموکراسییە زۆرینەکانی هەنووکەییدا، بە ناڕەوا بۆچوونی زۆرینە وەك یاسا سەیر دەکرێ؛لە کاتێکدا دەوڵەت دەبێ خۆی پەیڕەوی لەو یاسا بنیاتییە بکا کە دەستنیشانی دادپەروەری و سنوورەکانی ئازادی تاك و دەسەڵاتی دەوڵەت دەکا. کەواتە هایك وەك حکومەتی یاسا (Rechtstaat) داکۆکی لە دیموکراسی دەکا نە وەك دەسەڵاتی زۆرینە. بەڵام بە بۆچوونی هایك ترسناکترین مەترسی ئەو دواییانە لەسەر عەدالەت و یاسا لە لایەن هزری دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزمەوەیە نەك لە لایەن دیموکراسی زۆرینە و پۆزەتیڤیزمی حقووقییەوە. بەباوەڕی هایك، هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دادپەروەری بە واتا مانادارەکەی تەنیا بەکردەوەکان دەگوترێ نەك بە بارودۆخەکان. هەروەها، پرنسیپەکانی دادپەروەری لە ڕووی سروشتەوە نکۆڵیکەرن؛ واتە ئامانجیان ڕەت کردنەوەی بێ عەدالەتی تاکەکانە دەرحەق بە یەکتر نە پێکهێنانی دۆخێکی

عادیلانە. بەڵام دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە واتا نوێیەکەی نەك هەر بۆ کردەوەی تاکەکان بگرە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتیش بەکار دەبرێ. «هانا بردنە بەر بیرۆکەی (دادپەروەری کۆمەڵایەتی) هەنووکە یەکێکە لە باوترین و کاریگەرترین باس و بابەتەکانی سیاسی. بەشی زۆری داخوازی هەوڵ و هەنگاوەکانی حکومەت دەربارەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەو ناوەوە دەخرێنە ڕوو.»[1] بەڵام بە باوەڕی هایك چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕەتکەرەوەی پرەنسیپەکانی یاسای عادیلانە و ئازادییە. ناوبراو باوەڕی ئایە کە حکومەتی یاسا دەبێ بە شێوەیەکی وەك یەك و یەکسان لەگەڵ تاکەکاندا مامڵە بکا و گوێ نەداتە نایەکسانی تاکەکان لە دەستوێڕاگەیشتن بە هەل و ئیمکانەکان. هەوڵدان بۆ یەکسانسازی و سڕینەوەی ئەو چەشنە جیاوازی و نایەکسانییە سەرەتاییانە خۆی دەبێتە مایەی ڕفتاری نایەکسان و جیاواز لەگەڵ تاکەکاندا و ناڕوایی لێدەکەوێتەوە. هەروەها ئەو چەشنە هەوڵانە دەبنە مایەی ئاوەڵا بوونی زیاتری دەستی حکومەتان هەتا بە بیانووی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە سەر ژیانی خەڵکدا زاڵ بن. لە هزری دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵگا لە چەمکی دیسیپلینی خوڕسك دەرباز دەبێ. «لە کۆمەڵگای تاکە ئازادەکاندا هەستێکی گشتی لە بەرانبەر بێ عەدالەتی لە دابەشینی کاڵا ماددییەکاندا لە ئارادایە؛بەڵام ناڕەزایەتی ئێمە بە نیسبەت دەرئەنجامەکانی بازاڕەوە، وەك دەرئەنجامی ناعادیلانە، لە ڕاستیدا بەو واتایە نییە کە کەسێکی تایبەت بە شێوەیەکی ناعادیلانە جوڵاوەتەوە... بەڵکو کۆمەڵگا دەبێتە خواوەندێکی نوێی کە ڕووی ناڕەزایەتیمان لەوە و لەومان دەوێ بەدوای شتەکاندا بچێ و لێیان بپرسێتەوە.»[2]

بە باوەڕی هایك هزری دادپەروەری دابەشین پشت بە سڕینەوەی نیازەکان و ڕەچاو کردنی لێهاتووییە بێ بنەما و نەشیاوەکانەوە دەبەستێ. هەموو نیازەکان لە یەك ئاستدا نین و لەبەر یەکتر ڕۆناندرێن و بێ گرژی و ناکۆکی نین. لە ڕوانگەی نەخۆشانەوە، بەرپرسانی بەشی خزمەتە پزشکییەکان بە شێوەیەکی ناعادیلانە دەجوڵێنەوە، چونکە پێوانەیەکی عەقڵانی لەبەردەستدا نییە بۆ پێڕاگەیشتن بە داخوازییەکان. هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانیش دواجار کارێکی سەلیقەییە. کەواتە عەدالەتی دابەشینەوەیی پشت بە پێوانە زەینییەکان و کردارە بێ بنەما و سەلیقەیەکانەوە دەبەستێ. لە هەمووان گرنگتر هزری دادپەروەری دابەشینەوەیی گونجانی نێوان

---

1. The Mirage of Social Justice, p. 65.
2. Ibid, p. 69.

خزمەت و پاداش کە تاکە زامنی بەڕێوە بردنی ئابورییە، تێکدەشکێنیٚ. بە باوەڕی هایك هزری مۆدێڕنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەخۆ گری مەترسیەکی جیددیە بۆ سەر کۆمەڵگای ئازاد و کراوەو هەروەها هەڵگری تۆوی سیستەمی تۆتالیتێرە؛و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ئەو هزرە. بە بۆچوونی ناوبراو جیا کردنەوەی بەرهەمهێنان لە دابەشین لە سیستەمی ئابووریدا کارێکی گونجاو نییە؛کەواتە بنەمای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگا سەرمایەداریەکاندا بنەمایەکی لەرزۆکە. لە سیستەمی بەرهەمهێنانی بازاڕی ئازاددا ناکریٚ سیستەمی دابەشینی سۆسیالیستی بێتە ئاراوە. هەروەها سیستەمی بازاڕی ئازاد پێویستی بە لایەنە نێگەتیڤەکانی وەك تێداچوون و دابەزینی ئاستی داهاتە؛و حکومەت نابیٚ هەوڵ بدا بۆ لەناوبردنی ئەو لایەنە. لە ڕووی مەعریفەناسیشەوە گرنگترین بابەت ئەوەیە کە شێوازەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و تیۆر کینزییەکانی ڕێکخستنی سەرجەم ویست-وخواست لە ئاستی ماکرۆی ئابووریدا کارێکی بیٚ بنەمایە؛چونکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خاوەن زانستن و چاوەدێری تەواویان بەسەر سەرجەم پێوەندییە ڕاستەقینەکانی ژیانی ئابووریدا هەیە، کە بەکردەوە کارێکی نەگونجاوە؛و هیچ سیاسەتوانێك ناتوانیٚ بگاتە ئاستێکی ئەوتۆی چاوەدێری.

بۆچوونێکی تری هایك لە دژی بیرۆکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە حکومەت ناتوانیٚ زانیاری پێویستی لەبەردەستدا بیٚ بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی پرۆسەکانی بازاڕ. دەست خستنە ناو کاروباری ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە جگە لەوە کە دەبێتە مایەی خەلەلی ئازادی، دواجار هیچ سەرکەوتنێك بەدەست ناهێنیٚ. بەشە سەرەکییەکانی چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، وەك لێهاتوویی و نیاز، پێوەندییەکی واتادار و ڕوونیان پێکەوە نییە؛و ناتوانن ببنە ڕێنمای کردار. لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی خاوەندارێتی تایبەتی بیٚ سنوور خۆی بەشێکە لە هزری دادپەروەری بە واتا ڕاستەقینەکەی؛چونکە هەر وەك باسکرا دادپەروەری تەنیا دەربارەی کرداری تاکەکانەوە کەڵکی لێوەردەگیریٚ. ئازادی تاکەکەسی و خاوەندارێتی تایبەت دوانەی لێك دانەبڕاون؛خاوەندارێتی تایبەت زەمینەی سەرەکی هەڵبژاردنەکانی ئازادی تاکە. لە کۆمەڵگای ئازاددا نەریت و شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئازادانە دەکەونە ڕکەبەرایەتی یەکتر و مەرجی سەرەکی ئەو ڕکەبەرایەتییە خاوەندارێتی تایبەتە و لەو ڕووەوە یەکێکە لە پێداویستیەکانی گەشەکردنی کلتووری کۆمەڵگا. لە هەمبەردا، هزری دادپەروەری

دابەشینەوەیی بنیاتی ئازادی و ڕکەبەرایەتی و گەشەکردن لاواز دەکا. «فۆڕمی ڕێکوپێکی هزری ڕێونکەری دادپەروەری کۆمەڵایەتی، کە بەناوی سۆسیالیزم ناوبانگی دەرکردوە، پشت بەو بۆچوونە ناڕاستەوە دەبەستێ کە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ پێگەی ماددی تاك و گرووپەکان دەسنیشان بکا. ئەو هزرە بەو شێوەیە پاساو دەدرێ کە بەردەوام هەروا بووە و سۆسیالیزم تەنیا دەیەوێ ئەو دەسەڵاتە لە چینێکی هەڵڕستەدەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵك بەگشتی.»[1] کەواتە بە بۆچوونی هایك دەبێ وشەی *دادپەروەری کۆمەڵایەتی* لە زمانی سیاسی بسڕێتەوە. «*دادپەروەری کۆمەڵایەتی* بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆربەی خەڵك، چەمکێکی دلۆڤانانە دەرحەق بە خەڵکانی هەژار و بێ نەوا نییە... بەڵکو بۆتە فرتوفێڵێکی ڕیاکارانە کە بە پێی ئەم فرتوفێڵە دەبێ هاودەنگ بین لەگەڵ ویستوخواستی هەندێ گرووپ، ئەوە لە کاتێکدایە کە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینەمان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەو هاودەنگییە.»[2] بە باوەڕی هایك «بۆ ئەوەی کۆمەڵگای پلان بۆداڕێژراو بگاتە ئاستی کۆمەڵگا ئازادەکان، ڕادەی ئەو نایەکسانیانەی کە دەبێ بسەپێن جیاوازیەکی ئەوتۆی نابێ.»[3]

کتێبی *ڕێگەیەك بەرەو کۆیلەتی* یەکەم کتێب و سەرەکیترین کتێبی هایك توندترین هێرشی سیاسی ناوبراو بۆ سەر سۆسیالیزم لەخۆ دەگرێ. هایك لەم کتێبەدا دەڵێ سۆسیالیزم و بە تایبەت مارکسیزم سەرچاوەی سەرەکی گرفتەکانی جیهانن. بە بۆچوونی ناوبراو یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی فاشیزم و نازیزم هزرەکانی مارکس بووە. زۆربەی بیرمەندانی سەدەی بیستەم لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی مارکسدا تووشی ئەو وەهمە بوون کە سەرمایەداری تەمەنی گەیشتۆتە کۆتایی و پێویستە جێگەی خۆی بداتە سیستەمێکی نوێ. ڕیشەی پلاندانانی ئابووری و چاوەدێری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ هزری مارکس. بە باوەڕی هایك ساڵی ١٨٧٠ سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بوو لە مێژووی ئەورووپادا؛چونکە پێشتر، هزری ئینگلیزی لە ئەورووپادا زاڵ بوو بەڵام دواتر هزری ئەڵمانی زاڵ بوو. «هیگڵ، مارکس، لیست (Georg Friedrich List)، شمۆڵەر (Gustav Schmoller)، سۆمبارت (Werner Sombart)، مانهایم (Karl Mannheim)، سۆسیالیزمی ڕادیکاڵ بەگشتی

1. Ibid, p. 99.
2. Ibid, p. 99.
3. Ibid, p. 99.

بۆچوونە ئەڵمانییەکان لە هەموو شوێنێك پێشوازیان لێکرا.»[1] بە باوەڕی هایك سۆسیالیزم بە هەر چەشنێك بێ دەسەڵاتخوازانەیە. سۆسیالیستەکان لە بارودۆخی گەشەکردنی هێزە دیموکراتیەکان لە شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ خۆیان لە دیموکراسی نزیك کردەوە، بەڵام زۆری نەبرد باوەڕیان بە پێویستی توندوتیژی هێنا. بە ڕێکەوت نییە کە سۆسیالیستانێکی وەك مۆسۆلینی بوونە فاشیست یان هەندێ کومۆنیست چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبی نازی. سۆسیالیزم دواجار حکومەتی بیرۆکراسی لێدەکەوێتەوە؛چونکە پلاندانان و چاوەدێری کۆمەڵایەتی لەگەڵ میتۆدە دیموکراتی و پەرلەمانییەکان کە هێور و دوورودرێژن، یەکتر ناگرنەوە. کەواتە بە بۆچوونی هایك دوو ڕێگەمان زۆرتر لە بەر نییە: ملکەچی لە بەرانبەر هێزە بازاڕییەکاندا؛یان ملکەچی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ستەمکاری تاکەکاندا.

### بەراوردکردنی هایك و پۆپەر:

هایك یەکێك بوو لە دۆستە هەرە نزیك و کۆنەکانی پۆپەر و زۆر جار باس لە وێکچوونی نێوان بۆچوونەکانی خۆیی و پۆپەر دەکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جیاوازی هەیە لە نێوان بۆچوونەکانی هایك و پۆپەردا کە دەکرێ لە سێ خاڵدا کورتیان کەینەوە: خاڵی یەکەم، لە هزری پۆپەردا جەخت دەکرێتە سەر عەقلانییەتی ڕەخنەیانە و تاقیکاری و ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی هەڵە و ڕەخنەی بەردەوام؛بەڵام لە تیۆری هایکدا مەترسی و زیانەکانی عەقلانیەتی ڕەخنەیانە زۆرتر سەرنجیان پێدەدرێ لە چاو قازانجەکانی عەقلانییەتی ڕەخنەیانە. خاڵی دووەمی جیاوازی نێوان بۆچوونەکانی هایك و پۆپەر لەوە دایە کە پۆپەر جەخت دەکاتە سەر ئەندازیاری کۆمەڵایەتی هێدی و هێور، چارەسەری هەنگاوی پرسەکان لە ڕێگەی دیالۆگی زانستی و عەقلانی و کەڵك وەرگرتن لە *تەکنۆلۆژیای سیاسی*، دەستێوەردان بە مەبەستی یارمەتیدان بە پێشکەوتنی ژیار و شارستانییەت و دوالیزمی *ڕاستییەکان و خواستەکان*؛ بەڵام هایك باس لە گەشەکردن و دیسیپلینی خۆڕسك و بەدوور لە دەستێوەردانی زیانبار، دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵگا و ئابووریدا و یەکسانی *ڕاستی و بڕیارەکان* دەکا. خاڵی سێیەم ئەوەیە کە پۆپەر سەرەڕای ئەوە کە پۆزەتیڤیست نییە، بەڵام باوەڕی وایە

1. Road to Serfdom, p. 21.

که شێوەی گەشەکردنی زانست لە سروشت و کۆمەڵگادا وەك یەکە و کۆمەڵگاش هەر وەك سروشت لەخۆ گری هەندێ بابەتە بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە، بەڵام هایك ڕەخنە لە پۆزەتیڤیزم لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێ و جەخت دەکاتە سەر دوالیزمی میتۆدۆلۆژی لە زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

بە باوەڕی هایك گەشەکردنی ناسین لە زانستە سروشتییەکاندا وەك گەشەکردنی ناسین دەربارەی کۆمەڵگادا نییە. داکۆکی کردنی ناوبراو لە سیستەمی بازاڕی ئازاد، وەك میتۆدی دۆزینەوەی ناسینی بەکردەوە و لێك بڵاو، دەربڕی ئەو باوەڕەی هایکە کە ناسینی زانستی و ڕاشکاوانە و ڕێکوپێکی ئێمە دەربارەی کۆمەڵگا ئەوەندە ئەبستراکییە کە ڕێگرە لە بەردەم هەر چەشنە پلادانانێکی وشیارانە و تەنانەت ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بەرتەسك و هێدی و هێوریش. بە گشتی بۆچوونی هایك دەربارەی تواناکانی عەقڵ، و سنورەکانی شیکاری عەقلانی و تیۆریك لە دیسیپلینی خۆڕسکی کۆمەڵایەتیدا بۆچوونێکی کۆنسەرڤاتانەیە. لە بۆچوونی ناوبراودا دیسیپلینی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کرداری ناوشیارانە و پلان بۆ دانەنراوی مرۆڤە. بونیادە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری ناسینی بەکردەوەن و وەدەستهێنانی عەقڵ و ناسینی تیۆریك کە بە لای دروست کردندا بشکێنەوە ئاستەمە. بە گشتی هایك، سەرەڕای جەخت کردن لە سەر ئازادی تاکەکەس گرنگیش دەداتە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان. چەمکی دیسیپلینی خۆڕسك بنەمای بۆچوونە نەریتی و کۆنسەرڤاتەکانی ناوبراوە. لە لایەکەوە تاك حاکم و هەڵگری بەها ئەخلاقییەکانە لە بەرانبەر کۆمەڵگادا و لە لایەکی ترەوە، تاك و هزر و عەقڵی تاك وەك بەشێك لە سیستەمی خۆڕسك دێنە ژمار. پێداگری ناوبراو لە سەر جیا نەبوونی تاك لە کۆمەڵگا پێوەندی بە ڕەخنەی هایك لە بۆچوونی دیکارتییەوە هەیە. هایك ئیندیۆڤیدیالیزمی درۆیین لە ئیندیۆڤیدیالیزمی ڕاستەقینە جیا دەکاتەوە؛ لە تاکگەرایی ساختەی دیکارتیدا عەقڵی تاکەکەسی و بنیارتنەر دەکەوێتە سەروی جیهانی بابەتەکانەوە، بەڵام لە تاکخوازی ڕاستەقینەدا (کە میراتی لوك، ماندویل، هیوم، فێرگوسین، ئادام سمیت و ئیدمۆند برێکە) تاك ڕەخنەگرە و بەشێکە لە پرۆسەی گەشەکردنی خۆڕسکی کلتوری. بە کورتی هایك لەبری *کۆمەڵگای کراوەی* پۆپەر باس لە *دیسیپلینی خۆڕسك* دەکا کە تێیدا ڕەوتی گەشەکردن ئەرکی ڕەخنەی عەقلانیو وشیارانە دەگرێتە ئەستۆ.

# (٥)

# ئایزایا بەرلین

ئایزایا بەرلین (١٩٠٩-١٩٩٧) فەیلەسووف، مێژوونووسی فەلسەفە و ڕەخنەگری ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٢٠ هاوڕێی بنەماڵەکەی ڕووسیایان بەرەو ئینگلتەرا جێ هێشت. ناوبراو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دا دەستی کرد بە خوێندن و لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩٥٠ لەو زانکۆیەدا خەریکی گوتنەوەی وانەی فەلسەفە بوو. بەرلین لە سەردەمانی جەنگی دووەمی جیهانی بۆ ماوەیەك لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا خەریکی کار بوو، بەڵام پاش شەڕ دووبارە گەڕایەوە سەر پۆستەکەی خۆی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد. بەشێك لە بەرهەمەکانی بریتین لە: *چوار وتار دەربارەی ئازادی*[١] (١٩٦٩)؛ ڤیکۆ و هێردەر[٢] (١٩٧٦)؛هەڵبژاردەیەك لە بەرهەمەکانی کە بریتین لە: *بیرمەندانی ڕووس*[٣] (١٩٧٨، بەرگی یەکەم)؛ چەمك و وتەزاکان: *وتارە فەلسەفییەکان*[٤] (١٩٧٨، بەرگی دووەم)؛ *دژە ئاراستە*: هەندێ وتار دەربارەی مێژووی هزرەکان[٥] (١٩٧٩، بەرگی سێیەم)؛ *تێگەیشتنە تاکەکەسییەکان*[٦] (١٩٨٠، بەرگی چوارەم)؛ داری خواری مرۆڤایەتی: (هەندێ وتار دەربارەی مێژووی هزرەکان[٧] (١٩٩٠، بەرگی پێنجەم)[٨].

---

1. Four Essays on Liberty

ایزایا برلین، چهار مقاله دربارەازادی، ترجمه محمدعلی موحد، (تهران، خوارزمی، ١٣٦٨).

2. Vico and Herder.

3. Russian Thinker

ایزایا برلین، متفکران روس، ترجمه نجف دریابندری، (تهران، خوارزمی، ١٣٦١).

4. Concepts and Categories: Philosophical Essays

5. Against the Current: Essays in the History of Ideas

6. Personal Impressions

7. The Crooked Timber of Humanity: Chapters in the History of Ideas

٨. هەروەها ایزایا برلین، در جستجوی ازادی: ملاحبەهای رامین جهانبگلو با ایزایا برلین. ترجمه خجسته کیا، ویراسته عبدالحسین ژرنگ، (تهران، نشر گفتار، ١٣٧١).

لە سەرێکەوە دەکرێ بڵێین بەرلین مێژوونووسی هزرە سیاسییەکانە و زۆرتریش هەر بەوە ناوبانگی دەرکردووە؛بەڵام نواڕینی ناوبراو بۆ هزری سیاسی نواڕینێکی ڕەخنەگرانەیە و فەلسەفەی سیاسی ناوبراویش لە نواڕینێکی ئەوتۆدا لە دایك بووە. بەرلین ڕەخنەگرانەیە؛ و فەلسەفەی سیاسی ناوبراویش لە نواڕینێکی ئەوتۆدا لە دایك بووە. بەرلین وەك مێژوونووسی هزرە سیاسییەکان، زۆرتر پرژاوەتە سەر تاوتوێ کردنی ئەو کەسایەتیانەی کە لە سەردەمی خۆیاندا قەدر و ڕێزی بۆچوونەکانیان دیار نەبوو؛و دواتر لە ڕێگەی پرس و چەمکی نوێوە ناسران؛ بیرمەندانێکی وەك ویکۆ[1]، هەردەر[2]، هەرزەن[3]، سۆرەل[4]، پرۆدۆن[5]، کارلایل[6]، کییەرکەگارد[7] و تۆلستۆی. کەواتە بەرلین ئۆگری بۆچوونی ئەو کەسانە بوو کە لە سەردەمانی ژیانی خۆیاندا و تەنانەت لە مێژووی هزری ڕۆژئاوادا بە گشتی، ئاوڕیان لێ نەدەدرایەوە و بە گومانەوە سەیریان دەکردن. بەڵام ئەوە خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی گرنگی هزرەکانی ئەوان؛چونکە بیرمەندانێکی ئەوتۆ ئازایەتی ئەوەیان هەبوو کە بە پێچەوانەی چوارچێوەی فکرییەکانی سەردەمی خۆیان، واتە بە گشتی بە پێچەوانەی ڕەوتی سەرەکی فەلسەفەی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا، بدوێن، هەرچەندە خۆشیان بە تەواوی ئاگاداری گرنگی بۆچوونەکانی خۆیان نەبوون.[8] ئەو بیرمەندانە ڕەخنەیان لە یەکێتیخوازی فەلسەفی سەردەمی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا دەگرت کە پێی وابوو واقعییەت بابەتێکی یەکپارچە و عەقڵانی و یەکدەستە و باوەڕی بە یەکێتی نێوان سەرجەم بەها مرۆییەکان هەبوو. هەر وەك ئاشکرایە یەك لە بنەماکانی فەلسەفەی سیاسی بەرلین پلۆرالیزمی بایەخییە؛ هەر بەو هۆیەیە کە لە لێکۆڵینەوەی مێژووی هزرەکاندا بەدوای ئەو بیرمەندانەدا چووە کە دەوریان هەبووە لە ڕووخانی یەکێتیخوازی بایەخی لە نەریتی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوادا. کەواتە بەرلین مێژوونووسی هەموو هزرە سیاسییەکان

---

1. Giambattista Vico
2. Johan Gootfried Von Herder
3. Alexander Herzen
4. Georges Sorel
5. Pierre Joseph Proudhon
6. Thomas Carlyle
7. SØren Aabye Kierkegaard
8. Isaiah Berlin, "The Counter-Enlightenment", Against the Current: Essays in the History of Ideas, London, 1979.

نییە، بەڵکوو تەنیا ئەو هزرانەی گوڵبژێر کردووە کە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی خۆیدا گونجاون. ناوبراو لە یەکێ لە وتارە گرنگەکانی خۆیدا لە ژێر ناوی «دژی ڕۆشنگەری» نەریتی دژە عەقڵی و دژە زانستی ڕۆژئاوا تاوتوێ دەکا کە سەرهەڵدانی قوتابخانەی ڕۆمانتیك و پلۆڕالیزم و ئیگزیستانسیالیزمی لێدەکەوێتەوە. ویکۆ یەکێك بوو لەو یەکەم بیرمەندانەی کە لە دژی هزری دیکاڕت و لە بەرانبەر قوتابخانەی یاسای سروشتی (Natural Law) ڕابوو. ویکۆ باوەڕی وابوو کە هیچ سروشتێکی مرۆیی جیهانی و نەگۆڕ لە ئارادا نییە. لەمەڕ سنوورەکانی مەعریفەی مرۆڤیش لەو باوەڕەدا بوو کە مرۆڤ تەنیا لەو شتانە تێدەگا کە خۆی دروستی کردوون؛ واتە تەنیا ئەو شتانە دەناسێ کە جێ پەنجەی ئیرادە و ویستی مرۆڤیان پێوەیە و سروشتی بێ هەستی دەرەکی ناتوانێ بناسێ. ویکۆ جەخت دەکاتە سەر دوو جۆرە مەعریفەی تەواو جیاواز: یەکەم، زانستی ناوخۆیی، کە لە بەرهەمەکانی کاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە؛ و دووەم، زانستی دەرەکی کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی جیهانی بێ ئامانج و بێ مانایە. هەروەها ویکۆ پێداگربوو لە سەر ئەو بابەتە کە ئاوێتە بوونی بایەخ و ئامانجە دڵخوازەکانی مرۆڤ کارێکی نەگونجاوە و لەو باڕەدا بوو کە لە پڕۆسەی مێژوودا هەندێ ئەزموونی بە بایەخی مرۆیی بۆ هەتا هەتایە لەناو دەچن. بەرلین تەنانەت لەو باوەڕە دایە کە میکاڤیلیش پشکدارە لە بەرەوپێشبردنی هزری پلۆڕالیستیدا. میکاڤیلی باسی لە دوو سیستەمی ئەخلاقی تەواو جیاواز دەکرد: یەکەم، سیستەمی ئەخلاقی مەسیحی و دووەم، سیستەمی ئەخلاقی ڕۆمی یان بەر لە مەسیح. بە باوەڕی ناوبراو بە ناچار لە نێوان ئەو دوو سیستەمە ئەخلاقییەدا ناکۆکی لە ئارادایە و ناچارین لە نێوان ئەو ئامانجو مەبەستە ناکۆکانەدا دەست بکەین بە هەڵبژاردن. بە گشتی بەرلین وەك مێژوونووسی هزرەکان ئۆگری ئەو بیرمەندانە بوو کە ڕەخنەیان لە عەقڵگەرای، زانست خوازی، پێشکەوتنخوازی و ڕێکخستنی عەقلانی جیهان، واتە لە نەریتی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا گرتووە و داکۆکیان لە پرنسیپەکانی وەك جیاوازی، فرەیی، کردەوەی ئازاد و سەربەستی کردووە. هەر ئەو مێژووی هزرە گوڵبژێرکراوە ڕووگەی سەرەکی هزری ناوبراو دەردەخا. بەو شێوەیە، بە باوەڕی بەرلین خوێندنەوەی مێژووی هزر وەك زانستێکی بنەڕەتی بەرچاوڕوونییەکی زیاتر دەدا بە مرۆڤ لە چاو خۆ خەریك کردن بە بوارە باوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە. مێژووی هزرەکان بە واتای بەر باسی بەرلین مێژوو نییە، بەڵکو زانستێکی کۆمەڵایەتییە کە سەرهەڵدان و گەشەکردنی چەمکەکان و وتەزاکانی زاڵ بە سەر

هەر شارستانییەت و کلتوریکدا تاوتویٚ دەکا؛و بۆچوونی مرۆڤەکان دەربارەی جیهان و خۆیان دووبارە دروست دەکاتەوە. کەواتە بە پێچەوانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر *مێژووی هزر* وەك بوونەوەرێکی تەواو پاسیڤ و بیٚ کردەوە و دەستەمۆی هێزە مێژووییەکان ناڕوانێتە مرۆڤ. مێژووی هزرە سەرەکییەکانی ئێمە تێپەڕ دەکا و پێدەنێتە پانتایە فەرامۆش کراوەکان کە هاوکات لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو گۆڕپانانە زانستەکانی باو دەکەونە بەر شك و گومانەوە. بەرلین خۆی بەو شێوەیە کەڵك لە مێژووی هزر وەردەگریٚ هەتا بنەمای بە ڕواڵەت پتەوی پێش گریمانە قبوولٚ کراوەکانی ڕۆشنگەری و عەقڵگەرای و یەکێتی فەلسەفی ڕۆژئاوا تێك بشکێنیٚ. کەواتە ئەرکی مێژووی هزر بە واتای تەوای بریتییە لە دەرخستنی بنەمای بۆچوونەکان و چەمك و وتەزاکانی زالٚ و هەروەها ئاشکرا کردنی تایبەتمەندی مێژوویی و بگۆڕی ئەو بۆچوون و چەمك و وتەزا باوانە. گرنگترین گریمانەی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە واقعییەت گشتایەتییەکی عەقلانی یەکدەستە و کۆمەڵێك حەقیقەتی دەرەکی شیاوی دۆزینەوە بوونیان هەیە کە دەکریٚ لە ڕێگەی میتۆدەکانی تا ڕادەیەك وەك یەك ئەو حەقیقەتانە دووبارە بناسرێنەوە. لێرەدا سەرەتا باس لە تێگەیشتنی گشتی بەرلین لە فەلسەفە و هزری سیاسی دەکەین و دواتر دەچینە سەر ڕەخنەی هزری سیاسی ڕۆژئاوا لە بۆچوونەکانی ناوبراودا کە بەستێنی سەرەکی فەلسەفەی سیاسی بەرلین پێك دێنن.

### بواری فەلسەفە:

بەرلین لە وتاری گرنگی «غایەتی فەلسەفە»[1]دا باس لە سیٚ جۆرە مەعریفە دەکا: یەکەم، مەعریفەی ئەزموونی؛دووەم، مەعریفەی ڕواڵەتی؛سێیەم، مەعریفەی فەلسەفی. مەعریفەی ئەزموونی باس لە وەسف و شیکاری واقعییەتی دەرەکی دەکا لە ڕێگەی بینراوە و هەڵێجان لە زانیارییەکان؛زانستە سروشتییەکان بە گشتی و هەندیٚ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان پەیڕەوی لەو چەشنە مەعریفەیە دەکەن. مەعریفەی ڕواڵەتی، بە پێچەوانە، باس لە وەسف و شیکاری واقعییەتی دەرەکی ناکا؛بەڵکو بابەتەکەی پرەنسیپە قبوولٚ کراوەکان و شێوەی هەڵێنجانی هیپۆتێزەکانە لەیەکتر ؛بیرکاری و لۆژیك هەڵگری ئەو چەشنە مەعریفەن. بەلاٚم مەعریفەی

1. Isaiah Berlin, "The Purpose of Philosophy", Concepts and Categories: Philosophical Essays, London, 1978.

فەلسەفی نە ئەزموونییە و نە ڕواڵەتی؛و بەوردی ڕوون نییە کە چۆن دەکرێ وەڵامی پرسیارە فەلسەفییەکان بدەینەوە. لە ڕاستی‌دا تایبەتمەندی سەرەکی هەر پرسیارێکی فەلسەفی ناڕوونی شێوەی گەڕانە بۆ وەڵامەکەی. فەلسەفە دوو ڕۆڵی سەرەکی لە ئەستۆیە: ڕۆڵی یەکەم ئەوەیە کە فەلسەفە ئەو چەمکانە ڕخنە و تاوتوێ دەکا کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بیر لە مەعریفەکانی تر دەکاتەوە، ئەوە جیاوازی نێوان فەلسەفە و مەعریفەکانی ترە؛ بۆ نموونە لە فیزیکدا بیرکردنەوە لە ڕێگەی چەمکی ماددە و ئینێرژییەوەیە و ئەو چەمکانە قبووڵ کراون، بەڵام فەلسەفە لە سروشت و مانای ئەو چەمکانە دەکۆڵێتەوە. ئەو چەمکانە پشت بە هەندێ گریمانەوە دەبەستن کە مانایان پێدەبەخشن و چونکە ئەو گریمانانە قبووڵ دەکرێن، مەعریفە نافەلسەفییەکان هیچ زانیارییەکیان دەربارەیان نییە. بەڵام لە فەلسەفەدا ئەو گریمانە بنچینەیانە و هەروەها ئەو چەمکانەی پشتیان پێدەبەستن بە وشیارییەوە ڕەخنە و تاوتۆی دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، چەمك و گریمانەکانی هەر لقێکی زانست دەکەونە چوارچێوەی ئەو مۆدێلانەوە کە بیرمەندان لە ڕێگەی ئەو مۆدێل و چوارچێوانەدا بیردەکەنەوە، بەڵام شێوەی کەڵك وەرگرتن لەو مۆدێلانەش شێوەیەکی ناوشیارانەیە؛بۆ وێنە بیرکردنەوەی زۆر کەس دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگا و دەوڵەت و جیهان لە ڕێگەی وتەزای سیستەمەوەیە. دەکرێ لەبری مۆدێلێك کەڵك لە مۆدێلێکی تر وەرگیرێ، بەڵام بیرکردنەوە بە بێ ئەوان کارێکی نەگونجاوە. مەجالی بیرکردنەوە لە دەرەوەی ئەواندا هەر بیریشی لێ ناکرێتەوە. ئێمە زۆر جار بۆ شیکردنەوەی پانتا لێل و تاریکەکان هانا دەبەینە بەر پانتا ڕووناکەکان؛و لەو ڕێگەوە ڕۆشنایی دەخەینە سەر تارماییەکان. مێژووی زانست و فەلسەفەی مێژوو مۆدێل و چوارچێوەی بگۆڕن. کەواتە دواجار ئەرکی فەلسەفە ڕەخنە و تاوتوێ کردنی مۆدێلەکانی شاراوەی پشتەوەی زانست و مەعریفەیە.

ڕۆڵی دووەم و بنەڕەتیتری فەلسەفە تاوتوێ کردن و شیکردنەوەی تایبەتمەندییە هەمیشەیی و بەردەوامەکانی مرۆڤ، جیهان، ئەزموون و هزری مرۆییە؛ بۆ نموونە یەك لە تایبەتمەندییە هەمیشەییەکانی مرۆڤ، عەقڵمەندی و بەهادانان و هۆشیارییە. جیهانی ماددی خاوەنی هەمیشەییترین تایبەتمەندییەکانە؛بەڵام تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەدا کە لەسەر یەك هەمیشەین، لە گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا ئەوانیش تووشی هەندێ ئاڵوگۆڕ دێن. لە هەمبەردا، تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگا بەردەوامیان کەمترە. کاری فەلسەفە تاوتوێ کردنی ئەو تایبەتمەندییە نەگۆڕ و بەردەوامانەیە. هەر چی تایبەتمەندییە

بەردەوامەکانی دیاردەیەك زیاتر بێ، لێوەشاوەیی و لێهاتوویی فەلسەفە لە تاوتوێ کردنیشیدا زیاتر دەبێ. لە مەعریفە ئەزموونییەکاندا ئەو چەشنە تایبەتمەندییانە وەك گریمانە قبووڵ کراون و لە دەرەوەی باسەکە سەیر دەکرێن، بەڵام فەلسەفە لەو تایبەتمەندییانە دەکۆڵێتەوە. ئەو چەمکانەی ئێمە بۆ دەربڕینی تایبەتمەندییە هەمیشەیی و بەردەوامەکانی بابەتەکان (لە بەرانبەر تایبەتمەندییە کاتییەکاندا) کەڵکیان لێوەردەگرین ئایزایا بەرلین وەك وتەزا (Category) ناویان دەبا. هەندێ لەو وتەزایانە، کە چوارچێوەی تێگەیشتنی تەجروبەن، کۆن و کەونارن و هەندێکی‌تریش بگۆڕ و دینامیك. کاری فەلسەفە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی سەرهەڵدان و گۆڕان و تێداچوونی وتەزا و مۆدیلەکانە. کەواتە فەلسەفە پێوەندی بە وتەزاکانەوە هەیە؛و وتەزاکان ئەو چەمکانەن کە بە بێ ئەوان ناتوانین بیر لە بابەتێك بکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ چەشنە زانیارییەکمان لە سەریان نییە. بەو شێوەیە فەلسەفە وتەزا لەبیر چووەکانی مەعریفە تاوتوێ دەکا. کاری فەلسەفە تاوتوێ کردنی ئەو وتەزایانەیە کە زاڵن بەسەر هەر کلتور، قۆناغێکی مێژوویی، قوتابخانەی فکری و هەر تاکێکی بیرمەند. لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ئەو بابەتە دەردەخا کە زۆربەی چوارچێوە و وتەزا مەعریفییەکانی ئێمە بێ زەمان و نەگۆڕ نین، بەڵکو بەرهەمی پرۆسە مێژوویییە نارێك‌وپێکەکانن، بەڵام دەکرێ لێیان تێبگەین.

بۆچوونی باو دەربارەی فەلسەفە ئەوە بووە کە فەلسەفە هەوڵێکی فکری و یەکدەستە و ئامانجەکەشی دروستکردنی چوارچێوەیەکی فکری تۆکمە و تەواوە بۆ تێگەیشتن لە جیهان بە پێی وتەزا و چەمکە پێوەندیدارەکان. بە باوەڕی بەرلین فەلسەفە لێکۆڵینەوەیەکی تاك ئامانج نییە، بەڵکو لە ڕووی سروشتەوە بابەتێکی فرەییە؛و وەڵامی پرسیارە جۆراوجۆرەکان دەداتەوە و وتەزا و چەمکەکانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە شی دەکاتەوە. هەروەها بە سەرنجدان بە ئاڵۆزی و دەوڵەمەندی جیهانی ئەزموونی مرۆیی هیچ دەزگایەکی فەلسەفی ناتوانێ وابکا کە بە تەواوی لێی تێبگەی. بیناکردنی سیستەمی فەلسەفی دەبێتە مایەی نەدیدەمانەوەی پانتایە گرنگەکانی واقعییەت؛چونکە ئامانجی بیناکردنی سیستەمی فەلسەفی گەیشتنە بە یەکریزی لۆژیکی، لە کاتێکدا جیهانی ئەزموونی مرۆڤ فرەرەهەندە.

## ڕۆڵی فەلسەفەی سیاسی:

بەرلین لە وتاری «داخوا تیۆری سیاسی هێشتا هەر ماوە»[1]دا دەوری فەلسەفە و تیۆرداڕشتنی سیاسی تاوتوێ کردووە. بە باوەڕی ناوبراو فەلسەفەی سیاسیش، هەر وەك فەلسەفە، لە پانتای خۆیدا پێوەندی بە تایبەتمەندییە بەردەوام و نەگۆڕەکانەوە هەیە و *وتەزای* پێویست بۆ بیرکردنەوە لە ژیانی سیاسی بەدەستەوە دەدا. کەواتە فەلسەفەی سیاسی بەرێوەبەری ڕۆڵی فەلسەفەیە لە پانتای سیاسەتدا. پرسەکانی فەلسەفەی سیاسیش لە دەرەوەی پانتایی لێکۆڵینەوەی ئەزموونین؛ واتە فەلسەفەی سیاسی ئەو چەمکانە ڕەخنە و تاوتوێ دەکا کە گریمانەی زانستی سیاسەتن و دەرخەری ئەو مۆدێلانەیە کە بنەمای ڕامان لە ژیانی سیاسین. ئێمە لە زانستی سیاسەتدا وەك وتەزاکانی گریمانە و کەرەسەکانی پێویست بۆ تێفکرین لە ژیانی سیاسیدا کەڵك لە چەمکەکانی وەك دەسەڵات، دەوڵەت، ڕەوایی، بەرژەوەندی، ئۆتۆریتە و هتد وەردەگرین؛بەڵام فەلسەفەی سیاسی لە ناوەڕۆك و مانای ئەو وتەزایانە دەکۆڵێتەوە.

دەسپێکی کاری فەلسەفەی سیاسی ڕانانی وێنەیەکە لە سروشت و بونیادەی مرۆڤ. لەو وێنەدا تایبەتمەندییە بەردەوام و نەگۆڕکانی مرۆڤ، لە ڕوانگەی فەیلەسووفی سیاسییەوە دەخرێتە ڕوو. وێنەیەکی ئەوتۆ دەگەڕێتەوە سەر تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی مرۆڤ وەك عەقڵ مەندی، توانایی هەڵبژاردن، غایەت مەندی هۆشیاری و هەڵبژاردنی ئەخلاقی. چۆنییەتی تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ بنەمای پێکهێنەری هەر فەلسەفەیەکی سیاسییە. بە بۆچوونی بەرلین ڕیشەی جیاوازی نێوان فەلسەفە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە سەر تێگەیشتنی ئەوان لە سروشتی مرۆڤ ؛بۆ وێنە ناکۆکی توندی نێوان فەلسەفەی سیاسی هۆبز و ڕۆسۆ دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوونی ئەو دوو بیرمەندە دەربارەی پاڵنەرەکان، تواناکان و ویستوخواستەکانی مرۆڤ و پێوەندییەکی ئەوتۆی بە شێوەی بەڵگەهێنانەوە یان گەڕانەوە بۆ سەر بابەتە ئەزموونییەکان نییە.

بەم پێیە فەلسەفەی سیاسی، وەك فەلسەفەی فەلسەفە سیاسییەکان و هەروەها وەك خودی فەلسەفە، چەمك و گریمانە و مۆدێلە فکرییەکانی فەلسەفە سیاسییەکان ڕەخنە و تاوتوێ دەکا

---

1.” Does Political Theory Still Exist”, Concepts and Categories

بۆ ئـەوەی سسـتی و لاوازی و تارماییـەکان و ناهەماهـەنگی نێـوان ئـەوان و تایبەتمەندییـە بەردەوامەکانی مرۆڤ پێشان بدا. هەروەها فەلسـەفەی سیاسـی بـاس لـە نرخانـدنی ئامانجـە سیاسییەکان، دەرئەنجامە شیمانەییەکان و ئەگەری وەدیهاتنیان، و شێوەی وەدەسـتهێنانیـان دەکا. بەو شێوەیە فەلسەفەی سیاسی لە ڕێگەی شێوەی ڕەخنەگرانەی خۆیەوە دەبێتە بەربەست لە بەردەم سەرهەڵدانی دۆگماتیزم و ئەو هەڵبژاردنە جۆراوجۆرانە وەبیردێنێتەوە کە لە بـەردەم خەڵکدان؛و هەروەها مەترسییەکانی دەرئەنجامی بیروباوەڕ و کردەوە سیاسییە تایبەتـەکان بـیر دەخاتەوە.

## ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا:

وتمان کە لە ڕوانگەی بەرلینەوە یەك لە ڕۆڵەکانی *فەلسەفەی سیاسـی* تـاوتویێ کـردن و ڕەخنە گرتنە لە فەلسەفە سیاسییەکان بە سەرنجدان بە تێگەیشتنی ئەو فەلسەفانە بۆ مرۆڤ لە بەراوردکردنی تایبەتمەندییە بەردەوامەکانی جۆری مرۆڤ. لەو ڕوانگەوە، بەرلین خۆشـی ڕەخنـە لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا و تێگەیشتنی ئەو فەلسەفەیە لە سروشـتی مـرۆڤ دەگـریێ. بـە باوەڕی ناوبراو یەك لە تایبەتمەندییەکانی نەریتی فەلسەفی ڕۆژئـاوا عـەقڵگـەرای و بابەتییـەت خوازی ئەخلاقییە کە بۆتە مایەی تێگەیشتنی نادروست بۆ مرۆڤ لەو فەلسەفەدا. بـە بـاوەڕی فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان جیهان گشتایەتییەکی عەقلانیيە و هەر کام بـە شـێوەی تایبـەتی خۆی باسی لەو پرەنسیپە کردووە. فەیلەسووفەکانی ڕۆژئاوا، لە ئەفلاتونەوە تا مارکس، پێیان وابووە کە مێژوو پرۆسەیەکی عەقلانی و ئامانجـدارە و لـەو بـاوەڕەدان کـە غایـەتی مـرۆڤ و وەدیهاتنی غایەتی مێژوو یەکن (ئەوە واتای سەرەکی ئازادی پۆزەتیڤە و هەر وەك دواتر دێتە بەرباسی یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی هزری بەرلین). بەم پێیە شێوەی ژیـانی ئـەخلاقی خوازراوی مرۆڤ لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ داڕشتە و ئامانجی جیهانەوە دەناسرێتەوە، چونکە ژیانی عەقلانی تاکەکەس نموونەیەکی بچووکە لە عەقلانییەتی بابەتی جیهان. بە کورتی دەکرێ بڵێین مـرۆڤ دەبـێ پێگـەی خـۆی لـە گشـتایەتی مـەعقولی جیهانـدا بدۆزێتـەوە و خـۆی لەگـەڵ پێداویستییەکانیدا بگونجێنێ.

هەروەها، لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بابەتی خوازراوی مرۆڤ یەکدەست و بەدوور لـە گـرژی و ناکۆکی نییە یان بە واتایەکی تر هەموو غایەت و خێرە خوازراوەکانی مرۆڤ لە یـەك شـوێندا

کۆ دەبنەوە. بەو شێوەیە بایەخەکانی وەك ئازادی، یەکسانی، شادی، ئاسوودەیی، عەقلانییەت، تەناهی، ئەخلاق و دادپەروەری لێك کۆ دەبنەوە؛و تەنانەت تەواوکەری یەکترن. هۆی کۆ نەبوونەوەی ئەو ئامانجانە پێکەوە لە بارودۆخی باودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بارودۆخانە عەقلانی نەبوون. یۆتۆپیا شوێنی لێك کۆ بوونەوەی هەموو بابەتە خوازراوەکانە. کەواتە هۆی لێك کۆ نەبوونەوەی ئامانجەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر واقعییەت نەك ناکۆکی لۆژیکی نێوان ئامانجەکانی مرۆڤ. لەو ڕووەشەوە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا یەکێتی خوازە؛و جەخت دەکاتە سەر یەکبوونی ئامانج و بایەخەکان. کەواتە دەکرێ بگەین بە کۆمەڵگایەکی ئایدیال. تیۆری کۆمەڵگای بێ چینی کۆمۆنیستی، کۆمەڵگای عەقلگەرای پۆزەتیڤستی، کۆمەڵگای ئازادی کۆمۆنەکان و هتد لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا هەر هەموویان ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئەگەری کۆ بوونەوەی سەرجەم غایەتە خوازراوەکانی مرۆیین. هەر لە سەر ئەو بنەمایە بە باوەڕی بەرلین، فەلسەفەی ڕۆژئاوا پشت بە چەشنێك یەکێتی خوازی ئەخلاقیشەوە دەبەستێ. ژیانی ئەخلاقی خاوەنی هەندێ پلەیە کە دواجار دەگاتە کەماڵی خۆی. کەواتە شێوە فرەییەکانی ژیانی ئەخلاقی بوونیان نییە. عەقڵ و ئازادی جەوهەری ئەخلاقی سیاسین لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا.

بەرلین لە تەواوی نووسینەکانیدا لە ڕەخنەی هەڵوێستەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا بەو شێوەیە بەڵگەی هێناوەتەوە کە ناکرێ غایەت و ئامانجێك بۆ ژیان و مێژوو و جیهان لەبەر چاو بگرین. تەنانەت ناکرێ هیچ مانایەکیشیان بۆ لەبەر چاو بگرین، چونکە مانا وتەزایەکی زەینییە کە ئێمە دروستمان کردووە و دەیبەخشین؛و بابەتە بابەتییەکان لەخۆیدا لەخۆ گری هیچ مانایەك نین. تەنیا کاتێك دەتوانین غایەت و ئامانجێك بۆ جیهان لەبەر چاو بگرین کە باوەڕمان بە بوونی خوا هەبێ.

بە باوەڕی بەرلین، فەیلەسووفەکانی ڕۆژئاوا بە هەڵە هەوڵیانداوە فرەیی جیهان دابەزێننە سەر یەکێتییەکی یەکدەست و یەکپارچە. لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا جیهان بابەتێکی یەکدەستە بۆ خوێندنەوە کە دەکرێ بە پێی میتۆد یان کۆمەڵێکی یەکدەستی چەمکەکان شی بکرێتەوە. بەڵام جیهان دیاردەیەکی فرە ڕەهەندە و جۆرە جۆراوجۆرەکانی بوون لەخۆ دەگرێ کە بابەتی بەرباسی مەعریفە جۆراوجۆرەکانن و دەبێ لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خوێندنەوەیان بۆ بکرێ.

دەربارەی یەکێتی بایەخەکان بەرلین لەو باوەڕە دایە کە گرژی نێوان بایەخ و ئامانجە خوازراوەکان دەرئەنجامی دۆخی مرۆیین، کەواتە بابەتێکە هیچ نکۆڵی لێ ناکرێ. ئێمە بەردەوام ناچارین هەڵبژێرین؛و دەتوانین شێوازی جۆراوجۆر بۆ ژیانمان هەڵبژێرین. ناتوانین بگەین بە کۆی هاوپێچی سەرجەم خێرەکان. بە باوەڕی بەرلین تەنانەت لە نێوان تواناکانی مرۆڤیشدا گرژی لە ئارادایە: بیرمەند هەلی شاعیر بوون لە دەست دەدا؛و شاعیر لە ژیانی ڕۆژانە دوادەکەوێ. هەر وەك چۆن وێنەی مرۆڤێکی تەواو و بێ نوقسان هەڵەیە، ناشکرێ هەموو باشییەکان لە کۆمەڵگایەکی تەواو ئایدیالدا بەدی بێن. بە بۆچوونی بەرلین هزری کۆمەڵگای بێ نوقسان و ئیراد هزرێکی پووچ و بێ ناوەڕۆکە. کۆمەڵگاکان ڕێگەی جۆراوجۆر دەگرنە بەر؛و هەڵگری بایەخ و بەهای جۆراوجورن؛و لە هەر کلتور یان کۆمەڵگایەکدا جۆرێك لە تواناکانی مرۆڤ پەروەردە دەبێ. کەواتە هەر کلتورە ڕەنگدانەوەیەکی بێ وێنەیە لە گەشەکردنی زەین و توانای مرۆیی؛و خاوەنی ئیعتیبارێکی ناوخۆییە.

هەروەها لە ڕوانگەی بەرلینەوە، لە ڕەت کرنەوەی یەکێتی خوازی ئەخلاقی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، هیچ پرەنسیپێکی یەکە لە ئارادا نییە کە بکرێ پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی تر تێیدا بتوێنەوە: ناکرێ وەك ئامراز و کەرەسەی گەیشتن بە ئازادی سەیری یەکسانی، شادی و دادپەروەری بکەین. ژیانێکی بەختەوەرانە مەرج نییە لە ئازادیدا وەدەست بێ یان ئاوێتەی ڕامان و تێفکرین بێ. هەر یەکەو لەو بایەخانە پێوەندی بە ئەزموونێکی مرۆیی تایبەتەوە هەیە؛و سروشتێکی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە کردەوەی ئازاد جیاوازە لە کردەوەی ئەخلاقی. مەرج نییە ئازادی لە ڕێگەی بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری ئێمەوە بەرز بێتەوە؛و تەنانەت ئازادی پێویستی بە کردەوەی ستەمکاریانە و ناعەقلانێش هەیە. ئەو خاڵە، پێکهێنەری بنەمای فەلسەفەی سیاسی بەرلینە.[1]

### فەلسەفەی سیاسی بەرلین:

بابەتی دەسپێکی فەلسەفەی سیاسی بەرلین بریتییە لە باسکردنی تایبەتمەندییە پایەدار و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. گرنگترین تایبەتمەندی پایەداری مرۆڤ خۆبەڕێوەبەری و توانایی مرۆڤە لە بڕیاردان دەربارەی ژیانی خۆی. مرۆڤ دەتوانێ هەندێ ئامانج بۆ خۆی دەسنیشان بکا و هەوڵ

1. "Historical Inevitability", Four Essays on Liberty, London, 1969.

بدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە. کەواتە ئازادی تایبەتمەندی سەرەکی مرۆڤە؛ لەو ڕووەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکی بێ هاوتایە. مرۆڤ لە ڕەوتی بڕیاردان و هەڵبژاردن دایە کە دەگاتە کەماڵ. ڕەتکردنەوەی ئازادی و ئۆتۆنۆمی تاك بە واتای ڕەتکردنەوەی مرۆڤایەتی مرۆڤە. کەواتە مرۆڤ خۆی ئامانجێکی لەخۆیدا؛ کەڵك وەرگرتن لە مرۆڤ وەك کەرەسەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تر بە واتای نکۆڵی کردنە لە زاتی مرۆڤ. بەرزترین بەرژەوەندی ئەو بەرژەوەندییەیە کە تاك دەسنیشانی دەکا؛و هیچ بەرژەوەندی و پڕەنسیپێکی تر بەرزتر لەو لە ئارادا نییە. ئافرێنەری سەرجەم پڕەنسیپ و بایەخەکان خودی مرۆڤە. بایەخەکان کاتێ خاوەن واتان کە لە لایەن مرۆڤەکانەوە هەڵبژێردرێن. پڕنسیپ و بایەخە ئەخلاقییەکان بەرهەمی کردەوەی ئازادی مرۆڤن؛ تاکە هۆی بایەخدار بوونیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتە. هیچ پڕەنسیپ و بایەخێکی سەروو بوونی نییە کە پێوانەی هەڵسەنگاندنی بایەخە گوڵبژێرکراوەکانی تاکەکان بێ. هەروەها، هیچ یەك لەو بایەخە خوازراوانەی مرۆڤ، وەك ئازادی و شادی و یەکسانی، لە وانی تر لە سەرتر نییە و هەموو لە یەك ئاست دان. هیچ پڕەنسیپ و بایەخێکی ڕها بوونی نییە کە هەموو پڕەنسیپ و بایەخەکان لەخۆ بگرێ. «دۆخی مرۆیی بە جۆرێکە کە مرۆڤەکان ناچارن هەڵبژێرن... هۆکارە سەرەکییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە غایەتەکان ناکۆکیان پێکەوە هەیە... پێویستی بە هەڵبژاردن و قوربانی کردنی هەندێ لە غایەتەکان لە پای بایەخەکانی تر تایبەتمەندییەکی پایەداری دۆخی مرۆییە.»[1] بەوشێوەیە، گرژی و ناکۆکی هەیە لە نێوان بایەخە غاییەکاندا؛و تراژیك بوونی دۆخی مرۆیی لەوە دایە کە دەبێ مرۆڤ لە ناو ئەو بایەخانەدا دەست بکا بە هەڵبژاردن و نرخەکەشی بدا. گرژی نێوان بایەخە غاییەکان گرژییەکی دە روونی و زاتییە؛ وهیچ کات لە ناو ناچێ. کەواتە ئێمە ناچارین لە هەڵبژاردن لە نێوان بایەخە غایی و ڕەهاکاندا. بەو پێیە جیهانی ئەخلاقی مرۆڤ بە ناچار جیهانێکی فرە ڕەهەندە. سەرەڕای ئەوەش، پلۆڕالیزمی ئەخلاقی یەکێکە لە تایبەتمەندییە دڵخوازەکان کە پێویستە پارێزگاری لێبکرێ.

### ئازادی پۆزەتیڤ و ئازادی نێگەتیڤ:

بە بۆچوونی بەرلین لەناو مانا جۆراوجۆرەکانی ئازادیدا دوو مانا لە هەموان گرنگتر و زەقترن: یەکەمیان ئازادی پۆزەتیڤە و دووەمیان ئازادی نێگەتیڤە. مەبەستی بەرلین پێناسە

---

1. Four Essays on liberty, p. 1i.

کردنی ئەو دوو مانایە و باسکردنی ئەو بابەتەیە کە داخوا کام یەك لەو دوو مانایە مانای ڕاستەقینەی ئازادی لەخۆ دەگرێ. لە تیۆری بەرلیندا ئازادی پۆزەتیڤ چەند مانای هەیە؛هەر ئەو بابەتە بۆتە هۆی ئەوە لێلایی و تەمێك بەسەر تیۆرکەی ناوبراودا بکشێ. ئازادی پۆزەتیڤ لە تیۆری بەرلیندا یەکەم وەك ئۆتۆنۆمی تاکەکەس و دووەم وەك کردەوە بە پێی عەقڵ و سێیەم وەك مافی بەشداری لە دەسەڵاتی گشتیدا هاتووە. بەرلین بە گشتی دەربارەی ئازادی پۆزەتیڤ بەو شێوەیە دەدوێ:«مانای *پۆزەتیڤی* ئازادی هەڵقوڵاوی ویستی تاکە بۆ گەیشتن بە ئۆتۆنۆمی. ویست و ئارەزووی من (وەك تاکەکەس) ئەوەیە کە ژیان و بڕیارەکانی من پشت بە خۆم ببەستن نەك بە هێزە دەرەکییەکانی دەرەوەی من. دەخوازم ئامراز و کەرەسەی ئیرادەی خۆم بم نەك ئیرادەی خەڵکانیتر. دەخوازم نوێنەر بم نە گوێ لە مست و بەڕێوەبەر، و بە پێی ئەو هۆکار و ئامانجە هۆشیارانە بجووڵێمەوە کە هی خۆمن نە بە پێی ئەو هۆکارانەی لە دەرەوە ڕا کار دەکەنە سەر من. دەخوازم کەسێك بم نە *هیچ کەس*، دەخوازم نوێنەر و بڕیاردەر بم نە کەسێك کە لە شوێنێکیتر بۆم ببڕنەوە کە چ بکەم و چ نەکەم، دەخوازم کەسێکی ئۆتۆنۆم و سەربەخۆ بم نە وەك شتێك یان ئاژەڵێك یان کۆیلەیەك کە ناتوانێ دەوری مرۆڤانەی خۆی بگێڕێ مامڵەم لەگەڵ بکرێ؛ واتە بتوانم ئامانج و شێوەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە لە مێشکی خۆمدا وێنا بکەم. ئەوە لانی کەم بەشێکە لە مانای عەقڵانی بوونی مرۆڤ.»[1]

بەڵام بەرلین بەڵگە دێنێتەوە کە ئەو مانا سەرەکییەی ئازادی پۆزەتیڤ لە هزری فەیلەسووفە ئایدیالیست و عەقڵ خوازەکاندا مەسخ بووە و بە ڕووکاری مانای دووەم واتە کردەوە بە پێی عەقڵدا وەرگەڕایەوە. لە ئازادی بە واتای *ئۆتۆنۆمدا* خود بەسەر *خودی* بالاّ و عەقلانی و *خودی* نزم و ناعەقلانی دابەش دەبێ و دواجار هەر ئەو *خودە* بالاّ و عەقلانییە، کە تەنیا فەیلەسوف‌و زاناکان لێی تێدەگەن، وەك ڕەنگدانەوەی گشتایەتی دەبێتە پێوانەی ئازادی مرۆڤ. «چەمکی پۆزەتیڤی ئازادی، وەك ئۆتۆنۆمی، بە سەرنجدان بە دابەشبوونی نەفسی مرۆڤ بە دوو بەش» ئامادەیی ئەوەی هەیە ببێتە ئازادی پۆزەتیڤی مەسخ بوو.[2] کەواتە دەکرێ بڵێین ئازادی دووبارە ناسینەوەی عەقلانی زەرووڕەتە. بونیادە کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤیان خراپ کردووە و ڕێگرن لە بەردەم هەنگاوونانی مرۆڤ بەرەو عەقڵ و ئازادی. بەو پێیە باشتر وایە

---

1. Ibid. p. 131.
2. Ibid. p. 134.

گرووپێك لە زانایان بکەونە پێش مرۆڤ و ئەرکی گەیشتنی مرۆڤ بە عەقڵ و ئازادی بگرنە ئەستۆ. بەم شێوەیە ئازادی پۆزەتیڤ لە فەلسەفەی عەقلانییەت و ڕۆشنگەری ڕۆژئاوادا، چ لایەنە ئایدیالیستەکەی و چ لە شێوازە ماتریالیستەکەیدا، ڕەت کردنەوەی سەرجەم ئازادی لێدەکەوێتەوە. لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیاوە ئازادی پۆزەتیڤ بە واتای ئۆتۆنۆمی دەبێتە ئازادی پۆزەتیڤ بە واتای کردەوە لە ڕووی پێداویستییەکانی عەقڵی گشتییەوە. گۆڕانی مانای ئازادی پۆزەتیڤ دەرئەنجامی کاریگەری چوار مەفرووزی سەرەکی عەقڵگەراییە: «یەکەم ئەوە کە هەموو مرۆڤەکان تەنیا یەك ئامانجی ڕاستەقینەیان هەیە و ئەویش ئۆتۆنۆمی عەقلانییە؛ دووەم ئەوە کە غایەتی هەموو بوونەوەرە عەقلانییەکان بە ناچار دەبێ لە چوارچێوەیەکی گشتی و یەکدەستدا ڕێکبخرێن و هەندێکیش باشتر لە خەڵکانیتر لەو چوارچێوە تێدەگەن؛ سێیەم ئەوە کە پێکدادان و تراژێدیا تاکە دەرئەنجامی وێککەوتنی عەقڵە لەگەڵ بابەتی ناعەقلانی یان کەمتر عەقلانیدا... و ئەو وێککەوتننانە پێشیان پێ ناگیرێ و دێنە دیی... چوارەم کاتێ هەموو مرۆڤەکان باوەڕ بە ئەقڵ بێنن' پەیڕەوی لە یاسا عەقلانییەکانی سروشتی خۆیان دەکەن و ئەو یاسایانەش لە هەموو خەڵکدا وەك یەکە. بەو شێوەیە هاوکات هەم پەیڕەوی لە ئەقڵ دەکەن و هەم ئازاد دەبن.»[1]

بە کورتی لە ڕوانگەی بەرلینەوە، چەمکی ئازادی پۆزەتیڤ لە یەك مانادا لەگەڵ ئەقڵخوازی فەلسەفەی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوادا لە پێوەندیدا بووە. ئازادی پۆزەتیڤ بەو مانایە بریتییە لە ژیان بە پێی ئەقڵ. بە بۆچوونی بەرلین لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا ئازادی و ئەقڵ وەك تایبەتمەندییە پایەدارەکانی مرۆڤ بەستراوەی یەکتر بوون. ئەقڵ جەوهەری ژیانی مرۆڤە و ژیان لە ڕووی ئەقڵ بە مانای ئازاد ژیان بە واتای پۆزەتیڤە. لە پەیڕەوی کردن لە ئەقڵ دایە کە ئۆتۆنۆمی و ئازادی مرۆڤ وەدی دێ. لە هەمبەردا، پەیڕەوی کردن لە هەوا و هەوەس دەبێتە مایەی بەسترانەوەی مرۆڤ بە غەریزە و هێزە سروشتییەکان و ئازادی مرۆڤ لەناو دەچێ. پڕەنسیپە پەیڕەوی لێ کراوەکانی ئەقڵ ڕەنگە لە داڕشتەی عەقلانی جیهان یان لە سەرچاوەکانی دەرەوەی جیهان یان لە یاساکانی مێژووە وەرگیرابن؛ بەڵام ئەو پڕەنسیپانە گشتی و خاوەن ئیعتیبار و زەرووری سەیر دەکرێن. کەواتە ئەو کەسانەی لەو پڕەنسیپانە بێ خەبەرن

1. Ibid. P. 154.

دەبێ ڕێنمایی بکرێن یان زەختیان لێ بکرێ بۆ ناسینی ئەو پڕەنسیپانە بۆ ئەوەی بە پێی ئەو پڕەنسیپانە ژیان بکەن؛ و بتوانن ئازاد بن. لەو ڕوانگەوە ئەقڵ وەك پڕەنسیپێکی بابەتی دێتە ژمار و ئەخلاق بە بابەتی دەبێ. لە سەر ئەو بنەمایە غایەتە ڕاستەقینەکانی ژیانی مرۆڤ پێشاوپێش لە جیهانی دەرەوەو سەربەخۆ لە ئیرادە و هەڵبژاردنی مرۆڤ بوونیان هەیە؛ و تاکە هەڵبژاردنی دروست هەڵبژاردنی ئەوانە. لە ئاکامدا هەندێ کەس لەچاو خەڵکانی تر دەتوانن خۆیان بە کارناسی غایەت و ئامانجەکانی مرۆڤ بزانن؛ بەو شێوەیە بانگەشەی ڕێبەری و ڕێنمایی بێ خەبەران بکەن. بۆچوونی ئەقڵ خوازانە لە ئازادی پۆزەتیڤ مرۆڤ لە تەواوییەتی خۆیدا دادەبەزێنێتە سەر عەقلانییەتی مرۆڤ و وەك پڕەنسیپێکی بابەتی دەڕوانێتە ئەقڵ نە وەك توانایی فکری مرۆڤ. کەواتە چونکە ئەقڵ بریتییە لە کردەوە بە پێی حەقیقەت یان زەروورەت و هەروەها چونکە ئازادی بریتییە لە ژیان لە ڕووی ئەقڵ، کەواتە ئازادی واتا قبووڵ کردنی زەروورەت.

بە سەرنجدان بەو واتا پۆزەتیڤەکەی ئازادی، سوقرات پێی وابوو هەموو ماوەی بەندبوونی، ئازاد بووە! بۆ چی؟ چونکە پێی وابوو بەپێی ئەقڵ جوڵاوەتەوە. ڕەواقییەکانیش هەڵبژاردنەکانی پێچەوانەی دیسیپلینی عەقلانی جیهانیان پێ هەڵبژاردنێکی ئازاد نەبوو. ڕۆسۆش لە ڕێگەی ئیرادەی گشتییەوە هەر ئەو هزرەی زیندوو کردەوە. ناوبراو پێی وابوو ئازادی بەو هەڵبژاردنە عەقلانییە دەگوترێ کە پێوانەکانی لەگەڵ دیسیپلینی ئەخلاقی سروشتیدا بگونجێن. چەمکی ئازادی پۆزەتیڤ لە هزری بیرمەندانێکی وەك سپینوزا و کانتدا وەك حکومەتی عەقلی بابەتی دەرکەوت. بەو شێوەیە «بە پێی ئەو گریمانەیە، دەسەڵاتی ئەقڵ و ئەو ئەرکانەی ئەقڵ بۆ مرۆڤیان دیاری دەکا لەگەڵ ئازادی تاکەکەسیدا وەك یەك سەیر دەکران؛ واتە تەنیا غایەتە عەقلانییەکان دەتوانن ئامانجە *ڕاستەقینەکانی* سروشتی *واقعی* مرۆڤی *ئازاد* بن.»[1]

بە باوەڕی بەرلین بنچینەی ئازادی پۆزەتیڤ، واتە جوڵانەوە لە ڕووی ئەقڵ، هەڵەیەکی کۆنە کە بە پێی ئەو چەمکە بایەخ و بەهاکان لە کۆیەکدا یەك دەگرن. نەریتی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا ئەو هەڵەیەی دووبارە زیندوو کردەوە؛و کردی بە یەکێك لە پڕەنسیپەکانی عەقلانییەتی

---

1. Ibid. pp. 153-154.

مۆدێرن. چەمکی ئازادی پۆزەتیڤ دواجار دەبێتە هۆی پچڕان و دابەشبوونی کەسایەتی مرۆڤ بە دوو بەشی ئیستعلایی یان عەقلانی و ئەزموونی یان **حادثي**. بەڵام بە پێی بەڵگەهێنانەوەی بەرلین ئازادی وەك غایەتێکی لەخۆیدا هیچ پێوەندییەکی بە هەڵبژاردنی عەقلانییەوە نییە. هیچ پێویست ناکا کردەوەی ئازاد هەمان کردەوەی عەقلانی بێ. بەرلین دەڵێ:«هیچ کات نەمزانی مەبەست لە ئەقڵ لەو بوارەدا چییە... مەفرووزەکانی ئەو جۆرە دەروونناسییە فەلسەفییە لەگەڵ ئەزمونگەراییدا ناگونجێن.»[1] بەو جۆرە نییە کە بڵێین ئازادی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ناسیندا بەرز دەبنەوە؛و نابێ ژیانی ئازاد و ژیانی عەقلانی وەك یەك سەیر کەین. ئازادی پێویستی بە کردەوەی ناعەقلانیش هەیە. کاتێ ڕووبەڕووی چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر دەبینەوە ناتوانین بڵێین کام یەك لەو ڕێگایانە بە تەواوی ڕاستە. لە ڕووی عەقڵییەوە تەنیا دەتوانین بڵێین کەسی هەڵبژێر خۆی دەبێ هۆیەکی لەبەردەستدا بێ بۆ هەڵبژاردنەکەی.

بەرلین لە بەرانبەر چەمکی ئازادی پۆزەتیڤدا، کە بە باوەڕی ناوبراو هاوڕێی نەریتی کۆمەڵگای داخراو و تۆتالیتاریزم بووە، داکۆکی لە چەمکی ئازادی نێگەتیڤ دەکا وەك بنەما و بنچینەی لیبڕالیزم. هەڵبەت پێداگرە لەسەر ئەو بابەتە کە هەر دوو چەمك ڕیشەیەکی هاوبەشیان هەیە: «چەمکی پۆزەتیڤو نێگەتیڤی ئازادی بەو واتایەی من بەکاری دێنم جیاوازییەکی لۆژیکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە.»[2] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو چەمکە «دوو بۆچوونی جیاواز لە یەك چەمك نین، بەڵکو دوو جۆرە نوارینی تەواو جیاواز و دژبەرن لە ڕاست غایەتی ژیانەوە.»[3] لە ڕووی مێژووییەوە، ئازادی نێگەتیڤ بە واتای ئازادی تاکەکەس لە دەست دەوڵەت و کڵێسە لە سەردەمی سەرهەڵدانی لیبڕالیزمدا لە دایك بوو، واتە ئازادی تاکەکەس لە دەست خەڵکانی تر لە پانتایە دیاریکراوەکاندا زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو مانا نوێیە لە ئازادی بوو. ئەو مانایە لە ئازادی جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئازادی بە واتا یۆنانییەکەی واتە مافی بەشداری تاکە ئازادەکان لە ژیانی سیاسیدا و هەروەها لەگەڵ چەمکی ئازادی پۆزەتیڤ لە ڕوانگەی ئەفلاتونەوە. بابەتی سەرەکی ئازادی نوێ، واتە

1. Ibid. p. 154.
2. Ibid, p. Xliii.
3. Ibid. p. 166.

ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی و بەدوور بوون لە دەست خەڵکانی تر، لە چەمکە کۆنەکانی ئازادیدا بەدی نەدەکران. بەرلین بەو شێوەیە ئازادی نێگەتیڤ پێناسە دەکا: «ئەگەر خەڵکانی تر ڕێگر بن لە بەردەمم بۆ ئەو کارەی بە بێ دەستێوەردانی ئەوان ئەنجامی دەدەم، وەك ئەوە وایە دەستیان خستبێتە ناو کاروباری منەوە، ئەوەش بە مانای لە دەست چوونی ئازادی منە و ئەگەر خەڵکانی تر ئەو بازنەیە بەرتەسك تر بکەنەوە، ئەوسا دەکرێ بڵێم لە ژێر گوشار یان ڕەنگە بکرێ بڵێم لە بەند دام. گوشار واتە دەستێوەردانی بە ئەنقەستی خەڵکانی تر لە پانتایەکدا کە تاك بە بێ دەستێوەردانی ئەوان لەو پانتایەدا دەجولێتەوە.[١] کەواتە گوشار هێنان بۆ مرۆڤ بە مانای بێ بەش کردنێتی لە ئازادی.[٢] نەبوونی ئازادی دەرئەنجامی داخرانی دەرگاکان یان والاّ نەبوونی دەرگاکانە بە ڕووی تاکدا بە هۆی کردەوەی بە ئەنقەست یان نائەنقەستی... خەڵکانی تر.»[٣] هەروەها لە درێژەدا دەڵێ: «مانای سەرەکی ئازادی واتە ڕزگار بوون لە کۆت و بەند، زیندان و کۆیلەتی. ماناکانی تری ئازادی درێژ کراوەی ئەو مانایەیە... ئازادی، لانی کەم بە واتا سیاسییەکەی، بە مانای نەمانی توندوتیژی و دەسەلاّتە.»[٤]

ئەو شێوە تێگەیشتنە لە ئازادی لەگەڵ تێگەیشتنی بەرلین بۆ سروشتی مرۆڤ، وەك بوونەوەرێکی ئۆتۆنۆم کە دەتوانێ غایەتی خۆی هەڵبژێرێ، دەگونجێ. هەروەها چونکە بە پێی بەڵگە هێنانەوەی پێشتری بەرلین جیهانی ئەخلاق لە ڕووی سرووشتەوە جیهانێکی فرە ڕەهەندە و لەو جیهانەدا مرۆڤ ناچارە لە نێوان بایەخە دژەکان دەست بکا بە هەڵبژاردن- کەواتە ، چەمکی یەکێتی پڕەنسیپ و بایەخە غاییەکان لە فەلسەفەی سیاسیدا (کە پشتیوانی چەمکی ئازادی پۆزەتیڤە) تووشی تێکرووخان دەبێ. بەو پێیە ئازادی هەڵبژاردن زەروورەتێکی ئەخلاقییە کە لە ڕەوشتی مرۆڤ و بارودۆخی مرۆڤ لە جیهاندا سەرچاوە دەگرێ. کەواتە *ئازادی نێگەتیڤ* بریتییە لە بەکارهێنانی ئۆتۆنۆمی و توانایی هەڵبژاردن بە بێ دەستێوەردانی هۆکارە دەرەکییەکان. بەرلین بەو شێوەیە باس لە ئازادی نێگەتیڤ دەکا: «وا دێتە بەرچاو کە ڕادەی

1. Ibid. p. 122.
2. Ibid. p. 121.
3. Ibid. p. xi.
4. Ibid. p. Ivi.

ئازادی من گرێدراوی ئەو هۆکارانە بێ: أ) چ دەرفەتێکم لە بەردەست دایە... ب) وەدیهاتنی هەر کام لە هەڵبژاردنەکان چەندە ساکار یان دژوارە؛ ج) بە سەرنجدان بە بارودۆخ و کەسایەتی من، هەر کام لە هەڵبژاردنەکان لەچاو یەکتر تا چەندە لە ژیانی مندا گرنگن؛ د) ئەو هەڵبژاردن و بوار و دەرفەتانە تا چ ڕادەیەك لە ڕێگەی کردەوەی بە ئەنقەستی مرۆڤەوە گەشە دەکەن یان سنووردار دەبنەوە؛ هـ) خودی تاك و هەستی گشتی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی چ بایەخێك دەدەن بەو بوار و دەرفەت و هەڵبژاردنانە.»[1] (هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە بەرلین لەو پێناسە کردنەدا تەنها نەمانی دەسەڵاتی دەرەکی دەبەزێنێ و هەندێ تۆخمی ئازادی پۆزەتیڤ بە واتای ئۆتۆنۆمی دێنێتە ناو باسەکەوە).

بەرلین دەربارەی سروشتی ئاستەنگییەکانی بەردەم کردەوەی ئازاد و جۆرەکانی بەو شێوەیە دەدوێ کە ئاستەنگییە سروشتییەکان ناکرێ وەك لەمپەری ئازادی سەیر بکەین، چونکە ئەو ئاستەنگیانە نکۆڵیان لێ ناکرێ. تەنیا ئەو ئاستەنگیانە دەتوانین وەك لەمپەری ئازادی لە قەڵەم بدەین کە خەڵکانی تر دەیخەنە بەردەم هەڵبژاردنی ئازادی تاکەوە. باڵادەستی و دەستێوەردانی خەڵکانی تر لەمپەری سەرەکی بەردەم ئازادی نێگەتیڤە. ئاستەنگییە دارشتەییەکانیش دەکرێ وەك لەمپەری ئازادی لە قەڵەم بدەین، بەو مەرجەی بتوانین بیسەلمێنین کە ئەو ئاستەنگیانە بەرهەمی کردەوەی خەڵکانی ترن. کەواتە دەتوانین بڵێین یاسا و ڕێساکانیش لەمپەری بەردەم ئازادین. بە گشتی نەبوونی ئازادی بەرهەمی «ڕۆڵێکە کە بە باوەڕی تاك خەڵکانی تر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە ئەنقەست یان بە سەهوو دەیگێڕن بۆ ئەوەی ڕێگە بە تاك نەدەن ئەوەی دەیەوێ ئەنجامی بدا.»[2] کەواتە بەرلین ئازادی و نەبوونی زۆرەملی بە ئەنقەست وەك یەك سەیر ناکا. بەڵام ئاستەنگییە دارشتەییەکانی تر، وەك دابەشینی سەروەت لە کۆمەڵگادا و دەرئەنجامەکەی واتا هەژاری و نەداری، کاتێ وەك لەمپەری ئازادی لە قەڵەم دەدرێن کە بەرهەمی کردەوەی خەڵکانی تر بن؛ و کەسێك کە بتوانێ ئەوە بسەلمێنێ دەکرێ بڵێ هەژاری ڕێگرە لە بەردەم ئازادی ئەودا. کەواتە لەو بوارانەدا زۆر لێ کردنی بونیادیانە (سترۆکتووری) گرێدراوی بۆچوونی تاکە دەربارەی سروشتی سیستەم و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت لەو پێوەندییەدا کە ئایا ئەو سیستەمانە دەگۆڕدرێن

1. Ibid. p. 130.
2. Ibid. p. 123.

یان نا. «چونکە لەو باوەڕە دام کە بێ توانایی من لە ئەنجامدانی کارێکدا بەرئەنجامی دروست بـوونی بونیـادە کۆمەڵایەتییەکانـە بـە دەسـتی خـەڵکانی تـرەوە، کەواتـە مـن قوربـانی توندوتیژیم.»[١] بەو پێیە لە هەر شوێنێك هەژاری وەك دیاردەیەکی سروشتی سەیر بکـرێ وەك لەمپەری بەردەم ئازادی نایەتە ژمار. بـەڵام بـە بۆچـوونی بـەرلین بەگشـتی نـەبوونی هـەل و دەرفەتی پێویست بۆ هەڵبژاردنی ئازاد ڕێگری ئازادی نییە؛ واتا نـاتوانین بڵـێین هـەژاری یـان باڵادەستی چینایەتی هۆکاری گشتی نەبوونی ئازادییە؛ چونکە پرەنسـیپی ئـازادی خەوشـدار ناکا، بەڵکو تەنیا هەندێ هەل و مەرجی ئازادی لەناو دەبا؛ واتا ڕێگە نادا ئازادی بەرێوەبچێ. بەرلین لەو باوەڕە دایە کە دەبێ ئازادی و هەل و مەرجی ئازادی لێـك جیـا کەینـەوە: «ئـەوە تەنیا جیا کردنەوەیەکی بەدەم نییە، چونکە بێتوو ئەو بابەتە پشت گوێ بخرێ گرنگی پێویست بە مانا و بایەخی ئازادی هەڵبژاردن نادرێ. مرۆڤەکان لـە ڕێگـەی هەوڵـدان بـۆ پێکهێنـانی بارودۆخی کۆمـەڵایەتی و ئابووری ئازادیدا... خودی ئازادی لە بیر دەکەن؛و تەنانـەت ئەگـەر ئازادی لە بیریش نەکرێ، دەبێ پاشەکشـە بکـا و جێـی خـۆی بـدا بـە بـەها و بایەخـەکانی چاکسازیکەران و شۆڕشگێڕان.»[٢] لەگەڵ ئەوەشدا، بەرلین لەو باوەڕە دایـە کـە دەسـتێوەردانی دەوڵەت لە کار و باری ئابووریدا مەرجێکی هەرە سەرەکی دابین بـوونی بـارودۆخی ئازادییـە: «بـە پێی تێبینی و بـانگەشەکانی ئازادی نێگەتیڤ و ئازادی پـۆزەتیڤ، وەك یـەك دەکـرێ داکۆکی لـە پلانـدانان و یاسـادانانی کۆمەڵایـەتی و دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی و سۆسـیالیزم بکەین.»[٣]

بەرلین هەروەها لەمپەرە دەروونییەکانی ئازادی، وەك «ڕاڕایی و ترس و دەروون شـێواوی و هێزە ناعەقڵانییەکان»[٤] وەك لەمپەری گەورە ناودەبا؛ بەڵام بە بۆچوونی ناوبراو ئەو لەمپەرانـە ڕێگە لە *ئازادی ئەخلاقی* مرۆڤ دەگرن و ئازادی سیاسی ناوبراو لەناو نابەن، هەرچـەندە دەبنـە ڕێگری بەرێوەچوونی ئازادی. لەگەڵ ئەوەشدا بەرلین ئاماژە بەوە دەدا کە ڕەنگە ترس و دۆخـی دەروونییەکانی تری تاکەکەسی بەرهەمی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسـی، واتـا دەرئـەنجامی

1. Ibid. P. 123.
2. Ibid. p. Iiv.
3. Ibid. P. xivi.
4. Ibid. P. 158.

کردەوەی خەڵکانی تر بن و بە ڕادەی باڵادەستی خەڵکانی تر ڕێگر بن لە بەردەم هەڵبژاردنی ئازادی مرۆڤ.

هەر وەك دیتمان، جەوهەری هزری بەرلین چەمکی ئازادی هەڵبژاردنی تاکەکەسییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی هەڵبژاردنی تاك مافێکی ڕەها نییە، چونکە ئەگەر وابێ دەبێتە دەسدرێژی بۆ سەر مافی هەڵبژاردنی خەڵکان تر. کەواتە مافی هەڵبژاردنی تاك سنووردارە. ئەو سنوورانە لە لایەن بەها ئەخلاقییەکانی هەر کۆمەڵگایەك و هەروەها بە پێی زەروورەتی ڕەچاو کردنی غایەتەکانی تری مرۆیی، بە تایبەت دادپەروەری و یەکسانییەوە پێکدێن. چونکە ئازادی لەگەڵ هەندێ لە بەهاکانی تری ئێمە لە ناکۆکی دایە، کەواتە بۆ ئەوەی ژیانی قورس وە ئامانجەکانی ترمان نەکەوێ پێویستە ئازادی لە هەندێ بواردا سنووردار بکرێ. بەڵام بە بۆچوونی بەرلین دەبێ هەر چۆنێك بێ *پانتایەکی تەنانەت زۆر بەرتەسکیش* لە ئازادی هەڵبژاردنی ڕەها و چەسپاو بۆ تاك لەبەر چاو بگیرێ، چونکە ئەگەر ئەو پانتایە بۆ تاك لەبەر چاو نەگیرێ مانای وایە کە سروشتی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ نکۆڵی لێ کراوە: «هەر دەم دەبێ بەشێك لە ژیانی مرۆڤ بە دوور بێ لە کۆنترۆڵ و چاوەدێری کۆمەڵایەتی و ئەو بەشە ئازاد و سەربەخۆ بێ.»[1] پاراستنی ئەو پانتا بەرتەسکە یەکێکە لە پێداویستییەکانی گەشەکردنی تواناکانی تاك و بەدواداچوونی ئازادانەی غایەتەکانی. تەنها سنووری ئەو پانتایە دەبێ ئەوە بێ کە لە نێوان غایەت و ئامانجەکانی تاکەکاندا گرژی نەیەتە ئاراوە.

بە گشتی کۆمەڵگای سیاسی هاندەری ئازادی پانتای هەڵبژاردنە و سەربەستی تاك بەرفراوانتر دەکاتەوە؛و تەنانەت ئاستەنگی و لەمپەرە دەروونی و زەینییەکانی هەڵبژاردنی ئازادیش کەم دەکاتەوە. ئازادی گرێدراوی بوونی کۆمەڵگایەکی کراوەیە کە تێیدا بیر و ڕا و شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان بکەونە ململانێ و ڕکەبەرایەتییەوە. لە کۆمەڵگای دڵخوازی بەرلیندا کێشەی ئەخلاقی و بایەخی بە تەواوی دەردەکەوێ، چونکە بە بۆچوونی ناوبراو کێشەی نێوان بایەخەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییە پایەدارەکانی ژیانی مرۆڤ.

❊❊❊

---

1. Ibid, p. 126.

ڕەخنەیەکی یەك جار زۆر ئاراستەی تیۆرکەی بەرلین دەربارەی ئازادی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ کراوە. بەڵام گرنگترینیان ڕخنەکانی سی.بی.مەك فێرسۆن گەورە فەیلەسووفی هاوچەرخە.[1] مەك فێرسۆن دەربارەی چەمکی ئازادی پەزەتیڤ و نێگەتیڤ باوەڕی وایە کە تەنانەت بە پێی پێناسەکەی خودی بەرلینیش، ئەو چەمکانە ڕاست دەرناکەون. چونکە هەر وەك ئاماژەمان پێکرد، بەرلین سێ مانا لە ئازادی پۆزەتیڤ بەدەستەوە دەدا: یەکەم، بە واتای ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی؛ دووەم، بە واتای جووڵانەوە لە ڕووی ئەقڵ؛و سێیەم، بە واتای مافی بەشداری کردن لە دەسەڵاتی گشتیدا (دەربارەی مانای سێیەم بەرلین دەڵێ ئازادی پۆزەتیڤ «بەشداری کردنە لە ڕەوتێکدا کە بە پێی ئەو بەشداری کردنەی من، ژیانیشم باشتر دەبێ»). بە باوەڕی مەك فێرسۆن ئازادی نێگەتیڤ تەنیا لەگەڵ مانای سێیەمی ئازادی پۆزەتیڤدا (واتە بەشداری لە حکومەتدا) بە ئاشکرا لە ناکۆکی دایە (وەك ناکۆکی نێوان چەمکی ئازادی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لە ڕوانگەی هانا ئارێنتەوە). بەرلین بە تەمایە ناکۆکییەك ساز بدا لە نێوان ئازادی نێگەتیڤ و ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای دووەم (مانا گەندەڵ بووەکە). بەرلین هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئازادی نێگەتیڤ و ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەکەم (ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی)دا دانانێ. (بەو پێیە ئازادی پۆزەتیڤ بەو مانایە هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ ئازادی نێگەتیڤدا نییە)؛ بەڵکو دەڵێ کاتێك ئازادی پۆزەتیڤی جۆری یەکەم ببێ بە ئازادی پۆزەتیڤی جۆری دووەم، ئازادی پۆزەتیڤی جۆری دووەم (و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئازادی پۆزەتیڤی جۆری یەکەم) لەگەڵ ئازادی نێگەتیڤدا دەکەونە ناکۆکییەوە). گریمانەی بەرلین بەو جۆرەیە کە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەکەم (ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی) لە ڕووی دەروونییەوە دەتوانێ ببێ بە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای دووەم، ئەوەش خۆی گرفتێکی سەرەکییە. بەڵام مەك فێرسۆن بەو شێوەیە بەڵگە دێنێتەوە کە چوار مەفرووزە عەقڵانییەکانی پێشتر باسکراو (واتا یەکێتی، هەماهەنگی، حاوانەوەی بایەخەکان پێکەوە، ئامانجە مرۆییەکان) ڕەنگە تەنیا بنچینەی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانا مەسخ بووەکەی بن و هیچ پێوەندییەکیان بە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەکەم (ئۆتۆنۆمی) و مانای سێیەم (بەشداری سیاسی)یەوە نەبێ. بەپێچەوانە، پێداویستی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەکەم و سێیەم جۆراوجۆری شێوازەکانی ژیان و هزرە

1. C.B.Macpherson, Democratic Theory: Essays in Retrieval, Oxford, 1973, pp. 104-116.

نەك یەكێتی عەقلانی. ئازادی پۆزەتیڤ بەو دوو مانایە كاتێ وەدی بێ دۆخێكی فرە ڕەهەندی ئەوتۆی لێدەكەوێتەوە. *یەكێتی خوازیی فەلسەفی* ناوئاخنی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانا مەسخ بووەكەی، لە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای ئۆتۆنۆمی‌دا بەدی ناكرێ. گرنگترین خاڵی بۆچوونی مەك فێرسۆن ئەوەیە كە تێپەڕكردنی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەكەم و گەیشتن بە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای دووەم دەرئەنجامی لۆژیكی ناوخۆیی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەكەم نییە. بە باوەڕی مەك فێرسۆن ئازادی پۆزەتیڤی مەسخ بوو بەرهەمی لاوازی لیبرامیزمە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لەمپەرەكانی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەكەم (ئۆتۆنۆمی تاكەكەسی).

هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەكەم دەبێ هاوكات هەوڵدان بۆ سڕینەوەی لەمپەرەكانیش لەخۆ دەگرێ. لەمپەرەكانی بەردەم ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەكەم و ئازادی نێگەتیڤ یەك شتن. لیبڕاڵەكان، هەر وەك بەرلین، پێیان وابوو ئازادی نێگەتیڤ زۆر بەرتەسك و سنووردارە تەنیا بە مانای نەبوونی توند و تیژی گشتی دەرەكی لە ئازادیان دەڕوانی؛ و هەروەها باوەڕیان وابوو كە ئامراز و كەرەسە و دەرفەتەكانی وەدیهاتنی ئازادی بەشێك لە ئازادی نین بەڵكو بارودۆخی ئازادین. لیبراڵیزم لە ڕێگەی تەئكید كردن لەسەر ئازادی نێگەتیڤ بە مانای نەبوونی توندوتیژی و دەستێوەردانی دەرەكی بەگشتی و نەبوونی دەستێوەردانی دەوڵەت لە كار و باری بازاڕی سەرمایەداری‌دا و مافی خاوەندارێتی بێ سنوور ڕێگرە لە بەردەم وەدیهاتنی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای ئۆتۆنۆمی تاكەكەسی؛ لە ئاكامدا ئازادی نێگەتیڤ لەمپەری سەرەكی ئازادی پۆزەتیڤە بە مانای یەكەم. بەڵام ڕەوینەوەی لەمپەرەكانی دەرئەنجامی بالادەستی كۆمەڵایەتی مەرجی گەیشتن بە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای ئۆتۆنۆمی تاكەكەسییە. بە پێی بەڵگە هێنانەوەی مەك فێرسۆن لایەنگرانی تۆتالیتاریزم لەگەڵ سڕینەوەی ئەو لەمپەرانەدا بوون، بەڵام پێیان وابوو هیچ ڕێگەیەكی نادەسەڵات خوازانە بۆ سڕینەوەی ئەو لەمپەرانە لە ئارادا نییە. بەگشتی سەرهەڵدانی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای دووەم و مەسخ بوو دەرئەنجامی دوو هۆ بوو: هۆی یەكەم لاوازی تیۆریسیەنە لیبڕاڵ و داكۆكی كەرانی كۆمەڵگای سەرمایەداری لە تێگەیشتن لە لەمپەرەكانی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەكەم (و ئازادی نێگەتیڤ) لە بوبیادی كۆمەڵایەتیدا؛هۆی دووەم، ئامادە نەبوونیان بۆ سڕینەوەی ئەو لەمپەرانە. بەو شێوەیە بە باوەڕی مەك فێرسۆن، بە پێچەوانەی بۆچوونی

بەرلین، هیچ پرۆسەیەکی لۆژیکی دیتێرمینیستی نابێتە مایەی تێپەڕکردنی ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەکەم بۆ ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای دووەم. کەواتە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانای یەکەم جگە لەوەی کە ناخۆش نییە، بگرە لەخۆ گری هەندێ هزری ئیندیۆڤیدیالی سەرویە. بە پێچەوانە، ئازادی نێگەتیڤ ئیتر پەناگای تاکایەتی نییە و بۆتە پەناگای بەرژەوەندیی سەرمایەداری و دەسەلاتخوازانە و مۆنۆپۆلی و چیتر ناکرێ وەك بنەمای پلۆڕالیزم ناودێر بکرێ، ئەوەش پێچەوانەی بۆچوونی بەرلینە. بەکورتی ڕەخنەی مەك فێرسۆن لە تیۆری بەرلین دەتوانین لەو چەند خاڵەدا کورت کەینەوە: یەکەم، مەك فێرسۆن لەو باوەڕە دایە کە ئازادی نێگەتیڤ زۆر بەرتەسکە و لەگەڵ دابین کردنی ئازادی ڕاستەقینەی مرۆڤدا ناگونجێ؛ دووەم، مەك فێرسۆن باس لەوە دەکا کە ئازادی پۆزەتیڤ چەند لایەنەیە و هەڵگری چەند مانایە کە لە تیۆری بەرلیندا لێکدراون؛ سێیەم، مەك فێرسۆن بەڵگە دێنێتەوە کە ئازادی پۆزەتیڤی بەرباسی بەرلین بەرهەمی بێ ئەملاوئەولای ئازادی پۆزەتیڤ بە مانا سەرەکییەکەی نییە، بەڵکو بەرهەمی شرۆڤەی ئایدۆلۆژیکە لەو ئازادییە و چوارەم، مەك فێرسۆن لەو باوەڕە دایە کە ئازادی پۆزەتیڤ بە مانا سەرەکی و نەشێواوەکەی لە بنەمادا چەمکێکی دیموکراتی و فرەییە.

## (٦)

# جۆن راوڵز

جۆن راوڵز(John Rawls)(1921_ ) یەکێك بوو لە سەرەکیترین فەیلەسووفە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم کە کاریگەری هەبووە لەسەر نەوەیەك لە بیرمەندانی سیاسی. نووسینەکانی زۆر قووڵ و بەناوەڕۆکن و پێویستیان بە لێوردبوونەوە هەیە. لە ڕووی نەریتی فەلسەفییەوە، لەژێر باندۆری کانتدا بووە و لەو ڕوانگەوە هەوڵی چارەسەر کردنی یەك لە ئاڵۆزترین پرسەکانی فەلسەفەی سیاسی، واتا پرسی دادپەروەری داوە. بەر لە گەڵاڵە کردنی دوابۆچوونی دەربارەی دادپەروەری لە کتێبێکدا بە ناوی *تیۆرییەك دەربارەی دادپەروەری*[1] (١٩٧١) هەندێ وتاری گرنگی لەو بارەوە نووسی کە بوو بە مایەی ناو و ناوبانگی راوڵز. وتارەکانی بریتی بوون لە :«دادپەروەری وەك ئینساف[2]»؛ «مانای دادپەروەری[3]»؛ «ئازادی یاسای و چەمکی دادپەروەری «[4] و «دادپەروەری دابەشینەوەیی[5]».

هزری راوڵز دەربارەی دادپەروەری ڕووبەڕووی گەلێ ڕەخنە بۆتەوە، بەتایبەت لە لایەن فەیلەسووفەکانی ئەخلاق و سیاسەتی ئینگلیزەوە؛ بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە برِیان باری (Brain Michael Barry)، فەیلەسووفی سیاسی هاوچەرخی بریتانی، بکەین کە بەرگێك لە کتێبە سێ بەرگییەکەی بە ناوی *تیۆرکانی دادپەروەری* تەرخان کردووە بۆ شیکردنەوە و ڕەخنە لێگرتنی تیۆری راوڵز[6]. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە بۆچوونەکانی راوڵز واباشترە سەرەتا ئاماژەیەك بکەینە سەر پێشینەی چەمکی دادپەروەری لە هزری سیاسی ڕۆژئاوادا.

---

1. A Theory of Justice
2. Justice as Fairness
3. The Sense of Justice
4. Constitutional Liberty and The Concept of Justice
5. Distributive Justice
6. A Treatise on Social Justice(vol.7): Theories of Justice

## پێشینەی چەمکی دادپەروەری:

هەر وەك لە باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە دادپـەروەری لـە مێـژووی هـزری ڕۆژئـاوادا دەردەکەوێ، سەرەکیترین پرس لە باسی دادپەروەریدا ئەوەیە کە بتوانین کارێکی وابکـەین کـە داکۆکی لە پێوەندییە نایەکسانەکانی ناو کۆمەڵگا بکرێ. نایەکسانی لە سامان و دەسەڵات و ئاسـتی کۆمەڵایەتیـدا، سـەرەڕای وێکچـوونی لێهـاتوویی مرۆڤـەکان، کـە ڕاسـتییەکی حاشاهەڵنەگری سەرجەم کۆمەڵگاکانە. لە لایەکی ترەوە، هیچ پێوەندییەکی مانادار لە نێوان نایەکسانی لە سامان و دەسەڵات و نایەکسانی لە لێهاتووییە سروشتییەکاندا لە ئارادا نەبووە. کەواتە داکۆکی یان نکۆڵی کردن لەو نایەکسانییانە بابەتی سەرەکی باسی دادپەروەرییـە. بـە واتایـەکی تـر، دادپـەروەری لـە فەلسـەفەی سیاسـیدا پرسـێکە کـە لـە ئاسـتی بونیـادە کۆمەڵایەتییەکاندا خراوەتە ڕوو. لە ڕووی حقووقییەوە، دادپـەروەری لـە بڕیـاردانی عادیلانـە دایە: بڕیارێك عادیلانەیە کە لەگەڵ یاسادا بگونجێ. بـەڵام لـە ڕووی فەلسـەفەی سیاسـییەوە پرسی عادیلانە بوونی خودی یاسا پرسی یەکەمە. پرسیار ئەوەیە کە یاسای عادیلانە چییە؟ و چۆن وەدەست دێ؟ لە ئاستێکی بەرزتر دا دەکرێ پرسیارەکە بـەم شـێوەیە بخەینـە ڕوو: ئایـا بونیادە و سـتراکتورەکانی کۆمـەڵگا عادیلانـەن یـان نـا. کەواتـە لـە ڕوانگـەی فەلسـەفەی سیاسـییەوە دادپـەروەری تایبەتمەنـدی بونیـادە کۆمەڵایەتییەکانـە نـە تایبەتمەنـدی مـرۆڤ و کردەوەکانی. مەبەست لە عادیلانە بوونی بونیادەی کۆمەڵایەتی دابەشینی عادیلانەی حقـووق و ئەرك و بەرپرسایەتییەکان، دەسەڵات و ئیختیـار، پـوان و هـەل و دەرفەتـەکانی گرێـدراوی خۆیەتی، بەڵام دیسانیش پرسی سەرەکی هەروا لە جێی خۆیەتی و ئەویش ئەوەیە کە عادیلانە بوون لە چی دایە؟ لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا دوو وەڵام بەو پرسیارە دراوەتـەوە: یەکـەم، دادپەروەری واتا وەدەست هێنانی بەرژەوەندی دوو لایەنـە بـەپێی تـەوافوق و ڕێککـەوتن کـە تێیدا پاڵنەری کردەوەی عادیلانە دابین کـردنی بـــەرژەوەندی درێـــژخـــایـــەنی تـاکە؛ و دووەم، دادپەروەری وەك بێلایەنی، واتە بتوانین بە بێ گەڕانەوە بۆ بەرژەوەندییەکانمان داکۆکی لە ڕەفتارەکانمان بکەین. لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا دەگوترا هـەر فەزیلـەتێك دەبـێ سـوودی هەبێ بۆ خاوەنەکەی؛ بەڵام دادپەروەری فەزیلەتێکە کە بە ڕواڵەت بە قازانجی خەڵکانی ترە نە لە قازانج و بەرژەوەندی خاوەنەکەی. کەواتە لە هـزری یۆنانیـدا بـە گشـتی دادپـەروەری وەك ڕێککەوتن و تەوافوق ڕەت دەکرایەوە و وەك چەمکی هاوسەنگی باس لە دادپـەروەری دەکـرا:

کۆمەڵگای هاوسەنگ کۆمەڵگای زنجیرەپلەییە، وەك ئەو تاکەی کە لـە هێـزە نەفسـانییەکانی خۆیدا خاوەنی هاوسەنگییە. ئەو تێگەیشتنە لـە دادپـەروەری لـە مێـژووی هـزری سیاسـیدا هزرێکی نەزۆك بـووە و لـە بـاس و بابەتـە سـەرەکییەکانی پێوەندیـدار بـە دادپـەروەری لـە سەدەکانی دواتردا ڕەنگدانەوەی نەبووە. بەڵام لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا دادپەروەری بە مانـای گرێبەستی دابین بوونی بەرژەوەندی دوو لایەنە هاتووە. ئەفلاتون لەو باوەڕەدا بوو کە چاوپۆشی کردن لە بەرژەوەندی تاکەکەسی کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی دادپەروەری سوودی دەبێ بۆ هۆکارەکەی، چونکە باجێکە کە دەبێ بۆ ڕەفتاری هاوشێوە لە لایەن خـەڵکانی تـرەوە بـدرێ. تیۆری لەسەر بنەمای گرێبەست و قازانجخوازانەی دادپەروەری لە سەدەی حەڤدە بـەدواوە لـە ڕۆژئاوادا بوو بەباو. لەو ڕوانگەوە، دادپەروەری دووربینی و کردەوەی عەقلانییە بۆ پاراسـتنی بەرژەوەندی تاکەکەسی کە پێویستی بە ناسـینی بەرژەوەندییـەکانی خـەڵکانی تـریش هەیـە. عەداڵەت سنوورێکە کە تاکە خاوەن بەرژەوەندییە وریاکـان بەسـەر خۆیانیـدا دەسـەپێنن بـۆ ئەوەی هاریکاری خەڵکانی تر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. بمانەوێ و نەمانـەوێ تاکـەکان بـەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەچن؛ و کردەوەی عادیلانەش دژی بەرژەوەنـدی تاکەکەسـی نییـە، دەنـا هیچ کاریگەرییەکی نابێ. عەداڵـەت هـەم سـوودی هەیـە بـۆ هۆکـار و هـەم بـۆ خـەڵکانی تر(هەمووان). هۆبز و هیوم لە سـەدەکانی حەڤـدە و هـەژدەدا، سـەرەکیترین نوێنـەرانی ئـەو تیۆریـە بـوون. بـە بـاوەڕی هـۆبز دادپـــەروەری بـــریتییە لـــــە پابـەنـد بـــوون بـــەو بـەرعـۆدانـەی تاك لە ڕووی قازانجویستییەوە ملی بۆ ڕاکێشاون. کەواتە بنەمای دادپەروەری گرێبەستە. هیومیش، کە لەژێر باندۆڕی بۆچوونەکانی هۆبزدا بوو و ئیلهامبەخشی قوتابخانـەی یوتالیتاریانیزم بوو، باوەڕی وابوو کە دادپەروەری واتـا دابـینبـوونی بەرژەوەنـدی دوو لایەنـە. پرسـی دادپـەروەری لـە شـوێنێکدا زەق دەبێتـەوە کـە بەرژەوەنـدی و نـاکۆکی لـە نێـوان بەرژەوەندییەکاندا لە ئارادا بێ. لەو ڕووەوە خەڵك دەتوانن لەسەر کردەوەی دادپەروەرانە بگەنە تەوافوق و دانانی گرێبەستێك. گرێبەستێکی ئەوتۆ بە سەرنجدان بە قازانجی تاکەکەسـی دەبـێ وەك گرێبەستێکی دادپەروەرانە لە قەڵەم بدرێ.

بەڵام لە تیۆری دووەمدا، واتا دادپەروەری وەك بێ لایەنی، ڕەنگە بارودۆخێك بـە قـازانجی دوو لایەنەی تاکەکان بێ؛ بەڵام لە هەمان کاتدا وەك بارودۆخێکی دادپەروەرانـە حیسـابی بـۆ نەکرێ. دادپەروەری بە مانای بێ لایەنی بەپێی لەبەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندییەکانی تاکـەکان

و له ڕوانگەی چاوەدێرێکی ئایدیالەوە پێناسە دەکرێ کـە هـیچ بەرژەوەندییـەکی لـەو نێـوەدا نەبێ، واتا بەرژەوەندی خۆی لەبەر چاو نەگرێ. بە شێوەیەکی گشتی تر ئەو جۆرە دادپەروەرییە ناوەڕۆکی تەوافوقی خاوەن هزرەکانە کە تواناکانیـان لـە تـەوافوقەکەیاندا ڕەنـگ ناداتـەوە. پاڵنەری کردەوەی دادپەروەرانە لێرەدا دابین کردنی بەرژەوەندییە دوو لایەنـەکان نییـە، بـەڵکو داشکانەوە بەلای کردەوەیەك دایە کە ئەو کردەوەیە پشت بە هەندێ پڕەنسـیپ دەبەسـتێ کـە خەڵکانی تر لە ڕووی عەقڵەوە (نە لە ڕووی بەرژەوەندییەوە) ئەو پڕەنسـیپانە قبـووڵ دەکـەن. ئەنجام دانی کردەوەی دادپەروەرانە دەبێ بـە هـۆی سروشـتی کـردەوەی دادپەروەرانـە بـێ نـە سوودێکی کە هەیەتی. ئەو تێگەیشتنە غایەتخوازانە (Teleological) لە دادپەروەری، لە بەرانبەر تێگەیشتنی ئینیسترۆمێنتاڵییانەی هۆبز و هیـومدا، تێگەیشـتنێکی کانتییـە؛ لـەو تێگەیشتنەدا تاك لە پڕێسپێکتیڤی بەرژەوەندییـەوە ناڕوانـێ، بـەڵکو لـە خـاڵێکی هاوبـەش دەگەڕێ کە هەموو بۆچوونەکان لەسەری کۆك بن. بە واتایەکی تر دەکرێ بڵێین تاك بۆ ئـەوەی بتوانێ بیر لە دادپەروەری بکاتەوە دەبێ ئەو تایبەتمەندییانـە لـە خـۆی دوور خاتـەوە کـە بـە شێوەیەکی ڕێکەوت بۆتە خاوەنیان وەك دەسەڵات، سەروەت و سامان، دەرفەت کە هـەموویان بە ڕێکەوتن. هەندێ لەو بـاوەڕە دان کـە ئـەو تێگەیشـتنە لـە دادپـەروەری تێگەیشـتنێکی ناعەقڵانییە، بەڵام لە ڕوانگەیەکی ترەوە بێلایەنی هـەڵگری عەقڵانییـــەتێکی زیاتـــر یـان جۆرێکـــی تـــری عەقڵانییـــەتـــە. لە ڕوانگەی غایەتخوازانەوە، پاڵنەری دادپـەروەری لـە بنەمادا پاڵنەرێکی ئەخلاقییە نە پاڵنەری ئابووری و بەرژەوەندیخوازانە؛ و خەڵك تەنیا بەپێی بەرژەوەندییەکانیان ناجوولێنـەوە. ئـەو تیۆریـەش دەربـارەی دادپـەروەری کـە ڕەنگدانـەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵاتی نایەکسانی باوی پێوە دیار بێ تیۆریـەکی بـە مـــانـــــای دروست دەربـــــارەی دادپـــــەروەری نییـــــە. لـــە ڕاسـتیدا، تیـۆری غایـەتخواز و ئـەخلاقی کـانتی پێویستی بە گریمانەی بوونی دۆخێکەوە هەیە کە لەو دۆخەدا پڕەنسیپەکانی دادپەروەری بـەدی بکرێ. کەوتنە ناو ئەو دۆخە پێویستی بە بێبەشییە لە زانیاری دەربـارەی بەرژەوەندییـەکانی خود. تەنیا لە پشتی پەردەی ئەو پەردەی نەزانینەوە(Veil of Ignorance)یـە کـە دەکـرێ هەڵبژاردنـە بەرژەوەنـدییخوازەکـان بخرێنـەوە لاوە و بگـەی بـە بێلایـەنی. بەواتایـەکی تـر،

دادپەروەری پێویستی بە گەیشتن بە دۆخێکی هەڵبژاردنی ئایدیا کە بە پەردەیەك لە نەزانی دەربارەی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانەوە داپۆشرابێ.[1]

تیۆرکەی جۆن راوڵزیش دەربارەی دادپەروەری دەکەوێتە خانەی نەریتی کانتەوە. ناوبراو لە باسی دادپەروەریدا باس لە دارِشتەی کۆمەڵگا بە گشتی و بونیادەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگا دەکا. بونیادە کۆمەڵایەتییەکان چۆنییەتی دەستوێراگەیشتنی تاکەکان بە بەرژەوەندییەکان دیاری دەکەن؛و رێساکانی دیاری کردنی ماف و ئیمتیازەکان و گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسیو کەڵکە کردنی سەرمایە لەخۆ دەگرن. تەوەرەی سەرەکی تیۆرکەی راولز دەربارەی دادپەروەری لە چەند چەمکی وەك رەوشی بەرایی (Original Position)؛ پەردەی نەزانی؛ ئینساف(Fairness)؛ بێلایەنی (Impartiality) و پرەنسیپەکانی دادپەروەری پێکهاتووە. جەوهەری هزری راولز *دادپەروەری وەك ئینسافە* کە لە نووسینەکانیدا بە شێوەی جۆراوجۆر تەئکیدی ئەو بابەتە دەکا. بە کورتی، ئینساف پێوەندی بە میتۆدێکی ئەخلاقییەوە هەیە بۆ گەیشتن بە پرەنسیپەکانی دادپەروەری و دادپەروەریش پێوەندی بە دەرئەنجامەکانی بریاری دادپەروەرانەوە هەیە. هەر وەك ئاماژەی پێدرا، بە پێچەوانەی راولز، هیوم باوەری وابوو کە رێساکانی دادپەروەری دەرئەنجامی هەستی بەرژەوەندی هاوبەشن. هەستێك کە دەرئەنجامی سیستەمێکە لە ئاستەنگییە دوو لایەنەکانی سەپاو بەسەر بەدوادا چوونی بەرژەوەندی تاکەکەسییەکاندا. بە زمانێکی ساکارتر، دەکرێ بڵێین دادپەروەری هاریکاری عەقلانییە بۆ گەیشتن بە بەرژەوندی دوو لایەنە لە *بارودۆخی دادپەروەری*دا( واتا دۆخی کەمی سەرچاوە و گرژی و ئاڵۆزی بۆ دەست بەسەر داگرتنی ئەو سەرچاوانە). لە هەمبەردا، راولز وەك فەزیلەتی بێ لایەنی باس لە دادپەروەری دەکا؛ نە وەك تایبەتمەندی تاکەکەس، بەڵکو وەك تایبەتمەندی دۆخێك کە لەو دۆخەدا پرەنسیپەکانی دادپەروەری گوڵبژێر دەکرێن. هەروەها وەك یەکێك لە جیاوازییەکانی نێوان بیروبۆچوونی راولز و هیوم دەکرێ بڵێین هیوم وەك فەیلەسووفێکی کۆنسەرڤات باوەری وایە کە بنەمای دادپەروەری داب و نەریتە. بە بۆچوونی ناوبراو دادپەروەری لە دەرەوەی داب و نەریتەکاندا هیچ پێوانەیەکی نییە. بە واتایەکی تر، رێورەسمو داب و نەریتەکانن کە پێمان دەڵێن بابەتی دادپەروەرانە چییە؛ نەك بابەتی دادپەروەرانە

1. B.Barry, A Treatise on Social Justice (vol 1): Theories of Justice, London, Harvester, 1989, pp. 3_41, 320__340, 354_372.

پێشاوپێش لە لایەن پێوانەی دادپەروەرییەوە پێناسە کرابێ. بەو شێوەیە لە تیۆری هیومدا دادپەروەری هەڵقولاوی گرێبەستێکی شاراوەیە؛ و بەتایبەت خاوەندارێتی پێوەندییەکی نزیك و قووڵی لەگەڵ پرەنسیپی دادپەروەریدا هەیە. بەڵام لە ڕوانگەی راوڵزەوە دادپەروەری و پرەنسیپەکانی دەسکردی مرۆڤن؛ و دەبێ ڕێگەیەك هەبێ بۆ گەیشتن بە پرەنسیپەکانی دادپەروەری. کەواتە لە دۆخی یەکەمینی بەرباسی راوڵزدا تاکەکان هیچ پرەنسیپێکی دروست و پێشاوپێش دیاری کراو ناناسن، بەڵکو ئامانجیان بە ئاوڕدانەوە لە دۆخی گشتی مرۆڤ هەڵبژاردنی ئەو پرەنسیپانەیە کە لە هەمووان عەقلانی ترن. لە ڕاستیدا، ئامانجی راوڵز ڕۆچوون و وردبوونەوە لە یەکێك لە بابەتە هەرە لێڵ و تەماوی و ئاڵۆزەکانی پانتای فەلسەفەی سیاسی بووە و هەوڵی داوە لە ڕێگەی خستنەڕووی چەمکی گریمانەیی دۆخی هەڵبژاردنی ئارمانییەوە، ئامرازێك بدۆزێتەوە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەو تەکلیفە فەلسەفییە.

**ڕەوشی بەرایی:**

مەبەستی راوڵز لە *ڕەوشی بەرایی*، دۆخێکی گریمانەیی و ئایدیالە کە تێیدا پرەنسیپەکانی دادپەروەری هەڵدەبژێرێن. کەواتە بەر لە تاوتوێ کردنی پرەنسیپەکانی دادپەروەری دەبێ بزانین دۆخی یەکەمین چ جۆرە دۆخێکە و بۆ چی لەبەر چاو دەگیرێ. بە گشتی لە دۆخی یەکەمیندا هەمووان وەك یەك زانیاریان هەیە دەربارەی خۆیان و کۆمەڵگا و ڕووبەڕووی پرسی بڕیاردان دەبنەوە دەربارەی پرەنسیپەکانی ڕەفتاری دادپەروەرانە. پاڵنەریان دەستەبەر کردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، بەڵام سروشتی بەرژەوەندی و شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیان ناناسن.

لە تیۆرکانی پێوەندیدار بە دادپەروەرییەوە دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتنی دۆخی یەکەمین لەسەر یەك دوو پرسی سەرەکی خراوەتە ڕوو: پرسی یەکەم ئەوەیە کە ئایا تاکەکانی ئەو دۆخە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەناسن یان نا؛ و پرسی دووەم ئەوەیە کە بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە یان بەرژەوەندی گشتیان بەلاوە گرنگترە[1]. هزری راوڵز لەو پێوەندییەدا هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ناوبراو لە وتارە کلاسیکەکەیدا، واتا «دادپەروەری وەك ئینساف» ، بە جۆرێك باس لە دۆخی یەکەمین دەکا کە لەو دۆخەدا هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆیان دەناسن و هەروەها بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. بە واتایەکی تر، تاکەکان لە پشت

1. Theories of Justice, ch. 9.

پەردەی نەزانینەوە نین. پرەنسیپەکانی دەرئەنجامی دۆخێکی ئەوتۆ «هەلومەرجێك دەستنیشان دەکەن کە لەو هەلومەرجەدا هیچ کەس پێی خۆش نییە، بە سەرنجدان بە بوونی بەرژەوەندی هاوڕك، بەرژەوەندییەکەی سنوردار بکرێ؛ مەگین ئەو کاتەی بەرژەوەندی خەڵکانی تریش بە هەمان ڕادە بەرتەسك کرێتەوە.[1]» لە ڕاستیدا، لەو وتارەدا *هەلومەرجی دادپەروەری* لە دۆخی یەکەمینیش هەیە. مەبەست لە *هەلومەرجی دادپەروەری*، هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەوەیە کە بەگشتی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، مرۆڤەکان بیر لە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆیان دەکەنەوە و لە هەمان کاتدا نیاز و بەرژەوەندی هاوشێوە و تەواوکەریان هەیە؛ کەواتە شتێکی سەیر نییە ئەگەر هاریکاری یەکتر بکەن. لە لایەکی ترەوە تاکەکان لە ڕووی دەسەڵات و تواناییەوە کەموزۆر وەك یەکن. کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە لە بارودۆخی ئاساییدا هیچ کەس ناتوانێ بەسەر خەڵکانی تردا زاڵ بێ. بە وتەی راولز، مەبەست لە هەلومەرجی دادپەروەری ئەوەیە کە: «هەم یەکێتی بەرژەوەندی لە ئارادایە، چونکە هاوکاری کۆمەڵایەتی ژیانێکی باشتر بۆ هەمووان دابین دەکا... هەم ناکۆکی نێوان بەرژەوەندییەکان لە ئارادایە، چونکە تاکەکان چۆنییەتی دابەشینی بەرژەوەندییەکانی دەرئەنجامی هاوکاری خۆیانیان بەلاوە گرنگە.[2]» هەلومەرجی دادپەروەری واتا بەرێوەبردنی پرەنسیپەکانی ئەو دادپەروەرییەی دەگونجێ.

بە بۆچوونی راولز، هەر لەو وتارەدا، پێویستە هەمان هەلومەرجی دادپەروەری لەناو ئەندامانی و تاکەکانی بەشدار لە دۆخی یەکەمیشدا ببێ بۆ ئەوە بتوانن لەسەر هەمان بنەما پرەنسیپەکانی دادپەروەری ڕابگەیەنن. بە واتایەکی تر، پرەنسیپەکانی دادپەروەری تەنیا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ *هەلومەرجی دادپەروەرییەوە* شیاوی قبووڵ کردن دەبێ. پەیڕەوی کردن لە پرەنسیپەکانی دادپەروەری «جۆرە ڕەفتارێکە کە بەپێی ئەو ڕەفتارە، ئەو تاکانەی سەرقاڵی کردەوەیەکی هاوبەشن یەکتر وەك کەسانی خاوەن بەرژەوەندی و توانایی وەك یەك سەیر دەکەن.[3]» ئەو کەسانەی لە هەلومەرجی دادپەروەریدا دەژین پرەنسیپەکانی دادپەروەری هەڵدەبژێرن. هەڵبژاردنی عەقلانی لە هەلومەرجی دادپەروەریدا پێکهێنەری پرەنسیپەکانی

1. J.Rawls," Justice as Fairness", Philosophical Review, no. 67, 1958, pp. 171_172.
2. J.Rawls, a Theory of Justice, Harvard U.P. 1971, P.4.
3. "Justice as Fairness", P.181_182.

عەقلانییـــە، واتـــا ئـــەو پرەنســـیپانە دەبنـــە مایـــەی پێکهـــاتنی هاوســـەنگی لـــە نێـــوان بەرژەوەندییـــەکانی ئێمـــە و بەرژەوەندییـــەکانی خـــەڵکانی تـــر و هاوســـەنگییەکی ئـــەوتۆی بەرژەوەندییەکان بێلایەنانە شیاوی پەژراندنە. پاش گەیشتن بە پرەنسیپەکانی دادپەروەری ئیتر بەو بیانوییە کە ئەو پرەنسیپانە بە سوودی من نەبوون، ناکرێ لێیان پاشگەز بیەوە.

بەڵام راولز لە کتێبی تیۆریەك دەربارەی دادپەروەرییەوە چەمکی رەوشی بەرایی لـــــــە هەلومەرجی دادپـــــەروەری جیـــا دەکـــــاتەوە. لێرەدا هەلومەرجی دادپەروەری لـە رەوشـی بەراییەوە دەگوازرێتەوە بۆ رەوشی ڕاستەقینەو ئەو کەسانەی لە رەوشی بەرایی دان لە ڕێگـەی ناسینی دۆخی ڕاستەقینەوە ڕێکدەکەون بـۆ گەیشـتن بـە پرەنسـیپەکانی دادپـەروەری. بـەڵام هەڵبژاردنی بێلایەنانەی پرەنسیپەکانی دادپەروەری کاتێ دەگونجێ کە ئەو گریمانەیە دابنێن کە تاکەکانی ناو ئەو بارودۆخە ئەو زانیارییەیان دەربارەی خۆیان نییە کە بتوانـێ پرەنسـیپەکانی دادپەروەری بەلای بەرژەوەندی ئەواندا بخا و لە ئاکامـدا پرەنسـیپەکانی دادپـەروەری تووشـی پەشێوی بکا. پرەنسیپەکانی دادپەروەری بەو کۆمەڵـە پرەنسـیپە دەگـوترێ کـە دەرئـەنجامی دۆخی هەڵبژاردنـــی بـــە ئینسافانەن. بۆ دەســـتەبـــەر بـــوونی هەڵبژاردنی بێلایەنانـە، پێویســـتە تاکـــەکانی نـــاو دۆخـــی یەکـــەمین هـــیچ زانیارییـــەکیان دەربـــارەی بـــارودۆخ و تایبەتمەندییەکانی خۆیان نەبێ. هەڵبەت بوونی هەندێ زانیـــاری گشتی دەربـــــارەی مرۆڤ و کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی پێویسـتە؛ و بـە پشـتئەسـتوور بـوون بـەو زانیارییـە گشـتییانە پرەنسیپەکانی دادپەروەری لە دۆخـی یەکەمینـدا دیـاری دەکـرێن. لـە دۆخێکـی گریمانـەیی ئەوتۆدا، تاکەکان هیچ ئاگادارییەکیان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان نییـە، هـیچ پێوەندییـەکی ئابووریان پێکەوە نییە، هاوڕکی یەکتر نین؛ بەڵام دەزانن ئەو شـتانە لـە ژیـانی ڕاسـتەقینەدا هەن[1] . ئامـادە بـوانی دۆخـی یەکـەمین پرەنسـیپەکانی دادپـەروەری بـۆ خـەڵك لـە دۆخـی ڕاستەقینەدا هەڵدەبژێرن؛ و هەرچەندە وەك نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵك بۆ بـەرەوپێش بردنـی بەرژەوەندییەکانیان دێنە ژمار، بەڵام شوناس و بەرژەوەنـدی تایبـەتی تاکـەکانی کۆمـەڵگای ڕاستەقینە ناناسن. ئەو کەسانە دەتوانن یارمەتی پرۆسەی وەدیهاتنی دادپـەروەری بکـەن کـە سەرنج نەدەنە بەرژەوەندی تاکەکان؛ بەڵام هەر وەك گوتمان، مەرجی بەرێوە چوونی دادپەروەری

1. A Theory of Justice, p.127.

بوونی ناکۆکی نێوان بەرژەوەندییەکان و پێویستی چارەسەر کردنی ئەو ناکۆکییەیە: «لە کۆڕێکی پیاوچاکاندا کە هەموویان هاودەنگ بن لەسەر ئامانجێکی هاوبەش... سەبارەت بە دادپەروەری هیچ دژایەتییەك نایەتە ئاراوە.[1] » تاکەکانی ئامادەی دۆخی یەکەمین ئیمتیاز و گرفتەکانی خۆیان لەبەر چاو ناگرن؛ بەڵام بیر لەو خەڵکانە دەکەنەوە کە لە یەك شوێن و لە یەك کاتدا پێکەوە دەژین، لە ڕووی توانا لەشی و فکرییەکانەوە وەك یەکن، بەرژەوەندییەکانیان پێکەوە ناکۆکە و هەر بەو هۆیە ڕەنگە هێرش بکەنە سەر یەکتر یان بە هۆی کەمی سەرچاوەکان بکەونە ململانێ لەگەڵ یەکتر.

بە گشتی راوڵز دۆخێك وێنا دەکا کە لەو دۆخەدا ئەندامانی کۆمەڵگا یان نوێنەرانیان هەندێ پڕەنسیپ هەڵدەبژێرن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە بارودۆخی بێلایەنیدا، واتا لەبەر چاو نەگرتنی هۆکارە ڕێکەوتییەکان. بە واتایەکی تر، ئەو بارودۆخە لەخۆ گری پەردەیەکی نەزانینە کە ڕێگرە لە دەست وێڕاگەیشتنی تاکەکانی بەرباس بە جۆرەکانی زانیاری؛ ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستدا بوونیان بە مانای ڕەت کردنەوەی بێلایەنییە. کەواتە ئەندامانی دۆخی یەکەمین هیچ شتێك دەربارەی ئیمتیاز و دۆخی سروشتی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، پیشەیی، ماڵی، میراتی خۆیان یان موەکیلەکانیان نازانن. لە پشت پەردەی نەزانینەوە تاك نازانێ ڕەشە یان سپی، هەژارە یان ساماندار، بیرمەندە یان نەخوێندەوار، ژنە یان پیاو، گەنجە یان پیر. بەپێی بەڵگە هێناوەی راوڵز، لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا تاکەکانی ناو دۆخی یەکەمین لەسەر دوو پڕەنسیپی دادپەروەری ڕێك دەکەون.

## پڕەنسیپەکانی دادپەروەری و بەکارهێنانیان:

راوڵز لە ڕێگەی وەرگرتنی دوو پڕەنسیپی سەرەکی دادپەروەری لە دۆخی یەکەمینەوە لە ڕاستیدا وێنەیەك لە کۆمەڵگای لیبراڵ_دیموکراتی بەدەستەوە دەدا کە بەپێی تێگەیشتنی ناوبراو کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەیە و دادپەروەری وەڵامی چاوەڕوانییەکانی راوڵز دەداتەوە. هەڵبەت دادپەروەری تاکە پێوانەی کۆمەڵگایەکی باش نییە. نابێ دادپەروەری و وێنەیەکی گشتگیر لە کۆمەڵگای باشمان لێ تێك چێ. دادپەروەری تەنیا بەشێکە لە وێنەیەکی ئەوتۆ.

---

1. Ibid. p.129.

بەهەرحاڵ هەر وەك باسكرا، ناوبراو لەو بەڵگەهێناوەدا بەدوای سەلماندنی ئەو خاڵە سەرەكییەوەیە كە چەمكی غایەتخوازانەی دادپەروەری دەكەوێتە پێشەوەی چەمكی یوتالیتاریانیزمەكەی. راوڵز راست لەسەر بنەمای ئەو چەمكە ئەخلاقییەی دادپەروەرییەوە كۆمەڵگای دادپەروەرانەی لیبراڵ_دیموكراتیی خۆی دروست دەكا.

ناوبراو سەرەتا *دوو پرەنسیپی دادپەروەری* وەك پرەنسیپی ئەخلاقی سەرەتایی لیبراڵ_دیموكراسی دەخاتەڕوو: «یەكەم، هەموو كەسێك كە ئەندامی بونیادێك یان لەژێر كاریگەری ئەو بونیادە دا بێت مافێكی هاوتای بۆ ئازادی(بە بەربلاوترین مانا) هەیە، بەڵام لە هەمان كاتدا دەبێ ئازادییەكەی لەگەڵ ئازادی هەمووواندا بگونجێ؛ دووەم، ئەو نایەكسانییانەی بونیادی دامەزراوەكان دیاری دەكەن و پارێزگاری لێ دەكەن سەلیقەیی و ستەمكاریانەن، تەنیا ئەو كاتە نەبێت كە لەڕووی عەقڵەوە بكرێ چاوەڕوانی ئەوەت هەبێ كە بە قازانجی هەمووان بن و پۆست و مەقامەكانی گرێدراوی ئەو دامەزراوانە یان سەرچاوەكانیان بە ڕووی هەمووواندا والا بێ.[1] »

بەم شێوەیە پرەنسیپی یەكەم داكۆكی لە ئازادی یەكسان ودەرفەتی یەكسان دەكا و پرەنسیپی دووەم باس لەوە دەكا كە لە چ دۆخێكدا دەكرێ بڵێین نایەكسانییەكان دادپەروەرانەن. بە واتایەكی تر لە پرەنسیپی یەكەمدا، كە پێی دەگوترێ *پرەنسیپی زۆرترین ئازادی یەكسان*[2]، حقووقی سیاسی و مەدەنی هەمووان وەك یەكە؛ لە كاتێكدا بەپێی پرەنسیپی دووەم، نایەكسانییە ئابوورییەكان دەبێ بە شێوەیەك ڕێكخرێن كە نەكرێ و نەگونجێ كە بەشی هەرەخوارووی كۆمەڵگا بتوانێ باشتر لەوە بێ كە هەیە.

راولز پێی وایە ئەو دوو پرەنسیپە پێوانەی دادپەروەرین لە سیستەمە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكاندا كە لە لایەنی جیاوازەوە كاریگەریان دەبێ لەسەر ئازادییە تاكەكەسییەكان. بەگشتی، ئەو دوو پرەنسیپە لە بۆچوونی راولزدا پرەنسیپی سەرەكین لە تێگەیشتنی تەواو لە دادپەروەری، هەرچەندە باوەڕی وانییە كە ئەوانە تاكە پرەنسیپەكانی دادپەروەری بن. هەر ئەو پرەنسیپانە بنەما و بنچینەی تیۆركەی ناوبراو، واتا دادپەروەری وەك ئینساف پێك دێنن. راوڵز بەڵگە دێنێتەوە كە هەر وەك چۆن ئەرستۆ دەیگوت بەشداری هەموو هاووڵاتیان لە تێگەیشتنی

---

1. J.Rawls" Distributive Justice ", Philosophy, Political and Society, (3rd ser.), edited by P.Laslett and W.Runicman, Oxford, 1967, p.61.
2. Greatest Equal Liberty Principle.

هاوبەش لە دادپەروەری بنەما و بنچینەی دەوڵەت_شارە، هەر ئاواش «بەشداری هەمووان لە تێگەیشتنی دادپەروەری وەك ئینساف» بنەما و بنچینەی لیبراڵ_دیموکراسییە[1].

راوڵز لەسەر بنەما و بنچینەی پرەنسیپەکانی دادپەروەری بەرباسی خۆی کۆمەڵگای لیبراڵ_دیموکراتیی دڵخوازی خۆی وێنا دەکا. ناوبراو باوەری وایە کە ئەو دوو پرەنسیپەی دادپەروەری پێوانەی سەرەکی نێوبژیوانین دەربارەی بەهای ئەخلاقی سیستەمی دابەشینی پاداش لە کۆمەڵگادا. بە بۆچوونی ناوبراو بوونی نایەکسانی لە کۆمەڵگاکاندا بابەتێکە نکۆڵی لێ ناکرێ و ئەو دوو پرەنسیپە بۆ وەڵامدانەوە بەو نایەکسانییانە خراونە روو. جیاوازی کەڵك وەرگرتن لە هەل-ودەرفەتەکانی ژیان، کە بەرئەنجامی دارشتەی بنچینەیی کۆمەڵگایە، بابەتێکە حاشاهەڵنەگر و مەبەستی پرەنسیپی دووەمی دادپەروەری راستەوراست دیاری کردنی ئەو بابەتەیە کە لە چ سەردەمێکدا ئەو جیاوازییانە دادپەروەرانەن: «نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبێ بە چەشنێك رێکبخرێن کە بە قازانجی بێ بەشترین تاکەکان بن.[2]»

بە باوەری راولز بوونی چینی(یان نایەکسانی) کۆمەڵایەتی هاوئاهەنگە لەگەڵ بوونی یەکسانی لە ئازادی و مافە تاکەکەسییەکاندا. کەواتە ناوبراو پرەنسیپەکانی دادپەروەری بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بەکار دێنێ کە سیستەمی سەرمایەداری تێیاندا حاکمە؛ و لە رێگەی ئەو پرەنسیپانەوە، مۆدێلێکی گونجاو لە کۆمەڵگای دادپەروەر بەدەستەوە دەدا. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حکومەتی لیبراڵ_دیموکراتی کە پرەنسیپەکانی بەرباسی راولز بەرێوە دەبا بریتین لە: هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئابووری ئازاد لە رێگەی دانانی باج و گواستنەوەی داهاتەکانەوە؛ هێشتنەوەی رکەبەرایەتی لە بازاردا؛ کەڵك وەرگرتنی تەواو لە سەرچاوەکان؛ دابەشینی سەروەت و سامان؛ دابین کردنی لانیکەمی بژیو و ژیان؛ پێکهێنانی یەکسانی بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەلودەرفەتەکان( بۆ نموونە فێرکاری گشتی)؛ بەرگری کردنی لە سانترالیزە بوونی دەسەڵات، بە قازانجی ئازادی و یەکسانی دەرفەتەکان. کەواتە لە رووی ئابوورییەوە، سیستەمی سەرمایەداری تایبەت و ئازادی بازاری کار و سەرمایە هەروا بەردەوامە. بەو شێوەیە نایەکسانی لە داهاتەکان و هەروەها لە بەهرەمەند بوونی چینە جۆراوجۆرەکان بابەتێکی دادپەروەرانەیە، بە مەرجێك لەگەڵ پرەنسیپی

1. J.Rawls," Constitutional Liberty and The Concept of Justice ", Justice, (Nomos 4), edited by C.Friedrich and J.Chapman New York, 1963, p.125.
2. A Theory of Justice, p.302.

دووەمی دادپەروەریدا بگـونجێن. بـەپێی ئـەو پڕەنسـیپە، نایەکسـانی کاتێـك دادپەروەرانەیـە کـە دابەزاندنی ببێتە هۆی خراپتر بوونی بـارودۆخی بـێ بەشـان. گریمانـەی راوڵـز لێـرەدا ئەوەیـە کـە «نایەکسانی چاوەڕوانکراو دەبێتە پاڵنـەرێك بـۆ لێهـاتوویی هەرچـی زیـاتری ئـابووری و خێرایـی پێشکەوتنی ئابووری بەرزتر بێ و دەرئەنجامی هەمووی ئـەو کارانـە دەبێتـە هـۆی دابـەش بـوونی دەسکەوتە ماددی و ناماددییەکان لە سەرجەم سیستەمی دابەشین دا.[1] » لەو ڕووەوە کەم بوونـەوەی نایەکسانی دواجار ڕێگرە لە باشبوونی دۆخـی چـینەکانی خـوارو. چـونکە هـەموان چـاوەڕوانی نایەکسانین و هۆکاری پاڵنەریان لە کارکردندا ئەو چاوەڕوانییە، کەواتە بەرگری کردن لە سـەرهەڵدان و نایەکسانی کارێکی زیانبارە. هەر بەو هۆیە، راوڵز تەئکیـد لـەوە دەکاتـەوە کـە دەسـتێوەردانی دەوڵەت لە کاری دابەشینی ئابورری و بازاڕدا دەبێ تا ئەو ڕادەیـە بـێ کـە زیـان لـە لێهـاتوویی و گەشـەکردنی سیسـتەمی ئـابووری نـەدا. نایەکسـانی داهاتـەکان وەك هۆکـار و پاڵنـەری کـار و بەرهەمهێنان بوونی بەردەوام شتێکی پێویستە.

لەگەڵ ئەوەدا، راوڵز بەو شێوەیە بەڵگە دێنێتەوە کە چونکە نایەکسانی لە ڕادەبـەدەری داهـات دەبێتە مایەی نایەکسانی لە دەسەڵاتدار و چڕبوونەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیش ڕێگرە لـە بـەردەم ئازادی و یەکسانی هەلودەرفەتەکان، کەواتە حکومەت بە مەبەستی پاراستنی ئەو سنوورانە دەست بخاتە ناو کاروبارەکانەوە.[2]

بە گشتی بەپێی پڕەنسیپی یەکەمی دادپەروەری راوڵز سەروەت و سامان دەبـێ لـە چـینەکانی سەروو ڕا بەرەو لای چینەکانی خواروو بکشێ و دەوڵەت بە مەبەستی لغاو کردنـی مـەیلی گشـتی بازاڕ بۆ چڕ کردنەوەی سەروەت هەندێ ئاسـتەنگی و لەمپـەر بخاتـە بـەردەم بـازاڕ. بـەڵام بـەپێی پڕەنسـیپی دووەمـی دادپـەروەری، ئـەو جـۆرە دابـەش کردنـەی سـەروەت و سـامان و هـەروەها دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری بازاڕدا نابێ تا ئەو ئاستە بچێ کە لێهاتوویی و بەرهـەمهێنانی ئابووری کەم بێتەوە و زیان بگەیەنێتە هێزی تاکەکان. بە واتایەکی تر، دەستێوەردانی دەوڵەت دەبێ ئەوەندە زۆر بێ کە سەروەت و سامان لە ئاستێکی دیاری کراو سـەرتر نەچـێ و لـە هـەمان کاتـدا ئەوەندە کەم بێ کە لێهاتوویی ئابووری وهێـزی هانـدەر و پاڵنـەری کـار و چـالاکی لـەناو نەچـێ. پڕەنسیپی دووەم کاتێ بەرێوە دەچێ کە نـەکرێ و نـەگونجێ بـارودۆخی هـەژارترین تاکـەکانی نـاو

1. Distributive Justice, p.67.
2. Ibid. p.71.

سیستەمی باو لە هیچ سیستەمێکی تردا باشتر بێ و یان ئەگەر گونجا کە بارودۆخی ژیانیان باشتر بێ زیانی خەڵکانی تری لێ بکەوێتەوە و بارودۆخی ئەو *خەڵکانەی تر* خراپتر بێ لە دۆخی هەژارترین تاکەکانی ناو سیستەمی باو. کەواتە دادپەروەرانەترین کۆمەڵگا ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا خوارووترین گرووپەکان بەرزترین ئاستی شیاو و گونجاو بن لە کۆمەڵگا شیمانەییەکاندا.

راوڵز بە مەبەستی ئامادەکردنی زەمینەی پێویست بۆ پەژراندنی پرەنسیپەکانی دادپەروەرییەکەی، بەتایبەت پرەنسیپی دووەم یان هەمان نایەکسانی و هەروەها سەلماندنی ئیعتیباری ئەو پرەنسیپانە وەك تاکە پرەنسیپی گونجاوی دادپەروەری، باسێکی قووڵ دەخاتەڕوو دەربارەی ئەو سێ بوونەی کە ڕەنگە دەربارەی پرەنسیپی دووەم بۆ پاساوی نایەکسانی بێنە ئاراوە. ئامانجی ناوبراو لەو بابەتە بەهێز کردنی بەڵگەهێنانەوەکەی خۆیەتی دەربارەی پێویستی ڕەچاو کردنی پرەنسیپی دووەم لە پشت پەردەی نەزانینەوە و هەروەها پێشاندانی ئەو بابەتە کە ئەو ڕاستییە حاشای لێ ناکرێ و بێ ئەملاوئەولا ڕوودانی مسۆگەرە.

یەکەم بۆچوون دەربارەی پرەنسیپی نایەکسانی وەك پرەنسیپی دادپەروەری پشت بە *تیۆری ئازادی سروشتیی* دەبەستێ. بەپێی ئەو بۆچوونە، دەرفەتی وەك یەك بۆ نایەکسان بوونی مرۆڤەکان وەك دەرفەتی یەکسان لە قەڵەم دەدرێ. کەواتە پێویست ناکا بۆ گەیشتن بە یەکسانی هەلودەرفەتەکان یەکسانی بێتە ئاراوە. هەر بارودۆخێکی دابەشینەوەیی(توزیعی)، بە مەرجێك بەرهەمی ئاڵوێری ئازاد لە بازاڕی ئازاددا بێ، بارودۆخێکی دادپەروەرانەیە. بەپێی ئەو بۆچوونە «هەمووان لانی کەم مافی یەکسانی حقووقی وەك یەکیان هەیە لە گەیشتن بە پۆست و مەقامە کۆمەڵایەتییەکاندا.[1]» ئەوە، هەڵوێستی لیبراڵیزمی توخ یان لێسەفرە کە لەو دا نایەکسانی هەمان دادپەروەرییە. بەڵام لە سیستەمێکدا کە پشت بە ئازادی سروشتییەوە دەبەستێ ئاشکراترین نادادپەروەری ئەوەیە کە سیستەمێکی ئەوتۆ ڕێگە بدا بە هۆکارە ڕێکەوتییەکان و بابەتە پێشبینی نەکراوەکان لە دابەشینی پشکەکاندا. بە واتایەکی تر لە دابەشیندا تەنیا تواناکان و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەر نین، بەڵکو دەبێ دەوری هۆکارە ڕێکەوتییەکانیش لەبەر چاو بگرین. هەڵبەت، هەر وەك دواتر باس دەکرێ، دواتر راوڵز توانا تاکەکەسییەکان و بارودۆخە

1. A Theory of Justice, p. 72.

کۆمەڵایەتییەکانیش دێنێتە ڕیزی هۆکارە ڕێکەوتییەکان. بەهەر حاڵ لە بۆچوونی یەکەمدا دەوری هۆکارە ڕێکەوتییەکان هزری نایەکسانی وەك دادپەروەری خەوشدار دەکا.

لە بۆچوونی دووەمدا کە بۆچوونێکی ڕیفۆرمیستانەی پرەنسیپی نایەکسانییە، هەوڵ دەدرێ کەموکوڕییەکانی بۆچوونی یەکەم بسڕێتەوە. جگە لەو ئاستەنگی و لەمپەرانەی کە لە بۆچوونی یەکەمدا لە ڕێگەی ئازادی ئالوێر، مەجالی دەربڕینی تواناکان، سیستەمی بازاڕی ئازاد و هتدەوە لەناو دەچن؛ بەپێی بۆچوونی دووەم دەبێ مەرجی یەکسانی هەلودەرفەتەکانیشی لێ زیاد بکرێ؛ واتا ئەو کەسانەی مرخ و توانایی و لێهاتوویی وەك یەکیان هەیە، بە بێ لەبەر چاو گرتنی دۆخی چینایەتیان، دەبێ مەجالی سەرکەوتنی وەك یەکیان هەبێ: «چاوەڕوانییەکانی ئەو کەسانەی توانا و ویستوخواستی وەك یەکیان هەیە نابێ لەژێر باندۆڕی دۆخی چینایەتی ئەواندا بێ.»[1] کەواتە مەرجی دابین بوونی یەکسانی لە هەلودەرفەتەکاندا بریتییە لە: کراوەیی ڕێگەی گەیشتن بە هەموو پۆستەکان بەڕووی ئەو کەسانەدا کە خاوەنی تایبەتمەندین بە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەو بابەتە کە سەر بە چ چینێکن، سڕینەوەی ئاستەنگییەکانی فێرکاری لە بەردەم پێشکەوتنی تاکەکاندا، زۆرەملی و بەخۆڕایی کردنی فێرکاری سەرەتایی بۆ هەمووان، سڕینەوەی بەرژەوەندی چینایەتی لە پانتای فێرکاری، بەرفراوان کردنەوەی دەوری قوتابخانەکان لە سڕینەوەی نایەکسانییە چینایەتییەکان و هتد. بەڵام گرفتێك کە لێرەدا خۆ دەنوێنێ ئەوەیە کە سڕینەوەی ئەو ئاستەنگیانە، نایەکسانییە سەرەکییەکانی تاکەکان لەناو نابا کە لە بنەماڵەدا گووراون. جیاوازی چینایەتی نێوان بنەماڵەکان هەروا یەکەمین هۆکاری دیاریکەرە. کەواتا هەرچی بۆ دواوە دەگەڕێنەوە مەجالی یەکسانی هەل ودەرفەتەکان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و هەموو بابەتەکان بە بابەتی ڕێکەوت دەردەچن. هەمووی ئەو هۆکارانەی لە دیاری کردنی چارەنووسی تاکەکان پاش لە دایك بوون، کاریگەرن و دەبنە هۆی جیاوازی و نایەکسانی تاکەکان هۆکاری بە هەڵکەوتن: هەر لە سەردەمانی گوورانی تۆی تاکەوە و تەنانەت زووتریش هەلودەرفەتەکان نایەکسان بوون. بە هۆی هۆکارە ڕێکەوتییەکانەوە، کە هەموو هۆکارە دیاریکەرەکان لەخۆ دەگرێ، هەر کەسە بە ئاراستەیەکدا دەچێ. هەر کەسە چ بخوازێ و چ نەخوازێ دەکەوێتە ناو چوارچێوەیەکی سروشتی و کلتورییەوە و لەو ڕێگەوە چارەنووسە سروشتی و کلتورییەکەی دیاری دەکرێ. کەواتا یەکسانی لە

---

1. Ibid, p.73.

دەرفەتەکاندا ناتوانێ یەکسانییەکی خشکەیی و ڕواڵەتی بێ. راولز دەڵێ: «پرەنسیپی دەرفەتی بە ئینسافانە تەنیا بە شێوەیەکی ناتەواو دەتوانێ بەرێوە بچێ. پەرەسەندنی توانا سروشتییەکان لەژێر کاریگەری بارودۆخە کۆمەڵایەتی و جۆری ڕوانینە چینایەتییەکان دایە.[1]» کەواتا دەبێ بەدوای پرەنسیپێکدا بگەڕێن کە پێداگر بێ لەسەر ڕاستەقینەی نەگونجاوی دابین کردنی هەلومەرجی وەك یەك بۆ ئەو تاکانەی لە ڕووی تواناکانەوە وەك یەکن و لەهەمان کاتدا کاریگەرییەکانی کەم کاتەوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر بێتوو هەموو ئەو هۆکارە ڕێکەوتیانەش بسڕینەوە کە کاریگەریان هەیە لەسەر هەلودەرفەتە نایەکسانەکاندا، واتا بۆچوونی دووەم بە تەواوی بەرێوە بەرین، دیسانیش پرسی دابەشینی بەهرەمەندییەکان بەپێی دابەشینی سروشتی توانا و لێهاتووییەکان هەروا دەمێنێتەوە؛ بە واتایەکی تر هۆکاری پێشبینی نەکراو دیسانیش کاریگەرن. بەپێی پێناسە توانا سروشتییەکانیش ڕێکەوتی و پێشبینی نەکراون؛ لە ئاکامدا دەکرێ بڵێین لە ڕێگەی سڕینەوەی هەمووی ئەو هۆکارە ڕێکەوتیانەدا، یەکسانی لە هەلودەرفەتەکان تەنیا دەکرێ بۆ ئەو کەسانە لەبەر چاو بگرین کە لە پشت پەردەی نەزانینەوەن و بەدوورن لەهەر چەشنە تایبەتمەندییەکی سروشتی یان دەستخستنی(اکتسابی). وەك ئاشکرایە، راولز هەوڵ دەدا لەو ڕێگەوە زەمینە خۆشکا بۆ سەلماندنی پرەنسیپی دووەمی دادپەروەری؛ و لێرەوە بچێتە ناو باسی بۆچوونی سێیەم، واتا بۆچوونی دیموکراتی کە دەربڕی هەمان پرەنسیپی دادپەروەرییە لە ڕوانگەی ئەوەوە. هەر وەك باسکرا، بەپێی ئەو پرەنسیپە نایەکسانی دەبێ بە شێوەیەك ساز بدرێ کە یەکەم بە سوودی هەمووان بێ و دووەم گرێدراوی ئەو پۆست و پلە وپایانە بێ کە ڕێگەی گەیشتن بەو پۆستانە بە ڕووی هەمووانداوا والا بێ. بەو شێوەیە پشکی تاکەکان لە ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکان پێوەندی بە ڕێکەوتە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە. بەو شێوەیە راولز لە ڕێگەی گۆڕینی ڕەوتی کلاسیك باسی دادپەروەرییەوە، ڕزگارمان دەکا لە بەڵگەهێناوەی بازنەیی و بێ واتا و بێ ئەنجام لە باسی یەکسانی هەلودەرفەتەکاندا. بە بۆچوونی ناوبراو هەموو هۆکارە دیاریکەرەکانی نایەکسانی ڕێکەوتی خاوەنی ئەو دوو تایبەتمەندییەن: نەدەست دەکەون(غیر اکتسابی) و نەبەرکەوتیشن(غیر استحقاقی). جگە لە هۆکارەکانی دەورووپشت، بگرە هۆکارەکانی جینیتیکی جیاوازی و نایەکسانی تاکەکانیش ڕێکەوتییە؛ و چونکە هیچ بابەتێکی

1. A Theory of Justice, p.74.

ڕێکەوتی نابێ دەوری هەبێ لە سیستەمی دابەشینی پاداش و ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەواتا بەگشتی لە باسی کلاسیکی دادپەروەری دوور دەکەوێنەوە. لە ئاکامدا، سەرجەم نایەکسانییە شاراوەکانی پانتای سروشتی و دەوروبەر کە پێشبینی نەکراو و ڕێکەوتین لە پشت پەردەی نەزانینەوە لەبەر چاو ناگیرێن[1].

ئێستا کە ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و سروشتی و بۆماوەییانەی کە دەبنە هۆی جیاوازی و نایەکسانی تاکەکان هۆکاری ڕێکەوتەیین و نابێ کاریگەر بن لەسەر ئەو ئیمتیازیانەی تاکەکان وەدەستی دێنن، واتا ببنە هۆی نایەکسانی تاکەکان؛ ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کە ئەگەر وابڕیارە کە هیچ پڕەنسیپێك حاکم نەبێ جگە لە پڕەنسیپی یەکسانی(پڕەنسیپی یەکەمی راولز) کەواتە چۆن چۆنی دەگەینە پڕەنسیپی جیاوازی و نایەکسانی (پڕەنسیپی دووەم)؟ هەر وەك پێشتر باسکرا، بەڵگەهێناوەی راولز بەو شێوەیە کە بەکردەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا نایەکسانەکان دەبینەوە و لەو کۆمەڵگایانەدا هەر کەسە لە ئاستێکی نایەکسانی سوود دەبینێ؛ چونکە بە هۆی نایەکسانی هەوڵەکان و بەرهەمهێنان زیاتر دەبن و دابەشینیش بە قازانجی هەمووان دەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆچوونی راولز نایەکسانی سنوورێکی مۆڵەتپێدراوی هەیە: دوا سنووری نایەکسانی مۆڵەتپێدراو ئەوەیە کە چینەکانی خوارووی کۆمەڵگا بتوانن بگەن بە زۆرترین خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی ژیان. هەر چەشنە نایەکسانییەکی زۆرتر ئەو مەرجە لەبەر چاو ناگرێ کە هەمووان دەبێ لە نایەکسانی بەهرەمەند بن. نایەکسانی دەبێ بە قازانجی هەمووان بێ؛ و ئەوە، بنچینەی پڕەنسیپی جیاوازی و نایەکسانییە (پڕەنسیپی دووەمی دادپەروەری). ئەگەر هەمووان بتوانن کەڵك لە نایەکسانی وەرگرن، کەواتە نایەکسانی لە یەکسانی باشترە. بەو شێوەیە راولز لە پڕەنسیپی یەکسانی داهاتەکانەوە دەست پێدەکا، بەڵام گەیشتۆتە نایەکسانی کە بە سوودی هەمووانە. هەر بەو هۆیە، ناوبراو دوو پڕەنسیپە سەرەکییەکەی دادپەروەری لە ژێر ئەو چەمکە گشتییەدا دەخاتەڕوو: «هەموو بایەخە ئەخلاقییەکان_ئازادی، هەلودەرفەت، داهات، سەروەت و سامان، هۆکارەکانی سەروەری نەفس_ دەبێ بە شێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێن؛ تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە دابەشینی نایەکسانی هەر کام لەو بایەخانە یان هەموویان بە سوودی هەمووان بێ.[2] » کەواتە دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامە کە «نادادپەروەری واتا بوونی ئەو نایەکسانییانەی کە بە

1. Ibid, p. 75.
2. Ibid, p.62.

سوودی هەمووان نەبێ.») بە بۆچوونی راوڵز لە قۆناغی یەکەمدا دابەشینی یەکسانی هەموو شتەکان هەمان دادپەروەرییە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین خۆشی و ئاسوودەیی هەمووان بەرز کەینەوە، دەتوانین ئەو دۆخە سەرەتاییە تێپەڕ کەین و بەرەوپێش بچین. بە باوەڕی ناوبراو ئەوەی پاش پرەنسیپی دابەشینی یەکسانی تەواو دەبێتە مایەی باشتر بوونی دۆخی هەمووان پرەنسیپی جیاوازییە که لە دوای پرەنسیپی دووەمی دادپەروەرییەوە پێشنیار کراوە.

بە پێی بەڵگەهێناوەی راولز، دوورکەوتنەوە لە پرەنسیپی یەکسانی تەواو یارمەتی دەدا بە بەرز بوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و بەگشتی بوونی جۆرێك نایەکسانی دەبێتە مایەی بەرز بوونەوەی ئاستی داهاتی گشتی، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە بگەینە قۆناغێك کە لەو قۆناغەدا بەرز بوونەوەی نایەکسانی ببێتە مایەی خراپتر بوونی دۆخی هەژاران. بەپێی بەڵگەهێناوەی راولز، دانوستانکارانی دۆخی یەکەمین دەبێ دەربارەی هەر چەشنە بەرز کردنەوەیەکی نایەکسانی بگەنە ڕێك کەوتن، کەواتا بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی خۆیان، دەنگ نادەن بە بەرز بوونەوەی نایەکسانی تا ئەو ڕادەیە کە ببێتە مایەی خراپتر بوونی ژیانی بێ بەشان و هەژاران. بەگشتی هەر کەسە دەبێ بتوانێ سوود ببینێ لە نایەکسانی؛ و تەنیا ئەو جۆرە نایەکسانییە شیاو و گونجاوە. بەڵام ئەگەر نایەکسانی ئەوەندە بەرز بێتەوە کە چینەکانی سەروو سوودمەند بن بەڵام چینەکانی خواروو لێی زەرەرمەند بن_ ئەوسا لە پرەنسیپی دووەمی دادپەروەری دوور کەوتوینەوە. کەواتا دوور کەوتنەوە لە پرەنسیپی یەکسانی و جووڵانەوە بەرەولای نایەکسانی و جیاوازی دەبێ لە لایەن هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاوە(یان تاکەکانی ئامادەی دۆخی یەکەمینی فەرزی) قبووڵ بکرێ، واتا هەمووان ئەو بابەتە بپەژرێنن کە ئەو پرەنسیپە بە قازانجی هەموو لایەکە.

گریمانەی سەرەکی راولز لەو بارەوە ئەوەیە کە لەگەڵ بەرز بوونەوەی نایەکسانی ئاستی چاوەڕوانی هەموو گرووپەکان بەرز دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیە کە ئاستی چاوەڕوانی گرووپەکانی خواروو کەم دەبێتەوە. ناوبراو ئەو ڕێسایە وەك ڕێسای *پێوەندی زنجیری* ناوزەد دەکا. هەر وەك باسکرا، چونکە نایەکسانییەکان بەگشتی ڕێکەوتین، کەواتا تەنیا بەپێی عەقڵانییەتەکانیان دەتوانین پاساویان بۆ بێنینەوە؛ و پێوانەی ئەو عەقڵانییەتەشیان ئەوەیە کە هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بوونی ئاستێکی دیاریکراوی نایەکسانی قبووڵ بکەن. بەو پێیە دەوری چینەکانی خواروو لە دیاری کردنی ئاستی نایەکسانیدا گرنگە. هەر چی ئاستی نایەکسانی بەرزتر بێتەوە دەبێ دەسکەوتی هەر کەسەش زیاتر بێ( بێشك چینەکانی سەروو بە سوودی زیاتر ڕازی نابن). هەر جووڵانەوەیەك لە

پڕەنسیپی یەکسانییەوە بەرەولای نایەکسانی تەنیا پاداش دەدا بەو بابەتانەی بە ڕێکەوتن. کەواتا لە پرسی پاساودانی نایەکسانیدا بابەتی سەرەکی ئەوەیە کە چین و گرووپەکانی خوارووی نایەکسانی قبوولّ بکەن. ناوەڕۆکی ئەو پاساوە ئەوەیە کە بە بێ بوونی نایەکسانی بارودۆخی ژیانی ئەو گرووپانە لەوەی هەیە باشتر نابێ. کاتێ گرووپەکانی خوارووی کۆمەڵگا بە ئیشتیا کەڵك لە نایەکسانی وەرگرن ئیتر کوا لە دژی ڕادەوەستن. بەو شێوەیە پاساوی هەر جوولانەوەیەك لە پڕەنسیپی یەکسانییەوە بۆ پڕەنسیپی نایەکسانی ئەوەیە کە لە ئەنجامی ئەو جوولانەوەدا گرووپەکانی خوارووی کۆمەڵگا چییان دەست دەکەوێ. سنووری نایەکسانی ئەو شوێنەیە کە هەژارترین گرووپەکان بتوانن بگەنە ئەوپەری خۆشی و ئاسوودەیی. کەواتە بەگشتی، نایەکسانی بابەتێکی ڕاستەقینەیە و بەرهەمی هۆکارە ڕێکەوتییەکانە و جەنگێکی بێ ئەملاوئەولایە؛ بەو پێیە دەبێ بە قازانجی یەکسانی بە باشترین شێوە کەڵکی لێوەرگیرێ، واتا تەنیا بە مەبەستی باشتر کردنی بارودۆخی چینەکانی خواروو کەڵکی لێوەرگیرێ و پاساو بدرێ. بە کورتی «دوو پڕەنسیپەکەی دادپەروەری دەربڕی ئەو هزرەن کە هیچ کەس نابێ کەمتر لەوە وەدەست بێنێ کە لە سیستەمی دابەشینی یەکسانی کالاّ سەرەکییەکاندا وەدەستی دێنێ؛ و کاتێ هاوکاری کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی پێشکەوتنی گشتی کۆمەڵگا، نایەکسانییەکانی بەرهەم هاتوو دەبێ بەلای سوودی ئەو کەسانەدا بشکێتەوە کە لەو ڕەوتەدا بارودۆخی ژیانیان لەوانی تر کەمتر بەرەو باشی چووە.[1] »

راولز ئاستی کلاسیکی بابەتی دادپەروەری بەزاندووە؛ و لە چوارچێوەی تیۆری دۆخی یەکەمین و پەردەی نەزانینەوە دادپەروەری لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە نێوان نەوەکاندا تاوتوێ دەکا کە لە کۆتایی ئەو وتارەدا ئاماژەیان پێ دەکەین.

## دادپەروەری نێودەوڵەتی:

راولز لە باسی دادپەروەری نێونەتەوەیشدا پڕەنسیپی رەوشی بەرایی بەکار دێنێ، کە لەخۆ گری هەلومەرجی بێ لایەنییە. لە درێژەی ئەو بۆچوونەی پێشتردا دەکرێ بڵێین پاش ئەوەی پڕەنسیپەکانی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا دیاری کران، نوێنەرانی دەوڵەتەکان لە پشت پەردەی نەزانییەوە دەکەونە دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکتر؛ واتا لە هەلومەرجێکدا کە هیچ ئاگاداری

1. A Theory of Justice, p. 102.

بارودۆخی تایبەت و تواناکانی وڵاتی خۆیان نین. هەڵبەت ئەو نوێنەرانە هەندێ زانیاری سەرەتاییان هەیە دەربارەی بڕیاردان لەسەر پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەڵام نابێ ئەوەندە ئاگاداری دۆخی تایبەتی خۆیان بن کە کاریگەری هەبێ لەسەر بڕیارەکانیان. بەو شێوەیە جیاوازییەکانی دەرئەنجامی ڕووداو و چارەنووسی مێژوویی تایبەتی نەتەوەکان ئاوڕی لێ نادرێتەوە. دادپەروەری لەناو وڵاتاندا تەنیا لە ڕێگەی ئەو پرەنسیپانەوە دێتە دیی کە لە دۆخی یەکەمیندا لە پشت پەردەی نەزانییەوە گوڵبژێر کرابن[1]. پرەنسیپی یەکەم پرەنسیپی یەکسانییە، واتا هەموو دەوڵەتەکان چەند مافی بنچینەییان هەیە و یەك لە دەرئەنجامەکانی ئەو یەکسانییە مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەیی و ئەویتر مافی داکۆکی کردنی ڕەوایە لە بەرانبەر دەستدرێژکاریدا. «لە ڕوانگەی ڕەوشی بەراییەوە، بەرژەوەندی نیشتمانی هەر وڵاتێك لە ڕێگەی ئەو پرەنسیپانەی دادپەروەرییەوە دەستنیشان و پێناسە دەکرێن کە پێشتر ناسرابن. بەرژەوەندی نیشتمانی نابێ لەژێر کاریگەری مەیلی وەدەست هێنانی دەسەڵاتی جیهانی یان سەروەری نەتەوەیی یان هەڵگرساندنی شەڕ بە مەبەستی ئابووری یان داگیر کردنی زەویوزاردا بێ. ئەو جۆرە ئامانجانە دژی ئەو چەمکە دادپەروەرییەن کە بەرژەوەندە ڕەواکانی وڵاتێك پێناسە دەکەن.[2]»

تیۆری راولز لەو پێوەندییەدا ڕووبەڕووی هەندێ تیۆری تر دەبێتەوە کە بەپێی ئەو بیرۆکانە ئەم پرەنسیپانەی دادپەروەری کە لە لایەن دەوڵەتانەوە قبووڵ دەکرێن_ بۆ ئەوەی دەوڵەتەکان بتوانن کەڵکیان لێوەرگرن و بە سوودی خۆیانی بزانن_ دەبێ ڕەنگدانەوەی تواناکانی ئەو دەوڵەتانەی پێوە دیار بێ. سەرەڕای ئەوە، راولز هەوڵی شیکردنەوەی دۆخی ئایدیال دەدات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا؛ هەرچەندە پرەنسیپی یەکەمی دادپەروەری راولز لە پێوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا کەڵکی هەیە و پرەنسیپی دووەمی بە ڕواڵەت بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی جیهانی بەرێوە ناچێ. لە ئاکامدا تیۆری راولز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاڵۆزییەکانی خۆی لەدەست دەدا.

**دادپەروەری لە نێوان نەوەکاندا:**

زیندووەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێ لەسەر چارەنووسی ئەوانەی لە دوارۆژدا لە دایك دەبن، بەپێی ئەو بۆچوونە دەکرێ باس لە ڕەفتاری دادپەروەرانەی نەوەی ئێستا لەگەڵ نەوەی دابێدا بکەین. هەڵبەت *بەرژەوەندیی دوولایەنە* لە ئارا دا نییە، واتا نەوەی داهاتوو ناتوانێ بڕیار بدا

1.Ibid, p.378.
2. Ibid, p. 379.

لەسەر چارەنووسی ڕابردووان؛ و ئەگەر مەبەست لە دادپەروەری بە واتـا گرێبەسـتی و هۆبزییەکـەی بێ، واتا دابین کردنی بەرژەوەندی دوولایەنە_ ئەوسا باسکردن لە دادپەروەری لـە نێـوان دوو نـەوەدا باسێکی نەشیاو و نەگونجاوە. بەهەرحاڵ، نەوەی داهاتوو ناتوانێ لایـەنێکی گرێبەسـت بـێ؛ تـەنیا دەکرێ بڵێین ڕەنگە نەوەیەك بتوانێ ڕەفتاری یەکسان بە نەوەی دوای خۆی نادادپەروەرانە بێ. پـرس و بابەتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا تاکەکانی دۆخی یەکەمین دەبێ سەبارەت بە نەوەی داهاتوو هەست بە بەرپرسایەتی بکەن یان نا. وەلاّمی ئەو پرسیارە لە ڕوانگـەی بۆچـوونی دادپـەروەری وەك بێ لایەنییەوە، وەلاّمێکی پۆزەتیڤە. بە بۆچوونی راولز دەکرێ بگەینە ئـەو ئەنجامـە کـە «نییـەتی باشی تاکەکانی ڕەوشی بەرایی لانیکەم دوو نەوەی دوای خۆیان دەگرێتەوە. [1]» ئەو تاکانە ڕاستە کـە بە تەواوی خۆیان ناناسن بەڵام بەدوای بەرژەوندییەکانی خۆیاندا دەچن و ئەو بەرژەوەندییانە لانیکەم دوو نەوەی دواتری خۆشیان دەگرێتەوە، چونکە نەوەی ناوەڕاست ئاوڕ لە بەرژەوەندییەکانی نـەوەکانی دوورتر دەداتەوە. «نوێنەرانی قۆناغە مێژووییە لێك نزیکـەکان بەرژەوەنـدی هاوبەشـیان هەیـە. [2]» یەك لەو زانیارییە گشتییانەی تاکەکانی ڕەوشی بەرایی هەیانە ئەوەیە کە دەخوازن ژیانێکی پـڕ لـە ئاسوودەیی و خۆشی بۆ نەوەی دوای خۆیان دابین بکـەن، چـونکە ئاگـاداری ئـەوە هـەن کـە کاتـێ پەردەی نەزانی بڕەوێتەوە بەڕاستی پێیان خۆشە بەرژەوەندییەکانی نەوەی دوای خۆیان دابـین بکـەن. تەنانەت بەپێی لۆژیکی ڕەوشی بەرایی و پەردەی نەزانین، تاکەکان نابێ بزانن سەر بە چ نەوەیەکن و تەنانەت دوای ڕەوینەوەی پەردەش دەچنە خانەی کـام نـەوەوە. بەرهـەرحاڵ لـە ڕوانگـەی راوڵـزەوە گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە هیچ پێوانەیەك بۆ دیاری کردنی ڕادەی ڕاستی و دروستی و دادپەروەرانە بوونی ڕەفتاری نەوەی ئێستا دەرحەق بە نەوەی داهاتوو لەبەردەستدا نییە. هۆی سەرەکی ئەو کـارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەوەی ئێستا بەرعۆدە نییە لە بەرانبـەر نـەوەی داهـاتوودا، بـەڵکو بـەپێی بۆچوونی دادپەروەری وەك ئینساف دەکرێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەگـەڵ نـەوەکانی داهـاتوودا ڕەفتار بکا. راولز بەتایبەت لە بەرانبەر پرسـی *ڕادەی پاشـەکەوتی دادپەروەرانـە* لـەو پێوەندییـەدا نیگەرانە: «تاکەکانی دۆخـی یەکـەمین ئـەو پرسـیارە لـەخۆیان دەکـەن کـە لـە هـەر قۆنـاغێکی پێشکەوتندا ئامادەن چەندە پاشـەکەوت بکـەن... ئـەوان دەبـێ نرخێـك هەڵبـژێرن کـە لـە هـەر قۆناغێکی پێشکەوتنی شارستانییەتدا نرخێکـی گونجـاو بـۆ کەڵەکـە کردنـی سـەروەت و سـامان

1. Ibid, p. 128.
2. Ibid, p. 128.

دەستنیشان بکا... تاکەکانی دۆخی یەکەمین دەخوازن لە ڕێگەی هاوسەنگی نێوان ئەوەی دەیانەوێ بۆ داهاتووانی پاشەکەوت بکەن و ئەوەی ئەوان بـە بۆچـوونی خۆیـان بـە شـێوەیەکی دادپەرورانـە چاوەڕوانیان لە ڕابردووانی خۆیـان هـەبوو، پلانێکـی پاشـەکەوتی دادپەروەرانـە دابرێـژن... ئـەوان دەخوازن لە ڕێگەی چاوەڕوانی خۆیان لە باوکانیانەوە ڕادەی پاشەکەوتی خۆیان بۆ منالآنیـان دیـاری بکەن. کاتێ گەیشتن بە نرخێکی گونجاو... ئەوسا نرخی بە ئینسافانەی پاشەکەوت بۆ ئـەو قۆناغـە دەبڕێتەوە. کاتێ ئەو کارە بۆ هـەموو قۆناغـەکان ئـەنجام بـدەین، پرەنسـیپی گشـتی پاشـەکەوتی دادپەروەرانەمان دیاری کردووە. بە ڕەچاو کردنی ئەو پرەنسیپە نەوەکانی لێك نزیك هـیچ گلـەیی و گازەندەییەکیان لێکتر نابێ و هیچ نەوەیەك لە نەوەیـەکی تـر_هەرچـەندە دووریـش بـێ_ نـاڕازی نابێ.[1] » لە ڕوانگەی راولزەوە دەکرێ وەك لێك تێگەیشتنی نێوان نـەوەکان بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئـەرکی خۆیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بـۆ سـازدانی کۆمـەڵگایـەکی دادپەروەرانـە بڕوانینـە پرەنسـیپی پاشەکەوتی دادپەروەرانە. هەڵبـەت بابـەتی دادپـەروەری نێـوان نـەوەکان پشـت بـە *هەلومـەرجی* دادپەروەری بە واتا ڕاستەقینەکەی (واتا گرژی و پێکدادانی کۆمەڵایەتی و هەوڵـدان بـۆ چارەسـەر کردنی) نابەستێ؛ و گونجاو نییە کە نەوەی ئێستا بەرعۆدە بێ لە بەرانبـەر نـەوەی داهـاتوودا. لـە ڕاستیدا، راولز لە بەڵگەهێنانەوەکەی خۆیدا پشت بە ئـۆگری سروشـتی خـەڵك بـۆ نـەوەکانی دوای خۆیانەوە دەبەستێ.

1. Ibid, pp. 289_290.

## (٧)

# هانا ئارێنت

چاندنی بیروباوەڕێك لە مێشكی جەماوەردا هونەر نییە، بەڵكو هونەر سڕینەوەیەتی. سەردەمی مۆدێرن بە لەجیهان نامۆبوونە بەرفراوانەكەیەوە دۆخێكی لێكەوتۆتەوە كە تێیدا مرۆڤ ڕوو لە هەر كوێیەك دەكا تەنیا ڕووبەڕووی خۆی دەبێتەوە.

***هانا ئارێنت***

هانا ئارێنت (Hannah Arendt) (1906_1975) لە زانكۆكانی ماربورگ (Marburg) و فرایبورگ (Fribourg) و هایدلبێرگ (Heidelberg)ی ئەڵمانیا فەلسەفەی خوێند و ماوەیەك قوتابی كارڵ یاسپێرس ( Karl Theodor Jaspers) بوو. بەرهەمە سیاسییەكانی بە ڕاشكاوی كاریگەری كانت و هیگڵ و نیچە و هایدیگەریان پێوە دیارە. پاش سەركەوتنی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣دا، ناوبراویش وەك زۆربەی ڕووناكبیرانی ئەڵمانیا، وڵاتەكەی جێ هێشت و ڕووی كردە فەڕەنسا. ئارێنت كە خۆی یەهوودی بوو، دەستی هەبوو لە ڕاگواستنی منداڵانی جوو لە ئەڵمانیاوە بۆ فەلەستین. تێگەیشتن لە نازیزم و هەوڵدان بۆ شیكاری نازیزم كاریگەرییەكی زۆری هەبوو لەسەر بۆچوونەكانی ناوبراو. ئارێنت لە ساڵی ١٩٤١دا چووە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و دەستیكرد بە وانە گوتنەوە لە زانكۆی شیكاگۆ و زانكۆكانی تری ئەو وڵاتە. بەرهەمە سەرەكییەكانی بریتین لە: ڕیشەكانی تۆتالیتاریزم[1] (١٩٥١)؛ دۆخی مرۆیی[2] (١٩٥٨)؛ لەنێوان ڕابردوو و ئایندە دا[3] (١٩٦١)؛

1. The Origins of Totalitarianism( The Burden of Our Time)

توتالیتاریسم ( حكومت ارعاب ،كشتار و خفقان)، ترجمه محسن پلاپی، (تهران، جاویدان،١٣٦٣).

2. The Human Condition

3. Between Past and Future

دەربـارەی شـۆڕش[1] (١٩٦٣)؛ مرۆڤـەکان لـە سـەردەمە تاریکەکانـدا[2] (١٩٦٨)؛ دەربـارەی توندوتیژی[3] (١٩٧٠)؛ قەیرانەکانی کۆماری[4] (١٩٧٢).

### بنەماکانی هزری ئارێنت:

هانا ئارێنت بە شێوازی فەیلەسووفە سیاسییە کۆنەکان بەدوای تێگەیشـتن لـە ئـەزموونی سیاسی مرۆڤ و پێگەی سیاسەت لە ژیانی مرۆڤدا دەگەڕا. لە ڕوانگەی ئارێنتـەوە ئـەزموونی سیاسی، ئەزموونێکی سەربەخۆیە کە دەبێ لە ناوەوەی خۆیدا بناسـرێ، بـەڵام لـە سـەردەمی ئێستا دا ئەم بابەتە لە زانستە کۆمـەڵایەتییـە باوەکـان دا سـڕاوەتەوە. سیاسـەت بـە واتـای بەرباسی ئارێنت بریتییە لەو کار و کردەوە گشتیانەی مرۆڤ ، کە ئازادی و ئیختیار و بکەرێتی مرۆڤ لە خۆ دەگرن. بە واتایەکی تر، ئاراستەی سەرەکی هزری سیاسی ئارێنـت لـە دژی ئـەو بونیادگەراییە (Structuralism) باوەیە کـە مـرۆڤ وەك بابـەتی یاسـا گشـتییە بونیـادی و مێژووییەکان سەیر دەکا. لە ڕوانگەی ئارێنتەوە سیاسەت هەمان ئـازادی و پانتـایی ئـازادی مرۆڤە.

«هۆکاری سەرەکی پێکەوە ژیانی خەڵك لە ناو ڕێکخراوە سیاسییەکاندا ئازادییە. بـە بـێ ئازادی ژیانی سیاسی هیچ مانایەکی نابێ. هۆکاری سەرەکی بـوونی سیاسـەت ئازادییـە.[5]» سیاسەت نوێنگە و پێگەی دەرکەوتنی ئازادییە؛ لەم ڕووەوە ناوبراو لە بەرانبەر بونیادگەرای و دیتێرمینیزم (قەدەرگەرایی) و ئەرکگەرایی، داکۆکی لە سیاسـەت دەکـا. کەواتـە لـە هـزری ناوبراودا هەندێ ئاراستە بەر چاو دەکەون کە دژی زانسـتە کۆمـەڵایەتییـە باوەکـانی سـەدەی بیسـتەمن. نـاوەڕۆکی هـزری سیاسـی نـاوبراو بریتییـە لـە ژیـانی سیاسـی و ئـەزموون و

---

1. On Revolution

انقلاب، ترجمە عزت الله فولادوند،( تهران، خوارزمی، ١٣٦١).

2. Men in Dark Times
3. On Violence

خشونت، ترجمەی عزت الله فولادوند، (تهران، خوارزمی، ١٣٥٩).

4- Crises of The Republic
5. M. Canovan, the Political Thought of Hannah Arendt, London, J. M. Dent and Son, 1974, P.8, (Between Past and Future, p. 146).

چالاکییەکانی ئێمە، واتا چالاکی ئازاد و سیاسی زەینی مرۆڤێك کە لە ژیانی سیاسی تێدەگا. بە باوەڕی ئارێنت، ڕامان و تێفکرین لە بنەمادا ئەزموونێکی تاکەکەسییە لە نێوان من و خودی مندا؛ لەو ڕووەوە هزر ئەزموونێکی تایبەت و تاکەکەسییە. کەواتە ڕامانی بەکۆ و هارمۆنیك پێوەندییەکی لەگەڵ تۆتالیتاریزمدا هەیە. هەڵبەت تێفکرینی تاکەکەسی شیاوی ڕاگواستن و فێرکارییە. بەهەرحاڵ تێفکرین تاکەکەسییە، هەرچەندە ڕەنگە بۆ خەڵکانی تریش ڕۆشنگەر بێ. توانای ڕەسەن و بێ وێنە و پێشبینی نەکراوی مرۆڤ لە تێفکریندا لە ڕووی هەلومەرجی سەرهەڵدانەوە بە تەواوی ڕوون نییە و بەردەوام وەك ڕازێکی سەربەمۆر وایە. کەواتە هەر چەشنە شیکارییەکی کۆمەڵناسانەی هزری مرۆڤ بەپێی بارودۆخی مێژوویی و کۆمەڵایەتی زیان لە شوناسی سەربەخۆ و ئازادی هزر دەدا.

ئارێنت هەندێ پانتایی نوێی ئەزموونی مرۆیی دۆزییەوە و لە ڕێگەی خستنە ڕووی هەندێ میتۆدی ترەوە گومانی خستە سەر شێوە باوەکانی ڕوانین لە جیهان؛ بۆ نموونە ئازادی، کە لە هزری لیبراڵیدا زۆرتر بە مانای پارێزگاری کردنە لە پانتایی ژیانی تایبەت لە بەرانبەر دەستێوەردان و زۆرەملی خەڵکانی تردا، بەڵام لە هزری ئارێنتدا ئازادی وەك بەشداری کردن لە پانتایی گشتیدا پێناسە دەکرێ و لە ئاکامدا ئازادی و ژیانی سیاسی دەبن بە یەك. بە بۆچوونی ناوبراو ئازادی تەنیا لە ژیانی گشتی و سیاسیدا وەدەست دێ. بەو شێوەیە لە چەمکی کۆنی ئازادی، واتا ئازادی نێگەتیڤەوە دەگەین بە چەمکی ئازادی پۆزەتیڤ (بەڵام بە مانایەکی تەواو جیاواز لە مانای بەرباسی ئایزایا بەرلین). نموونەیەکی تری ڕەخنەی ئارێنت بریتییە لە ڕەخنە گرتن لە هزری سەرێتی بابەتی سروشتی بەسەر بابەتی دەستکرد لە ژیانی سیاسی کلاسیکدا. ناوبراو ئەو سەرێتییە بەراوەژوو دەکاتەوە، واتا سروشتو زەروورەت یان نەبوونی ئازادی وەك یەك سەیر دەکا و لە هەمبەردا پەسنی توانای تایبەتی مرۆڤ دەدا لە خوڵقاندنی جیهانێکی ئازاد و مرۆییدا. بابەتی جیاکەرەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ تێپەڕ کردنی و بەزاندنی سروشتە. لەو ڕووەوە لە هزری ئارێنتدا کردەوەی سیاسی ئازاد، وەك ئارمانجی سەرەکی مرۆڤ، دەکەوێتە پێشەوەی باشتر ژیان و خۆشگوزەرانی. بێگومان خۆشگوزەرانی و ژیانی باشتر ئارمانجە سەرەکییەکانی زاڵی سەردەمی مۆدێرنن. بەم شێوەیە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم ڕێگەی جۆراوجۆرەوە و ناچار بە هەڵبژاردن دەبێ. ئەزموونی مرۆیی ئەزموونێکی دەوڵەمەند و ئاڵۆزە کە بەردەوام بەشێکی بەرچاوی ئاوڕی لێ نادرێتەوە؛

و ئاراستەی تیۆری ئارێنتیش بنیاتنانی پانتا لەبیرکراوەکانی ئەو بەشەیە. تەنانەت لە زمانی ڕۆژانەی ئێمەدا هەندێ توێژی ئاڵۆزی مانایی خۆیان حەشار داوە کە ئێمە هیچ ئاگادارییەکمان لەسەریان نییە؛ بۆ نموونە ئەو وشانەی ئێمە لەو سەردەمەدا وەك وشەی هاومانا کەڵکیان لێوەردەگرین لە ڕابردوودا هەر کام لەو وشانە ئاماژەیەك بووە بۆ ئەزموونێکی جیاواز؛ بەتایبەت لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی هاوچەرخدا لە ڕێگەی سادە کردنەوە و یەکدەست کردنی زمانەوە توێژە ئاڵۆزەکانی مانایی زمان لەبیر کراون. لەو ڕووەوە ناوبراو لە بەرهەمەکانیدا بە بەردەوامی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێشەی وشەکان لە یۆنان و ڕۆمی کۆندا. بە بۆچوونی ئارێنت زمانە کەڤنارەکان هەندێ لایەنی ژیان لەخۆ دەگرن کە لە سەردەمی ئێستادا باویان نەماوە. لە بەرانبەر دا، بۆچوونی باوی ئێمە دەربارەی مانای ژیان و ژیانی باشتر و ماتریالی گەیشتن بەو ژیانە بابەتێکی نوێیە. ئەو شوناسەی بۆخۆمانی لەبەر چاو دەگرین بەرهەمێکی مێژوویی و نوێیە. لە سەردەمی ئێستادا ئێمە باوەڕمان وایە کە گەیشتن بە خۆشگوزەرانی ئامانجی مرۆڤە، لە کاتێکدا بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا ئامانجی سەرەکی مرۆڤ ئامادەیی لە ژیانی گشتیدا بوو و خۆشگوزەرانیی جەستەیی و کۆمەڵایەتی تەنیا ئامێرێك بوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. لە جیهانی مۆدێرندا، «بە هۆی گەشەکردنی خێرای بەشی قازانجخوازی وجوودی مرۆڤەوە[1]» مرۆڤ لە ئامانجێکی ئەوتۆ دوور کەوتۆتەوە و لەبیری کردووە و تەنانەت وشەیەکی ڕوونیش شك نابا بۆ دەربڕینی ئەو ئەزموونە مێژووییە. لەو ڕووەوە وشەکان وەك گەنجینەی ئەزموونە مێژووییەکانی مرۆڤ گرنگییەکی زۆریان هەیە.

مێژوو مەخزەنی ئەزموونە ئاڵۆزەکانی مرۆڤە، بەڵام کلتوری ئێستاکە تەنیا ڕەنگدانەوەی بەشێکی بەرتەسکی ئەو ئەزموونەیە. کلتوری مۆدێرن تەنیا بەشێکی بچووکە لە گشتێکی ئاڵۆز و گشتگیر. ئارێنت لەو باوەڕە دایە کە نەریتی تێفکرینی سیاسی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی سنووردار کردنەوەی ئەزموونی مرۆیی و لەبیرکردنی ئەزموونەکانی ڕابردووی شاراوەی ناو زمان. نەریتی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا هەر لە دەسپێکەوە بە هۆی بیرکردنەوەی ئەبستراکت (Abstract Thinking) و فەلسەفەخوازی ئاوڕی لە یەکێك لە سەرەکیترین ئەزموونەکانی مرۆڤ، واتە ئەزموونی سیاسی، نەدایەوە. لە ئەنجامدا جیهانی

---

[1]. توتالیتاریسم، ل ١٠٨.

سیاسەت وەك جیهانێکی نارەسەن ناسرا کە رەنگە تەنیا لـە ژێـر تیشـکی جیهـانی رەسـەنی ئایدیا و ماهییەتەکانەوە مانای هەبێ. کەواتە مرۆڤ لەخۆی دوور خراوەتەوە. ئەو وشانەی لەو نەریتەدا بوون بە باو رەنگدانەوەی راسـتەقینەی ژیـانی سیاسـی و کـردەوەی مـرۆڤ و پانتـای گشتی ئەو ژیانە نەبوون. بەو شێوەیە لە درێژەی مێژوودا نەك هەر هیچ چەشنە دەسـکەوتێك وەدەست نایە بگرە زۆر ئەزموونی رەسەن و راستەقینەی مرۆڤیش لـەبیر دەکـرێن؛ بـۆ نموونـە ئازادی بە مانای کردەوەی ئازادی تاك لە ژیانی گشـتی و لـەناو هاوچەشـنەکانی خۆیـدا کـە بەرهەمی ئەزموونی یۆنانە، جێگەی خۆی دا بە ئازادییەك کە ماناکەی پاشەکشەی تاکـە بـۆ ناو پانتایی تایبەتی و تاکەکەسی ژیان. «لە سەردەمی ئێسـتادا ژیـان بـە شـێوەیەکی تـەواو تایبەتی واتا بێ بەشی لەو بابەتانەی کە بۆ ژیانی راستەقینە پێویستن[1] » لە فەلسەفەی سیاسی رۆژئاوادا، ئازادی یان لە چوارچێوەی نەریتی فەلسـەفی میتـافیزیکی و دژە سیاسـی یـان لـە چوارچـێوەی نـەریتی ئایینیـدا خراوەتـە ڕوو و هـەر بـەو هۆیـە، تایبەتمەندییـە سـەرەکی و سیاسییەکەی خۆی، کە پێوەندی بە کردەوە لە چوارچێوەی پانتایی ژیانی گشـتیدا هەیـە، لـە دەست داوە. لە ئاکامدا، ئەزموونی بەکردەوەی ئازادی لەسەر یـەك ئـاوڕی لـێنەدراوەتـەوە و وشەی ئازادی هەروا بە شێوەیەکی گشتی بەکار دەبرێ، و میسداقی مێژوویی تایبـەت لـەخۆ دەگرێ کە هەر کام پێویستی بە وشەیەك هەیە. کەواتە فەلسەفەی سیاسی رۆژئـاوا بـە هـۆی ئاراستە ئەبستراکتکەیەوە نەیتوانییەوە ئەزموونی سیاسی ئازادی بە باشـی لێکداتـەوە؛ و لـە ژیانی گشـتیدا بۆتـە مایـەی سەرلێشـێوان و ڕێ لێونبـوونی مـرۆڤ. بـە بۆچـوونی ئارێنـت، مارکسیزم توانی تا رادەیەك دووبارە لەبری *عەقڵی* ئەبستراکت بەها بـدا بـە *کـاری* مـرۆڤ لـە گـــورەپـــانی ژیـــاندا، بەڵام پرسی کردەوەی سیاسی مرۆڤ دیسانیش ئاوڕی لێنەدراوە. بـە باوەڕی ئارێنـت مارکسـیزمیش هـەر وەك لیبرالیـزم و زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکانی رۆژئـاوا، یەکێکە لەو رەوتە فکـری و ڕووناکبیریانـەی کـە لـە لـۆژیکی ئـەو رەوتـە فکریانـەدا مـرۆڤ بوونەوەرێکی ئازاد نییە بەڵکو شەیئێکە کە پەیڕەوی لە پرۆسـە بـێئەملاوئـەولاکان و یاسـا پۆلایینەکانی مێژوو دەکا. بەو پێیە ئارێنت بە شێوەیەکی بایەخدانەرانـە سروشـت و جیهـانی مرۆیی لێك جیا دەکاتـەوە، ژیـانی مرۆڤانـە کاتێـك وەدی دێ کـە مـرۆڤ لـە سروشـت دوور

1. H. Arendt, the Human Condition, Chicago U.P. 1958, P. 253.

کەوێتەوە و ئاوێتەی ئازادی بێ. ئازادیش پێویستی بە خۆڕسکی و کردەوەی پێشبینی نەکراوی مرۆڤ هەیە. بەڵام لە سەردەمانی ئێستادا لەگەڵ سەرهەڵدانی خۆشگوزەرانی وەك ئاسوودەیی و لە پانتایی کردەوەی گشتیدا لەبری ئازادی ، ئابووری هێرش دەکاتە سەر سیاسەت و بەم شێوەیە سیاسەت بۆتە بەشێك لە ژیانی تایبەتی و خێزانی[1] .

## ڕیشەکانی تۆتالیتاریزم:

هانا ئارێنت لە کتێبی ڕیشەکانی تۆتالیتاریزمدا باس لە دوو ڕووداوی سامناکی سەدەی بیستەم واتا نازیزم و ستالینیزم دەکا و لە ڕێگەی ئاوێتەکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو سیستەمە سیاسییەوە مۆدێلی دەوڵەتی تۆتالیتێر بەدەستەوە دەدا، بەڵام زیاتر باس لە نازیزم و ئاراستەی ڕەگەز پەرستانەی نازیزم دەکا. تۆتالیتاریزم لە چوارچێوەی نازیزم و ستالینیزمدا دیاردەیەکی مۆدێڕنە و سەرچاوەکانی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکارییە مێژوویی و کلتورییەکان کە دواجار کۆمەڵگای مۆدێڕنی لێکەوتەوە. لەو کتێبەدا باس لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیستەم دەکرێ وەك ئیمپریالیزم، ڕەگەزپەرەستی، دژایەتی کردنی ئایینی جوو و کوورەکانی سووتاندنی مرۆڤ.

لە ڕوانگەی ئارێنتەوە تۆتالیتاریزم لە ڕووی سروشتییەوە جیاوازە لە حکومەتە ستەمکار و دیکتاتۆرە کۆن و نوێیەکان. حکومەتی تۆتالیتێر حکومەتێکی ستەمکار و نایاسای نییە، بەڵکو حکومەتی جۆرە یاسایەکە. سیستەمە ستەمکارەکان بێ یاسان و لەو جۆرە سیستەمانەدا ئیرادەیەکی ستەمکار حاکمە؛ لە کاتێکدا یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تۆتالیتاریزم نکۆڵی کردنی هەر چەشنە ئیرادەیەکی مرۆییە. تۆتالیتاریزم واتە بەرێوەبردنی یاسای سروشت یان یاسای مێژوو و لەو ڕوانگەوە ویست و ئاوات و ئارەزووە تاکەکەسییەکان هیچ پێوەندییەکیان بە خەباتی هێزە مێژووییەکانەوە نییە. «ڕاستە کە تۆتالیتاریزم هەموو یاسا دانراوەکان (موضوعة) پێشێل دەکا... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە بێ ڕێنمایی یاسا ڕێ ناکا و سەرەڕۆیانە هەنگاو نانێ؛ چونکە بانگەشەی پەیڕەوی کردن لە یاساکانی سروشت یان مێژوو دەکا، ئەو یاسایانەی هەموو یاسا دانراوەکان دەبێ لەوانەوە

---

1. Ibid, p. 38_39; (The Political Thought of Hannah Arendt, p. 1_15).

سەرچاوەی گرتبێ... یاسامەندی تۆتالیتێر... یاساکانی مێژوو و سروشت ڕاستەوخۆ بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ.[1]» دەسەڵاتدارانی تۆتالیتێر... بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تەنیا یاسا سروشتی و مێژووییەکان بەرێوە دەبەن[2]. بەم پێیە ئۆتۆریتاریانیزم لە باڵادەستی تۆتالیتێر جیایە، چونکە ئۆتۆریتاریانیزم ئازادی بەرتەسك دەکاتەوە، بەڵام هەوڵی تۆتالیتاریزم سڕینەوەی ئازادییە.[3]

تاکە ڕێگەی تێگەیشتن لە توندوتیژییەکانی تۆتالیتاریزم گەڕانەوەیە بۆ تایبەتمەندییە یاسایی و ئایدۆلۆژییەکانی تۆتالیتاریزم. زوڵم و زۆرییەکانی نازیزم تەنیا بەرئەنجامی قازانجخوازی نازییەکان و توندوتیژی بێسنووری ئەوان نەبوو. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کارانە لە دەرەوەی چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی، کە خۆشی تەواو لێڵ و تەماوییە، هیچ جۆرە مانایەکیان نییە. پێوانەی جیاکەرەوەی توندوتیژییەکانی سیستەمی تۆتالیتێر لە سیستەمی ستەمکاری ئەوەیە کە لە سیستەمی تۆتالیتێردا توندوتیژی لەژێر ناوی بەکارهێنانی عەقڵانی تیۆرێکی گشتییەوە بەرێوە دەچێ. لە سیستەمێکی ئەوتۆدا گریمانە ئەوەیە کە هێزێك لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکاندا هەیە کە بۆ نموونە لە چوارچێوەی ململانێی ڕەگەزیدا، پێشتر کردار و کردەوەی قوربانییەکان و ئەشکەنجەدەران دیاری دەکا. لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای تۆتالیتێردا هەر چەشنە کردەوەیەك، هەرچەندە نامرۆڤانە و قێزەونیش بێ،پەیڕەوی پڕەنسیپە گشتییە قبووڵ کراوەکانە. کەواتە کوشتاری جووەکان لە ئەڵماندا تەنیا وەك دەرئەنجامی سەروەری ڕەگەزی سەیر دەکرا. بەو شێوەیە لە ئایدۆلۆژیا تۆتالیتێرەکاندا شێتی بەکۆمەڵ دێتە دی و عەقڵی ساخلەم لەناو دەچێ. لە سەردەمی نازیزمدا زۆربەی خەڵکی ئەڵمان، بە شێوازی جۆراوجۆر، یان بەرێوەبەری گوێ لەمستی سیاسەت و پلانە شووم و بێ بەزەییەکانی هیتلەر بوون یان بە بێ بەرگری کردن دەچوونە ژێر باری ئەو سیاسەتانەوە. بەو شێوەیە ڕژێمە تێکدەر و تۆتالیتێرەکانی هیتلەر و ستالین پشتگیری و پاڵپشتی جەماوەریان لەپشت بوو؛ و لایەنگری لەخۆ بردوو و فیداکاریان هەبوو؛ و خاڵی سەرەکی باسەکەی ئارێنتیش هەر ئەو بابەتانەیە.

---

١. توتالیتاریسم، ل ٣١٠_٣١١.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٦_٣١٧.

٣. سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٠.

له سەردەمی ئێمەدا بزووتنەوە تۆتالیتێرەکان بەرهەمی جەماوەری بوونی کۆمەڵگا و ئەتۆمیزە بوونی تاکن. «هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی تۆتالیتاریزم دەگەڕێتەوە بۆ بێ شوناسی لایەنگرانی ئەو بزووتنەوە»[1]. له هەر شوێنێك جەماوەر هەبێ و ئۆگری کار کردن لە ڕێکخراوی سیاسیدا بێ ڕەنگە بزووتنەوەی تۆتالیتێر بێتە ئاراوە. ئامانجی بزووتنەوە تۆتالیتێرەکان ڕێکخستنی جەماوەرە... نە ڕێکخستنی چینەکان، بەو جۆرەی حیزبە چینایەتی و کۆنەکانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپایی مەبەستیان بوو.» بەپێچەوانە، «هەرەسهێنانی سیستەمی چینایەتی، واتا تەنیا سیستەمی توێژبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپا، کە بێ شك یەکێك بوو لە ڕووداوە سەرسوورهێنەرەکانی مێژووی دوایی ئەڵمانیا؛ بەستێنێکی لەبار بوو بۆ سەرهەڵدانی نازیزم. جەماوەرەکان لە ناوخۆی بەشە لێکدابڕاوەکانی کۆمەڵگایەکی ئەتۆمیزە بوودا گەشەیان کرد بوو. تایبەتمەندی سەرەکی مرۆڤی جەماوەری ... دوورەپەرێزی و نەبوونی پێوەندی کۆمەڵایەتی نۆرماڵە. کەواتە بزووتنەوە تۆتالیتێرەکان ڕێکخراوی جەماوەری پێکهاتوو لە تاکەکانی لێکدابڕاوە. تایبەتمەندی دیار و ڕوونی بزوتنەوەی تۆتالیتێر لەچاو بزووتنەوە و حیزبەکانی تر، چاوەڕوانی وەفاداری تەواو، بێسنوور، بێئەملاوئەولا و نەگۆڕە لە تاك تاکی لایەنگرانی، چونکە وەفاداری تەواو... تەنیا لە کەسانێك چاوەڕوان دەکرێ کە بە تەواوی تەریك و دوورە پەرێز بن، واتا کەسانێك کە هیچ چەشنە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ خێزان و دۆست و ئاشنادا نییە.» پێوانەی جیاکەرەوەی جەماوەری سەردەمی نوێ لە جەماوەری سەردەمە کۆنەکان، نەمانی ئیمان و باوەڕ بە ڕۆژی پەسڵانە(دواییە). لە ئاکامدا، جەماوەری نوێ بەدوای هەر شتێکدا ڕادەکێشرێ کە بەڵێنی بەهەشتی دەسکردی مرۆڤی پێ بێ. تۆتالیتاریزم دەرئەنجامی ڕووخان و نەمانی پانتایی گشتییە؛ و ڕێگەیەك دەخاتە بەردەم مرۆڤی جەماوەری و بێ-*جیهان* بۆ هەڵاتن لە تەنیایی و گەیشتن بە جیهانی یەقین و باوەڕ و مرۆڤ لە جیهانی ڕاستەقینەوە بەرەو جیهانی ئەفسانە و خەون و خولیا دەبا. جەماوەری مۆدێرن باوەڕی بە هیچ جۆرە ئەزموونێك نییە و تەنانەت متمانەی بە چاو و گوێی خۆشی نییە و تەنیا باوەڕی بە خەون و خولیاکانی خۆی هەیە.

---

١. سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١٦-٣١٧.

بزووتنەوە تۆتالیتێرەکان ئایدۆلۆژیایەکی یەکدەست و یەکپارچە دەخەنە ڕوو کە زۆرتر لەگەڵ نیازە زەینییەکانی مرۆڤی جەماوەریدا دەگونجێ هەتا لەگەڵ ڕاستەقینەدا. لە سۆنگەی ئەو ئایدۆلۆژیایەوە جەماوەرە بێ بن و بێڕیشەکان بەدوورن لە هەژینی ژیانی ڕاستەقینە. پێکهێنانی ترس و پڕۆپاگەندە یەکێکە لە پێداویستییەکانی ئایدۆلۆژیای تۆتالیتێر.«پڕۆپاگەندە و ترس دوو ڕووی یەك دراون. لە جیهانی تۆتالیتێردا، جەماوەرە بێبن و بێڕیشەکان لە ڕێگەی خەون و خەیاڵەوە هەست بە تەناهی دەکەن و لەو گورزە بێ-بڕانەوانە ڕزگاریان دێ کە لە لایەن ژیان و ئەزموونە ڕاستەقینەکانەوە لە مرۆڤ و ئارەزووەکانی دەدرێ. هێزی پڕۆپاگەندەی تۆتالیتێر... لە توانایی بەستنی دەرگاکانی واقعییەت بە ڕووی جەماوەرەکان دایە. ترس و تۆقاندن، تەنانەت پاش ئەوەش کە ڕژێمە تۆتالیتێرەکان بە ئامانجە دەروونناسانەکانی خۆیان گەیشتن هەروا درێژەی دەبێ؛ مەترسی ڕاستەقینەی ترس و تۆقاندن لەوە دایە کە بەسەر خەڵکانێکی تەواو گوێڕایەڵ و دەستەمۆدا زاڵ دەبێ. هەوڵی دەسەڵاتی تۆتالیتێر ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە شێوەیەك ڕێکبخا کە فرەیی و جیاوازی بێسنووری نێوان مرۆڤەکان لەناو بەرێ و مرۆڤایەتی بە گشتی وەك تاکێك لێ بکا.» مەبەستی ترسێنەر دروستکردنی مرۆڤی نوێیە. ترس دەبێتە هۆی ئەوە کە یاسای گشتی سروشت، مێژوو یان ئایین لە ناو مرۆڤەکاندا وەدی بێ. ترس دوو کاری سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆ: یەکەم، دەبێتە هۆی لەناوچوونی فەزای پێوەندی نێوان مرۆڤەکان و دووەم، لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیا و ڕێکخستنی ئیرادە تاکەکەسییەکانەوە، بە مەبەستی سەپاندنی لۆژیکی ئایدۆلۆژیا بەسەر عەقڵی تاکدا، پێوەندی مرۆڤ و ڕاستەقینە تێکدەدا. ترس بەپێچەوانەی یاسا کە دوور کەرەوەیە، فەرماندەرە؛ واتا دەڵێ دەبێ چ بکەی بۆ ئەوەی بەپێچەوانەی خواستی مێژوو، سروشت و خوا نەجوڵێیەوە. کەواتە بزووتنەوە تۆتالیتێرەکان بەگشتی چینایەتی نین و پشت بە بەرژەوەندی تاکەکەسەوە نابەستن و لەو ڕووەوە بە خێرایی تێدا دەچن. تۆتالیتاریزم بزووتنەوەی ئەو جەماوەرانەیە کە بەرژەوەندی هاوبەشی دیار و ڕوونیان نییە و تاکە ئەزموونی هاوبەشیان بریتییە لە ئانۆمی، هەست بە کەمی کردن، سەرلێشێوان و لێکدابڕان. هەر ئەو ئەزموونە هاوبەشە ئەو جەماوەرانە داوێتە باوەشی بزووتنەوەی گشتگیر و شوناسبەخشی تۆتالیتاریزم. بەو شێوەیە بە بۆچوونی ئارێنت، بۆ تێگەیشتن لە تۆتالیتاریزم دەبێ هانا بەرینە بەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی جەماوەر. بزووتنەوەی تۆتالیتێر جەماوەرە پڕشوبڵاو و تەریك کەوتەکان ڕێکدەخا و چاوەڕوانی

وەفاداری تەواوی لێیان هەیە. ئایدۆلۆژیای ناعەقلانی بزووتنەوەی تۆتالیتێر و بنەماکانی کە یۆتالیتاریانە نین تەنیا لە ڕێگەی دەروونناسی جەماوەرەوە شی دەکرێنەوە. ئایدۆلۆژیای تۆتالیتاریزم وەڵامی نیازی جەماوەری لێکدابڕاو بۆ یەکگرتنەوەو یەکگرتوویی دەداتەوە و دەربارەی سەرجەم بابەتەکان شیکارییەکی سادە و ساکاری لایە. هەماهەنگی تەواو لە نێوان ئەفسانەکانی ئایدۆلۆژیکدا دەبێتە مایەی شاردنەوەی ئاڵۆزی و پێشبینی نەکرانی ناخۆشی ڕاستەقینە. بەگشتی هەڵاتنی جەماوەر لە ڕاستی و پەنابردنە بەر ئەفسانە و خەیاڵ بەرهەمی لەناو چوونی گرێچنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەو پێوەندییانەی پشتیوانی ڕیالیزم و عەقڵی ساخلەمن. مرۆڤی جەماوەری لە ڕاستی هەڵ دێ و پەنا دەبێتە بەر ئەفسانە و کەرەسەی خاوی پێویست بۆ تۆتالیتاریزم و ئایدۆلۆژییەکەی پێك دێنێ. لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دایە کە ئەفسانە ڕەگەزی و ئەتنیکی و چینایەتییەکان باوەڕیان پێ دەهێنرێ. بە بۆچوونی ئارێنت، هەودای پێوەندی نێوان بزووتنەوە و ڕێکخراوی تۆتالیتێر درۆیەکە کە وەك ڕاستان دەچێ: کاتێ درۆ کردن لە ئاستێکی بەرفراوان و ڕێکخراودا بەسەر ژیانی کۆمەڵگایەکدا زاڵ بێ، مەترسی سەرهەڵدانی دەوڵەتی تۆتالیتێر لە ئارادایە. ڕێبەرانی تۆتالیتێر دەتوانن بە مەبەستی پشتیوانی لە درۆکانیان جەماوەر بە شێوەیەکی بەکۆ و بەشکۆ ڕێکخەن. لە ڕژێمە تۆتالیتێرەکاندا «بەربڵاوی و بەرفراوانی تاوان دەبێتە مایەی ساکارتر بوونەوەی سەلماندنی بێ گوناهی بکووژان لە ڕێگەی درۆ کردن و قبووڵ کردنی قسەی ڕاستی قوربانییەکانیش دژوار و ئاستەمەتر دەکا.» بەڵام باوەڕە جەماوەرییەکان تەنیا بە مەبەستی سوود و قازانج ڕێك ناخرێن. نازییەکان ڕاست لە کاتی بەرزبوونەوەی ئەگەری شکان لەشەڕدا سەرچاوەکانیان خەرجی بەرێوەچوونی ئایدۆلۆژیای نازیزم کرد. بێ قەوارەیی دەوڵەتی تۆتالیتێر، لەبەر چاو نەگرتنی بەرژەوەندییە ماددییەکان لەو دەوڵەتەدا دوور بوونی لە قازانجویستی و ڕوانینە دژە تۆتالیتارییەکانی زیاتر لە هەر هۆکارێکی تر بوونە مایەی دژوار بوونی پێشبینی کردنی سیاسەتی هاوچەرخ. نازییەکان لە گەرمەی شەڕدا و سەرەڕای کەموکوڕی کەرەسەی بیناسازی و هاتوچۆ، بە مەبەستی لەناو بردنی مرۆڤ کارگەی گەورە و پڕ خەرجیان دروست دەکرد. هەروەها ڕێبەرانی تۆتالیتێر نە ئەکتەری بێبەزەیی گەمەی دەسەڵاتن و نە ئەو کەسانەن کە بەدوای بەرژەوەندی تاکەکەسی و حیزبی و نەتەوەییەوە بن، بەڵکو سەرقاڵی جیهانی ئەفسانە ئایدۆلۆژیکەکانی خۆیانن. دوژمن داتاشین و دوژمن دروست کردن یەکێکە لە

پێداویستییەکانی زیندوویی بزووتنەوەی تۆتالیتێر. جوو و پۆلۆنییەکان، کولاك و تاتارەکان وەك دوژمنانی نازیزم و ستالینیزم دەهاتنە ژمار؛ واتا ئەو دوژمنانەی وەك تاك هیچ تاوانێکیان نەبوو، بەڵام لە ریزی ئەو گرووپانەدا بوون کە بەپێی حوکمی مێژوو وەك دوژمنی بزووتنەوە دەهاتنە ژمار. لە سیستەمە ستەمکارەکانی تردا تاك دەبێ کردەوەیەکی دوژمنکارانەی ئەنجام دابێ بۆ ئەوەی وەك دوژمنی حکومەت سەیر بکرێ؛ بەڵام لێرەدا تاك، بە بێ لەبەر چاو گرتنی کردەوە و بۆچوونەکانی، پێشاوپێش کەوتۆتە کوێرەڕێی مێژووەوە. لە لایەکی ترەوە، تۆتالیتاریزم هەوڵ دەدا سەرجەم جۆراوجۆرییە مرۆییەکان بسڕێتەوە و مرۆڤ لە چوارچێوەی یەك فکر و بۆچووندا ببەستێتەوە. نانەوەی ترس و تۆقاندن گرنگترین کەرەسەی گەیشتن بە وەها ئامانجێکە. کەمپەکانی کاری زۆرەملی و ڕاگرتنی ئەسیرەکان و ناوەندەکانی سووتاندنی مرۆڤ شوێنی گرووپە ناخوودییەکان بوو_واتا ئەو کەسانەی بەگشتی لە دەرەوەی یاسا بوون و هیچ مافێکیان نەبوو و تەنانەت حیسابی تاوانباری ئاسایشیان بۆ نەدەکرا، تاوانبار لانی کەم بە هۆی تاوانێکی تایبەت کە جوورمەکەی دیارە تاوانبار دەکرێ.

هەر وەك ئاماژەی پێدرا بە بۆچوونی ئارێنت، تۆتالیتاریزم و هەڵاتن لە ڕاستەقینە و پەنا بردنە بەر ئەفسانە ڕەنگدانەوەی تەنیایی جەماوەرە کە ئەوەش خۆی درئەنجامی گۆڕانکارییە مێژووییە گرنگەکانە _ ئەو گۆڕانکارییانەی بێبنی و بێڕیشەیی، تەریك کەوتنەوە و دابڕانی بەشێکی زۆرو بەرچاوی خەڵکی لێکەوتۆتەوە. باڵادەستی تۆتالیتێری لە بارودۆخی هەست - کردن بە تەنیاییدا دەگونجێ؛ و ئەو هەستە لە سەردەمی ئێمەدا لە هەموو سەردەمەکان زیاتر پەرەی سەندووە، بۆچی؟

ئارێنت ئەو ئەزموونانە شی دەکاتەوە کە بوونە مایەی کەوتنەوەی هزرو کردەوەی تۆتالیتێری. لە جیهانی مۆدێرندا هەستی پەرێشانی و بێبنەمایی‌و بێڕیشەیی بەستێنی ڕوانینە تۆتالیتێرەکانی دەستەبەر کرد کە ناوەڕۆك و سروشتی تۆتالیتاریزمن. تۆتالیتاریزم تەنیا گرێدراوی بونیادە حکومەتییەکان نییە و پێوەندییەکی قووڵ و پتەوی لەگەڵ نەفس و ئارەزووەکانی جەماوەردا هەیە. تۆتالیتاریزم بە بێ لایەنگری گوێڕایەڵ و فیداکار دەستەبەر نابێ. لەو ناوەدا ئارێنت ئاوڕی لە دەوری هۆکارە تەواوکەرەکانی وەك بەرفراوان بوونەوەی دژایەتی کردنی ئایینی جوو لە ڕۆژئاوا و گەشەکردنی ئیمپریالیزم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش داوەتەوە. گۆڕانی دەوڵەتی نەتەوەیی و شوناسی تاك تەوەرەی سەرەکی

بەڵگە هێنانەوەکەی ئارێنتە. بە بۆچوونی ئارێنت تۆتالیتاریزم کاتێ توانی وەدی بێ کە لە لایەك دەوڵەتی نەتەوەیی بە واتا نەریتییەکەی، کە دارشتەیەکی حقووقی و زەوی چەسپاوی هەبوو، تێکشکا و ئیمپریالیزم سەری هەڵدا و لە لایەکی ترەوە، تاکەکان زۆرتر شوناسی خۆیان لە رێگەی وتەزا لێڵ و تەماوییەکانی وەك رەگەزەوە پێناسە دەکرد نەك لە رێگەی هاوولاتی دەوڵەتی نەتەوەییەوە. بەو شێوەیە دەور و پێگەی ئیمپریالیزم و رەگەزپەرستی لە سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزمدا دەردەکەوێ. ئارێنت دەربارەی ئەوە کە بۆ چی دژایەتی کردنی یەهوود یەکێکە لە تەوەرەکانی نازیزم بەڵگە دێنێتەوە کە جووەکان پێوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا هەبوو و هێرش کردنە سەر یەهوودییەکان بەشێك بوو لە هێرش کردن بۆ سەر دارشتەی دەوڵەتی نەتەوەیی. جووەکان وەك بونیادەی دەوڵەتی نەتەوەیی دەچوون، چونکە سەر بە هیچ چینێك نەبوون، هەر وەك چۆن دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەوروپایی سروشتێکی ناچینایەتیان هەبوو و هەڵسوکەوتیان دەکەوتە سەرەوەی خانەی هەڵسوکەوتی چینایەتییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جووەکان پێوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا هەبوو، واتا چونکە بانکدار و (صراف) بوون دەوڵەت هەم کەڵکی لێوەردەگرتن و هەمیش لایەنگری لێدەکردن. لە ئیمپراتۆرییە فرەنەتەوەییەکانی نەمسا_ مەجاریش جووەکان زۆر لە دەوڵەت نزیك بوون، لە ئەنجامدا بوونە ئامانجی هێرشی چینە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکان یان دەوڵەتە نەتەوەییەکان. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا کاتێ گرووپە دژە دەوڵەتییەکان دەرکەوتن، هێرش کردن بۆ سەر جووەکان دەستی پێکرد، چونکە خاوەن ئیمتیاز و دەستیان هەبوو لە دەوڵەتەکاندا. کەواتە بە گشتی دژایەتی کردنی جوو بەشێك بوو لە دژایەتی رادیکاڵ لەگەڵ دارشتەی دەوڵەتی نەتەوەییدا. هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئاکامی بەرزبوونەوەی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی جووەکان خوازیاری ئەوە بوون کە لە کۆمەڵگا ئەوروپاییەکاندا وەرگیرێن، بەڵام تاکە رێگەی راکێشانی رای گشتی بۆ لای ئەو بابەتە ئەوە بوو کە راشکاوانە باس لە یەهوودیبوونی خۆیان بکەن. جووەکان بە مەبەستی راکێشانی بیرورای گشتی و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنیان لە کۆمەڵگادا دەبوو بە ناچار دان بە جووبوونی خۆیاندا بنێن. رەوتە دژە جووەکانیش لە هەمبەردا وەك سروشتی جووەکان سەیری جوویەتیان دەکرد و بەو شێوەیە جیاوازی ئەتنیکی زیادی کرد.

سەرەڕای هەمووی ئەو بابەتانە بە پێی بەڵگەهێنانەوەی ئارێنت، تۆتالیتاریزم بەرهەمی گەڕانەوە و بووژانەوەی بۆچوونە ئیمپریالیستییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمە. لە ئامانجی ئەو ڕەوتەدا، دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕووی سیاسییەوە لاواز بوو و لە هەمان کاتدا ڕەگەزپەرستی وەك میتۆدێکی نوێ بۆ یەکخستنی جەماوەری لێکدابڕاو دەرکەوت. ڕیشەی سەرەتایی ئەو بۆچوونە لە بزووتنەوەی پانسلاویزم و پانژێرمەنیزمدا بەدی دەکرێ. خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە ئیمپریالیزم، ڕەگەزپەرستی و بزووتنەوە سەروو ئەتنیکییەکان درێژەی سروشتی ناسیۆنالێزم نەبوون، بەڵکو بە پێچەوانە لە دژایەتی کردن لەگەڵ ناسیۆنالێزم و بونیادی دەوڵەتی نەتەوەییدا سەریان هەڵدا. دەرکەوتنی ئیمپریالیزم بەو مانایە بەرهەمی چوونی ئامانج و شێوازە فکرییەکانی ئابووری بووە بۆ ناو جیهانی سیاسەت. ئامانجی ئیمپریالیزم تەنیا ئابووری بوو. ئەزموونی ئیمپریالیزم ڕێگەی کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی بە شێوەیەکی بەربلاو بۆ وڵاتانی ئەورووپایی خۆش کرد بوو، هەر ئەو ئەزموونە دواتر لە خودی ئەورووپاشدا بە کەڵك بوو. بە باوەڕی ئارێنت پەرەسەندنی ئیمپریالیزم بە شێوە ناسیاسییەکەی بەرهەمی سەرهەڵدانی سیاسی بورژوازی بووە. پێشتر دەوڵەتی نەتەوەیی دەوڵەتێکی سەرووچینایەتی بوو و بورژوازی لەو سەردەمەدا ئۆگری بە ژیانی سیاسییەوە نەبوو، بەڵام ئیمپریالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بورژوازی هێنایە ناو پانتایی سیاسییەوە. لە ڕێگەی پەرەسەندنی ئیمپریالیزمەوە سەرمایەی زێدە و *مرۆڤە زێدەکان* (ئەو کەسانەی لە ئەنجامی گەشەکردنی سەرمایەداریدا پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگادا لەدەستدا بوو) هەناردەی کۆلۆنییەکان کران. بەڵام لە ئەڵمانیا و ڕووسیادا کە کۆلۆنی دەرەکیان نەبوو، مرۆڤە زێدەکان لەناوخۆدا مانەوە و بەو شێوەیە گەرای بزووتنەوەی تۆتالیتێر گوورا.

ڕەگەزپەرستی جڤاکێکی نوێی دروست کرد کە بوو بە جێگری جڤاکی دەوڵەتی نەتەوەیی. ئارێنت ئەو بابەتە ڕوون دەکاتەوە کە هیچ پێوەندییەك لە نێوان ناسیۆنالێزم و ڕەگەزپەرستیدا لە ئارادا نییە، بەڵکو بەپێچەوانە، چەمکی نەتەوایەتی دەبێتە مایەی ئاوێتە بوونی ڕەگەزەکان لە دەوڵەتی نەتەوەییدا و یان سنووورە نەتەوەییەکان تاکەکانی یەك ڕەگەز لێك دوور دەخەنەوە. سەرچاوەی ڕەگەزپەرستی دەچێتەوە سەر ئیمپریالیزم کە هاوکات لەگەڵ بەرفراوان بوونەوەی ئیمپریالیزم ڕەگەزەکان بەرەوڕووی یەکتر بوونەوە و بەستێنی ڕەگەزپەرستی دەستەبەر بوو.

بەرەنگار بوونەوەی *مرۆڤە زێدەکانی* ئەوروپا، کە جیهانی دەوڵەتی نەتەوەییان لەدەستدابوو، لە بەرانبەر ئەتنیکە ئەفریقایی و ئاسیاییەکاندا هۆکاری سەرەکی ڕەگەزپەرستی بوو. ڕەگەزپەرستی لە هەستی نەبوونی وڵات و نەتەوە لەناو مرۆڤە زێدەکانی ئەوروپاوە سەری هەڵدا. مرۆڤە زێدەکان لە کۆلۆنییەکاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەییدا نەدەژیان، بەڵکو لە چوارچێوەی سنووره ڕەگەزییە خەیاڵییەکاندا دەژیان. هۆکاری پێوەندی ناوخۆیی نێوان ئەو خەڵکانە، لەبری وڵات و کلتور، خوێن و پێوەندی هۆزایەتی بوو. هەر ئەو بێبنی و بێڕیشەییە و نەبوونی جڤاك و وڵات تایبەتمەندی سەرەکی بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەیە. ئەو جەماوەری لە ئەوروپاش بەرەو لای تیۆر ڕەگەزپەرستانە ڕاکێشران هەر بەو شێوەیە بێ ڕیشە و بێ جڤاك بوون. ئیمپریالیزمی بریتانیا دارشتەی دەوڵەتی نەتەوەیی تێك نەدا. هەر بەو هۆیە، تۆتالیتاریزم لەو وڵاتەدا لە دایك نەبوو هەر چەندە خۆی گەورەترین دەسەڵاتی ئیمپریالیستی بوو. بەڵام لە ئەڵمان و ڕووسیادا بۆچوونی ئیمپریالیستی سەری هەڵدا و زیانی گەیاندە دارشتەی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆناڵیزم. پانسلاڤیزم و پانجێرمەنیزم بزووتنەوەی ئیمپریالیستی بوون و هەر وەك ئیمپریالیزمی دەرەکی ئامانجیان پەرەسەندنی بێ-سنوور بوو، هەر بەو هۆیە بەرەنگاری دەوڵەتی نەتەوەیی بوونەوە. ئایدۆلۆژیای ئەو بزووتنەوانە ڕەگەزپەرستی بوو نە ناسیۆناڵیزم. ئارێنت وەك *ناسیۆناڵیزمی هۆزایەتی* باس لە ڕەگەزپەرستی ئەو بزووتنەوانە دەکا و لە ناسیۆناڵیزمی ڕاستەقینە و مێژووییان جیا دەکاتەوە. ناسیۆناڵیزم بە واتا دروستەکەی پێوەندی بە وڵات، کلتور، مێژوو و بونیادە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، بەڵام ڕەگەزپەرستی بەها بە تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی تاك دەدا و لە بێڕیشەیی و بێوڵاتی و بێمێژوویی و بێکلتورییەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر بەو هۆیە بێقەوارەیە و بۆ جەماوەری لێکدابڕاو و بێڕیشە جێی سەرنجە. ناسیۆناڵیزمی جووش ئەو تایبەتمەندییانەی هەبوو، واتا هۆزایەتی و بێ وڵات و بێ قەوارە بوو و بەپێی بەڵگەی ئارێنت، بزووتنەوەکانی پانژێرمەنیزم و پانسلاویزم ویستە ئایدیاکانی خۆیان تێیدا دەدیی و هەر بەو هۆیە لە دژی هەستانەوە. بەو شێوەیە ئیمپریالیزم و ڕەگەزپەرستی لەهەر شوێنێکدا دەوڵەتی نەتەوەیی لاواز بوو بوونە جێگری ناسیۆنالیزم. چونکە حقووقە تاکەکەسییەکان تەنیا لە کۆمەڵگای پشت-ئەستوور بە دەوڵەتی نەتەوەیی پاش شۆڕشی فەڕەنسادا دەستەبەر کرا بوو، تۆتالیتاریزم

کـە لە وڵاتانی بێدەوڵەتی نەتەوەییدا سەری هەڵ دەدا، بێشك پێشینەی حقووقی تاکەکەسـی نەبوو[1].

هەر وەك باسکرا، یەك لە چەمکە سەرەکییەکانی هزری ئارێنت چەمکی زێدە بوون بوو کە لە سەرەتای مرۆڤە زێدەکاندا ئاماژەی پێکرا. چەمکەکانی تری وەك بێڕیشەیی، بـێ وڵاتـی، بێ دەوڵەتی، بێ خودی، بـێ مـاڵ و حـاڵی و تـەنیایی هـەموویان پێوەنـدییان بـەو چـەمکە سەرەکییەوە هەیە. هۆکارەکانی چوونە ناو ڕیزی بزووتنەوە تۆتالیتێرەکـان ئەوانـە بـوون: بـێ ڕیشەیی گێرەشێوێنەکانی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم، بێ دەوڵەتی هەندێ ئـەتنیکی ئـەورووپای ڕۆژهەڵات، ناسیۆنالیزمی هۆزایەتی جووەکان و بەتایبەت دابڕان و جیا بوونەوەی جڤاکـەکانی سەردەمی مۆدێرن لە دەقی کۆمـەڵگا و ژیانی بەکۆمـەڵ لە ڕێگەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە بووە هۆی کەوتنە ناو گەرداوی کۆمەڵگای هەرەمەییەوە. تـەنیایی و ڕەبـەنی سەرچاوەی وەهم و خەیاڵن و ئەفسانە بەکۆمـەڵەکان لەوانەوە سەرچاوە دەگرن. ئارێنت لە زمان لۆتەرەوە دەڵێ: «مرۆڤی بە تەنها هەمیشە لـە سـەرەتا بـێ بنەماکانـەوە درەئـەنجامی بـاش وەردەگرێ.» لە ڕاستیدا ئارێنت باس لە جۆرەکانی تەنیایی دەکا: یەکەم، تەنیایی پۆزەتیڤ کە بە مانای لەگەڵ خۆبوونە (Solitude) تێفکرین و ڕامان بـە گشـتی لـەو جـۆرە تەنیاییـەدا مسـۆگەر دەبـێ؛ دووەم، تـەنیایی بـە مانـای تـەریك کەوتنـەوە یـان لەگـەڵ خـەڵکانی تـر نەبوون(Isolation) کە دەرئەنجامی لەناو چوونی پانتای سیاسی و گشتی ژیانـە لـە دەوڵەتـە ستەمکار و دەسەڵاتخوازەکان( نە تۆتالیتێرەکان)دا و سێیەم، تەنیایی بـە مانـای لەگـەڵ خـۆ نەبوون و لەگەڵ خەڵکانی تریش نەبوون(Loneliness) کە تایبەتمەندی مرۆڤی جەماوەرییە لە کۆمەڵگای تۆتالیتێردا. تەنیایی جۆری سـێیەم تایبەتمەنـدی بەشـێکی هـەرە زۆری ئـاپۆڕا و جەماوەری سەدەی بیستەمە و تۆتالیتاریزم وەڵامێکە بۆ ڕزگاری بوونی مرۆڤ لەو دۆخە.

لە کۆتایی ئەو بەشەدا ڕەنگە بکرێ بڵـێین ئارێنـت وەك جوویـەك توانیوییـەتی بـاش لـە هەستی تەنیایی و زێدە بوون و ڕەبەنی و بێ خانە و لانەیی مرۆڤ تێبگات و هەروەها لەو بوار و دەرفەتەی لە وڵاتێکی نامۆدا دەخرێتە بەرەم کۆچبەرێکی نابەرپرس.

1. The Political Thought of Hannah Arendt, pp. 26_37.

## دۆخی مرۆیی:

ئارێنت ئەو بۆچوونە کرچ و کاڵانەی لە کتێبی تۆتالیتاریزمدا دەیانخاتەڕوو لە کتێبە سەرەکییە فەلسەفییەکەی واتا دۆخی مرۆییدا زۆر بە چڕوپڕی و بە ڕوونی جارێکی تر دەخاتەڕوو. ناوبراو لەو کتێبەدا هەوڵ دەدا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەزموونی مرۆڤ لێکدانەوەیەکی چڕوپڕتر لە دۆخی مرۆیی پێشکەش بکا، بەتایبەت لە ڕێگەی ئاماژە بە ئەزموونی مرۆڤ لە سەردەمانی ڕابردوودا، بوار و درەفەتەکانی تری مرۆڤ شی کاتەوە. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئارێنت وەك ئەزموونێکی مرۆیی بەهرەیەکی زۆری لە زمان وەرگرتووە. زمان و وشەکان پڕن لەو ئەزموونانە، و تیۆرکان هیچ کات ناتوانن ئەو ئەزموونانە بە تەواوی شی بکەنەوە. وشەکان هەڵگری بیرەوەری ئەو جیهانە ئەزموونیانەن کە سەردەمێك زیندوو و دینامیك بوون. هەر وشەیەك، مێژوویەکی ئاڵۆز و جۆراوجۆری هەیە. زمانی کلتورە مێژووییەکان سەرچاوەی ئەزموونەکانی ئەو کلتورانەیە و باس لە هەندێ ئەزموون دەکەن کە ڕەنگە زمان و وشەکانی ئێمە نەتوانن باسیان بکەن. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی مرۆیی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ زمانە ڕابردوو و کەوناراکان. لەو ڕووەوە ناوبراو بە بەردەوامی باس لە زمان و کلتوری یۆنانی و ڕۆمی دەکا. بابەتی باسەکەی لەو کتێبەدا شێوازەکانی چالاکی مرۆییە کە بە بۆچوونی ناوبراو نەریتی تەواو فەلسەفی ڕۆژئاوا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەداوە و لەبری کردەوە بەهای زیاتر بە هزر داوە. ناوبراو باسی سێ لایەنی چالاکی مرۆڤ لێك جیا دەکاتەوە: یەکەم، هەوڵ دان بۆ بژێوی(Labour)، دووەم، کاری داهێنەرانە (Work)، سێیەم، کردەوە(Action).

مەبەستی ئارێنت لە هەوڵ دان بۆ بژێوی ئەو کۆمەڵە چالاکییەیە کە بۆ ژیان و بەردەوامی ژیان پێویستن. هەوڵ دان بۆ خۆبەرێوە بردن و بژێوی چالاکییەکی ڕۆژانەیە کە تەنیا مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو ئاژەڵیش دەگرێتەوە واتا ئاژەڵیش خەریکی خواردن و زاز و زێنە. لەو پانتایەدا، مرۆش وەك ئاژەڵ یەخسیری پێداویستییە ژینەکییەکانی ( بایۆلۆژی) خۆیەتی. هەڵبەت مرۆی خاوەن شارستانییەت لە ڕێگەی داهێنانی کەرەسەی بەرهەمهێنانەوە توانیویەتی تا ڕادەیەك خۆی لە کۆتوبەندی ئەو پێداویستییە سروشتیانە ڕزگار بکا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دان بۆ بژێوی ئاوێتەیەکە لە ناچاری و بێهوودەیی و بازنەی گەندەڵی بەرهەمهێنان و خەرج کردن تێیدا دووپات دەبێتەوە. ئەنجامی هەوڵ دان بۆ بژێوی دووبارە

بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی ژیانی مرۆیە و هیچ کات ئامانجێکی بەرزی نییە و شتێکی سروشتی و دیتێرمینیستییە. «هێمای هەوڵ دان بۆ بژێوی بەگشتی ئەوەیە کە هیچ شوێنەوارێکی لێ بە جێ نامێنێ و بەخێرایی خەرج دەبێ هەر وەك چۆن هەوڵ دان بۆ وەدەستهێنانیش زۆر ناخایەنێ.[1] »

بەڵام لە هەمبەردا، کاری داهێنەر بەو چالاکییە دەگوترێ کە سروشت تێپەڕ کات و لە ڕێگەی کارکردن لەسەر سروشت گۆڕان لە سروشتدا پێك دێنێ و جیهانێکی دەسکرد دروست بکا_ جیهانێك کە مرۆیی و ناسروشتییە و تایبەتە بە مرۆڤ و تەنیا مرۆڤ تێیدا دەژی. بەرهەمی ئەو جۆرە کارە ئامراز و کەرەسە و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا و شوێنەوارە هونەرییەکانن واتا ئەو شتانەی لە سروشت زیاد کراون. بەم شێوەیە مرۆڤ لە ڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانەوە سروشت دەنێتە پشت سەر و جیهانێکی مرۆیی چێ دەکا. کلتور و شارستانییەت بەرهەمی ئەو جۆرە *کارەن*. بەرهەمەکانی کاری داهێنەر تەنیا بۆ خواردن و خەرج کردن نین، بەڵکو بۆ کەڵك وەرگرتن بە مانای گشتیین. کاری داهێنەر بە پێچەوانەی کار بۆ بژێوی، بازنەیی و دووپاتەکراو و دواجار بێهوودە نییە. جیهانی مرۆیی کلتور و شارستانییەت لە درێژەی پرۆسەیەکی هێدی و هێورەوە لە دایك دەبێ. مرۆڤ و ئاژەڵ لە هەوڵ دان بۆ بژێویدا هاوبەشن، بەڵام لە کاری داهێنەردا لێك جیا دەبنەوە، چونکە مرۆڤ لە کاری داهێنەردا بە ئیشتیا گۆڕان بەسەر سروشتدا دێنێ. کار کردن بۆ بژێوی کارێکی زۆرەملی دووپات و چەندپاتە کراو و بێهوودەیە، بەڵام کاری داهێنەر چالاکییەکی ئازادانەیە و نوێنگەی سەربەستی مرۆڤە. بە باوەڕی ئارێنت کاری داهێنەر، بە پێچەوانەی کار بۆ بژێوی، کارێکی تەواو تاکەکەسییە.

*کردەوە*(Action) بەرزترین جۆری چالاکی مرۆڤە و ئەو بوارانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێ: هەنگاونان، بوێری، شۆڕش، ئامادە بوون لە پانتایی گشتیدا، داهێنان و ئەزموونی کردەوەی ئازاد. کردەوە هەندێ لایەنی ئەزموونی ژیانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ کە پێوەندی بە ئازادییەوە هەیە. لە ڕاستیدا، هەر ئەو واتایە لە *کردەوە* وەك بنەما و بنچینەی فەلسەفەی سیاسی ئارێنت دێتە ژمار. لە ڕوانگەی دیاردەناسانەی ئارێنتەوە هەر

1. The Human Condition, p. 76.

مرۆڤە نیشاندەری دەسپێکێکی نوێیە لە جیهاندا و دەتوانێ بابەتی نوێ بخاتە ڕوو و کاری پێشبینی نەکراو بکا. چەمکی کردەوەی ئازادی ئارێنت، دەکەوێتە هەمبەر کردەوە و ڕەفتاری سنووورداری داڕشتەخوازان کە باوەڕیان وایە تاك هەڵگری هەندێ داڕشتە و بەرێوەبەری هەندێ ڕۆڵی دیاریکراوە. لە سەردەمی ئێستادا، لە زانستە کۆمەڵایەتییە ڕەفتارخوازەکاندا «ڕەفتار بۆتە جێگری کردەوە وەك بەرزترین شێوەی پێوەندی مرۆیی»، بەڵام بە بۆچوونی ئارێنت هەر کەسە بوونەوەرێکی نوێ و بێ هاوتا و پێشبینی نەکراوە. پانتایی کردەوەی ئازاد پانتاییێکی هەراوی گشتی و فرەییە کە مرۆڤەکان خۆیان دروستیان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسە لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەو پانتایە. لە کۆی کردەوە پێشبینی نەکراوەکانی تاکەکان تۆڕێکی ئاڵۆزی پێوەندییەکان پێك دێ کە بەرهەمی کردەوەیە و لە کردەوە دایە کە تاکەکان خۆیان وەك تاکی بێ‌هاوتا دەردەخەن. دەرئەنجامەکانی ئەو جۆرە چالاکییە بە پێچەوانەی دوو جۆرەکەی تر، ڕوون و ئاشکرا نییە، لەو ڕووەوە کردەوە چالاکییەکی ئازادە. کردەوە « تاکە چالاکییەکی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤەکانە بە بێ ئەوە شت یان ماددەکان دەوریان تێیدا هەبێ. بکەر ناتوانێ دەرئەنجامەکانی کردەوەکەی خۆی دیاری بکا، کەواتە ناکرێ لە ڕووی نییەتی بکەرەوە بگەینە دەرئەنجامی کردەوە. هەر ئەو تایبەتمەندییەی کردەوەی ئازادی مرۆڤ ناوەڕۆکی مێژوو و سیاسەت دیاری دەکا. «تەنانەت ئەو تیشکەی دەبێتە مایەی ڕووناکی ژیانی تاکەکەسیو ناوخۆیی ئێمە، لە سەرچاوەی گەشتری پانتای گشتییەوە دەردەکەوێ.» بێگومان تەنیا مرۆڤ خاوەنی مێژوو و سیاسەتە. کەواتە کردەوە خاوەنی تایبەتمەندی بەکۆیە و پێویستی بە پانتاییێکی گشتی هەیە. دەوڵەت _ شاری یۆنانی نموونەیەکی سەرەکی پانتایی کردەوەی گشتی و ئازاد بوو. « ئازادی وەك دیاردەی سیاسی هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەوڵەت_ شارەکانی یۆناندا لە دایك بوو و لە زمان هێرۆدۆتەوە وەك دۆخێك وەسف کرا کە لەو دۆخەدا هاووڵاتیان بە بێ ئەوە کەس فەرمان بەسەر کەسێکی تردا بدا و جیاوازییەك هەبێ لە نێوان فەرماندەران و فەرمانبەراندا بتوانن پێکەوە بژین.[1] » بەو پێیە سیاسەت بەرهەمی دەوڵەت_ شارەکانی یۆنانە، چونکە لەو دەوڵەت_شارانەدا فەزایێکی گشتی هەبوو کە پانتایی کردەوەی ئازاد و گشتی واتا کردەوەی

---

١. انقلاب، ل ٣٩.

سیاسی هاوولاتیان بوو. لەو دەوڵەت_ شارانەدا پانتای تایبەت لە پانتای گشتی جیا بوو. ماڵ وەك پانتای تایبەت پانتایی پێداویستی و هەوڵ و تێکۆشان بۆ خۆبەخێو کردن بوو و تەنیا گەورەکان و کۆیلەکان لەو کۆتوبەندە ڕزگار بوونو لە پانتای گشتی یان *ئاگۆرا* (Agora)دا لەگەڵ هەڤالانیاندا بەشداریان دەکرد لە ژیانی سیاسیدا. بە پێچەوانەی خێزان، پانتایی گشتی پانتای ئازادی و *کردەوە* بوو. هەڵبەت هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ستەمکاری و ملهوڕی پانتایی گشتی لەناو چوو و تاکەکان لە چوارچێوەی خێزان دا بەسترانەوە. پانتای گشتی پانتایی کردەوە، ئازادی، وتار، سەروەری، بوێری، قسەزانی و تەنانەت جەنگاوەری بوو. ئارێنت، پریکلێس (Perikles) و ئاشیلی(Achilles) یۆنانی و ڕێبەرانی شۆڕشی ئەمریکا، وەك قارەمانانی پانتایی کردەوە ناوزەد دەکا. سیاسەت وەك پانتایی کردەوە تەنیا ڕەنگدانەوەی چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ژیانێکی جیاوازو تایبەت بەخۆی هەیە کە ناکرێ بۆ ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دابەزێ. سروشتی کردەوەی سیاسی لە دەرئەنجام و دەسکەوتەکانی گرنگترە، چونکە پێشبینی نەکرانی دەرئەنجامی کردەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سروشتییەکانی کردەوەی سیاسی. لەو تایبەتمەندییەدا شیمانەی سەرهەڵدانی بنەمای نوێ و بێ وێنە وێنا دەکرێ. لەو ڕووەوە ئارێنت کردەوەی شۆڕشگێڕانەی مرۆڤەکان بۆ نموونە لە شۆڕشی ئەمریکا و کۆمۆنی پاریس و بزووتنەوەی ئەنجوومەنە کرێکارییەکانی ڕووسیادا پەسن دەدا. پیاوانێکی ئەوتۆ هەندێ فەزای گشتی نوێیان پێکهێنا و خۆشحاڵ بوون لە ئامادە بوون لە پانتای گشتی کردەوەدا. بە بێ ئەوان میژوو بە ئاراستەیەکی تردا دەچوو. ئارێنت لە زمان ئۆگۆستینی قیدیسەوە دەڵێ:«بۆ ئەوەی دەسپێکێك ببێ مرۆڤ ئافەرێنرا. [1] »

بە بۆچوونی ئارێنت هەنووکەش بواری کردەوەی ئازاد هەیە، بەڵام یەك لە پێداویستییەکانی هاتنە ئارای پانتایەکی گشتییە کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا بەرەو نەمانە. بەو بۆچوونە، لە دنیای مۆدێرندا سیاسەت بەرەو نەمانە. هۆکاری سەرهەڵدانی سیاسەت لە کۆنەوە، لە سەردەمی یۆنانییەکاندا، دابین کردنی پانتایەکی گشتی بووە بۆ کردەوە. بەو شێوەیە تێگەیشتنی ئارێنت لە سیاسەت و ڕۆڵ و دەورەکانی سیاسەت جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تێگەیشتنی مۆدێرنی باوی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. لە ڕوانگە مۆدێرنەوە

---

١. انقلاب، ل ٣٠٥.

ڕۆڵەکانی سیاسەت بریتین لە: دابین کردنی سەرچاوە و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان، چارەسەر کردنی گێرە و کێشەکان و پێکهێنانی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی، دابین کردنی تەناهی و دیسیپلین، ڕەخساندنی هەلومەرج بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاکەکان، پەروەردەی ئەخلاقی و مەدەنیو کاری لەو چەشنە. لە هەمووی ئەو ڕوانگانەدا تاکەکان وەك بابەتی کردەوەی ئەکتەرە سیاسییەکان و قبووڵکەری ڕۆڵە بونیادییەکان سەیر دەکرێن. بەئابووری کردنی (Economization) ژیانی سیاسی بە پێی لێکدانەوەی کۆنی یۆنانی بۆتە مایەی بەتایبەتی بوونی ژیانی سیاسی. «(لە ئەنجامدا، سەرجەم جڤاکە مۆدێرنەکان بوون بە کۆمەڵەی کرێکاران و فەرمانبەران.[1] ») لە بەرانبەر دا ئارێنت تەئکید لەسەر مرۆڤ دەکا وەك بکەر و نوێنەری کردەوەی ئازاد. بە بۆچوونی ناوبراو بەرکاری و قبووڵ کردنی کار لە لایەن مرۆڤەوە بەرهەمی سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵگا بووە لە سەدەکانی ڕابردوودا کە بە مانای پانتاییێکی تایبەت و جیا لە پانتایی گشتی کردەوەی سیاسییە و لە ئەنجامدا بابەتی کردەی سیاسییە. لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی *کۆمەڵگا*، جیاوازی کۆنی یۆنانی نێوان پانتایی تایبەتو پانتایی گشتی لەناو چوو، لە جیاوازی کۆندا، هۆکاری بوونی بنەماڵە پانتایی گشتی بوو نە بەپێچەوانە واتا ئەو جۆرەی لە سەردەمانی دواییدا هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی چەمکی کۆمەڵگادا ڕووی داوە. لە فەلسەفەی مەسیحدا چەمکی ئەرستۆیی مرۆڤ، واتا ئاژەڵی سیاسی و پێوەندیدار بە پانتایی کردەوەی ئازاد و گشتی، بێگومان وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خوێندنەوەی بۆ کرا. هەروەها سیاسەت بە واتا یۆنانییەکەی، واتا چالاکییەکی ئازاد کە سروشت و پێداویستییە سروشتییەکان تێپەڕ دەکا، وەك چالاکییەك لێکدراوە کە ئامانجی دابین کردنی ویست و نیازە سروشتییەکانی ژیانی مرۆڤە. پێشتر کۆمەڵگا و ئابووری لە خزمەت سیاسەتدا بوون، بەڵام ئێستا سیاسەت دەکەوێتە خزمەت کۆمەڵگا و ئابوورییەوە. دانانی تیۆری سیاسی لە قۆناغی مۆدێرندا بەو شێوەیە بووە. ئێستا سیاسەت تەنیا وەك پانتایی کردەوەی هێز و چینە کۆمەڵایەتییەکانی سەیر دەکرێ کە تێیدا مرۆڤ وەك سووژە هیچ پێگەیەکی نییە. تۆتالیتاریزم لەو ڕووەوە تەنیا یەکێکە لە تیشکە سەرەکییەکانی سیاسەت لە سەردەمی مۆدێرندا. سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکان، چ تۆتالیتێر و چ ناتۆتالیتێر، چەمکی سیاسەت وەك

---

1. The Human Condition, p.42.

فەزای گشتی کردەوەی ئازادیان لەناو بردووە و سیاسەتی خۆشگوزەرانی بەخشیان کردۆتە جێگری. لە مانای بەرباسی ئارێنتدا، سیاسەت پێوەندییەکی گشتییە لە نێوان تاکە ئازاد و یەکسانەکاندا، لەو ڕووەوە وتەزاکانی وەك باڵادەستی و حکومەت کردن، کە زۆربەی کات وەك ناوەڕۆکی سەرەکی سیاسەت دێنە ژمار، دەچنە دەرەوەی ئەو جغزەوە. سیاسەت لە بنەمادا پێوەندییەك بووە لە نێوان تاکە ئازاد و یەکسانەکاندا، بەڵام ئێستا بۆتە پێوەندییەکی فەرماندەرانە لە نێوان فەرماندەر و فەرمانبەردا. سیاسەت و حکومەت جیاوازی سەرەکیان پێکەوە هەیە. حکومەت و باڵادەستی و حکومەت کردن بەر لە سیاسەتن. کەواتە یەکێك لە پێداویستییەکانی سیاسەت بوونی پانتایەکی گشتییە نە داوودەزگای حکومەت و حکومەت کردن[1]. لە دەوری پرس و بابەتە هاوبەشە جۆراوجۆرەکاندا ڕەنگە پانتایی گشتی جۆراوجۆر پێك بێن یان بە سانایی لەناو بچن.

لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا دا هەر لە دەسپێکەوە سیاسەت لەسەر بنەمای کاری داهێنەر وێنا دەکرا نەك کردەوەی ئازاد. لە هزری کۆندا، حکومەت دەچووە خانەی چەمکی کاری داهێنەر و کارناسی پرۆفیشناڵەوە و مۆدێلە سەرەکییەکەش یۆتۆپیای ئەفلاتون بوو کە مۆدێلی سیاسەتوان وەك کارناسی پیشەیی خستە ڕوو _ لەو مۆدێلەدا *کاری داهێنەر* پێویستی بە یەکێتی لە ئامانج دا و بەکارهێنانی ئامراز هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج. لە هزری سیاسی کۆندا سیاسەت واتا کردنی کارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجێك (کاری داهێنەر). بەڵام لە هزری سیاسی سەردەمی نوێدا سیاسەت تێکەڵاوی چەمکی کارکردن بۆ خۆبەڕێوەبردن و دابینکردنی پێداویستییەکان بوو و بوو بە ئامرازی سڕینەوەی نیاز و دابینکردنی خۆشگوزەرانی و شادی و خۆشی تاکەکەس لە پانتایی تایبەتدا و بەو شێوەیە جارێکی تریش لە مانای سەرەکی خۆی دوور کەوتەوە. لە ئەنجامدا هاووڵاتی بوو بە کەسی تایبەت[2]. لە هەر دوو بواردا، دیسیپلین و ئەگەری پێشبینی بوونە بنەمای سیاسەت، لە کاتێکدا کردەوەی ئازاد وەك جەوهەری ڕاستەقینەی سیاسەت پێویستی بە نەبوونی دیسیپلین، پێشبینی نەکران، ئازادی و فرەیی هەیە و هەمووی ئەو چەمکانە بە توندی دژایەتیان هەیە لەگەڵ چەمکی

---

١. انقلاب، ل ٢١٨.

٢. سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٥-١٩٧.

سەروەریدا. کەواتە سیاسەت وەك سەروەری جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ سیاسەت وەك کردەوەی تاکی یەکسان لە پانتایی گشتیدا. سیاسەت بە مانای دوایی هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ دەسەڵاتدا نییە، بەڵام ئارێنت دەسەڵاتی بە مانایەکی تایبەت بەکار دێنا: «دەسەڵات تەنیا کاتێك پێك دێ... کە تاکەکان بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن یەك دەگرن.» لە ڕوانگەی ناوبراودا دەسەڵات جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ توندوتیژی و توانای جەستەییدا هەیە و بریتییە لە هێز و عەسەبییەتێك کە لە ڕێگەی کردەوەی بەکۆمەڵەوە پێك دێ. کەواتە دەسەڵات دیاردەیەکی نێگەتیڤ نییە و لە نێوان دەسەڵات و ئازادیدا جگە لەوە هیچ ناکۆکییەك لە ئارادا نییە، بگرە پێوەندی ناوخۆییش لە ئارادایە.[١]

هەر وەك ئاماژەی پێدرا، ئارێنت بۆچوونێکی تایبەتی دەربارەی ئازادی هەبوو، لە بۆچوونی ناوبراودا ئازادی لەگەڵ ڕەخساندنی بوار و دەرفەتی کردەوە لە پانتایی گشتی و سیاسیدا وەك یەك سەیر دەکران. ئەو مانایە لە ئازادی ڕووبەڕووی لێکدانەوەی نوێی لیبڕاڵی لە ئازادی واتا ڕزگار بوون لە باڵادەستی و زۆرەملی دەرەکی دەبێتەوە. لەو تێگەیشتنە نێگەتیڤە لە ئازادی ( لە هزری کەسانێکی وەك جۆن لۆك و جۆن ستیوارت میلدا) ئەو بابەتانە لەبەر چاو دەگیرێن: سەربەخۆیی پانتایی تایبەتی تاکەکەسی؛ ئازادی مرۆڤ؛ دەستێوەرنەدان لە کاروباری تاکەکەس؛ ئۆتۆنۆمی؛ خۆڕێکخستن؛ و هەڵبژاردنی ئازاد لەناو شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا. بەڵام ئەو چەمکە گرفتێکی سروشتی هەیە، بۆ نموونە ڕوون نییە تاکەکەس تا چ ئاستێك دەتوانێ سەربەخۆ بێ و هۆکارە دەرەکییەکانی ناوشیار چۆن چۆنی دەتوانن کاریگەریان هەبێ لەسەر کردار و کردەوەی ناوبراو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئازادی نێگەتیڤ پێوەندی هەیە بە *کارکردن بۆ بژێوی* و یەکێکە لە پێداویستییەکانی پارێزگاری کردن لە ژیانی مرۆڤەکان وەك کرێکار و پشتگیری لەو مرۆڤانە لە بەرانبەر دەستدرێژی حکومەتدا. لە هەمبەردا، تێگەیشتنی ئارێنت لە ئازادی تێگەیشتنێکی پۆزەتیڤە کە لەو تێگەیشتنەدا ئازادی پێوەندی بە پانتای تایبەتەوە نییە، بەڵکو گرێدراوی پانتای گشتی و کردەوەی بەکۆ لەگەڵ خەڵکانی ترە. ئازادی پۆزەتیڤ ڕەخساندنی هەلودەرفەتی کردەوەیە لە پانتای

١. لیرەدا ویکچوویی بۆچوونەکانی ئارێنت لە بۆچوونەکانی میشێل فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات، ئازادی و بەرگری زۆر بەرچاوە.

گشتی‌دا، بەڵام ئازادی نێگەتیڤ مانەوەیە لە پانتایی تایبەتدا. ئارێنت لەو بابەتـەدا بـاوەڕی وایە کە جیاوازییەکی بنەڕەتی و بنچینەیی لە نێوان ئازادی و ڕزگاریدا لە ئارادایە. هـەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، مرۆڤ لە پانتایی کارکردن بۆ بژێویدا پەیڕەوی سروشتە؛ بەڵام لە پانتایی کاری داهێنەر و کردەوەدا سروشت وەپشت سـەر دەنـێ و لـە دەسـت سروشـت ڕزگـار دەبـێ. ڕزگاری ئاماژەیە بە ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆتوبەندی سروشت و پێداویستییەکانی؛ و بەو واتایە ڕزگاری تەنیا سەرەتای ئازادییە نە هەمان ئازادی. مرۆڤی ڕزگار بوو لە کۆتوبەنـدی سروشـت لە زەرووڕەتی کار کردن بۆ خۆبەخێو کردن *ڕزگاری* هاتووە، بـەڵام ئـازاد نییـە؛ واتـا نەچـۆتە پانتایی گشتی کردەوەوە. تاکێکی ئـەوتۆ ڕەنگـە لـە کـاتی ڕزگـاری لـە دەسـت باڵادەسـتی سروشت، کۆیلەی حکومەتێکی ستەمکار بێ کە مەجالی *ئـازادی* بـەو تاکـە نـادا. هەڵبـەت ڕزگار بوون لە دەست حکومـەتی سـتەمکاریش بـە مانـای ئـازادی سـەرەکی نییـە، بـەڵکو دیسانیش مەرجێکە بۆ ئازادی. کەواتە «یەکـەم، ئـازادی و ڕزگـاری یـەك شـت نـین؛ دووەم، ڕزگاری ڕەنگە مەرجی ئازادی بێ بەڵام لە ئەنجامدا ئازادی لێ ناکەوێتەوە؛ سـێیەم، وێنانـدنی ئازادی کە لە ڕزگاریدا خۆی حەشار داوە دەتوانێ وێناندنێکی تەواو نێگەتیڤ بێ؛ و چـوارەم، تەنانەت وێناندنی ڕزگاری هاوتای ویستی ئازادی نییـە.[1]» بـە کـورتی، ڕزگـاری لـە دەسـت کۆتوبەند ئازادی بە مانای ڕاستەقینە نییە. ئازادی تەنیا لە پانتایی گشتی کردەوە و لە فەزای کردەوەی سیاسی ئازاددا دەردەکەوێ؛ هەڵبەت ئەو ئازادییە لـە هـەمان کاتـدا پێویسـتی بـە ڕزگار بوونە لە دەست نیاز و ستەمکاری. لـە کتـێبی دەربـارەی شۆڕشـدا ئارێنـت بـاس لـە چەمکەکانی ئازادی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ و هەروەها جیاوازی نێوان ئازادی و ڕزگـاری دەکـا. ناوبراو لەو کتێبەدا ئەو بابەتە دەردەخا کە چۆن ویستی هەرەمە بۆ ڕزگار بوون لە کۆتوبەنـدی هەژاری و نەداری و ستەمکاری سیاسی بەسەر ئازادی پۆزەتیڤدا زاڵ دەبێ و پانتـای بـەدەری دەکا. زەمینە خۆشکەری کۆمەڵگای هەرەمەیی ویستی ڕزگاری لە هەژاری و نەداری بووە، لە کاتێکدا ئازادی پۆزەتیڤ تەنیا لە کۆمەڵگای مەدەنیدا وەدی دێ. ناوبراو لـە هـەمان کاتـدا باوەڕی وایە کە سیاسەت لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا، کە کـردەوە لـە پانتـای گشـتیدا لـەخۆ ناگرێ و تەنیا بریتییە لە چالاکی شاراوەی حیزب و گرووپـەکان، دەکەوێتـە دەرەوەی پانتـایی

---

١. انقلاب، ل ٣٨.

ئازادی و سیاسەت. لە بۆچوونی ناوبراودا سیاسەت پێویستی بە گشتگیر بوون هەیە؛ بەڵام لە سیاسەتێکدا کە لەژێر باڵی حیزب و گرووپە خاوەن وزەکاندا بێ پانتایی گشتی و دەرفەت بۆ کردەوەی گشتی کەمتر دەڕەخسێ. حیزبەکان لە دیموکراسییە هەنووکەییەکاندا بیرۆکراتیك و دۆگمن و وەك بەشێك لە ئاستەنگییە سەرەکییەکانی بەردەم هەراوتر بوونی پانتایی گشتی دێنە ژمار.

لە بەرانبەر ئەو وێنەیە بۆ دۆخی مرۆڤ، ئارێنت لەو باوەڕە دایە کە مۆدێرنیزم خوێندنەوەیەکی پێچەوانە لە سروشتی مرۆڤە؛ و لادانێکە لە ڕێبازی ژیانی مرۆڤ. ناوبراو لە کتێبی دۆخی مرۆیی و هەروەها لە کتێبی دەربارەی شۆڕشدا درێژەی بەو شێوە لێکدانەوە دەدا. بەپێی بەڵگەهێنانەوەی ئارێنت مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا *بێ جیهانە*. مەبەستی ناوبراو لە جیهان هەمان جیهانی بەرهەمی کاری داهێنەری مرۆڤە کە ڕووبەڕووی سروشت دەبێتەوە؛ واتا جیهانی تایبەت و ناسروشتی مرۆڤ کە پێکهاتووە لە کلتور، هونەر، نەریت، ئایین، یاسا و شارستانییەتی مرۆیی بەگشتی. جیاکەرەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ هەر ئەو جیهانە دەسکردەیە کە بە بێ ئەو مانای ژیانی مرۆیی ڕوون نابێتەوە. ژیان لە وەها جیهانێکدا مەرجی دروست بیرکردنەوە و هەستی پشتگەرمی و برەوپێدانی عەقڵی ساخلەمە؛ و لە نەبوونی وەها جیهانێکدا ئایدۆلۆژیا خەیاڵی و پووچەکانی لە جۆری ڕەگەزپەرستی وەبرەو دەکەون. مرۆڤی بێ جڤاك و بێ جیهان دەرئەنجامی مرۆڤی جەماوەریی و ئەتۆمیزەیە کە شیاوی پەژراندنی ئایدۆلۆژیا تۆتالیتێرەکانە. «لە جیهان نامۆبوون، نەك لەخۆنامۆبوون بەمانا مارکسییەکەی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی نوێ.[1]» لە ئاکامدا، پانتای گشتی بەرەو لاوازی چووە و لەبری ئەو، نیگەرانی دەربارەی نەفس بەرفراوان بۆتەوە. بە بێ بوونی وەها جیهان و جڤکێك مرۆڤەکان بابەتێکی هاوبەشیان نییە بۆ بیرکردنەوە؛ و لە ئاکامدا، تێفکرین خەیاڵێکی پووچ و بێ بنەمایە. لە سەردەمی نوێدا، بە هۆی گۆڕانکاری بنەڕەتیو بەردەوام، مرۆڤ جیهان و جڤاکی هاوبەش و بەردەوامی خۆی لە دەست داوەو تووشی دۆخی بێ جیهانی بووە، و لە ئاکامدا، هەستی تەناهی و مانا و واقیعیشی لە دەست داوە. «بزووتنەوە جەماوەرییە ئایدۆلۆژییە مۆدێرنەکانیش بۆچوونێکی بێ جیهانیان هەیە.[2]» مرۆڤی بێ جیهان، مرۆڤێکی

1. The Human Condition, p.231.
2. Ibid, p.233.

بێ شوێن و بێ جڤاکە کە شوێنێکی تایبەتی لە جیهاندا نییە تا تێیدا ئۆقرە بگرێ. لە نەبوونی جیهانێکی ئەوتۆدا، مرۆڤ دووبارە دەچێتەوە باوەشی دنیای ژیانی تایبەت و ناوخۆیی و پانتایی سروشت و کارکردن بۆ بژێوی. بە واتایەکی تر، مرۆڤ لە پانتایی سیاسەت، کردەوە و کاری داهێنەرەوە، دەگەڕێتەوە بۆ پانتایی *کۆمەڵگا*، واتا ژیانی تایبەتی. جیهان لە واتا مۆدێرنەکەیدا تەنیا نوێنگەی یەکێتی مرڤەکانە بەپێی هاوبەشیان لە جۆری مرۆییدا؛ و هیچ جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ جیهانی دەسکرد و پانتای گشتی کردەوەدا نییە. کۆمەڵگا گەورە بووی بنەماڵەیە؛ و لە سەردەمی ئێمەدا تاکە سەرقاڵی بنەماڵە سەرقاڵی ژیانی تایبەتە، واتا هەوڵدان بۆ خۆبەخێو کردن. بە واتایەکی تر، کۆمەڵگا هەمان ئابووری و لە چوارچێوەی ئۆگرییە ئابوورییەکاندا قەتیس ماوە. ئەندامانی *کۆمەڵگای* سروشتی بەپێی بەرژەوەندییەکانیان بە شێوەیەکی وەك یەك دەجووڵێنەوە؛ و تایبەتمەندی تاکەکەسی خۆیان لە دەست دەدەن. کۆمەڵگا بەو مانایە بەرهەمی مێژوویەکی نوێیە کە لە ئەنجامی باڵادەستی ئابووری و سیاسی بورژوازیدا سەری هەڵداوەو تێیدا کۆدەنگی کۆمەڵایەتی تاکەکەس و تاکایەتی و کردەوەی ئازادی تاکەکەس سەرکوت کردووە. *کۆمەڵگای سروشتی* بەو مانایە سەرەتا لە بونیادەی بنەماڵەی باوکسالاری و دواتر لە چەمکی *نەتەوە*دا کە دەوڵەتی ڕەها پێکی هێناو؛ و پاشان لە چەمکی کۆمەڵگای چینایەتی سەدەی نۆزدەهەم و دواجار لە کۆمەڵگای هەرەمەیی سەدەی بیستەمدا ڕەنگی دایەوە. کەواتە هیچ چەشنە دژایەتییەك لە نێوان کۆمەڵگای هەرەمەیی و کۆمەڵگای چینایەتیدا لە ئارادا نییە، بەڵکو دوو قۆناغی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای ناسیاسی سەردەمی مۆدێرنن. دەوری تاك لە هەمووی ئەو قۆناغ و بوارانەدا هاودەنگی و فریودان و ژیانی سروشتی و ناسیاسییە. بەو شێوەیە کۆمەڵگا بۆتە جێگری پانتایی کردەوە. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لەخۆڕا نییە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکە بوونە ڕەفتارخواز و هیچ کارێکیان بە کردەوە(Action)وە نییە. *ڕەفتار* واتا گێڕانی ڕۆڵ و دەوری دیاریکراو، بەڵام کردەوە (Action) دەسپێکەر و شۆڕشگێڕە و پێشبینی ناکرێ. ئاماریش زانستی ئەو ڕەفتارانەی مرۆڤی کۆمەڵایەتییە، واتا مرۆڤی سروشتی و ناسیاسی کە پێشبینی دەکرێن. سۆسیالیزمیش واتا سەقامگیر بوونی هێدی و هێوری ئەو واتایە لە کۆمەڵگای ناسیاسی. بەو پێیە تێداچوونی *هێدی و هێوری* دەوڵەت و کردەوەی سیاسی لە پانتای گشتیدا ئامانجی دواڕۆژ نییە، بەڵکو ڕاستەقینەی تاڵی ئێستایە.

بەو شێوەیە هەوڵدان بۆ بژێوی دەبێتە جێگری کاری داهێنەر و کردەوەی سیاسی و ژیان دەبێتە ژیانێکی *بەسروشتی دەکرێت*. کۆمەڵگای جەماوەری بەردەوامی سروشتی هەوڵدانە بۆ دابین - کردنی بژیوی ژیانی لە بنەماڵە و کۆمەڵگای چینایەتیدا. ئاکامەکەی نامۆ بوونی مرۆڤە لە جیهانی خۆی یان لە جیهانی نامۆیی مرۆڤە کە ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی شانزدە و حەڤدە؛ واتا بۆ ئەو سەردەمانەی کە پاڵدانەوەی مرۆڤ بە جیهانی خۆی واتا بە خاوەنداریێتی خۆی و هەروەها بە ناسینی خۆی لە جیهان لە ئەنجامی گۆڕانکارییە جۆراوجۆرەکاندا لەرزۆك بوو. هاوکات لەگەڵ گۆڕانی خاوەنداریێتی سەقامگرتوو بۆ سەرمایەی سەرگەردان پێگەی سەقامگیری مرۆڤ لە جیهاندا کەوتە هەژین. لەو ڕووەوە ئارێنت خاوەنداریێتی و سەروەت و سامان لێك جیا دەکاتەوە: خاوەنداریێتی واتا بوونی پێگەیەکی تایبەت لە جیهاندا_ پێگەیەك کە بکرێ خۆی تێیدا حەشار بدەی. « خاوەنداریێتی گەرەنتی ئازادی بوو نەك یاسا. [١] » بەڵام سەروەت و سامان دیاردەیەکی نوێ بوون کە لە سەدەی شانزدەهەمدا سەریان هەڵدا و بریتین لە فرەیی کاڵای بەکارهێنان. خاوەنداریێتی دیاردەیەکی سەر بە جیهانی کاری داهێنەرە؛ بەڵام سەروەت و سامان وتەزایەکی پێوەندیدار بە جیهانی هەوڵدانە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان، زەرووڕەت و سروشت. پەرەسەندنی ئابووری بە مانا ئەوڕۆیەکەشی هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی کردۆتە جێگری کاری داهێنەر و کردەوەی سیاسی و زۆرتر و زۆرتر مرۆڤی *بێ جیهانو بێ سیاسەت* کردووە. لە پرۆسەی *بە سروشتی بوونی* ژیان و جیهانی مرۆییدا تاکە کەڵکەڵەی مێشکی مرۆڤ بۆتە بەردەوامی بازنەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنان. ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە لە شارستانییەتی مۆدێڕندا هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان کەوتۆتە پێشەوەی کاری داهێنەر و کردەوە لە پانتایی گشتیدا و سەرووتر سەیر دەکرێ. کار و بەرهەمهێنان، بەکارهێنان، خۆشگوزەرانی و فرەیی کاڵا بوونەتە بەها و بایەخە باڵادەستەکانی جیهانی مۆدێڕن. بە باوەڕی ئارێنت پرۆسەی *سروشتیتر بوونی* جیهان بەو شێوەیە بە مانای گەڕانەوە بۆ دواوەی جیهانە. بەو شێوەیە، جیهانی مۆدێڕن بۆتە جیهانی کرێکاران. بە گشتی *بێ جیهانی* مرۆڤی مۆدێڕن، سروشت لێدراوی و ڕەفتاری بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بێ سەرەوبەرەیی سەردەمی مۆدێڕنن.

---

١. انقلاب، ل ٢٥٩.

**دەربارەی شۆڕش:**

بە بڕوای ئارێنت یەکێك لە تیشکە سەرەکییەکانی کردەوە لە پانتـای گشـتیدا شۆڕشـە و گرنگترین ڕۆڵی شۆڕش کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە لە مێژوودا (یان دەبێ بەو شـێوەیە بـێ)، بە بێ دەسپێکێکی نوێ شۆڕش هیچ مانایەکی نابێ. چەمکی نوێی شۆڕش لەو وێناندنە جیـا نابێتەوە کە ڕێبازی شۆڕش کوتوپڕ لە نوێیەوە دەسپێدەکا و داستانێکی تەواو نوێ کە نە کەس پێشتر بیستوویەتی و نە کەس زانیوییەتی بە زوویی دەسپێدەکا.» کەواتـە شـۆڕش نوێنگـەی ئازادی سیاسی و مێژوویی مرۆڤـە: و ئـەو تیۆریـە ڕەت دەکاتـەوە کـە مێـژوو پرۆسـەیەکی بەردەوام و بێدابڕانە. لە ڕاستیدا پاش شۆڕشی فەرەنسا، واتا لـە سـەردەمانی ڕەشـبینی لـە ڕاست مرۆڤ، ڕوانگەیەکی تەکامولی ئەوتۆ سەری هەڵدا؛ و تێیدا هێزە نەناسراوە مێژووییەکان بوونە جێگری کردەوەی ئازادی مرۆڤ. بەو شێوەیە جیاوازی نێوان مێژوو (وەك پانتایی داهێنان و دابڕان) و سروشت (پانتایی بەردەوامی و دووپات بوونەوە) کۆتایی پێ هـات. لـەو ڕوانگـە تەکامولی و مێژووییەدا، مرۆڤ و کـردەوەی ئـازادی مـرۆڤ لـە پانتـایی گشـتیدا تـەنیا وەك ئامرازێکی ناوشیار لە خزمـەت هێـزە شـاراوەکانی مێـژوودا سـەیر دەکـران. لـە ئاکامـدا، شۆڕشەکانیش وەك قۆناغە پێشبینی کراوەکانی پرۆسەی مێـژوو هاتنـە ژمـار. بـەو شـێوەیە بەرزترین نوێنگەی کردەوەی ئازادی سیاسی تووشـی دارِشـتە تەکامولییـەکانی مێـژوو بـوو. لەگەڵ ئەوەشدا، زانستگەرایی(Scientism) سەدەکانی نۆزدە و بیست یەکێك بووە لە هۆکارە سەرەکییەکانی چاوپۆشی لە کردەوەی شۆڕشگێڕانە؛ و بەو شـێوەیە چـەمکی پرۆسـە و هێـزە دیتێرمینیستییەکانی مێژوویی لە زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا هزری مرۆیی مۆدێرنی لە پانتای مێژوو و سیاسەتدا تووشی ئیفلیجی کردووە.

لە ڕوانگەی ئارێنتەوە شۆڕشی ئەمریکا نموونـە سـەرەکی شۆڕشـە نوێیەکانـە، کـە تێیـدا دەوری کردەوەی وشیارانە و ئازادانە لە دامەزراندنی فەزا و پانتایی گشتی کردەوەی سیاسـیدا گەیشـتۆتە ئەوپـەڕی خـۆی. بـەو مانایـە شۆڕشـی ئـەمریکا شۆڕشـێك بـوو لـە پانتـایی *کردەوە*(Action)دا نە لە پانتای *هەوڵدان بۆ بـژیوی ژیـان*. بنیاتنـەرانی کۆمـاری ئـەمریکا خۆیان پێ ئامرازی هێزە سروشتییەکان نەبوو، بەڵکو خۆڕسك و ئازاد لە ڕێگەی دیالۆگی ئازاد و بڕیاردانەوە بنیاتێکی نوێیان دروست کرد. بەڵام شۆڕشی ئەمریکا دووپات نەبۆوە. شۆڕشـی فەرەنسا ئەزموونێکی تەواو جیاواز بوو کە دواجار نە لە پانتایی کردەوەی ئازاددا، بـەڵکو لـە

پانتایی سروشت و هەوڵدان بۆ بژیوی ژیاندا خۆی دیتەوە؛ بەڵام دواتر ئەو ڕووداوە بوو بە مۆدێلی شۆڕشەکانی تر. «ئەوەی لە لای شۆڕشگێڕانی ئەمریکا وەك گەورەترین نوێژەن کردنەوەی حکومەتی نوێی کۆماری دەهاتە ژمار، واتە کەڵك وەرگرتن و فراوان کردنەوەی تیۆری جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکانی مۆنتیسکیۆ لە ڕێکخراوی سیاسی کۆمەڵگادا، لە لای شۆڕشگێڕانی ئەوروپا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرا.» ڕێبەرانی شۆڕشی فەڕەنساش سەرەتا وەك کەسانێکی ئازاد بە مانا پۆزەتیڤەکەی سەیری خۆیانیان دەکرد؛ و بە هێوای دامەزراندنی جیهانێکی نوێ بوون، بەڵام هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و زەروورەتی دابینکردنی بژیوی ژیان شۆڕشی تووشی سروشت لێدراوی کردو بەو شێوەیە شۆڕش لە ڕێبازە سەرەکییەکەی لای دابوو. ئامانجی شۆڕشی فەڕەنسا دابین کردنی هەلومەرجی ئازادی پۆزەتیڤ بوو، واتە کردەوەی سیاسی ئازاد لە پانتایی گشتیدا؛ بەڵام لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ *پرسی کۆمەڵایەتی* و زەروورەتی دابینکردنی بژیوی ژیاندا بەلاڕێدا چوو؛ و بە لای دابینکردنی ئازادی نێگەتیڤ، واتا ڕزگار کردنی هەرەمە لە دەست هەژاری و نەداریدا شکایەوە و دواجار هەر بەو بیانوویە دیکتاتۆرییەکی نوێی پێك هێنا. بەڵام «پرسی کۆمەڵایەتی، واتا گرفتی ترسناکی هەژاری و نەداری هەرەمە کە لە ڕووی سیاسییەوە یەکێکە لە گرفتە چارەسەر نەکراوەکانی هەر شۆڕشێکی تر، لە شۆڕشی ئەمریکادا دەکرێ بڵێین هیچ کاریگەرییەکی نەبوو.» بەم شێوەیە لە شۆڕشی فەڕەنسا بەدواوە و لەژێر کاریگەری ئەو شۆڕشەدا، هەموو شۆڕشەکان بە ناوی ئازادی پۆزەتیڤەوە دەستیان پێکرد و تووشی چارەنووسێکی کارەساتبار هاتن؛ واتا دواجار دیکتاتۆری ترسناکیان لێکەوتەوە. «ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە شۆڕشی فەڕەنسا کارەساتی لێکەوتەوە و مێژووی جیهانی پێك هێنا، بەڵام شۆڕشی ئەمریکا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و گرنگییەکەی هەر وەك گرنگی ڕووداوێکی خۆجێی و لۆکاڵی مایەوە.» جیاوازی سەرەکی نێوان شۆڕشی شکۆداری ئەمریکا و شۆڕشی شکستخواردووی فەڕەنسا لەوە دایە کە شۆڕشی یەکەم شۆڕشێکی سیاسی بوو و پێوەندی بە پرسی ئازادی و شێوازی حکومەتەوە هەبوو، بەڵام شۆڕشی دووەم تێبینییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دەخستە پێشەوەی تێبینییە سیاسییەکان و بە هۆی ویستوخواستی هەرەمە بۆ ڕزگار بوون لە دەست هەژاری و نەداری دیکتاتۆری لێکەوتەوە. هەژاری و نەداری جەماوەر لە ئەوروپادا دیاردەیەکی بەرچاو بوو، بەڵام لە ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە سەروەت و خۆشگوزەرانی زۆرتر بوو و لە ئەنجامدا پرسی

*کۆمەڵایەتی* لە ئارادا نەبوو. ناوبراو لەو بارەوە لە زمان چاوەدێرێکەوە دەگێڕێتەوە کە «لە درێژایی ١٢٠٠مایلدا کەسێکم نەدی کە دەست بگرێتەوە و سواڵ بکا.» لە ئەنجامدا ڕێبەرانی ئەمریکا دەیانتوانی بەدوور لە پرسی کۆمەڵایەتی و هەژاری و نەداری و یاسادانان دەربارەی ئەو بابەتانە هەموو هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ چارەسەر کردنی پرسی سیاسی دابەشکردنی دەسەڵات. بەڵام لە فەڕەنسادا تێبینییە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە ئازادی و شێوازی حکومەت لە ژێر باندۆری ڕووخێنەری ڕزگار بوونی جەماوەر لە هەژاری و نەداریدا بوو و بەو بیانوویە توندوتیژی و بێدادی بوو بە دیاردەیەکی گشتگیر.

«هەژاری پەستی و زەلیلی پێوەیە، چونکە جەستەی مرۆڤ بە سەریدا زاڵ دەبێ و... مرۆڤ دێنێتە ژێر ڕکێفی بێ ئەمانی زەرووڕەتەوە. هەر ئەو زەرووڕەتە وایکرد کە بەشێکی زۆری خەڵك بە هانای شۆڕشی فەڕەنساوە بچن و بەرەوپێشی بەرن و داوجار بەرەو نەمانیان برد. ڕۆبسپییەڕ وەك داهێنەری چەمکی ستەمکاری ئازادی، لە بەرانبەر مافی سان کوولۆتەکان (Sans-Culottes)[1] واتا جلوبەرگ و خواردەمەنی و زاوزێدا، وازی لەو چەمکە هێنا... خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشی فەڕەنسا و هەموو شۆڕشەکانی دواتر ئەو کاتە بوو کە مافی مرۆڤ بوو بە مافی سان کوولۆتەکان.» بەم شێوەیە ڕزگاری بوو بە جێگری ئازادی؛ و ڕزگار بوون لە دەست ملهوڕی سروشت هەرەمەی تووشی ملهوڕی دەوڵەت کرد. سەرهەڵدانی هەرەمەی هەژار لە شۆڕشی فەڕەنسادا ئەو شۆڕشەی کردە یەخسیری ملهوڕی سروشت و زەرووڕەتی بژیوی ژیان و لە ئاکامدا، ئازادی چووە ژێر باری زەرووڕەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت تێگەیشتن لە سیاسەت و کردەوەی سیاسیش بە مانا دروستەکەی، لە ڕزگار بوون لە داوی زەرووڕەتی بژیوی ژیانەوە بەسترا. ئارێنت لە زمان دۆتۆکۆڤیلەوە دەڵێ: «لەناو ئەو هەموو هەستو خرۆشانەی ڕێگەیان بۆ شۆڕش کردەوە، چێژی ئازادی گشتی بەر لە هەمووان تێداچوو.»

لە ڕوانگەی ئارێنتەوە تیۆری شۆڕشی مارکسیش وەك جەوهەری شۆڕش سەیری ئەو هەڵە گەورەیەی لە هزری شۆڕشدا کرد. «مارکس هەژارانی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە هەژاری دیاردەیەکی سیاسییە نەك سروشتی و بەرهەمی توندوتیژی و دەستدرێژییە نەك کەمی و قات

---

١. لایەنگرانی شارەیی لقە توندڕۆکان لە شۆڕشی فەڕەنسادا.

و قڕی.» لە ئاکامدا سیاسەت و کردەوەی سیاسی تەنیا وەك سەرخانی زەروورەتی ئابووری سەیر دەکران. بە باوەڕی ئارێنت مارکسیزم لەو بارەوە سروشتخواز (Naturalistic) و ناسیاسی بووە. ناوبراو بەڵگە دێنێتەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا هزرەکانی خودی مارکس لەو پێوەندییەدا ناکۆکن؛ چونکە مارکس لە لایەکەوە جەخت دەکاتە سەر کار و تێکۆشان بۆ ڕزگار بوون لە دەست نەبوونیو نەداری و لە لایەکی ترەوە هیوادارە کە لە ئەنجامی ئەو ڕزگار بوونەدا مرۆڤ لە پانتایی نیاز و پێداویستییە سروشتییەکانەوە پێ بنێتە پانتایی ئازادی سیاسییەوە. بەهەرحاڵ هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، بە بۆچوونی ئارێنت مارکسیزم دەوری هەبووە لە سروشت لێدراوی کۆمەڵگای مۆدێرندا.« هیچ فکرێك پووچتر و بێهوودەتر و مەترسیدارتر لە فکری کەڵك وەرگرتن لە ئامرازی سیاسی بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤ لە دەست هەژاری و نەداری نییە. مێژووی شۆڕشەکانی ڕابردوو بە باشی ئەوە دەردەخا کە هەر هەوڵێك بۆ چارەسەر کردنی پرسی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئامرازی سیاسییەوە دواجار حکومەتی ترس و تۆقانی لێکەوتۆتەوە و دیارە ترس و تۆقاندنیش هەموو شۆڕشەکانی بەرەو نەمان بردووە.» بە باوەڕی ناوبراو حیزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانیش گیرۆدەی تێبینییەکانی زەروورەتی سروشتی و هزری دیتێرمینیستی و سروشتی بوونی پرۆسەی مێژوو و کۆمەڵگا بوون. لە بەرانبەر دا ئەنجوومەنە کرێکارییەکان، کە نوێنگەی کردەوەی خۆڕسك و پانتایی گشتی و ئازادی بوونە، لە هەموو شۆڕشەکاندا، هەر لە شۆڕشی فەرەنساوە بگرە تا شۆڕشی ڕووسیا، سەرکوت کراون. ئەنجوومەنە گەلییەکان یەکێکن لە پێداویستییەکانی مانەوەی پانتایی گشتی لە سیاسەتدا و ئەرکی سەرەکی ئەو ئەنجوومەنانە دەبێ ئەرکی سیاسی بێ نەك ئەرکی ئیداریو ئابووری. ئارێنت بێگومان سیستەمی ئەنجوومەنی پێ لە سیستەمی حیزبی باشترە؛ بەڵام بە گوتەی خۆی «تەنانەت ئەو مێژوونوسانەی بە ئاشکرا لایەنگری شۆڕش بوونە... نەیانتوانیوە لەوە تێبگەن کە سیستەمی ئەنجوومەنی بریتییە لە شێوازێکی نوێی حکومەت و فەزایەکی گشتی نوێ بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئازادی دەکاتەوە.»

بە گشتی شۆڕشە مۆدێرنەکان ئاراستەی ئۆگری و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤیان لە پانتای کردەوەی سیاسییەوە گواستۆتەوە بۆ پانتای کۆمەڵایەتی و ئابووری؛ و لەو ڕووەوە مەبەستە سەرەکییەکەیان ڕەت کراوەتەوە. لەبری ئەوە، بوونە مایەی سەرهەڵدانی دیکتاتۆڕی گەلێکی ترسناك.

**کۆبەندی:**

ئارێنت تێگەیشتنێکی تایبەتی لە سیاسەت هەیە. سیاسەت لە ڕوانگەی ناوبراوەوە شتێکی وەك فەزا وایە: هەر کردەوە یان هزرێکی سیاسی بە ئامادە بوونی خەڵکانی تر و لە فەزای گشتیدا پێك دێ؛ و لەو ڕووەوە سیاسەت دیاردەیەکە کە جۆراوجۆری و فرەیی لەخۆ دەگرێ. کردەوە و هزری سیاسی سەوداسەری ناسینی گشتین. سیاسەتوان ناتوانێ لە تەنیایی و تەریکەییدا بڕیار بدا و وەك فەیلەسووف لە ماڵی داخراوی خۆیدا بە حەقیقەت بگا. نێوبژیوانی سیاسی ئەو نێوبژیوانییەیە کە هەڵوێست و ڕوانگەی خەڵکانی تریش لەبەر چاو دەگرێ؛ و لەو ڕووەوە تەواو جیاوازە لەو بیر و بۆچوونە فەلسەفی و زانستییانەی کە بە شێوەیەکی تاك زەینی بەدوای دۆزینەوەی ڕاستییەکاندا دەچن. دوائامانجی هزر و کردەوەی سیاسی دۆزینەوەی حەقیقەت نییە بەڵکو ئازادییە. گەڕان بەدوای حەقیقەتدا وەك دوابایەخ بە ناچار لەگەڵ ئازادی مرۆڤ دا ناگونجێ. حەقیقەت توندوتیژ و باڵادەستخوازە، خوازیاری هاودەنگییە و *هەڵە و تاوان* قبووڵ ناکا؛ بەڵام ئازادی هەڵە و خەتاش لەخۆ دەگرێ. بزووتنەوەی زانستی ڕۆشنگەری هەر لە دەسپێکەوە بزووتنەوەیەکی دەسەڵاتویستانە بووە. هزری حەقیقەت مەترسییەکە بۆ سەر ئازادی لە پانتای ژیانی سیاسیدا؛ و مەرجی ئازادی، واتا جۆراوجۆری و فرەیی، لەناو دەبا. زانست لە سەردەمی ئێمەدا بۆتە جێگری ئایینو لە کوشتارگەی بانگەشەی حەقیقەتی ڕەهای زانستدا مرۆڤایەتی و پێوەندییە مرۆییەکان دەبنە قوربانی. بەو شێوەیە زانست و ئایدۆلۆژیا و ئایین یەك ڕۆڵ و دەوریان هەیە. زانست دەبێتە لەمپەری بەردەم جۆراوجۆری بیر و ڕاکان. ئەگەر بانگەشەی حەقیقەتی ڕەهای زانست بە تەواوی ئیسبات بکرێ (کە بە خۆشییەوە تا ئێستا نەکراوە)؛ دەرگای وتووێژ و دیالۆگ، کە نوێنگەی ژیانی مرۆییە، دادەخرێ. ئازادی تا ئەو کاتە هەیە کە حەقیقەتێك ئیسبات نەکراوە. پڕۆسەی گەڕان بەدوای حەقیقەت لە پانتای فەلسەفە و زانستدا بەردەوام پڕۆسەیەکی ناگشتی و جیا لە ژیانی کۆمەڵایەتی بووە. لەو ڕووەوە زانست و فەلسەفە هیچ پێوەندییەکان بە سیاسەت وەك پانتایی سەرەکی جۆراوجۆری و فرەییەوە نییە. «عەقڵی مرۆڤیش هەر وەك خودی مرۆڤ، کاتێ تەنیا بێ شەرمنە و هەرچەندە پێوەندی بە خەڵکانی زۆرترەوە هەبێ بەهەمان ڕادە پتەوتر و جێ متمانەترە.»

ئەوەی بەگشتی پێوەندییەکی قووڵ و نزیکی لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هەیە نە حەقیقەتە زانستی و فەلسەفی و ئایینییەکانە، *نە حەقیقەتە عەقڵانییەکان*، بەڵکو *حەقیقەتە واقعی* و تاکوتەرا و مێژوویەکانن کە لە بیر و بۆچوونی تاکەکاندا دەردەکەون. ئارێنت بە پێچەوانەی فەیلەسووفەکان لە بەرانبەر حەقیقەتدا ئیعتبارێکی سەرەکی و بنەڕەتی دەداتە ڕاوبۆچوون. «پارامینێدس(Parmenides) و ئەفلاتون گورزێکی کاریگەریان لە ناوبانگ و ئیعتباری *بیروباوەڕ* داوە بە چەشنێك کە لەو سەردەمەوە تا ئێستا *بیروباوەڕ* وەك دژە *حەقیقەت* سەیر کراوە.» بەڵام حەقیقەت لە هەر جۆرێکی لە ڕووی سروشتەوە ئیلزامهێنەر و باڵادەستخواز و خوازیاری پەیڕەوییە و هەر بەو هۆیە دژی مانای ڕاستەقینەی سیاسەتە، واتە سیاسەت بە مانای کردەوەی بەکۆمەڵ لە پانتای گشتیدا. هەوڵی زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان بۆ دۆزینەوەی یاسا گشتییەکان لە پرۆسەکانی ژیانی سیاسیدا جەوهەری ژیانی سیاسی لەبەر چاو ناگرن کە پێشبینی نەکران و ڕووداوە تاك و تەرا و هەوڵکەوتەکان لەخۆ دەگرێ. هەر زانستێك کە بخوازێ ژیانی سیاسی لە ڕێگەی چینە کۆمەڵایەتییەکان، قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئابووری، دارشتە و ڕۆڵ و دەورەکانی کۆمەڵگاوە شی بکاتەوە لە سروشتی بێ سەرەوبەرە و بێ هاوتای ڕووداوە سیاسییەکان بێ خەبەر دەمێنێتەوە. بەگشتی ژیانی مرۆڤ جۆراوجۆر، ئاڵۆز و پێشبینی نەکراوە؛ و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە تێگەیشتنیدا دەمێننەوە. چوارچێوە ساکارە زانستییەکان توانای دەربڕینی ئاڵۆزییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بوونەوەرێکی بێ هاوتایە کە دەتوانێ دەست بکا بە داهێنان و کاری بێ وێنە. هەر لە دایك بوونێك مەجالێکی نوێیە: «لەگەڵ لە دایك بوونی هەر مرۆڤێك دەسپێك و جیهانێکی نوێ لە دایك دەبێ.[1]» و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئیمڕۆ کە جەخت دەکەنە سەر سیستەم و بونیاد و ڕۆڵ، ناتوانن ئەو هەموو بابەتە ڕوون کەنەوە؛ بەتایبەت سیاسەت کە سروشتێکی کردەیی، ڕێکەوتی و پێشبینی نەکراو و بگۆڕی هەیە.

---

١. توتالیتاریسم، ل ٣١٩.

**(٨)**

## لیبراڵیزم و ئایدۆلۆژیا و مەعریفەی زانستی کۆبەندی

*ئەو بیرمەندەی بە زانستی خۆی مەغرور بێت، لەو زیندانییە دەچێ کە بە پان و پۆڕی زیندانەکەی خۆی دەنازێ.*

سیمۆن وەیل

وەك کۆبەندی هزری سیاسیی لیبراڵی سەدەی بیستەم کە لە ڕاستیدا ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ئەو هزرانەیە دەکرێ بڵێین بیرمەندانی لیبراڵیش لە قەتعییەت و باوەڕێکی پتەو و تۆکمە دەگەڕان. لەم ڕووەوە، بنەما و بنچینەی کارەکەیان کارێکی ئایدۆلۆژیانەیە و ئەوەش لەگەڵ سروشتی سەرەکی لیبراڵیزم بە مانای ئازادیگەرایی لە ناکۆکی دایە. بە سەرنجدان بەم بابەتە کە لیبراڵیزم زیاتر لە هەر *ئایدۆلۆژیایەکی تر* بانگەشەی زانستگەرای، ئەزمونگەرایی، عەقلانییەت و گەڕانەوە بۆ *سروشت* دەکا مانای ئەو گوتەیەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە؛ لەو ڕووەوە لەناو ئایدۆلۆژیاکاندا لیبراڵیزم بە ڕواڵەت لە هەمووان زیاتر لە ئایدۆلۆژیا دوورە. بەڵام لیبراڵیزم لە ڕێگەی بانگەشەی بوونی پێوەندی سەرەکی لە نێوان ئامانجەکانی خۆی و زەروورەتە مێژوویی و زانستییەکانەوە ڕێگر بووە لە بەردەم بینینی حەزە ئایدۆلۆژییەکانی خۆی. یەکێك لە دەرئەنجامە سیاسییەکانی ئەو ڕەخنەیە ئەوە دەبێ کە لیبراڵیزم وەك هزری سیاسی هەرچەندە لە پانتای کردەوەدا لایەنگری حاوانەوە و پلۆرالیزم بووە، بەڵام لە پانتای تیۆری سیاسی و حکومەتی ئایدیالدا ئەو بابەتە قبوڵ ناکا کە حکومەتە جۆراوجۆرەکان ڕەنگە هەر کام بە شێوەیەك بتوانن هۆی ڕەزامەندی و خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان دەستەبەر بکەن. لە ڕوانگەی لیبراڵیزمەوە، کۆمەڵگا و سیستەمی لیبراڵ تەنیا یەکێك لە ڕستەکانی گونجاو نین،

بەڵکو ڕستەی دروستە. بەو شێوەیە لیبراڵیزمی سیاسی پشتی بە *لیبراڵیزمی مەعریفەییەوە* نەبەستووە. یەکێکی تر لە خاڵە سەرەکییەکانی باس و بابەتەکەی ئێمە ئەوەیە کە لیبراڵیزم لە ڕێگەی سروشتخوازی خۆیەوە، واتا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ *سروشتی نامێژوویی مرۆڤ* کە لە ڕاستیدا هەمان تێگەیشتنێکی مێژووییە لە سروشتی مرۆڤ؛ پێناسەیەکی بەشتبووی لە بەرهەمی مێژوویی سروشتی مرۆڤ بەدەستەوە دەدا و هەر وەك ئایدۆلۆژیاکانی تر، شوناسە تاکەکەسی و بەکۆ مێژووییەکان لە ڕێگەی چەمکەکانی وەك بونیادەی مرۆڤەوە دەگشتێنێ و لەسەر بنەمای ئەو گشتاندنەوە نێوبژیوانی دەکا دەربارەی بایەخی شوناسە (تاکەکەسی و کۆییەکانی)تر. بە گشتی لیبراڵیزم لە سەدەی بیستەمدا لە دوو ڕێگەی سەرەکییەوە هەوڵی داوە سەروەری سیستەمە لیبراڵەکان بە سەر سیستەمەکانی تردا بسەلمێنێ و لە هەر دوو ڕێگەوە هەوڵ دەدات بالآبوونی هزری ئازادی بەسەر بایەخەکانی تردا دەرخا. بەڵام هەر کام لەوانە هەر وەك ئایدۆلۆژیا شوناسە مێژووییەکانی تاك و کۆمەڵگا بەرز دەکەنەوە بۆ ئاستی یاسا گشتییەکان و تایبەتمەندی مێژوویی مرۆڤ و کۆمەڵگای بەرباسی خۆیان لەبیر دەکەن.

### زانست و ئازادی:

هەر لە سەرەتاوە وەك دوو بابەتی زۆر لێك نزیك سەیری لیبراڵیزم و مەعریفەی زانستی دەکرا؛ هەر دوو پێکەوە هێرشیان کرد بووە سەر بیر و ڕا و بونیادە ناعەقلانییەکان. لەو ڕوانگەوە، جیهانی سروشت و کۆمەڵگا وەك دوو جیهانی ڕێسامەند سەیر دەکران کە لە ڕێگەی عەقڵەوە دەرك دەکران. بەپێی ئەو بۆچوونە هیچ بیر و باوەڕ و دەسەڵاتێك لە تاوتوێ کردنی عەقلانی و ڕەخنە بەدوور نەبوو. ئێستاش گریمانەی پێوەندییەکی زۆر نزیك لە نێوان زانست و ئازادیدا هەیە. زانست و ئازادی وەك دوو بابەتی وەك یەك و هاوڕەچەڵەك و هاوچارەنووس دێنە ژمار. ئێستاش لیبراڵیزمی هاوچەرخ بۆ پتەو کردنی بانگەشە ئایدۆلۆژیکەکانی خۆی هانا دەباتە بەر عەقلانییەتی زانستی. بێگومان مەبەست ئەوە نییە کە لیبراڵیزم تەنیا پشت بە پاساوە زانستییەکان دەبەستێ و کەڵك لە پاساوە نازانستییەکان وەرناگرێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە گەشەکردنی لیبراڵیزم و مەعریفەی زانستی وەك دوو بابەتی گرێدراوی یەکتر سەیر دەکرێن. بۆچوونێکی سەرەکی لە پشتەوەی ئەو پێوەندییەدا خۆی حەشار داوە ئەویش ئەوەیە کە هەموو بیر و بۆچوون و دەسەڵات و کردەوە و بڕیارەکانی ئێمە دەبێ پەیڕەوی لە عەقڵ وەك

گەورەترین سەرمایەی مرۆڤ بکەن. ڕەنگـە دەسـەڵاتی عـەقڵ لـە بـێ لایـەنی عەقڵدا بـێ. عەقلانییەت بە ڕواڵەت هەندێ بونیادە پێك دێنێ کە ڕێگرن لـە بـەردەم بەسـتراوەیی عـەقڵی سەربەخۆ بە هەر چەشنە بابەتێکی لایەنگرانەوە. لە ئاکامدا لـە زانسـتدا داهێنـان و نوێـژەن کردنەوە و لە سیاسەتدا باس و بابەتی گشـتی ئـازاد، کـە دیاریکـەری داوڕۆژێکـی نادیـارن، هانـدەدرێن. لـە سـەردەمی مۆدێرنـدا سـەروەری عـەقڵ ویسـت و خواسـتێکی زانسـتی و کۆمەڵایەتی و پاڵنەری سەرەکی هەموو بیرمەندانی لیبڕاڵ بووە. بیرمەندانی لیبڕاڵ، لـە جـۆن لۆکەوە تا پۆپەر، بە شێوازی جۆاوجۆر جەختیان لەسەر جیا نەبوونی زانسـت و عەقلانییـەتی کۆمەڵایەتی لێکتر کردووە؛ بەو جیاوازییە کە هەندێکیان وەك جۆن دیوی لە ڕاست مەعریفەی زانستی تەواو گەشبین بوون. لەو ڕوانگەوە، زانست دەتوانێ سەرجەم گرفتەکان چارەسەر بکا و عەقلانییەتی زانستی هیچ سنوورێکی بۆ نییە و هیچ خاڵێکی تاریك لە ناسینی مرۆڤ دا بەدی ناکرێ. بە واتایەکی تر، زانست بۆ تێگەیشتنی خۆی هیچ پێویستی بـە فەلسـەفە نییـە. لـە بەرانبەر دا، هەندێکی تری وەك پۆپەر پرژاونەتە سەر *فەلسەفەی زانست*، واتە لـەو بـاوەڕەدان کە ستاتۆی زانست خۆی پێویستی بە شیکاری فەلسەفی هەیە. بە واتایەکی تر، زانست ناتوانێ خۆیی شی بکاتەوە و کاتێ پۆپەر وەك گەورەترین موعجیزە باس لە گەشـەکردنی مەعریفـەی زانستی دەکا، مەبەستی ئەوەیە کە زانست سروشتێکی شیمانەیی هەیە و لەو ڕووەوە پێویستی بـە شـیکردنەوە هەیـە. بەهـەرحاڵ بەشـێکی زۆری فەیلەسـووفە لیبڕاڵـەکان پێویسـتی یـان زەروورەتی سیستەمی لیبڕاڵیان لە پێویستی گەشەکردنی زانست گرێ داوە. بەو پێیـە چـونکە مەعریفەی زانستی مرۆڤ بەرتەسكو سنووردارە و تەنیا لە ئازادیدا هەلی بەرفراوان بوونـەوەی دەرەخسێ، کەواتـە دەبـێ حکومـەت و کۆمەڵگایـەك هەڵبـژێرین کـە ئـازادی وەك مـەرجی گەشەکردنی زانست بەرقەرار بێ.

لە لیبراڵیزمدا بۆچوونی جۆاروجۆر هەیـە دەربـارەی پێوەنـدی نێـوان زانسـت و ئـازادی و پێشینەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جۆن ستیوارت میل. گرنگترین لێکدانەوە لەو بارەوە لە سـەدەی بیستەمدا لە تیۆری پۆپەردا دەرکەوت، پۆپەر باوەڕی وایە کە گەشەکردنی زانسـت بەرهـەمی ئازادییە. پۆپەر لە داکۆکی کردن لە لیبراڵیزمدا پشت بە هێـزی مـۆدێلی زانسـت دەبەسـتێ: لۆژیکی لیبراڵیزم و زانست هەر یەك شتە. هەروەها، بنەمای ئەخلاقی زانست و لیبراڵیـزمیش هەر یەك شتە؛ و رووحی زانستی بۆ بەردەوامی لیبراڵیزم بابەتێکی پێویستە، هـەر وەك چـۆن

لیبرالیزم یەکێکە لە پێداویستییەکانی گەشەکردنی زانستی: «دیموکراسییەکانی زەریای ئەتڵەسی بە بێ زانست ناتوانن بژین... حەقیقەت بنچینەییترین بەها و بایەخی ئەو دیموکراسیانەیە... بێتو ڕێگە بدەین عەقلانییەتەکەیان لاواز بێ، ئەوسا ئەو دیموکراسیانە دەمرن.[1]» زانست و لیبرالیزم هەر دوو ئامرازی ڕزگاربوونی ئێمەن لە دەست دۆگمبوون و دەسەڵات؛ هەر وەك چۆن گریمانە زانستییەکان ڕەت دەکرێنەوە سیاسەتەکانی کۆمەڵگای لیبرالیش دەکەونە بەر ڕەخنە. زانست و لیبرالیزم هەر دوو لەخۆ گری لێبووردەیی و ڕێزلێنان لە بیروبۆچوونی خەڵکانی ترن. لە ڕێگەی سڕینەوەی هەڵە و تاوانەوە دەکرێ هەم بە حەقیقەت بگەین و هەم بە کۆمەڵگای دڵخواز. بە پێچەوانە، مەعریفەناسی دەسەڵاتخواز و سیاسەتی دەسەڵاتخواز پێوەندییەکی قووڵیان پێکەوە هەیەو هەر دوو هی سەردەمانی بەر لە زانستن. لیبرالیزم و زانست هیچ کام باوەڕیان بە بوونی دەسەڵاتی ناوەندی نییە و تەنیا گریمانە و پلانی هاوڕێ دەناسن. هاوتای گەشەکردنی هێدی و هێوری زانست (لە ڕێگەی سڕینەوەی هەڵە) لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەندازیاری هێدی و هێورە. ئەندازیاری هێدی و هێور «بە مانای بردنی میتۆدی زانستە بۆ ناو جیهانی سیاسەت.» هەروەها، دروشمی زانست و لیبرالیزم لەو بوارەشدا وەك یەکە: زانست دەڵێ هەڵە بسڕنەوە و لیبرالیزم دەڵێ دەرد و ئازار لەناو ببەن (نەك ئەوەیکە وەدوای خۆشی و ڕزگاری بکەون). هەم لە زانست و هەم لە لیبرالیزمدا نزیکتر بوونەوە لە حەقیقەت پێویستی بە سڕینەوەی هەڵە هەیە نەك سڕینەوەی نەیاران و دژبەران.

سەرەڕای پێشوازی کردنی پۆپەر لە نەبوونی قەتعییەت لە زانستدا؛ ناوبراو باوەڕی وایە کە لە ژیانی گشتیدا «هەندێ شت و ڕووداو هەن کە دەبێ هەر بەو شێوەیە بن کە هەن و ناگونجێ بە شێوەیەکی تر بن» بەو پێیە دواجار دەکرێ بڵێین مەعریفەناسی و سیاسەتی پۆپەر وەك یەك ناچن. زانست دەتوانێ بە دەسەڵات بجوڵێتەوە، چونکە هەرەسهێنانی تیۆریەکی دەسەڵاتئاوی بە مانای پێشکەوتنی ئێمەیە بەرەو تیۆریەکی باشتر. ئێمە وەك زانایەك دەتوانین هەردەم پرسیارکەر و دوودڵ بین، چونکە لە ڕێگەی پرسیاری سەرەکییەوە هەڵەکان لەناو دەچن؛ بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی پرسیارگەلێکی ئەوتۆ، واتا لە ڕێگەی خستنە ڕووی هزری

1. Karl Raymond Popper, Realism and the Aim of Science (vol. I):Postscript to the logic of scientific Discovery, eds. W. Bartley, New Jersey, Rownan & Little Field, 1983, p. 260.

شۆڕشگێڕانەوە، ڕەنگە خۆمان تێدا بچین. کەواتە ژیانی سیاسی و گشتی پێویستی بە ڕێژەیەك دیسیپلین و تەناهی هەیە کە لەگەڵ ڕوحی شۆڕشگێڕانەی زانستدا ناگونجێ. بنەمای فکری سیاسەت بە ناچار دەسەڵاتئاوی و نەریتییە. بە بۆچوونی پۆپەر ناسینی حەقیقەت زۆر دژوارە، بەڵام ناتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر ناسینی ئێمە بۆ چارەسەر کردنی هێدیو هێوری پرس و بابەتەکان. کەواتە نەبوونی قەتعییەت ناتوانێ بچێتە ناو داڕشتەی سیاسی لیبرالیزم، بەڵکو بەو شێوەیە هەڵەی بیروڕا لە ڕێگەی قەتعییەت لە میتۆددا قەرەبوو دەکرێتەوە. لە ئەنجامدا چوارچێوە و میتۆدی بڕیاردان لە سیستەمی لیبراڵدا چوارچێوەیەکی دەسەڵاتئاوی و داخراوە. پۆپەر دەڵێ: «کۆمەڵگای لیبراڵ باشترین کۆمەڵگایە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە»؛ و ئەوەش وەهم نییە، بەڵکو *حەقیقەتێکی بابەتییە*.

سەرەڕای ناکۆکییەکی ئەوتۆ کە تایبەتمەندی متمانەبەخشی ئایدۆلۆژیا لەقاو دەدەن، لە ڕوانگەی جۆاوجۆرەوە سەیری پێوەندی نێوان زانست و ئازادی کراوە. کەسانی وەك کوهن (Thomas S. Kuhn) و پۆل فەیەرابەند (Paul Feyerabend) ئەو بابەتەیان ڕوون کردۆتەوە کە گەشەکردنی زانستی زۆربەی کات بە ئەندازەی ڕەخنە پێویستی بە دۆگماتیزم هەبووە لە کۆمەڵگای زانستیدا. کەواتە بە پێچەوانەی بۆچوونی پۆپەر، ناسینی زانستی بە ناچار لە فەزایێکی ململانێی فکری ئازاددا گەشە ناستێنێ. فەیەرابەند لە بەرانبەر بۆچوونەکانی پۆپەردا بەڵگە دێنێتەوە کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان ئەگەر بیرمەندان ڕوو بکەنە میتۆدە ڕەخنەییەکەی پۆپەر، گەشەکردنی زانستی دەوەستێ[1]. کەواتە کۆمەڵگای لیبراڵیش بە ناچار کۆمەڵگایەکی هەموار و لەبار نییە بۆ گەشەکردنی ناسین و زانست. هەروەها لە ڕێگەی دابەزینی نەزانی مرۆڤ و بەرزبوونەوەی زانستی مرۆڤ ئازادی بەرەو لاوازی دەچێ؛ هەر وەك ئاماژەی پێدرا، بۆ نمونە ئارێنت باوەڕی وابوو کە ئازادی تا ئەو کاتە هەیە کە حەقیقەت نەدۆزرابێتەوە. بەرزبوونەوەی ئاستی ناسینمان لە ژیانی باشتر دەبێتە مایەی دابەزینی حاوانەوەمان لەگەڵ شێوازەکانی تری ژیان؛ و ئەوەش دەرئەنجامی ئەو لیبراڵیزمەیە کە بەهای ئازادی لە هەموار کردنی ڕێگە و ڕێبازی زانست دەبەستێتەوە.

---

1. Paul Feyerabend, Against Method, London, New Left Books, 1975, chapter 9.
پاول فایرابند، بر چد روش، ترجمەی مهدی قوام لفری، ( تهران، فکر روز، ١٣٧٥ ).

داکۆکییەکی وردتر لە سیستەمی لیبڕاڵی لە ڕێگەی پێوەندی سیستەمی لیبڕاڵ لەگەڵ زانستەوە لە بۆچوونەکانی هایکدا بەدی دەکرێ. هەر وەك ئاماژەی پێدرا، گریمانەی سەرەکی هایك ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری ناسین و زانستی ئێمە بە کردەوەیە و ناچێتە خانەی تیۆرەوە. ئەو ناسینە ناوەڕۆکی نەریتەکانە؛ و لە ڕووی تیۆرەوە بەشی هەرە زۆریان نە دەرك دەکرێن و نە دەردەبڕێن. لێرەدا گەشەی زانستی دەبێتە مایەی لاوازبوونی ئازادی تاکەکەس. بەپێی بۆچوونی هایك، لە سیستەمی ئازاددا ململانێیەك لە نێوان نەریتەکاندا سەرهەڵدەدا و لە ئاکامدا ئەونەریتە سەردەکەوێ کە هەڵگری زۆرترین زانستی بەکردەوە بێ. بەواتایەکی تر، لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا جۆرە ڕەوتێکی پاکتاوکردن لە ئارادایە کە تێیدا بیر و بۆچوونە چەوتەکان دەسڕێنەوە؛ هەر وەك ئەو دەستە شاراوەی لە بازاڕی ئازاددا هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی بەرچاوی گرووپەکان لە پانتایەکە دەردەکەون ئەویش بەهۆی چەوتی بیر و ڕاکانیان نییە، بەڵکو هۆیەکەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بە ئاراستەی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا ناچێ. لێرەشدا خوازراویی سیستەمی لیبڕاڵ پشت بەو گریمانە گوماناوییەوە دەبەستێ کە ئەوەی مەتلووبە بەناچار وەدی دێ و باشترین ڕێگەی وەدیهاتنی ئەوەیە کە ڕێگە بە دەزگای زانستپەروەر بدەین درێژە بە کاری خۆی بدا، کە لە بەستێنی نەزانی ئێمەدا ئیش دەکا.

بە گشتی بۆچوونی داکۆکی لە ئازادی بەپێی پێوەندی نێوان ئازادی و زانست لەو باوەڕە دایە کە گەشەکردنی مەعریفە و حەقیقەت گرنگترین ئۆگرییەکانی مرۆڤن و ئازادی ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەم حەزانە. کەواتە «حەقیقەت لە ئازادی باشترە» ناوەڕۆکی ئەو بۆچوونەیە؛ بەڵام بەگشتی چاوپۆشی لەو خاڵە دەکرێ کە گەشەکردنی زانست و مەعریفە تەنیا یەکێکە لە ئۆگرییەکانی مرۆڤ. هەروەها ڕەنگە ئۆگرییەکانی مرۆڤ پێکەوە ناکۆك بن. سەیرکردنی زانست و ئازادی وەك دوو بابەتی هاوئاراستە دەرخەری سروشتی ئایدۆلۆژیکی لیبرالێزمن.

بابەتێکی تر ئەوەیە کە بەو ڕەخنانەی ئێستا لە عەقلانییەتی زانستی دەگیرێ و سنووری باس و بابەتەکانی پۆپەر دەبەزێنن، ئەگەر لیبرالێزم پشت بە عەقلانییەتی زانستی ببەستێ ـ ئەوسا ڕوون نییە پاش هەرەسهێنانی زانست و عەقڵ چ شتێکیان لێ بە جێ دەمێنێ.

## ئازادی و هەڵبژاردنی عەقلانی:

بۆچوونی دووەم وەك داكۆكیكەری كۆمەڵگای لیبراڵ لە سەدەی بیستەمدا باوەڕی وایە كە كۆمەڵگایەكی ئەوتۆ بەرهەمی هەڵبژاردنی عەقلانییە و پێشینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ گرێبەستی كۆمەڵایەتی. هەر وەك ئاماژەی پێدرا، جۆن راوڵز، وەك یەكێك لە گرنگترین فەیلەسووفە سیاسییەكانی سەدەی بیستەم، خەریكی وەسف كردنی نەریتی لیبرالیزم بووە و بۆ ئەو مەبەستە گەڕاوەتەوە بۆ تیۆری گرێبەستی كۆمەڵایەتی[١]. ناوبراو باوەڕی وایە كە كۆمەڵگای لیبراڵ بەرهەمی عەقلانییەتی ڕاوێژكارییە، لە كۆمەڵگای لیبراڵدا ئازادی تاكەكەسی دەكەوێتە پێشەوەی ئامانجە سیاسییەكانی تر. كەواتە سەرەتا دەبێ ئەو پرسیارە بخەینە ڕوو كە چ شتێك وادەكا گرێبەست پێكهێنەری بەرعۆدە بێ و لە ئاكامدا ببێتە مۆدێلی دادپەروەری. بەڵگە نەویستی هەر گرێبەستێك بەستراوەی ئەو بارودۆخەیە كە ئەو گرێبەستەی تێدا دەبەسترێ؛ بۆ وێنە گرێبەستێك كە لە بارودۆخی نائاسایی و نەزانیدا دەبەسترێ ئیعتیباری نییە. كەواتە گرێبەست بە تەنیا و بە بێ هۆكارە پشتڕاستكەرەوەكانی ناتوانێ پاساوی هیچ شتێك بێ. لەم ڕووەوە هەموو تیۆریسیەنانی گرێبەست، وێنادنێك لە سروشت یان ئۆگرییەكانی تاك بەدەستەوە دەدەن وەك بنەمای گرێبەست؛ بەلام ئەو وێناندنە زۆربەی كات ئەبستراكتە، چونكە لەناو تایبەتمەندییە بێ ژمارە تاكەكەسییەكان هەندێ كیان وەك تایبەتمەندییە شوناس بەخشەكان هەڵدەبژێرێ. هەروەها ئەوجۆرە وێناندنانە، وێناندنی نۆڕماتیڤن. كەواتا بەگشتی تیۆركانی گرێبەست هەندێ لە تایبەتمەندی و ئۆگرییەكانی مرۆڤیان پێ لە تایبەتمەندی و ئۆگرییەكانی تر باشترە؛ بۆ نموونە راولز عیزەتی نەفس بەناچار لە ئازادی دەبەستێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر وێناندنی مرۆڤ و شوناسەكەی ئەبستراكت و نۆڕماتیڤ نەبن، گشتایەتی و دەسەلاتی ڕوونكەرەوەی گرێبەست لە هەموو تیۆركانی لیبرالیزمی گرێبەست لەناو دەچێ. بەو

---

١. لەو نەریتە گشتییەدا سێ نووسەری تریش شیاوی ئەوەن ناویان بێ، هەرچەندە لە بیر و بۆچووندا جیاوازییەكی بەرچاویان هەیە، نووسراوە سەرەكییەكانیان ئەوانەی خوارەوەن:

R. Nozick, Anarchy, State, Utopia, Basil Black Well, 1974.

J.Buchanan, Limits of Liberty: Between Anarchy and Leviathan, Chicago U. P.1975.

D.Gauthier, Morals by Agreement, Oxford U.P. 1985.

شێوەیە سەرهەڵدانی مرۆڤ لە چوارچێوەی تاکێکی عاقڵ یان تاکێکی ئابووریدا ، کە بەرهەمێکی مێژووییە، دەبێتە بنەمای تیۆرداڕێژی یونیڤێرساڵ.

هەر وەك ئاماژەی پێدرا، مرۆڤ لە مێژوودا بە شێوازی جۆاوجۆر دەرکەوتووە: هەندێ جار وەك بوونەوەرێکی تینووی ڕزگاری، بڕێ جار وەك تاکی خۆبیرکەرەوە؛ سەردەمانێك وەك بوونەوەرێکی چینایەتی و جارجاریش وەك بوونەوەرێکی رەفاهخواز. کەواتە مرۆڤ لە هەر سەردەمێکدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شوناسێکی نوێ وەدەست دێنێ و سەر لەنوێ دروست دەکرێتەوە. کەواتە چۆن دەبێ وەك بوونەوەرێکی نەگۆڕ و نامێژوویی باس لە مرۆڤ بکەین؟ بێگومان ئەگەر جۆراوجۆری شوناسی مێژوویی مرۆڤ لەبەر چاو بگیرێ، ئەوسا نە ڕێککەوتنێك لەسەر پڕەنسیپەکان دەبێ و نە هیچ گرێبەستێکیش دەبەسترێ. لە پشت پەردەی نەزانی راولزەوە مرۆڤ ئیتر ئەو مرۆڤ مێژووییە نییە، بەڵکو دەستکردێکە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای لیبراڵ. لە ئاکامدا هەڵێنجانی پڕەنسیپەکانی ئازادی و دادپەروەری دەبێتە بەڵگەهێنانەوەیەکی بازنەیی؛ چونکە تەنیا پێوەندی بە مرۆڤە دەستکردەکانی تیۆری لیبرالیزمەوە هەیە نەك بە شوناسە جۆراوجۆرە مرۆییەکان. مرۆڤی ئەبستراکت و دەستکرد کە لە ڕێگەی پەردەی نەزانییەوە زانست و ناسینی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی لێ ستێندراوەتەوە و هەندێ پڕەنسیپی ئەخلاقی هەڵدەبژێرێ لە لای مرۆڤە ڕاستەقینەکاندا هیچ ئیعتیبارێکی نییە. مرۆڤی ڕاستەقینە ڕەنگە بە هۆی هەندێ هۆکار نەچێتە پشت پەردەی نەزانییەوە و لە بنەمادا ئایدیالی بێلایەنی ڕەت کاتەوە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئایا ڕاوێژ کردن لە بەستنی گرێبەستی پشت پەردەی نەزانییەوە لە بنەمادا کارێکی گونجاوە؟ لە ڕووبەندی نەزانی راولز بە تاکە گریمانەکانییەوە، ئایا لە ڕووی لۆژیکیەوە کۆدەنگی کارێکی گونجاوە؟ بەپێی بۆچوونی ناوبراو بەڵگەهێنانەوە دەربارەی پڕەنسیپەکان تەنیا ئەو کاتە دەگونجێ کە وربەکارییەکان لەبیرکرابن_ ئەو وربەکارییانەی پێوەندیان بە ژیان و دۆخی بابەتی بەڵگەهێنەرەوە هەیە. بەو شێوەیە تیۆری گرێبەستی لیبراڵی بۆ جارێکی تر ئەو پڕەنسیپە ئەبستراکتانە بەسەر وربەکارییەکانی ژیاندا حاکم دەکا کە هەڵقولاوی وربەکارییەکانی ژیان نین. پەردەی نەزانی راولز بە هۆی دابین کردنی بێلایەنی دانراوە. بەڵام دەبێتە مایەی ڕەت کردنەوەی هەر چەشنە ناسینێکی ڕاستەقینە کە لە مێژووی ژیان و تایبەتمەندییە ڕاستەقینەکانی خۆیان هەیانە لە لایەن لایەنەکانی گرێبەستەوە و لەبری

ئەو سوژەیەکی ئەبستراکت جێگیر دەکەن؛ ئــەوەش خــۆی پێشــاوپێش ســەروەری دەبەخشــێتە ژیــانی لیبراڵی. لە لایەکی ترەوە، ئەو پرەنسیپانەی لە دەقی بەڵگــەهێنانــەوەی گرێبەســتیەوە هەڵدەبژێردرێن لەو شــێوە تایبەتانــەی ژیــان و دیسکۆرســێکەوە وەرگــیراون کــە تایبەتــە بــە کلتورێکی  مێژوویی. ئەو گرێبەستانەی لە ڕووی هۆشیارییەوە هەڵیان دەبــژێرین پێشــاوپێش لەخۆ گری هەندێ تێگەیشتنی پێشوەخت و پێشداوەری هاوبەشن و هەروەها لــەخۆ گــری ئــەو زمانەن کە ئێمە بەکاری دێنین. لەو ڕووەوە گرێبەست لەبری ئەوە بنەما و بناخــەی کۆمــەڵگا یان دەوڵەت بێ، پێشاوپێش بەشێکە لە کردارە کۆمەڵایەتییەکانی باو.

ڕاولز لەو باوەڕە دایە کە مافە بنچــینەییەکان مافگــەلێکی نــەگۆڕن، بــەڵام خــۆی دەڵــێ نــاوەڕۆکی دادپــەروەری وەك ئینســاف، دەرهاویشــتە و بەرئــەنجامی نەریتــە کلتــوری و حقووقییەکانی ڕۆژئاوا. کەواتە بە سەرنجدان بە بگۆڕی نەریتەکان، نابێ ناوەڕۆکی ئەو مافانــە زۆر نەگۆڕ بێ. لە ئەنجامدا دەکرێ بڵێین ڕەنگە مافە بنچینەییەکانی تاکەکان تووشی ئــاڵوگۆڕ بێن. کەواتە بە سەرنجدان بە سروشتی مێژوویی مافەکان، هیچ پەناو پاڵپشتێکی بەردەوام بــۆ دیاری کردنی مافە بنچینەییەکان لەبەر چاو ناگیرێ. هەروەها تەنانەت ئەگەر لە ســەر ڕیــزی مافە بنچینەییەکانیش ڕێککەوین، ڕێککەوتن لە سەر ناوەڕۆکی هــەر کــام لەوانــە نــەگونجاو دەبێ. لەو ڕووەوە ڕەنگە لە نێوان ئەو مافانەدا ناکۆکی بێتە ئاراوە، هەر وەك چۆن بۆ نموونە لە نێوان مافی وەدەستهێنانی زانیاری و مافی ژیانی تایبەتدا ناکۆکی دێتە ئاراوە.

ئەو باس و بابەتانە لەسەر یەك بەستراوەیی تیۆری لیبرالیزمــی گرێبەســتیمان بــە نــەریتی کلتوری بنچینەیی لیبرالیزم بۆ دەردەخەن. ڕاولــز، وەك زۆربــەی لیبراڵــەکان، لــە بەســتێنێکی عەقلانییەتدا بەڵگە دێنێتەوە کە عەقلانییەت بەرهــەمی شارســتانییەتی ڕۆژئاوایــە. ئەگــەر بەستراوەیی ئەو عەقلانییەتە بە دەقــی شارســتانییەتی ڕۆژئــاوا لەبــەر چــاو بگــرین، ئەوســا گشتایەتی ئەو تیۆریە خەوشدار دەبێ. لە ئەنجامدا تێکــەڵاوی و ئــاڵۆزی مێــژوو و سروشــتی لێدەکەوێتەوە. تیۆری دادپەروەری ڕاولز بانگەشەی سەروکلتوری بوون دەکا، ئــەوە لــە کاتێــك دایە کە پلانی ژیانی عەقلانی و نیازو پێداویســتییە ســەرەتاییەکانی نــاوبراو لــە کلتــوریکی تایبەتدا خاوەن واتان. لە ئاکامدا، ئاور لــە نــاکۆکی نێــوان تێگەیشــتنە جۆراوجۆرەکــان لــە ژیانێکی ئاسوودە نادرێتەوە. بەگشتی لیبراڵەکان وێناندنێکیان لە سروشتی نەگۆڕی مرۆ هەیە، لە کاتێکدا *خەسڵەتی مرۆیی* بەردەوام لــە لایــەن زنجیرەیــەك پێوەنــدی کۆمەڵایــەتی بگــۆڕ و

مێژووییەوە دیاری دەکرێ. بە بێ نکۆڵی کردن لەو ڕاستییە کە بایۆلۆژی مرۆڤ هەندێ شەرت و مەرج بەسەر شێوازە گونجاوەکانی ژیان و شوناسی مرۆڤدا دەسەپێنێ، دەبێ تەئکید لەسەر ئەو بابەتە بکەینەوە کە ناکرێ سروشت و شوناسێکی کۆمەڵایەتی نەگۆڕ بۆ مرۆڤ لەبەر چاو بگرین. کەواتا ئەگەر شێوازەکانی ژیان و شوناسی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەرهەمی کردارەکانی خۆی و شەرت و مەرجە بایۆلۆژییەکان و میراتی باو و باپیران بن_ئەوسا ناکرێ بڵێین هیچ وێنەیەك لە ژیانێکی ئاسوودە و تەژی لە خۆشی لە وێنەکانی تر لەسەرترە. هەر لیبراڵیزمێك باوەڕی بەو چەشنە پلۆرالیزمە لە سروشتی مرۆڤ و شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ نەبێ بێگومان لیبراڵیزمێکی ئایدۆلۆژیکە. هیچ وێنەیەك لە بارودۆخی گشتی ژیانی مرۆڤ بەدوور نییە لە ئەزموونی ژیان لە شێوازێکی تایبەت و دیاریکراودا. بەم شێوەیە لیبڕاڵەکان بەناوی گشتایەتییەوە روانگەیەکی ئەخلاقی و سیاسی تایبەت دەکەنە خاڵی دەسپێکی خۆیان. بێگومان هەمووی ئەو بابەتانە بەو مانایە نین کە شێوە ژیانی لیبڕاڵ ژیانێکی ناخۆشە یان شێوە ژیانێکی تر لەو باشترە یان هاوتای ئەوە، مەبەست تەنیا ئەوەیە کە ڕیشەی حەقیقەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ ویست و خواستەکانی ئێمە.

***

دەیڤید هیوم کە یەکێك لە بنیاتنەرانی لیبراڵیزم، دەڵێ: «ماهییەتی مرۆڤ لە هەموو کات و شوێنەکاندا وەك یەکە.» بەم شێوەیە لیبڕاڵەکان لە ڕێگەی هەندێ ویست و خواستی سەرەکی و یۆنیوێرساڵ، کە هەڵقولاوی *سروشتی* مرۆڤن و هیچ هێمایەکی شێوازەکانی ژیانی مێژوویان پێوە دیار نییە، لیبراڵیزم لە تێگەیشتنێکی مێژوویی تایبەت لە مرۆڤ گرێ دەدەن. لیبراڵیزم لەخۆ گری وێنەیەکە لە شوناسی مرۆڤ کە نامێژوویی، ئیستعلایی یان میتافیزیکییە. ناوەڕۆکی خۆشی و کامەرانی مرۆڤیش هەر لەو شوناسە وەردەگیرێ. هەر کەسە خاوەن خەسڵەتێکی بەهێز و شاراوەیە و بە کەماڵی مرۆڤیش لەگۆڕانی هێزە بۆ کردەوە. ئاسوودەیی هەر کەس لە وەدیهاتنی ئەو شتە دایە کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی سروشتی ئەو کەسە. سروشت سەرچاوەی هەموو بەها و بایەخەکانی ژیانی تاکە؛ و هەر کەسە لە بەرانبەر سروشتی خۆیدا ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ کە دەبێ بەپێی ئەو ئەرکە بجوولێتەوە. بەڵام سەد ساڵ بەر لە هیوم، پاسکاڵ لە ڕەخنەی وەها نوارینێکدا گوتبووی: «سروشتی مرۆڤ چ خەسڵەتێك لەخۆ دەگرێ !. مەرجی پێگەیشتنی لیبراڵیزم و ڕەوینەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی پێویستی بە

دەرباز کردنی ڕوانینی هیومی و گەیشتن بە ڕوانگەی پاسکاڵی هەیە. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ کە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن شوناسی مێژوویی شوناسی جۆراوجۆری هەبووە و شوناسەکەی بە تەواوی دیار و ڕوون نییە_ ئەوسا، لیبراڵیزم لە کۆتوبەندی زانست و حەقیقەت و سروشت ڕزگار دەبێ.»

بە پێی ئەو بۆچوونە، شوناسی ژیانی مێژوویی مرۆڤ لە لایەن سروشتەوە دیاری ناکرێ؛ و ئەو شوناسەش کە تا ئێستا تیۆر لیبراڵەکان بۆ مرۆڤیان لەبەر چاو گرتووە شوناسێکی مێژووییە. لە سەدەی بیستەم، لە سەردەمی کۆمەڵگای پیشەسازیدا، تایبەتمەندییەکانی وەك هەوڵ و تێکۆشان و چالاکی بوونە بەشێك لە شوناسی مرۆڤ و تەنیا هەندێ لە شوناس و فەزیلەتو بەها و بایەخەکان لە کۆمەڵگای لیبراڵدا وەدی دێن، کە ئەوانەش بەرهەمی مێژوویین. بەو شێوەیە لە ڕێگەی ڕزگار بوونی لیبراڵیزم لە کۆتوبەندی زانست و حەقیقەت و سروشت *پلانی لیبراڵیزم* بەرەو کۆتایی دەچێ.

## تەواوکردنی پرۆژەی لیبراڵیزم:

لیبراڵیزم هەر لە سەرەتاوە میراتگری ڕێنسانس و هیومانیزم و ئەزمونگەرایی و عەقلانییەت و بزووتنەوەی ڕیفۆرماسیۆنی ئایینی و هەروەها لەخۆ گری هەندێ ئایدیالی بنچینەیی وەك ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی، تاکگەرایی و یەکسانی بوو و بەو شێوەیە بە سەرنجدان بە دۆخی زاڵ، پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕانەی گشتگیر بوو کە بە ناچار ڕووبەڕووی هەندێ مەرجی بنەڕەتی دەبووە. ئەو مەرجانە یان دەرئەنجامی بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسییە زاڵەکان بوون یان ئەنجامی وێککەوتنی نێوان ئایدۆلۆژیای لیبراڵیزم و ڕاستییە نکۆڵی لێ نەکراوەکان دەکەوتنەوە و هەندێ جاریش دەرئەنجامی ڕوانگەی خودی لیبراڵیزمی سەرەتایی بوون. لیبراڵیزم وەك قوتابخانەیەکی مێژوویی و ئایدۆلۆژیای سیاسی مۆدێرنیتە لە ڕێگەی ڕانانی پێناسەیەکی تایبەت لە مرۆڤ و شوناسی مرۆیی دەبێتە مایەی خودی و ناخودی بوونی مرۆڤ و گروپە کۆمەڵایەتییەکان. بەو شێوەیە ئەو مرۆڤانەی ناچنە چوارچێوەی پێناسەی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی ئازاد، ئاقڵ، بیرکەرەوە و پێشکەوتنخواز وەك مرۆڤی نامۆ و غەوارە دەناسرێن. هەروەها، لیبراڵیزم لە ڕێگەی پاڵپشتی زانستگەرای و ئەزمونگەراییەوە لەو باوەڕە دایە کە تەنیا یەك جۆری مەعریفە، واتا ناسینی زانستی نوێ، سەرچاوەی ڕاستییەکانە و هەر وەك

ئاماژەی پێدرا، زانست و لیبراڵیزم هەر لە سەرەتاوە پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەبوو؛ لە ئەنجامدا، مەعریفە و جیهانە ناسروشتییەکانیش نامۆ بوون. لە لایەکی ترەوە لیبراڵیزمی سەرەتایی بە کردەوە پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ ئۆگرییەکانی بورژوازیدا هەبوو. ئەگەر بمانەوێ لێرەدا چەمکی پێوەندی هەڵبژاردنی(Elective Affinity)(لە نێوان ئایدۆلۆژیا و بەرژەوەندییە بابەتییەکان) بەرباسی ماکس ڤەیبەر بەکار بێنین، دەبێ بڵێین لیبراڵیزم بە شێوەیەکی شاراوە لەخۆ گری لێکدانەوەی جۆراوجۆرە؛ بەڵام بورژوازی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو لێکدانەوانەدا لێکدانەوەی خۆی سەپاند و بوو بە لێکدانەوەی باو. لە ئاکامدا، چینەکانی خواروو لە پرۆژەی سەرەتایی لیبراڵیزم سڕانەوە و *ئۆمانیتە* بوو بە هاوتای بورژوازی.

لە لایەکی ترەوە، بەردەوامی هەندێ بونیادەی سیاسی و شێوازە کۆنەکانی دەوڵەت، بەتایبەت چەمکی سەروەری کە هەڵقوڵاوی سەردەمی فیۆدالییە، لەمپەرێکی تر بوو لە بەردەم وەدیهاتنی پرۆژەی لیبراڵیزم. بەو شێوەیە دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکان بە ناوی سەروەرییەوە دەستیان کرد بە سەپاندنی دەسەڵاتی مۆنۆپۆلی لە چوارچێوەی سنوورە نەتەوەییەکاندا. لە سەردەمی مۆدێڕندا، سەرەتا *نەتەوایەتی* و دواتر *چین* وەك بنەما شوناس بەخشەکان بە تاك و کۆ سەریان هەڵدا؛ بەڵام ئەو شوناسانە ڕاستە و ڕاست لە بەرانبەر شوناسی مرۆڤ وەك تاك لە لیبراڵیزمدا سەریان هەڵدا. سەردەمی مۆدێڕن سەردەمی سەرهەڵدانی نەتەوە و چینەکان و نەتەوایەتی و چینایەتی بوونی مرۆڤ بوو؛ بەڵام چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەتەوایەتی، ناسیۆنالیزم و چین هەر هەموویان لەگەڵ پلانی سەرەکی لیبراڵیزمدا لە ناکۆکیدا بوون. تێپەڕ کردنی مافە تاکەکەسییەکان و گەیشتن بە مافەکانی نەتەوە و هەروەها بازدان بە سەر لیبراڵیزم و گەیشتن بە ناسیۆناڵیزم بە مانای قوربانی بوونی پلانی سەرەتایی بوو.

یەکێکی تر لەو گۆڕانکارییانەی بوو بە مایەی بەرتەسك بوونەوەی هێزی ئازادییە سەرەتاییەکان سەرهەڵدان یان بە گوڕتربوونی ***پرسی کۆمەڵایەتی*** بوو لە سەردەمی سەرمایەداریدا. لەو سەردەمەدا هێدی هێدی ئەو بابەتە ڕوون بۆوە کە بە بێ هانا بردنە بەر دەوڵەتی دەسەڵاتخواز و بەهێز ناکرێ باس لە چارەسەری پرسی کۆمەڵایەتی و کەم کردنەوەی نایەکسانییەکان بکەین. دەستێوەردانی بەربڵاوی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریشدا لەگەڵ ویست و خواستەکانی لیبراڵیزم لە ناکۆکیدا بوون. بەو شێوەیە پڕەنسیپە سەرەکییەکانی لیبراڵیزم واتا ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی و تاکگەرایی و شوناسی تاکەکەسی، لە کردەوەدا تووشی

هەندێ ئاستەنگی بەرچاو هاتن. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانە گەورەکانی سەرمایەداری بۆچوونە دژە لیبراڵییەکانیش بە گوڕتر بوون. دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا، هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی پرسی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی سۆشیالیزمەوە، یەکێتییە کرێکارییەکان و حیزبە سیاسییە نوێیەکان، سەرهەڵدانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، سەرهەڵدانی دەسەڵاتی توند و ئاسایشی دەوڵەتی نوێ، سەرهەڵدانی بیرۆکراسی، کەوتنەوەی باس و بابەتی پێوەندیدار بە *مافە کۆمەڵایەتییەکانی* تاکەکەس، سەرهەڵدانی *سیاسەتی کۆمەڵایەتی*، گەشەکردنی سەرمایەداری و دیموکراسی و زانستی تۆکمە و سیستەماتیك_هەمووی ئەو بابەتانە بوونە مایەی هەرەسهێنانی ئامانجی ئۆتۆنۆمی و عەقلانییەت و بەخۆداهاتنەوەی لیبراڵیزم و سەربەخۆیی و شوناسی تاکەکەسی خستە مەترسییەوە. سەرهەڵدانی *جڤاکە* نوێیەکان لە چوارچێوەی چین، نەتەوە، ئەتنیك و ڕەگەز لە دەوڵەتەکانی خۆشگوزەرانی، سۆسیالیستی و فاشیستیدا بوو بە مایەی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە ئامانجی تاکگەرایی لە لیبراڵیزمدا. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیا خاوەن دیسیپلینە سیاسی و ئابوورییەکان، گۆڕانی فەزای ژیانی کۆمەڵایەتی و نۆرماتیڤ کردن و یەکسان کردنی مۆدێلە ڕەفتارییەکان، سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بەرخۆر و بەرخۆری جەماوەری و کلتوری بەرخۆری و بەرفراوان بوونەوەی کۆمەڵگای هەرەمەیی و حیزبە هەرەمەییە نەتەوەیی و چینایەتییەکان و لە ڕێگەی لاوازی سیستەمە سیاسییە ڕێکخراو و خۆشگوزەرانییە کینزییەکانەوە دیسیپلینێکی کۆمەڵایەتی نوێ سەپایە سەر تاك. لەو ناوەدا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی گرنگترین تەکنۆلۆژیای سیاسی گۆڕینی فەزای کۆمەڵایەتی بوو کە پانتای کردەوە دەسەڵاتخوازییەکانی بە شێوەیەکی بێ وێنە بەرفراوان دەکردەوە. هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی دیسیپلین لە پانتای دابەشی دەسەڵاتدا، دەوڵەت وەرچەرخانێکی فکری لە ناسینی تاك و کۆمەڵگادا پێکهێنا کە بوو بە مایەی زیان و زەرەرێکی زیاتر بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکەسی. زانستی دروستکردنی سیاسەت (Policy Making) دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕ لە تەکنۆلۆژیای دیسکۆرس و ئاوڕدانەوەی زانست لە نیازە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵگا و ئابووریدا بوو. یەکێك لە پێداویستییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی، کۆمەڵگای هەرەمەیی و بەرخۆر و حیزبی هەرەمەیی و ئابووری ماکرۆی کینزی زانستی ڕێکخراو و سیستەماتیك بوو. تاوتوێ کردنی کردەوەی تاکێکی تر تەنیا وەك

*ڕەفتار*(Behavior) بە پێی ڕۆڵ و نۆڕمەکان دەگونجا؛ و هیچ باسێك لە کردەوەی ئازاد و داهێنانی تاکەکەس ناکرێ. بنەمای زانستە ڕەفتارییەکانیش هەر ئەو بابەتە بوو. لەو زانستانەدا، لە ڕووی ڕەفتارە تاکەکەسییەکانەوە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان دەدۆزرێنەوە. بەم شێوەیە تاکەکەس لە هەناوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان جیا دەکرێتەوە و وەك وەرگر و بەرخۆر و دەنگدەر دەردەکەوێ. بەو پێیە شوناسی تاکەکەسی لە چوارچێوەی کردارەکانی بەستراوەیی یەکترەوە سەر لە نوێ ساز دەدرێتەوە. هەمووی ئەو کارانە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگادا بوو لە ڕووی تێگەیشتنی و زانستییەوە. وێناندنی کۆمەڵگا وەك سیستەم، پێشاپێش لەخۆگری نۆڕماتیڤ کردنە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، قەیرانەکانی کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ بەستێنی کۆتایی قۆناغی تەواو بوونی لیبراڵیزمیان دەستەبەر کردووە. کەوتنەوەی قەیران لە ئابووری دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا، ڕووخانی سنوورە سیاسی_ئابوورییە نەتەوەییەکان، نەمانی تیۆری کینزی، بە نێودەوڵەتی بوونی ئابووری سەرمایەداری، سستی و لاوازی زۆری دەوڵەتی نەتەوەیی، باوبوونی دەوڵەتی مینیماڵ، کردنەوەی کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی فرەلایەنە، کاڵ بوونەوەی سنووری نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، هەراوتر بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان لە هەمبەر ڕێکخراوە بیرۆکراتیکە دەوڵەتییەکان و حیزبەکاندا، ڕەوتی بەنێودەوڵەتی بوونی پێوەندی و زانیارییەکان و کەوتنەوەی قەیران لە تۆتالیتاریزمدا_ هەمووی ئەو بابەتانەی باسکران شوناسە دژە لیبراڵییە نەتەوەیی و چینایەتییەکانیان تووشی گۆڕان کرد و ڕێگەی کۆتایی هاتنی دواقۆناغی لیبراڵیزمیان هەموار کرد. لە ژێر باندۆڕی ئەو ئاڵوگۆڕە فرەلایەنەدا، زانستە کۆمەڵایەتییە دژە لیبراڵییە ڕەفتارخواز و فانکشنالیست و سیستەماتیکەکانیش تووشی قەیران هاتن و لە ئاکامدا گومان کەوتە سەر ئەو حەقیقەت و قەتعییەتە کۆنانەی کە لەدەست و پێی هزری ئازادی وەك ئەزموونی ڕەسەنی مرۆیی هالابوون. بەو پێیە وێناندنی بابەتی کۆمەڵگا وەگ دیاردەیەکی نەگۆڕ لە بونیادە و ڕۆڵ و دەوردا هێز و دەسەلاتی خۆی لە دەست دا. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لیبراڵیزمی هیۆمانیستی و گەشبینانەی بەر لە شۆڕشی فەرەنسا پاش ئەو شۆڕشە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان جێگەی خۆی دابوو بە هەوڵی زانستی بۆ دۆزینەوەی یاسا ئاسنینە مێژووییەکان و لە ئاکامدا، مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ لە پشتەوەی ئەو یاسایانەدا بەرەو کزی

دەچوون. ئێستا هاوکات لەگەڵ نەمان و تێداچوونی مۆدێل و گەورە گێڕانەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئیعتیباری ئەو یاسانەش خەوشدار دەبێ. بەو پێیە لیبراڵیزم، هەر وەك چۆن پێشتر هەوڵی دابوو بۆ ڕەت کردنەوەی بەدواداچوونی حەقیقەت لە لایەن ئایینەوە، ئێستاش هەوڵ دەدا بۆ ڕەت کردنەوەی بەدواداچوونی حەقیقەت لە لایەن زانستەوە. هەر وەك لە بەشی پێشتردا باسکرا، ئەو پێوەندییە فەرزی و مێژووییەی لە نێوان زانست و لیبراڵیزمدا هاتبووە ئاراوە ئێستا بەرەو داڕمان دەچێ و لیبراڵیزم لە کۆتوبەندە دژە لیبڕاڵییەکانی زانستیش ڕزگاری دێ. و لە ئاکامدا، نکۆڵی کردنی بانگەشەی شیاوی کۆنترۆڵ بوونی جیهانی لیبراڵیزم دەگەیەنێتە ئەوپەری مەعریفەناسانەکەی و گومان و دوودڵی دەخاتە سەر هەموو بانگەشە دابەزخواز و گشتخوازەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بەم شێوەیە ئەو لێکدانەوانە لە شوناسی تاکەکەس کە پێشتر زاڵ بوون ڕووبەڕووی قەیران دەبنەوە؛ ئەو لێکدانەوانەی لەواندا تاکایەتی لەو دیوی چەمکەکانی وەك ڕەفتار، ڕۆڵ و سیستەم و کۆمەڵگای هەرەمەیی و چینایەتیدا کز و لاواز ببوون. هاوکات لەگەڵ لاواز بوونی دەوڵەتە خۆشگوزەرانی و نەتەوەیی و تۆتالیتێرەکان، شوناسی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خوازیاری خۆشگوزەرانی و چینایەتی و نەتەوەیی و هتد بەرەو نەمان دەچێ و ڕێگە هەموار دەبێ بۆ سەرهەڵدان و فۆرم گرتنی شوناسە تاکەکەسییەکان. بەو شێوەیە لە بارودۆخی نوێدا، ڕێگە خۆش دەبێ بۆ گۆڕانێکی تر لە شوناسە تاکەکەسییەکاندا. وادێتە بەرچاو کە سڕینەوەی ناوەند لە هەموو پانتاکاندا یەکێك بێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بارودۆخە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، دەکرێ بیر لە هەنگاونان بەرەو لای بواری سەرهەڵدانی سوژەی جۆراوجۆر و بێهاوتای تاکەکەسی بکرێتەوە.

بە گشتی لیبراڵیزمی سەرەتایی تەئکیدی کردبووە سەر هزری تاکە ئازاد و یەکسان و بنیاتنەرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەوڵەت، بەڵام بە کردەوە لە ڕێگەی سەرهەڵدانی زانست، سیاسەت، دەوڵەت و ئابووری ڕێکخراو و سانتراڵەوە جیهانی ژیانی کۆمەڵایەتی گەمارۆ درا و لە ئاکامدا، کۆمەڵگای هەرەمەیی و یەکدەست و یەکڕەنگ سەری هەڵدا. بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بونیادەکان تێکدەشکێنن *دژکردەوەیەکی مەدەنی نوێ* هاتۆتە ئاراوە و لە ڕێگەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە شوناس بەخشەکانەوە ڕێگە خۆش دەبێ بۆ لە دایك بوونی *کۆمەڵگای مەدەنی نوێ*. ئێستا لە ڕۆژئاوادا هاوکات لەگەڵ لاواز بوونی قەوارە نەتەوەیی و چینایەتییەکان، وەك بنەماکانی شوناسی تاکەکەسی، دوو بزاڤی بە

ڕواڵەت دژەیەك بوونیان هەیە: یەکەم، بزووتنەوەی گلۆبالیزاسیۆن و دووەم، ڕوو لە تاکایەتی کردن و تێکشکاندنی قەوارەکانی شوناسی بە کۆمەڵی وەك چین و نەتەوە. ئەو دوو بزاڤە لەهەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن، چونکە گلۆبالیزاسیۆن بەرفراوان بوونەوەی تواناکانی تاکەکەسی لێدەکەوێتەوە و زەمینەی بەرفراوان بوونەوەی ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی دەستەبەر دەکا کە ئامانجی سەرەکی لیبراڵیزمە.

# بەشی دووەم

# کۆنسەرڤاتیزم لە سەدەی بیستەمدا

## (١)

# پڕەنسیپ و قۆناغ و جۆرەکانی کۆنسەرڤاتیزم لە سەدەی بیستەمدا

پێشینەی کۆنسەرڤاتیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەبر و لەسەرەخۆیی حەزرەتی ئادەم، لە کاتێکدا سەرەتای ڕادیکالیزم دەچێتەوە سەر بێ ئۆقرەیی و بێ ئارامی حەوا کە بە بەڵێنی شەیتان فریوی خوارد لەمەڕ ژیانێکی خۆشتر و ئاسوودەتر و لێ شەیتانیش بابە گەورەی کارڵ مارکسە[1].

**مانای کۆنسەرڤاتیزم:**

جۆن ستیوارت میل، فەیلەسووفی لیبراڵی بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا، حیزبی کۆنسەرڤاتەکانی وەك حیزبی بینادەمە گەمژەکان ناو دەبرد و مەبەستیشی ئەوە بوو کە کۆنسەرڤاتەکان هیچ فکر و فەلسەفەیەکیان نییە. خەڵکانی تریش بۆچوونێکی ئەوتۆیان دەربارەی کۆنسەرڤاتەکان هەبوو؛ بۆ نموونە چاوەدێرێکی تر گوتویەتی کۆنسەرڤاتەکان بۆ ئەوەی بناسرێن «هەر ئەوەندە بەسە کە بە بێ ئەوە هیچ بڵێن تەنیا دابنیشن و بیر بکەنەوە یان هەر دابنیشن بە بێ ئەوە بیر بکەنەوە.[2]» هەروەها وەك سووك کردنی ئیدمۆند برێك، کە وەك باوکی کۆنسەرڤاتیزم ناوبانگی دەرکردووە، دەگوترێ ناوبراو مێشکی کۆنسەرڤاتیزمە؛ چونکە کۆنسەرڤاتەکان مێشکیان نییە. بەڵام کۆنسەرڤاتیزم وەك ئایدۆلۆژیا خاوەنی پڕەنسیپ و بنەمای فکری و فەلسەفییە. کۆنسەرڤاتەکان خۆیان پێ لایەنگری عەقڵی ساخلەم و

---

1. F. Hearnshaw, Conservatism in England, London, Macmillan, 1933, quoted by R. Essleshall et at (eds.), Political Ideologies, London Routledge, 1984, p.81 .

2. F.Hearnshaw , the social and Political Ideas of Same Representative Thinker of the Revolutionary Ear, p. 8, quoted by R. Kirk, the Conservative Mind : Form Burke to Santayana, Chicago, 1953, p. 3 .

ڕێیالیستە. دژی هەر چەشنە پلان و گەڵاڵەیەکی خەیاڵی و ئەبستراکتێ بۆ پێکهێنانی گـۆڕانی بنەڕەتی لە کۆمـەڵگا و سیاسەتدا و باوەڕیان وایە کە ئەو پلانانە دواجار لە کاتی بەڕێوەبردندا تووشی شکست دەبن. هەروەها لەو باوەڕە دان کە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی یۆتۆپیـا کارەسـاتی لێدەکەوێتەوە. کۆنسەرڤاتەکان لە بیر و بۆچوون و بەڵگەهێنانەوەکانی خۆیاندا پشت بە ئەزموونە مێژووییەکانەوە دەبەستن و لەو ڕووەوە دژی عەقلانییـەتی ئەبسـتراکت و نامێـژوویین. هـەر بـەو هۆیە زۆربەیان کۆنسەرڤاتیزم، وەك ئایدۆلۆژیا نایەننە ژمـار؛ چـونکە ئایـدۆلۆژیا پێناسـەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤ و کۆمەڵگا بە دەستەوە دەدا و هەوڵی پەیڕەو کردنی ئەو پێناسەیە دەدا؛ لـە کاتێکدا کۆنسـەرڤاتیزم ئـەو بابەتـە قبـووڵ دەکـا کـە بەرهـەمی مێـژوو و نەریتـە. هـەروەها کۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕە دان کە پڕەنسیپەکانی بیر و بۆچوونیان هـەڵقوڵاوی تایبەتمەندییـەکانی سروشتی مرۆڤە، واتا لەو باوەڕە دان کە مرۆڤ بیر لە پاراستنی دەسکەوتەکانی خۆی دەکاتـەوە و کۆنسەرڤاتیزمیش لەوە زیاتر ئامانجێکی تری نییە. هەروەها باوەڕیان وایە کە میراتی ڕابـردووان ئەرك و زەحمەتێکی زۆری پێوە کێشراوە، کەواتە ناکرێ و نابێ دەستی لێ بـەردرێ و ئـاوڕی لـێ نەدرێتەوە. خاوەندارێتی، بنەماڵە، نـەریت، ئـایین، دەوڵـەت و بونیـادە کۆمەڵایەتییـەکانی تـر میراتی پڕ بایەخی ڕابردوون و ئەوەی لە بۆتەی تاقیکاری مێـژوو هاتبێتـە دەر شـایانی پەسـن و ستایشـە. مایکـل ئۆکشـات(Michael Oakeshatt) (1901_1990) کۆنسـەرڤاتیزم بـەو شێوەیە پێناسە دەکا: «کۆنسەرڤاتیزم واتا ئەفزەڵییـەتی بابـەتی دیـار و ڕوون بـە سـەر بابـەتی نادیاردا، بابەتی تاقیکراوە بە سەر بابەتی تاقینەکراودا، واقعییەت بە سەر ئەفسـانەدا، بابـەتی باو بە سەر بابەتی دڵخوازدا و بابەتی سنووردار بـە سـەر بابـەتی بـێ سـنووردا.[1] » بـەو پێیـە جەوهەر و ناوەڕۆکی کۆنسەرڤاتیزم بریتییە لە پابەندی بە بابەتە تاقیکراوەکان و ترس لە بابەتـە تاقی نەکراوەکان و ڕەشبین بوون لە ڕاست ئەو بابەتانە. هەر بەو هۆیە کۆنسەرڤاتەکان خۆیان پـێ *پراگماتیستە* و دژی هەر چەشنە دوگماتیزمێکی فکـری و ئایـدۆلۆژیین. لـە ڕاسـتیدا بەشـێکی بەرچاوی گەورە کۆنسەرڤاتەکانی ڕۆژئاوا پیاوی کردەوە و سیاسەتوان بوون و شوێنەواری گەورە و بەرچاو لە نەریتی فکری کۆنسەرڤاتیزمدا کەمە. بێنجامین دیسرایەلی(Benjamin Disraeli (1804_1881))، سیاسەتوانی بە ناوبانگ و کۆنسەرڤاتی ئینگلیزی سەدەی نۆزدە، بەو شێوەیە

1- Michael Oakeshatt, Rationalism in Political and other, Essays, London, Melhven, 1962, p. 168

وەسفی پراگماتیست بوون و ئۆپۆرتۆنیست بوونی کۆنسەرڤاتەکان دەکا: «کۆنسەرڤاتەکان کاتێ هاوڕکەکانیان خەریکی مەلە کردنن جل و بەرگەکانیان دەدزن.[١]»

بە گشتی کۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕە دان کە کۆنسەرڤاتیزم بۆچوونێکی سروشتییە کە پشت بە عەقڵی ساخلەمەوە دەبەستێ و نائایدۆلۆژیکە؛ بەڵام ئەگەر لە دەرەوە ڕا سەیر بکەین، دەبینین کە کۆنسەرڤاتیزم ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی دیار و ڕوونە کە وەك بەرهەمێکی مێژوویی لە بارودۆخێکی مێژوویی -کۆمەڵایەتی تایبەتدا سەری هەڵداوە؛ کەواتە لە ناسینی سروشت و ناوەڕۆکی کۆنسەرڤاتیزمدا دەبێ ئەو بارودۆخە لەبەر چاو بگرین. ڕیشەی مێژوویی کۆنسەرڤاتیزم دەگەڕێتەوە بۆ دژکردەوە لە بەرانبەر ڕەوتی ڕۆشنگەری ئەوروپا بە گشتی. کۆنسەرڤاتیزم دژکردەوەیەك بوو لە بەرانبەر لیبراڵیزم و عەقلانییەتی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیزم. بە تایبەت پاش شۆڕشی فەڕەنسا، وەك داکۆکیکاری نەریتەکان سەری هەڵدا و گومان و دوودڵی خستە سەر ئامانجە سەرەکییەکانی لیبراڵیزم و مۆدێرنیزمی سەرەتایی؛ واتا ئازادی، یەکسانی، تاکگەرایی، عەقلانییەت و جیایی ئایین لە دەوڵەت و لە هەمبەردا داکۆکی لە پاراستنی ئیمتیاز و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و بونیادەی دەسەڵاتی کۆن دەکرد. کینگ دەڵێ: «کۆنسەرڤاتیزم منداڵی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەڕەنسایە، بەڵام منداڵێکی نەخوازراو کە لایەنگرانی هەر دوو شۆڕش ڕقیان لێیەتی. کۆنسەرڤاتەکانی وەك بریك، بۆنالد (Louis_ Gabriel_ Ambroise Bonald ) (1754_1840)، هەڵەر (Heller) (1750_1850)، کۆڵەریج (Samuel Taylor Coleridge) (١٧٧٢_١٨٣٤) داکۆکیان لەو شتە کرد کە ئەو دوو شۆڕشە هێرشیان کردە سەری.[٢]»

نووسەران لەو باوەڕە هاوڕان کە کۆنسەرڤاتیزم بە هەموو شێوازەکانی جگە لە نەریتخوازی (Traditionalism) شتێکی تر نییە: «ڕوحی کۆنسەرڤاتیزم نەریتە، بە تایبەت نەریتی سەدەکانی ناوەڕاست. داکۆکی کردنی کۆنسەرڤاتیزم لە نەریتی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی جەخت کردنە لە سەر بەهاکانی کۆمەڵگا، خزمایەتی، زنجیرەی پلە و پایە، دەسەڵات و ئایین.[٣]»

---

1. R. Leach, British Political Ideologies, London, Philip Allan, 1991, p. 89.

2. The New Right, p. 24.

3. Ibid, pp. 23_24 .

کارڵ مانهایم، شیکاری هەڵکەوتەی کۆنسەرڤاتیزم، لەو باوەڕە دایە کە ئـەو ئایدۆلۆژیایـە دژکردەوەیـەکی نـەریتخوازانەیـە لـە بەرانبـەر ئـاڵوگۆڕە خێراکانـدا. کۆنسـەرڤاتیزم، وەك دیاردەیـەکی مێـژوویی، فـۆڕمی وشـیارانەی ئـەو جـۆرە نەریتخوازییەیـە کـە لـە بەرانبـەر هەرەسهێنانی دیسیپلینی کۆنی ئەوروپا، بە تایبەت بە هۆی شۆڕشی فەڕەنساوە سەری هەڵدا. بە باوەڕی مانهایم تێگەیشتن لە کاکڵ و ناوەڕۆکی کۆنسەرڤاتیزم و پڕەنسیپەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چارەنووسی ئەو چینانەی هـەڵگری ئـەو ئایدۆلۆژیایـە بـوون. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بورژوایی، سەرمایەداری، عەقلانییەت، بەچـەندی بـوونی ژیـان، عەلمانیەت و ...هتاد، ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم وەك دژکردەوەیـەکی سیاسـی و فکـری لـە بەرانبەر پرۆسەی تێکڕووخانی دیسـیپلینی کۆنـدا دەرکـەوت. جووتیـاران، وردەبورژواکـان و ئەرستۆکراتە خاوەن زەوییەکان هەڵگرانی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم بوون کە کەوتنە دەرەوەی پرۆسەکانی عەقلانییەتی سەرمایەداری و لە ئاکامدا کەوتنە دژایەتی کردنـی عەقلانییـەتی سەرمایەداری. کۆنسەرڤاتەکان لە بووژاندنەوەی بایەخەکانی کۆمەڵگای کۆنـدا هەڵوێسـتێکی شۆڕشگێڕانەیان گرتەبەر؛ و بەو پێیە بە بۆچـوونی مانهـایم، یەکـەمین دژبـەرانی کۆمـەڵگای بورژایی کۆنسەرڤاتەکان بوون نەك سۆسیالیستەکان. کەواتە کۆنسەرڤاتیزم دژکردەوەی هەندێ چینی تایبەت بوو کە بە هۆی ئاڵوگۆڕی مێژوویـیـەوە بەرژەوەنـدیان کـەوتبووە مەترسـییەوە. نەریتخوازیی کاتێ دەبێ بە ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم کە کۆمەڵگا ڕووبـەڕووی گۆڕانکـاری بنەڕەتی بێتەوە. بە بۆچوونی مانهایم ناوەڕۆکی سەرەکی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم دژایـەتی کردنی چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای بورژواییە؛ واتە دژایەتی کردنی فەلسەفەی حقووقە سروشتییەکان، گرێبەستی کۆمەڵایەتی، سەروەری گەل، عەقلانییـەتی تاکەکەسـی، ئـازادی، یەکسانی و هتاد.

بە گشتی کۆنسەرڤاتیزم نەریتخوازییەکی وشیارە کە لە بەرانبەر مـۆدێرنیزمی ڕۆژئـاوادا سەری هەڵداوە و لە هەمبەر گۆڕانکارییەکانی دنیای مۆدێرندا تا ئـەو جێگەیـەی توانیـوێتی خۆی ڕاگرتووە. مانای هەرە سەرەکی کۆنسەرڤاتیزم لە ڕێز لێنان لە نەریت و دژایەتی کردنـی هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لـە پانتـا جۆراوجۆرەکـانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی دایـە. کۆنسەرڤاتەکان بە بەردەوامی پێوەندییەکی نزیکیـان لەگـەڵ ڕابـردوو و نەریتـدا بـووە و لـە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پرس و بابەتەکانی جیهانی ترساون. هەڵبـەت باشـترین و کـامڵترین

وێنه بۆ هزری کۆنسەرڤاتیزم لە دژکردەوەی باوکی قوتابخانــەی کۆنســەرڤاتیزم واتــا ئیدمۆنــد بریك لە بەرانبەر ئامانجە ئەبستراکتەکان و عەقلانییەتی ڕادیکـاڵی شۆڕشـگێڕانی فەڕەنســادا بەرچاو دەکەوێ. لە سەردەمی ڕۆشنگەری لە فەڕەنسادا لە هەر لایەکەوە هێرش دەکرایە سـەر نەریت و ئایین و مێژوو بەڵام داکۆکی لە ئازادی، یەکسانی، عەقلانییەتی تاکەکەسی و بـوار و مەجالی گەشەکردنی بێ سنوور دەکرا. ئیدمۆند بریك لـە کتـێبی چـەند سـەرنجێك دەربـارەی شۆڕشی فەڕەنسـا (Reflection on the Revolution in France) (1790)دا دژایـەتی ئەو بزووتنەوە فکرییە و ڕەنگدانەوە سیاسییەکەی واتا شۆڕشی فەڕەنسا دەکا و بەتایبـەت لـە دژایەتی لەگەڵ بۆچوونی شۆڕشگێڕان واتـە نوێـژەن کردنـەوەی کۆمـەڵگا بـە پێـی پلانێکـی عەقلانی بەڵگە دێنێتەوە. نـاوبراو لـەو کتێبـەدا بەڵگـە دێنێتـەوە کـە کۆمـەڵگا لـە سـەر دیسیپلینێکی ئەخلاقی ڕاوەستاوە و نەریت و دەمارگرژییەکان پاشەکەوتی پڕ بەهای ڕابردوون. پاڵنەری کردەوەی مرۆڤ زۆرتر هێزی هەست و سـۆز و ناعەقلانییـە، کـە واتـا عـەقڵی تـاك ناتوانێ نێوبژیوانی بابەتەکانی کۆمەڵگا بێ؛ بـەڵام نـەریت بەرهـەمی عـەقڵی کـۆی هـەموو سەردەمەکانە: «تاك گەمژەیە، بەڵام جۆری مرۆڤ خاوەن عەقڵە.» بونیـادە کۆمەڵایەتییـەکان بەرهەمی عەقڵی جۆری مرۆڤن نە گرێبەسـتی کۆمەڵایـەتی، هـەر وەك بیرمەنـدانی لیبراڵـی سەردەمی نوێ بەڵگەیان هێناوەتەوە نەریت و دەمارگرژییەکان بـە سـوودن و بەکـەڵك بـوونی خۆیان لە درێژەی زەماندا سەلماندووە؛ و بە بێ بوونی ئەوان کۆمەڵگا تووشی لێکترازان دەبێ. کەواتە ناکرێ بەو شێوەی شۆڕشگێڕان دەخوازن، هەموو شـتەکان تێکـدەین و سـەر لـە نـوێ دروستیان بکەینەوە. هەروەها دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە کۆمەڵگا دیاردەیەکی سروشـتی و ناسکە و ناکرێ لـە ڕووی پڕەنسـیپە ئەبسـتراکت و پـلان و نەخشـە دەسـکردەکانەوە نوێـژەن بکرێتەوە. «هزری دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ بەسە بۆ ترساندنی ئێمە[1].» کۆمەڵگا، گڵی گۆزەکەران نییە کە هەر ساتە سەر لە نوێ دروست بکرێتەوە؛ کەواتە هیچ کات ناکرێ میراتی ڕابردووی کۆمەڵگا بە تەواوی وەلا بنرێ. ئێستا و داهـاتوو درێـژکراوەی ڕابـردوون. هـەروەها نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان _ هەر وەك هەن _ شتێکی سروشتین: خاوەنداریێتی بەرهـەمی دیسیپلینی سروشتی بابەت و کەلوپەلەکانە و لـە ئەنجامـدا، خـاوەن مـاڵ و سـامانەکان وەك

---

1. Ibid. Quoted by Leach, British Political Ideologies, p. 93 .

پارێزەرانی نەریتەکانی کۆمەڵگا دێنە ژمار. خاوەن سامانەکان باشتر و ژیرانەتر لە هەژاران بڕیار دەدەن؛ چونکە دەستیان زیاتر بە زانیاری و زانست ڕادەگا. کەواتە ساماندااران ڕێبەری سروشتی کۆمەڵگان. هەڵبەت لە سەردەمانی ژیانی برێکدا بەشێکی بەرچاوی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا کەوتبووە دەست بازرگان و خاوەن پیشەسازییەکان، کەواتە داکۆکی کردنی ناوبراو لە خاوەندارێتی پیشەسازی و بازرگانی هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بۆچوونی گشتی ناوبراو لە پێوەندی لەگەڵ لایەنگری برێك لە هەموو جۆرەکانی خاوەندارێتیدا نییە. لە ڕووی پڕەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزمەوە، سەروەت وسامان چ بە میرات جێ مابێ و چ لە ئەنجامی کار و تێکۆشانەوە وەدەست هاتبێ هەر دوو جێی ڕێزن. لەو ڕووەوە برێك بەو شێوەیە بەڵگەی دێنایەوە کە دەست خستنە ناو کاروباری ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە سیستەمی سروشتی کۆمەڵگا تێك دەدا. هەر وەك دواتر باسی دەکەین، کۆنسەرڤاتیزمی برێك بە پێچەوانەی کۆنسەرڤاتیزمی خەڵکانی تر، کە داکۆکی لە باوکسالاری دەوڵەت دەکرد، کۆنسەرڤاتیزمێکی لیبراڵانە بوو. لەو ڕووەوە بە باوەڕی ناوبراو دەوڵەت بۆی نییە بە مەبەستی هاوسەنگ کردنی سەروەت و سامان دەست بخاتە ناو کاروباری کۆمەڵگاوە یان یارمەتی هەژاران و بێ بەشان بدا، چونکە هەژاری خۆی بەشێکە لە دەزگای سروشتی بازاڕ و بێ بەشان هەر شیاوی ئەوەن بێ بەش بن. هەر چەشنە دەستێوەردانێکی دەوڵەت لە کاروباری ئابووری ئازاددا دواجار دەبێتە مایەی زیان وێکەوتن لە چینە بێ بەشەکان، چونکە زیان لە کەسب و کار دەدا و دەبێتە مایەی بێکاری بێ بەشان.

## پڕەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزم:

ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم بە پێی بۆچوونی دەربارەی ڕۆڵی دەوڵەت و بازاڕی ئازاد و خاوەندارێتی بەشی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، بەڵام پڕەنسیپە سەرەکییەکانی لە بۆچوونەکانی برێکەوە سەرچاوە دەگرن.

لێرەدا ئەو پڕەنسیپانە بە کورتی تاوتوێ دەکەین:

١. ڕوانین بە گومانەوە لە عەقڵی مرۆڤ: کۆنسەرڤاتەکان زۆر بە گومانەوە دەڕواننە سروشتی مرۆڤ و ئەگەری چاکسازی سروشتی مرۆڤ لە ڕێگەی عەقڵەوە و لەو باوەڕە دان کە عەقڵی مرۆڤ لە ڕاست عەقڵی گشتی شاراوەی ناو نەریت و ئایین شتێکی ئەوتۆ نییە. بە

بۆچوونی کۆنسەرڤاتەکان عەقڵ و ڕای تاکەکەسی هیچ پێوەندییەکی بە حەقیقەتەوە نییە و بە گشتی مەعریفەی بنبڕ و تەواو جێی باوەڕ بوونی نییە. بەو پێیە نەفسی بوونی مەعریفە لە مرۆڤ دا خەوشدار دەبێ. لە ڕوانگەی کۆنسەرڤاتەکانەوە عەقڵ خۆی کۆیلە و یەخسیری بەردەست هەوا و هەوەسی مرۆڤە. هێزی هاندەری سەرەکی کردەوەکانی مرۆڤ دەچێتەوە بۆ سەر مەیل و ئیشتیا و ترس و خووخدەکانی مرۆڤ نەك وردی و تیژی عەقلانی. هەر وەك لە زمان برێکەوە ئاماژەی پێدرا، «... پاشەکەوتی عەقڵی هەر کەسە بە تەنیایی کەمە؛ واباشترە تاکەکان بچنە ناو گەنجینە و سەرمایەی گشتی نەریتی نەتەوە و سەردەمەکان.[1]» برێك دەمارگرژییەکانی پێ لە عەقڵی پەتی باشترە. هەروەها دیسارەڵی دەیگوت: «لێکۆڵەرە تیژبیرەکان دەزانن کە عەقڵی مرۆڤ چەندە کولە... گەورەیی و شکۆی مرۆڤ تەنیا ئەو کاتەیە کە لە ڕووی هەست و سۆزەوە بجوولێتەوە.[2]» بەو شێوەیە کۆنسەرڤاتیزم بانگەشەی سەرەکی مۆدێرنیزم و ڕۆشنگەری دەربارەی مرۆڤ واتا ئازادی و وشیاری و ئۆتۆنۆمی و بەرەو کەماڵ چوونی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە. کۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕە دان کە لە ڕێگەی عەقڵەوە ناکرێ دیسیپلینێکی نوێ بە سەر جیهاندا بسەپێ و دیسیپلینی سروشتی باویش دیسیپلینێکی ئالۆزە کە عەقڵی مرۆڤ ڕێی تێ نابا. جیهان لە عەقڵی مرۆڤدا ناگونجێ و لە ڕێگەی عەقڵەوە ناکرێ جیهان گۆڕانی بەسەردا بێ. مرۆڤ بوونەوەرێکی پەیوەستە بە نەریت ومێژووە و ناتوانێ لێیان دەرباز بێ. کەواتە بۆچوونەکانی وەك گرێبەستی کۆمەڵایەتی، کە تەوەرەی سەرەکی مۆدێرنیزمە، لە وەهم بەولاوە شتێکی تر نییە. کۆمەڵگا لە سەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی و بڕیاری وشیارانە و هەڵبژاردنی ژیرانە ڕانەوەستاوە. گرێبەستی کۆمەڵایەتی خۆی بەشێکە، لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی باو کە لە بەستێنی ئەخلاقی پێشوو و لە سەر بنەمای نەریتە کۆنەکانەوە سەری هەڵداوە. نەریت پڕۆسەیەکە بێئاگا، بەرەو کەماڵ و بەرهەمی کردەوەی مرۆڤەکانە لە درێژەی ڕۆژگار و لە نێوان نەوە یەكلەدوایەکەکاندا. برێك دەیگوت: «نەریت هەزار جار لە هەڵبژاردن و بڕیاردان باشترە.» کەواتە کۆنسەرڤاتەکان لە بەرانبەر عەقڵ و گرێبەست و بڕیاردان و تیۆردانانەدا جەخت دەکەنە سەر نەریت و مێژوو و

---

1. Ibid, Quoted by leach, ibid, p. 96.

2. British Political Ideologies, p.97 .

کردەوە. بە واتایەکی تر، بەرژەوەندی کۆمەلآیەتیان پێ باشترە لە حەقیقەتە پتەوەکان و لۆژیکی ئاسنین، کردەوەیان پێ لە تیۆر باشترە، بەرژەوەندیخوازیان پێ لە بناژوێ باشترە. بە گشتی کۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕە دان کە مرۆڤ و کۆمەڵگا کوتوپڕ بە کەماڵ ناگەن؛ واتە پەروەردە و فێرکردن و یاسا دانان و بڕیاری عەقلانی ناتوانن ڕێگەی بە کەماڵ گەیشتنی مرۆڤ و کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن و جێگەی نەریت و تێگەیشتوویی ڕابردووان بگرنەوە. بە وتەی ناوبانگی برێك «کۆمەڵگا بەرهەمی گرێبەستی مردووان و زیندووان و نەهاتووانە.» بەو شێوەیە کۆنسەرڤاتیزم دژکردەوەیەك بوو لە هەمبەر عەقلانییەت، هزری گرێبەستی کۆمەلآیەتی لە لای بیرمەندانێکی وەك ڕۆسۆ، قوتابخانەی سوودگەرایی، لیبراڵیزم، پۆزەتیڤیزم، سۆشیالیزم و بە کورتی دژکردەوەیەك لە بەرانبەر سەرجەم فکرە گشتگیرەکانی مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوا.

٢. کۆنسەرڤاتیزم و ئایین پێوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. کۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕە دان کە ژیانی مرۆڤ ئامانج و مەبەستێکی خودایی لە پشتە و ئەرك و مافی تاکەکان لەو ئامانج و مەبەستەوە سەرچاوە دەگرێ. کەواتە عەقڵی بەرتەسکی مرۆڤ ناتوانێ لە نیاز و پێداویستییەکانی مرۆڤ تێبگا و هەمووی ئەو نیاز و و پێداویستییانە دەستەبەر بکا. بە وتەی یەك لە شیکارانی کۆنسەرڤاتیزم، هەموو کۆنسەرڤاتێك «دەزانێ کە کۆمەڵێ هێزی گەورە لە ئاسمان و زەویدا هەن کە عەقڵی مرۆڤ ناتوانێ ڕێیان تێ بەرێ. عەقڵی مرۆڤ جێی متمانە و باوەڕ نییە. هەر ئەو عەقڵە بوو کە عیسای مەسیحی لە خاچ دا.[1]» کولەریج، شاعیر و کۆنسەرڤاتی ئینگلیزی، لەو پێوەندییەدا دەڵێ: «خوایە، ئێمە لە جەنگی فەلسەفەی خەڵکی و خەڵکانی فەلسەفی ڕزگار بکە.[2]» جەخت کردن لە سەر ئایین لە هەموو هزرە کۆنسەرڤاتەکاندا بەرچاو دەکەوێ. برێك دەیگوت: «مرۆڤ بەپێی سروشت بوونەوەرێکی ئایینییە[3].» بە بۆچوونی ناوبراو شۆڕشی فەڕەنسا چڵەپۆپەی وەهمی مرۆڤ بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا و هەروەها

1. The Conservative Mind, pp. 7-8.

2. Ibid, p. 115.

3- Reflections on the Revolution in France, Quoted by Leach, British Political Ideologies, p. 87.

ڕەنگدانەوەی تۆڵەی خوا بوو. لە سەردەمی ئێستاشدا حیزبە دێموکرات_مەسیحییەکان وەك حیزبی کۆنسەرڤات دێنە ژمار. کلێسەی ئینگلیز وەك حیزبی کۆنسەرڤاتی لە کاتی عیبادەت-دا ناو دەبەن. ئایین و کۆنسەرڤاتیزم هەر دوو جەخت دەکەنە سەر کەموکوڕی مرۆڤ و زنجیرەی پلە و دەسەڵات. لە سەردەمی ئێستادا هزرە کۆنسەرڤاتیەکان لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ئایینی نوێدا ڕەنگیان داوەتەوە.

٣. لە ڕوانگەی کۆنسەرڤاتەکانەوە مرۆڤەکان لە ڕووی ئاستی توانا و لێهاتووییەوە لەگەڵ یەکدا جیاوازییان هەیە. کەواتە نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیاردەیەکی سروشتییە و هەر چەشنە هەوڵێك بۆ لەناو بردنی نایەکسانی تووشی شکست دەبێ، چونکە سەرچاوەی ئەو نایەکسانییانە دەچێتەوە سەر سروشتی مرۆڤ. جگە لەوە، نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لە پێداویستییەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا. خۆی بوونی نایەکسانی لە نێوان تاکەکاندا پاڵنەر و هێزێکە بۆ کار و هەوڵی تاکەکەسی. لە ڕووی سیاسییەوە، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکسانی دەسکرد لە کۆمەڵگادا دیکتاتۆڕی و ستەمکاری لێدەکەوێتەوە. بە پێی لۆژیکی نایەکسانییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان، لە هەموو پانتاییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا نوخبەکان بوونیان هەیە. لەم ڕووەوە کۆمەڵگا بە ناچار کۆمەڵگایەکی زنجیرە پلەییە و فەرمانڕەوایی و ڕێبەرایەتی بەردەوام یەکێکە لە پێداویستییەکانی بەردەوامی ئەو کۆمەڵگایە. هەر بەو هۆیە کۆنسەرڤاتەکان، بە پێچەوانەی لیبراڵەکان باوەڕیان بە توانایی و لێهاتوویی ئەخلاقی ڕەشایی خەڵك نییە و گومانیان لە لێهاتوویی سیاسی ئەوان هەیە؛ و لە ئاکامدا تەئکید دەکەنە سەر پێویستی بوونی دیسیپلین و تەناهی سەرانسەری. دیسیپلینی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە مەرجەکانی پاراستنی دیسیپلین و زنجیرە پلەی کۆمەڵایەتی و ئایین ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێکهێنانی دیسیپلینی کۆمەڵایەتیدا. تەئکید کردنی کۆنسەرڤاتیزم لە سەر نایەکسانی لە هەمان کاتدا دانپێدانانە بە جۆراوجۆری ژیانی مرۆڤ. کۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕە دان کە ژیانی مرۆڤ جۆراوجۆرییەکی ڕەمزاوی هەیە و بە سەرسووڕماوی دەڕواننە ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤ. کۆمەڵگا لە ڕوانگەی کۆنسەرڤاتەکانەوە وەك جەستەیەکی ئۆرگانیك وایە، هەڵبەت دەستکردی دەستی مرۆڤ و بەرهەمی گرێبەستی کۆمەڵایەتی نییە و بە شێوەیەکی خۆڕسك و سروشتی گەشە دەکا و یەکێك لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی نایەکسانییە.

٤. پاساوهێنانەوە بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی بێگومان خاوەندارێتیش دەگرێتەوە و لە ئەنجامدا خاوەندارێتیش وەك دیاردەیەکی سروشتی سەیر دەکرێ. کۆنسەرڤاتەکان بە پێچەوانەی لیبراڵەکان کە لە ڕێگەی چەمکەکانی وەك مافە سروشتییەکانەوە پاساو بۆ خاوەندارێتی دێننەوە هیچ پێویستییەکیان بە پاساوهێنانەوە بۆ خاوەندارێتی نییە، چونکە لەو باوەڕە دان کە بوونی شتێکی زۆر ئاساییە. هەروەها بە پێچەوانەی لیبراڵەکان کە بە گومانەوە دەڕواننە هەندێ شێوازی خاوەندارێتی بۆ نموونە خاوەندارێتی میراتی، کۆنسەرڤاتەکان بە بێ- ئەملاوئەولا باوەڕیان بە هەموو جۆرەکانی خاوەندارێتی هەیە. هەر وەك باسکرا، خاوەندارێتی ڕەنگدانەوەی نایەکسانییە سروشتییەکانە. بە وتەی برێك «جەوهەری سەرەکی خاوەندارێتی ... ئەوەیە کە نایەکسان بێ.[1] » لە ڕوانگەی کۆنسەرڤاتەکانەوە خاوەندارێتیش هەر وەك بنەماڵە و ئایین بونیادەیەکی پیرۆزە. خاوەندارێتی مەرجی ئازادییە و هەر مەترسییەك لە سەر خاوەندارێتی مەترسیشە بۆ سەر ئازادی. کۆنسەرڤاتەکانی کۆن بە تایبەت خاوەندارێتی زەوییان پێ شتێکی پیرۆز بوو و ئاوڕێکی ئەوتۆیان لە خاوەندارێتی بازرگانی و پیشەسازی نەدەداوە،بەڵام لە کۆنسەرڤاتیزمی دواییدا پرەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزم و داکۆکی لە بازاڕی ئازاد و جۆرەکانی تری خاوەندارێتی ئاوێتەی یەکتر بوون.

٥. کۆنسەرڤاتیزم، سەرەڕای سوڕانەوەی کۆنسەرڤاتەکانی دوایی بەلای پرەنسیپەکانی ئابووری و بازاڕی ئازاددا، هەڵگری شێوە ڕوانینێکی باوکسالارانەیە. لە ڕوانگەی کۆنسەرڤاتەکانەوە کۆمەڵگا تەنیا کۆی ڕەقەمی تاکەکان نییە و گشتایەتییەکە کە بەستراوەیی و ئەرك و بەرپرسایەتییە هەر دوو لایەن لەخۆ دەگرێ. لەم ڕووەوە کۆمەڵگا و دەوڵەت زۆرتر بە بنەماڵە دەشووبهێندرێن و هەر بەو هۆیە دەسەڵاتداران دەبێ دەوری باوکیان هەبێ لە کۆمەڵگادا. کەواتە لە هەمان کاتدا، کۆنسەرڤاتیزم هەڵگری بۆچوونێکی میانڕۆیانە و دژە سەرمایەداری بووە. دیسارەڵی دەیگوت: «وەدەست هێنان و کەڵەکردنی سەرمایە و قەڵاچۆ کردنی یەکتر لە ڕێگەی کەڵك وەرگرتن لە ڕستە و بابەتە فەلسەفییەکان و ڕانانی یۆتۆپیایەك کە تەنیا بریتی بوو لە سامان و کار.[2] » ئەو بۆچوونە بریتانیای سەدەی نۆزدەهەمی بە لاڕێدا

---

1. British Political Ideologies, p. 102 .

2. Ibid, p. 105 .

برد. ناوبراو باسی لە سەرهەڵدانی «دوو نەتەوەی ساماندار و بێسامان» دەکرد لە سەردەمی بریتانیای سەردەمی شاژن ڤیکتۆریادا و بەو شێوەیە هێرشی دەکردە سەر پارەپەرستی و تەماعی خەڵك لە سەردەمی سەرمایەداریدا. بە وتەی ناوبراو «کاتێ خانووە قوور و بەردەکان ئەژنۆی خەم لە باوەش بگرن، ماڵە شووشەکان ناتوانن بە ئاسوودەیی بژین.[١]» بەرێکیش بە تاسەوە دەیگوت: «سەردەمی پیاوەتی کۆتایی پێهاتووە و کات کاتی فێڵباز و ئابوورینـاس و ژمێریارانە.[٢]» بە گشتی کۆنسەرڤاتەکان لە بەرانبەر بەرژەوەندی چینایەتیدا بە شێوازی تایبەتی خۆیان داکۆکیان لە بەرژەوەندی نەتەوە کردووە و هەر بەو هۆیە کۆنسەرڤاتیزم و ناسیۆنالیزم پێوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستی کۆنسەرڤاتەکان ئەوە نییە کە دەوڵەت دەبێ نیاز و پێداویستی هەژاران دابین بکا؛ بەڵکو بە باوەڕی ئەوان چینەکانی ساماندار دەبێ بە شێوەیەکی خۆبەخشانە دەستی هەژاران و بێ بەشان بگرن؛ بۆ نموونە خاوەن سامانەکان دەبێ چاوەدێری و پشتگیری لە کرێکارانی خۆیان بکەن.

٦. لە پشتەوەی بەڵگەهێنانەوەکانی کۆنسەرڤاتەکان ئەو خاڵە خۆی حەشار داوە کە خەڵك هەموو بە یەك ڕادە ژیر و عاقڵ نین؛ کەواتە هەندێ دەبێ بەشەکەی تر ڕێنوێنی بکەن. ئەو بۆچوونە دژە دیموکراتیە بە پلەگەلی جیاواز هەموو جۆرەکانی کۆنسەرڤاتیزم دەگرێتەوە. لەو ڕوانگەدا دیموکراسی نە تەنیا بابەتێکی دڵخواز نییە، بگرە نەگونجاویشە. هەر بەو هۆیە کۆنسەرڤاتەکان جەخت دەکەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی گشتگیری دەوڵەت. لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا کۆنسەرڤاتەکان تا ئەو جێیەی بۆیان کراوە پێشیان بە دانی مافی دەنگدانی گەل گرتووە؛ و لە ڕووی ناچاری هەندێ یاسای بنەڕەتیان قبووڵ کردووە کە ئەویش هەندێ تۆخمی ئۆتۆکراسی(Autocracy) و ئەرستۆکراسی و دیموکراسی لەخۆ دەگرێ. لە هەندێ بواردا کۆنسەرڤاتەکانی وەك دیسارەڵی لە بریتانیادا بە مەبەستی ڕاکێشانی ڕای گشتی بۆ لای بۆچوونە کۆنسەرڤاتەکان خەریك بوون ئەرستۆکراتە خاوەن زەوییەکان و چینی کرێکار لە دژی بازرگانان و بورژوازی پیشەسازی ڕێك بخەن. کەواتە داشکانەوە بە لای چەشنێك کۆرپۆراتیزم

1. Ibid, p. 106 .

2. Reflections on the Revolution in France, Quoted by Leach, British Political Ideologies, p. 86.

لە هزری سیاسی کۆنسەرڤاتیزمدا پێشینەیەکی لە مێژیینەی هەیە. بە گشتی کۆنسەرڤاتەکان بونیادە دیموکراتیەکانیان وەك ئامرازێك بۆ دابین کردنی دەسەڵات و زنجیرەپلەی کۆمەڵایەتی بەکار هێناوە.

بە گشتی کۆنسەرڤاتیزم دژکردەوەیەك بوو لە بەرانبەر میراتی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیزم و هەروەها عەقلانییەت و لیبراڵیزم و لە بەرانبەر هزری ئازادی و یەکسانی و دیموکراسیدا خۆڕاگری کردووە و پشتگیری لە داب و نەریتەکانی سیستەمی پێشوو کردووە. ئامانج و مەبەستی سەرەکی کۆنسەرڤاتەکان بەرگری کردن بووە لە هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی نەخوازراو یان لانی کەم سنووردار کردنی ئەو گۆڕانکارییانە. کۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕە دان کە کۆمەڵگا ڕاستییەکی ڕووحانی و ئۆرگانیك و یەکدەستە کە هەر چەشنە پلاندانان و دەستێوەردانێك مەترسییە بۆ سەر جەستەی لاوازی. کۆنسەرڤاتەکان بە گشتی خۆیان لە گەڵاڵە کردنی سیستەمێکی فکری لە چوارچێوەی تیۆریەکی گشتی پاراست، بەڵام بە گشتی دەکرێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم بەو شێوەیە باس بکەین: نەریتخوازیی، ڕابردووخوازیی(archaism)؛ ڕێزگرتن لە ئایین و خاوەندارێتی؛ جەخت کردن لە سەر فەزیلەتە ئەخلاقییە نەریتییەکان؛ باوکسالاری کۆمەڵایەتی و سیاسی؛ ئێلیتیزم، دژایەتی کردن لەگەڵ داهێنان و نوێ بوونەوە. هەروەها کۆنسەرڤاتیزم تێکەڵاوی ڕۆمانتیزم، ناسیۆنالیزم، ئایین، نوخبەگەرایی و فاشیزم بووە و دژایەتی هەموو بۆچوونە فکرییە بەرچاوەکانی مۆدێرنیزمی کردووە هەر لە دیموکراسی و لیبرالیزمەوە بگرە هەتا ئەنارشیزم و سۆشیالیزم.

### جۆر و قۆناغەکانی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم:

ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم بە درێژایی کات لەگەڵ پاراستنی پرەنسیپە سەرەکییەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لقوپۆپی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە. بە گشتی ئەو ئایدۆلۆژیایە بە سێ قۆناغی سەرەکی مێژووییدا تێپەڕیوە: یەکەم، کۆنسەرڤاتیزمی لیبراڵ کە لە سەردەمانی برەوی لیبراڵیزمدا دەستی لە پێداگری لە سەر خاوەندارێتی زەوی و باوکسالاری کۆمەڵایەتی و سیاسی کێشاوە و پرەنسیپەکانی ئابووری لیبراڵیزمی قبوول کرد؛ دووەم، کۆنسەرڤاتیزمی باوکسالارانە کە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتە دەستێوەردەرەکان و کەوتنەوەی قەیران لە ئابووری بازاڕیدا جارێکی تر گەڕایەوە سەر پرەنسیپەکانی باوکسالاری کۆمەڵایەتی پێشوو

و پشتگیری له دەوڵەتی گشتگیر کرد؛ سێیەم، کۆنسەرڤاتیزمی نوێ کە دووبارە گەڕاوەتەوە سەر پڕەنسیپەکانی ئابووری ئازاد و لە ئاوێتە بوون لەگەڵ نییولیبرالیزمدا ڕاستی نوێی پێکهێناوە. ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان بە تایبەت لە کاتی بەڕێوە چووندا، کاڵ دەبنەوە و ئاوێتەی بۆچوونە فکرییەکانی تر دەبن.

سەرچاوەی کۆنسەرڤاتیزمی لیبراڵی سەرەتایی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی ئیدمۆند برێك. ڕاستە ئیدمۆند برێك لە بەرانبەر شۆڕش و داهێناندا داکۆکی لە نەریت دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا لایەنگری ئابووری بازاڕی ئازاد و دەستێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا بوو. لە ڕوانگەی ئەو نەوەی کۆنسەرڤاتەکانەوە، کۆمەڵگا پێکهاتووە لە کۆمەڵێك تاکی قازانجویست و بازاڕی ئازادیش زامنی دادپەروەری سروشتییە. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کۆنسەرڤاتیزمە ئەو جەخت کردنەی هاوسەنگ کرد کە پێشتر لە ئایدۆلۆژیای گشتی کۆنسەرڤاتیزمدا دەکرایە سەر کردەوەی ناعەقڵانی مرۆڤ و مرۆڤی وەك بوونەوەرێك ناساند کە بەرژەوەندی خۆی دەناسێ.

پێویستە ئەو بابەتە وەبیر بێنینیەوە کە دانانی سیاسەتی ئابووری بەشێك لە سروشتی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم نییە، بەڵکو لە ژێر کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا ئاوێتەی کۆنسەرڤاتیزم بووە. بەڵام پاراستن یان بووژانەوەی نەریت و ئایین وجەخت کردن لە سەر ئەخلاقی نەریتی و گرنگی بنەماڵە بەردەوام بەشێك بوون لە توخمە سروشتییەکانی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین لە ڕوانگەی کۆنسەرڤاتەکانەوە، ڕوانینی ئابووری لە سیاسەت ڕوانینێکی دڵخۆشکەر نییە.

لە کۆنسەرڤاتیزمی باوکسالارانەدا، کۆمەڵگا وەك ئۆرگانیزمێك سەیر دەکرێ کە تاك و مافە تاکەکەسییەکان لەو دا دەبنە خاوەن مانا. لەو ڕوانگەیەدا زیاتر جەخت دەکرێتە سەر بەرژەوەندی گشتی، ڕۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەوڵەت، چاوەدێری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و زنجیرەی پلەوپایە. هەروەها ئەو چەشنە کۆنسەرڤاتیزمە ئێلیتیستی‌تر و ئەرستۆکراترە و باوکسالاری کۆنسەرڤاتانەی کۆن ئاوێتەی پڕەنسیپەکانی ئابووری ڕێنمایی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کرد. سامۆئەل کۆلەریج یەکێك بوو لە لایەنگرانی کۆنی ئەو ڕوانگەیە. ناوبراو لە کتێبێکدا لە ژێر ناوی لە *پێوەندی لەگەڵ بنەمای کلێسە و دەوڵەتدا*[1] (١٨٣٠) داکۆکی لە

1. On the Constitution of the Church and State .

گەڕاندنەوەی زنجیرەپلەی کۆمەڵایەتی بەر لە شۆڕشی پیشەسازی دەکا و بۆچوونێکی دژە بازرگانی هەبوو. هەروەها بێنجامین دیسارەڵی، سەرۆك وەزیرانی کۆنسەرڤاتی ئینگلیز لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لایەنگری پشتیوانی دەوڵەت بوو لە چینە بێ بەشەکان و لەو باوەڕەدا بوو کە کۆمەڵگای ئینگلیز بە هۆی هەژاری و جیاوازی چینایەتییەوە بۆتە دوو نەتەوە و ئامانجی حیزبی کۆنسەرڤات پێکهێنانی یەك نەتەوەیە لە ڕێگەی یارمەتی هەژارانەوە. لە سەدەی بیستەمدا هارۆڵد مەك میلان(Harold McMillan) کە دواتر لە لایەن حیزبی کۆنسەرڤاتەوە بوو بە سەرۆك وەزیرانی بریتانیا، لە کتێبێکدا لە ژێر ناوی ڕێگەی ناوەڕاست (The Middle Way) (١٩٣٨) پرەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزمی ئاوێتەی هێزی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا کرد و داکۆکی لە ڕێبازێك کرد کە نە ئابووری ئازاد بوو و نە سۆشیالیزم.

بە گشتی کۆنسەرڤاتەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ژێر زەخت و گوشاری ڕادیکالیزم و سۆشیالیزم و ئابووری کینزیدا ڕوویان کردە پشتگیری لە ڕۆڵی باوکسالارانەی دەوڵەت. لەوەودوا تا دەیەی ١٩٧٠ جەخت کردن لە سەر بەرپرسایەتی دەوڵەت وەك دابینکەری خۆشگوزەرانی گشتی بوو بە بەشێك لە پرەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزم. ئانتۆنی ئەیدەن(Anthony Eden) (1897_1977)، وەزیری دەرەوەی بریتانیا، هەر لەو سەردەمەدا ڕایگەیاند کە «ئێمە کۆنسەرڤاتەکان قوتابیانی سیاسی قوتابخانەی *لێسەفر* نین و بەردەوام دژی ئەو قوتابخانەیە بووین.[1]» حیزبی کۆنسەرڤاتی ئینگلیزیش دەزگای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پاراست و سەرجەم سیاسەت و بۆچوونە کینزییەکانی قبووڵ کرد. کۆنسەرڤاتەکانی ئینگلیز تەنانەت ئەنجوومەنێکیان بە ناوی «ئەنجوومەنی نیشتمانی پەرەسەندنی ئابووری[2]» دامەزراند بە مەبەستی پلاندانان و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا. زۆر بیرمەند لەو باوەڕە دان کە کۆنسەرڤاتیزم بەردەوام بۆچوونێکی ئەوتۆی هەبووە و گرنگییەکی تایبەتی داوە بە ڕۆڵی دەوڵەت. هەڵبەت ئەو وتەیە بە مانایەك تەواو ڕاستە، چونکە تەنانەت ئابووری ئازاد بە شێوەی کۆنسەرڤاتانەش بە بەردەوامی بۆ سازدانی تەناهی و بەڕێوەبردنی یاسا پێویستی بە

1. British Political Ideologies, p. 108 .

2. National Council for Economic Development .

دەوڵەتێکی بەهێز هەیە. بەو شێوەیە ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم بە کردەوە هەڵگری بۆچوونەکانی کینز بوو و جەختی دەکردە سەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابین کردنی کار و پیشە و خزمەتگوزاری. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆنسەرڤاتەکانی ئەو نەوەیە تەنیا داکۆکیان لە چاوەدێری گشتی دەوڵەت بە سەر پرۆسەکانی ماکرۆی ئابووریدا دەکرد و دژی خۆماڵی کردن و وەرگرتنەوەی خاوەندارێتی تایبەت و دابەشکردنەوەی دووبارەی سامانی کۆمەڵایەتی بوون و هەر وەك پێشینیانی خۆیان جەختیان دەکردە سەر بوون و باشی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان.

لە دەیەی ۱۹۷۰دا ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم گۆڕانی بە سەردا هات. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی داکەوتن و ئاوسان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، لێهاتوویی سیاسەتە کینزییەکان و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کەوتە بەر شك و گومانەوە و لە دژی ئەو گۆڕانکارییانەدا، کۆنسەرڤاتەکان گەڕانەوە سەر پرەنسیپەکانی سیستەمی بازاڕی ئازاد. تاچەریزم لە بریتانیادا ڕەنگدانەوەی تەواوی گەڕانەوەیەکی ئەوتۆ بوو. دروشمی سەرەکی نییوکۆنسەرڤاتەکان، بازاڕی ئازاد و دەوڵەتی بەهێز بوو. نییوکۆنسەرڤاتەکان لەو باوەڕەدا بوون کە هۆکاری سەرەکی کەوتنەوەی قەیرانی ئابووری دەستێوەردانی دەوڵەت بووە لە کاروباری ئابووریدا، چونکە بۆتە مایەی دابەزینی ورەی سەرمایەگوزاری و بەرزبوونەوەی هەوسار پساوی ڕۆڵی یەکێتییە کرێکارییەکان. لەم ڕوانگەوە تاقانە دەوری دەوڵەت دەبێ پاراستنی بەهای دراو و چاوەدێری بێ بە سەر ڕانانی دراو بە مەبەستی بەرگری کردن لە ئاوسان. بە باوەڕی نییوکۆنسەرڤاتەکان، گەشەکردن و خۆشگوزەرانی ئابووری پێویستی بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە و ئەوەش جێگەی مەترسی نییە. هەروەها لەو باوەڕە دان کە دەستێوەردانی بەرفراوانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا دەبێتە مایەی لاوازی کەسایەتی ئەخلاقی خەڵك و بەرتەسك بوونەوەی ئازادییەکانیان. هزری سەرەکی نییوکۆنسەرڤاتەکان *خۆبەڕێوەبەری* و کەرتی تایبەت و دەوڵەتی مینیماڵە.

هەندێ لە چاودێران باوەڕیان وایە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان نییوکۆنسەرڤاتەکان و نییولیبڕاڵیستەکاندا بەدی ناکرێ. (بڕوانە پێشەکی بابەتی لیبراڵیزم) بۆچوونی نییوکۆنسەرڤاتەکانی وەك مارگارێت تاچەر لە ڕاستیدا گەڕانەوەیەکە بۆ لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەهەم. لە ڕووی ڕواڵەتەوە ئەگەر باوەڕمان وابێ کە کۆنسەرڤاتیزم ڕاست بە مانای نەریت-

خوازیی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوویە_ ئەوسا هەر وەك چۆن ئیدمۆند برێك دەگەڕاوە بۆ سیستەمی بەر لە شۆڕشی فەڕەنسا، نییوکۆنسەرڤاتەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ سیستەمی بەر لە کینز. بەڵام لە ڕووی سروشتەوە، ئەو سیستەمە بەدەر نەبوو لە وەدیهاتنی ئامانجی لیبراڵیزم و لێرەوەیە کە نییوکۆنسەرڤاتیزم ونییولیبراڵیزم ئاوێتەی یەکتر دەبن. بە گشتی ڕەنگە ناوەڕۆکی هەر ئایدۆلۆژیایەك، بە بێ گۆڕانی ناوەکەی، گۆڕانی بە سەردا بێ؛ هەر وەك چۆن ڕەنگە ناوی ئایدۆلۆژیاکان بە بێ گۆڕانی ناوەڕۆکیان گۆڕانی بە سەردا بێ. بە هەر حاڵ نییوکۆنسەرڤاتەکانیش هەر وەك نییولیبڕاڵەکان، جەخت دەکەنە سەر تاکایەتی و ئازادی و دەوڵەتی مینیماڵ و هەر دوو لا لە ڕاستیدا پەیڕەوی بیروبۆچوونی بیرمەندانێکی وەك فرێدریش هایك و میلتۆن فریدمەن بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕۆژئاوا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی جیاکردنەوەی کۆنسەرڤاتیزمی نوێ لە نییولیبرالیزم گەلێ مشتومڕی فکری هاتە ئاراوە. بنەمای ئەو مشتومڕانە ئەوە بوو کە ئەگەر بڕیارە کۆنسەرڤاتیزمی نوێ پڕەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزم بپارێزێ، دەبێ تەئکید بکاتە سەر هزری باوکسالاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆن و نەکەوێتە داوی تیۆر دژە دەوڵەتییەکانی لیبڕاڵەکان. بەڵام ڕاستەقینە ئەوەیە کە نییوکۆنسەرڤاتیزم ئاوێتەیەکە لە هەندێ چەمکی نەریتی کۆنسەرڤاتیزم (وەك دەوڵەتی بەهێز و جەخت کردن لەسەر دیسیپلین و یاسا) و پڕەنسیپەکانی ئابووری بازاڕی ئازاد. لە ڕاستیدا ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزمی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوا دوو باڵی لێکەوتۆتەوە: باڵی یەکەم لایەنگری سیاسەتە کینزییە کۆنەکان یان باوکسالاری کۆنسەرڤاتانەیە و باڵی دووەم لایەنگری دەوڵەتی مینیماڵ و سیاسەتی دەستێوەردانی دەوڵەت لە دراوسالاری(Monetarism). بە گشتی نییوکۆنسەرڤاتیزم و نییولیبرالیزم هەم وێکچوویان پێکەوە هەیە و هەم جیاوازی : هەر دوو دژکردەوەیەك بوون لە بەرانبەر ئابووری کینزی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و بەرزبوونەوەی نفووزی یەکێتییە کرێکارییەکان؛ بەڵام نییوکۆنسەرڤاتەکان لە هەمان کاتدا کلتور و شێوە ژیانی باوی ڕۆژئاوا سەرکۆنە دەکەن و لە بێ دیسیپلینی کۆمەڵایەتی و بێ باکی ئەخلاقی و لاوازبوونی بونیادەی بنەماڵە و ئایین نیگەران بوون. نییوکۆنسەرڤاتەکان هەروەها بە پێچەوانەی نییولیبڕاڵەکان، زۆر سەرنج دەدەنە دیسیپلین و تەناهی و سەقامگیری سیاسی و لەو باوەڕە دان کە بازاڕی ئازاد پێویستی بە دەوڵەت هەیە.

## کۆنسەرڤاتیزمی نوێ و ڕاستی نوێ:

لە دوادەیەکانی سەدەی بیستەمدا ئاوێتەیەك لە لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم لە سیاسەت و حکومەتی وڵاتانی ڕۆژئاوادا سەری هەڵدا کە بە ڕاستی نوێ ناسراوە. لە دەیەی ١٩٨٠دا زۆربەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە دوای قەیرانی ئابووری دەیەی ١٩٧٠دا دەستیان لە سیاسەتە کینزییەکان بەردا و ڕوویان لە ڕاست کرد. ڕاستی نوێ ڕادیکالیزمێکی دەستە ڕاستی و هێرشبەرە کە پرەنسیپەکانی خۆی لە لیبراڵیزم و کۆنسەرڤاتیزم وەردەگرێ و بۆ وەسفی هەڵوێستی نییولیبراڵەکان و هەروەها نییوکۆنسەرڤاتەکان کەڵکی لێوەردەگیرێ. لە بریتانیادا، تاچەریزم سیاسەتە لیبراڵەکانی وەك، بەتایبەتی کردن و کەم کردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت و لاواز کردنی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئاوێتەی سیاسەتە کۆنسەرڤاتەکانی وەك ناسیۆنالیزمی توندڕۆ، کەم کردنەوەی دیاردەی کۆچبەری و دیسیپلینی توند و تۆڵی کۆمەڵایەتی کرد. «پۆپۆلیزمی (Populism) تاچەر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەند بوو و پرەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزمی ئۆرگانیك؛ واتا دەوڵەت، بنەماڵە، ئەرك، دەسەڵات، پێوانە ئەخلاقییەکان و نەریتخوازیی ئاوێتەی پرەنسیپەکانی نییولیبرالیزم واتا بەرژەوەندی تاکەکەسی و تاكخوازیی ڕکەبەرئاوی و دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتدا دەکا.[1]» ڕاستی نوێ بۆ سیاسەتەکانی حیزبی کۆنسەرڤاتی بریتانی لە سەردەمانی تاچەر و حیزبی کۆماری ئەمریکا لە سەردەمانی ریگاندا کەڵکی لێوەرگیراوە. بە گشتی ڕاستی نوێ لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لیبراڵە واتا جەخت دەکاتە سەر ئازادی ئابووری، کەم کردنەوەی پیتاك، بازاڕی ئازاد و دەوڵەتی سنووردار؛ بەڵام لە ڕووی ئەخلاقی و کلتوری و کۆمەڵایەتییەوە، کۆنسەرڤاتە و داکۆکی لە پاراستنی نایەکسانییە سروشتییەکان، بەرگری کردن لە بەرفراوان بوونەوەی مافی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان، دەوڵەتی بەهێز، پرەنسیپە ئایینییەکان، بنەماڵە وەك بناخەی کۆمەڵگا و لاواز کردنی یەکێتییە کرێکارییەکان دەکا. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە دژایەتی کار کردنی ژنان و ئازادییە سێکسییەکان و بزووتنەوەی فێمینیزم دەکا. ڕاستی نوێ کاتێ پێی وابێ دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا دژی ئازادییە تاکەکەسییەکانە دەبێتە لیبراڵ؛ و کاتێ دژایەتی هەبێ لەگەڵ مانەوەی نایەکسانییە سروشتییەکانی کۆمەڵگا دەبێتە

1. The New Right, p. 20 .

کۆنسەرڤات. لە ڕاستیدا لە ڕاستی نوێ دا حکومەت لە ڕووی ئابوورییەوە لاواز دەبێ؛ بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە و تا دابین کردنی دیسیپلین و تەناهییەوە بەهێز دەبێ. توخمە کۆنسەرڤات و نییولیبرالیزمەکانی پێکهێنەری ڕاستی نوێ لە خشتەی خوارەوەدا دیاری کراون:

کۆنسەرڤاتیزمی نوێ

نییولیبڕاڵیزم

کۆمەڵگای ئۆڕگانیك
جەخت کردن لەسەر ئەرکی تاك
جەخت کردن لەسەر دەسەڵات و ئایین و دەوڵەتی بەهێز و بنەماڵە و ئەخلاق
ناسیۆنالیسم
بۆچوونی نەتەوەیی لە بازرگانیدا
زنجیرەپلەی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگای ئۆڕگانیك
جەخت کردن لەسەر ئەرکی تاك
جەخت کردن لەسەر دەسەڵات و ئایین و دەوڵەتی بەهێز و بنەماڵە و ئەخلاق
ناسیۆنالیسم
بۆچوونی نەتەوەیی لە بازرگانیدا
زنجیرەپلەی کۆمەڵایەتی

ڕاستی نوێ

بزووتنەوە کۆنسەرڤاتە نوێیەکان لە ئەمریکا، پاش جەنگی دووەمی جیهانی سەریان هەڵدا و ئاوێتەیی هزرە کۆنسەرڤات و لیبراڵییەکان بە باشی دەردەخەن. ئەو بزووتنەوانە لە بەرانبەر دەوڵەتی فیدراڵدا داکۆکیان لە دەوڵەتە ئەیالەتییەکان دەکرد و لە بەرانبەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانیدا داکۆکیان لە بازاڕی ئازاد دەکرد. نیوکۆنسەرڤاتیزمی ئەمریکا لە ڕاستیدا دژکردەوەیەك بوو لە بەرانبەر *سیاسەتی نوێی* (New Deal) فرانکلین ڕۆزوێلت و لە دەیەی ۱۹۳۰دا لە دایك بوو؛ و دەربارەی پرسە ئەخلاقی و کلتورییەکاندا خاوەن هەڵوێستی تایبەت بوو و دژایەتی بەربلاو بوونەوەی سێکولاریزم و لاواز بوونی بەها ئایینییەکان و ئازادییە سێکسییەکانی دەکرد. سەرەکیترین نوێنەرانی سیاسی ئەو بزووتنەوە بریتی بوون لە سیناتۆر ژۆزێف مەك کارتی (ئالاهەڵگری بزووتنەوەی دژە کۆمۆنیستی مەك کارتیزم(McCarthyism)، سیناتۆر باری گۆڵدواتەر(Barry M(orris) Goldwater) (۱۹۰۹) و جۆرج والاس(George C(orley) Wallas) (۱۹۱٤) و گۆڤاری *نەشناڵ ڕیڤیو*(National Review) لە واشنگتۆن زمانحاڵی ئەو بزووتنەوە بوو. بزووتنەوەی نیوکۆنسەرڤاتی ئەمریکا بەو دواییانە پێوەندی لەگەڵ لابالی ڕاستی حیزبی کۆماریدا زیاتر بووە. هەروەها پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕاستی ئایینی ئەمریکا بە ڕێبەرایەتی جەری فالوەل(Jerry Fallwell) و گرووپی *زۆرینەی ئەخلاقی* (Moral Majority)دا بەستبوو.

## کۆنسەرڤاتیزم و شۆڕشی کۆنسەرڤاتانە و فاشیزم:

ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم وەك نەریتخوازیی بە پێی جۆری نەریت (بۆ نموونە نەریتی نەتەوەیی یان ئایینی و ئەتنیکی) و شێوەی هەنگاونان بە مەبەستی پاراستن یان زیندوو کردنەوەی نەریتەکان (شێوازی ئاشتیانە یان ڕادیکاڵ و توندوتیژ) و ڕادەی دوژمنایەتی سیستەمی باو لەگەڵ ئامانجەکانیدا (وەك دوژمنایەتی کردنی سیستەمە سێکولار و لیبراڵەکان لەگەڵ نەریتدا) لقی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە و لە ئاکامدا زۆر لەو بابەتە دوور دەکەوێتەوە کە لە ڕۆژئاوادا وەك نەریتی کۆنسەرڤاتیزم ناسراوە. هەروەها کۆنسەرڤاتیزم ڕەنگە میانەڕۆ بێ (وەك هەوڵدان بۆ پاراستنی نەریتەکان لە بارودۆخێکدا کە هێشتا خەلەلێکی ئەوتۆی تێ نەکەوتووە) یان توندڕۆ ( بۆ نموونە لە بارودۆخێکدا کە زیانی بەرچاو لە نەریتەکان کەوتووە و

زینـــدوو کردنـــەوەی نەریتـــەکان پێویســـتی بـــە هـــەوڵ و هـــەنگاوی شۆڕشـــگێڕانە هەیـــە).
کۆنسەرڤاتیزمی توندڕۆ دواجار شۆڕشـــی کۆنســـەرڤاتانەی لێدەکەوێتـــەوە. ســـەرەڕای ئـــەوەش، شۆڕشی کۆنسەرڤاتانە یان هەڵقولاوی جموجۆڵی چینەکانی ســـەروو و ئەرســـتۆکرات و گرووپـــە هەڵکەوتـــەکانی بـــەر لـــە مـــۆدێرنیزم و ســـەرمایەداریە یـــان هـــەڵقولاوی بزووتنـــەوەی چـــینە مامناوەندی و خواروەکانی بەر لە سەرمایەداری، واتا وردە بورژوا و جووتیاران. ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزمی باوی ڕۆژئاوا زۆرتر میانەڕۆ و ئاشتیخواز بووە و هەڵقولاوی چینەکانی باڵای کۆمەڵگای نەریتی بووە. ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم کاتێ توندڕۆ و زیندووکەرەوە و توندوتیـــژ بێ و پێوەندی بە ویست و خواستەکانی چینە مامناوەندییەکان و چینەکانی خواروی بـــەر لـــە سەرمایەدارییەوە بگرێ، فاشیزمی لێدەکەوێتەوە. فاشـــیزم جـــۆرە کۆنســـەرڤاتیزمێکە کـــە بـــە شێوەی بزووتنەوەی هەرەمەیی دەردەکەوێ. بـــە گشـــتی فاشـــیزم بۆچـــوونێکی گشـــتی ڕاســـتی توندڕۆیە لە سیاسەتدا کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە: فاشـــیزم دژکـــردەوەی هەنـــدێ بەشـــی کۆمەڵگای نەریتییە، بە تایبەت ئەرستۆکرات و وردە بورژوا و جووتیاران، لە بەرانبەر زەخت و گوشارەکانی مۆدێڕنیتـــە و ســـەرمایەداریدا؛ کـــە چـــاوێکی هـــەروا لـــە ڕابردوویـــە و ســـەرەڕای توندوتیژی و هەنگاوی توندڕۆیانە، هیچ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لـــە کۆمـــەڵگادا پێـــك نـــاهێنێ.
تیۆریسیەنەکان بەم شێوەیە باس لە فاشیزم دەکـــەن: فاشـــیزم دەرئـــەنجامی پەشـــێوی فکـــری و هەست کردن بە مەترسی و نەبوونی تەناهییە لەناو چینە نەریتییەکانی کۆمـــەڵگادا؛ فاشـــیزم بەرهەمی هەرەسهێنانی یەکریزی کۆمەڵگای نەریتی و هەوڵدانە بۆ بنیاتنانـــەوەی یـــەکریزی و شوناسێکی نوێ؛ فاشیزم دژکردەوەیەك بوو لە بەرانبـەر مەترسییەکانی سەرمایەداری گەورە بۆ سەر سامانە بچووکەکان و هەروەها مەترسییەکانی کۆمەڵگای مـــۆدێرن بـــۆ ســـەر کۆمـــەڵگا جووتیارییەکان. فاشیزمیش هـــەر وەك کۆنســـەرڤاتیزم خـــاوەنی بۆچـــوونێکی دژە عـــەقڵی،دژە دیموکراتی، ئێلیتیستی، دەسەڵاتخوازانە و ناسیۆنالیستییە. مەبەستی ئێمە لە هێنانە بەرباسی فاشیزم لێرەدا خستنە ڕووی سروشتی ڕژێمە فاشییەکان، شـــێوازە جۆراوجـــۆر و لۆکاڵییـــەکانی فاشیزم و بەستێنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پێکهێنەری بۆچوونە فاشییەکان لە سیاســـەت و هتددا نییە کـــە زۆرتـــر لـــە کۆمەڵناســـی سیاســـی فاشـــیزمدا بـــاس دەکـــرێن، بـــەڵکو تـــەنیا مەبەستمان شیکردنەوەی نـــەریتی فکـــری فاشـــیزم و ڕیشـــەکانییەتی وەك جـــۆرێکی تایبـــەتی کۆنسەرڤاتیزم.

ئەوەی دواجار وەك ئایدۆلۆژیای سیاسی فاشیزم دەرکەوت بەرهەمی ئاوێتـە بـوونی چـەند ڕەوتی فکری بوو. لەو ڕووەوە، فاشـیزم وەك لاڕێ بـوونێکی بـێ وێنـە نایەتـە ژمـار؛ بـەڵکو هەڵقوڵاوی ڕەوتە فکرییە ڕۆمانتیك و کۆنسەرڤات و دژە عەقڵ خوازانەکان بوو کە بە گشـتی دژکردەوەیەك بوون لە بەرانبەر مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەریدا. ئـەو دژکـردەوە گشـتییە ئاوێتــەی مێژوو و نەریت وکلتوری وڵاتانی جۆراوجۆر بوو و هەندێ دیاردەی ئـاڵۆزی لێکەوتـەوە. هـەر وەك باسکرا، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو دژکردەوە گشـتییە بـریتی بـوون لـە دژایـەتی لەگەڵ تاكخوازیی و عـەقلانییـەت و یەکسـانی و ئـازادی و داکـۆکی کـردن لـە سـەروەری و زنجیرەپلـەی کۆمـەڵایــەتی نــەریت و باوکســالاری سیاســی و کۆمەڵایــەتی و هــزری فاشــیزم هــەڵقوڵاوی ئــەو شۆڕشــە و دژکــردەوەی کۆنســەرڤاتانە بــوو لــە دژی لیبراڵیــزم. هــەوڵی کۆنسەرڤاتیزم بە گشتی و فاشیزم بە تایبەتی گێڕانەوەی تەناهی و یەکریزی نەریتی لە دەست چوو بوو و بۆ ئەو مەبەستە هەندێ چوارچێوەی وەك ڕەگەز، نەریتە نەتەوەیی و ئایینییـەکان و دەوڵەتیان پێشنیار دەکرد. داروینیزمی کۆمەڵایەتی (Social Darwinism) کە یەکێکە لە بەستێنە فکرییەکانی کۆنسەرڤاتیزم و فاشیزم، بەشێکە لە شێوازە سەرەتاییەکانی سـەرهەڵدان لە دژی مۆدێرنیتە و لیبراڵیزم و وەك دژایەتی کردن لەگەڵ نەریتی ڕۆشنگەری، جەختی دەکردە سەر سروشتی تاك وەك بوونەوەرێکی غەریزی و ناعەقلانی. ڕەگەزپەرستی وەك چوارچـێوەیەك بۆ زیندوو کردنەوەی یەکریزی، هەندێ جار هەڵقوڵاوی داروینیزمی کۆمەڵایەتییـە. بـەو پێیـە ڕەگەز وەك تاکێك سەیر دەکرا کە یەك ڕوحی هەیە و پاساوی شەڕ ئەوە بوو کە شـەڕ هێمـای سەروەری ڕەگەزییە. ڕەگەزپەرستی بوو بە ئەڵتەرناتیڤی یەکریزییە نەریتییە لە دەستچووەکان و شوناس و تەناهی بە مرۆ دەبەخشی. هەروەها لە بەرانبەر مۆدێرنیزم و لیبراڵیزمی سـەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا جەخت دەکرایـە سـەر مۆدێلـە شـوناس بەخشـەکانی وەك زمـان و کلتوری نەتەوەیی و ئایین. گەڕانەوە بۆ چوارچێوە شوناس بەخشە سنووردارترەکانی وەك زمـان و کلتوری نەتەوەیی و ڕەگەز و سەرهەڵدانی بزووتنەوە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان لـە سـەر بنەمای ئەو چوارچـێوانە دژکردەوەیـەك بـوو لـە بەرانبـەر ئەنترناسـیۆنالیزمی مـۆدێرنیزم و لیبراڵیزمـی سـەرەتایی. یۆهـان فیختـە(Johann Fottlieb Fichte) (1762_1814) و هەردر لە ئەڵمانی سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا جارچی بۆچوونی یەکێتی و سەروەری ڕەگـەزی بوون. جەخت کردن لە سەر کۆمەڵگا وەك گشتێکی ئۆرگانیك و یەکدەست دژکردەوەیەك بـوو

لە بەرانبەر مۆدێرنیتە و تاکخوازیی لیبراڵیزم. بەو شێوەیە تاك کە بە هۆی زاڵ بوونی بۆچوونە سەردەستەکانی مۆدێرنیتە و لیبراڵیزم لە شوناس و چوارچێوە نەریتییەکانی خـۆی دابـڕا بـوو، ئێستا لە نەتەوە، کلتوری نەتەوەیی، ڕەگەز، کۆمـەڵگای ئۆرگانیك و دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات و باوکسالاردا سەر لە نوێ تەناهی و شوناسی خۆی وەدەست دێنێتەوە.

لە ئیتاڵیا جۆڤانی جەنتیلە (Giovanni Gentile) (1875_1944) لە ڕێگەی بەلاڕێدا بردنـی فەلسـەفەی مـۆدێرنیزمی هیگڵـەوە دەوڵـەتی وەك تاکـە جەوهـەری حـەقیقی ژیـانی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرد کە لە دەرەوەی ئەودا هیچ شتێك مانای نییە. بـە بـاوەڕی نـاوبراو دەوڵەت دەبێ یەکریزی و شوناسی لە دەست چووی مرۆڤ بگێڕێتـەوە و زینـدووی کاتـەوە. لـە فاشیزمی ئیتاڵیاشـدا، لـە بەرانبـەر بۆچـوونە گێرەشـێوێنەکانی لیبراڵیـزم و سۆشـیالیزمدا، جەختیان دەکردە سەر دەوڵەتی کۆرپۆراتیو (Corporative) و ئۆرگانیك. کۆرپـۆراتیزم واتـا سەرێتی بەرژەوەندی کۆ، واتا بنەماڵە و نەتەوە و دەوڵەت، بە سـەر بەرژەوەنـدی تاکـدا. بـەو پێیە، دەوڵەت و کۆمـەڵگا دەبێ وەك جەستەیەکی یەکە هاوئاهەنگ و بێ گرژی و ئاڵۆزی بـن؛ و تاك تەنیا لە دەوڵەتدا مانا و گرنگی هەیە. مۆسۆلینی دەیگوت:» فاشیزم وەك واقعییـەتی ڕاستەقینەی تاك جەخت دەکاتە سەر دەوڵەت. لە ڕوانگەی فاشیزمەوە، دەوڵەت ڕەهایەکە کە تێیدا تاك و گرووپەکان ڕێژەیین. تاك و گرووپەکان تا ئەو جێیە لەبەر چاون کە لە دەوڵەتدا بن. کاتێ دەڵێن فاشیزم مەبەست هەمان دەوڵەتە.[١]«

لە ئەڵمانیا لەبری دەوڵەت ئەوەی گرنگییەکی سەرەکی هەبوو ڕەگەز بـوو و ڕەگـەز دەبـوو ئەو یەکریزی و شوناسەی بە هۆی مۆدێرنیتە و لیبراڵیزم لە دەست چوو بـوو دووبـارە زینـدوو کاتەوە. بەو شێوەیە شوناسی ئەتنیکی و ڕەگەزی سەرێتی هەبوو بە سەر تاکێتیدا. بە گشتی ئەتنیکخوازی و ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیزم و دەوڵەتخـوازی وەك چوارچـێوەی پێکهێنـەری تەناهی و شوناس و یەکریزی لە ئایـدۆلۆژیاکانی کۆنسـەرڤاتیزم و فاشیسـتیدا دژکردەوەیـەك بوون لە بەرانبەر ئیندیۆڤیدیالیزمی لیبراڵیـزم و نـەریتی ڕۆشـنگەری. مۆسـۆلینی دەیگـوت: «ئێمە لەگەڵ دژایەتی تەواو لەگەڵ جیهانێکین کە پرەنسیپەکانی ١٧٨٩ (شۆڕشـی فەڕەنسـا)

1. Political Ideologies, pp. 229_230 .

ڕەچاو بکا.[١]» یان گوبلەز وتەبێژی دەزگای پڕۆپاگەندەی هیتلەر دەیگوت: «بەم پێیە ساڵی ١٧٨٩ لە لاپەڕەی مێژوو دەسڕێتەوە.[٢]»

بێگومان وێکچوویی بۆچوونەکانی فاشییەکان لە ڕای ئیدمۆند برێك لە دژایەتی کردنی شۆڕشی فەڕەنسادا، هەر وەك بینیمان، شتێکی بەڕێکەوت نییە. جۆرەکانی کۆنسەرڤاتیزم و فاشیزم یەك ڕەچەڵەکنامەیان هەیە.

پێکهێنانی یەکریزی کە ئامانجی سەرەکی کۆنسەرڤاتیزم بەگشتی و فاشیزم بەتایبەتی بووە، پێویستی بە توخمێك هەیە بەناوی ڕێبەری. هزری ڕێبەرانی هەڵڕستەدە لە هەموو شوێنەکاندا بەشێك بووە لە بۆچوونی کۆنسەرڤاتیزم بە تایبەت کۆنسەرڤاتیزمی شۆڕشگێڕانە. فاشییەکان بە مەبەستی پاساودانی ئەو هزرە دەستیان کرد بە بەلاڕێدا بردنی بۆچوونەکانی نیچە و داروین. هزری هەڵکەوتە غەریزی و سروشتییەکان لە بۆچوونی کەسانێکی وەك ڤیلفرەدۆ پارەتۆ (Vilfredo Pareto) (١٨٤٨_١٩٢٣) بۆ نکۆڵی کردن لە مەجالی دیموکراسی و لیبراڵیزم کەوتە خزمەت فاشییەکانەوە. هەروەها هزری بێ عەقڵی جەماوەر لە لای کەسانێکی وەك گۆستاو لۆبۆن بوو بە مایەی پاساودانی دەسەلاتخوازی. بە گشتی ئەو فەزاە فکرییە دژە عەقڵییەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە لایەن هەندێ بیرمەندەوە پێکهات نەریتی دێرینی کۆنسەرڤاتیزمی ڕادیکاڵتر کرد. بەو پێیە پشتیوانی فکری فاشیزم وەك کۆنسەرڤاتیزمی خەباتکار دەگەڕێتەوە بۆ شەپۆلە فکرییەکانی ڕۆمانتیك، ئێلیتیستی، داروینیستی و دژە عەقڵی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە کە هەموویان دژکردەوەیەك بوون لە بەرانبەر دارمانی جیهانی کۆن لە پرۆسەی مۆدێرنیزمدا.

پێگەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوە فاشییەکانیش باس لە سروشتی کۆنسەرڤاتانەی فاشیزم دەکا. بە گشتی، بە پێی لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان، فاشیزم بزووتنەوەی ڕاستی ڕادیکاڵی هەڵقولاوی هەڵوێستی چینەکانی بەر لە سەرمایەداری بوو بە تایبەت وردە بورژواکان و جووتیاران و ئەرستۆکراتەکان و لە هەموو شوێنەکاندا موژدەی گەڕانەوە بۆ تەناهی ونبووی دەدا. ڕەوتی پیشەسازی و گەشەکردنی سەرمایەداریی مۆدێرن لە هەموو شوێنێکدا زیانبار

1. Ibid, p. 234 .

2. Ibid, p. 234 .

بوو بۆ چینەکانی بەر لە سەرمایەداری؛ بەو پێیە فاشیزم بزووتنـەوەی زیـان بەرکـەوتووان لـە مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتە بوو. ئایدۆلۆژیای فاشیزم لە هەموو شـوێنێکدا ڕەنگدانـەوەی تـرس و دڵەڕاوکێ و نەبوونی تەناهی چینە زیان لێ کەوتووەکان بوو؛ و نوێنەری ئاوێتەیەك لە ئامانجـە ئەرستۆکراسی و جووتیاری و وردە بورژواییەکان بوو. ترس لە جیهانێکی نوێ و هەرەسهێنانی پاڵپشتە نەریتییەکان دژکردەوەی ترساوی لێدەکەوتـەوە و جـەخت کـردن لـە سـەر ڕێنمـایی، دەسەڵات، پەیڕەوی، دیسیپلین و زنجیرەپلەی پاساو دەدا[1].

بە گشتی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای فاشیزم بەو شێوەیە بوون: جەخت کردن لە سەر پێویستی یەکریزی و شوناس لە چوارچێوەکانی وەك نەتەوە، ڕەگەز، دەوڵـەت و ئـایین؛ پەسن و پێداهەڵدانی ڕابردوو و نەریت؛ جەخت کردن لە سەر ڕێبەرایەتی و دەسـەڵاتی ڕەهـا و ئێلیتیزم؛ دژایەتی کردن لەگەڵ ئیندیۆڤیـدیالیزم و عەقلانییـەت و دیموکراسـی و سۆشـیالیزم؛ جەخت کردن لە سەر یاسا گشتییە سروشتی و مێژووییـەکان وەك یاسـای بنچـینەیی. دووەم تایبەتمەندییەکانی فاشیزم وەك بزووتنەوەی کۆمەلایەتی و هەروەها دەوڵەت (وەك ئیمپریالیزم، تیرۆر، تاك ئایدۆلۆژیا، شەڕخوازی و هتاد) هەڵقولاوی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانن.

شۆڕشی کۆنسەرڤاتانە وەك بۆچوونێکی گشتی لە سیاسەتدا، کە فاشیزمیش لەخۆ دەگرێ، دژکردەوەیەکی لە ڕووی ترسە لە بەرانبەر مۆدێرنیتە و ئازادییەکانیـدا؛ لـەو ڕووەوە شۆڕشـی کۆنسەرڤاتانە هەم لە دەرکەوتن و هەم لە میتۆددا تونـدڕۆ و تەنانـەت یوتۆپیاییـە. شۆڕشـی کۆنسەرڤاتانە جۆری بریندار و ترسناك و هێرشبەری کۆنسەرڤاتیزمە.

لە کۆتاییدا دەربارەی وێکچوون و جیاوازییەکانی کۆنسەرڤاتیزم و فاشـیزمدا دەبـێ بڵـێین یەکەم بزووتنەوە فاشییەکان لە هەموو شوێنەکاندا لە لایەن هێزە کۆنسەرڤاتەکان واتا خـاوەن زەوییەکان و کلێسە و سوپاوە پاڵپشتیان لێ کرا و هەر ئەو هێزانەش زۆر کاریگەر بـوون لـە دەستەبەر کردنی بەستێنی سەرکەوتنی فاشیزمدا؛ دووەم، ئەوەی دەربارەی کۆنسەرڤاتیزم گوترا سەبارەت بە فاشیزمیش ڕاستە، واتا فاشیزمیش بۆچوونێکی دژە مۆدێرنیزم بوو کە لە لایـەن چینە نەریتییەکانی بەر لـە سـەرمایەدارییەوە پشـتگیری دەکـرا. سـێیەم، هـەر دوو هـەڵگری

---

١. برینگتن، مور. ریشەهای اجتماعی دیکتاتوری و دموکراسی، ترجمەی حسین بشیریە، (تهـران، مرکـز نشـر دانشگاهی، ١٣٦٩)، فلل دوم.

بۆچوونی دەسەڵاتخوازانە و ئیلیتیستانە و دژە دیموکراتی بوون. بەڵام لە لایەکی ترەوە، فاشیزم وەك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆزتر لە کۆنسەرڤاتیزم بە مانای باو بووە. ئایدۆلۆژیای فاشیزم لە ڕاستیدا ئاوێتەیەك بووە لە دوو بۆچوون: بۆچوونی یەکەم بۆچوونێکی ئەرستۆکراتانە و کۆنسەرڤاتانە و کلێسەیی بووە و بۆچوونی دووەم بۆچوونی ڕادیکاڵی وردە بورژوایی دژە کاپیتالیستانە بووە. فاشیزمیش هەم ڕەنگدانەوەی ئیلیتیزم و دەسەڵاتخوازی و نەریتخوازی ئەرستۆکراتەکان و کلێسە بوو و هەم ڕەنگدانەوەی ویست و خواستی دژە سەرمایەداری وردە بورژواکان و جووتیاران[1]. خاڵێکی تر لە پێوەندی لەگەڵ کۆنسەرڤاتیزمدا ئەوەیە کە کۆنسەرڤاتیزم بە واتا بەرتەسکەکەی تەنیا لە هەوڵی پاراستنی نەریت و شوناسەکانی ڕابردوو دایە؛ بەڵام فاشیزم وەك کۆنسەرڤاتیزمێکی بریندار، لە هەوڵی دانانی هەندێ چوارچێوەی نوێی وەك ڕەگەز و دەوڵەتی کۆرپۆراتیستیدا بوو بە مەبەستی پێکهێنانی یەکرێزییەکی نوێ. بەو پێیە فاشیزم هێرشی دەکردە سەر بنەمای مۆدێرنیزم، بەڵام لە ڕێگەی دانی هەندێ ئیمتیازی ڕواڵەتییەوە واپێشاندەدا کە پێداویستییەکانی سەردەمی مۆدێرنی بەلاوە گرنگە؛ بۆ نموونە هەر بەو هۆیە لە ژێر کاریگەری بەرفراوان بوونەوەی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی مۆدێرندا فاشیزم کۆنەپەرستی و کۆنسەرڤاتیزمی کردە کارێکی گەلی و بزووتنەوەیەکی جەماوەری. لەو ڕووەوە ڕەنگە بکرێ بڵێین فاشیزم دوو ڕووکاری هەیە: ڕوویەکی نەریتی، کە ناوەڕۆکە فکری و کلتورییەکەی پێك دێنێ؛ و ڕووکەی تری ڕوویەکی مۆدێرنە، کە لە ڕێگەی قبووڵ کردنی مۆدێرنیزم و جەخت کردن لە سەر وتەزاکانی وەك پلاندانان و گەشەکردنی تەکنیکییەوە لەگەڵ جیهانی نوێدا دەگونجێ. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، نابێ پێوەندی قووڵی نێوان فاشیزم و کۆنسەرڤاتیزم لەبەر چاو نەگرین. زۆربەی ئەو نووسەرانەی سەرنجیان نەداوەتە بەستێنی کۆمەڵایەتی هزرە سیاسییەکان لە ڕۆژئاوادا، پێوەندی قووڵی نێوان کۆنسەرڤاتیزم و فاشیزمیان لەبەر چاو نەگرتووە. هەر وەك باسکرا، کۆنسەرڤاتیزم و ئایین هەر لە بنەمادا پێوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە؛ بەڵام ئەو پێوەندییە لە نێوان کۆنسەرڤاتیزم وەك ئایدۆلۆژیا یان هۆشیاری سیاسی و بنئاژۆیی ئایینیدا هەندێ لایەنی نوێ

1. H. Trever_Roper " ,The Phenomenon of Fascism , "European Fascism, edited by S.Woolf, New York, 1960.

وەردەگرێ. بنئاژۆیی بە واتای هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی بەها ئایینییەکان، لە بەرانبەر ئایدۆلۆژیا و بۆچوونە مۆدێڕنەکاندا، دژکردەوەیەکی گشتی و سەرانسەری بووە لە سەدەی بیستەمدا و لە کلتورە ئایینییە جۆراوجۆرەکاندا سەری هەڵداوە. نووسەرێك لە پێناسەی بنئاژۆ ئایینییەکاندا دەڵێ: «ئەوان هەوڵ دەدەن ئەوەی لە ڕابردوویاندا بەها و بایەخی هەبووە زیندووی کەنەوە بۆ ئەوەی دژایەتی لایەنە نەخوازراوەکانی سەردەمی نوێ بکەن[1].» بەو پێیە بنئاژۆیی ئایینی، هەر وەك بۆچوونی گشتی کۆنسەرڤاتیزم، شۆڕشێك بووە لە دژی مۆدێڕنیتە و میراتی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوادا. بنئاژۆکانی هەموو ئایینەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی بۆچوونە ڕەهاکانەوە دژایەتی ڕێژەییخوازیی سەردەمی مۆدێڕن بکەن. بنئاژۆیی دژی پڕەنسیپەکانی مۆدێڕنیتەیە، پڕەنسیپەکانی وەك تاکگەرایی، عەقلانییەت، دنیاخوازیی، ئازادی، لێبووردەیی، دیموکراسی، پلۆرالیزم، مرۆڤگەرایی، ڕێژەییخوازی؛ و پشتگیری لەو بابەتانەی خوارەوە دەکرد: بۆچوونە ڕۆمانتیکە ناعەقلانییەکان، ڕەها دەژمار هێنانی بایەخی، کۆگەرایی لە بەرانبەر تاکگەراییدا، ئێلیتیزم بە هەموو لایەنەکانییەوە، ئاوێتە کردنی ئایین و سیاسەت، دیسیپلینی کۆمەڵایەتی، دەسەلاتخوازیی، گەمارۆی کلتوری و چاوەدێری ئەخلاقی بە سەر کۆمەڵگادا. بەو پێیە بنئاژۆیی(فەندەمێنتالیزمی) ئایینی بەشێکە لە ڕەوتی گشتی دژە ڕۆشنگەری کە لە بارودۆخێکی مێژوویی تایبەتدا بە شێوەی *شۆڕشی کۆنسەرڤاتانە* یان ڕادیکالێزمی ڕاستئاژۆیانە دەرکەوتووە و تەنانەت هەندێ جار لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا ڕەنگی کۆمەڵگای ئایدیالی تایبەتی خۆی ڕشتووە. «بنئاژۆکان لە بەرانبەر شارەخەونی مۆدێڕنیستیدا هەندێ وێنەی تریان لە کۆمەڵگای دڵخواز ڕاناوە کە لەو وێنانەدا پێشینەی ئایینی دۆکتۆرەینە تەناهیبەخشەکان و وەفاداری گرووپەکان لە بەرانبەر یەکتردا دەستەملانی یەکتر دەبن.[2]» بنئاژۆی ئایینی پشت بە ئایدیالی کردنی ڕابردوو و «خوێندنەوەی گۆڵبژێرکراو لە کتێبی پیرۆز[3]» و لێکدانەوەی مێژوو بەپێی ویست و نیازەکانی باوەوە

1. B.Lawrence, Defenders of God: The Fundamentalist Revolt against the Modern Age, London, I.B.Tauris, 1990. p. 17 .

2. Ibid, p. 18.

3. Ibid, p. 15.

دەبەستیٚ. کەواتــە بنئــاژۆیی و ڕوو لــە نــەریتی کــۆن کــردن دوو شــتی جیــاوازن. بنئــاژۆیی دژکردەوەیەك بوو لە بەرانبەر جیهانی نوێدا؛ و هەر بەو هۆیە لە ژێر باندۆڕی ئەو جیهانە دایە. بنئاژۆیی ئایینی بەر لە سەرهەڵدانی سەردەمی مۆدێڕن هەر باسیشــی نــەبوو و دەکــریٚ بڵــێین بەرهەم و دەرئەنجامی مۆدێڕنیتە و مۆدێرنیزمە هەرچەندە دژایــەتی ئــەوان دەکــا. بنئــاژۆیی گلۆڵەیــەکی ئــاڵۆزە؛ چــونکە لــە لایــەك پێشــوازی لــە نوێــژەن بوونــە لــە پانتــا ئــابووری و تەکنیکییەکاندا دەکا و بۆچوونێکی ئامرازی و کەرەسەیی لە بەرانبەر مۆدێڕنیتەدا هەیە و لە لایەکی ترەوە بنەما بایەخی و کلتورییەکانی مۆدێڕنیتــە ڕەت دەکاتــەوە. بــە واتایــەکی تــر، بنئاژۆیی جەستەی مۆدێڕنیتە قبووڵ دەکــا، بــەڵام خــۆ دەپــارێزیٚ لــە قبــووڵ کردنــی ڕوحــی مۆدێڕنیتە؛ باوەڕی بە بونیادە و تەکنۆلۆژیا هەیە، بەڵام لە کلتور و ئایدۆلۆژیاکــەی دەترســیٚ؛ قاشەپۆلکی مۆدێڕنیتەی قبووڵە، بەڵام نکۆڵی لە مێشکەکەی دەکا. کەواتە بنئاژۆیی بە واتای تەواوی وشە *نەریتخوازیی سەردەمی مۆدێڕنە*.

بنئاژۆیی ئایینی بزووتنەوەیــەکی گشــتگیرە. وشــەی *بنئــاژۆیی* لــە ســەرەتاکانی ســەدەی بیستەمدا بۆ هەندیٚ گرووپی توندڕۆی پرۆتستانتی ئەمەریکا کەڵکی لێوەردەگیرا. بە بــاوەڕی هەندیٚ لە نووسەران، بنئاژۆیی پرۆتستانتی ئەمەریکا و کەنەدا و بەریتانیا فــۆڕمی ســەرەکی بنئاژۆیی مەسیحی سەدەی بیستەمە. بنئاژۆیی ئایینی جــوو لــە ئیســراییل و ئەمەریکاشــدا دژکردەوەیەك بوو لە بەرانبەر دەرکەوتەکانی ژیانی ڕۆژئاوادا کە خوازیــاری بەرێوەچــوونی بــە تەواوی یاساکانی ئایینی جوو بوو. بنئاژۆیی ئیسلامیش لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقییادا سەری هەڵدا. لایەنی هاوبەشــی ســەرجەم بزووتنــەوە بنئاژۆکــان دژایــەتی کردنــی بــەها و بایــەخ و ئەخلاقــەکانی مۆدێڕنیتــەی ڕۆژئــاوا و ســەردەمی ڕۆشــنگەری و تــرس لــە لایەنــە فکــری و کلتورییەکانی جیهانی نویٚ بوو. هەر بەو هۆیە ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم پێوەندییەکی قــووڵ و پتەوی لەگەڵ بنئاژۆیی ئایینیدا هەیــە. بنئــاژۆیی، کۆنســەرڤاتیزمێکی توندوتیــژە کــە لــە بەرانبەر دوژمنانیدا چالاك و ڕادیکاڵە. ئەو ئایدۆلۆژیایە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دەروونــی مرۆیی نەریتیدا هەیە کە لە پرۆسەی مۆدێڕنیتەدا زیانی بەرکەوتووە و هــۆی پێداویســتی بــە پاراستنی یەکریزی لە بەرانبەر گوشارەکانی جیهانی نوێدا دەبێتە مرۆڤێکی دەسەڵاتخواز. بــەو پێیە، هزری کۆنسەرڤاتیزم پێشینەیەکی دوور و درێژ و ئاڵۆزی هەیە کە لە خــوارەوەدا پێشــان دراوە:


ڕاستی نوێ
(نوێکۆنسەرڤاتیزم و نوێلیبراڵیزم)
دەوڵەتی خۆشبژێوی
لیبراڵی (چینە باڵادەستەکان)
فاشیستی (جەماوەری)
ئەریستۆکراتی
سێکیولار
ئایینی
بتناتۆ
نەریتی
ئایدیالیست
ڕۆمانتیک
کۆنسەرڤاتیزم

## (٢)

# نەوەی کۆنی کۆنسەرڤاتەکانی سەدەی بیستەم

ژیانی تاقی‌نەکراوە بایەخی ژینی نییە.
ڕوسەل کرک[١]

کۆنسەرڤاتیزم لە سەدەی بیستەم دا لە ژێر کاریگەری بۆچوون و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەو سەدەیەدا هەندێ شێوازی نوێی بەخۆوە گرت. لێرەدا باس لە هەندێ کەسایەتی دیاری نەوەی کۆنی کۆنسەرڤاتەکانی سەدەی بیستەم دەکەین.

### بەریتانیا:

مردنی شاژنی بریتانیا، ڤیکتۆریا، لە ساڵی ١٩٠١دا بوو بە دەسپێکی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی فکری و سیاسی بریتانیادا. حیزبی کۆنسەرڤات لە ساڵی ١٩٠٦دا شکستی خوارد و هێزە سۆسیالیست و یەکێتییە کرێکارییەکان بە دەسەڵاتتربوون. پەرەسەندنی ئابووری سەردەمی ڤیکتۆریا لە دەیەی ١٨٨٠ بە دواوە بە هۆی داکەوتن و خۆشگوزەرانی گشتییەوە تووشی نووقسان هاتبوو. ئەو قەیرانانە کاریگەریان هەبوو لە سەر شکستی کۆنسەرڤاتەکان و بەهێز بوونی سۆسیالیست و یەکێتییە کرێکارییەکان. ئەو ئاڵوگۆڕانە هەندێ دژ کردەوەیان لێکەوتەوە کە کاریگەریان هەبوو لەسەر سروشتی هێزی کۆنسەرڤاتیزم لەو وڵاتەدا. بە واتایەکی تر، دیموکراسی و سۆشیالیزم خوازی هەندێ دژ کردەوەی کۆنسەرڤاتانەی نوێی لێکەوتەوە و لە ئاکامدا شێوازی هزری کۆنسەرڤاتیزم لەم وڵاتەدا گۆڕانی بە سەردا هات.

---

1. Russel kirk, Academic Freedom, Chicago, 1955, p. 191.

### جۆرج گیسینگ (George Gissing):

جۆرج گیسینگ(١٨٥٧_١٩٠٣) ڕاستە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەژیا، بەلاّم شێوازی کۆنسەرڤاتیزمەکەی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر گەشەکردنی هزری کۆنسەرڤاتیزم لە سەدەی بیستەمدا. نووسراوە سەرەکییەکانی ئەوانەی خوارەوەن: گەلەکان(Demes)(1886)، جیهانی خوارەوە (The Nether World)(1889)، لە بەندرەخساو ( The Emancipated) (1890) ، ژنانە غەریبەکان (The Odd Women) (1893) و ساڵی یوبیل (جەژن) (In the Year of Jubilee) (1894) هەموو ئەو کتێبانانەی ناوبراو دەچنە خانەی ئەدەبی داستانییەوە. ناوبراو لە مانچستەر خوێندی و زۆر بە هەژاری و نەداری ژیا و لە بەرهەمەکانیدا باس لە قێزەونی و بێ کەڵکی و دێماگۆژی بوونی سەردەمی مۆدێرن دەکا.

گیسینگ سەرەتا هەڵگری بیری ڕادیکاڵ و دژە دەوڵەت و دژە کڵێسە بوو، بەلاّم دواتر لە بەرانبەر هێرشی دیموکراسی و هێزەکانی سەردەمی نوێیدا دەستی کرد بە داکۆکی کردن لە ئەرستۆکراسی فکری و خەبات لە دژی دیموکراسی و سۆشیالیزم و کۆمەڵگای مۆدێرن. گیسینگ لە چیرۆکەکانی خۆیدا باس لە دوورەپەرێزی و تەریك کەوتنەوەی کوشندە و ترسناکی مرۆڤی مۆدێرن دەکا و بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لەو دۆخە بەدوای قەتعییەتە لە دەست چووەکاندا دەچێ. ناوبراو وەك هۆکاری سەرەکی ئەو بارودۆخەی مرۆڤی مۆدێرن هێرش دەکاتە سەر زانستی مۆدێرن و دەڵێ: «من لە زانست دەترسم و ڕەقم لێیەتی و لەو باوەڕە دام کە زانست هەمیشە دوژمنێکی بێ بەزەیی مرۆڤە، چونکە ساکاری و ئاسوودەیی ژیان و جوانی جیهان دەکوژێ و دەبێتە مایەی گەڕانەوەی بەربەرییەت لە جلوبەرگی شارستانییەت دا.[١]» لە چیرۆکی گەلەکاندا، کە پاڵەوانی چیرۆکەکە کرێکارێکی سۆسیالیستە، دواجار دەبێتە پیاوێکی خراپ، چونکە لە ئەنجامی زێدەخوازییەوە تووشی گەندەڵی دەبێ. گیسینگ لە ڕێگەی ئەو چیرۆکەوە دەیەوێ بڵێ کۆمەلاّنی ڕەنجبەر کە ناتوانن بە سەر مەیل و هەوەسی خۆیاندا زاڵ بن، چۆن دەتوانن کۆمەڵگا بەرێوەبەرن. لە کتێبی جیهانی خوارەوەدا، کە دەربارەی کرێکارانی لەندەنە، باس لەوە دەکا کە لە کۆمەڵگادا تەنیا دەشێت چاکسازی لە خووخدە و ئەخلاقی

1. Russel Krik, The Conservative Mind: From Burke to Santayana, Chicago, 1953, p.333.

گشتی دا بکرێ و دەگونجی و دەبێ نیگەرانی ئەرکە ئەخلاقییەکانی جەماوەر بی نەك مافەکانیان. ڕۆمانەکانی تریشی نارەزایەتین لە بەرانبەر ناکامی و تەنیایی دەرئەنجامی ژیانی مۆدێرنە کە بەرۆکی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی گرتووە. بەرهەمەکانی گیسینگ پڕاوپڕن لە کۆنسەرڤاتیزمی ئەخلاقی و هیوابڕاوی لە نوێژەن کردنەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ڕیفۆرمی گشتییەوە. ناوبراو وەك سەرەکیترین هۆکاری ڕووخێنەری جوانی لە ئەدەب و فەلسەفەدا هێرش دەکاتە سەر عەلمانیەت. بە باوەڕی ناوبراو کۆللێکتیڤیزمی مۆدێرن و بۆ نموونە سۆشیالیزم، بکوژی جۆراوجۆری و تاکایەتی خۆشی بەخشی ژیانی مرۆڤن. دەربارەی دیموکراسیش دەڵێ: «خوا نەکا ئەوەندە بژین کە ببینین دیموکراسی بە هەموو دەسەڵاتە دڵخوازەکانی خۆی گەیشتووە.[1]» لە شوێنێکی تردا دەربارەی بارودۆخی مۆدێرن دەڵێ: «جیهان هەروا بە باشی بەرەو وەحشی بوون پاڵدەنرێ. بێگومان لە داوڕۆژدا هەندێ شەڕ دێنە ئاراوە... کێ دەزانێ چ داوڕۆژێکی ڕەش و ترسناك چاوەڕوانیمان دەکا. لانیکەم سەدە و نیوێکە شارستانییەت تووشی ڕەوشێکی ئاوها ناخۆش بووە.[2]»

ناوبراو باوەڕی وابوو کە دیموکراسی مرۆڤەکان دەخاتە چوارچێوەی جەماوەرییەوە و مرۆڤی جەماوەریش بوونەوەرێکی بێ کەڵك و شەڕانییە و تاکە ڕێگەی دەرباز بوون لە دەست نارەواییەکانی شارستانییەتی مۆدێرن هانابردنە بەر نەریتەکانە. قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك پرۆسەیەکی هێدی و هێورە کە لە درێژەی نەوە یەك لە دوا یەکەکان و هاوڕێژەی بیر و زەینی خەڵك و خووخدەی ئەوانەوە وەدی دێ، کەواتە بە بێ دەست بردنە ناو خووخدە و بیر و زەینی خەڵك ئەو قەوارەیە هیچ ئاڵوگۆڕێکی بە سەردا نایە. نەریت پشت بە عەقڵی ساخلەمەوە دەبەستێ و هیچ پێوەندییەکی بە ئایدیا ئەبستراکت و خەیاڵییەکانی دیموکراسییەوە نییە. کەواتە دیموکراسی ڕێگە چارەیەکی باش نییە بۆ چارەسەر کردنی پرس و گرفتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن. دەبێ لە ڕێگەی نەریت و حکومەتی ئەرستۆکراتییەوە مۆدێرنیتەی هەوسار پساو و سەرلێشێواو لەغاو بکرێ.

1. Ibid. p. 335.

2. Ibid. p. 335.

**مالۆك (W.H.Mallock):**

مالۆك (١٨٤٩_١٩٢٣) وەك یەكێك لە سەرەكیترین و پڕكارترین كۆنسەرڤاتەكانی ئینگلیز لە سەدەی بیستەمدا دێتە ژمار. ناوبراو لە بنەماڵەیەكی ئەرستۆكراتدا لە دایك بوو و زۆر ئۆگری شێعر و ئەدەب بوو و یەك لە هیوا و خەونەكانی زیندوو كردنەوەی چێژی نەریتی لە شێعردا بوو. مالۆك وەك داكۆكی كردن لە ئایین و ژیانی نەریتی و ئاسوودەیی كۆن لە بریتانیادا كەوتە دژایەتی كردنی پۆزەتیڤیستەكان و لایەنگرانی زانست و بیرمەندانی هەڵكەوتەی وەك هێربێرت سپەنسەر و بێرنارد شاو. ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو كە ئایینی كاتۆلیك بەرزترین جۆری ئایینە و خۆشی لە كۆتایی تەمەنیدا چووە ڕیزی ئەو ئایینەوە. مالۆك خاوەنی ٢٧ كتێبە، ئەو كتێبانە بوارەكانی فەلسەفە و سیاسەت و ئەدەب دەگرنەخۆ، گرنگترینیان ئەمانەن: كۆماری نوێ (The New Republic) (1877)؛ ئایا ژیان بایەخی ژینی هەیە؟ (Is Life Worth Living) (1879)؛ یەكسانی كۆمەڵایەتی (Social Equality)(1882)؛ سنوورەكانی دیموكراسی پەتی (Limits of Pure Democracy) (1919)؛ كار و خۆشگوزەرانی گشتی (Labour and Public Welfare)(1894)؛ ئەرستۆكراسی و گەشەسەندن (Aristocracy and Evolution) (1889).

مالۆك لە كتێبی كۆماری نوێدا باس لەوە دەكا كە پێشكەوتن و گەشەكردنی مرۆڤ لە سەردەمی مۆدێرندا بۆچوونێكی بێ بنەمایە، چونكە پشت بە چەندایەتی و ئامارەوە دەبەستێ و ئەوەش دەربڕی چۆنییەتی ژیان نییە. بە باوەڕی ناوبراو ئامار لە ڕێگەی پێوانەی خۆیەوە كۆمەڵگا تووشی دارمان و نوێژەن كردنەوە دەكا و وێنەیەك لە خۆشگوزەرانی و پێشكەوتنی مرۆڤ بە دەستەوە دەدا كە تەنیا تایبەتە بە جیهانی ئامار. بەم شێوەیە مالۆك لە بەرانبەر داشكانەوەی زۆری زانستە كۆمەڵایەتییەكان بەلای میتۆدەكانی زانستە سروشتییەكان و ماتماتیكدا هەڵوێست دەگرێ. ڕەخنەی توندی مالۆك لە پۆزەتیڤیزم و بۆچوونە پۆزەتیڤەكان لە زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا ناوەرۆكی كتێبی *ئایا ژیان بایەخی ژینی هەیە* ؟ پێك دێنن. بە بۆچوونی ناوبراو پۆزەتیڤیزم دەروازەیەكە بە ڕووی كفردا و كفر دەرئەنجامی ناخۆشی بە دواوەیە بۆ ژینی بایەخی مرۆڤ. هەروەها لەو باوەڕە دایە كە ژیانی ئەخلاقی، خۆشبەختی و ئاسوودەیی مرۆڤ بە بێ ئایین میتافیزیكی دەستەبەر نابێ. پۆزەتیڤیستەكان هیچ كات ناتوانن شاری خودا پێك بێنن. موژدە و دیاری مۆدێرنیزمی بێ ئایینی جیهانێكی خەفەتبار و بێ ڕووحە.

داکەوتن و دارمان (تنزل) کاتێ قووڵ دەبێتەوە کە هیچ وێنەیەکمان لە غایەتی ئەخلاقی بەدەستەوە نەبێ و لە ئەخلاقیاتی پۆزەتیڤیستیدا دۆخەکە بەو جۆرەیە. بە باوەڕی مالۆك، لە بەرانبەر زانستی دژە بنەما و ئەخلاقدا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو پرسیارە کۆنە کە ئایا ئایین خۆی لەخۆیدا هەڵگری حەقیقەت هەیە یان نا. بە باوەڕی ناوبراو ناکرێ متمانە و ئیعتیباری ئایین بخرێتە سەرشانی زانستی مۆدێرن و پۆزەتیڤیستی و زانستی مۆدێرنیش تەنیا بانگەشەکەری وەحشی بوونێکی نوێ بووە کە لە ڕێگەی کەرەسەکانی شارستانییەتەوە هێرش دەکاتە سەر شارستانییەتی ئەخلاقی و ڕاستەقینەی مرۆڤ. «هیچ بزووتنەوەیەکی گەورە وەك پۆزەتیڤیزم دەربارەی ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بە هەڵە نەچووە... پۆزەتیڤیزم دەستی بە سەر جیهانی هزر و بیردا گرتووە و لەو ڕێگەوە تەنیا پەشێوییە دەروونییەکانی خۆی گواستۆتەوە بۆ پانتای هزر و بیر.[1]» مالۆك لە قۆناغەکانی دواتری ژیانی فکریدا واتا پاش ساڵی ١٨٩٠ ڕووی کردە خوێندنەوەی ئابووری سیاسی و کۆمەڵناسی کە کتێبەکانی وەك کار و خۆشگوزەرانی گشتی (١٨٩٤) و ئاستەکانی دیموکراسی نوێ (١٩١٨) بەرهەمی ئەو قۆناغەن. مەبەستی سەرەکی ناوبراو لە نووسینی ئەو کتێبانە دارشتنی تیۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو دەربارەی قوتابخانەی کۆنسەرڤاتیزم.

کۆنە کۆنسەرڤاتەکان بە گشتی لە بواری ئابووری سیاسییەوە زۆر لاواز بوون و لەو سەردەمەدا ئابووریناسان و تیۆریسیەنە کۆمەڵایەتییەکان وەك بەشێکی لیبراڵەکان دەهاتنە ژمار. کەواتە هەوڵی مالۆك بۆ خستنە ڕووی تیۆری ئابووری بۆ کۆنسەرڤاتیزم هەوڵێکی بێ وێنە بوو. بە سەرنجدان بەوە کە بیرمەندانی لیبراڵی ئەو سەردەمە مێژووییە زیاتر ڕوویان لە سۆسیالیست بوو، پێویستی خستنە ڕووی زانستی ئابووری کۆنسەرڤاتانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەست پێ دەکرا. بە بۆچوونی مالۆك دارشتن و ڕانانی وەها زانستێك کارێکی دژوار بوو، چونکە یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەو کارە ئاشت کردنەوەی پرەنسیپ و حەقیقەتە گشتییەکان بوو لەگەڵ هەڵوێستە ئەخلاقی و ئایینییەکاندا.

بە باوەڕی ناوبراو ڕوانگەی کۆنە کۆنسەرڤاتەکان دەربارەی ئابووری و کۆمەڵگا کۆن ببوو، چونکە بنەماکانی ئەو ڕوانگەیە واتا نەریت و حقووق و ڕێز گرتن لە دیسیپلین و خاوەنداریێتی

1. The Conservative Mind, pp. 349_350.

و بنەماڵە لە ئەنجامی گشتگیر بوونی هزرە سیاسی و ئابوورییەکانی پاش شۆڕشی فەرەنسادا تووشی لاوازی هاتبوون. بە باوەڕی ماڵۆك، لە بارودۆخی نوێدا چیتر نەریت ناتوانێ پارێزەری ئێمە بێ، بەڵکو ئێمە دەبێ پارێزەری نەریت بین و بۆ ئەو کارەش دەبێ کەڵك لە دەسکەوتەکانی زانستی نوێ و ئامار وەرگرین: «تا ئێستا تەنیا نەیاران و دژبەرانی کۆنسەرڤاتیزم کەڵکیان لە زانستی نوێ و ئامار وەرگرتووە. هەمووی ئەو بابەتانەی پشت بە هزرێکی ڕێكوپێکەوە دەبەستن هی نەیارانی کۆنسەرڤاتیزمە. بەڵام کۆنسەرڤاتەکان جگە لە دۆگماتیزمێکی ڕزیو کە تەنانەت ناتوانێ باس لە خۆشی بکا هیچ بابەتێکی تریان بەکار نەهێناوە.[1]» کەواتە کۆنسەرڤاتەکان دەبێ وەڵامێکی زانستی بەو پرسیارە بدەنەوە کە داخوا تیۆری یەکسانی کۆمەڵایەتی تیۆریەکی دروستە یان نا و تەنیا وەدرۆخستنەوەی ئەخلاقی بەس نییە بۆ ئەو کارە. ماڵۆك لە کتێبی یەکسانی کۆمەڵایەتی و هەروەها لە کتێبی کار و خۆشگوزەرانی گشتیدا بەو شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە لە ڕوانگەی زانستییەوە تیۆری یەکسانی کۆمەڵایەتی سەفسەتەیەکە و بەس، چونکە یەکسانی بە مانای کۆتایی گەشەکردن و پێشکەوتنە. هەر چەشنە پێشکەوتنێك لە مێژوودا چ لە بواری ئابووری و چ لە بواری کلتوریدا، بەرهەمی ویست و خواستی مرۆڤە بۆ نایەکسانی. ئەگەر هیوا و ئەگەری نایەکسانی لە ئارادا نەبێ، هەوڵی تاکەکان تەنیا لە چوارچێوەی خۆبەڕێوەبردندا دەمێنێتەوە. نایەکسانی دەبێتە مایەی سەرهەڵدان و لە دایك بوونی هەڵکەوتە و نوخبەکان و لە هەمبەردا یەکسانی بۆ هیچ کەس سوودمەند نییە. نایەکسانی هێزی پاڵنەری سەرەکی بەرهەمهاتنی سامانە لە کۆمەڵگا خاوەن شارستانییەتەکاندا، بەڵام یەکسانخوازی هێز و توانای بەرهەم-هێنان دەکوژێ. سۆسیالیستەکان بایەخی نایەکسانی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ناناسن. هەڵەی سەرەکی ئەوان لە تیۆری بایەخی کار دایە کە مارکس لە ڕیکاردۆی خواستەوە. بە باوەڕی ماڵۆك کار هۆکاری سەرەکی بەرهەمهاتنی سامانی کۆمەڵایەتی نییە و کاری بێ سەرمایە تەنیا دەکرێ خۆی پێ بەخێو بکەی و بەس. «چەندە قەڵەمەکەی شێکسپیر لە نووسینی هاملێتدا کاریگەری هەبوو کاریش هەر بەو ڕادەیە کاریگەری هەیە لە بەرهەمهاتنی سەروەت و ساماندا. هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ هێزە پاڵنەرەکان و کار تەنیا

1. The Conservative Mind, p. 351.

دەرکەوتەیەکی دەرەکی ئەو هێزانەیە.[1]» هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنان توانایی فکرە کە بە شێوەیەکی نایەکسان لە کۆمەڵگادا دابەش کراوە. بە واتایەکی تر، سەروەت و سامان دەرئەنجامی فکری خاوەن کارەکان و پیشەسازی کارانە. «نەتەوەکانی ئەو سەردەمە لە ڕێگەی پیشەسازییەوە دەوڵەمەند دەبن، بەڵام لە ڕابردوودا لە ڕێگەی داگیرکاری و دەست بەسەردا گرتنی وڵاتانی ترەوە دەبوونە خاوەن سەروەت و سامان.[2]» بەو شێوەیە بە بۆچوونی مالۆك مرخ و توانایی تاکەکەسی هێزێکی کۆمەڵایەتی هەراو و بەرفراوانە؛ و وزە و توانایی گەورە پیاوان ڕێگە نادا کۆمەڵانی خەڵك لە چاڵاوی وەحشیایەتی بکەون. ڕێسای یەکسانی کۆمەڵایەتی مرخ و توانای گەورە پیاوان دەکوژێ و لەو ڕێگەوە گورزێکی کوشەندە لە جەستەی شارستانییەت بە گشتی دەدا. «توانایی چەشنێك کردەوەی تاکەکەسی دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە سەر زۆر هێزی کار و ڕاپەڕاندنی زۆر ئەرك و کار وەپێش بخا.[3]» لە کۆمەڵگای خاوەن شارستانییەتدا توانایی فکری و کاری ئاوێتەی یەکترن (بۆ نموونە بە باوەڕی ناوبراو لە ساڵی ١٨٩٤ لە ١٣٠٠ ملیۆن پاوند داهاتی نەتەوەیی بریتانیا ٥٠٠ ملیۆنی بەرهەمی کار و ٨٠٠ ملیۆنی بەرهەمی هێزی فکری بووە). بە باوەڕی ناوبراو سەرمایە سەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانە؛ و لە ڕاستیدا بریتییە لە زاڵ بوونی هۆش و زانایی بە سەر ڕەوتی کاردا. میراتیش، کە سۆسیالیستەکان زۆری هێرش دەکەنە سەر، یەکێکە لە گرنگترین پاڵنەرەکانی توانایی فکری و هۆکاری پاشەکەوت کردن و کەڵەکە کردنی سەروەت و سەرمایە. بەو شێوەیە لەسەر یەك مالۆك گیانێکی ئابووری بازرگانی و بورژوایی دەنێتە بەر جەستەی لاوازی کۆنسەرڤاتیزمی ئەرستۆکراتی بریتانیا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ئەرستۆکراسی کۆن و کۆنسەرڤاتیزمی ئەرستۆکراتی سەردەمانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەرەو نەمان دەچوون و پێویستی بووژاندنەوەی کۆنسەرڤاتیزم لە ڕێگەی ئاوێتە کردنی کۆنسەرڤاتیزم لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئابووری سەرمایەداریدا زیاتر هەست پێ دەکرا. بارودۆخی دوای گەشەکردنی بزووتنەوە کرێکارییەکان و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای هەرەمەیی و ئەزموونی شۆڕشی ١٩١٧

---

1. Ibid. p. 352.

2. R.Eccle Shall etal, Political Ideologies, p. 103.

3. The Conservative Mind, p. 352.

ڕووسیا بێگومان کاریگەری هەبووە لەسەر بەهێز کردنی ناوەڕۆکی بورژوایی و کاپیتالیستانەی ئایدۆلۆژیای کۆنسەرڤاتیزم.

مالۆك لە کتێبی *ئەرستۆکراسی و پەرەسەندن* دا داکۆکی کۆنسەرڤاتانەی لە ئابووری ئازاد ئاوێتەی هێرش کردنە سەر دیموکراسی دەکا. بە بۆچوونی ناوبراو کۆمەڵناسان دەوری ڕێبەریان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا بە تەواوی لە بیر کردووە، لە کاتێکدا ڕێبەران وەك زەینی کۆمەڵگا وان و ڕای گشتی خۆڕسك هەر بوونی نییە و خولقێنەری ڕای گشتی ڕێبەرانن. ناوبراو لەو باوەڕە دایە کە دیموکراسی لە نکۆڵی کردن و ڕەت کردنەوەی دەوری ڕێبەراندا تووشی هەڵەیەکی زەق هاتووە و وێنەیەکی ناڕاستی لە ڕێبەران بەدەستەوە داوە، واتا دەوری ئەوان تەنیا باسکردنە لە ویست و خواستەکانی زۆرینە و خەڵك زەینییەتێکی سەربەخۆیان نییە. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا بە پێی بۆچوونی مالۆك، پێویستی ڕێبەر بوونی گرووپێکی بچووك بە واتا کۆتوبەند کردنی زۆرینە نییە؛ بەڵام سۆشیالیزم دەیەوێ لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بە ئامانجەکانی بگا. سەپاندنی زۆر و توندوتیژیش دەبێتە مایەی دابەزینی ئاستی بەرهەمەندان بۆ ئاستی بەردەستێك.

لە کتێبی *سنوورەکانی* دیموکراسی پەتی دا مالۆك لە ژێر تیشکی ئەزموونی شۆڕشی ڕووسیادا دەکەوێتە داکۆکی کردن لە پرەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزم. بە پێی بۆچوونی ناوبراو لەو کتێبەدا، هۆکاری سەرەکی بەرهەمهاتنی سەروەت زەینی ڕێنیشاندەرە، کە لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی کەمی لە داهات پێ دەبڕێ واتا(١/٥). زەینی ڕێنیشاندەر بەرهەمی نایەکسانییە سروشتییەکانی ناو کۆمەڵگایە؛ دەسەڵاتی بەهرەمەندان دەرئەنجامی سیستەمی حقووقی و سیاسی نییە، بەڵکو بەرهەمی سروشتە. ئەرستۆکراسی مۆدێرن هەمووی ئەو کەسانە لەخۆ دەگرێ کە بەرژەوەندی گشتییان لەبەر چاوە. «لە هەر دەوڵەتێکی خاوەن شارستانییەتدا دیموکراسی تەنیا لە هاریکاری لەگەڵ ئۆلیگارشیدا سەقامگیر دەبێ... زۆرینە تەنیا لە سۆنگەی بەشداری کردن لە دابین کردنی ئامانجەکانی وەك ئاسوودەیی ماددی، دەرفەتەکان، کلتور و ئازادی کۆمەڵایەتیدا بە ئاسوودەیی دەژین و ڕێگەی ئەو کارەش خۆ بەدەستەوە دانی زۆرینەیە بە دەست دەسەڵاتی بەهرەمەندانی هەڵکەوتە.[١]» سۆشیالیزم سەرەتا نکۆڵی لەو

1. Ibid. p. 353.

ڕێبەرییە سروشتییە دەکا و دواتر بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەڵەکەی خۆی دەستەوداوێنی دیکتاتۆڕی دەبێ. بە پێی پێشبینییەکانی ماڵۆك لەو کتێبەدا لە ڕێگەی سەپاندنی دیموکراسی پەتی لە ڕووسیادا ئۆلیگارشییەکی نوێ دێتە ئاراوە لە ژێر ڕێبەرایەتی دیکتاتۆڕییەکی گەورەدا کە نکۆڵی لەو هزر و بیر و بۆچوونانە دەکا کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بە دەسەڵات گەیشتووە.

ماڵۆك وەك ڕێگە چارەیەك بۆ دەربازبوون لە دۆخی مۆدێرن باس لەوە دەکا کە دەبێ ئەو تاقمە بیر و باوەڕە ئایینییە لە دڵەکانماندا بەهێز بکەین کە دژایەتیان لەگەڵ زانستی نوێدا نییە. بە باوەڕی ناوبراو بێ دینی هۆکاری سەرەکی پەشێوی کۆمەڵایەتییە. پۆزەتیڤیست و بیرمەندانی نوێ لە ڕێگەی سڕینەوەی خوا و خۆ سپاردن بە دەست زانست و سروشت مرۆڤیان تووشی سەرگەردانی و پەشێوییەکی قووڵ کرد. دیموکراسی نوێش لە ڕێگەی پشت بەستن بەو تیۆرییانەوە جەخت دەکاتە سەر پرەنسیپەکانی عەقڵی تۆخ و بە سوکی دەڕوانێتە شارستانییەتی ئەخلاقی مرۆڤ. بیر و بۆچوونەکانی لایەنگرانی عەقڵ و پێشکەوتن تاك هاندەدەن تەنیا پشت بە عەقڵی خۆی ببەستێ و نایەکسانییە سروشتییەکانی نێوان تاکەکان بە هەند وەرنەگرن و نکۆڵی لە ڕێبەری سروشتی بکەن. ماڵۆك لەو باوەڕە دایە کە ئاکامی عەقڵ و زانست تەنیا پەشێوی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ڕوحی بووە. بەڵام دواجار «پەشێوی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەرئەنجامی هزری پێشکەوتن جێی خۆی دەداتە بۆچوونی ماقووڵی کۆنسەرڤاتانە و بیر و بۆچوونە ڕاستەقینەکان دەبووژێنەوە کە بنەمای سەقامگیری و دیسیپلینی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتن.[1]»

**ئەمریکا:**

کۆنسەرڤاتیزمی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەهەمدا دژ کردەوەیەك بوو لە هەمبەر ڕەوتی گۆڕانکاری خێرا و بە پڕتاو کە لە ڕوانگەی کۆنسەرڤاتەکانەوە ڕەوتێکی سەرسوڕهێنەر و پەشێو بوو. لە دەیە سەرەتاییەکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵگای ئەمریکا ئەو گۆڕانکارییانەی بە خۆوە بینی: دابەزینی ڕێژەی دانیشتوانی لادێی، دابەزینی گرنگی و بایەخی

1. Ibid, p. 356.

شاره بچـووکەکان، بەرزبوونـەوەی ناوەندگـەرێتی و شارنشـینی، بـەرفراوان بـوونی بـەپڕتاوی پیشەسازی، بەرزبوونەوەی ڕەوتـی عەلمانیـەت و کولتـووری نـویێ. بـەو شـێوەیە لایـەنگرانی مۆدێرنیزە کردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە سەر لایەنگرانی سەقامگیری ئەخلاقی و کلتوریدا زاڵ بوون. ڕەنگدانەوەی فەلسەفی ئەو گۆڕانکارییانە لە هزر و بۆچوونی کەسـانێکی وەك جـۆن دیۆییدا دەردەکەوێ کە ڕوانگەیەکی تەواو ناتۆڕالیستی هەبوو و لە ڕێگەی نکـۆڵی کـردن لـە پانتای بایەخە نەریتییەکانەوە لەو باوەڕە دایە کە بەرهەمهێنانی ماددی تاکە ئامانجی هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤە. لە بەرانبەر ئەو بۆچوونە زاڵانەدا، کۆنسەرڤاتەکان بەو ئاواتە بوون بـەر بـە پێشکەوتنە بەرفراوانە نوێیەکان و زیندوو کردنـەوەی ژیـانی ڕووحـانی و ڕیفـۆرمی ئـەخلاقی کۆمەڵگای ئەمریکا بگرن. لە درێژەی ئەو باسـەدا ئامـاژە بـە بـیر و بۆچـوونی هەنـدێك لـە کۆنسەرڤاتەکانی ئەمریکایی دەکەین.

### ئێرڤینگ بابیت (Irving Babbitt):

ئێـرڤینگ بابیـت(١٨٦٥_١٩٣٣) ڕەخنـەگری ئـەدەبی و ڕێبـەری بزووتنـەوەی ئـەدەبی هیۆمانیستی نوێ ئەمریکا بوو. ناوبراو قۆناغەکانی خوێندنی لە ئەمریکا و فەڕەنسادا تـەواو کرد و بوو بە مامۆستای ئەدەبی کردەیی (تطبيقي) لە زانکۆی هارڤارد. تی. ئێس. ئێلیوت و جۆرج سانتیانا[1](١٨٦٣-١٩٥٢) یەکەم لایەنگرانی بابیـت بـوون. نووسـینەکانی نـاوبراو بـە گشتی لە دژی ماتریالیزم و جیهانی نوێ بوون. بە باوەڕی ناوبراو ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی ئەمریکا تووشی شکسـت هـاتبوون. نـاوبراو لـە ڕێگـەی پشـت بەسـتن بـە بـیر و بۆچـوونی ئەرستۆییەکان و ئیدمۆند بڕێکەوە ڕووبەڕووی لایەنەکانی جیهانی مۆدێرن بـۆوە، بـە تایبـەت هێرشی کردە سەر بۆچوونەکانی جۆن جاك ڕۆسۆ. ناوەڕۆکی سەرەکی کتێبەکـەی نـاوبراو واتـا ڕۆسۆ و ڕۆمانتیزم[2](١٩١٩) ڕەخنە گرتنە لـە شـوێنەواری خراپـی هـزری ڕۆسـۆ لـە سـەدەی بیستەمدا. بە باوەڕی بابیت مرۆڤی مۆدێرن لە ئەنجامی خۆ سپاردن بە دەست سروشتەوە، ئـەو جۆرەی دڵخوازی ڕۆسۆ بوو، تووشی تێداچوون هاتووە. بـە وتـەی نـاوبراو «بـە بـاوەڕی بـودا

1. George Santayana ( Jorge Augustin Nicolas Ruiz De Santayana.

2. Rousseau and Romanticism

گەورەترین تـاوان خـۆ سـپاردنە بـە دەسـت ویسـت و خواسـتە نەفسـانییەکان و گـەورەترین فەزیلەتیش کۆنترۆڵ کردن و خـۆ ڕزگـار کردنـە لـە دەسـت ئـەو ویسـت و خواسـتانە.[1] » لـە سەردەمی مۆدێرندا دەسەڵاتی مرۆڤ بە سەر سروشتدا لە ناو چووە و مرۆڤ تووشـی وەحشـێتی سروشت هاتووە. بە باوەڕی بابیت، بە پێچەوانەی تیۆرەکانی بیکۆن و ڕۆسۆ، پرسە مرۆییەکان لە ڕێگەی عـەقڵی نوێوە چارەسەر ناکرێن. هەروەها ناوبراو هێـرش دەکاتـە سـەر قوتابخانـەی سوودگەرایی کە بە باوەڕی بابیت زنجیرەپلەی بایەخە نەریتییەکانی تێك شکاندووە و ڕوحێکـی سوودپەرستانەی بە سەر جیهانی مۆدێرندا سەپاندووە. ویستی یەکسانی خوازانەی دیموکراسـی مۆدێرن ئازادی و جەوهەری ڕووحانی تاکەکەسی تێك داوە و دیسیپلینی ڕووحانی و کۆتوبەنـد کردنی هەست و خۆشییەکانی وەك مەرجی گەشەکردن و هەڵدانی مرۆڤی لە نـاو بـردووە. بـە بۆچوونی ناوبراو پرەنسیپی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ بۆ ڕزگار بوون لە دەسـت ویسـت و خواسـتە نەفسانییەکان هەم لە ڕێگەی ناتۆڕالیستی سەردەمی مـۆدێرن و هـەم بـە هـۆی دۆگمـەکانی ئایینی کاتۆلیکەوە بەرتەسك کراوەتەوە. پێداگری کردنی بابیت لـە سـەر پرەنسـیپی ئـازادی مرۆڤ ناوبراو دەخاتە ڕیزی بنیاتنەرانی چەشنێك قوتابخانەی فەلسەفی هیۆمانیستی ئەمریکاوە، کە هەر وەك باسکرا، بە هیۆمانیستی نوێ ناوبانگی دەرکرد. «هیۆمانیستەکان لەو باوەڕە دان کە ئەگەر مرۆڤی ئەم سەردەمە وەك مرۆڤی ڕابردوو ناچێتە ژێر بـاری ئـایین و دیسـیپلینێکی دیاریکراوەوە، لانیکەم دەبێ ڕێز لە شتێکی بەرزتر لە نەفسی خۆی بگرێ، جا ئەو شتە چ خودا بێ یان وەك ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی دوور پێی دەڵێن نەفسی بەرز چ یاسا بێ. بـە بـێ ئـەو پرەنسیپەی دیسیپلینی دەروونی، مرۆڤ تەنیا دەتوانێ لە نێوان دوو جەمسـەری دژەیەکـدا لـە هاتوچۆدا بێ؛ هەر وەك ڕۆسۆ دەیگوت ئەو هیچ نێوبەندێك لە نێوان هەموو و هیچـدا بـەدی ناکا.[2] »

گرنگترین کتێبی سیاسی بابیت کتێبی ***دیموکراسی و سـەرکردایەتییە***[3](١٩٢٤) و نـاوبراو لەو کتێبەدا دەزگا فکرییە هیۆمانیستییەکانی بە تەواوی دەخاتەڕوو. هەروەها هێرش دەکاتە

---

1. Ibid. p. 367.

2. Ibid, p. 368.

3. Democracy and Leadership

سەر بانگەشەی سەرجەم قوتابخانە مۆدێرنەکان لە پێوەندی لەگەڵ دابین کردنی ئاسوودەیی مرۆڤ، بە تایبەت قوتابخانەی سوودگەرایی. ناوبراو باوەڕی وابوو کە دەسپێکی ناتۆڕالیزم ڕێنسانسە و بیکۆن ستاتۆی زانستی پێ بەخشی و دواتر ڕۆسۆ پڕۆپاگەندەی بۆ کرد و ئێستاش لە کۆمەڵگای ئەمریکادا بە ڕادەیەك گەشەی سەندوە کە بنەمای ژیانی مرۆڤی خستۆتە مەترسییەوە. جادوی لەفز و هزری پێشکەوتن چاوی مرۆڤی لە ڕاست ڕاستەقینەی هەڵدێرەوە بەستووە. هیۆمانیستەکان ئێستا دەبێ خەڵکانی جیهان تێ بگەیەنن کە یاسای زاڵ بە سەر کەلوپەلدا جیاوازە لە یاسای زاڵ بە سەر مرۆڤ دا. لەگەڵ زاڵ بوونی زانست و ناتۆڕالیزم و سوودگەراییدا ئازادی ڕوحی مرۆڤیش بەرەو نەمان چووە. لە ئاکامدا ناوبراو دۆخێکی پێشبینی دەکرد کە تێیدا بنەما زانستی و عەقڵی و ناتۆڕالیستی و یوتالیتاریانیستی جیهانی مۆدێرن دواجار تووشی لێکترازان دەبێ و پەشێوی سەرتاسەری لێدەکەوێتەوە. بە باوەڕی بابیت ناتۆڕالیستی ڕۆسۆیی بۆتە مایەی نکۆڵی کردنی دوالیستی نەفسی مرۆیی و جەخت کردن لە سەر ویست و خواستە لەشییەکان و ئیرادەی مرۆڤ وەك گرنگترین تایبەتمەندی مرۆیی بۆ سنووردار کردنی پاڵنەرە هەستەکی و عەقڵییەکانی لەناو بردووە. بابیت لە کتێبی دیموکراسی و ڕێبەرایەتیدا باس لەوە دەکا کە ڕێبەرایەتی حەقیقی لە کۆمەڵگادا نکۆڵی لێ ناکرێ و چونکە دیموکراسی ئەو ڕاستییە لەبەر چاو ناگرێ کەواتە دیموکراسی مەترسییەکە بۆ سەر شارستانییەت.

بە گشتی بۆچوونی بابیت بەو شێوەیەیە کە سیاسەت لە سەردەمی مۆدێرندا کەوتۆتە بەر شالاوی کاریگەری نێگەتیڤ و تێکدەری ناتۆڕالیزم و سەرجەم بیرمەندانی مۆدێرن بە شێوەیەك لە شێوەکان دەوریان هەبووە لە پێکهاتنی دۆخێکی ئەوتۆدا. میکاڤیلی لە ڕێگەی بانگەشەی تاك بۆ وەفاداری تەواو بەرانبەر بە دەوڵەتی سێکیولارەوە دوالیستی بوونی مرۆڤ و وەفاداری مرۆڤ بە لایەنی ڕووحانییەوە لەبەر چاو ناگرێ. هۆبزیش لە ڕێگەی ماتریالیستەوە بنەمای ئەخلاقی بنکۆڵ کرد و مرۆی دابەزاندە سەر ئاستی ماشێن. جۆن لۆکیش لە ڕێگەی هزری گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە ئەو پیرۆزیو ڕەمز و ڕازەی سڕیوە کە دەوڵەتی لەخۆ گرتبوو. ڕۆسۆ لە سەر بنەمای وێرانییەکانی بینای هزری سیاسی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، کە لە لایەن میکاڤیلییەوە وێران کرابوو، بینایەکی سیاسی _نیمچە ئایینی نوێی دروست کردەوە و کەوتە ئەفسانە هۆنینەوە دەربارەی ئەو بینایە. تیۆری ئیرادەی گشتی کە لە لایەن ڕۆسۆوە بۆ

پاراستنی ئەو بینایە ڕانرا هەر لە دەسپێکەوە تیۆریەکی مەترسیهێنەر بوو. لە ڕاستیدا، تیۆری ڕۆسۆ دەربارەی دوالیستی دەوری هاوولاتی واتا وەك تاك لە لایەك و وەك ئەندامی کۆمەڵگا لە لایەکی ترەوە، باشترین بیانو بوو بۆ هاتنە کایەی دیکتاتۆڕی و ستەمکاری_ دیکتاتۆڕی و ستەمکاریەکی زۆر وێرانکەرتر و گشتگیرتر لەو دیکتاتۆڕییەی ڕۆسۆ هێرشی دەکردە سەر. بە باوەڕی بابیت، ئیدمۆند برێك بەر لە هەر بیرمەندێکی تر هەستی بە سەرهەڵدانی ئەو مەترسییە کرد بوو. هەروەها باوەڕی وابوو کە لە هزرەکانی سەردەمی مۆدێرندا تیۆری کار بۆتە ئەڵتەرناتیڤی ڕەحم و کەرەمی خوا. سەرجەم بیرمەندانی سەردەمی نوێ هەر لە سەردەمانی بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی بەدواوە، بۆ نموونە بیکۆن و لۆك و ئادام سمیتو مارکس، وەك پرۆسەی سەرەکی کۆمەڵگا جەختیان کردۆتە سەر کار. بەڵام بە بۆچوونی بابیت کاری ڕاستەقینە کاری ڕووحانییە، بە مانای بەرباسی بودا؛ و ئەوەش بنەمای چەمکی دادپەروەری لە تیۆری ئەفلاتون دایە، واتا هەر کەس کارێك بکا کە لێی بوەشێتەوە. لە کۆمەڵگا خاوەن شارستانییەتەکاندا تاقمێك دەبێ بە لەش کار نەکەن بۆ ئەوەی بتوانن ڕێبەرایەتی کۆمەڵگا بە دەستەوە بگرن. لەبری چەمکی دادپەروەری سروشتی، هزری دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆتە باو کە مەترسییەکی جیددییە بۆ سەر خاوەندارێتی و ڕکەبەرایەتی و هەوڵ و کۆششی خەڵك. بەو شێوەیە بە باوەڕی ناوبراو، ڕوحی ئابووری و بازرگانی چۆتە ناو سەرجەمی جەستەی کۆمەڵگای مۆدێرن و بازرگانی بۆتە هەموو شتێك. لە ژیانی مۆدێرندا هەموو شت بۆتە چەندی و دیموکراسی چەندی و ژمارەیی بۆتە ئەڵتەرناتیڤی ڕێبەرایەتی سروشتی و ڕاستەقینە. ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو کە هەرەسهێنانی پرەنسیپ و پێوانە ئەخلاقییەکان بۆتە مایەی کەوتنەوەی پەشێوی لە هونەر و ئەدەبی مۆدێرندا؛ و دواجار ئەو سیستەمەی پشت بە سوودگەراییەوە دەبەستێ دەبێتە مایەی تێکڕمانی شارستانییەتی نوێ.

بە باوەڕی ناوبراو «لێهاتوویی دڵخوازی گەورە بازرگانان کاتێ دەستەبەر دەبێ کە زۆرینەی خەڵك لە تایبەتمەندییە مرۆییەکان بێ بەش کرێنو ببنە بەشێك لە بەشەکانی ماشێنێکی گەورە.[1]» دەوڵەتی ماددی وەك گیانلەبەرێکی ترسناك ئازادی تاکەکەس هەڵدەلوشێ و بنەمای ئەخلاق لەرزۆك دەکا؛ و لە ئاکامدا دەبێتە کۆسپێك لەبەر دەم سەرهەڵدانی ڕێبەرانی لێهاتوو

---

1. Ibid, p. 374.

و سروشتی. بە گشتی دەکرێ بڵێین بابیت سەوداسەری سازدانەوەی دووبارەی پێوەندی نێوان سیاسەت و ئەخلاق بوو؛ و هەر بۆیە ڕەخنەی لە زۆربەی لایەنەکانی سیاسەت و حکومەتی مۆدێرن دەگرت.

## پاول ئەلمەر مۆڕ (Paul Elmer More):

پاول ئەلمەر مۆڕ(١٨٦٤_١٩٣٧)، ڕەخنەگری کۆنسەرڤاتی ئەمریکی، لە زانکۆی واشنگتۆن و هارڤارد دەرسی خوێند؛ و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بابیتدا هەبوو. ناوبراو مامۆستای زمان و ئەدەبی سەنسکرێت بوو. مۆڕ لە سەردەمی لاوەتیدا لە گوندی شەلبوورن(Shelburne) هەڵکەوتوو لە نوێ هامپشایر(New Hampshire) دا خۆی تەریك خستەوە و کەوتە تێڕامان لە پرس و گرفتەکانی سەردەم. دواتر بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری نەتەوە(Nation) و هەندێ وتاری لە دژی پڕاگماتیزمی ویلیام جیمز و ناتۆڕالیستی جۆن دیوی و هزرە سۆسیالیستییەکان نووسی. نووسینەکانی بە گشتی ئەوانەی خوارەوەن: زنجیرەی یازدە بەرگی وتارەکانی شەلبوورن (١٩٠٤_١٩٢١) (Shelburne Essays)، زنجیرەی پێنج بەرگی نەریتی یۆنانی (١٩٢٤_١٩٣١) ( Greek Tradition)، وتارە نوێیەکانی شەلبورن (١٩٢٨_١٩٣٦)(New Shelburne Essays)، ئەرستۆکراسی و دادپەروەری (١٩١٥) (Aristocracy and Justice)، ئەفلاتۆنیزم (١٩١٧)(Platonism) و ئایینی ئەفلاتون (١٩٢٣) (The Religion of Plato).

بە گشتی ناوبراو جەختی دەکردە سەر دوالیستی سروشتی مرۆڤ و باوەڕی وابوو کە دەبێ یاسا زاڵەکانی سەر شت و لایەنی فیزیکی و جەستەیی ژیانی مرۆڤ لە یاساکانی لایەنی ڕووحانی و مەعنەوی مرۆڤ جیا بکرێنەوە. بە باوەڕی مۆڕ جیهانی مۆدێرن تووشی ناتۆڕالیزم و پڕاگماتیزم و ئیرادەیەك بۆتەوە کە بە لای دەسەڵاتدا دەشکێتەوە. زانستی نوێ جگە لە خۆشی تاکەکەسی هیچ پرەنسیپێکی بنەڕەتی و متمانەهێن ناناسێ و هەموو پرەنسیپەکان تێك دەشکێنێ. ناوبراو دەڵێ لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا مرۆڤی خاوەن ویژدان دەبێ خۆی پێ مرۆیەکی کۆنەخواز بێ، چونکە هەموو پرەنسیپەکان لە هەڵوەشانەوە دان. کۆنسەرڤاتیزم پێویستی بە کۆنەپارێزی هەیە و کۆنەپارێزیش واتا گەڕانەوە بۆ پرەنسیپە لەدەست چۆکان. بەو شێوەیە مۆڕ باوەڕی وایە کە هەر چەشنە گۆڕانکاری و بەرەوپێش چوونێك جووڵەیەکە بەرەو

تێداچوون و نەمان. بە باوەڕی ناوبراو جەنگی یەکەمی جیهانی بەرهەمی هەرەسهێنانی سیستەمی کۆن بووە و لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا تاکە ڕێگەی ڕزگاری گەڕانەوەیە بۆ ڕێنمایی سەروەری سروشتی، واتا دەبێ دیموکراسی بگەیەنینە ئەو قەناعەتە کە جارێکی تر ئەرستۆکراسی سروشتی قبووڵ بکا. چارەسەری دیموکراسی، دیموکراسی باشتر و زۆرتر نییە بەڵکو چارەسەر حکومەتێکی ئەرستۆکراسی نوێیە. مەبەست لە ئەرستۆکراتی نوێ ئەو کەسانە نین کە لە ڕێگەی میرات یان خاوەندارێتی و سەروەت و سامانەوە دەسەڵات دەگرنە دەست؛ ئەرستۆکراتی نوێ تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی باشترین تاکەکان و سپاردنی دەسەڵات بە دەستی ئەوانەوە سەرهەڵدەدەن. حکومەتی ئەرستۆکراتی بەو مانایە باشترین شێوازی دیموکراسییە. بە باوەڕی مۆر ڕووناکبیرانی مۆدێرن خەیانەتیان لە شارستانییەتی مرۆڤ کردووە، چونکە هەرەمەی خەڵکیان بەرەو ئایدۆلۆژیا ناتۆڕالیستەکان پاڵناوە. سۆسیالیستەکانیش لەو وەهمەدا دەژین کە دەکرێ ڕێبەرانی کۆمەڵگا لە ویست و خواستە چینایەتییەکانی خۆیان دابڕێن. لە حکومەتی ئەرستۆکراتی نوێدا دیموکراسی یەکسانیخواز و هزری دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەلادەنرێن. بە بۆچوونی مۆر چەمکی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بیانوویەکە بۆ گرووپە ڕادیکاڵەکان تا لەو ڕێگەوە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. ناوبراو لە هەمبەردا بەو شێوەیە دادپەروەری پێناسە دەکا: دادپەروەری واتا «دابەشینی ڕاست و دروست و دانی مافی هەر کەسە بە خۆی» و لە درێژەدا دەڵێ: «دادپەروەری دۆخێکی دەروونیی ڕوحە کە لە ڕێنمایی و حکومەتی ئیرادەدا بەلای فەزیلەتدا دەشکێتەوە[1].» لە بەرانبەر ئەو تێگەیشتنە ئەفلاتونییە لە دادپەروەری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی مۆدێرن تەنیا مانای دابەشینی دەسەڵات و ئیمتیاز و خاوەندارێتی دەدا. بە باوەڕی مۆر دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەو مانایە هیچ پێوانە و ڕێسایەکی ڕەهای نییە و دواجار دەبێتە شتێکی بە ئیشتیا.

یاسادانەرێك کە ئارەزووی وەدیهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە دواجار دەبێ خۆی نێوبژیوان بێ لە نێوان ئیمتیازە تایبەتەکان و بەرژەوەندی گشتی لەسەر ویستی خۆی و دۆخێك دەمێنێتەوە کە بە ناچار دەبێ ناوی بنێن دۆخێکی نادادپەروەرانە. دادپەروەری کۆمەڵایەتی مۆدێرن ئاوێتەی دڵ پێ سووتانە، بەڵام ئەو دوو بابەتە دەبێ لێك جیا بکرێنەوە.

---

1. Ibid. p. 381.

مۆڕ بە توندی داکۆکی لە خاوەنداریێتی دەکا و دەڵێ: «خاوەنداریێتی شێوازی پەرەسەندوو و گۆڕاوی نایەکسانییە سروشتییەکانە (نایەکسانی سەرەتایی نێوان مرۆڤەکان) کە ڕەنگە نایەکسانی سروشتیشی پێ بگوترێ[1].» هەر چەشنە هەوڵێك بە مەبەستی سڕینەوەی نایەکسانی سروشتی و نایەکسانی لە خاوەنداریێتیدا پەشێوی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. «یەکەمین و بنچینەترین ئەرکی هەر کۆمەڵگایەکی خاوەن شارستانییەت دابین کردنی خاوەنداریێتییە.[2]» مرۆڤ و ئاژەڵ لە ژیاندا هاوبەشن نە لە خاوەنداریێتیدا، چونکە خاوەنداریێتی هێما و جیاکەرەوەی شارستانییەتی مرۆییە. «کەواتە مافی خاوەنداریێتی بۆ مرۆڤی خاوەن شارستانییەت لە مافی ژیان گرنگترە.[3]» کاتێ خاوەنداریێتی مەترسی لەسەر بێ، بە پێچەوانەی ئەو جۆرەی چاوەڕان دەکرێ، ورەی ماددی بەرز دەبێتەوە؛ «چونکە ئەگەر خاوەنداریێتی پارێزراو بێ، ڕەنگە کەرەسەی گەیشتن بە ئامانجێك بێ، بەڵام ئەگەر مەترسی لەسەر بێ خۆی دەبێ بە ئامانج.[4]» مۆڕ دەربارەی ترس و ئایینیش دەڵێ ترس یەکێکە لە پێداویستییەکانی سەقامگیری ڕەفتاری مرۆڤ و بەردەوامی کۆمەڵگا، بە تایبەت ترسی ئایینی کە ترسێکی شیرینە، بەڵام ترس لە ژیانی مۆدێرن ترسێکی سامناك و قورسە.

## جۆرج سانتیانا:

سانتیانا لە مەدریدی ئیسپانیا لە دایك بوو، لە نۆ ساڵیدا وێڕای دایك و بابی چووە ئەمریکا و ماوەی چل ساڵ لەو وڵاتە ژیا. لە بۆستۆن و هارڤارد و ماوەیەکیش لە بەرلین دەرسی خوێند و لە ژێر چاوەدێری ویلیام جیمزدا دوکتۆرای وەرگرت. تا ساڵی ١٩١٢ مامۆستای زانکۆی هارڤارد بوو؛ بەڵام هەر لەو ساڵەدا پاش مەرگی دایکی لە ئیسپانیا بۆ هەمیشە ئەمریکای جێ هێشت. ماوەیەك لە بریتانیا و فەڕەنسا ژیا و دواجار بوو بە نیشتەجێی ڕۆما. سانتیانا فەیلەسووف، شاعیر، جوانیناس و ڕەخنەگری ئەدەبی بوو. لە ساڵی

---

1. Ibid. p. 382.
2. Ibid. p. 382.
3. Ibid. p. 382
4. Ibid. p. 383.

۱۸۹٦دا کتـێبی هەسـتیی جـوانی (The sense of Beauty) (۱۸۹٦) نووسـی و لـەو کتێبەدا دەڵێ هەڵسەنگاندنی بابەتە جوانەکان پێویستی بە ئایدیالی زەینی هەیـە. دواتـر لـە کتـێبی لێکدانــەوە بــۆ شـێعر و ئــایین ( Interpretations of poetry and Religion) (1900)دا پێوەندی قووڵی نێوان توانا جوانیناسانەکان و توانا ئەخلاقییەکانی مرۆڤ تاوتوێ دەکـا. کتێبی پێنج بەرگی ژیانی عـەقڵی(عەقڵ بە واتای گشتی، عـەقڵی کۆمەڵگا، عـەقڵی ئـایین، عـەقڵی هونەر و عەقڵی زانستی)(Life of Reason) لە سـاڵەکانی۱۹۰۵_۱۹۰٦ لـە ژێـر کاریگـەری کتـێبی فینۆمێنۆلۆژیـای ڕوحـی(Die phonomenologie des Geists ) (1807)هیگڵدا نووسی؛ و وەك بیۆگرافی زەینی مرۆڤ وەسفی ئەو کتێبەی دەکرد. پاش جەنگی دووەمی جیهانی لـە ڕووی فەلسەفییەوە گۆڕانی بەسەردا هات و لە کتێبی چوار بەرگی چوارچێوەکانی بوون ( Realms of Being) (۱۹۲۸_۱۹٤۰)دا دەڵێ پانتای خود هەمان پانتـای مەعریفـەی بـێ ئەملاوئـەولاو جێ بـاوەڕی زەینـە. دوا نووسـراوەی نـاوبراو، باڵادەسـتی و دەسـەڵاتەکانە( Domination and Powers) (1951) کە باس لە کۆمەڵگا و سیاسەت دەکا.

کۆنسـەرڤاتیزمی سـانتیانا، بــە پێچــەوانەی بیرمەنـدانی باسـکراو، کۆنسـەرڤاتیزمێکی ماتریالیستی بوو؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکانی جۆراوجۆر بوون؛ و هــەوڵی دەدا ئـایین و کفر و ماتریالیزم و ئایدیالیزم ئاوێتەی یەکتر بکا. سانتیانا شـاعیرێکی بـە توانـا بـوو و لـە ڕوانگەیەکی گاڵتەئاوییەوە دەیڕوانییە ژیان. ناوبراو دەیگوت: «هەموو شت لە ژیاندا لە ڕووی چـۆنیەتی شـاعیرانە و لــە ڕووی چارەنووسـی تراژیــك و هــەروەها لــە ڕووی وجوودییــەوە پێکەنینییە.» ناوبراو بە هۆی وشکی و ئەستاندنەوەی جوانی لە ئایین و وەلانانی ئەفسانە دڵ-خۆشکەرەکانی ئایینییەوە پڕوتستانتەکانی سەرکۆنە دەکـرد و بـە گاڵتـە بـەو جـۆرە لەمـەڕ مەسیحییەت دەدوا: «خودا بوونی نییە و مریەم دایکێتی.» بە وتـەی نـاوبراو ئامـانجی ژیـان شادی و خۆشی دەرئەنجامی تێگەیشتن لە جوانییەکانە: «هەر شوێنێك بێ بەری بێ لەو شـادی و خۆشییە، وجوود دەبێتە ئەزموونێکی شێتانە و خەماوی.» ناوبراو لە هەڵگرانی ئایدۆلۆژیا و وشك بیران بێزار بوو[1].

1. E.M.Burns, Ideas in Conflict: The Political Theories of the Contemporary World, New York, Norton, 1960, p.269.

سانتیانا بە توندی لە بۆچـوونە عـەقڵی و زانسـتی و ئەخلاقییـەکانی بـاو بێـزار بـوو و دەیگوت: «جیهانی فکری لە سەردەمانی ژیانی مندا جیهانێك بوو پڕ لە پڕەنسیپی ناڕاست و ئارەزووی کوێر کە منی لە خۆی نامۆ کرد.[1] » لە ڕووی فەلسـەفییەوە هێرشـی دەکـردە سـەر دوالیزمی وجوود لە چوارچێوەی ڕووح و ماددەدا و لەو باوەڕەدا بـوو کـە «دوو بـەش کردنـی جیهان بە واتای سڕینەوەی ڕووحە لـە پانتـای ڕووح. دوو بـەش کردنـی حەقیقـەت هـەر دوو بەشەکەی دەکاتە حەقیقەتێکی درۆیـین. تـەنیا یـەك جیهـان بـوونی هەیـە ئـەویش جیهـانی سروشتییە و دەربارەی ئەو جیهانەش تەنیا دەکرێ بـاس لـە یـەك حەقیقـەت بکـەین. ژیـانی ڕووحانی لەو جیهانەدا دەگونجێ؛ و ڕوگەی ژیانی ڕووحانی جیهانێکی تر نییە بەڵکو جـوانی و کەماڵێکە کە ئەو جیهانە لێی نزیك دەبێتەوە بەڵام دواجار لە دەستی دەچێ.[2] » ناوبراو لە سەر شێوازی ئەفلاتون لەو باوەڕەدا بوو کە تەنیا زانست بە شێوازی بەرز قەتعییە و هـەر ناسـینێکی بەدەر لە زانست ناسینێکی ئەفسانەییە. ڕووح تەنیا لە ڕێگەی ماددەوە دێتـە بـوون؛ و غایەتـە خوداییەکان تەنیا لە یاسا سروشتییەکاندا دەردەکەون. سـانتیانا ماتریـالیزم و ناتۆڕالیزمەکـەی خۆی پێ نائایینی نەبوو. ناوبراو دەیگوت ئـایین و ئەفسـانە مەعریفـەی منداڵانـە نـین، بـەڵکو «دەسکردی ورد و ڕێکوپێکی هیوا و نەزانینن»؛ هـەر بۆیـە بـەردەوام دەبـن. مەسـیحییەتیش سەرچاوەی زۆر جوانی و فەزیلەتان بووە. بە گشتی لـە ڕوانگـەی سـانتیاناوە، کۆمـەڵگای بـاش کۆمەڵگایەکی جوانە؛ لەو ڕووەوە جوانیناسی دەکەوێتە پێش زانست. ناوبراو هـەر لـەو ڕوانگـە جوانیناسانەوە هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵگای پیشەسازی مۆدێڕن: ئەو کۆمەڵگایە حـوکم دەکـا کە «هەموو نەتەوەکان دەبێ شتی وەك یەك بـەکار بێـنن... و موچـەی هـەمووان لـە ناوەنـدە ئیدارییەکانەوە دەبێ بدرێ.» بەو شێوەیە یۆتۆپیای سوودگەرایی لە کۆمـەڵگای مۆدێڕنـدا، کـە پشت بە خۆشگوزەرانی بەخشییەوە دەبەستێ، پانتای ڕووح و هونەر لەناو دەبـا. لـە چڵەپۆپەی لیبراڵیزم و دیموکراسی و سوودگەرایی و سەرمایەداریدا دەگەینە دۆخێکـی ناخۆشـی ئـەوتۆ. بـە باوەڕی ناوبراو کۆمۆنیزمیش یۆتۆپیایەکی هاوشێوە دەخاتەڕوو؛ و مارکس و ڕاکفلێر هـەر دووك نوێنەری یەك هێزی کۆمەڵایەتی بوون و دژی تاکگەرایی و عەقلانییەت و هونەر بوون.

1. The Conservative Mind, p. 387 .

2. Ibid. p. 387.

سانتیانا له سەرجەم نووسینەکانیدا هێرش دەکاتە سەر بیدعەتەکانی لیبراڵیزم و داکۆکی له پاراستنی نەریتەکان و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دەکا. بە باوەڕی ناوبراو لیبراڵیزم بۆتە مایەی هەرەسهێنانی مرۆڤایەتی و شارستانییەت؛ هەرچەند سەردەمێك خۆی پێ ڕزگارکەری مرۆڤ بوو، ئەمرۆکە بۆتە ئامرازێك بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر خاوەنداریێتی و پەروەردە و ئایین و بیر و باوەڕدا. دروشمی سەرەتایی لیبراڵەکان و لایەنگرانی سوودگەرایی، واتا «زۆرترین شادی بۆ زۆرترینی خەڵك.»، ئێستا له کۆمەڵگای مۆدێرندا بۆتە دروشمی «زۆرترین تەمبەڵی بۆ زۆرترینی خەڵك». مەبەستی سانتیانا ئەوە نییە کە بڵێ لیبراڵیزم له زاتدا شتێکی باشە بەڵام بەرەو هەڵدێر چووە، بەڵکو بە پێچەوانە بە باوەڕی ناوبراو هەر ڕەوتی گەشەکردنە سروشتییەکەی بەرەو هەڵدێر و نەمانە. سوودگەرایی و ڕکەبەرایەتی ئابووری لیبراڵیزمی ئیفلیج کردووە. ئامانجی لیبراڵیزم له سەرەتادا وەدیهێنانی ئازادی و خۆشگوزەرانی بوو، بەڵام چونکە خۆشگوزەرانی پێویستی بە دیسیپلین و کۆت کردنی مرۆڤ له بەرانبەر کەلوپەلدا هەیە، زۆر زوو دەرکەوت کە ئامانجی سەرەکی لیبراڵیزم ئازادی تاکەکەسی نییە، بەڵکو پێشکەوتن و پەرەگرتنی ئیمکاناتی ماددییە. هەروەها لیبراڵیزم دەرد و ئازاری شك و گومان و نائەمنی ئەخلاقی لێکەوتەوە. ڕکەبەرایەتی بۆ کۆ کردنەوەی سەروەت و دەسەڵات تاك بە تەواوی تێك دەشکێنێ و ماندووی دەکا و بەرەو نەمانی دەبا. بە باوەڕی ناوبراو سیستەمی لیبراڵ، سەرەڕای بانگەشەکانی، له ڕێگەی بڵاوکردنەوەی خورافەوە له میدیا و بڵاوکراوەکاندا چاوی جەماوەر دەبەستێ و تاکایەتی و سەربەخۆیی مرۆڤ دەسڕێتەوە: «کاتێ هەموو مرۆڤەکان وەك یەك بن، ئەوسا تاکایەتی هەر تاکێك تەنیا دەبێتە تاکایەتییەکی ژمارەیی.[1]» له جیهانی لیبراڵدا ژیان بە پڕتاو بەرەوپێش داژوێ و کار ڕیتمێکی یەکدەستی هەیە. مرۆڤەکان له ڕووی سیاسییەوە ئازادن، بەڵام له ڕووی ئابوورییەوە بندەستی سیستەمی کارگەکانن. سیستەمی لیبراڵ جگە له مکانیزمی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستانە هیچ شتێکی تری عەقلانی نەکردووە.

سانتیانا لەو باوەڕە دایە کە لیبراڵیزم سەرەڕای ئەوە بە ڕواڵەت حاواوەیە بە توندی له دژی نەریتەکان بووە. له ڕوانگەی لیبراڵیزمەوە مرۆڤەکانی دژە نەریت بێگومان ئازادەتر و عەقلانیتر و ئەخلاقیترن. لیبراڵەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان نەریتی باوی کۆمەڵگا

1. Ibid. p. 391 .

دەشێوێنن. لیبراڵەکان تەنیا وادە و بەڵێنی ئازادی لە وەك یەکیدا دەدەن، بەڵام ئـەو بۆچـوونە دەبێتە مایەی بەرفراوان بوونەوەی دەسەڵاتی ئەفسوناوی دەوڵەت و لە ئاکامدا خەڵك پاسیڤ و گوێ لەمست دەردێن. ژیانی چەندی و وەك یەك لە ئەمریکادا بۆتە هێمـای ژیـانی مـۆدێرن، بەڵام بە باوەڕی سانتیانا هیچ کۆمەڵگایەك بە ڕادەی کۆمەڵگای ئـەمریکا لـە ژێـر زەخـت و گوشـاردا نییـە، چـونکە مـۆدێرنترین کۆمـەڵگای جیهانـە. شارسـتانییەتی ئـەمریکی «شارستانییەتێکی هۆڤانەیە کە پشت بە مەقامپەرستی و پاڵنەرە کوێرەکانەوە دەبەستێ و لـە دیکتاتۆرییە جوانەکانی ڕابردوو، واتا دەسەڵاتی شوالییەکان و دەسەڵاتی ئایین قێزەونترە.[1] »

لە بواری سیاسەت و حکومەتدا سانتیانا لەو بـاوەڕەدا بـوو کـە پاشـایەتی بـەردەوامی سروشتی حکومەتی باوکـە بـە سـەر منـداڵانیدا و ئەرستۆکراسـی وەك دژە ژەهـری نـەزانی جەماوەر وەسف دەکرد. بە باوەڕی ناوبراو بوونی دەربار و ئەرستۆکراسییەکی خاوەن شکۆ ژیان لە بێوازی و هەرەمەکییەکەی دەر دێـنێ و باشـتر وایـە لانـی کـەم بەشـێکی کۆمـەڵگا بـە سەربڵندی و ئاسوودەیی بژی. بە باوەڕی سـانتیانا حکومـەت بەرهـەمی زەروورەتـە، چـونکە مرۆڤە وەحشییەکان بە بێ حکومەت ناتوانن لە ئەمنییەت و ئاسایشـدا بـژین. هـەروەها بـە باوەڕی ناوبراو حکومەت شێوازی گۆڕاوی شەڕە واتا جەنگی نێوان مرۆیەکان: «هەر حکومەتە لە زاتی خۆیدا سوپایەکە کە بە بەردەوامی خەریکی خەبات کردنە لە وڵاتـی خـۆی دا.[2]» بـە مانایەکی هەرواتر، سروشت خۆی لە زاتدا پێکهێنەری باڵادەستی و دیکتاتۆڕی و زنجیرەپلـەی دەسەڵاتە و ئەو باڵادەستییە لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، هەر لە بنەماڵەوە بگرە تا حکومەت، دەردەکەوێ.

سانتیانا بە توندی هێرشی دەکردە سەر دیموکراسی زۆرینـە و جـەماوەری و لـە هەسـت و سۆزی خەڵکی رەشۆك و کاریگەرییان لە سیاسەت دەترسا و دەیگوت: «جەماوەر زەینی کرمی هەیە و چەنگاڵی ئەژدیها.» قارەمانی ڕاستەقینە کەسێکە کـە ئـەو گیانلەبـەرە دێوەزمەیـە بکووژێ. ڕێگەی دەرباز بوون لە دەست دیموکراسی نەزانان حکومەتی ئەرستۆکراسییە، جـا چ جۆری پاشایەتییەکەی بێ یا خود تیمۆکراسییەکەی (Timocracy). بە بـاوەڕی نـاوبراو لـە

1. Ibid. p. 394.

2. Ideas in Conflict, p. 270.

تیمۆکراسیدا، بە پێچەوانەی دیموکراسی، تاکایەتی دەپارێزرێ و هەر کەسە هەل و دەرفەتی یەکسان و وەك یەکی هەیە بۆ کەڵك وەرگرتن لە تواناکانی خۆی و تەنیا هەڵکەوتەکان و ئەرستۆکراتە ڕاستەقینەکان بە دەسەڵات دەگەن بە بێ ئەوەی جۆراوجۆری سروشتی کۆمەڵگا لەناو بچێ و بۆچوونی وەك یەکی و یەکدەست کردنی تاکەکان، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی، لاواز دەبێ. بە باوەڕی سانتیانا دیکتاتۆڕی بە مەرجێك کەسی دیکتاتۆڕ تاکێکی هەڵکەوتە و لێزان بێ، لە دیموکراسی ڕەقەمی و جەماوەری باشترە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە دەوڵەتی ئیتاڵیا لە سەردەمی مۆسۆلینیدا دەوڵەتێکی بە کەیفتر و بەهێزتر بوو و ئەگەر هاتبا و سیاسەتێکی دەرەکی تری ڕەچاو کردبا، تووشی ئەو چارەنووسە نەدەهات.

کۆنسەرڤاتیزمی سانتیانا ئاوێتەی داکۆکی کردن لە بازاڕی ئازاد بوو. بە باوەڕی ناوبراو قازانجخوازی و خۆویستی پاڵنەرێکی گرنگن لە پێشکەوتنی ئابووری دا. تاکەکان لە ڕێگەی دابین کردنی بەرژەوەندی خۆیانەوە سوود بە خەڵکانی تریش دەگەیەنن؛ و بە بێ بوونی پاڵنەری قازانجو بەرژەوەندی تاکەکەسی، هەوڵێکی ئەوتۆ لە کۆمەڵگادا نایەتە دی. پێشکەوتنەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی قەرزداری تاکگەراییە. کەواتە سنووردار کردنی خاوەندارێتی تاکەکەسی و تایبەتی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتندا. هەروەها بە بێ بوونی مافی ئیرسی و میرات سەروەت و سامان هیچ هێزێکی ڕاکێشەری نابێ.

لە پێوەندی لەگەڵ شەڕدا سانتیانا لەو باوەڕەدا بوو کە شەڕ سەرچاوەی زۆربەی زوڵم و زۆرییەکانە، بەڵام شەڕ کردن یەکێکە لە غەریزە سەرەتایی و بەردەوامەکانی مرۆڤ: مرۆڤەکان ئەگەر هیچ بیانوویەکیان بۆ شەڕ کردن نەبێ، لەسەر لەفەز یان هەوا و هەوەس یان لەسەر ژنان بە شەڕ دێن و زۆر جار چونکە کەیفیان بە هەیکەل و باڵای یەکتر نایە دەکەونە شەڕ کردن پێکەوە.[1] » شەڕ بۆیە پێویستە چونکە هەر شێوەیەکی ژیان کاتێ لە دایك دەبێ کە شێوازەکانی تری ژیان لەناو بچن. بە گشتی کاتێ دوو بوونەوەری زیندوو لێك نزیك دەبنەوە مەترسی شەڕ و کێشە دێتە ئاراوە. تاکە ڕێگەی ڕزگار بوون لە شەڕ پێك هێنانی حکومەتێکی جیهانییە کە ئیرادەی خۆی بەسەر دەوڵەتاندا بسەپێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

1. Ibid, p. 272.

ئاشتی هەمیشەیی و ژیانی بێ شەڕ ژیانێکی بێزاریهێن و وەڕەزکەرە. هەندێ جار شەڕەکان بوونە مایەی دەستەبەر بوونی بەستێنی پێشکەوتن و گەشەکردنی ئازادی.

### ئیتاڵیا:

یەکێتی ئیتاڵیا دواجار لە ساڵی ١٨٧٠ و لەسەر دەستی حکومەتی پاشایەتی بنەماڵەی ساڤۆی[1] دروستکرا. ساڵەکانی ١٨٧٠ تا ١٩١٤ سەردەمی سەروەری لیبڕاڵە دژە کڵێسەییەکان بوو کە هێزێکی گەلی سەرەکی بوو لە بزووتنەوەی یەکێتی نەتەوەییدا. پاپ لە هەمبەردا کاتۆلیکەکانی لە بەشداری کردن لە ژیانی سیاسیدا بە تەواوی مەنع کرد؛ بەڵام هێدی هێدی قەڵەشتی سیاسی نوێ دەرکەوتن و لەگەڵ لاواز بوونی دەسەڵاتی لیبڕاڵەکاندا، ناسیۆنالیست و فاشیست و سۆسیالیست و پۆپۆلیستە کاتۆلیکەکان بەهێز بوون. لاوازی و هاریکاری نەکردنی حیزبە جۆراوجۆرە ڕاست و چەپەکان هەلی بۆ فاشیستەکان ڕەخساند و دواجار لە ساڵی ١٩٢٢دا پاشا پۆستی سەرۆك وەزیرانی دایە دەست مۆسۆلینی. کڵێسەی کاتۆلیك خۆشحاڵ بوو لە بە دەسەڵات گەیشتنی فاشیستەکان چونکە دژی کڵێسە بوون. فاشییەکانیش هێما و سیمبۆلەکانی پاشایەتی و کڵێسەیان پاراست و پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرد. بە پێی ڕێکەوتن-نامەکانی ساڵی ١٩٢٩ لە نێوان دەوڵەت و کڵێسەدا سەرجەم ئیمتیازەکانی کڵێسە، کە پێشتر لە لایەن لیبڕاڵەکانەوە لە کڵێسە سەنرابوونەوە، درایەوە کڵێسە. بە گشتی بۆچوونە سیاسییەکانی ئیتاڵیا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و هەروەها هەڵوێستە سەرەتاییەکانی بەندیتۆ کرۆجە (Benedetto Croce) (1866_1952) مێژوونووس و گەورە فەیلەسووفی کۆنسەرڤاتی ئیتاڵی، دەکرێ وەك سەرەتای سەرهەڵدانی هەندێ ڕەوت لە بەرانبەر بۆچوونی گشتی لیبراڵیزمدا لە قەڵەم بدەین.

### بەندیتۆ کرۆجە:

کرۆجە لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆکرات و کاتۆلیك و لایەنگری پاشایەتیدا چاوی بە دنیا هەڵێنا. خوێندنی ڕەسمی فەلسەفەی بە نیوەچڵی بە جێ هێشت، بەڵام هەر لە سەردەمی

1. Savoy

لاوەتیدا ڕووی کردە لێکۆڵینەوە لە بواری فەلسەفەدا. ناوبراو لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی لیبراڵ_ناسیۆنالیستی ئیتاڵی بێزار بوو و بە هیوای خستنە ڕووی هەندێ بیر و هزر دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخلاقی بوو. لەو ڕووەوە پاش لێکۆڵینەوەیەکی خەست و خۆڵ کەوتە ڕەخنە گرتن لە سۆسیال_دیموکراسی و مارکسیزم. لە ساڵی ١٩٠٠دا یەکەمین کتێبی خۆی واتا ماتریالیزمی مێژوویی و ئابوورییە مارکسییەکانی[1] نووسی و لە ساڵی ١٩٠٢ جوانناسی وەك زانستی بەیان و زمانی گشتی[2] نووسی. گرنگترین نووسراوەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٠٩دا فەلسەفەی بابەتە کردەییەکان: ئابووری و ئەخلاق[3] و لە ساڵی ١٩١٧دا مێژوو: تیۆر و پراکتیکی مێژوویە[4]. لە ساڵی ١٩٠٣دا گۆڤاری ئەدەبی و فەلسەفی لاکریتیکا(La Critica)ی (ڕەخنە) دەرکرد و لە ماوەی چلویەك ساڵدا هەموو بابەت و وتارەکانی خۆی تیێدا بلاو کردەوە.

لە ساڵی ١٩٠٥دا کرۆچە، هیگڵی دۆزییەوە و فەلسەفی ناوبراو سەرنجی ناوبراوی ڕاکێشا. پاش ئەو ئاشنایەتییە کتێبە سەرەکییەکەی خۆی، واتا فەلسەفە وەك زانستی ڕوحی[5](١٩٠٢_١٩١٧) لە چوار بەرگدا نووسی کە لەخۆگری فەلسەفەی گشتی ناوبراوە. لە ساڵی ١٩١٠دا وەك سێناتۆر هەڵبژێرا و ڕێبەرایەتی کۆنسەرڤاتەکانی گرتە ئەستۆ. ناوبراو لە نووسراوە سەرەتاییەکانیدا وەك ئامرازێکی پێویست لە سیاسەتدا داکۆکی لە میکاڤیلیزم و سیستەمی لێپێچینەوەی ڕای دەکرد و بە توندی دژایەتی هزری لیبراڵیزمی دەکرد. لەگەڵ سەرکەوتنی فاشیزم لە ساڵی ١٩٢٢دا ئەو هیوایەی لە دڵدا گەشایەوە کە دواجار ئیتاڵیا لە گەرداوی بۆچوونە لیبراڵییەکان ڕزگاری بێ. ناوبراو سەرەتا لەو باوەڕەدا بوو کە فاشیزم جووڵەیەکە بەرەو لایەنی ڕاست و ڕەنگە بتوانێ بۆچوونە سۆسیالیستی و لیبراڵیستییە بێ سنوورەکان لەغاو بکا. بەڵام هاوکاری کرۆچە و سیستەمی مۆسۆلینی زۆری نەخایاند و کرۆچە لە ڕاستیدا بوو بە هێما و سیمبۆلی دژایەتی کردنی فاشیزم. بە باوەڕی ناوبراو

---

1. Historical Materialism and Marxist Economics
2. Estetica come Science Dellespressione e linguistica generale Aesthetic as Science of Expression and General Lingguistic
3. Filosotia Della Pratica : economia ed etica  Philosophy of the Practical: Economic and Ethic
4. Teoria e Storia della StoriografiaHistory : Its Theory and Practice
5. Filosofia  Come Scienza dello Spirito  Philosophy of the Spirit

فاشیزم ڕوویەکی تری ئیتاڵیا بوو کە تێیدا خۆویستی بەسەر فەزیلەتی مەدەنی و چەنەوەڕی بەسەر حەقیقەتدا زاڵ بوو. ناوبراو کە یەکێك بوو لە دژبەرانی توندی کڵێسەی کاتۆلیك، پاش پەیمانی هاوکاری نێوان دەوڵەتی فاشیستی و کڵێسە کەوتە ڕەخنە گرتن لە مۆسۆلینی و لە ئاکامدا بە فەرمانی ناوبراو لە زانکۆ دەرکرا. دواتر لەساڵی ١٩٣٨دا کتێبی مێژوو وەك سەرگوڕشتەی ئازادی[1] نووسی و لەو کتێبەدا داکۆکی لە لیبرالێزمێك دەکا کە تێیدا چۆنییەتی دەکەوێتە پێشەوەی چەندییەتی دەنگەکان و دیماگۆژی. ناوبراو پاش داکەوتنی مۆسۆلینی داکۆکی لە بەردەوامی سیستەمی پاشایەتی دەکرد بۆ ئیتاڵیا. بەو شێوەیە کۆنسەرڤاتیزمی کرۆجە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا ڕەنگ و ڕووی لیبراڵ هەڵدێنێ.

بە پێی فەلسەفەی هیگڵی_کرۆجە، ڕووح حەقیقەتی تاقانە و هەرە بەرزە. ماتریالیزم وەك فەلسەفەیەکی ناعەقڵی و ناڕاست نکۆڵی لە حەقیقەتی ڕووح دەکا، بەڵام حەقیقەت ڕووحانییە و بەردەوام لە گۆڕان دایە. ڕووح وەك حەقیقەتی هەرە بەرز لە ڕواڵەتەکاندا دەردەکەوێ. بەو پێیە خوێندنەوەی ڕواڵەتەکانیش بەشێکە لە خوێندنەوەی حەقیقەت. حەقیقەت لە ئەزموون و کرداری ئێمە دایە. کەواتە سەرجەم ئەزموونەکانی مرۆڤ خاوەن دیسیپلینن و هەڵگری حەقیقەتن و عەقلانین. بە بۆچوونی کرۆجە حەقیقەت دوو لایەنی هەیە: لایەنی تیۆری و لایەنی ئەزموونی. بەو پێیە زەینیش دوو جۆرە چالاکی هەیە: چالاکی تیۆری ( واتا تێگەیشتن) و چالاکی کردەیی( واتا ئیرادە). تێگەیشتنیش خۆی دوو جۆرە: تێڕامان و لێ وردبوونەوە کە تێگەیشتنە لە چەمکە گشتی و بابەتییەکان و جۆری دووەم شهوودە کە باڵاترین ڕەنگدانەوەی لە تێگەیشتنی جوانیناسانە و هونەری دایە. کردەوەش دوو جۆرە: کردەوەی قازانجخوازانە و کردەوەی خێرخوازانە. بەو شێوەیە چوار چەمکی سەرەکی فەلسەفەی گشتی کرۆجە، کە هەموویان سنووری هاوبەشیان پێکەوە هەیە، بریتین لە: حەقیقەت، جوانی، خێر، بەرژەوەندی[2].

---

1. La Storia Come Pensiero e Come azione ( History as the Story of liberty)

٢. بە سروپالی رادا کریشنان، تاریخ فلسفەی شرق و غرب(جلد دوم) : تاریخ فلسفەی غرب، ترجمەی جواد یوسفیان، (تهران، انتشارات و **آموزش** انقلاب اسلامی، ١٣٦٧) ل ٣١٤_٣١٨.

کرۆجە سەرەڕای ئەوە دژی کلێسە بوو، هێرشی دەکردە سەر ئایینیش و باوەڕی وابوو کە ئایین نکۆڵی لە ئیرادە و ئیختیاری مرۆڤ دەکا. بەو شێوەیە باس لە کرۆجە کراوە: «خواناسی کاتۆلیکی ئەوەندە بە وردی خوێند کە لە کۆتاییدا بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە دین وەرگەڕا.[1]» ناوبراو لەبری ئایین پەسنی هونەری دەدا و پێی لە زانستیش باشتر بوو. بە باوەڕی ناوبراو، زانست سوودهێنەرە، بەڵام هونەر ڕێنما و ڕێنیشاندەری مرۆڤە بەرەو لای حەقیقەتە ورد و بێ هاوتاکان. زانست بەرەو دنیای ئابستراکتمان دەبا، لە کاتێکدا ناسینی هونەری ناسینێکی شهوودییە و دەکەوێتە پێشەوەی چالاکی فکری.

کرۆجە لە کتێبی مێژوو وەك سەرگوڕشتەی ئازادیدا هەندێ لە هیگڵ دوور دەکەوێتەوە و لەبەر چاو گرتنی پرۆسەی دیالەکتیك و دەرکەوتنی خوا لە مێژوودا ڕەت دەکاتەوە. بە باوەڕی ناوبراو پێشکەوتی مێژوویی دەرئەنجامی کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکی نییە، بەڵکو بەشێکە لە خودی مێژوو. هەروەها ناوبراو ڕەخنە لە پەسن و پێداهەڵدانی دەوڵەت بە شێوەی هیگڵی و هزری یەکسانی حەق و دەسەڵات دەگرێ. بە وتەی ناوبراو «ئامانجی سەرەکی دەوڵەت دابین کردنی هەلومەرجی پێویستە بۆ وەدیهاتنی بەرزترین دەسکەوتە ڕوحییەکان[2].» هەر چەندە دەوڵەت سەرچاوەی کلتور و شارستانییەتە، بەڵام لەوان بەرزتر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کرۆجە هەر وەك هیگڵ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مێژوو مێژووی ئازادییە و ئازادی تەواو و وشیارانە تەنیا لە هەندێ کەس، واتا لە فەیلەسووف و بیرمەندانا، دەردەکەوێ. ئازادی شتێك نییە کە نسیبی جەماوەر بێ. ئازادی هیچ پێوەندییەکی بە شۆڕش و خەباتەوە نییە؛ و پێوەندی نێوان ئەو دووە وەهمێکە کە تینووانی دەسەڵات دەی ئافرێنن. بە باوەڕی ناوبراو ئازادی لە ڕووی ئەخلاقیشەوە هیچ پێوەندییەکی بە خۆشبەختی و ئاسوودەییەوە نییە و ئامانجێکی تەواو سەربەخۆیە و ڕەنگە لەگەڵیان ناکۆکیش بێ. بۆچوونەکانی کرۆجە دەربارەی جەنگیش لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی هیگڵدا بوو. بە باوەڕی ناوبراو تاکە پێوانەی هەڵسەنگاندنی شەڕ ئاکام و ئامانجی شەڕە.

---

١. ویل دورانت، تاریخ فلسفه، ترجمەی عباس زریاب خویی، ( تهران، انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، ١٣٩٦) ل ٤٠٩.

2. Ideas in Conflict. P.265 .

شەڕ ڕەنگدانەوەی تراژدیا و دەرد و ئازارێکە کە بەشێکی دانەبڕاوی خودی ژیانە: «بە بێ مەرگ ژیان و بە بێ ناشیرینی جوانی و بە بێ هەڵە حەقیقەت بوونی نییە[1].» شەڕ و توند و تیژی یەکێکە لە پێداویستییەکانی پڕۆسەی بەرەو کەماڵ چوونی مرۆڤ. ئاشتی هەمیشەیی دەبێتە مایەی لاواز بوونی پاڵنەرە کردەییەکانی مرۆڤ؛ بەڵام ئاشتی کاتی شتێکی باشە، بە مەرجێك کە دواجار جەنگی لێ بکەوێتەوە.

---

1. Ibid, p. 265 .

## (٣)

# ئۆرتیگا یی گاست

پەندی مێژوو ئەوەیە چی نەکەین نەك چی بکەین.
یاخیبوونی جەماوەر

خۆزە ئۆرتیگا یی گاست[1](١٨٨٣-١٩٥٥)، فەیلەسووف و تیۆریسیەنی ئیسپانیایی کە وەك یەکێك لە پێشەنگانی ڕێنسانسی ئیسپانیا لە سەدەی بیستەمدا دێتە ژمار، خوێندنی لە ئیسپانیا و ئەڵمان تەواو کرد و سەرەتا لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی نییوکانتی ماربوگدا بوو. ئۆرتیگا مامۆستای میتافیزیك بوو لە زانکۆی مەدرید. لە سەردەمی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیادا چووە فەرەنسا و هۆڵەندا و ئەرژەنتینا و پۆرتوگاڵ و خۆی لە لایەنگری لە شەڕ بوارد. پێشتر لە دەوڵەتی کۆماریدا نوێنەری پارلەمان بوو، بەڵام لەسەر خواستی فرانکۆ گەڕایەوە وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە قبووڵ کردنی نازناوی فەیلەسووفی ڕەسمی دەوڵەتی فالانژی[2] فرانکۆ پاراست. پاش گەڕانەوە بۆ وڵات، ئەنیستیتوتی ئازادی فەلسەفە و زانستە کلتورییەکانی[3] دامەزراند و هەروەها سێ گۆڤاری بە ناوەکانی ئیسپانیا[4]، هەتاو[5] و گۆڤاری ڕۆژئاوای[6] دەرکرد. کتێبە سەرەکییەکانی بریتین لە: هەندێ وانەی میتافیزیك؛ ڕیشەی فەلسەفە؛ عەقڵی مێژوویی؛ فێنۆمینۆلۆژیا و هونەر؛ لێکدانەوەیەك بۆ مێژووی جیهان، مێژوو وەك مەنزومە، فەلسەفە چییە؟، ڕامان لە دۆن کیشۆت و یاخیبوونی جەماوەر.

1. Jose Ortega y Gasset
2. Falangist
3. The Instituto de Humanidades
4. Espana
5. El Sol
6. La Revista de Occidente

بۆ تێگەیشتن لە بەستێنی هزرە سیاسییەکانی ئۆرتیگا پێویستە ئاوڕێك لـە گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئیسپانیا بدەینەوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئیسپانیا گەلێ شەڕ و کێشەی ناوخۆیی بە خۆوە بینی. لەو شەڕانەدا لیبراڵەکان و لایەنگرانی سیسـتەمی پاشـایەتی لە بەرانبەر یەکتردا بوون. پاش سـاڵی ١٩٠٠ هاوکـات لەگـەڵ سـەرهەڵدانی سۆسیالیسـت و ئەنارشیستەکان گرژی سیاسیش لەو وڵاتەدا زیادی کرد. پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، بـەرز بوونەوەی گەندەڵی ئیداری و سیاسی کودەتای ساڵی ١٩٢٣ی لێکەوتەوە بە ڕێبەرایەتی ژێنراڵ پریمۆ دو ڕیۆرا[١]. شای ئیسپانیا، ئالفۆنسۆی سێزدەهەم[٢]، ملی بۆ حکومەتی ڕیۆرا کـەچ کـرد. بەڵام دواجار ئەو ڕژێمە لە ئەنجامی سەرهەڵدانە شارییەکان لە ساڵی ١٩٣٠دا هەرەسی هێنا و ساڵێك دواتر سیستەمی کۆماری بە ڕێبەرایەتی ئاڵکانا زامۆرا[٣] دروست بوو. ڕژێمـی زامـۆرا بنەمادا ڕژێمێکی لیبراڵ و دژە کڵێسە بوو. هەر بۆیە لە دوو بەرەوە دژایـەتی لەگـەڵ دەکـرا: یەکیان، لە لایەن بەرەی نیشتیمانییەوە، کە لە هێزە کاتۆلیك و کۆنسەرڤاتەکان پێك هاتبوو و دووەمیان لە لایەن بەرەی گەلی چەپەوە. پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٣٦ کـە بـەرەی گـەل سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێنا، دەوڵەتی کۆماری کەوتە بندەستی چەپەکانەوە و بـاس و بابـەت و سیاسـەتی ڕیفـۆرمی زەوی، هەڵوەشـاندنەوەی ئیمتیازەکـانی کڵێسـە و گـۆڕینی سیستەمی فێرکاری کەوتە ڕۆژەڤەوە. داشکانەوەی دەوڵەتی کۆمـاری بـەلای چـەپدا بـوو بـە مایەی نیگەرانی کڵێسە و ئەرتەش و خاوەن زەوییەکان. دواجار لە ژوئییەی ١٩٣٩دا شۆڕشی سوپایی لە دژی سیستەمی کۆماری دەستی پێ کرد؛ و ئـەوەش سـەرەتای جـەنگی نـاوخۆیی ئیسپانیا بوو کە تا ساڵی ١٩٣٩ درێژەی هەبوو.

بە گشتی لەو شەڕە ناوخۆییەدا قەشە و ڕاستڕەوەکان و لایەنگرانی پاشایەتی و سوپاییەکان پشتیوانیان لە حیزبی فالانژ ناسیۆنالیست_سەندیکالیست دەکرد کە ئیئتلافی چـەند گرووپـی ڕاستڕەو بوو. بەو شێوەیە دژایەتی کردنی لیبراڵیزم و دیموکراسی وەك یەك لـە ڕەوتـە فکرییـە

---

1. Miguel Primo de Rivera (Y Orbaneja(

2. Alton so XIII.

3. Alcana Zamora

سەرەکییەکانی ئیسپانیا دەهاتە ژمار و بۆچوونەکانی ئۆرتیگاش دەبێ لە دەقی دژایەتییەکی ئەوتۆدا خوێندنەوەیان بۆ بکرێ.

یاخی بوونی جەماوەر گرنگترین نووسراوەی سیاسی ئۆرتیگایە، هەر بۆیە لێرەدا باس لە بۆچوونە سەرەکییەکانی ناوبراو بە پێی ئەو کتێبە دەکەین. بە باوەڕی ئۆرتیگا خەڵکی ڕۆژئاوا کەوتوونەتە زەلکاوی نێهێلیزمی ئەخلاقییەوە و هیچ پێوانەیەکی ئەخلاقیان نەماوە و بە تەواوی تووشی ئازادی ڕەها هاتوون و ئەو ئاڵوگۆڕانەش سەرەتای سەرهەڵدانی سەدەکانی ناوەڕاستێکی ترە.

لە ڕوانگەی ئۆرتیگاوە گرنگترین ڕاستەقینەی سەردەمی ئێمە سەرهەڵدانی مرۆڤی جەماوەری و جەماوەرە لە پانتایە جیا جیاکانی کۆمەڵگادا. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە جەماوەر لە یاخی بووندا بوون. «چونکە بە پێی پێناسە جەماوەر نە دەبێ و نە دەتوانێ ژیانی تاکەکەسی خۆی یان کۆمەڵگا بەرێوە ببا بەو پێیە ئەوروپا تووشی مەزنترین قەیرانێك هاتووە کە ڕەنگە نەتەوە و شارستانییەتەکان تووشی بن.[1]» بە باوەڕی ئۆرتیگا جگە لە ژیانی سیاسی جەماوەر لە پانتایەکانی تریش سەریان هەڵداوە، وەك پانتایی فکری، ئەخلاقی، ئابووری، ئایینی و زانستی. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو کۆمەڵگا جەماوەرییە دەکرێ لەو بەشانەی خوارەوەدا ببینین: لە شارە پڕ دانیشتوانەکان، لە شەمەندەفەرە پڕ سەرنشینەکان، لە کافە پڕ حەشیمەتەکان، لە پارکە پڕ گەشتیارەکان و لە قوتابخانە پڕ خوێندکارەکاندا؛ بەو شێوەیە هەنووکە بوونی جێگە و ڕێگە بۆتە گرفتێکی سەرەکی. ئاپۆرە و کەڵەکە بوونی خەڵك یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی مۆدێرن. لە ڕابردوودا ئەندامانی جەماوەر بە شێوەیەکی پڕشوبڵاو دەژیان: هەر کەسە و لە شوێنی سروشتی خۆی واتا لە شار و ناوچە و هەرێمێکدا دەژیا و خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە هەنووکە جەماوەر خۆی خزاندۆتە ناوەندە باش و سەرچڵەکان کە پێشتر جێگە و شوێنی کەمایەتییەکان بوون. لە سەردەمی مۆدێرندا هاتوهەرای سەرئێشەهێنی جەماوەر لە هەموو شوێنێکدا دەبیسترێ. بە باوەڕی ئۆرتیگا کۆمەڵگا لە دوو بەشی جەماوەر و کەمایەتی پێکهاتووە. جەماوەر ڕاستەقینەیەکی

---

1. Jose Ortega Y Gaaset, the Revolt of the Masses, New York, W.W. Norton & Co. 1932, p. 11 .

دەروون ناسانەیە. ئەندامانی جەماوەر ئەو کەسانەن کە خۆیان «پێ ئەوانی ترە[١]» و هیچ بەهایەکی تایبەت نادەنە خۆیان. مرۆڤی جەماوەری دەڵێ: «ئەمنیش وەك خەڵکانی ترم[٢]». کەواتە جەماوەر کۆمەڵێك ویست و نیاز و هزر و شێوە ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە. بە پێچەوانە، ئەندامانی کەمایەتی بە یەك مانا ویست و هزری هاوبەشیان هەیە، بەڵام لایەنی جیاوازی ئەوان بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە خۆیان لە جەماوەر جیا دەکەنەوە و هۆی کەمایەتی بوونیشیان هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. هۆی سەرهەڵدانی کەمایەتیش هەر ئەو خۆ جیا کردنەوەیە. ئەندامانی کەمایەتی چاوەڕوانییەکی زۆریان لە خۆیان هەیە؛ کەواتە خەڵك لە دوو دەستە پێکهاتووە: «تاقمێك کە چاوەڕوانییەکی زۆریان لە خۆیان هەیە و تاقمێکی تریش ئەو کەسانەن کە هیچ چاوەڕوانییەکیان لە خۆیان نییە.[٣]»

کەواتە دابەش کردنی کۆمەڵگا بە سەر دوو بەشی جەماوەر و کەمایەتیدا بە واتای دابەش کردنی کۆمەڵگا نییە بە سەر چینە کۆمەڵایەتییە باوەکان دا، چونکە هەم لە چینەکانی سەروو و هەم لە چینەکانی خواروودا، جەماوەریش بەرچاو دەکەوێ و کەمایەتیش. هەروەها لە سەردەمی مۆدێرندا بۆچوونە جەماوەرییەکان لە ناو کەمایەتی یان گرووپە هەڵکەوتەکاندا بەهێز بووە و بە نێو ڕووناکبیرانی جەماوەری دزەیان کردۆتە ناو ژیانی فکری کۆمەڵگاوە. بەڵام لە بەرانبەر دا، لە ناو چینی کرێکاری نوێدا بۆچوونی دژە جەماوەری بەهێز بووە[٤]. هەنووکە پانتای هونەر و دادوەری و حکوومی بوونەتە پانتایی تەراتێنی مرۆڤی جەماوەری: «جەماوەر بڕیاری داوە پێ بنێتە ڕیزی پێشەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەست بە سەر ئەو شوێنو ئامرازانەدا بگرێ کە پێشتر لە دەست گرووپە بچووکەکاندا بوون.»[٥] جەماوەر، بە بێ داماڵینی تایبەتمەندییە جەماوەرییەکانی خۆی پێی ناوەتە شوێنێك کە دەبێ لە دەست کەسانێکدا بێ کە خۆیان پێ لە جەماوەر زیاتر بێ. بەو شێوەیە بونیادە سیاسییە مۆدێرنەکان

---

1. The Revolt of the Masses, p. 15 .

2. Ibid, p. 15 .

3. Ibid, p. 15

4. Ibid, p. 16.

5. Ibid, pp. 16_17.

بوونەتە شوێنی ئامادەیی جەماوەر. دیموکراسی لە ڕابردوودا بە هۆی ئاوێتە بوونی لەگەڵ لیبرالّیزم و دەستوورگەرایی دا دەگەیشتە هاوسەنگییەك و کەمایەتی لە ژێر سێبەری یاسادا دەیتوانی درێژە بە ژیان بدا. بەڵام لە دیموکراسییە هەنووکەییەکاندا جەماوەر کەوتۆتە دەرەوەی یاسا. «گومانم هەیە لەوەی کە پێشتر جەماوەر توانیبێتی وەك سەردەمی ئێمە حکومەتی ڕاستەوخۆی وەدەست هێنابێ[1].» جەماوەر هەر چی جیاواز و تاکەکەس بێ دەیهاڕێ. «هەر کەس وەك هەمووان نەبێ و وەك ئەوان بیر نەکاتەوە دەکەوێتە بەر مەترسی لەناو چوون.[2]» لە ئەمریکا، کە گەورەترین کۆمەڵگای جەماوەری جیهانە، «جیاواز بوون هاوتای دزێوی و ناحەزییە.[3]»

لە لایەنی مێژووییەوە دەکرێ ڕابردووی سەرهەڵدانی جەماوەر لە ڕۆژگارە کەونارەکانیشدا بدۆزینەوە، بۆ نموونە لە ڕۆمای کەونارادا. «مێژووی ئیمپراتۆری ڕۆماش مێژووی سەرهەڵدانی ئیمپراتۆری جەماوەرە کە کەمایەتییە ڕێبەرەکانیان وەلا نا و خۆیان بوونە جێگریان.»[4] بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا سەرهەڵدانی جەماوەر بۆتە چارەنووسی کۆمەڵگای مۆدێرن. لە شۆڕشی فەڕەنسادا گیوتین سیمبۆلی سەرهەڵدانی جەماوەر و سەرکوتی کەمایەتییە جیاوازەکان بوو.

لە سەدەی هەژدەهەمدا هەندێ لە ڕووناکبیران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە مرۆڤ هەندێ مافی سەرەکی و بنەڕەتی هەیە و هەر مافێکیش پشت بە ئیمتیازی تایبەتەوە ببەستێ دەبێ وەلابنرێ. ئەو بۆچوونە دواجار سەروەری مرۆڤی ئاسایی و جەماوەری لێکەوتەوە. مافی مرۆڤ بەو مانایە ئیتر دەربڕی ئامانجە مرۆییەکان نییە و زۆرتر ڕەنگدانەوەی ویست و نیازەکانی تاکەکەسە. بە گشتی لە شۆڕشی فەڕەنسا بەدواوە سەرهەڵدانی جەماوەر بەگوڕتر و خێراتر بوو. جەماوەر لە سەردەمی ئێستادا بە تەواوی خەریکی خۆیانن و خۆشی و ڕابواردنی وەك یەکی جەماوەر بۆتە پڕەنسیپی کۆمەڵگا. لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری وەك یەکدا

---

1. Ibid, p.18.

2. Ibid, p.18 .

3. Ibid, p.18.

4. Ibid, p. 19 .

جیاوازییەکان و جیاوازەکان لەناو دەچن و جیهانێکی هاوئاست و یەکدەست و جەماوەری لێدەکەوێتەوە.

ئۆرتیگا لە لێکدانەوەی ڕەشی جەماوەریی باوی سەردەمی مۆدێرندا ئاماژە بە هەستی مێژوویی خەڵك لەو سەردەمەدا دەکا. لە سەردەمی ئێستادا هەمووان لەو باوەڕە دان کە ئەو سەردەمە لە هەموو سەردەمەکانی ڕابردوویان گەشاوەترە و ڕابردوو لە چاو ئێستا زۆر لە ئاستێکی نزم دایە. لە ڕابردوودا خەڵك بە پەرۆشەوە سەیری ڕابردوویان دەکرد و پێیان وابوو بەهەشتی ونبوویان لە ڕابردوو دایە. بەڵام لە سەردەمی ئێستادا وا هەست دەکرێ کە ئێمە ئێستا گەیشتووینە ترۆپکی بەڵێنیدراو، واتا چڵەپۆپەی سەردەم؛ بەو پێیە هەستی مێژووییمان بەراوەژوو بۆتەوە. بە واتایەکی تر، لە سەردەمی مۆدێرندا «دواجار دەبێتە جێگری ئێستا[1]». بە باوەڕی ئۆرتیگا ڕازی هەرەسهێنانی شارستانییەتی مۆدێرن لێرە دایە. کاتێك خەڵکانی سەردەمانێك باوەڕیان وابێ کە ویستەکانیان دابین کراوە ئیتر ویستێکیان نامێنێ و کاتێکیش سەرچاوەی ویستەکان وشك بوو، دەگەنە کۆتایی. «ئێستا بۆمان دەردەکەوێ ئەو سەدانەی ئەوەندە لەخۆبایی و بە کەماڵ گەیشتوو دەهاتنە بەرچاو، لە ناوەوە کرمۆڵ بوون. یەکگرتوویی ژیانی ڕاستەقینە لە خۆشحاڵی و دەست وێراگەیشتن و پێگەیشتندا نییە.[2]» کەواتە لە پشتەوەی قۆناغەکانی ڕەزایەتو هەستی بە کەماڵ گەیشتندا خەمێکی بەربڵاو خۆی حەشار داوە. «هەندێ لە سەدەکان بەهۆی لەخۆ ڕازی بوون و ئاگادار نەبوون لە چۆنیەتی بووژاندنەوەی ویستەکانیان تووشی مردن دەبن.[3]» مۆدێرنیتە خۆی لە چڵەپۆپە و ترۆپکی زەماندا دەبینێ و ڕابردوو لەچاو خۆی وەك شتێکی سەرەتایی دێنێتە ژمار. «وشەی مۆدێرن دەربڕی زانیاری دەربارەی ژیانێکە کە لە ڕابردوو لەسەرترە؛و لە هەمان کاتدا لەخۆ گری فەرمانێکە بۆ ئەوەی هەمووان لە چڵەپۆپەی زەماندا بن بەڵام ئەو بانگەشەیە کە جۆرێکی تایبەت لە ژیان لە بەناو کلتوری مۆدێرندا سەقامگیر و چەسپاوە بە واتای سنووردار کردنی ئاسۆی ڕوانینە.»[4] بەو

1. Ibid, p. 31.
2. Ibid, p. 32.
3. Ibid, p. 32.
4. Ibid, p. 33 .

شێوەیە کاتێ عەدەمی قەتعییەتی سەردەمی مۆدێرن بێنینە بەرچاو «ئازاد دەبین و جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ جیهانی ڕاستەقینە، واتا جیهانی بابەتە قوولْ و سامناك و پێشبینی هەڵنەگر و بێ کۆتاییەکان کە لەو جیهانەدا هەموو شت، چ باش و چ خراپ، دەبێ و دەگونجێ.»[١] باوەڕ هێنان بە سەردەمی مۆدێرن باوەڕێکی تەماوی و خەماوییە، چونکەواتەی وایە کە سبەی لە هەر ڕوویەکەوە هەر وەك ئەوڕۆ دەبێ و لە ئاکامدا ئێمە کەوتووینە بەندی زەمانەوە؛ لە کاتێکدا بە وتەی سێرڤانتس (Miguel de Cervantes)، نووسەری دۆن کیشۆت، «لە سەفەردا بوون هەمیشە لە گەیشتن بە مەبەست باشترە.[٢] نەبوونی دەرفەتی پێشبینی و هەروەها باوەڕ بەوە کە ئاسۆی دواڕۆژ زۆر ئەگەر و شیمانەی دێتە ڕێ، ژیانی ڕاستەقینە و دەوڵەمەندی بوونی ئێمە دروست دەکەن.[٣]»

ئۆرتیگا بە شێوەیەکی پڕ گرێ و گۆڵ و ئاڵۆز بەڵگە دێنێتەوە کە مرۆڤی مۆدێرنی ئەو سەردەمە هەست بە لەناو چوونی خۆی ناکا و ئەوەش باشترین بەڵگەی لەناو چوونییەتی؛ چونکە هەست نەکردن بە لەناو چوون بە واتای گەیشتن بە کەماڵ و لە ئاکامدا وشك بوونی سەرچاوەکانی ویست و خواستی مرۆڤە. مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن لەو باوەڕە دایە کە ڕابردوو تەنگەبەر و خنکێنەرەو ڕۆژگاری خۆی ڕۆژگارێکی کراوە و ڕووناکە: «یەکەم جارە گەیشتووینە سەردەمێك کە هەموو سەردەمی ڕابردوو وەك لاپەڕەیەکی سپی و ساکار سەیر دەکا و هیچ پێوانە و سەرمەشقێك لە ڕابردوودا بەدی ناکا... دابڕانێکی ئاوها زۆر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا واقعێکی گشتی سەردەمی ئێمەیە... پاشماوەکانی ڕوحی ڕابردوو بە تەواوی سڕاونەوە... گرفتەکانمان دەبێ بە بێ هاوکاری ڕابردوو چارەسەر کەین.»[٤]

بە باوەڕی ئۆرتیگا ئەو دۆخە یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی ڕاستییەکی گشتی تر کە ناوبراو بە بەرز بوونەوەی ژیانی ناو دەبا. بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕە، ناوەڕۆکی بوون بۆ مرۆڤی مامناوەندی

1. Ibid, p. 33 .
2. The Revolt of the Masses, p. 32
3. Ibid, p. 34 .
4. Ibid, p. 36 .

ئەو سەردەمە سەرجەمی گۆی زەوییە.[1]» هیچ بەشێکی جیهان لـە چوارچـێوەی سـنوورەکانی پێشوودا قەتیس نەماوەتەوە و لەسەر یەك دەکرێ بڵێین جیهان زۆر بەرفراوان تر بۆتــەوە. ئـەو دۆخەی سەرانسەری ژینە یـان ئامادەییـە غەیبییـە بـە شـێوەیەکی بـێ وێنـە بۆتـە مایـەی بـەرفراوانی ئاسـۆی فکـری هـەمووان. لـە ڕووی زەمانییـەوە هاوکـات لەگـەڵ دۆزینـەوەی شارستانییەتە لەناو چووەکاندا، ڕابردووش چۆتە ژێر دەسـتی مرۆڤـی مـۆدێرن. بـەم شـێوەیە جیهان و ژیان لە ڕووی فەزا و زەمانەوە بەرفراوان بوونـەوە. بـە هـۆی سـەرهەڵدانی دیـاردەی خێرایی لە سەردەمی مۆدێرندا، مرۆڤ دەتـوانێ زەمـانێکی زۆرتـری دەرەکـی و سروشـتی لـە سەردەمانی ژیانیدا بەکار بێنێ. «مانای ئەو وتەیە کە ئێمە ژیان دەکەین ئەوەیە کـە خۆمـان لە فەزایێکی پڕ لە هەل و دەرفەت و مەجالدا دەبینین.[2]» ژیان لە هەر سـاتێکیدا بریتییـە لـە زانیاری دەربارەی ئەو شتەی بۆ ئێمە دەشێ و دەگونجێ. «ئێمە تەنیا دەبـین بـە بەشـێك لـەو شتەی کە دەگونجێ ببین بەو.[3]» بەو شـێوەیە جیهـان زۆر بـەرفراوان و مـەزن بۆتـەوە و ئێمـە زەڕڕەیەکی بچووکین لە جیهاندا. «وجوودی موومکین هەمیشە لە وجوودی بالفعل بـەرفراوان ترە.[4]» دەرفەتەکان لە جیهانی ئێستادا لە هەموو سەردەمەکان زیاترە. لە جیهانی ئێسـتادا، ڕابواردن، شێوەکانی بیر کردنەوە، زانست و پیشەکان زۆر زیادیان کردووە. فیزیکـی ئەنشـتاین گەلێ فەزای بەرفراوانی بە ڕووی مرۆڤ دا کردەوە کە فیزیکی نیۆتۆن لەچاو فیزیکی ئەنشـتاین هۆدەیەکی بچووکە[5]. کەواتە شارستانییەتی نوێ لەو ڕووەوە بەرەو نـەمان و تێداچـوون نییـە، بەڵکو هەر وەك پێشتر باسکرا، سەردەمی مۆدێرن خۆی پێ لە سەردەمی تـر لەسـەرترە و لـە ئاکامدا، ئیتر هیچ ئامانجێك لە دوارۆژی خۆیدا نابینێ کە شیاوی هەوڵـدانی بـەردەوام بـێ و هەر بەو هۆیە بەرەو نەمان و تێداچوون دەچێ. مرۆڤی مـۆدێرن لـەناو دۆزراوە و زانسـتەکانی خۆیدا خۆی ون کردووە کەواتە لە چاو مرۆڤی سەردەمانی تر، تووشی خـراپترین دۆخ هـاتووە.

---

1. Ibid, p. 38 .
2. Ibid, p.38.
3. Ibid, p. 40_41.
4. Ibid, p. 40_41.
5. Ibid, p. 42 .

«مرۆڤ ئافرێنەری هەموو شتێکە، بەڵام دەسەڵاتی بە سەر خۆیدا نییە.» بەو شێوەیە هەستی دەسەڵات و نائەمنی هاوکات دەستیان بە سەر ڕوحی مرۆڤی مۆدێرندا گرتووە. «هەنووکە بە پێی ئەو ڕاستییە کە هەموو شت بۆ ئێمە دەشێ و دەگونجێ، ئەو هەستە زاڵە کە خراپترین بابەتیش، واتا وەحشیەتی و تێداچوونیش دەشێ و دەگونجێ.»[1] بە باوەڕی ئۆرتیگا لیبرالیزم و مارکسیزم لە ڕێگەی خستنە ڕووی ئەو بۆچوونەوە کە ڕەوت و ڕێبازی مێژوو ڕەوت و ڕێبازێکی زەرووری و پێشبینی هەڵگرە بەرەو ئامانجەکانی دوارۆژ هەستی نائەمنیان لە ناو بردووە و لە هەڵوێستیاندا هیچ شوێنەوارێك لە هەستی نائەمنی و دڵەڕاوکێی بە سوود بەدی ناکرێ. هەستی متمانە و گەیشتن بە کەماڵ یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەمان و تێداچوون.

بەو پێیە ئێمە لە لایەك ناچار بە هەڵبژاردنین لە ناو ئەو هەمووە هەلودەرفەتەی لە بەر دەستمان دایە و ئەوە چارەنووسی ئێمە، واتا ناچارین کەڵك لە ئازادی خۆمان وەرگرین؛بەڵام لە لایەکی ترەوە ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی جەماوەر دەبینەوە، کە دەسەڵات لە دەستی ئەوان دایە؛و جەماوەر، بە پێچەوانەی کەمایەتی، ناتوانێ ڕێبازێکی دیاری کراو بۆ دوارۆژ هەڵبژێرێ. «مرۆڤی جەماوەریی ئەو کەسەیە کە لە ژیاندا هیچ ئامانجێکی نییە، بەڵکو تەنیا ڕۆژەکان تێپەڕ دەکا.»[2] یەك لە هۆکارەکانی زۆر بوونی جەماوەر بەرز بوونەوەی ژمارەی دانیشتوانە. دانیشتوانی ئەوروپا لە سەدەی شەشەمەوە تا سەدەی نۆزدەهەم سەرجەمی دەگەشتە ١٨٠ ملیۆن کەس، بەڵام لە ساڵی ١٨٠٠وە تا ساڵی ١٩١٤ لە ١٨٠ ملیۆنەوە گەیشتە ٤٦٠ ملیۆن کەس؛ و ئۆرتیگا لەو بارەوە دەڵێ: «جەماوەر یەك لە دوای یەك هەڵدەڕژێنە سەر پانتایی مێژوو بە خێراییەکی ئەوەندە پڕتاو کە ناکرێ هەمووان لە کلتوریکی نەریتیدا پەروەردە بکەی.»[3] مرۆڤی جەماوەری ڕەنگە لە ڕووی لەشەوە ساغتر و بە هێزتر بێ، بەڵام لە ڕووی فکرییەوە ساکار و سادەیە، هەر وەك «مرۆڤێکی سەرەتایی کە کوتوپڕ لە ناو

---

1. Ibid, p. 45.

2. Ibid, p. 49.

3. Ibid, p. 51.

شارستانییەتێکی زۆر کۆندا سـەری هەڵـدابێ.[1] » لەگـەڵ ئـەوەدا لـە بـارودۆخێکی ئـەوتۆدا، سیستەمی فێرکاریش بە جەماوەری دەبێ و لـە ئاکامـدا دەبێتـە سیسـتەمێکی بـێ ڕووح و پەست و سووك. جەماوەر ڕابردوو و نەریت تووشی هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە دەکەنـەوە. سەرهەڵدانی کۆمەڵگای جەماوەری جگە لە «هێرشی ئەستونی بەرپەرەکان» شتێکی تر نییە.[2]

لە ڕووی مێژووییەوە مرۆڤی جەماوەریی بەرهەمی سەدەی نۆزدەهەمە، هەر چەندە زۆر لە مرۆڤی ئەو سەردەمە جیاوازە. هیگڵ هەر لەو سـەردەمەدا وتبـووی: «جـەماوەر بـەرەوپێش دەچن.»[3] مرۆڤی جەماوەریی بە پلەی یەکـەم دەرکەوتـەی دابـەزینی گرفتـە ئابوورییـەکان و ئاسان بوونەوەی ژیان بـوو. لـە سـەدەی نۆزدەهەمـدا فـەزای ژیـان، بـە تایبـەت بـۆ چـینی مامناوەندی، بە شێوەیەکی بەرچاو کراوەتر بوو. لە دەسپێکی سـەدەی بیسـتەمدا بـارودۆخی چینی کرێکـاریش بـەرەو باشـی چـوو. بـەفراوان بوونـەوەی دیسـیپلینی گشـتی، دابـەزینی ناسەقامگیری سیاسی، سڕانەوەی ئاستەنگ و ئیمتیـازە کۆمەڵایەتییـەکان، لـە نـاو چـوونی ستاتۆ کۆنەکان، یەکسانی هەمووان لە ڕاسـت یاسـادا، گەشـەکردنی زانسـت و پیشەسـازی، نەمانی گوشار و بەستراوەییە نەریتییەکان- هەموویان کاریگەریان هـەبووە لـە سـەرهەڵدانی مرۆڤی جەماوەریی دا. لە ڕووی زەینییەوە مرۆڤی جـەماوەریی لـە «منـداڵێکی لـە نـاز و نیعمەتدا پەروەردە بوو» دەچێ کە هەموو شتێکی لە بەردەستدا بووە، بەڵام قەدری هیچ کـام لەو شتانە نازانێ و پێی وایە ئەو هەل ومەجال و دەرفەتانە بەرهەمی سروشـتن نـە بەرهـەمی هەوڵدان و لێهاتوویی کەمایەتییەکان. مرۆڤی جەماوەری بە تەماع و بێ ترسە و هیچ لەمپەر و سنوورێك ناناسێ و کەسیشی پێ گەورەی خۆی نییە و پێی وایە جگە لەو هـیچ کەسـی تـر بوونی نییە. جەماوەر تەنیا بیر لە خۆشگوزەرانی خۆی دەکاتـەوە، لـە کاتێکـدا هۆکارەکـانی پیشکهاتنی خۆشگوزەرانی ناناسێ. مرۆڤی جەماوەری زۆر بە ئیشتیایە و زۆریش پڕ خەرجە.

مرۆڤی جەماوەریی لە سەردەمی ئێستادا هیچ دەسەڵاتێك لە بەرانبـەر خۆییـدا نابینـێ، چونکە ناوەندێکی سەروەری وەك شا نەماوە کە هەمووان پەیڕەوی لێ بکەن و ئەو دۆخـە وای

1. Ibid, p. 51.

2. Ibid, p. 53.

3. Ibid, p. 54.

کردووە کە مرۆڤی جەماوەری ئازادی بە دۆخی سروشتی و خۆڕسکی خـۆی بزانـێ و ویسـت و خواستەکانی خۆی پێ ڕاست و دروست و بەرحەق بێ و بە پێچـەوانەی ئەنـدامانی کەمایـەتی هیچ چاوەڕوانییەکی لە خۆی نییە. بەڵام مرۆڤی هەڵبژاردە چاوەڕوانی لە خۆی هەیە و چاوی لە دەسەڵاتێکی دەرەکی و ئیستیعلاییە و پەیڕەوی لـەو دەکـا. بـەو مانایـە مرۆڤـی هەڵبـژاردە مرۆڤێکی مەرج و سنوور دارە، بەڵام مرۆڤی جەماوەری مرۆڤێکی ئازادە. ئۆرتیگا لـە زمـان گۆتەوە دەڵێ: « ژیان بە شێوەیەکی دڵخوازانە ژیانێکی عەوامانەیە: مرۆڤی هەڵڕستەدە ترسی دیسیپلین و یاسای هەیە.»[1] مافی مرۆڤی جەماوەری مافێکی پاسیڤ واتا بەرهەمی سروشتە و پێشتر دیاری کراوە، بەڵام مافی مرۆڤی هەڵڕستەدە وەك سەرکەوتن وایە و بەرهـەمی هـەوڵ و کۆششە. مافی ئەرستۆکراسی بە مانا عەوامانەکەشی مافێکی پاسیڤ و بەرهەمی سروشـتە. کەواتە دەبێ بە باشی لە ئەرستۆکراسی تێ بگەین. ژیـانی ئەرسـتۆکراتیانەی ڕاسـتەقینە لـە ڕاستیدا ژیانی مرۆڤی هەلبژاردەیە کە چاوەڕوانی لە خـۆی هەیـە. وشـەی ئەرستۆکراسـی لـە زمانی لاتینی نۆبل(Noble)دا، بە مانای کەسی ناسراوە — کەسێك کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، خۆی لە خەڵکی ڕەشایی جیا دەکاتەوە. مرۆڤـی خـاوەن ژیـانی ئەرسـتۆکراتی هەنـدێ مەرج دەسەپێنێتە سەر ژیانی خۆی. بەڵام بێتوو ئەرستۆکراسی ببێتە بابەتێکی میراتی، مانـا ڕەسەن و چالاکەکەی خۆی لـە دەسـت دەدا. کەواتـە ئەرستۆکراسـی واتـا هـەوڵ و کۆشـش و وەدەست هێنان و دانانی ئەرك لەسەر خۆ و جەماوەر ئـەو تایبەتمەندییانـەی نییـە. بەشـێکی بەرچاوی خەڵك ناتوانن هـیچ ئـەرکێك بۆخۆیـان دیـاری بکـەن، بـەڵکو تـەنیا ئـەو ئەرکانـە ڕادەپەڕێنن کە بۆیان دیاری کراوە.

بە باوەڕی ئۆرتیگا دەستێوەردانی توندوتیژی جەماوەر لە سەردەمی مۆدێرندا لـە هـەموو شوێنێکدا بەرفراوان بۆتەوە. ئەو کەسەی پێی وایە مافی ڕادەربڕینی هەیە بـە بـێ ئـەوەی لـە ڕێگـەی هـەوڵ و کۆششـەوە گەیشـتبێتە بۆچـوونێکی گونجـاو و هەڵسـەنگێندراو، مرۆڤـی جەماوەرییە. مرۆڤی جەماوەری بەند کـراوی زەیـنی خۆیـەتی و بـۆ ئـەوەی بۆچـوونی خـۆی دەربارەی گەیشتن بە حەق و هەروەها بێ نیازی خۆی بسـەلمێنێ پێویسـتی بـە پشـت ڕاسـتی خەڵکانی تر هەیە. بەو شێوەیە مرۆڤی جـەماوەریی خـۆی ناخاتـە گومـان و دوو دڵییـەوە و

1. Ibid, p. 63.

گەمژەیەکە کە شك لە گەمژەتی خۆی ناکا. ئۆرتیگا لە زمان ئاناتۆل فرانسەوە دەگێڕێتەوە کە مرۆڤی گەمژە لە مرۆڤی فێلاوی خراپترە، چونکە مرۆڤی فێلاوی هەندێ جار دەست لەو کارەی دەکێشێتەوە، بەڵام مرۆڤی گەمژە هەمیشە گەمژەیە.[1] لە سەردەمی ئێستادا عەوام وەك مافی خۆی باس لە عەوام بوونی خۆی دەکا و خۆی پێ خاوەن هزر و بیرە و ئەوەش بابەتێکی بێ وێنەیە، چونکە عەوام لە ڕابردوودا تەنیا ئیمان و باوەڕیان هەبووە نەك هزر. «مرۆڤی مامناوەندی ئەو سەردەمە لە ڕاست ئەو شتانەی لە جیهاندا دێنە ئاراوە و یان دەبێ بێنە ئاراوە وردترین بۆچوون و هەڵسەنگاندنی هەیە، بەو پێیە دەکرێ بڵێین ئەو مرۆڤە هەستی بیستنی نەماوە.»[2] بەڵام بە باوەڕی ئۆرتیگا ئەو بۆچوونانە بەرەو حەقیقەت و ڕاستی ناچن: بە بێ قبووڵ کردنی دەسەڵاتێکی سەرووتر کە ڕێکخەری بیر و بۆچوونەکان بێ ناکرێ باس لە بیر و بۆچوون بکرێ. هزر و کلتور پێویستی بە پێوانە هەیە. لە شوێنێك کە وا هەڵوێستی تیۆری دیار و بەرچاو وەك سەرچاوە لە ئارادا نەبێ کلتوریش جێگەی نییە. مرۆڤی جەماوەری ئەو هەڵوێستانەی لە ناو دەبا.

بە باوەڕی ئۆرتیگا بۆ یەکەم جار بە تایبەت لە سەندیکالیزم و فاشیزمدا مرۆڤێکی تر لە دایك بوو — مرۆڤێك کە نەیدەویست هیچ بەڵگەیەك بۆ بۆچوونەکانی خۆی بێنێتەوە و تەنیا لە بیری ئەوەدا بوو کە بۆچوونەکانی خۆی بەسەر ئەم و ئەودا بسەپێنێ. دیاردەی نوێ و سەیر و سەمەرە لێرەدا ئەوەیە کە مافی نامەعقووڵ بوون[3] یان بەڵگەی بێ بەڵگەیی وەك مافێکی تایبەت و نوێ خراوەتە ڕوو. بوونی بیر و بۆچوونی بێ بەڵگە واتا بێ بۆچوونی گرنگترین تایبەتمەندی مرۆڤی جەماوەرییە.[4] بەو مانایە کۆمەڵگای جەماوەری بەربەریەتێکی نوێیە کە تێیدا وتە بێ بەڵگە و بنەماکان وەك هزر و بۆچوون دێنە ژمار. کردەوەی ڕاستەخۆی جەماوەریش هەڵقولاوی ئەو دۆخە فکری و ڕوحییە. بەو شێوەیە فاشیزم چڵەپۆپەی ڕووەو بێ بیرییە لە سەردەم و شارستانییەتی مۆدێرن دا. لە هەر شوێن و کاتێکدا جەماوەر دەوری لە

---

1. Ibid, p. 70 .

2 .Ibid, p. 71 .

3 .Ibid, p. 37.

4 .Ibid, p. 37.

سیاسەتدا وەدەست هێنابێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بووە. کردەوەی ڕاستەوخۆی جەماوەر ڕاست دەکەوێتە بەرانبەری شارستانییەتەوە. ئەوەی بە لای شارستانییەتەوە گرنگە لە بەرچاو گرتنی هەڵوێست و بۆچوونی خەڵکانی ترە، بەڵام بەربەریەت ئەوەی بە لاوەی گرنگ نییە بۆچوونی خەڵکانی ترە.[١] یەك لە پێداویستییەکانی شارستانییەت کردەوەی ڕاستەوخۆیە و پاڵپشتی لیبراڵیزم کردەوەیەکی ئەوتۆیە. بەڵام لیبراڵیزم لەو جیهانەدا ناتوانێ بەردەوام بێ. لیبراڵیزم بەرزترین و مەزنترین ئامانجی مرۆڤە و لیبراڵەکان ژیانیان لەگەڵ دوژمنانیان بە تایبەت لەگەڵ دوژمنە لاوازەکانیاندا، دابەش دەکەن؛ بەڵام جەماوەر ناتوانێ لەگەڵ دوژمندا بژی و جگە لە خۆی دژی هەموو شتێکە. کەواتە لیبراڵیزم ناتوانێ وەدی بێ.

ئۆرتیگا لە شرۆڤەی دۆخی کۆمەڵگای جەماوەری مۆدێرندا کە دۆخێکی لە سروشتەوە تەماوییە دەڵێ خرۆشانی جەماوەر دوو شێوازی هەیە: شێوازی یەکەم، شێوازێکی پۆزەتیڤە کە چاوەدێری سەرکەوتن دەکا و شێوازی دووەم، شێوازێکی نێگەتیڤە کە چاوەدێری مەرگ دەکا. ژیانی مێژوویی مرۆڤ لە پێشترەوە دیاری نەکراوە، بەڵکو لەو ساتەوەختانە پێك دێ کە یەکتر دەستنیشان دەکەن. کەواتە هەموو شت لە ڕاژان دایە. لە ئاکامدا، خرۆشانی جەماوەر ڕەنگە ڕێکخستنێکی نوێی بۆ مرۆڤایەتی لێ بکەوێتەوە و هەم ڕووداو و کارەساتی لێ بکەوێتەوە. پێشکەوتن نکۆڵی لێ ناکرێ، بەڵام هیچ گەرەنتییەکیشی لە پشت نییە. پێشکەوتنی بێ ئەملاوئەولا، بە بێ مەترسی داکەوتن و ئاڵۆزتر بوون، بوونی نییە. مێژوو پانتایی هەل و دەرفەتەکانە و بەو پێیە هەم ئەگەری پێشکەوتن هەیە و هەم ئەگەری دواکەوتن. بە گشتی ژیان لە هەر ئاستێکیدا پڕاوپڕە لە مەترسی و ئەگەر و ڕووداو. ئەو دۆخە بە تایبەت لە ساتە قەیرانییەکاندا بە گوڕتر دەبێ. لەو ساتەوەختانەدا لایەنە نێگەتیڤەکان بە سەر لایەنە پۆزەتیڤەکاندا زاڵ دەبن. هەنووکە چارەنووسی شارستانییەت کەوتۆتە دەست کەسانێکەوە کە هیچ ئۆگرییەکیان بە پرەنسیپەکانی شارستانییەتەوە نییە. مرۆڤی جەماوەریی تەنیا بەکارهێنی بەرهەمەکانی شارستانییەتە. هەر وەك ئاماژەی پێدرا، «مرۆڤی باڵادەستی ئەو سەردەمە مرۆڤێکی سەرەتاییە کە لە جیهانی خاوەن شارستانییەتدا سەری دەرهێناوە.»[٢]

---

1. Ibid, p. 76.

2. Ibid, p. 82.

جیهانی ئێستا جیهانێکی خاوەن شارستانییەتە، بەڵام دانیشتوانەکەی خاوەن شارستانییەت نین. مرۆڤی جەماوەری باوەڕی وایە کە شارستانییەت شتێکە لە پێشترەوە دیاری کراوە و لە بیر دەکا کە شارستانییەت بابەتێکی دەسکردە. مرۆڤێکی ئەوتۆ تەنیا سەرقاڵی ئامرازەکانی شارستانییەتە نەك هزری پڕەنسیپەکانی. «هێرشی ئەستوونی بەربەرکان» ئەوەیە. مرۆڤی جەماوەریی شەیدای ئەو زانستە ئەزموونییەیە کە هەر ڕۆژە شتێکی نوێ دەدۆزێتەوە و وەلامی خۆشگوزەرانیخوازی ئەو دەدەنەوە. بە پێچەوانەی زانستی ئەزموونی، «فەلسەفە پێویستی بە پشتگیری و هاودەردی جەماوەر نییە.»[1] بە وتەی ئەرستۆ چونکە فەلسەفە هیچ خێر و بێرێکی تێدا نییە ناکەوێتە بەر چاوی مرۆڤی جەماوەریی، بەلام زانستی ئەزموونی چونکە سوودمەندە دەکەوێتە بەر چاو و دڵی جەماوەر. زانستی ئەزموونی و جەماوەر پێویستیان بە هاوکاری و پشتیوانی یەکتر هەیە، بەڵام پێوستی بەردەوامی جەماوەر بە دەسکەوتەکانی زانستی ئەزموونی لەگەڵ تێگەیشتنیان لە زانستدا یەکتر ناگرنەوە. تێگەیشتنێکی ئەوتۆ نە لە ناو جەماوەردا بەدی دەکرێ و نە لە ناو هەڵکەوتەکاندا. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستی ئەزموونی پانتاکانی تری شارستانییەت، واتا سیاسەت و هونەر و ئەخلاق و ئایین و فەلسەفە تووشی قەیران هاتن. لەو ناوەدا تەنیا زانستی ئەزموونی سوودمەندە و مرۆی جەماوەریش تەنیا بیر لە خێر و بێری زانست دەکاتەوە.

گرفتێکی تر کە ئۆرتیگا لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی جەماوەری مۆدێرندا باسی لێوە دەکا ئەوەیە کە جەماوەر بە جۆرێك لە مێژوو و ڕابردووی خۆی نامۆیە کە زۆر جار باوەڕ کردنی ئاستەمە. ناسینی مێژوویی یەکێکە لە پێداویستییەکانی بەردەوامی هەر شارستانییەتێك، چونکە مرۆڤ لە دووپاتە کردنەوەی هەڵەی ڕابردووان دەگێڕێتەوە. بەڵام مرۆڤی سەرەتایی و جەماوەری ئەو سەردەمە ڕابردوو و مێژووی نییە و یان لە بیری کردووە. فاشیزم و کۆمۆنیزم ڕەنگدانەوەی ئاشکرا و بەرچاوی ئەو لەبیرکردنە مێژووییەن. شۆڕشگێڕانی سەدەی بیستەم پەندیان لە ئەزموون و شکستی شۆڕشەکانی ڕابردوو وەرنەگرت و ئەو خاڵەیان بە هەند نەگرت کە هەموو شۆڕشەکان یان سەری کۆرپەی خۆیان دەخۆن یان حکومەتێکی ڕادیکاڵیان لێدەکەوێتەوە یان لە پازدە ساڵ زیاتر بڕ ناکەن کە ئەو ماوەیەش مەجالێکە بۆ

1. Ibid, p. 86.

سەرهەڵدانی نەوەی نوێ. «کاتێ هزر و ویست و خواستی نەوەی دەسەڵات بە دەست هزر و ویست و خواستێکی ڕادیکاڵ بێ، هزر و ویست و خواستی نەوەی دواتر نەرم و نیان و دژە ڕادیکاڵ دەبێ.»[1] تاکە هیوای ڕزگاری ئەوەیە کە جڵەوی کار و بارەکان بسپێردرێنە دەست ئەو کەسانەی خاوەن ویژدانی مێژوویین. «ئێمە پێویستیمان بە گشتایەتی مێژوو هەیە ئەویش نە بۆ ئەوەی جارێکی تر تێیدا نوقم بین، بەڵکو بەو مەبەستەی لێی دوور کەوینەوە.»[2]

هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە ڕوانگەی ئۆرتیگاوە مرۆڤی جەماوەری «منداڵی لە ناز و نیعمەت پەروەردە بوویی مێژوویی مرۆڤە». لە ڕوانگەی ئەو منداڵەوە شارستانییەت هەر وەك سروشت لە پێشدا دیاری کراو و سروشتییەو بە تەواوی لەبەردەستی ئەو دایە؛ کەواتە هەست بە دەسەڵات و سەرکەوتن و بێ نیازی دەکا و دوورەپەرێز دەبێ. هەر بەو هۆیە، بۆچوونە عەوامانەکەی خۆی لە ڕێگەی کردەوەی ڕاستەوخۆوە دەسەپێنێتە سەر خەڵکانی تر. مرۆڤی جەماوەری مرۆڤی سەرەتایی لە کاتی سەرهەڵدان و یاخی بوون دایە کە تا ئێستا زۆر گورزی کاریگەری وەشاندۆتە جەستەی شارستانییەت، بەڵام هێشتا هێرشی بەربڵاو و سەرانسەری دەستی پێ نەکردووە. مرۆڤی جەماوەری هەر وەك نەجیبزادەکانی کۆن شارستانییەتی وەك میرات بۆ بە جێماوە. نەجیبزادەکانی کۆن کە سەروەت و سامان و کورسی پێشینیانیان وەك میرات بۆ بە جێمابوو هەستیان دەکرد هیچ پێویستیان بە تاکایەتی و کەسایەتی و هەوڵ و کۆشش و داهێنان نییە. تراژدیای ژیانی نەجیبزادەکان کە بەو شێوەیە تووشی میراتی خۆیان هاتبوون، لە مرۆڤی جەماوەری هەنووکەشدا دووپات دەبێتەوە. خۆشگوزەرانی و فراوانی نیعمەت هەر وەك میراتی نەجیبزادەکان مرۆڤی بێ شوناس و جەماوەری لێدەکەوێتەوە. بایەخ دانان بۆ لەش و جلوبەرگ و ڕابواردنیش لە نەجیبزادە تووش بووەکانی سەردەمانی کۆنەوە وەك میرات بۆ مرۆڤی جەماوەری ئەو سەردەمە جێ ماوە. بەو شێوەیە مرۆڤی جەماوەری بەرهەمی شارستانییەتی نوێیە. «ئەو مرۆڤە خۆی لە ناو ئامرازە سەرسووڕهێنەرەکان و داو و دەرمانە هێورکەرەوەکان و حکومەتە چاو لێ کەرەکان و ئیمتیازە

1. Ibid, p. 93, FN.

2. Ibid, p. 96.

خۆشی بەخشەکاندا دەبینێتەوە.»[1] لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا قەدری ئەو هەل و دەرفەتانە نازانێ. لە ئاکامدا، «پێوەندی خۆی و سروشتی ژیان کە هەمان مەترسی ڕەهایە، دەپچڕێنێ.»[2] مرۆڤی لەخۆڕازی دژوازترین جۆری مرۆڤە. کەواتە کاتێ مرۆڤێکی ئەوتۆ ببێتە دەسەڵاتدار، دەبێ زەنگەکانی مەترسی وەدەنگ بێن.

بەڵام سەدەی نۆزدەهەم ئەو مرۆڤە جەماوەرییەی چۆن بەرهەم هێنا؟ بە باوەڕی ئۆرتیگا تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سەدەیە لە دیموکراسی لیبراڵی و تەکنۆلۆژیای نوێ دایە. تەکنۆلۆژیای نوێ خۆی بەرهەمی ئاوێتە بوونی سەرمایەداری و زانستی ئەزموونی بوو و لە ڕێگەی پێکهێنانی بەستێنی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانەوە کاریگەری هەبوو لە سەرهەڵدانی مرۆڤی جەماوەریدا. زانستی نوێ ئەندێکسی سەردەمی نوێیە و پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ جەماوەری بوونی مرۆڤدا هەیە. «مرۆڤی بیرمەند و زانا جۆری سەرەتایی مرۆڤی جەماوەرییە.»[3] سروشتی زانستی نوێی ئەزموونی، خۆی لە خۆیدا، زانای ئەو زانستە دەکاتە مرۆڤی جەماوەری و بە واتایەکی تر دەیکاتە دڕندەیەکی مۆدێڕن. زانستی ئەزموونی پسپۆڕی لێدەکەوێتەوە و بەو شێوەیە کاری زانست، بە پێچەوانەی سروشتی زانست، دەبێتە کارێکی لەڕووی پسپۆڕایەتییەوە. لە ڕێگەی بە پسپۆڕایەتی بوونەوە، زانایان بە تەواوی نابنە خاوەن کلتور. بە پسپۆڕایەتی بوون هەندێ زانای مامناوەندی لێکەوتۆتەوە، هەر چەندە هەر ئەو زانا مامناوەندییانە زانستیان تا ئێرە هێناوە. بەو شێوەیە زانستی نوێ لەڕووی زانستی و فکرییەوە پێگەیەکی پتەوی بۆ مرۆڤ مامناوەندییەکان دابین کردووە. کاری زانستی نوێ لەڕووی سروشتەوە کارێکی مکانیکییە و دەبێتە مایەی هەرەسهێنانی بینای مەعریفە. لە زانستی نوێدا، میتۆد جێی مانا دەگرێتەوە. هەروەها زانستی نوێ هەستی دەسەڵات و غوروور دەبەخشێتە زانایان جا با ئەو زانایانە لە پانتاکانی تری مەعریفە بە تەواوی بێ خەبەر بن. پسپۆڕی مۆدێڕن نە زانای تەواوە و نە نەزانی تەواو، بەڵکو زانایەکی نەزانە[4] کە هەر وەك

---

1. Ibid, p. 101.
2. Ibid, p. 102.
3. Ibid, p. 109.
4. Learned Ignoramus

مرۆڤی جەماوەری لە خۆی دایە(Hermetic) و لەخۆباییە. بەو پێیە زانای مۆدێڕن و مرۆڤی جەماوەریی وەك یەكن. زانای ئەو سەردەمەش گوێ ناداتە هیچ دەسەڵاتێكی سەرتر؛ لەو ڕووەوە خۆی یەكێكە لە هۆكارەكانی سەقامگیر بوونی باڵادەستی مرۆڤی جەماوەریی و هەروەها خۆی ڕەنگدانەوەی ئەو باڵادەستییەیە. بەو شێوەیە زانستی ئەزموونی ئەو سەردەمە بەربەریەتێكی نوێی لێكەوتۆتەوە. بەربەریەت لە بنەمادا بە مانای گوێ نەدان و لەخۆدا بوون و لەخۆ ڕازی بوونە. هەر وەك چۆن مرۆڤی جەماوەری لە بنەما و پڕەنسیپەكانی شارستانییەت بێ خەبەرە، زانای ئەو سەردەمەش لە فەلسەفەی ناوخۆیی زانستەكەی و هەروەها لە بارودۆخی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەو زانستە بێ خەبەرە. زانستی مۆدێڕن لە دەقی نەزانییەكی نوێدا هەنگاو دەنێ و بەو شێوەیە لە شارستانییەت دادەبڕێ.

بە پێی بەڵگەهێنانەوە گشتییەكانی ئۆرتیگا، جەماوەر بۆ ئەوە لە دایك بووە كە كەمایەتییەكی سەرتر ڕێنوێنیان كا و ڕێكیان بخا. بە بێ ئەو كەمایەتییە جەماوەر ڕێی لێ ون دەبێ. مرۆڤ بە گشتی پێویستی بە دەسەڵاتێكی دەرەكی و سەرتر هەیە و ئەو دەسەڵاتە لە فەلسەفەدا دەردەكەوێ. بێتوو كەسێك خۆی بگاتە ئەو دەسەڵاتە، دەچێتە ڕیزی كەمایەتی سەرترەوە و ئەگەر خۆی پێی نەگا ئەوا بەشێكە لە جەماوەر و دەبێ ڕێنوێنی بكرێ. بەو پێیە بانگەشەی جەماوەر لەو بارەوە كە خۆیان دەتوانن ڕاستەوخۆ بجوڵێنەوە خرۆشانی جەماوەری لێدەكەوێتەوە. جەماوەر ناخوازێ چارەنووسی ڕاستەقینەی خۆی قبووڵ بكا و ئەوەش پڕەنسیپی خرۆشانی جەماوەرە. لەڕووی مێژووییەوە، «ئەمریكا بەهەشتی جەماوەر بووە»[1] بەڵام وڵاتانی تریش تووشی هەمان چارەنووس دێن.

بە باوەڕی ئۆرتیگا هەنووكە گەورەترین مەترسی لەسەر شارستانییەت كە خۆی هەڵقوڵاوی شارستانییەتە دەوڵەتی گەورەیە كە لە لایەن جەماوەرەوە پشتیوانی لێدەكرێ. دەوڵەتی مۆدێڕن هەمان ئەركی زانستی نوێی لە ئەستۆیە. لە ڕابردوودا، دەوڵەت ساكار و سنووردار بوو، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری و بورژوازیدا كەشتی دەوڵەت دەركەوت. ئەو كەشتییە لە سەدەی هەژدەدا بچووك و ساكار بوو. بەر لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی بورژوازی، چینی ئەرستۆكرات نەیتوانی بوو دەوڵەتێكی عەقڵانی و ڕێكخراو پێك بێنێ؛ تەنانەت ڕژێمی

---

1. Ibid, p. 116.

کـۆنی فەڕەنسـاش دەوڵـەتێکی لاواز بـوو. دەوڵەتـە سـتەمکارەکانی ئـەورووپا لـە ڕاسـتیدا دەوڵەتگەلێکی لاواز بوون، چـونکە ئەرسـتۆکراتەکان لـەڕووی میتـۆد و ڕێکخسـتنەوە، زۆر لێهاتوو نەبوون. هەروەها «حکومەت و ئەرستۆکراتەکان نەیاندەویست بـە زیـانی کۆمـەڵگا دەوڵەت زۆر گەورە کەنەوە.»[1] بەڵام لەگەڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایـەن بورژوازییـەوە دەوڵەتێکی بە هێز و مەزن لە دایك بوو کە لە سـاڵی ١٨٤٨ بـەو لاوە بـوو بـە لەمپـەر لـە بەرانبەر سەرهەڵدانی هەر چەشنە شۆڕشێك لە ئەورووپادا. بەو شێوەیە دەسـەڵاتی دەوڵـەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بوونە هاوکێشی یەکتر. هەنووکە دەوڵەت ماشێنێکی مەزنە کە خـۆی دەسەپێنێتە سەر جەستەی کۆمەڵگا. مرۆڤی جەماوەریی پەسـندەری ئـەو دەوڵەتەیـە و پێـی شتێکی سروشتییە.

خۆ تێوەگلاندنی دەوڵـەت لـە بابەتـە جۆراوجۆرەکانـدا گـرنگترین مەترسـی سـەردەمانی ئێمەیە. هەموو پانتا خۆڕسکەکانی ژیان چوونەتە ژێردەستی دەوڵەتەوە. جەماوەر دەخوازێ بە بێ هەوڵ و کۆشش و خۆ لە مەترسی هاویشتن، تەنیا لە ڕێگەی کلیك کردنـی دوگمەیـەك لـە دەزگای هەراوی دەوڵەت ئەوەی دڵخوازێتی وەدەستی بێنێ. مرۆڤی جەماوەری وەك ئامرازێـك بۆ تێکشکاندنی کەمایەتییە نەحاوەکان سەیری دەوڵەت دەکـا. خـۆ تێوەگلانـدنی دەوڵـەت دەبێتە مایەی وشك بوونی ڕیشەی کردەوەی خۆڕسکی کۆمەڵایەتی. لە بـارودۆخێکی ئـەوتۆدا «کۆمـەڵگا دەبێ بۆ دەوڵەت و مرۆڤ بۆ دەزگای حکومەت بژین...بـەڵام دەوڵـەت خـۆی پـاش مژینی مێشکی ئێسقانی کۆمەڵگا دەبێ بە کۆمەڵێك ئێسك و پڕووسکی بێ خوێن و مردوو و تووشی مەرگێك دەبێ کە دەرئەنجامی ژەنگ هێنانی ماشـێنە و زۆر ترسـناکترە لـە مـەرگی بوونەوەرێکی ئۆرگانی.»[2] چونکە دەوڵەتی نوێ پێکهێنەری تەناهی و ئەمنییەتـە (هـەر ئـەو تەناهی و ئەمنییەتەی مرۆڤی جەماوەری تێیـدا لـە دایـك دەبـێ)، دواجـار کـار دەکەوێتـە میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگا و کۆمەڵگا بە بێ خزمەت کردنی دەوڵەت ناتوانێ درێژە بە ژیـان بدا. «خەڵك دەبن بە سووتەمەنی ماشێنی دەوڵەت.»[3] هەر بـەو هۆیـە بـوو کـە مۆسـۆلینی

1. Ibid, p. 119, FN
2. Ibid, p. 121.
3. Ibid, p. 122.

ڕایگەیاند: «هەموو دەبێ لە خزمەت دەوڵەتدا بن، هیچ شتێك نابێ لە دەرەوەی دەوڵەتدا بێ و هیچ شتێکیش نابێ لە دژی دەوڵەت بێ.»[1] کەواتا فاشیزم بەشێکە لە بزاڤی گشتی مرۆڤی جەماوەری. بەڵام مۆسۆلینی کەڵکی لە دەوڵەتێك وەرگرت کە پێشتر لە لایەن لیبراڵ-دیموکراسییەوە ساز درابوو: تەنیا بە شێوەیەکی بێ ڕەحمانەتر کەڵکی لێوەرگرت. دەوڵەتی بندەستی جەماوەر سەربەخۆیی تاك و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان تێك دەشکێنێ.

بە گشتی، یاخی بوونی جەماوەر دیاردەیەکی ترسناکە کە دەبێتە مایەی تێکشکانی بنەما ئەخلاقییەکانی مرۆڤ. مرۆڤی جەماوەری دەخوازێ لە دەست هەر چی کۆت و بەندە ڕزگاری بێ و خۆشی هەڵاتن لە دەسەڵات بۆ ئەو وەك خۆشی نەهاتنی مامۆستا وایە بۆ سەر کلاسی دەرس لە لایەن قوتابییەکانەوە. ئەو دۆخە نەتەوەکانیشی گرتۆتەوە. لەگەڵ هەرەسهێنانی ئەورووپا هەر نەتەوە خوازیاری بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیەتی. «چونکە دەڵێن ئەورووپا بەرەو نەمان و تێداچوون دەچێ و دەسەڵاتی جارانی نەماوە»[2] بەو شێوەیە لە ئاستی نەتەوەکاندا، «نەتەوە جەماوەرییەکان لە دژی نەتەوە داهێنەرەکان واتا کەمینەی مرۆڤایەتی کە مێژووی دروست کردووە، ڕاست بوونەوە.»[3] کەواتا یاخی بوونی جەماوەر هاوکات بووە لەگەڵ یاخی بوونی نەتەوە جەماوەرییەکان. ئێستا جەماوەر و نەتەوە جەماوەرییەکان بە گومانەوە سەیری پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەکەن. «لە سەرانسەری جیهاندا چینەکانی خواروو بێزار بوون لەوەی ئەمریان پێ بکرێ.»[4] بەڵام هەستی ڕزگار بوون لە دەست پرەنسیپەکان، ژیان بێ مانا دەکا: «ژیان بە بێ سەرقاڵ بوون بە پرەنسیپەکان لە مەرگ زیاتر بە مانای کۆتایی ژیانە... چونکە ژیان مانای وایە کە سەرقاڵی ئیش و کارێك بین.[5]»

---

1. Ibid, p. 133.

2. Ibid, p. 133.

3. Ibid, p. 134.

4. Ibid, p. 134.

5. Ibid, p. 136.

به باوەڕی ئۆرتیگا ئەگەر پرەنسیپەکان شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە ناو بچن، هیچ ئەڵترناتیڤێکیان بۆ نییە؛چونکە لیبرالیزمی ئەمریکی و کۆمۆنیزمی ڕووسی خۆیان بەشێکن لەو چوارچێوەیە و هیچ توخمێکی نوێیان تێدا نییە. لە پێوەندی لەگەڵ لیبرالیزمی ئەمریکی و کۆمۆنیزمی ڕووسیدا دەبێ ڕواڵەت و ناوخۆ لێك جیا کەینەوە. ڕواڵەتی کۆمۆنیزم، مارکسیزمە؛ بەڵام لە پشتەوەی ئەو مارکسیزمەدا، سیستەمێکی کۆن خۆی حەشار داوە: ئەڵمانییەکانی ئیمراتۆری ڕۆمای پیرۆز چەندە بوونە ڕۆمی ڕووسیاش هەر ئەوەندە بوو بە مارکسیست. نەتەوە تازە سەرهەڵداوەکان، وەك ڕووسەکان خۆیان لە پشت ئەو هزرانەدا حەشار دەدەن کە هەڵقولاوی شارستانییەتێکی گەورەتر و سەقامگرتووترن. نەتەوەکانی خوارووی خۆیان لە پشت پەردەی کلتور و کولتووری نەتەوەکانی سەرووودا دەشارنەوە. بەڵام هەر بە ڕاست پرەنسیپەکانی شارستانییەتی ئەوروپایی بەرەو نەمانن؟ بە باوەڕی ئۆرتیگا بێتوو وڵاتە یەکگرتووکانی ئەوروپا لە دایك بێ، ئەوسا ئەوروپا لە بەرانبەر نەتەوەی لاو و نوقم بوون لە تەکنۆلۆژیای ئەمریکا و نەتەوەی «منداڵ سیفەتی» ڕووسیادا دەبووژێتەوە.[1] هەر لەو پێوەندییەدا، ئۆرتیگا تیۆریەکی نوێ دەربارەی سروشتی نەتەوە و دەوڵەت دەخاتەڕوو.

به باوەڕی ناوبراو سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەوروپایی دەگونجێ، چونکە دەوڵەتی مۆدێرن پشت بە نەتەوە و ڕەگەز و زمانەوە نابەستێ. بەپێچەوانەی بۆچوونی باو، «دەوڵەت کاتێ لە دایك دەبێ کە مرۆڤ هەوڵ بدا لە کۆمەڵگای سروشتی دوور کەوێتە.»[2] کۆمەڵگای سروشتی بەو مانایە پشت بە خوێن و ڕەگەز و زمان و نەتەوەوە دەبەستێ، بەڵام دەوڵەت دیاردەیەکی نۆرماتیڤترە کە ناکرێ دابەزێنرێ بۆ ئاستی نەتەوە و ڕەگەز و ئەتنیك و زمان: «دەوڵەت بەر لە هەر شتێك پلانێکە بۆ کار و هاوکاری...دەوڵەت نە هاوڕەگەزییە، نە یەکگرتوویی زمانییە، نە یەکێتی جوگرافییە و نە لێك نزیکی شوێنی ژیانە. دەوڵەتی ماددی، بێ جوڵە و قەتیس و سنووردار نییە؛ بەڵکو دینامیزمێکی توخ و ئیرادییە بۆ ئەنجامدانی کردەی هاوبەش.»[3] دەوڵەت شت نییە، جوڵەیە و ئامانجیشی ئانجامدانی کردەیەکە بە شێوەی

1. Ibid, p. 138-139.

2. Ibid, p. 154.

3. Ibid. p. 162.

هاوبــەش. کاتــێ پاڵنــەری کــردەی هاوبەشــی نــەمێنێ ئەوســا ڕەگــەز و زمــان و ســنوورە سروشتییەکان، کە بەڕواڵەت بنەما مادديیەکانی ئەو کردە هاوبەشەن،هیچ سوودێکیان نابــێ. تەنانەت ئەوەی بە ڕواڵــەت وەك بنــەمای مــاددی دەوڵــەت دەژمێــردرێ، واتــە هاوزمــانی و هاوڕەگەزی خۆیان بەرهەمێکی مێژوویین کە لە ســۆنگەی ســەرهەڵدان و کــردەوەی دەوڵەتــدا سەقامگیر بوون. «هاوڕەگەزی و هاوزمانی ڕێژەیی کە ئێستا بەشــێکی وڵاتــان خــاوەنی ئــەو تایبەتمەندییەن، خۆی بەرهەمی یەکێتی سیاسی ڕابردوویە. کەواتا نە خوێن و نــە زمــان هــیچ کام دەوڵــەتی نەتــەوەیی لــێ ناکەوێتــەوە، بــەڵکو ئــەوە دەوڵەتــە کــە بڵێنــد و نەوییــەکانی دەرئەنجامی جیاوازی ڕەگەز و زمان کەم دەکاتەوە.»[1] ئۆرتیگا لە زمان ئەرنست ڕەنانەوە دەڵێ: «خاوەنی فەخر و سەروەری هاوبەش لە ڕابردوودا و ئیرادەی هاوبەش لە سەردەمانی ئێستادا و ئەنجامدانی کاری گەورە لە ڕابردوودا و خواســتی بــە ئــەنجام گەیانــدنی کــاری گــەورەتر ئــەو بارودۆخەیە کە پێکهاتنی خەڵك و نەتەوەی لێدەکەوێــتەوە.»[2] ژیــانی مــرۆڤ بــە بــەردەوامی سەرقاڵی دواڕۆژە. لەو ڕووەوە ژیان بەردەوام بە مانــای جووڵانــەوە و کــار کردنــە. مــرۆڤ لــە سروشتەوە دواڕۆژخوازە. کاتێ خەڵکێك داکۆکی لە خۆیان دەکــەن لــە ڕاســتیدا داکــۆکی لــە دواڕۆژی خویان دەکەن نەك لە ڕەگەز و زمان و ڕابردووی هاوبەشی خۆیان. دەوڵــەت و نەتــەوە بەر لەوە خاوەن ڕابردوویەکی هاوبەش بن دەبێ دواڕۆژێکی هاوبەش بو خۆیــان دیــاری بکــەن. ئێستا، بە سەرنجدان بەو بابەتانەی دەربارەی سروشتی ڕاستەقینەی دەوڵەت باسکران، ئــەورووپا بەرەو بوون بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکە دەچێ. بۆ نموونە لە سەدەی شەشەمدا باســکردن لــە سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەورووپا زۆرتر لە باسێکی خــەیاڵی دەچــوو بــەڵام ئێســتا باسکردن لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکە لــە ئــەورووپادا خــەیاڵی تــر لــە باســەکەی سەدەی شەشەم نییە.[3]

***

1. Ibid, p. 166.
2. Ibid, p. 172
3. Ibid, p. 179.

به گشتی به باوەڕی ئۆرتیگا، سەردەمی مۆدێرن سەردەمی سەرگەردانی و سەرلێشێواوی و هەڵاتنە لە دەسەڵات: ناوەندی فەرماندەری لێك هەڵوەشاوە و هیچ ڕێنماییەك لە ئارادا نییە. ژیانی مۆدێرن هیچ پرۆژە و پرۆگرامێکی نییە و هەمووان لە ماشەری ئالۆزی نەفسی خۆیاندا ون بوون. بە وتەی شیلەر (١٧٥٩-١٨٠٥)(Friedrich Von Schiller)، «کاتێ پاشاکان خەریکی بینا دروست کردن بن، کۆڵبەرەکان بێکار دەبن»؛ بەڵام ئێستا پلانی هیچ بینایەك لە بەردەستدا نییە. دەوڵەتە مۆدێرنەکان تەنیا دەست بەسەری مرۆڤی جەماوەریدا دێنن و دەیلاوێننەوە و لە ئاکامدا، هەموو شت دەکەنە شتی عەوامانە.

## (٤)

# دوو ژۆڤەنەل، مۆنییە، وەیل

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی وەك دژکردەوەیەك لە بەرانبەر قەیرانی گەورە و لاوازی لیبڕالیزم و سەرهەڵدانی سیستەمە تۆتالیتێرەکان لە ئەوروپا و هەروەها کەوتنەوەی شەڕە جیهانییەکاندا، لە هزری سیاسی فەڕەنساییەکاندا ئاراستەی کۆنسەرڤاتیزم و نەریت-خوازی و ئایین بەگوڕتر بوو. بێگومان ئەو ئاڵوگۆڕە فکرییانە دابڕاو لە ڕەوتە فکرییە سەرەکییەکانی فەڕەنسای پاش شۆڕش نەبوون. پاش شۆڕشی ١٧٨٩ دوو ڕەوتی فکری سەرەکی و هاوڕك لە فەڕەنسا سەریان هەڵدا: یەکەم، ڕەوتی ڕاست کە گرێدراوی کلێسە و ئایین و نەریت بوو و داکۆکی لە بونیادەکانی بەر لە شۆڕش دەکرد و ڕەوتی دووەم، ڕادیکالیزم و کۆماریخوازی بوو کە دژی ئایین و نەریت و کلێسە بوو. بەو شێوەیە فەزای زاڵ بە سەر هزری سیاسی فەڕەنسای پاش شۆڕش گێرەو کێشەی نێوان نەریت و پێشکەوتن، ئایینخوازی و عەلمانیەت و باوەڕ و عەقڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوتی نەریتخوازی فەڕەنسا شێوازی ئاڵۆز و جۆراوجۆری هەبوو. لە جیهانی کردەوەی سیاسی لە سەردەمانی کۆماری سێیەمی فەڕەنسادا، ڕێکخراوی دەستە ڕاستی «کردەوەی فەڕەنسا» (Action Française) بە ڕێبەرایەتی فکری شارڵ مووڕا (1868-1952) (Charles Maurras) گرنگترین و سەرەکیترین نوێنەری نەریتخوازی بوو. ئەو ڕێکخراوە وەك بنەمای ڕێکخستن و یەکریزی دەوڵەت داکۆکی لە گەڕانەوە بۆ بونیادەکانی بەر لە شۆڕش، زیندوو کردنەوەی سیستەمی پاشایەتی، بەخشینی دەورێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی بە کلێسە و ئایینی کاتۆلیك، پتەو کردنی زنجیرەپلە و دیسیپلینی کۆمەڵایەتی و پشتگیری کردن لە بونیادەی بنەماڵە دەکرد و بە توندی دژی لایەنگرانی کۆماری و لیبڕالیزم، جووەکان و پرۆتستانتەکان بوو. کۆنسەرڤاتیزمی ڕێکخراوی «کردەوەی فەڕەنسا» و شارڵ مووڕا کۆنسەرڤاتیزمێکی دواکەوتووانە و بریندار بوو کە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە وڵاتە ئەوروپاییەکان لە چوارچێوەی فاشیزمدا دەرکەوت. هەر وەك

لە سەرەتای باسی کۆنسەرڤاتیزمدا ئاماژەی پێدرا، نەریتخوازی بە شێوەی لێکدراو و ئالۆز دەرکەوتووە. لێرەدا باس لە سێ کەس لە بیرمەندانی فەڕەنسایی سەردەمانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی دەکەین کە پێوەندیان بە باسەکەوە هەیە.

## برتراند دوو ژۆڤەنەل (Bertrand de Jouvenel)

کۆنسەرڤاتی لیبراڵ دوو ژۆڤەنەل (١٩٠٣-    ) لە سەردەمی لاوێتیدا ئەندامی حیزبی سۆشیالیست-ڕادیکاڵ بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٤ ڕیزەکانی ئەو حیزبەی جێ هێشت و کەوتە ڕەخنە گرتن لە دیموکراسی پەرلەمانی لە تەواوییەتی خۆیدا. هەروەها پاش سەردانێك بۆ وڵاتی ئەمریکا کتێبێکی لە ڕەخنەی سیستەمی سەرمایەداری و قەیرانی سەرمایەداری ئەو وڵاتەدا نووسی. دوو ژۆڤەنەل ماوەیەك بوو بە ژووڕنالیست و لەو ماوەیەدا چەند وتووێژێکی لەگەڵ کەسانی وەك هیتلەر و مۆسۆلینیدا پێك هێنا. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٦دا بوو بە ئەندامی «حیزبی نەتەوەیی فەڕەنسا» کە حیزبێکی دژە کۆمۆنیزم بوو؛ بەڵام بە هۆی هاوکاری ئەو حیزبە لەگەڵ نازییەکاندا ئەو حیزبەشی جێ هێشت.

دوو ژۆڤەنەل لە نووسراوە سەرەتاییەکانیدا داکۆکی لە زەروورەتی ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بە شێوەی توندوتیژانە دەکا و لەو باوەڕە دایە کە هیتلەر و مۆسۆلینی زیندوو کەرەوەی نەزمی کۆمەڵایەتین و لایەنگری پشتیوانی کڵێسە لەو دوو کەسە بوو. هەروەها لەو نووسراوانەدا هێرش دەکاتە سەر بزووتنەوە و فەلسەفەی ڕۆشنگەری، دیموکراسی، سوودگەرایی و دەسەڵاتی بەربڵاوی دەوڵەت. ناوبراو لەو باوەڕە دایە کە یەك لە کەموکوڕییە سەرەکییەکانی دیموکراسییەکان لاوازی ڕێبەرە و حکومەتە ئەرستۆکراتییەکان ڕێبەری لێهاتووتر پەروەردە دەکەن. لەگەڵ ئەوەدا شیمانەی ئەوە دەکرێ دوو ژۆڤەنەل بەشداری کردبێ لە بزووتنەوەی خۆڕاگری فەڕەنسادا لە دژی داگیرکەرانی ئەڵمانی. ناوبراو پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە زانکۆکانی بریتانیا و ئەمریکادا خەریکی وانە گوتنەوە و لێکۆڵینەوە بوو. سەرەکیترین نووسینەکانی بریتین لە: دەربارەی دەسەڵات: سروشت و مێژووی گەشەسەندنی[1] (١٩٤٧)؛

1. On Power: Its Nature and History of Growth

سەروەری: لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بە بەرژەوەندی سیاسی[1] (١٩٥٧)؛ تیۆری پەتی سیاسەت[2] (١٩٦٣).

بابەتی سەرەکی نووسینەکانی دوو ژۆڤەنەل ئەوەیە کە سیاسەت کەڵکەڵەیەکی مەترسیدارە و ڕەنگە دەرئەنجامی کارەساتباری بۆ خەڵك بەدواوە بێ، بە تایبەت سیاسەت لە جیهانی مۆدێرندا بەرەو خراپی چووە. بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت گرنگترین تایبەتمەندی جیهانی نوێیە. کۆمەڵگای مۆدێرن گەلێ ئاڵۆزی کارەساتباری لێکەوتۆتەوە کە هەموویان بەرهەمی بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی سیاسین. کەواتە ئەرکی گرنگی ڕەخنەگران ئەوەیە کە ڕێگر بن لە بەردەم ئەو پرۆسەیە.

دوو ژۆڤەنەل لە کتێبی «دەربارەی دەسەڵات»دا دوو باسی سەرەکی دەورووژێنێ: یەکەم، وەسف و ڕوون کردنەوەی ڕەوتی مێژوویی بەرز بوونەوەی دەسەڵات لە دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا، بە تایبەت لە دەزگا سوپایی و دارایی و ئیدارییەکاندا و دووەم، ڕەخنە گرتن لە دیموکراسییە هاوچەرخەکان کە بە بۆچوونی ناوبراو باشترین ڕێگەن بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆری و ستەمکاری. دەرئەنجامی پەرەئەستاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە دیموکراسییەکاندا، لە ڕاستیدا دیموکراسی تۆتالیتێرە. باشترین نموونەی ئەو بابەتە لە سەرهەڵدانی سەرپەرشتی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێ کە بە پێی سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی دەوڵەت بەرپرسە لە بەرانبەر دابین کردنی تەناهی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیانیدا. لە ئاکامدا، هاووڵاتیان دەبنە بابەتی کردەوەی دەوڵەتی تۆتالیتێر. شۆڕش و کوودەتاکانی سەردەمی ئێمە هەندێ وردە ئاڵوگۆڕن، بەڵام ئەنجامەکەیان سەرهەڵدانی سەرپەرشتی کۆمەڵایەتییە. بەو شێوەیە ناوبراو وەك سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە سیاسەتی نوێی ڕۆژئاوا لە ئەمریکا و هەروەها سیاسەتی ڕژێمی هیتلەر. بە باوەڕی ناوبراو دیموکراسییەکانی هەنووکەیی ڕووبەڕووی زۆر گرفت و تەنگ و چەڵەمە دەبنەوە و ڕێبەرانی حیزبەکان لە ڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانییەوە دەسەڵاتی ڕەها وەدەست دێنن و فرەیی کە ناوەڕۆکی دیموکراسییە دواجار دەبێتە مایەی ئیفلیج بوونی دەوڵەت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە خەڵك لە ڕووی سروشتەوە زۆرتر بەلای دیکتاتۆری و

1. Sovereignty: An Inquiry into the Political Good.

2. The Pure Theory of Politics

ستەمکاریدا دەشکێنەوە، بە تایبەت ئەو کاتەی کە بێزار بوو بن لـە گەمـەکانی دیموکراسـی: «نازانم ئەو بۆچوونە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە کە خەڵك لە ستەمکاری بێزارن. بـە بـاوەڕی من بە پێچەوانە، خەڵك ئۆگر و ئەویندارى دیکتاتۆڕی و ستەمکارین.»[1]

ناوەڕۆکی کتێبی «سەروەری» ئەوەیە کە لە کۆمـەڵگای مۆدێرنـدا چـۆن دەکـرێ بڕیـاری سیاسی دروست دەرچێ، ڕۆڵ و دەوری سەرەکی دەوڵەت چییە و باشـترین شـێوەی ڕێنـوێنی و ڕێنمایی کۆمەڵگا کامەیە. بە باوەڕی ناوبراو تیۆریسیەنە سیاسییەکان زۆریان باس لە پرسـی سەرچاوەی ڕەوایی دەسەڵاتی سیاسی کردووە بەڵام ئـاوڕێکی ئـەوتۆیان لـەوە نەداوەتـەوە کـە حکومەتەکان دەبـێ چ ڕۆڵێکیـان هـەبێ. کەواتـە دەبـێ سەرچـاوەی ڕەوایـی دەسـەڵات لـە بەکارهێنانی ڕەوایی دەسەڵات جیا بکرێتەوە. گرنگ نییە کێ بڕیار دەردەکـا، بـەڵکو گـرنگ ئەوەیە چ بڕیارێك دەدا. پێوانەی بڕیاری دروست لە سیاسەتدا داشـکانەوەی ئـەو سیاسـەتەیە بـەلای بەرژەوەنـدی گشـتیدا. چـونکە باسـە سـەرەکییەکەی نـاوبراو دەربـارەی ڕۆڵ و دەورە دروستەکانی دەوڵەتە کەواتە ئەوەی دەبێ بڕیاری سیاسی لە سەر بدرێ لە ئەو شتەی دەبێ لـە دەست تاك و گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا بێ، جیا دەکاتەوە. بە واتایەکی تر پانتای دەوڵەت لە پانتای کۆمەڵگا جیا دەکاتەوە. دەوڵەت و سیاسەت پانتای سەروەری حکومـەتن و کۆمـەڵگا پانتای داهێنانی گرووپ و تاکە هەڵکەوتەکانـە. دەسـەڵاتی پانتـایی کۆمـەڵگا، کـە قبـووڵ کردنەکەی بابەتێکی خۆبەخشانەیە، سەرووترە لە دەسەڵاتی زۆرەملی دەوڵەتی. کۆمەڵگا کاتێ تووشی مەترسی دەبێ کە دەوڵەت ڕێگر بێ لە بەردەم داهێناندا. کۆمەڵگا پانتاییێکی کراوە و ئازادە و ئەو بۆچوونە کە فۆڕمێکی تایبەت ڕێکخستنی کۆمەڵگایە دەبێتە مایەی دابین بوونی خێر و بەرژەوەندی گشتی دیکتاتۆڕی و سـتەمکاری لێدەکەوێتـەوە، جـا ئـەو ڕێکخسـتنە چ ڕێکخستنێکی ئایدۆلۆژیك بێ و هۆکارەکەی دەوڵەت بێ، چ ڕێکخستنێکی یۆتۆپیـایی بـێ و بەڕێوەبەرەکەی گرووپە کۆمەڵایەتییـەکان بـن. کەواتـە سـڵامەتی کۆمـەڵگا لـە هـەڵقوڵانی بەردەوامی داهێنانە پڕش وبڵاوەکان دایە و حکومەت ناتوانێ هیچ دەورێکی هەبێ. حکومەت ناتوانێ ئاراستە ببەخشێتە کۆمەڵگا، بەڵکو کۆمـەڵگا خـۆی ئاراسـتەی خـۆی دەبینێتـەوە.

1. Roy Pierce, Contemporary French Political Thought, London, Oxford University Press, 1966, P. 188, FN.

کەواتە گرنگترین ڕۆڵ و دەوری حکومەت دابین کردنی دۆخێکە کە تێیدا داهێنانی کۆمەڵایەتی بە تەواوی ئازاد بێ. ئەرکی دەوڵەت پێکهێنانی بارودۆخێکە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی گشتی. دەوڵەت ناتوانێ بەرژەوەندی گشتی دابین بکا، بەڵام دەتوانێ هەلومەرجی گەیشتنی کۆمەڵگا بە بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر بکا.

لە سەر ئەو بنەمایە، دوو ژۆڤەنەل باس لە دوو جۆرە سەرکردایەتی سیاسی دەکا: جۆری یەکەم دۆچە (Duce)(پێشەوا)، واتا ئەو سەرکردەیەی خەڵك ڕێکدەخا بۆ گەیشتن بە ئامانجێك و خاوەنی پلان و بەرنامەیە و خەریکی بەڕێوەبردنی ئەو پلان و بەرنامەیەیە و ئەو سەرکردەیە یان سەرکردەی سوپایە یان بنیاتنەری دەوڵەت (وەك ناپلۆن بۆناپارتە)؛ جۆری دووەمی سەرکردایەتی، ڕەکسە (Rex)(ڕێبەر)، واتا ئەوسەرکردەیە جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو دەگرێ و خاوەنی هیچ پلانێکی سیاسی تایبەت نییە و بەڕێوەبەری پەیمانەکان و پێکهێنەری ئاشتی و چارەسەرکەری گرژی و گرفتەکانە. دوو ژۆڤەنەل لە کتێبی دەسەڵاتدا ئەو دوو جۆرە ڕێبەرایەتییە وەك دوو سیمای دەسەڵاتی مێژووی پاشاکان وەسف دەکا و دەڵێ ئەو دووفاقێتییە ڕازی ناوخۆیی کۆمەڵگای سیاسی و هۆکاری مانەوەی ئەو کۆمەڵگایەیە. بەڵام لە کتێبی سەروەریدا دەڵێ لە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا ڕێبەرایەتی جۆری دووەم دەبێتە جێگرەوەی ڕێبەرایەتی جۆری یەکەم.

دوو ژۆڤەنەل تیۆری سەرکردایەتی (واتا بوونی دوو جۆرە سەرکردایەتی) هەم دەربارەی تاکەکان و هەم لەمەڕ سیستەمە سیاسییەکان بەکار دێنێ؛ و باس لە دوو جۆرە سیستەم دەکا: سیستەمە پلاندارەکان و سیستەمە بێ پلانەکان (واتا سیستەمە ئایدۆلۆژیکەکان و سیستەمە نائایدۆلۆژیکەکان). هەڵبەت لە هەموو کۆمەڵگاکاندا ئاوێتەیەکی ئاڵۆز لە هەر دوو جۆری سەرکردایەتی بەدی دەکرێ. هەروەها ناوبراو بۆ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیش وەك یەکێتی و سینفەکان کەڵك لەو چەمکە وەردەگرێ. دوو ژۆڤەنەل باوەڕی وایە کە کۆمەڵگا پانتایی چالاکی گرووپی سەرکردایەتی جۆری یەکەم (دۆچە) واتا گرووپە داهێنەرەکانە. چالاکی سیاسی واتا ڕانان و خستنە ڕووی پلان و داهێنان و بەرزبوونەوەی ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگا گرێدراوی داهێنانی بەردەوامە. بەڵام هیچ باس لە جۆری دووەمی سەرکردایەتی (ڕەکس) ناکا. لە ڕاستیدا جێگە و پێگەی سەرکردایەتی جۆری دووەم پانتایی حکومەت و سیاسەتە. ناوەندی سەرکردایەتی داهێنەر کۆمەڵگایە و ناوەندی سەرکردایەتی وەك نێوبژیوانی

و چارەسەر کردنی گرفتەکان دەوڵەتە. دەوڵەت تـەنیا ڕۆڵی نێـوبژیوان دەگێڕێ. سەرکردایەتی جۆری دووەم تەنیا هەلومەرجی دابین کردنی خێر و بەرژەوەندی گشـتی دەسـتەبەر دەکـا. لـە ڕوانگەی دوو ژۆڤەنەلەوە تەنیا ئەو جۆرە سەرکردایەتییە سیاسییە، سەرکردایەتییەکی ڕاست و دروستە. ڕۆڵ و دەوری سەرەکی سەرکردایەتی سیاسـی هانـدان و دابـین کردنـی هەلومـەرجی داهێنان و پلانە کۆمەڵایەتییەکانە. دەوڵەت خۆی دەست ناداتە داهێنان و بـەر بـە داهێنانـە کۆمەڵایەتییەکانیش ناگرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە داهێنان و پلانـە کۆمەڵایەتییـەکان دیسیپلینی زاڵ تووشی پەشێوی بکـەن. کەواتـە دەوڵـەت دەبـێ باردۆخەکـە کـۆنترۆڵ بکـا و مەترسییەکان بێنێتە سەر کەمترین ئاست. داهێنانەکان دەبێ قبووڵ بکرێن؛ بەڵام «سروشـتی کردەوەی سیاسی کۆنسەرڤاتیڤانەیە» لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەشـی گـۆڕان دەبـێ کـەم بـێ و بەشی دیسیپلین دەبێ زۆر زۆر بێ.»[1] کەواتە دەوڵـــەت لـــە ڕێگـەی پـــاڵاوتنی داهێنانـە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێ مەترسی ئاڵوگۆڕە پڕتاوەکان کەم کاتەوە. بە بۆچوونی دوو ژۆڤەنـەل دەوڵەت بە گشتی لە بەرانبەر گرووپە سەقامگرتووەکاندا دەبێ پشتیوانی لەو گرووپانە بکا کە تازە خەریکی سەرهەڵدان و پێگەیشتنن. ئەو گرووپە نوێیانە گرووپگەلێکن کە دەوریان هەیـە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگادا. کەواتە پاش چارەسەر کردنی گرفتەکان، دووەم ئـەرکی سـەرەکی دەوڵەت پشتیوانی کردنە لە گرووپە تـازە سـەرهەڵداوەکان. بـە گشـتی کۆمـەڵگا و گرووپـە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە هەڵدەبژێرن و دەوڵەت هانیان دەدا بۆ بڕینی ئەو ڕێگەیە بە بـێ ئـەوە دەوری هەبێ لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەدا یان بە شێوەی ڕێبەرایەتی جۆری یەکەم دەست بکا بە داهێنان و ڕانانی پلان و بەرنامە و بە مەبەستێکی تایبەت کۆمەڵگا ڕێك بخا.

بە باوەڕی دوو ژۆڤەنەل کۆمەڵگا تێکەڵاوییەکی ئاڵۆزە لە گرووپـە ر سـەرکردایەتییەکانی جۆری یەکەم و دووەم و دەوڵەت لەو نێوەدا دەبێ بە جۆرێك بجووڵێتەوە کە سەرکردایەتی جۆری دووەم کەموکوڕی و نەبوونی تـەناهی و ئاسایشـی دەرئـەنجامی سـەرکردایەتی جـۆری یەکـەم قەرەبوو کاتەوە. بەڵام ڕاشکاوانە باس لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بـە جـۆری دووەمـی ڕێبەرایەتی ناکا. بەڵام ئەو جۆرە سـەرکردایەتییە تـەنیا لـە حکومەتـدا ئاشـکرا دەبـێ. لـە ڕاستیدا، سەرکردایەتی جۆری یەکەم هەر وەك سەرکردایەتی کاریزماتیکە لە تیۆری ڤەیبەردا،

---

1. Contemporary French Political Thought, P. 199.

بەڵام لە کۆمەڵگادا دەردەکەوێ نەك لە دەوڵەتدا. بە گشتی جۆری دروستی سەرکردایەتی سیاسی، سەرکردایەتییەکی بێ لایەن و نێوبژیوانانەیە و جۆری ڕاست و دروستی سەرکردایەتی کۆمەڵایەتی، سەرکردایەتی داهێنەرانەیە. هەڵبەتە سەرکردایەتی جۆری یەکەم لە ژیانی سیاسیدا دەردەکەوێ و ڕێبازی سیاسەت تووشی گۆڕان دەکا، بەڵام ئەو کارە لە سیاسەتدا لاڕییە. ئەرکی سەرەکی حکومەت دابین کردنی بارودۆخێکە کە ببێتە هۆی گەشەکردنی داهێنان. ئەو ڕۆڵ و دەورە لە بنەمادا ڕۆڵێکی کۆنسەرڤاتانەیە، بەڵام پشتیوانی کردن لە داهێنان و پلانە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە مایەی پێشکەوتن و بەر بە سەرهەڵدانی شۆڕش دەگرێ. ئەو ڕۆڵە کاری هەموو سیستەمێکی سیاسی نییە: سیستەمە سەرکردایەتییە تاك حیزبی و پلاندارەکان واتا ئایدۆلۆژییەکان توانای گێڕانی ئەو ڕۆڵەیان نییە. کۆمەڵگا تەنیا لە ڕێگەی دەوڵەتەوە یەکگرتوو نابێ، بەڵکو دەبێ باوەڕو ئەخلاقێکی هاوبەش لە ئارادا بێ. هەروەها «کاربەدەستە ئایینییەکانیش دەبێ لەو نێوەدا دەور بگێڕن. دەبێ تەوافوق و ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لە پانتای ئەخلاق و حقووق و ئاییندا ببێ دەنا دەوڵەت ناتوانێ ئەو تەوافوق و ڕێککەوتنە پێك بێنێ.»[1] بە هەر حاڵ کاتێ ئاستی داهێنان لە کۆمەڵگادا بەرز بێ، کاری حکومەت، کارێکی دژوارە. پرسە سیاسییەکانی دەرئەنجامی ڕێککەوتنی بانگەشەکان جۆراوجۆرن و هیچ کات بە تەواوی چارەسەر ناکرێن. هیچ ڕێگە چارەیەکی تا سەر و کۆتایی بۆ پرسە سیاسییەکان لە ئارادا نییە و هەندێ لەو پرسانە بە چارەسەر نەکراوی دەمێننەوە. بە کورتی ڕێگە چارەی دوو ژۆڤەنەل بۆ پرسە سیاسییەکان ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی سیاسی نائایدۆلۆژیك و ناداهێنەر داهێنان و پلانە کۆمەڵایەتییەکان ئاوێتەی یەکتر بکاو بەرەو بەرژەوەندی گشتی ڕێنمایان بکا.

## ئەمانووێل مۆنییە: کۆنسەرڤاتی شۆڕشگێڕ

ئەمانووێل مۆنییە(١٩٠٥-١٩٥٠)(Emmanuel Mounier) لە زانکۆی پاریس خوێندنی تەواو کرد. پاش ماوەیەك وانە گوتنەوە لە قوتابخانەکاندا دەستی لەو کارە کێشاوە و گۆڤاری بەناوبانگی ئیسپریتی (Esprit) دەرکرد. ناوبراو بیرمەندێکی ئایینی و ئەخلاقخواز

1. Ibid, P.208.

بوو و باوەڕی وابوو کە سەردەمی خۆی سەردەمی قەیرانی گەورە و مەزنی شارستانییەتە. لە سەردەمی داگیر کردنی فەرەنسادا دژایەتی حکومەتی گوێ لە مستی ڤیشی (Vichy) دەکردو لە چالاکییەکانی دژی ئەڵماندا بەشدار بوو. حکومەتی ڤیشی پێشی بە دەرچوونی گۆڤاری ئیسپریت گرت. مۆنییە ئەندامی گرووپێك بوو بە ناوی «خەبات» و لە ساڵی ١٩٤٢دا دەسگیر و یەك ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. گۆڤاری ئیسپریت باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە گرفتەکانی جیهانی نوێ و قەیرانەکانی ئەو سەردەمی بڵاو دەکردەوە. مۆنییە دژی دەرکەوتە عەقڵییەکانی سەردەمی خۆی بوو. بە باوەڕی ناوبراو ژیانی مرۆڤ بە گشتی پێشبینی هەڵنەگرە و پڕە لە مەتەڵی هەڵنەهێنراو. ناوبراو زۆر ئۆگری پێوەندی ڕاست و دروستی نێوان ئایین و سیاسەت بوو؛ و لە هەمان کاتدا کە پێداگر بوو لەسەر ڕاهێنانی کۆمەڵگا بە گیانی مەسیحییەت، داکۆکی لە جیابوونەوەی ئایین لە سیاسەت دەکرد. پرسی سەرەکی ناوبراو دۆزینەوەی جێگە و شوێنێك بۆ ئایین لە دنیای پیشەسازیدا بوو. بە ناوبانگترین نووسینەکانی ئەوانەی خوارەوەن: شۆڕشی کەسگەرا و کۆگەرا[1](١٩٣٥)، خەسڵەتی مرۆڤ (١٩٤٨) (Traité du Caractère)، کەسگەرایی (١٩٤٩) (Le Personnalisme).

لە سەرجەمی ئەم بەرهەمانە دا بابەتی سەرەکی بەرباسی مۆنییە ڕەخنەی جیهانی مۆدێرنە. بە باوەڕی ناوبراو تایبەتمەندی جیهانی مۆدێرن بێ سەرەوبەرەییەکی ڕێکخراوە کە لە سەرمایەداریی دیموکراسیدا ڕەنگ دەداتەوە و شارستانییەتی نوێ باشترین دەرکەوتەی ئەو دۆخەیە. بەو پێیە بۆمان هەیە بڵێین شارستانییەتی نوێ گڵۆڵەی کەوتۆتە لێژی. ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو کە لە کۆتایی سەردەمێكدا دەژی کە سەرەتاکەی هیۆمانیزم و ڕێنسانس بووە و هەموو بایەخەکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتە لەو پرۆسەیەدا تووشی گنخان و لەناوچوون هاتوون. لەگەڵ ئەوەشدا ناوبراو باوەڕی وابوو کە سەردەمی ڕۆشنگەری لەچاو سەدەکانی ناوەڕاست هەنگاوێك بەرەوپێش چوونە؛ بەڵام دواجار خۆی تووشی ئیندیۆڤیدیالیزمێکی زێدەڕۆیانە، پارەپەرستی، ئاسوودە ژیان و عەقڵانییەتییەکی ئەبستراکت هات، کە ئامانجەکانی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسای ڕەت دەکردەوە. هێرشەکانی مۆنییە بە گشتی ئەو بوارانەی

1. Révolution Personnaliste eh Communautaire

خوارەوەی دەگرتەوە: سەرمایەداری، بورژوازی و پارلمانتاریزم. هەڵبەت ناوبراو هێرشی دەکـردە سەر دیموکراسی لە سەدەی بیستەمدا نەك ئامانجی دیموکراسـی. ئـەو ڕەخنانـەی مۆنییــە تـا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ بیر و باوەڕی ئایینی ناوبراو بەڵام بـە گشـتی کەسـێکی ڕابردووخـواز نەبوو. بە باوەڕی مۆنییە سەرمایەداری کۆمەڵێك گرفتی سـەرەکی ئـەخلاقی و کۆمەڵایــەتی دەنێتەوە: لە لایەك دەبێتە مایەی بێکاری و بەرهەم هێنانی لەڕادە بەدەر و پتر لە ئاستی نیاز و پێداویستی و هەروەها کەڵەکە بوونی سەروەت و سامان و لـە لایـەکی تـر دەبێتـە مایــەی لەرزۆك بوونی یەکریزی ئـەخلاقی و سیسـتەمی بایەخـە کۆمەڵایەتییــەکان. لـە سیسـتەمی سەرمایەداریدا مرۆڤ دەبێ بە کاڵا و کار دەکەوێتە خزمەت پارەوە، وەدەسـت هێنـانی سـوود هەموو هەستە مرۆییەکان دەکوژێ و ئەوین و یەکریزی و تێگەیشتنی شاعیرانە لـە جیهـان و ژیانی دەروونی و ئایین لە پانتایی ژیانی کۆمەڵگای مۆدێرن بار دەکەن.

مۆنییە سـەرەتا هێرشـی دەکـردە سـەر سـەرهەڵدانی مەترسـی ماشـێن و لـە بەرانبـەر شارنشینی نوێدا داکۆکی لە ژیانی لادیی کۆن دەکرد. بەڵام دواتر لە ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤترەوە دەیڕوانییە کۆمەڵگای پیشەسازی و ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆنی پـێ ئارەزوویــەکی شێتانە بوو و کۆمەڵگای پیشەسازی لە ناوەندی ڕەخنەکانی خۆی لە سەرمایەداری دەر داوێ. بە باوەڕی مۆنییە کۆمەڵگا و عەقلانییەتی پیشەسازی ڕەنگە ببنە مایەی ئاسوودەیی و باشتر ژیانی مرۆڤ و هەروەها پاڵپشتی هزر و هونەرێکی نوێ. لەسەریەك لە ڕەوتـی بـە پیشەسـازی بووندا ئاراستەیەك بەرەو یەکدەستی و وەك یەك بوونی مرۆڤ بـەدی دەکـرێ کـە چـاوی تیـژی مۆنییە ئەو ئاراستەیەی دەدی.

لە بواری عەقلانییەتدا، مۆنییە هێرشی دەکردە سەر عەقلانییەتی ڤۆڵتـەری. بـە بـاوەڕی ناوبراو لە وڵاتانی ئایینیدا بۆ نموونە وڵاتێکی وەك فەڕەنسا، بە پێچەوانەی وڵاتانی ئینگلیـزی زمان، لیبرالیزم بە مانـای ڕزگـاری عـەقڵی مـرۆڤ لـە دەسـت ئـایین هـاتووە-سـوودگەرایی دەرئەنجامی ئەو چەشنە عەقلانییەتە بووە؛ بەڵام کۆمەڵگای پیشەسازی ڕەنگە دەرئەنجامەکەی بەکارهێنانی عەقڵ بە مانایەکی بەربڵاوتر بێ: «ماشێن جۆرێك عـەقڵ دەگرێتـەخۆ کـە دژی ناعەقلانییەت دەجووڵێتەوە.»[1]

---

1. Contemporary French Political Thought p. 55.

لەسەریەك، سەرمایەداری هەندێ هێزی پاڵنەری پەستی لە مرۆڤ دا بەدی هێناوە و خراپترین دەرئەنجامەکانی شێوازی نوێی مرۆڤە بەتایبەت بورژوا و وردە بورژوا و پڕۆلیتەر: پڕۆلیتەر بە هۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەیەوە ناکرێ بڵێی مرۆڤی تەواوە؛ بورژوا تەنانەت شیاوی دڵ پێ سووتانیش نییە؛وردە بورژوا پەست و خۆ ویست و حیسابگەرە و نوێنگەی جیهانی مۆدێڕنە. بورژوازی لانیکەم پیشەسازی و سوپا و ئیمپڕاتۆری پێك هێنا و بەرزەفڕ بوو، بەڵام «نەخۆشی وردە بورژوازی شێرپەنجەی سەرجەم ئەوروپای ڕۆژئاوایە.»[1] بورژوازی ئاگاداری لاوازی خۆی لە بەرانبەر چینەکانی تر دایە و دەترسێ و پاش شۆڕشەکانی ١٨٤٨ بە ترس لە دیموکراسی و سۆشیالیزمەوە ژیاوە. بورژوازی پێشتر لە ژێر کاریگەری هزری ڕۆشنگەری دژە ئایینی‌دا بوو، بەڵام لە سەردەمی دواتردا بە هۆی ئەو ترسە ڕووی لە ئایین کرد. کەواتە دەکرێ بڵێین هانا بردنی بورژوازی بۆ مەسیحییەت لە ڕووی بەرژەوەندیخوازی و ڕیاکارییەوە بووە.

ڕەخنەی مۆنییە لە دیموکراسی تا ڕادەیەك پشت بە بۆچوونی ڕەخنەگرانەی ناوبراو دەربارەی بورژوازییەوە دەبەستێ. بە باوەڕی ناوبراو دیموکراسی بە هۆی باڵادەستی دراو و سەرمایە بە کردەوە خنکاوە و مردووە. تاکگەرایی بورژوایی وەها مێشکی جەماوەری تێك داوە و خرای کردووە کە ناکرێ باس لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دروستەکان بکەین. بەو شێوەیە دیموکراسی کەوتۆتە داوی بورژوازییەوە و لە ئاکامدا باسکردن لە سەروەری گەل و ئامانجی یەکسانی باسێکی بێ کەڵك و بێ مانایە. هەروەها لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا حیزبەکان بەلای تۆتالیتێریدا شکانەوە و بە تەمان بیروبۆچوونی خۆیان بە سەر سەرجەم کۆمەڵگادا بسەپێنن.

مۆنییە دژی چەمکی دیموکراسی بەشداریێتی(Participatory Democracy) بوو. بە باوەڕی ناوبراو دیموکراسی بە مانای ئەوە نییە کە هەر کەسە لێهاتوویی ئەوەی هەیە حکومەت بکا. حکومەت کردن پیشەیەکە شیاوی هەندێ کەسی لێهاتوو و هەڵکەوتە و بە گشتی لە چاو چالاکییە مرۆییەکانی تر لە چارەنووسی مرۆڤ دا گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. کەواتە مرۆڤ دەبێ لە بەندی ئۆگرییە سیاسییەکان ڕزگار بکرێ. گرنگی ژیانی سیاسی لەچاو ژیان بە گشتی کەمترە. دەوری هاوولاتی هاوشانی دەوری مرۆڤ نییە. سەرقاڵی زۆر بە سیاسەتەوە وایی لێدێ

1. Ibid, p. 57.

که سیاسەت ببێ بە ئاین. ئێستا دیموکراسی بۆتە ئایینێك کە هەمووان دەخوازن هەم پیاوی ئایین بن و هەم پەیڕەو. بەڵام دەوری ڕاستەقینەی تاك لە کۆمەڵگادا لە حکومەت کردندا نییە، بەڵکو لە گوێڕایەڵی لە پرەنسیپەکان دایە. بە گشتی دەکرێ بڵێین هیچ سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نابێتە مایەی سەقامگیر بوونی دیسیپلین و دادپەروەری. دیموکراسی بە مانا دروستەکەی دەبێ وەك چەمکی هاوسەنگی هێزەکان لە کۆمەڵگادا قبووڵ بکرێ. هەڵبەت هاووڵاتیان نابێ کەترەخەم بن و لە بەرانبەر پرسە ئایدۆلۆژیکەکانی دەوڵەتدا دەبێ هەستیار بن و لە بەرانبەر بەکارهێنانی نادروستی دەسەڵاتدا پارێزگاری لە خۆیان بکەن. بەڵام بە گشتی دەوری هاووڵاتیان تەنیا هەڵبژاردنی دەسەڵاتدارانە و حکومەت کردن دەبێ بسپێرنە دەست پسپۆڕ و کارناسان. لەسەریەك لە ڕوانگەی مۆنییەوە، سیاسەت سەرقاڵییەکی لاوەکییە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئاییندا مۆنییە باوەڕی وابوو کە سەرهەڵدان و باڵادەستی سەرمایەداری و دیموکراسی پەرلەمانی دەرئەنجامی لاوازیی ئاستی تێگەیشتنی مەسیحییەتە لە جیهانی مۆدێڕن. سەرمایەداری و دیموکراسی دژکردەوەیەك بوون لە بەرانبەر مەسیحییەتدا، بەڵام ئێستا مەسیحییەت بۆتە چاوساغ و پارێزەری سەرمایەداری و دیموکراسی. ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دەرەوەی مەسیحییەتدا ڕوویان داوە و مەسیحییەت نەیتوانیوە ڕێبەرایەتی شارستانییەتی پیشەسازی بکا. لە جیهانی مۆدێڕندا مەسیحییەت تەنیا دەتوانێ سەرنجی ژنان و پیران و چینە کۆنەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و ڕێ ناباتە ناو ناوەڕۆکی بەرهەم هێن و بە هێزی کۆمەڵگا. لە ڕاستیدا مەسیحییەت تەنیا لەگەڵ ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە لە پێوەندی ڕاستەقینە دایە کە بەرەو نەمان و تێداچوونن. کەلێنێکی گەورە کەوتۆتە نێوان مۆدێرنیزم و مەسیحییەت. بەڵام دواجار مۆنییە کلێسە بە تاوانبار نازانێ و بەدوای دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکەوەیە. بە باوەڕی ناوبراو کلێسە بونیادەیەکی مرۆییە و وەك هەر بونیادەیەکی تر چاوەڕوانی هەڵەی لێ دەکرێ. هەروەها مەسیحییەت لەگەڵ هیچ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی-ئابووریدا پێوەندی زەرووری نییە. کەواتە هەرەسهێنانی کۆمەڵگای بەر لە مۆدێڕن بە مانای کۆتایی ئایین نییە بەڵکو تەنیا جۆرێك لە مەسیحییەت تەمەنی کۆتایی پێ هاتووە و ئێستا دەکرێ بایەخە ئایینییەکان لەگەڵ پرەنسیپەکانی شارستانییەتی پیشەسازیدا بگونجێنین. کەواتە مەسیحییەت لەگەڵ سیستەمی بێ دیسیپلینی ئێستای جیهان و هیچ دیسیپلینێکی تردا پێوەندی لۆژیکی نییە:

«هیچ کەس ناتوانێ بڵێ بۆ نموونە ئابووری سۆسیالیستی بۆ بەرەوپێش بردنی حکومەتی خـوا لە ئابووری بازاڕ باشترە.»[1] بە باوەڕی مۆنییە پڕەنسیپەکانی ئایین شیاوی لێکدانـەوە و ڕاڤـە هەڵگرن و ئایین پێوەندی لۆژیکی و ناوخۆیی لەگەڵ هیچ بزووتنەوەیەکی سیاسیدا نییە. بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە جیهانی مۆدێرندا پێویسـتە مەسـیحییەکان دەوری سیاسـیان ببـێ و ڕووح ببخشنە جەستەی سیاسەتی هەنووکەییەوە. «مەسیحییەت لەسەر مرۆڤ واجب دەکـا کـە لـە هەموو بابەتە دنیاییەکاندا بەشداری چالاکانەی هەبێ» و بایەخە مەسیحییەکان بـەڕێوە ببـا. مەسیحییەت ناتوانێ خۆی لە بابەتە دنیاییەکان دوور خاتـەوە و مرۆڤـی مەسـیحی ناتوانـێ ژیانی بە سە ر دوو بەشی ئەو دنیا و ئەو دنیادا دابەش بکا. مەسیحییە سەرەتاییەکان تـەنیا نەدەچوونە ژێر باری ئەو بۆچوونەوە کە باوەڕی خۆیان هاوشێوەی بونیـادە دنیـایی و سیاسـییە تایبەتەکان سەیر بکەن دەنا کەسی مەسیحی دەبێ بەشداری چـالاکانەی لـە ژیـانی سیاسـیدا ببێ. لە ئیمپراتۆڕی ڕۆمادا مەسیحییەکان بەشداری چالاکانەیان هەبوو و شۆڕشی مەسیحیان بەرەوپێش برد. هەر لەو ڕووەوە مۆنییە ڕوانگەی مەسیحی چالاکی هەنووکەیی وەك گەشبینی تراژیك ناوزەد دەکا. ناوبراو باس لە مەسیحییەتێکی نوێ دەکا کە بە باوەڕی ناوبراو دەتوانـێ گۆڕان لە دیسیپلینی نارێكوپێکی جیهانی هەنووکەییدا پێك بێنێ. بەو پێیە مۆنییە داکـۆکی لە ڕێنسانسێکی ئایینی دەکا کـە بـۆ گەیشـتن بـەو ڕێنسانسـە پێویسـتە قۆنـاغی پاکتـاوی ستەمکاریانە تێپەڕ ببێ: «بەر لە ڕێنسانس پێویستیمان بە سـەدەکانی ناوەڕاسـتییەکی نـوێ هەیە.» هـەر وەك چـۆن مەسـیحییەتی ڕۆمـا لـە سـەدەی پێنجەمـدا سـوودی لـە هێرشـی بەربەرەکانی بـاکوور وەرگـرت و بەربــەرە ژێرمەنـەکان بوونـە کەرەسـەی بووژانـەوەی ڕوحـی مەسیحییەت، ئێسـتاش بـوونی هەنـدێ بەربـەر پێویسـتە بـۆ دەسـتەبەر کردنـی بەسـتێنی ڕێنسانسی مەسیحی و فاشیست و کۆمۆنیستەکانی وەك بەربەری نـوێ نـاو دەبـرد و بـاوەڕی وابوو کە ئاوێتە بوونی ئایین و سیاسەت دواجار دەبێتە مایەی کەڵك وەرگرتنی هەندێ گرووپی هەل پەرست. بە باوەڕی ناوبراو نابێ ئیزن بە هیچ گرووپێکـی سیـاسی بـدرێ کـە خواسـت و ئـامانجە دنیـاییەکـانی خـۆی لـە جلوبەرگی ئاییندا بشارێتەوە.[2]

---

1. Contemporary French Political Thought, P. 64.

2. Ibid, P. 66.

کۆمەڵگای دڵخوازی مۆنییەیش کۆمەڵگایەکی ئایینییە. ناوبراو لە بەرانبەر تاکگەرایی و کۆمەڵگا بە مانا باوەکەی لە سەردەمی نوێدا وەك تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای دڵخوازی خۆی باس لە کەسگەرای و جڤاك دەکا. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە تاکگەرایی باو لەخۆ گری خۆویستی و تەریك کەوتنەوەیە و چەمکی کۆمەڵگاش چەمکێکی ناکەس و میکانیکییە، بەڵام کەسگەرا(Personalist) لەخۆ گری پێوەندییە مرۆییەکانە و جڤاکیش لەخۆ گری هزری برایەتییە: کەس و جڤاك وەك تاك و کۆمەڵگا پێکەوە پێوەندییان هەیە، بەڵام ئەو پێوەندییە لە یەکەمیاندا پێوەندییەکی سۆزاوی و هەستەکییە و لە دووەمیاندا پێوەندییەکی ئابستراکتە. جڤاك خۆی کەسێکە کە لە کەسەکان پێکهاتووە. بەڵام ئەزموونی جڤاك ئەزموونێکی تەواو خەیاڵییە و ڕەنگە هەر کەسە لە ژیانی خۆیدا ئەو ئەزموونە وەدەست بێنێ. یەك لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم هاتنە کایەی جڤاك، وەك سیستەمێکی ئایدیال، سەرمایەدارییە. دەبێ کۆمەڵگایەکی ناکاپیتالیستانە و دژی پڕەنیسپەکانی سیستەمی ئابووری باو دامەزرێ. سیستەمی ئابووری دڵخوازی مۆنییە چەشنێك سۆشیالیزمی ناسانتراڵ و کۆڕپۆڕاتیڤە هاوڕێی دابین کردنی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵ کردنی خاوەندارێتی. هەروەها سیستەمی سیاسیش دەبێ ناسانتراڵ بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە باوەڕی مۆنییە گۆڕانی بونیادەکان بە تەنیا بەس نییە و دەبێ ڕوانینی مرۆڤەکان گۆڕنی بەسەردا بێ و فێرکاری ئەخلاقی یەکێکە لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگایەکی باش. بە واتایەکی تر بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization) کەرەسە و ئامرازی سەرەکی ڕفۆڕمە. بەرز کردنەوەی ئاستی ژیان و نەهێشتنی هەژاری و نەداری بەس نییە و یەکێك لە پێداویستییەکانی ژیانێکی باشتر هەست و سۆزی ڕووحانی و گڕی ناوخۆییە چ لە تاك و چ لە کۆمەڵگادا. «فراوانی نیعمەت، ئاشتی و تەناهی و حەسانەوەو ڕابواردن و بەرز بوونەوەی ئاستی داهات شتێکی ماقووڵە... بەڵام کوا ئەو هەستە شۆڕشگێڕانەی سەردەمانی مەزن بۆ کاری بوێر و قارەمانانە و ئەو ئەرکە جیهانی و خۆ پارێزییەی خەباتکاران؟» تاکە ڕێگەی دەرباز بوون لە تەناهی و ئاسایشی بورژوایی مەترسی و مەزنیخوازییە.[١]

---

1. Contemporary French Political Thought, P.72.

مۆنییه هەر لەو بەستێنەدا کەڵکی لە چەمکی شۆڕش وەرگرت. بە باوەڕی ناوبراو شۆڕش «گەڕانەوە بۆ دواوە و زیندوو کردنەوەی بایەخەکانە»و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دواجار توندوتیژی پێویستە. بەڵام شۆڕش بۆ ئەوەی بونیادەی کۆمەڵگا بگۆڕێ دەبێ لە دڵەکانەوە دەست پێ بکا. جەوهەری شۆڕش خۆڕاگرییە لە بەرانبەر دیسیپلینی ناڕێکوپێکی باو. شۆڕش لە هەنگاوی یەکەمدا کردەوەیەکی کەسییە و پێویستی بە بەکارهێنانی میتۆدە ڕووحانییەکان هەیە بە مەبەستی ڕەخنە و نکۆڵی کردنی بەردەوامی ئەو دیسیپلینە و خۆ پاراستن لە بەرژەوەندییەکانی ئەو دیسیپلینە. شێوازەکانی خۆڕاگری ئەوانەن: نافەرمانی کردن بە بێ توندوتیژی، مانگرتن، خراپکاری (Sabotage)، بەشداری نەکردن لە ڕێکخراوەکانی دیسیپلینی باودا، سەرمایەگوزاری نەکردن لە بانکەکاندا، بە هەژاری و نەداری ژیان تێپەڕکردن و پشت تێکردن لە هەمووی ئەو داهاتانەی بە شێوەی کوتوپڕ وەدەست دێن. ئەگەر میتۆدە نەرمونیانەکان کاریگەر نەبن، ئەوسا توند وتیژی پێویستە. بە باوەڕیی مۆنییە دیکتاتۆرییەکی لە چەشنی دیکتاتۆڕی پرۆلیتاریا وەك دەسپێکی ئەو شۆڕشە کۆنسەرڤاتیوانە پێویستە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٣دا دەنووسێ: «دیکتاتۆڕی یەکێکە لە پێداویستییەکانی هەر شۆڕشێك، بە تایبەت بۆ شۆڕشی ڕووحانی کە دەخوازێ هێزە خراپەکان لاواز بکا.»[1] ئەگەر دەرئەنجامی شۆڕش دیموکراسی ڕواڵەتی باو بێ، دەکرێ بڵێین شۆڕش بێ ئاکام بووە. ئامانجی شۆڕش هەڵگرساندنی مەشخەڵێکە لە دڵی مرۆڤەکاندا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بە گیان و دڵەوە لێك جۆش درێن. تەنیا ئەو کاتە دەبێ چاوەڕوانی ئەوامان بێ کە لە بونیادەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا گۆڕانێك بێتە ئاراوە. دەرئەنجامی شۆڕشێکی ئەوتۆ لە ڕووی ئابوورییەوە، شۆڕشێکی سۆسیالیستی و لە ڕووی ئەخلاقییەوە، شۆڕشێکی مەسیحی و لە ڕووی سیاسییەوە، دیموکراسی نابەشدارێتییە.

مۆنییە بە ئاماژە کردن بە نووسینەکانی سەدەمی گەنجێتی مارکس کە لە دەیەی ١٩٣٠دا دۆزرانەوە و بڵاو کردانەوە، باس لە دوو جۆرە مارکسیزم دەکا: یەکەم، «مارکسیزمێك کە باوەڕی وایە هەر چەشنە چالاکییەکی ڕووحانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابوورییە» و دووەم، مارکسیزمێکە کە باس لە دۆخی ژیانی مرۆڤ دەکا و زۆر وەك بۆچوونەکانی مەسیحییەت

1. Contemporary French Political Thought, P.75.

دەچێ. ناوبراو جۆری دووەمی مارکسیزم وەك هیومانیزمی نوێی مارکسیستی ناوزەد دەکا. ناوبراو باوەڕەی وابوو کە ڕەخنەکانی هاوچەرخ لە بەشتبوونی مرۆڤ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری لەخۆنامۆبوونی مارکس، هەرچەند مارکس دواتر تیۆری ماتریالیستی لە جێگەی ئەو تیۆریە دانا. کەواتە مۆنییە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە سەرەتادا لە ژێر کاریگەری مارکسیزمی سەرەتاییدا بوو و دەترسا کلێسە بە کافری لە قەڵەم دا. هەڵبەت ڕاشکاوانە خۆی وەك دژە مارکسیزم و دژە کۆمۆنیزم دەناساند، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی وابوو کە کۆمۆنیزم هەندێ ڕاستی لەخۆ دەگرێ و مارکسیزم بەشێکی ئەو ڕاستیانەی دەرخستووە. هەروەها باوەڕی وابوو کە بە بێ یارمەتی چینی کرێکار چ شۆڕشێك لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا نایەتە ئاراوە، کەواتە حیزبە کۆمۆنیستەکان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە. یەکێکی تر لەو بابەتانەی وای کرد بوو کۆمۆنیزم ببێتە مایەی سەرنجی مۆنییە ئەوە بوو کە کۆمۆنیزم دەیتوانی ببێتە ئایینێکی نوێ. ناوبراو باوەڕی وابوو کە کۆمۆنیزم دەتوانێ لە دڵی کەسەکاندا جێی خۆی بکاتەوە. پێی وابوو باوەڕی کۆمۆنیستەکان هەر وەك باوەڕی مەسیحییە سەرەتاییەکان وایە و تەنانەت پێی وابوو دادگاییەکانی مۆسکۆ زۆر لە لێپێچینەوەی بیر و باوەڕی مەسیحی دەچوون. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا بێگومان بە باوەڕی مۆنییە، کۆمۆنیزم لە ئەوینی ئیستیعلایی مەسیحی بێ بەرییە و لەو ڕووەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ لیبرالیزمدا نییە. بە هەرحاڵ، کۆمۆنیزم ماتریالیستی و کفرئاوییە و ئایین کە بنەمای ئەوینی ئیستیعلاییە ڕەت دەکاتەوە. هەروەها بە باوەڕی مۆنییە، سۆشیالیزمێك بۆ ئەوە دەشێ کاری بۆ بکرێ کە «بۆ رزگارکردنی نەوەکانی داهاتوو سێ نەوەی یەك لە دوای یەك نەکاتە قوربانی.» بە گشتی، مۆنییە کۆنسەرڤاتیزمی لەگەڵ جۆرێك سۆشیالیزم لێك گرێ دەدا و پێی وابوو هەندێ لایەن و بۆچوونە کۆمۆنیستییەکان لەگەڵ مەسیحییەتدا هاوئاهەنگن.[1]

## سیمۆن وەیل: کۆنسەرڤاتیستی یۆتۆپیایی

سیمۆن وەیل (Simon Weil)(1909-1943) یەکێك بوو لە ژنە بیرمەند و سیاسی و چالاکانی فەڕەنسای پاش جەنگی یەکەمی جیهانی. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣١ لە ئەکۆل نۆرماڵ

1. Contemporary French Political Thought, P. 83

سـووپەریوور (Ecole Normale Supérieure)دا خوێنـدنی تـەواو کـرد. لـە سـەردەمی خوێندکاریدا خوێندکارێکی شۆڕشگێڕ و ڕادیکاڵ بوو هەر بەو هۆیە پێیان دەگوت کچی سوور. ماوەیەك لە زانکۆکانی پاریس‌دا خەریکی وانە گوتنەوە بوو و هاوکات لە کانی و کارگەکانـدا کاری دەکرد. هەروەها بەشداری هەبوو لە چالاکی سەندیکالیستە شۆڕشگێڕەکان. لەگەڵ هەژار و نەدار و پڕۆلیتاریادا هەسـتی هـاودەردی دەکـرد و ژیـانی بـە هـەژاری تێپـەڕ دەکـرد. لـە سەردەمی جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیادا ماوەیەك هاوکـاری کۆماریخوازەکـانی کـرد. هـەروەها ئەندامی گرووپی خۆڕاگری فەڕەنسا(French Resistance) بوو لە لەندەن. دواجار وەیل لە تەمەنی ٣٤ ساڵی‌دا بە هۆی نەخۆشی سیل کۆچی دوایی کرد.

ژیانی فکری وەیل بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ: بەر لە ساڵی ١٩٣٨، لـەو قۆناغـەدا وەیـل تەنیا باسی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەکرد و لـە بنـەمادا بۆچـوونی ماتریالیسـتی هەبوو و بە تایبەت ئۆگری کۆمەڵناسی فانکشنالیستی بوو. کەواتە وەیل لە قۆناغی یەکەمی ژیانی فکری خۆیدا کەسێکی عەقڵخواز، دنیاویست، ماتریالیسـت و پـەیڕەوی ئەرکگـەرایی (Functionalism) بوو. بەڵام لە چێژنی پاکی ساڵی ١٩٣٨دا وەیل تووشی گۆڕانێکی ڕوحی هات و لەوەو پاش ڕووی کردە ئایین و بابەتە بان سروشتییەکان و بە ڕەشـبینییەوە دەیڕوانییـە کۆمـەڵگای مۆدێرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هـەروا ئـۆگری پـرس و بابەتـەکانی ڕابـردوو بـوو، هەرچەند ئێستا لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە بۆی دەڕوانین. بەو شێوەیە وەیل لـە سـاڵی ١٩٣٨ بەو لاوە خاوەن بۆچوونێکە ڕوحخواز(Spiritualist)، ڕۆمانتیك، مێژووگەرا، کۆنسـەرڤاتیڤ و ئایینی. گرنگترین نووسینەکانی ئەو دوو قۆناغـەی ژیـانی فکـری وەیـل ئەمانـەن: ڕامـان دەربـارەی هۆکارەکـانی ئـازادی و سـتەمی کۆمەڵایـەتی[1](١٩٥٥)؛ پێویسـتی ڕیشـەکان: سەرەتایەك لەسەر جاڕنامەی ئەرکەکان لە بەرانبەر مرۆڤ[2](١٩٥٢)دا کە ئەو دوو کتێبە پـاش مەرگی چاپ و بڵاو کرانەوە. هەندێ لە لێکۆڵـەرەوان لـەو بـاوەڕە دان کـە نـاوەڕۆکی کتـێبی دووەمی وەیل زۆر لە بۆچوونەکانی ئیدمۆند برێك دەچێ. نووسینەکانی تـری وەیـل ئەمانـەن:

1. Réflexions Sur les Causes de la Liberté et de L’oppression Sociale (Reflections on the Causes of Liberty and Social Oppression)

2. L’Enracinement (The Need for Roots: Prelude to a Declaration of Duties toward Mankind).

جازبە و لوتف[١] (١٩٤٨)؛ ناوەڕۆکی مەسیحییەت[٢] (١٩٥١)؛ نامە بۆ پیاوێکی ئایینی؛ لە چاوەڕوانی خوادا[٣] (١٩٥١).

وەیل لە کتێبی ڕامان دەربارەی هۆکارەکانی ئازادی و ستەمی کۆمەڵایەتیدا بۆچوونێکی یۆتۆپیایی هەیە. ناوبراو هەرچەند باوەڕی وایە کە بزووتنەوە ڕادیکاڵەکان هیچ گرفتێک چارەسەر ناکەن و هیچ پێوەندییەکیان بە گەشەکردن و پێشکەوتنەوە نییە، بەڵام بوونی وێنەیەکی یۆتۆپیایی بۆ ڕیفۆڕمی ستەمی کۆمەڵایەتی پێویستە، هەرچەند لەگەڵ ڕاستییەکانیش زۆر یەکتر نەگرێتەوە. بە بۆچوونی ناوبراو ڕیفۆڕم واتا جووڵانەوە بەرەو جەنگی کەمتر؛ میتۆدی کەم کردنەوەی شەڕ تاکە میتۆدی مەعقووڵە.» کەواتە لە هەر بزووتنەوەیەکی ڕیفۆڕمیستدا دەبێ خراپ و خراپتر لەبەر چاو بگرین. بە باوەڕی وەیل هزری یۆتۆپیایی بەو مانا سنووردارەی پێویستە بۆ ئەوەی دۆخەکە لە دۆخی باو خراپتر نەبێ. هزری یۆتۆپیایی تەنیا پێوەرەیەکی پێویستە بۆ نێوبژیوانی دەربارەی دۆخی باو، دەنا لە هەر هزرێکی ڕیفۆڕمیستدا دەبێ سەرنج بدرێتە بارودۆخی باو و هەر پلانێك دەبێ هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا. بە باوەڕی وەیل مارکسیزم بارودۆخی باو لەبەر چاو ناگرێ: گریمانەی سەرەکی مارکسیزم جێگەی تێڕامانە چونکە ڕوون نییە هێزەکانی بەرهەم هێنان ناچارن گەشە بکەن یان بونیادە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ خۆیان لەگەڵ ئەو هێزانەدا بگونجێنن. بە بۆچوونی وەیل مارکسیزم هەر وەك لامارکیزم (Lamarckism)ە-لامارکیزم باوەڕی وابوو کە هەموو گیانلەبەرەکان بە شێوەیەکی ئۆرگانیك خۆیان لەگەڵ دەورووبەردا ڕێکدەخەن؛ بەڵام داروینیزم پێمان دەڵێ تەنیا ئەو گیانلەبەرانە دەتوانن لەگەڵ دەورووبەردا خۆیان بگونجێنن کە لە ڕووی جەستەوە لێهاتوویی ئەو کارەیان هەبێ و ئەو گیانلەبەرانەی ئەو تایبەتمەندییان نەبێ تێدا دەچن. بە باوەڕی وەیل پێشکەوتنی زانستی کۆمەڵایەتی تەنیا کاتێك مسۆگەر دەبێ کە هەر وەك چۆن لە لامارکیزمەوە بە داروینیزم گەیشتین هەر بە هەمان شێوە لە مارکسیزمەوە بگەین بە زانستێکی کۆمەڵایەتی تەواوتر. کەواتە هێزەکانی بەرهەم هێنان بونیادە

1. La Pesanteur et la grâce (Gravity and Grace)
2. Intuitions Préchrétiennes (Intimations of Christianity among the Ancient Greeks
3. Lettres à un religieux (Letter to a Priest)

کۆمەڵایەتییەکانی گونجاو لەگەڵ خۆیان ساز نادەن، بەڵکو ئەوە مرۆڤە کە بەردەوام خەریکی داهێنانە و تەنیا ئەو داهێنانانە دەمێننەوە کە لەگەڵ بارودۆخی بووندا دەگونجێن.

چەمکی بارودۆخی بوون بنەمای باسی کۆمەڵناسانەی وەیلە لە بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئازادیدا. بە باوەڕی وەیل ئازادی بە مانا ئایدیاکەی واتا دەسەڵاتی عەقڵانی بەسەر خۆدا و دەسەڵاتی بەڕێوە بردنی بڕیارە عەقڵی و تاکەکەسییەکان. ئازاد ئەو کەسەیە کە چارەنووسی خۆی بە دەستە و لە ڕێگەی کردەوەی فکرییەوە بارودۆخی بوونی خۆی دیاری دەکا. کەواتە ئازادی پێوەندییەکە لە نێوان هزر و کردەوەدا. بە باوەڕی ناوبراو مرۆڤی ئازاد کەسێکی خۆبەڕێوەبەرەو ئامانج و ئامرازەکانی کردەوەی خۆی بەپێی هەڵسەنگاندن و هزر هەڵدەبژێرێ و کردەوەکەی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێ؛و تاکێك ئەو تایبەتمەندییانەی نەبێ کۆیلەیە. بەو مانایە کرێکارانی سەردەمی نوێ گشتیان کۆیلەن، چونکە کردەوەکانیان لە ڕووی عادەتە و لە هزر و بۆچوونی کەسانی ترەوە سەرچاوە دەگرێ. کەواتە ئازادی پێویستی بە پچڕاندنی پێوەندی بەستراوەیی مرۆڤ بە مرۆڤەوە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کەس ناتوانێ بارودۆخی بوونی خۆی دەستنیشان بکا. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، ئازادی ئایدیال (دۆخی خوازراو) پێوانەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی هەنووکەیی.

وەیل باوەڕی وایە کە ستەمکاری و سەرکوت بە پێچەوانەی ئازادی ئایدیایە. دۆخی سەرکوت دۆخێکە کە لەو دۆخەدا هیچ کام لە کردەوەکانی تاك هەڵقوڵاوی هزری خۆی نەبن. سەرکوت، بە پێچەوانەی ئازادی، دۆخێکی بابەتییە. ماناکەی واتا بێبەش بوون لە دەسەڵاتی بیر کردنەوە. دۆخی چینی کرێکاری ئەو لەو سەردەمەدا دۆخێکی ئەوتۆیە. ئەو دۆخە دۆخێکی خۆ ویست و خۆڕسك نییە. مەنعی توندوتیژی بیر کردنەوە باڵاترین جۆری سەرکوتە. بە گشتی، سەرکوت ملکەچ کردنە بۆ ئیرادە و هزری خەڵکانی تر بەڵام ئەو خەڵکانەی تر لەو پێوەندییەدا ڕۆڵ و دەوری کۆمەڵایەتی دەگێڕن. کەواتە ناکرێ بەستراوەیی لە بونیادەی کۆمەڵگا بسڕێتەوە. هەڵبەت وەیل سەرکوت لە دەسەڵاتی ڕەوا جیا دەکاتەوە: سەرکوت لەش و دەروون تووشی لەناو چوون دەکا، بەڵام دەسەڵاتی ڕەوا یەکێکە لە پێداویستییەکانی بەستنەوەی ویست و هەوەسە تاکەکەسییەکان بە دیسیپلینی کۆمەڵایەتییەوە؛ لە سەرکوتدا فەرمانبەران هۆکاری پەیڕەوی کردنی خۆیان نازانن، بەڵام لە دەسەڵاتی ڕەوادا فەرمانبەران دەزانن بۆ چی دەبێ بە ئەمر و گوێ بن؛ لە دەسەڵاتی ڕەوادا ویست و خواستی ڕەوای

دەسەڵاتداران ئاوێتەی مافی ڕەوای فەرمانبەران دەبێ و لە ئاکامدا، هۆی دەسەڵات و پەیڕەوی و فەرمانبەری ڕوون دەبێتەوە. کەواتە دەسەڵاتی ڕەوا ئەو دەسەڵاتەیە کە لە ڕووی عەقڵ و مەنتیقەوە پاساوت بۆی هەبێ.

بەو شێوەیە بەپێی ئەوە کە سڕینەوەی پێوەندی باڵادەستی لە کۆمەڵگادا دەست نادا و ناگونجێ، کەواتە تاکە ڕێگە دۆزینەوەی شێوازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە بە مەرجێك کە ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە سەرکوتکەر نەبێ. بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا دەبێ دۆخی بابەتی سەرکوت، واتا بارودۆخی بوون یان پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ بکرێن، کە گرووپەکانی کۆمەڵایەتی، دابەش کردنی کار، دابەش کردنی نایەکسانی زانست و شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێ. بە باوەڕی وەیل بارودۆخی بوون پاساودەری باڵادەستی و بەستراوەییە، بەڵام هیچ پاساوێکی بۆ سەرکوت نییە. سەپاندنی دەسەڵات لە لایەن ئەو گرووپانەوە کە ڕۆڵ و دەوری پێویستی کۆمەڵایەتیان هەیە (وەك کۆنترۆڵ کردنی سیستەمی دابەش کردنی کار، ڕێبەرایەتی فکری، سەرپەرشتیاری، خاوەنکاری) هیچ پاساوێك بۆ سەرکوت بە دەستەوە نادا. سەپاندنی دەسەڵات کاتێك ڕەوشێکی سەرکوتکەرانە بەخۆوە دەگرێ کە کێشەکە لەسەر بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات بێ. لە نێوان دەسەڵاتداران و هاوڕکەکانیاندا بەردەوام کێشە و ململانێ لە ئارا دایە. دەسەڵات هیچ کات سەقامگیر و بەردەوام نییە و بە بەردەوامی ڕکەبەرایەتی هەیە بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و سەرکوت دەرئەنجامی ڕکەبەرایەتییە لەسەر بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات. بەڵام دەسەڵاتداران تەنیا بە هۆی بەرژەوەندی خۆیان نییە کە پارێزگاری لە دەسەڵات دەکەن، بەڵکو ڕۆڵی کۆمەڵایەتیشی هەیە. لەو ڕووەوە داکۆکی لە جێگە و پێگەی خۆیان دەکەن و داکۆکییەکی ئەوتۆ یەکێکە لە پێداویستییەکانی پاراستنی سیستەم، کەواتە پاراستنێکی ئەوتۆ پاراستنێکی ڕەوایە. بە باوەڕی وەیل سەپاندنی دەسەڵات بە هەرحاڵ تا ڕادەیەك سەرکوتی لێدەکەوێتەوە و دەوڵەت وەك هاوئاهەنگکاری سەرانسەری ڕۆڵ و دەورە کۆمەڵایەتییەکان پاساوی بۆ هەیە و حاشای لێ ناکرێ.

بەپێی ئەوەی تا ئێستا باسکرا، هزری یۆتۆپیایی وەیل تەنیا تا ئاستێکی سنووردار لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا دەتوانێ بەڕێوە بچێ. بە باوەڕی ناوبراو نوێنەری سەرەکی تاکە و کۆمەڵگای ئایدیال ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا تاك بتوانێ تەنیا بەپێی بۆچوونەکانی خۆی بژی و بەو مانایە تاکێکی ئازاد بێ. ئەوسا هەر کەسە دەوری خۆی دەبێ لە هاوئاهەنگ کردنی

سەرانسەری لە کۆمەڵگادا. یۆتۆپیا ئەو شوێنەیە کە تێیدا هەر کەسە بەپێی بۆچوونی خۆی دەژی و پێویستی بە یاسا و ڕێسا نییە، چونکە بە باوەڕی وەیل هزر و عەقڵ لە لای هەموو تاکەکان وەك یەك وایە. لە کۆمەڵگایەکدا کە هەمووان بەپێی عەقڵی خۆیان بژین و بیر بکەنەوە (چونکە عەقڵ یەکە)، هزر و کردەوەی هەر کەسە بۆ خەڵکانی تر ڕوون و ئاشکرایە. بەڕێوەبردنی پلانێکی ئەوتۆ پێویستی بە بەرفراوان بوونەوەی زانست، زانیاری دەربارەی بەرژەوەندی گشتی و سەرهەڵدانی ئیرادەی گشتییەوە هەیە. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا هەر کردەوەیەك لەگەڵ کردەوەکانی تردا ڕێك دێتەوە و دەگونجێ. بە باوەڕی وەیل کۆمەڵگا لەسەر بنەمای عەقڵ و ئیرادەی تاکەکسی بەڕێوە دەچێ؛و چونکە عەقڵ و ئیرادەی تاکەکەسی بەشێکن لە عەقڵ و ئیرادەی گشتی- ئەوسا، هەماهەنگی و لێك تێگەیشتنێکی تەواو لە نێوان خەڵکدا دێتە ئاراوە. لێرەدا ئەگەر وردبینەوە دەبینین کە بۆچوونەکانی وەیل بە توندی لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی جان جاك ڕۆسۆ دان.

ئامانجی وەیل لە خستنە ڕووی کۆمەڵگای ئایدیال تەنیا پێشنیاری پێوانەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی باو. هەر وەك باسکرا، پرسی سەرەکی پێوەندی نێوان هزر و کردەوە واتا ئازادییە. خۆبەڕێوەبەری مرۆڤ تایبەتمەندی کۆمەڵگای سەرووە و خۆبەڕێوەبەری پێوەندی بە جۆری کاری تاك و ئاستی بەشداری تاك لە ڕۆڵی سەرەکی سیاسەت، واتا هاوئاهەنگ کردنی سەرانسەری کۆمەڵگا و ئاستی بوار و دەرفەتی بیرکردنەوە و کردەوەی تاکەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بە باوەڕی وەیل، پلانی هەر چەشنە هزرێکی ڕیفۆڕمستی دەبێ لە چوارچێوەی بارودۆخی بووندا بێ. لە ڕاستیدا خۆبەڕێوەبەری و کۆتایی هێنانی یەکجارەکی بە سەرکوت پێویستی بە گەڕانەوە بۆ دۆخێکە کە تێیدا سەپاندنی دەسەڵات بۆ ڕاپەڕاندنی ڕۆڵە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی پێویست نەبێ و بە سەرنجدان بە بارودۆخی بوون گەڕانەوەیەکی ئەوتۆ گونجاو نییە. کەواتە بوونی سەرکوت تا ڕادەیەك بەردەوام یەکێکە لە پێداویستییەکانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و چونکە گۆڕینی بارودۆخی بوون لە دەسەڵاتی مرۆڤ بە دەرە، کەواتە تەنانەت کەم کردنەوەی سەرکوتیش کارێکی گونجاو نییە. مەیلی سەرەکی هەر شارستانییەت و دەوڵەتێك داشکانەوەیە بە لای سانتراليزمدا، کەواتە ناکرێ بارودۆخی پێویست بۆ ئازادی دەستەبەر بکرێ بە تایبەت لە کۆمەڵگای مۆدێرندا کە تەواو نوقمی ڕۆڵی جۆراوجۆر هاتووە. بەو شێوەیە یۆتۆپیای سیمۆن وەیل بە چەشنێك زۆرتر ئاماژە دەکاتە سەر دژوارییەکانی بەردەم

بەرفراوان بوونەوەی ئازادی مرۆڤ نەك دەستەبەر کردنی بەستێنەکانی گەیشتن بە ئازادی. بە واتایەکی تر، پلانی وەیل دژە یۆتۆپیاییە لە چوارچێوەی یۆتۆپیادا و لە بنەمادا باس لە مەترسییەکانی هەنگاونان بۆ دامەزراندنی یۆتۆپیا دەکا. دواجار کۆمەڵناسی فانکشنالیانە بە سەر غایەتناسی ئایدیالیستانەی وەیلدا زاڵ دەبێ. لە ڕاستیدا ئەو دوو نوارینە بە تەواوی دژی یەکن، بەڵام ئاوێتە کردنی ئەو دوو شێوە نوارینە لایەنی سەرەکی بۆچوونە سەرەتاییەکانی سیمۆن وەیلە.

وەیل لە چێژنی پاکی ساڵی ١٩٣٨دا تووشی گۆڕانێکی ئایینی هات و ڕایگەیاند: «ئەوینی مەسیح بە شێوەیەکی کوتوپڕ و بۆ هەتا هەتایە کەوتە ناو دڵی من». پاش ئەو گۆڕانە فکرییە ناوبراو لە نووسینەکانیدا زۆر جەخت دەکاتە سەر توخمە سەروو سروشتییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاوڕ لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش دەداتەوە کە ئۆگریانە. دواتر هاتە سەر ئەو باوەڕە کە خوێندنەوەی زانستی کۆمەڵگا دەبێ ئاوێتەی خوێندنەوەی زانستی توخمە سەروو سروشتییەکان بکرێ. ئەو جار ناوبراو باسی لە تێوەگلانی بان سروشتی لوتف دەکرد وەك پرەنسیپی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەڵتەرناتیڤی ئیرادەی ئەخلاقی و عەقلانی تاکەکەس. بە باوەڕی ناوبراو هێزە کۆمەڵایەتییەکان بێ ئامانج و کوێرن و تەنیا لوتف و کەرەمی خوا لە دەرەوەی جیهان ڕا مرۆڤ ڕێنوێنی دەکا. تاقانە هۆی ڕزگاری مرۆڤ لوتفو کەرەمی خوایە، دەنا هەموو شت لە جیهاندا پەیڕەوی هێزە کوێرەکانە و مرۆڤیش پەیڕەوی زەروورەتی ئەو هێزانەیە. پێشکەوتن و گەیشتن بە دۆخێکی باشتر دەرئەنجامی ویست و خواست و ئیرادەی مرۆ نییەو بە بێ سرووشی ئایینی سازدانی شارستانییەت کارێکی نەشیاو و نەگونجاوە. هەڵبەت بە باوەڕی وەیل کڵێسە لەو نێوەدا ناتوانێ چ دەورێکی هەبێ، چونکە ئەگەر کڵێسە دەست بخاتە ناو کاروباری دنیاییەوە دەبێتە مایەی لاوازی دین و بیانووش دەداتە دەست دەوڵەتەکان بۆ ئەوەی دیکتاتۆڕییەکی ستەمکار ساز بدەن؛ لە کاتێکدا تیشکی دین و ئایین دەبێ هەموو لا ڕووناك کاتەوە. هەر دینێك کە خاوەنی ڕوحی جیهانی بێ دەتوانێ ئەو کارە بکا، دینی جووی لێدەر چێ کە لە سەرەتادا بەستراوەی ئەتنیك و ڕەگەزێکی تایبەت بووە.

وەیل لە نووسینەکانی قۆناغی یەکەمی ژیانی فکری خۆیدا زۆر جەختی کردۆتە سەر کاری لەشی و لەو باوەڕە دایە کە کار کردەوەیەکە لە هزری نوێنەرەوە سەرچاوە دەگرێ و ئامرازێکە

بۆ گەیشتن بە ئازادی و هەروەها ئامرازێکە بۆ زاڵ بوون بە سەر سروشتدا: کار «کردەوەی وشیارانەی خۆ تەسلیم کردنە بە زەروورەت» و دواجار زاڵ بوون بە سەر سروشتی لێدەکەوێتەوە. بەڵام دواتر واتا لە سەردەمانی گەڕانەوە بۆ مەسیحییەتدا، باوەڕی وایە کە کار وەك مەرگ سزایەکی خواوەندە بۆ گوناهی مرۆڤ. بە بۆچوونی وەیل کار ڕەنگدانەوەی ڕەنجی مرۆڤە لە جیهاندا کەواتە کار خاوەن فەزیلەتێکی ڕووحانییە.

وەیل لە قۆناغی دووەمی ژیانی فکری خۆیدا پێی وایە سیاسەت هونەری ڕێنوێنی کردنی کۆمەڵگایە. بە باوەڕی ناوبراو سیاسەت دەبێ ئامرازێك بێ بۆ فێرکاری هاووڵاتیان، کەواتە سیاسەت و فێرکاری ئاوێتەی یەکترن. ناوبراو باوەڕی وایە کە سیاسەت بە پێنج شێوە ئامرازی فێرکارییە: یەکەم، بە شێوەی ترساندن و هەڕەشە لێکردن و وادە دان و ترس و هیوا وەبەرنان؛ دووەم، بە شێوەی تەڵقینی هزر و باوەڕ (تەنانەت بە شێوەی هیتلەر)؛ سێیەم، لە چوارچێوەی ئامراز و دەربڕینی ڕاشکاوانەی ویست و خواستەکانی خەڵك؛چوارەم، وەك خستنە ڕووی پلان و ڕێنوێنی کردەوە؛ پێنجەم، بە شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. بەو شێوەیە دەوڵەت دەبێ بە کردەوە دەورێکی ئایینی و تەنانەت کڵێسەیی بگرێتە ئەستۆ.

## (٥)

# لیۆ شتراوس: فەیلەسووفی کۆنسەرڤاتیڤ

هەستی ئـازادی بـەردەوام هـاوڕێی ئـەو هەسـتە بـووە کـە بـەکارهێنانی بـێ مـەرجی ئـازادی کردەوەیەکی دروست نییە... ئازادی مرۆڤ بەردەوام هـاوڕێی ترسـێکی پـیرۆزە... ئـەو ترسـە پـیرۆزە دەکرێ ناوی بنێین ویژدانی سروشتی مرۆڤ. کەواتە کۆت و بەند، ڕادەی ئازادی سروشتی و ئەبەدییە.

### مافی سروشتی و مێژوو:

لیۆ شتراوس (Leo Strauss) لە ساڵی ١٨٩٩ لە هەسـە (Hesse)ی ئـەڵمانیا لـە دایك بوو و لە زانکۆکانی هامبورگ (Hamburg) و فرایبوورگدا خوێندنی فەلسەفەی تـەواو کرد. لە ساڵەکانی ١٩٣٢ تا ١٩٣٤ بە هاوکاری ماڵی دامـەزراوەی ڕاکفلـەر لـە فەڕەنسـا و بریتانیادا خەریکی لێکۆڵینەوە بـوو. دامـەزراوەی ڕاکفلـەر دامەزراوەیەکـە بـۆ لێکۆڵینـەوە دەربارەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. لە ساڵی ١٩٣٨ چووە ئـەمریکا و لـە قوتابخانـەی نـوێی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی نیۆیۆرك[1] خەریکی وانە گوتنەوە بوو. لـە سـاڵی ١٩٤٩ تـا سـاڵی ١٩٦٨ مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوو لە زانکۆی شیکاگۆ. ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٣ کۆچی دوایی کرد. نووسراوە سەرەکییەکانی شـتراوس بـریتین لـە: فەلسـەفەی سیاسـی هـۆبز (١٩٣٦)[2]؛ دەربـارەی سـتەمکاری[3] (١٩٤٨)؛ راوەدونـان و ئـازار و هونـەری نووسـەری[4] (١٩٥٢)؛ مافی سروشتی و مێژوو[5] (١٩٥٣)؛هەندێ بۆچوون دەربارەی میکاڤیلی[6] (١٩٥٨)؛

---

1. New School For Social Research, New York city
2.The Philosophy of Hobbes
3. On Tyranny
4. Persecution and the Art of Writing
5. Natural Right and History
6. Thoughts on Machiavelli

فەلسەفەی سیاسی چییە؟[1] (١٩٥٩)؛ مێژووی فەلسەفەی سیاسی[2] (١٩٦٣)؛ شار و مرۆڤ[3] (١٩٦٤)؛ ڕەخنەی سپینوزا لە ئایین[4] (١٩٦٥)؛ سوقرات و ئاریستۆفان[5] (١٩٦٦)؛ لیبرالیزم: کۆن و نوێ[6] (١٩٦٨)؛ هەندێ وتاری سوقراتیانەی گزنفۆن[7] (١٩٧٠)؛ سوقراتی گزنفۆن[8] (١٩٧٢).

لیۆ شتراوس وەك گەورە ڕەخنەگرێکی مۆدێرنیتە و هزر و عەقڵی مۆدێرن و هەروەها لایەنگری ڕاستییەکان و بەها ئەخلاقی و سیاسییە ڕەهاکان فەلسەفەیەکی سیاسی زۆر کۆنسەرڤاتیڤانەی خستە ڕوو. داکۆکی کردنی ناوبراو لە فەلسەفە وەك دۆزەرەوەی ڕاستییە ڕەها و سەروو مێژووییەکان هاوڕێ بوو لەگەڵ ڕەخنەی بەربڵاوی ناوبراو لە ڕێژەییخوازیی، ئەزمونگەراییی، پۆزەتیڤیزم، فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن، زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و دابڕانی زانست لە بایەخەکان.

بە باوەڕی ناوبراو کاتێ باوەڕمان بە ڕێژەخوازیی ببێ کە جەوهەری مۆدێرنیتە و زانست و فەلسەفەی مۆدێرنە، ئیتر بە هیچ جۆر ناکرێ لە کۆمەڵگای مرۆییدا باس لە دادپەروەری و عەقلانییەت بکرێ. مرۆی ئەو سەردەمە لە ڕەها دوور کەوتۆتەوە و کەوتۆتە چاڵی نیهێلیزم و ڕێژەییخوازییەوە و بەشێکی بەرچاوی بەرپرسایەتی ئەو کارەساتە دەکەوێتە ئەستۆی بیرمەندنی سیاسییەوە. کاری سەرەکی شتراوس بە ڕواڵەت لێکدانەوە و شیکاری بۆچوونی گەورە بیرمەندان بووە هەر لە ئەفلاتون و ئەرستۆوە بگرە هەتا میکاڤیلی و هۆبز و ڕۆسۆ و هیگڵ و نیچە، بەڵام ئۆگری ناوبراو بە مێژووی فەلسەفەی کەونارا و نوێ تەنیا ئۆگرییەکی مێژوویی و لێکۆڵەرەوانە نییە، بەڵکو ناوبراو لە ڕوانگەی گرفتەکانی سەردەمی مۆدێرنەوە سەیری ئەو بابەتانە دەکا. لەو ڕووەوە دەکرێ بڵێین شتراوس مێژوونووسی فەلسەفەی سیاسی نییە، بەڵکو ڕەخنەگر و فەیلەسووفی مێژووی فەلسەفەی سیاسییە و ڕاستە ناوەڕۆکی

1. What the Political Philosophy ?
2 .History of Political Philosophy
3. The city and Man
4. Spinoza’s critique of Religion
5. Socrates and Aristophanes
6. Liberalism: Ancient and Modern
7. Xenophon’s Socrates Discourse
8. Xenophon’s Socrates

بۆچوونەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بەر لە مۆدێرن یان تەنانەت سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام ئەو بۆچوونانە بۆ وەڵامدانەوە بە پرسەکانی جیهانی مۆدێرن گەڵاڵە کراون.

بۆچوونە پڕشوبڵاوەکانی شتراوس لێرەدا بەو شێوەیە کورت دەکەینەوە: داکۆکی کردن لە فەلسەفە و حەقیقەتی ڕەها، کۆمەڵناسی حەقیقەت، ڕەخنەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن، ڕەخنەی زانستە کۆمەلایەتییە نوێیەکان بە تایبەت ڕەخنەی ڕێژەییخوازیی و ئەزمونگەراییی و کۆمەڵناسی مەعریفە و پۆزەتیڤیزم و هەروەها ڕەخنەی مێژووگەرایی.

## داکۆکی کردن لە فەلسەفە و حەقیقەتی ڕەها:

شتراوس لەو باوەڕە دایە کە کاری سەرەکی فەلسەفە دۆزینەوەی تاکە حەقیقەتێکە کە ئەبەدی و گشتییە: کاری فەلسەفە بینینی «ئەو پڕەنسیپە نەگۆڕانەیە کە لە سروشتی مرۆڤ و شتەکان دا جێگیرن[1]،فەلسەفە بە دوای ئەو چوارچێوەدا دەچێ کە لە هەموو ئالوگۆڕە مەعریفییە مرۆییەکاندا نەگۆڕە و دەمێنێتەوە»[2]هزری فەلسەفی دەتوانێ چوارچێوەی مێژوویی خۆی ببەزێنێ و لە حەقیقەتی سەروو مێژوویی تێ بگا. لەو ڕووەوە ئامانجی فەلسەفە وەدەست هێنانی «مەعریفەیەکی ڕاستەقینەیە کە بۆ هەمیشە جێ باوەڕ بێ.»[3]بە هەمان شێوە فەلسەفەی سیاسیش « هەولێکەوە بۆ دۆزینەوەی دوا حەقیقەت دەربارەی بنەماکانی ژیانی سیاسی.»[4]بە واتایەکی تر، فەلسەفەی سیاسی «هەولێکە بە مەبەستی ناسینی ڕاستەقینەی سروشتی بابەتە سیاسییەکان و هەروەها دیسیپلینی سیاسی ڕاست و ڕەوا و دڵخواز.»[5]هەر وەك چۆن فەلسەفە هەڵوەدای ناسینی حەقیقەتی گشتییە، فەلسەفەی سیاسیش لە پانتای سیاسەتدا بە هەمان شێوە و پێی وایە حەقیقەتە سیاسییەکان لە ناو دەقی حەقیقەتە

1. Leo Strauss, Liberalism: Ancient and Modern, New York, Basic Books, 1968. P. 63.

2. Leo Strauss, Natural Right and History, Chicago U.P. 1953, P.24 .

3. Ibid, p.24 .

4. Leo Strauss, the Political Philosophy of Hobbes, Chicago U.P. 1963.P. XV .

5. Leo Strauss, What is Political Philosophy? Glencoe, 1959, .12 .

گشتییەکانی جیهانیدا دەدۆزرێنەوە. فەلسەفەی سیاسی بە پێچەوانەی شێوازەکانی تری هزری سیاسی، هەستیارە لە بەرانبەر جیا کردنەوەی مەعریفەی عەقڵانی و ڕاستەقینە لە بیر و ڕا. بیر و ڕاکان تەنیا لە وربەکارییەکان و بابەتە دەرهەستەکان ورد دەبنەوە، بەڵام فەلسەفەی سیاسی لە سروشت و ناوەڕۆك و زەروورەتی بابەتە سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە و وەك دیاردەگەلی نامێژوویی دەڕوانێتە سیاسەت و بابەتی سیاسی. لە فەلسەفەی سیاسیدا «ئێتر ئێرە و ئێستا سەرچاوە نییە.»[1] بەڵکو دوا ئامانج لە ناسینی پانتای سیاسەت و بابەتی سیاسی دۆزینەوەی دیسیپلینی ڕاستەقینەو نەگۆڕە. بە باوەڕی شتراوس «ئاراستەی سەرەکی کردەوە سیاسییەکان مەعریفەی خێرە واتا ژیان و کۆمەڵگایەکی باش؛ چونکە کۆمەڵگای باش خێرو بێری سیاسی تەواوە.»[2] بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە پێوانەی هەڵسەنگاندنی سیستەمی سیاسی باش گەڕانەوە بۆ بیر و باوەڕی خەڵك یان یاسا و نەریتەکان یان دەسەڵاتی خواوەند نییە، بەڵکو لەو بوارەدا فەلسەفەی سیاسی ڕووبەڕووی دیسیپلینێك دەبێتەوە کە بە پێی سروشت دادپەروەرانەترین دیسیپلینە.

بە باوەڕی شتراوس، فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، وەك تاقانە فەلسەفەی ڕاستەقینە، دەربڕی میتۆدی دۆزینەوەی حەقیقەتی گشتی بوو. سوقرات بنیاتنەری فەلسەفەی سیاسی ڕاستەقینە بوو، چونکە هەڵوەدای مەعریفەی ڕاست و دروست بوو دەربارەی سروشتی بابەتە سیاسییەکان و هەروەها باشترین سیستەمی سیاسی. فەلسەفەی کلاسیك لە سوقراتەوە دەست پێدەکا و بە فەلسەفەی سکۆلاستیکەکان کۆتایی پێ دێ. بە باوەڕی ناوبراو فەلسەفەی سیاسی کلاسیك بە دوای لوتکەی ژیانی سیاسییەوە بوو و بۆ دۆزینەوەی ئەو بابەتە سروشتی ژیانی سیاسی دەپشکنێ. لەو ڕوانگەوە، سروشتی ژیانی سیاسی هەمان لوتکەی دڵخواز و عەقڵانی ژیانە. لە ڕاستیدا ئامانجی ئەفلاتون گەیشتن بە یۆتۆپیا نەبوو، بەڵکو مەبەستی وەدیهاتنی سروشت یان ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ژیانی سیاسی بوو: «کۆمار (Republic)ی ئەفلاتون باشترین سیستەمی گونجاو نییە، بەڵکو سروشتی بابەتەکە سیاسییەکان ڕوون دەکاتەوە...

1. Ibid, p.16
2. Ibid, p.10 .

سوقرات له ڕێگەی دەرخستنی ئەو بابەتە كە مەدینەی فازڵە (ناشوێن) پێشنیارێكی نەگونجاوە، سنووره سروشتییەكان و ناوەڕۆكی شاری سیاسی ڕوون دەكاتەوە.»[1]

## كۆمەڵناسی حەقیقەت و فەلسەفە:

پرسیاری سەرەكی بەردەم شتراوس ئەوەیە كە بۆ چی لە هەندێ سەردەمدا، بۆ نموونە وەك یۆنانی كۆن، حەقیقەت لە فەلسەفەدا ڕەنگ دەداتەوە بەڵام لە سەردەمانی دواتردا، وەك سەردەمی مۆدێرن، حەقیقەت شاردراوەتەوە. بە واتایەكی تر هۆی چییە كە ناسینێكی ڕێك-وپێك لە بەرانبەر ڕاستییەكانی مێژوودا نەهاتۆتە ئاراوە؟ چۆنە قۆناغێكی مێژوو لە مەعریفەی گشتی و حەقیقەتی ڕەها تێ دەگا؟ بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارانە شتراوس هانا دەباتە بەر جۆرێك كۆمەڵناسی مەعریفە. بە گوتەی ناوبراو «كۆمەڵناسی مەعریفە (Sociology of Knowledge) بە شێوەیەكی بێ لایەنانە هەم خوێندنەوەی بۆ ئەوە هەیە كە بانگەشەی زانست بوون دەكا و هەم دەربارەی زانست و مەعریفەی ڕاستەقینە... كەواتە وادەردەكەوێ كە كۆمەڵناسی فەلسەفە بەشێكی ناسراوی كۆمەڵناسی مەعریفە بێ.»[2] لەو ڕوانگەوە هەندێ قۆناغی مێژوویی بۆ دووبارە دۆزینەوەی حەقیقەتە ڕەهاكان شیاوترن؛ بۆ نموونە ئەرستۆ لە كتێبی سیاسەت (Politics)دا تێگەیشتنێكی دروستی لە حەقیقەتە ڕاستەقینەكانی ژیانی سیاسی هەبووە، چونكە بە پێچەوانەی بیرمەندانی دواتر دەستی نەكرد بە داڕشتنی تیۆر (Theorizing) دەربارەی سیاسەت، بەڵكو باسی لە تێگەیشتنی ژیانی سیاسی بە مانای عەقڵی ساخلەم(Common Sense)ی ئەو ژیانە دەكرد. بە واتایەكی تر، فەلسەفەی سیاسی كلاسیك بە حەقیقەتە ڕەهاكان گەیشتبوو، چونكە هێشتا داوی لە داوی فەلسەفەی سیاسی نەكەوتبوو. ئەزموونی بەر لە زانست و فەلسەفە بنەمایەكی هەیە بۆ جیا كردنەوەی خێر و حەقیقەت بەڵام نەریتی فەلسەفەی سیاسی خۆی لەمپەرێكە لە بەردەم گەیشتن بە تێگەیشتنی سەرەتایی و بەر لە فەلسەفە: «بۆ تێگەیشتن لە جیهانی سروشتی، وەك جیهانێك كە لە بنەمادا جیهانی بەر لە زانست و فەلسەفەیە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمانی

1. Leo Strauss, The City and Man, Chicago, 1964, P. 138 .

2. Leo Strauss, Persecution and Art of Writing, Westport, 1973, p.17 .

سەرهەڵدانی سەرەتایی زانست و فەلسەفە.»[1] بەڵام بە بۆچوونی شتراوس دەکرێ لە ڕێگەی فەلسەفەی کلاسیك و ئەو زانیارییانەی ئەو فەلسەفەیە دەربارەی سەرچاوەی خۆی بە دەستیانەوە دەدا تایبەتمەندی سروشتی جیهانی پێش فەلسەفە دووبارە ساز بدەینەوە. کەواتە دوائامانج دووبارە دۆزینەوەی تێگەیشتنی گشتی و سروشتی جیهانە واتا تێگەیشتنی پێش فەلسەفە (لەو پێوەندییەدا شتراوس ڕاشکاوانە لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی مارتین هایدیگەر دایە). فەیلەسووفە سیاسییە کلاسیکەکان، کە بەر لە دامەزرانی نەریتی فەلسەفەی سیاسی بیریان لە جیهان دەکردەوە، بە بێ بوونی هیچ چەشنە نێوبژیوانێك زیندوویی و گەشەی ژیانی سیاسی هاوولاتییان بەدی دەکرد. کەواتە فەلسەفەی سیاسی کلاسیك نزیکترین ئەزموونە بە ئەزموونی پێش فەلسەفە.

لە سەردەمی مۆدێرندا دارشتنی تیۆر پەردەیەکی لە نێوان چاوەدێر و ڕاستەقینەدا کێشاوە و لە ئاکامدا ئیتر باسکردن لە فەلسەفەی سیاسی بێ نێوبژیوان و ناتیۆر باسێکی نەگونجاوە: «لە هەموو کات و سەردەمانی دواتردا، خوێندنەوەی فەیلەسووفەکان دەربارەی بابەتە سیاسییەکان درێژەی ئەو نەریتەی فەلسەفەی سیاسی بوو کە وەك پەردەیەك فەیلەسووف و جیهانی سیاسی لێك جیا دەکردەوە.»[2] فەلسەفەی سیاسی یۆنانی کۆن بۆیە ڕوونکەرەوەی ڕاستەقینەی ژیانی سیاسی بوو، چونکە تووشی نەریتێکی ئەوتۆ نەببوو. کەواتە دەکرێ بڵێین فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن تووشی بە تووشی هەندێ وشە و چەمك و چوارچێوە هاتووە کە میراتی نەریتی فەلسەفەی سیاسین، هەر بەو هۆیەیە کە ناتوانێ جوانی حەقیقەتی فەلسەفی ڕەها لە پانتایی سیاسەتدا ببینێ. کەواتە تیۆردارشتن لە سەردەمی مۆدێرندا بۆتە لەمپەر لە بەردەم گەیشتن بە مەعریفەی ڕاستەقینە. سەردەمانی کلاسیك سەردەمانی شەفافییەت و ڕوونی بوو و ئەو نەریتەی لەو سەردەمە کەوتەوە تەنیا لەخۆ گری بەشێك لە حەقیقەت بوو. هەر کات نەریتێکی فەلسەفی تووشی شکان دەبێ سیمای حەقیقەت وەدەردەکەوێ. لەو ڕووەوە فەلسەفەی سیاسی بۆ گەیشتن بە حەقیقەت دەبێ خۆی لە کۆت و بەندی فەلسەفەی سیاسی ڕزگار بکا. گەورە هزرەکان تەنیا لە سەردەمانی دابڕانی نەریتەکاندا لە دایك دەبن. کەواتە

---

1. Natural Right and History, p.79 .

2. What is Political Philosophy? p.27.

سروشتی چرکە ساتی لە دایك بوونی هەر فەلسەفەیەك کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر ڕوونی تێگەیشتن لە حەقیقەت. مەبەستی شتراوس لە کۆمەڵناسی حەقیقەت و فەلسەفە ئەوەیە کە کاتێ نەریتی باو تووشی هەرەسهێنان دەبێ هەلی تێگەیشتنی نوێ دەخوڵقێ. لە بارودۆخی دابڕان و قەیراندا دەکرێ بە شێوەیەکی نوێ جیهان بناسین. حەقیقەت بەرهەمی چرکە ساتە دەگمەنەکانی مێژوویە، واتە چرکە ساتەکانی ڕزگار بوون لە دەست نەریتە تیۆرەکان. بەڵام ڕەشترین پەردەیەك کە بە سەر سیمای حەقیقەتدا کێشراوە دەسکەوتی مۆدێرنیتە و فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕنە. بۆ دەرکەوتنی سیمای حەقیقەت پێویستە پەردەی نەریتی مۆدێڕن لا درێ.

**ڕەخنە لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕن:**

بە باوەڕی شتراوس لە سەردەمی مۆدێڕندا مێژووی فەلسەفەی سیاسی جێگەی فەلسەفەی سیاسی گرتۆتەوە. هزرە سیاسییەکانی سەردەمی مۆدێڕن فەلسەفە نین، واتا دەربڕی حەقیقەتی ڕەها نین. کەواتە فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕن بە گشتی مەجالی سەرهەڵدانی فەلسەفەی سیاسی نادا. شتراوس سەردەمی مۆدێڕن و فەلسەفەی سیاسی ئەو سەردەمە بە سێ قۆناغ دابەش دەکا. قۆناغی یەکەمی مۆدێڕنیتە لە سەردەمانی میکاڤیلییەوە دەسپێدەکا و تا سەرەتاکانی سەدەی هەژدە درێژەی دەبێ. فەلسەفەی سیاسی مۆدێڕنیتە لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا بۆ یەکەم جار تووشی قەیران دەبێ. باشترین نموونەی ئەو قەیرانە هێرشی ڕۆسۆیە بۆ سەر تیۆری حقووقی سروشتی هۆبز و جۆن لۆك. دەرئەنجامی قەیرانی قۆناغی یەکەمی مۆدێڕنیتە سەرهەڵدانی قۆناغی دووەمی مۆدێڕنیتەیە. ئەو قۆناغە لە ڕێگەی بۆچوونەکانی کانت و هیگڵەوە دەگاتە لوتکە. لە کۆتایی ئەو سەردەمەدا، مۆدێڕنیتە دەگاتە دووەم قەیرانی خۆی کە نموونە سەرەکییەکەی ڕەخنەی نیچەیە لەسەر ئایدیالیزمی ئەڵمانی. ئەو قەیرانەش سەرهەڵدانی قۆناغی سێیەمی مۆدێڕنیتەی لێدەکەوێتەوە کە ئێستا ئێمە لەو قۆناغەدا دەژین. قەیرانی قۆناغی سێیەم دەرئەنجامی باڵادەستی پۆزەتیڤیزم و مێژووگەرایی و ڕێژەییخوازییە.[1]

1. Ibid, pp.40-55.

شتراوس باس لە چەند جۆرە جیاوازی سەرەکی لە نێوان فەلسەفەی سیاسی کلاسیك و فەلسەفەی سیاسی مۆدێرندا دەکا. بە بۆچوونی ناوبراو فەلسەفەی سیاسی کلاسیك، هەر وەك باسکرا، باس لە تێڕامان و بیرکردنەوە لە سروشتی بابەتە سیاسییەکان دەکا، بەڵام فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن سەوداسەری مەعریفەیەکە کە لە ڕەوتی دەست بە سەرداگرتنی جیهان و سروشت و هەروەها بەدواداچوونی ویستوخواستەکان و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ دەسەڵاتی پێدەبەخشێ. بەو پێیە مەعریفە دەکەوێتە خزمەت کردەوە و مەیل و ئارەزووی مرۆ و لە شان و شکۆی وەك باڵاترین فەزیلەت کەم دەبێتەوە.[١] هەروەها، فەیلەسووفە سیاسییە مۆدێرنەکان لە ڕێگەی نکۆڵی کردن لە جیاوازییە سروشتی و چۆنیەتییەکان لە سروشتدا نکۆڵی لە جیاوازی بابەتە مرۆیی و سیاسییەکان لە سەرجەم سروشتدا دەکەن. قەیرانی یەکەمی مۆدێرنیتە کاتێ سەری هەڵدا کە ڕۆسۆ دەریخست وێناندنی مۆدێرنی سەرەتایی لە سروشت ڕێگرە لە بەردەم تایبەتمەندی سەرچڵی ژیانی مرۆ و مرۆ لە سروشتدا نوقم دەکا. لەو ڕووەوە پاشان باری سەرنجی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لە سروشتی مرۆڤەوە گۆڕاوە بۆ مێژووی مرۆڤ. فەیلەسووفە سیاسییە مۆدێرنەکان باس لە ئەگەری وەدیهاتنی باشترین سیستەمی سیاسی، کە جەوهەری فەلسەفەی کلاسیك بوو، وەك باسێکی بێ کەڵك سەیر دەکەن. بە بۆچوونی ئەو فەیلەسووفانە دیسیپلینی سیاسی باشتر دەبێ لە ڕێگەی ئامانجە باوەکانی سەرجەم کۆمەڵگاکانەوە بێتە دی نەك بەپێی فەزیلەتە بەرزەکان کە هیچ کات لەبەردەستدا نین. لەو ڕووەوە وەدیهاتنی سیستەمی دڵخواز پێوەندی بە فەزیلەتی ڕێبەرانەوە نییە، بەڵکو گرێدراوی کردەوەی بونیادە سیاسییەکانە. بەو شێوەیە چونکە دامەزراندنی کۆمەڵگا و دیسیپلینی سەرووتر وەك کردەوەیەکی تا ڕادەیەك سانا و ساکار سەیر دەکرا، فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن بوو بە خاوەن تایبەتمەندییەکی شۆڕشگێڕانە.[٢] لە کاتێکدا فەلسەفەی سیاسی کلاسیك هەم ئاگاداری فەزیلەت و هەم ئاگاداری پەستی سروشتی مرۆ بوو، فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن زۆرتر جەختی دەکردە سەر شێواوی سروشتی مرۆ. خاڵێکی تری جێ ئاماژە ئەوەیە کە فەیلەسووفە مۆدێرنەکان لە ڕێگەی ڕێژەییخوازییەوە سەرجەم ڕاستی و بایەخ و بنەما ڕەهاکانی مەعریفە

---

.١Natural Right and History, pp.170-177.

.٢Ibid, pp.301-320.

و زانستیان وێران کرد، بەڵام چونکە بە بێ پشتبەستن بە بنەمایەکی ڕەها ناتوانن بیر بکەنەوە، نەخوازراو بەرەو لای بنەمایەکی ئەوتۆ دەکشێن. بە گشتی بە باوەڕی شتراوس «هەنووکە فەلسەفەی سیاسی یان بەرەو نەمان دەچێ یان بەرەو گەندەڵی، هەڵبەت ئەگەر بە تەواوی لەناو نەچوو بێ.»[1] هەروەها، لە سەردەمی مۆدێرندا بەپێی فەلسەفەی سیاسی نوێ کۆمەڵگایەکی تەواو نوێ لە دایك بووە کە فەلسەفەی سیاسی کلاسیك هیچ ناسیاوێکی لە سەری نییە. بە کورتی دەکرێ بڵێین ئەنجامی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لێکترازان و لێك بڵاو بوونی هزری فەلسەفەی سیاسییە، واتا نەبوونی مەجالی لە دایك بوونی فەلسەفەی سیاسی. یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەو بارودۆخە ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا لە زانستە سیاسییەکاندا لەبری فەلسەفەی سیاسی، مێژووی فەلسەفەی سیاسی وەك وانە دەگوترێتەوە.

## ڕەخنە لە زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان:

بە باوەڕی شتراوس فەلسەفە و حەقیقەتی ڕەها هەر لە سەردەمانی کۆنەوە دوژمنی بە هێزیان هەبوو. لە سەردەمی کەونارادا، شاعیر و سوفیستایی و شەککاك و ئیپیکورییەکان بە توندی هێرشیان دەکردە سەر فەیلەسووفە کلاسیکەکان. ئایینیش یەکێك بوو لە گەورە دوژمنانی فەلسەفە و گرژی و ناکۆکی نێوان عەقڵ و وەحی یەکێك بوو لەو گەورە دژوارییانەی بەرۆکی فەلسەفە و فەیلەسووفانی گرتبوو. لە ئاکامدا، فەیلەسووفەکان کەم تا زۆر ناچار بوون دەست لە نکۆڵی کردنی ڕاشکاوانەی حەقیقەتی ئایین هەڵبگرن. بە بۆچوونی شتراوس گرژی نێوان فەلسەفە و ئایین زۆر قووڵتر لە گرژی نێوان فەلسەفەی کلاسیك و فەلسەفەی مۆدێرن بووە.[2] بەڵام لە سەردەمانی ئێستادا دوژمنانی گەورەی نوێی وەك ڕێژەییخوازیی، پۆزەتیڤیزم و مێژووگەرایی و زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان کە زمانحاڵی ئەو سێ بۆچوونەن، لە دژی فەلسەفەی ڕەهادا ڕاوەستاون؛ و ئەوەش هەمووی باس لە قەیرانی قووڵی مۆدێرنیتە دەکا. «قەیرانی مۆدێرنیتە خۆی لەو ڕاستەقینەدا دەردەخا یان بریتییە لەو ڕاستییە کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی مۆدێرن ئیتر نازانێ خوازیاری چییە، ئیتر باوەڕی بەوە نییە کە بتوانێ باش لە خراپ

---

1. What is Political Philosophy? p.17.

2. Natural Right and History, pp. 74-76.

و ڕاست لە ناڕاست جیا کاتەوە... تا چەند نەوە پێش، هێز و توانای مرۆڤ لە جیـا کردنـەوەی ڕاست لە ناڕاست وەك بابەتێکی چەسپاو سەلمێنرا بوو... بـەڵام لـە سـەردەمانی ئێمـەدا ئـەو باوەڕە لاواز بووە: باوەڕێکی ئەوتۆ زۆرتر خەون و خەیاڵە.»[1] بـەو شـێوەیە هۆکـاری سـەرەکی قەیرانی مۆدێرنیتە و فەلسەفە ڕێژەییخوازییە؛و هەر بەو هۆیە سـەردەمی مـۆدێرن لـە ڕووی فەلسەفییەوە بۆتە شۆرەکات. «ڕێژەییخوازیی تـەنیا قوتابخانەیـەکی فەلسـەفی نییـە، بـەڵکو هۆکارێکی زۆر بە هێزە کە کەم تا زۆر کاری کردۆتە سەر سەرجەم هـزری ئـەو سـەردەمە.»[2] لەگەڵ ئەوەشدا، شتراوس دیالەکتیکێکی ورد لە نێوان ڕێژەییخوازیی و فەلسەفەی حەقیقەتـدا دێنێتە ئاراوە کە دواجار بەلای قازانجی فەلسەفەدا دەشکێتەوە. بە بۆچوونی ناوبراو هـەر ئـەو ڕێژەییخوازییە ئێمە لە حەقیقەتی ڕەها وریا دەکاتەوە. بە واتایەکی تر، جیهانی لێکـدابراو و بەربڵاو و جۆراوجۆر و ڕێژەیی بەرەو حەقیقەتی ڕەهامان پاڵ دەنێ. ڕێژەیی بـوون لـەخۆ گـری گرژی و ناکۆکییە. هەر ئەو گرژی و ناکۆکییـە بـەرەو یـەکێتیمان پـەلکێش دەکـا و دواجـار دۆزینەوەی بیر و باوەڕێکی یەکە و ڕەها لە ڕەوایی ڕێژەیی بوونی بیر و باوەڕە جۆربەجۆرەکانمان وریا دەکاتەوە؛[3] بۆ نموونە «ڕژیمە سیاسییە جیاجیاکان... دەمانخەنە سەر ئەو بـیر و تێڕامانـە کە لە نـاو ڕژێمـە ناکۆکەکانـدا کامیـان باشـترە و دواجـار باشـترینیان کـام ڕژێمـە.»[4] یـان جۆراوجۆری بیر و بۆچوونەکان دەربارەی ماف و دادپەروەری جگە لەوەی کە لەگەڵ بوونی مافی سروشتی یان هزری دادپەروەریدا دەگونجێ، بەڵکو یەکێکە لە پێداویستییەکانی گەیشتن بەو.»[5] بە گشتی «فەلسەفە هەوڵێکە بۆ تێپەڕ کردنی بیر و باوەڕ بۆ زانست کەواتە بە پێی زەروورەت لەگەڵ پانتای بیر و باوەڕ، وەك خاڵی هەنگاونانی خۆی، لە پێوەندی دایە.»[6] کەواتە فەلسـەفە

---

1. H. Goldin(Ed), Political Philosophy: Six Essays of Leo Strauss, Indianapolis, 1975, pp. 81-82.

2. What is Political Philosophy? p. 57.

3. Natural Right and History, pp. 124-125.

4. What is Political Philosophy? p. 10.

5. Natural Right and History, p. 124-125.

6. What is Political Philosophy? p.92.

له ناو بیر و باوەڕە جیاجیاکاندا حەقیقەت دەدۆزێتەوە نەك بڵێی بیر و باوەڕە جیاجیاکان لەناو بەریێ. کەوتنەوەی مشتومڕی بێ بڕانەوە دەربارەی هەر بابەتێك بە مانای بوونی حەقیقەتێکی سروشتی و بنچینەییە کە بانگمان دەکا بۆ دۆزینەوەی خۆی. ڕەنگە هیچ کات بۆ نموونە نەگەین بە پێناسەی دادپەروەری ڕەها، بەڵام خودی پرسیار کردن لە دادپەروەری و بەردەوامی ئەو پرسیارە لە مێژووی هزری سیاسیدا باس لە بوونی حەقیقەتێکی سەربەخۆ دەکا. حەقیقەتی ڕەها سەرەتا دەبێ بشاردرێتەوە و بکەوێتە بەر هێرشی هەڵوێستە ڕێژەییەکانەوە بۆ ئەوەی دواجار بە شێوەیەکی وشیارانە سەرهەڵداتەوە. یەکەم هەنگاو لە ڕێگەی گەیشتن بە حەقیقەت ئەوەیە کە ئەوەی هەمووی ئەندامانی کۆمەڵگا لە سەری کۆکن تەنیا وەك بانگەشەیەکی ڕێژەیی دەربارەی حەقیقەت سەیر بکەین. بەو شێوەیە بیر و ڕا جیاجیاکان سەرەتایەکن بۆ ناسینی حەقیقەت. ڕۆڵ و دەوری فەلسەفە بەرەوپێش بردنی بیر و بۆچوونەکانە بۆ نزیکترین پلەی گەیشتن بە هەرێمی حەقیقەت. لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا لە ڕوانگەی شتراوسەوە، دوا حەقیقەت بیر و باوەڕە دووبارە سازدراوەکان نین. جیهانی بیر و ڕا و جیهانی حەقیقەت هەر چەند هەندێ لە ناو یەکتردان، بەڵام دوو جیهانی تەواو جیاوازن. بیر و ڕا بە شێوەی پاژی و ئاماندجارە، بەڵام حەقیقەت گشتی و بێ لایەن و گشتگیرە- لانی زۆر دەکرێ بڵێین بیر و ڕاکان تەنیا بەشە پڕشوبڵاو و خەوشدارەکانی حەقیقەتن. بیر و ڕا بەرهەمی پێکدادانە مێژوویی و شیمانەکانە، بەڵام حەقیقەت ڕۆژێکی درەوشاوەیە کە دەکەوێتە پشت هەورە ڕەشەکانی بیر و ڕاکانەوە.

بە بۆچوونی شتراوس ڕێژەییگەرایی دوا جار لەگەڵ خۆیدا تووشی ناکۆکی دەبێتەوە، چونکە ئامرازی سەرەکی ڕێژەییخوازیی لێبووردەییە. نە لێبووردەیی قبووڵ دەکاو نە نەبوونی لێبووردەیی؛ لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا پێوانەیەکی ڕەها دێنێتە ناو ڕێژەییخوازییەوە و یان نەبوونی لێبووردەیی قبووڵ دەکا کە ئەوسا خۆی ڕەت دەکاتەوە و تووشی گرژی و ناکۆکی دەبێ. بە واتایەکی تر، یان لێبووردەیی لەگەڵ عەقڵدا دەگونجێ و پشت بەو گریمانەوە دەبەست کە مرۆڤەکان خێر و شەڕ لێك جیا دەکەنەوە، کە لە دۆخێکی ئەوتۆدا تۆلڕنس دەبێ بە نەبوونی لێبووردەیی لە بەرانبەر شەڕدا؛ یان ئەوەتا لێبووردەیی هیچ بنەمایەکی لە عەقڵدا نییە و لە ئاکامدا خۆی لە نەبوونی لێبووردەیی باشتر نییە.[1] شتراوس هەر بەو چەکە هێرش

1. Liberalism: Ancient and Modern, p. 63.

دەکاتە سەر کۆنسەرڤاتیڤیزمی ڕێژەییخوازانەی بیرمەندانێکی وەك ئیدمۆند برێك، چونکە ئەو بیرمەندانە لەبری حەقیقەت و خێری ڕەها تەنیا داکۆکی لە نەریت دەکەن، بەڵام بە باوەڕی شتراوس نەریتیش بە ڕێکەوتە و ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی ڕەها نییە. کەواتە دەبێ جیاوازی دابنرێ لە نێوان نەریت و حەقیقەتدا.[1] بەگشتی ڕێژەییخوازیی نەخۆشییەکی مۆدێرنە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی تێگەیشتنی مرۆ و هەر وەك باسکرا، کاتێ بە سەرخۆیدا دەسەپێ خۆی لە ناو دەبا.

شتراوس باوەڕی وایە کە پێوەندییەکی زۆر نزیك هەیە لە نێوان زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و لیبرالیزمدا. بە گوتەی ناوبراو «شرۆڤەکارانی ئەو سەردەمەی لیبرالیزم دەبێ سەرسام بن لە یەکێتی نێوان لیبرالیزم و زانستە کۆمەڵایەتییە بەدوور لە بایەخ دانانەکان. دوابەدوای ئەوە ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کە ئایا پێوەندییەکی زەرووری لە نێوان زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان و لیبرالیزمدا لە ئارادا نییە، لە کاتێکدا بێگومان لیبرالیزم بێ بەری نییە لە بایەخ دانان؟» بە باوەڕی شتراوس ڕەخنەی زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دوا جار خۆی دەبێتە بەشێك لە ڕەخنەی لبیرالیزم. میتۆدە زانستییەکانی ئەو سەردەمە نایەکسانییەکان وەك یەکسانی پێشان دەدەن. زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانیش وەك لیبرالیزم، کە ئامانجی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنە، «لە خزمەت دەسەڵاتی مرۆ دایە- ئەو دەسەڵاتەی کە دەبێ بۆ دابین کردنی ژیانێکی دوور و درێژتر و سلامەتتر و تێر و پڕتر کەڵکی لێوەرگیرێ.»[2] کەواتە دەکرێ بڵێین کەڵکەڵەی زانستە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان دۆزینەوەی حەقیقەت نییە. لیبراڵیزم و زانستە کۆمەڵایەتییەکان — هەر دوو بە لای دەسەڵاتدا دەشکێنەوە و دژی دوا حەقیقەتن و ئامرازخوازن. سەلماندنی یەکێتی نێوان لیبرالیزم و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دواجار دەبێتە مایەی بێ ئیعتیبار بوونی ئەو زانستانە و دەبن بە زانستی بایەخی و ڕێژەیی؛ لە کاتێکدا ڕێژەییخوازیی، هەر وەك باسکرا، ناتوانێ بنەمای مەعریفە بێ.

1. Natural Right and History, pp. 294. ff
2. Ibid, p.20.

یەکێکی تر لە لایەنەکانی زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان ئەزمونگەراییە کە ئەویش گرژی و ناکۆکیگەلی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ڕوانگەی شتراوسەوە ئەزمونگەرایی حەقیقەتی ڕەها ڕەت دەکاتەوە، بەڵام ناتوانێ لە بنەمای ڕەها دابڕێ و دواجار بە شێوەیەکی ناوشیارانە بنەمایەکی ئەوتۆ قبووڵ دەکا. جەخت کردنی ئەزمونگەرایی لە سەر مەجالی پێوەندی بێ نێوبژیوانی لەگەڵ ڕاستەقینەدا خۆی بانگەشەیەکی ڕەهایە کە تەنیا پاساوی ڕێژەییخوازانەی بۆ هەیە. ئەزمونگەرایی لە ڕێگەی پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی خۆیەوە ناتوانێ ئەو پرەنسیپانە بسەلمێنێ، چونکە «لە ڕێگەی زانیارییە هەستەکییەکانەوە ڕوون نابێتەوە کە تاکە بابەتی تێگەیشتن زانیارییە هەستەکییەکان بن.»[1] کەواتە ئەگەر ئەزمونگەرایی لە لایەن پێوانەکانی خۆیەوە پشت ڕاست ناکرێتەوە، دەبێ پێوانەیەکی نائەزموونی بۆ ئەو کارە ببێ. بەپێی ئەوە کە ئەزموونخوازەکان نکۆڵی لە دەوری پێش بەستێنی مرۆیی دەکەن وەك بنەمای بانگەشەی حەقیقەتی خۆیان، لەو ڕووەوە بۆ خۆ دوور خستنەوە لە ڕەها دەستەوداوێنی ڕێژەییخوازیی دەبن و لە ئاکامدا، بانگەشەکانی خۆیان ڕەت دەکەنەوە. بەو پێیە ئەزمونگەرایی لە ڕووی مەعریفەییەوە بەردەوام لە ڕاژان دایە. کەواتە دەکرێ بڵێین ڕێژەییخوازیی منداڵی ئەزمونگەراییە. هەروەها دەکرێ بڵێین زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە زانستی مێژوویی و بەستراوە بە چوارچێوەی دەق و زانستی ڕێژەیی. بەو پێیە دەکرێ بڵێین «زانستی مۆدێرن شێوەیەکی ڕێژەییو مێژووییە لە تێگەیشتنی شتەکان کە لە بنەمادا بالاتر نییە لە شێوەکانی تری تێگەیشتن.»[2]

بە گشتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە بانگەشەی بابەتی بوون دەکەن، زانستی ڕێژەیین. هەموو حەقیقەتەکان لەو زانستانەدا لەگەڵ مێژوودا لێك گرێ دەدرێن و لە ئاکامدا زنجیرەیەك حەقیقەی ڕێژەیی یەك لە دوای یەك سەرهەڵدەدەن. بەو پێیە دەرئەنجامی زانستەکان دەبێتە دەرئەنجامێکی کاتی و بۆ ئەوە دەشێ لە دواڕۆژدا دووبارە پێیدا بچییەوە. هەروەها، بە سەرنجدان بەو بابەتە کە بانگەشەی بێ لایەنی بایەخی زانست لەخۆ گری لاوازی زانستە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ غایەت و ئامانجەکان؛ لە ئاکامدا بە بەردەوامی بۆشاییەك دێتە

1. Ibid, p. 212.

2. What is Political Philosophy? pp. 25-26.

ئاراوە کە لە ڕێگەی ئامانجـە ڕێژەییـەکانی هـەر سـەردەمانێکەوە پـڕ دەبنـەوە. لـەو ڕووەوە «زانست ناچار دەبێ غایەت و ئامانجی کرپارەکانی خۆی دابین بکا.»[1] بە واتایەکی تر، زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ قبووڵ نەکردنی بایەخە ڕەهاکان بەردەوام ناچار دەبـن بگەڕێنـەوە بـۆ بارودۆخی باو و بابەتە ڕێژەییەکان بکەن بە بابەتی ڕەها.

پۆزەتیڤیزم لایەنێکی تری زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێڕنەکانە کـە بـە شـێوەیەکی ڕوونـتر کەڵك لە بانگەشەی گشتی ئەزمونگەراییی وەردەگرێ. بەپێی تیۆری پـۆزەتیڤیزم مەعریفـەی زانستی، بە پێی پێناسەکەی لە زانستە سروشتییە مۆدێڕنەکاندا، مەعریفەی ڕاستەقینەیە. بە واتایەکی تر، بنەما و بنچینەی پۆزەتیڤیزم جیا کردنەوەی ڕاستەقینەیە لە بایـەخ. هـەر ئـەو پڕەنسیپە بانگەشەی فەلسەفەی سیاسی واتا دۆزینـەوەی مەعریفـە دەربـارەی دیسـیپلینێکی سیاسی دادپەروەرانە و ڕاست و دروست ڕەت دەکاتەوە. دامەزرێنەرانی پۆزەتیڤیزم باسیان لـە ناسینی کۆمەڵگایەکی باشتر دەکرد، بەڵام پۆزەتیڤیستەکانی هەنووکەیی لـەو بـاوەڕە دان کـە ناسینێکی ئەوتۆ پێك نایە. زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێڕن و پۆزەتیڤیسـتییەکان بـە ڕواڵـەت ئەمری واقیع لە بایەخ جیا دەکەنەوە و پێیان وایە بەدوای وەدەست هێنانی مەعریفەی بابەتی دان، بەڵام بە باوەڕی شتراوس پۆزەتیڤیزم هیچ کات ناتوانێ لە تێگەیشتنی بەر لە زانستی بـە تەواوی دابڕێ. لە ڕاستیدا، زانستی کۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ و بەدوور لـە بایـەخ بـوونی نییـە. هەڵسەنگاندن توخمی سروشتی هەر چەشنە تێگەیشتنێکە لە ژیانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و پۆزەتیڤیزم خۆی پڕاوپڕە لە نێوبژیوانی بایـەخی. بـەڵام پرسـی سـەرەکی ئەوەیـە کـە داخـوا نێوبژیوانی بایەخی وشیارانەیە یان ناوشیارانە. سڕینەوەی بە ڕواڵەتی نێوبژیوانییە بایەخییەکان لە پانتایی تێگەیشتنی زانستی لە پۆزەتیڤیزمدا چەشنێك بایەخ دانانە و بەشێکە لـە ڕەوتـی گشتی شك و گومان لە هەمبەر ئیعتیباری تێگەیشتنی پـێش زانسـتیدا. دەرئەنجامەکەشـی بەرهەم هاتنی تێگەیشتنێکە کە بە تەواوی لە تێگەیشتنی سروشتی جیاوازە؛ بەڵام تەنانـەت لە پانتای زانستیشدا بە شێوەیەکی ناوشیار و بێ ئەملاوئەولا پشـت بـە تیگەیشـتنی پـێش زانستی دەبەسترێ. لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆچوونی شتراوس، ناکرێ لە ڕێگەی دیاردەکانی جیهانی ئێستاکەوە بگەینە ئەو تێگەیشتنە سەرەتا و پێش زانستییە، چـونکە جیهـانی ئێمـە جـارێ

1. Liberalism: Ancient and Modern, p. 23.

بەرهەمی زانستە و لە ڕێگەی ئەزموونی زانستییەوە پێک هاتووە. بەڵام هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لە ڕوانگەی شتراوسەوە، دووبارە سازدانەوەی جیهان و بوونی بەر لە زانست و فەلسەفە پێویستە، چونکە زانیاری دەربارەی ئەو جیهانە خۆی بنەمای بێ ئەملاوئەولای سەرجەم زانستە کۆمەڵایەتییەکانە و گرنگی فەلسەفە لێرەدا دەردەکەوێ. هەر وەك باسکرا فەلسەفەی کلاسیك کاری خۆی لەو زانیارییە بنچینەییەوە دەست پێدەکا.

## ڕەخنە لە مێژووگەرایی:

بە باوەڕی شتراوس پۆزەتیڤیزم لە بەرانبەر ئەو ڕەخنانەی لێی دەگیرێ خۆ ناگرێ و دەکەوێتە دۆخێکی لاوازەوە، بە تایبەت ڕەخنەی مێژووگەرایی. بەڵام مێژووگەرایی لە سەردەمانی ئێمەدا خۆی بۆتە بزووتنەوەیەکی زۆر بە هێز و هەروەها «دوژمنی سەرەکی فەلسەفەی سیاسی.»[1] بە گوتەی ناوبراو «تا ئەو جێیەی بکرێ باس لە ڕوحی سەردەم بکەی، دەبێ بە متمانەوە بڵێین ڕوحی سەردەمانی ئێمە مێژووگەراییە.»[2] مەبەستی شتراوس لە مێژووگەرایی ئەو بزووتنەوە فکرییە مەزنەیە کە بیرمەندانی وەك هیگڵ و نیچە و هایدیگەر لەخۆ دەگرێ. مێژووگەرایی خۆی دوو جۆرە: مێژووگەرایی تیۆریك، کە نوێنەرە سەرەکییەکەی هیگڵە و جۆری دووەم، مێژووگەرایی ئیگزیستانسیالیستییە، کە نوێنەرە هەرە سەرەکییەکەی هایدیگەرە. مێژووگەرایی تیۆریك لە قۆناغی دووەمی مۆدێرنیتەدا سەری هەڵدا. لەو ڕوانگەوە، ئامانجی مەعریفە لێگەڕانە لە پرۆسەی عەقلانی و گشتی و تاقانەی مێژوودا. لە ئاکامدا، لێرەدا فەلسەفەی سیاسی بە واتا کلاسیکەکەی جێگەی خۆی دەداتە فەلسەفەی مێژوو. بە بۆچوونی شتراوس، پێداگری هیگڵ لە سەر عەقلانییەتی میتۆدە باوەکان لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی کلاسیکی لێدەکەوێتەوە کە سەوداسەری دەوڵەتی سروشتی و دڵخواز بوو.[3] لە ڕوانگەی مێژووگەرایی تیۆرییەوە، مێژوو خۆی لە خۆیدا بە لای گەیشتن بە دیسیپلینی سیاسی دڵخواز و کۆتاییدا دەشکێتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی شتراوسەوە

---

1. What is Political Philosophy? p.26.

2. Ibid, p. 57.

3. Ibid, p. 88.

مێژوو پانتای زانیاری و شعوور نییە و مرۆڤ هیچ کات زانیاری تەواو دەربارەی جیهانی سروشتی وەدەست ناهێنێ بۆ ئەوەی لە مێژوودا دەرکەوێ. بانگەشەی مێژووگەرایی سەبارەت بە زانیاری مرۆ بانگەشەیەکی زێدەڕۆیانەیە. ئاستی زانست و زانیاری مرۆڤ لە ڕاستیدا زۆر کەمترە. ئامانجی فەلسەفەی سیاسی تەنیا وەدەست هێنانی زانیارییە، ڕەنگە تا ڕادەیەك بکرێ لە بابەتە سروشتی و هەمیشەییەکان تێ بگەی، بەڵام ئەو تێگەیشتنە تەنیا لە ڕێگەی فەلسەفەوە وەدەست دێ. کەواتە فەلسەفەی مێژوو نیاز و پێداویستی بە فەلسەفەی سیاسی نەسڕیوەتەوە. مێژووگەرایی ئیگزیستانسیالیستی (بوونگەرایی) لە قۆناغی سێیەمی مۆدێڕنیتەدا سەری هەڵدا و نیچە و هایدیگەر نوێنەرانی سەرەکی ئەو مێژووگەراییە بوون. ئەوانیش هەر وەك هیگڵ باوەڕیان بەوە هەیە کە مرۆڤ دەبێ لەژێر تیشکی مێژوودا دەرك بکرێ، بەڵام باوەڕیان بەوە نییە کە پرۆسەی مێژوو پرۆسەیەکی عەقڵانی بێ. بە بۆچوونی ئەوان مرۆ ناتوانێ پرۆسەی مێژوو ببەزێنێ یان لێی تێ بگا کەواتە هەر چەشنە لێکدانەوەیەك لە مێژووی ڕابردوو دەچێتە چوارچێوەی ئۆگری و پرێسپێکتیڤی سەردەمانی ئێستاوە. بەو شێوەیە مێژووگەرایی ئیگزیستانسیالیستیش نکۆڵی لە بوونی فەلسەفەی سیاسی بە واتای کلاسیك دەکا. لە ڕوانگەی ئەو قوتابخانەوە، سەرەڕای ئەوە کە وەدەست هێنانی مەعریفە دەربارەی خێر و فەزیلەتی ڕەها کارێکی شیاو و گونجاو نییە بگرە تەنانەت فەلسەفە خۆی و بانگەشە گشتییەکانی مەرجدار و بەستراوەن بەمێژوو و دۆخی سەردەمەوە. لە ئاکامدا، سەرجەم پرەنسیپەکانی تێگەیشتن مێژووین و جگە لە ویست و بڕیارە بێ بنەماکانی مرۆ هیچ بنەمایەکی تریان نییە. لە هەمبەر ئەو ڕوانگەدا، شتراوس بەڵگە دێنێتەوە کە تێگەیشتنی مرۆ لە چوارچێوەی ئاسۆ بگۆڕە مێژووییەکانەوە نەبەستراوەتەوە و ئەگەر مەجالی گەیشتن بە حەقیقەتی ڕەها لە ئارادایە، هۆی ئەوەیە کە لە سەرانسەری مێژووی فەلسەفەدا پرسە بنچینەییەکان دوو پاتە و سەر لە نوێ دێنەوە ڕوو و ئەوەش خۆی شایەتێکە لە سەر نامێژوویی و ڕەها و سروشتی بوونی ئاسۆی هزری مرۆیی. پرسی دادپەروەری و خۆشی و باشترین دیسیپلینی سیاسی لە مێژووی هزردا بە بەردەوامی دوو پات دەبێتەوە و بیر و ڕا باوەکانی هەموو قۆناغ و سەردەمێك هەولێکن بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسە هەمیشەییانە.[1] بە

1. Ibid, pp. 56-57.

باوەڕی شتراوس خودی مێژووگەرایی ئیگزیستانسیالیستی بەرهەمی قەیران لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دایە، چونکە ئەو فەلسەفەیە گومانی خستە سەر ئەو بۆچوونە کە گۆیا دەکرێ لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سروشت لە مرۆ تێ بگەی‌و لە ئاکامدا باس لە گەڕانەوە بۆ مێژوو خرایە ڕوو.

## لە کۆنسەرڤاتیزمی فەلسەفییەوە تا میکاڤیلیزمی فەلسەفی:

لە ڕوانگەی شتراوسەوە فەلسەفەی سیاسی دوژمنی ناتیۆریشی هەیە: کۆمەڵگای سیاسی و خەڵکی ئاسایش لەگەڵ فەلسەفە و فەیلەسووفەکاندا لە ناکۆکی دان. کۆمەڵگای سیاسی سەبارەت بە سیاسەت و ئەخلاق پشت بە بیرو بۆچوونی جۆراوجۆر دەبەستێ و لەو ڕووەوە لەگەڵ فەلسەفەدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە، فەلسەفە سەوداسەری دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەهایە دەربارەی سیاسەت و ئەخلاق. هەر وەك پێشتر باسکرا حەقیقەت لە بیر و بۆچووندا ناکۆکە. هەموو کۆمەڵگاکان پارێزگاری لە نەریتەکانی خۆیان دەکەن و پێیان ڕاست و بەرحەقن، بەڵام هەر وەك باسکرا لە ڕوانگەی فەلسەفەی ڕەهاوە نەریت هەمان حەقیقەت نییە. هەروەها سەرجەم کۆمەڵگاکان داکۆکی لە ئایینەکانیان دەکەن، بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفەوە شەرت نییە ئایین هەمان حەقیقەت بێ. کەواتە حەقیقەت دەکەوێتە ئەوپەڕی نەریت و ئایین و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان. هەر وەك باسکرا بە باوەڕی شتراوس، فەیلەسووفەکان پێوانەی حەقیقەت و خێر و دادپەروەری لە سروشت دەقۆزنەوە و کۆمەلگا سیاسییەکان وەك خێر و فەزیلەتی سەروو جەخت دەکەنە سەر ژیانی مەدەنی و سیاسی و بەکۆمەڵ، بەڵام فەلسەفە بە بێ دەنگی بەدوای حەقیقەتدا دەچێ. کۆمەڵگاکان بیر لە ئۆگری و بابەتە کاتییەکانی مرۆیی دەکەنەوە، بەڵام فەیلەسووفەکان بیر لە حەقیقەت و دیسیپلینی ئەبەدی دەکەنەوە. هەندێ لە فەیلەسووفە مۆدێرنەکان بە مەبەستی سڕینەوەی ناکۆکی نێوان فەلسەفە و کۆمەڵگا، وەك ڕێگە چارە ڕۆشنگەری و لە ناو بردنی بیر و باوەڕە چەوتەکانی ناو کۆمەڵگا و ڕەخنە گرتنی بەردەوام لەو بۆچوونانە پێشنیار دەکەن، بەڵام بە بۆچوونی شتراوس ئەو میتۆدانە هیچ دەسکەوتێکیان نەبووە و فەیلەسووفەکان دەبێ لە ڕێگەی پاساو هێنانەوە بۆ فەلسەفە لە ئاستی کۆمەڵگادا و هەروەها جەخت کردن لەسەر سوودەکانی فەلسەفە ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە بۆ سڕینەوەی گرژی و ناکۆکی نێوان فەلسەفە و کۆمەڵگا. کەواتە فەلسەفە دەورێکی ڕێنوێنیکەری هەیە. ڕامانی فەلسەفی دەربارەی دیسیپلینی دادپەروەرانە دەتوانێ باری

سەرنجەکان لە پانتایی خەبات بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتەوە بگوازێتەوە بۆ پانتایی حەقیقەت. هەروەها فەلسەفە لە بەرانبەر هێرش و مەترسییەکانی دەرئەنجامی بیر و بۆچوونە زیانبار و ناڕاستەکان بۆ سەر پانتای سیاسی دەتوانێ داکۆکی لەو پانتایە بکا.[١]

بە بۆچوونی شتراوس چونکە فەیلەسووفی ڕاستەقینە سەرقاڵی دۆزینەوەی حەقیقەتە کەواتە گرژی نێوان فەلسەفە و کۆمەڵگا بە ڕاستی چارەسەر ناکرێ. هەر ئەو ڕاستییە خۆی دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی چەشنێك فەلسەفەنووسی بە شێوەی شاراوە و ئەو شێوەیە باشترین میتۆدە بۆ شاردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی کە ڕەنگە دژی بیر و بۆچوونە باوەکان بن. هەڵبەت فەیلەسووفەکان دەبێ ڕێز بگرن لەو بیر و باوەڕانەی کۆمەڵگا پشتیان پێ دەبەستێ، بەڵام ڕێز گرتن لە بیر و باوەڕێك بە مانای قبووڵ کردنی حەقیقەتی ئەو بیر و باوەڕە نییە. کەواتە پێویستە فێرکاری ڕاستەقینە و شاراوە لە فێرکاری بە سوود و ڕواڵەتی جیا کرێتەوە. نووسراوە شاراوەکان ئەو هەل و دەرفەتە بۆ فەیلەسووفەکان دەرەخسێنن باس لە حەقیقەت بکەن. لە هەمان کاتدا کۆمەڵگا لە شوێنەواری ڕووخێنەری هزری خۆیان و خۆیان لە مەترسی ئەو کەسانەی وا توانای بیستنی حەقیقەتیان نییە بپارێزن. فەیلەسووفیش هەر وەك خەڵکانی تر لە یەك فەزای کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەژی و وێککەوتنی لەگەڵ سیاسەت و دەوڵەت شتێکە حاشای لێ ناکرێ. کەواتە دەبێ لەو چوارچێوەدا بیر لە ئامانجی سەرەکی خۆی واتا پێکهێنانی ئەمنییەت و ئاسایش بۆ فەلسەفە بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە باشتر وایە لە نێو گەورە و ماقووڵانی شارەییدا هەندێ پشتگر و پشتیوان بۆ ئەمنییەتی فکری خۆی بدۆزێتەوە، پێویستە بگوترێ کە گەورە و ماقووڵانی شارەیی بەردەوام پشتیوانی فەیلەسووفەکان بوون و وەڵامی پشتگیری و پشتیوانی ئەوان بداتەوە و خەڵکی ڕەشایی کە هیچ کات ئاوڕێکی ئەوتۆیان لە فەیلەسووفەکان نەداوەتەوە بێننە سەر ئەو باوەڕە کە فەیلەسووفەکان بێ دین و پەشێوی دیسیپلینی کۆمەڵگا نین[٢] هەڵبەت فەیلەسووفەکان ناتوانن لەگەڵ دیموکراسیدا ڕێککەون، چونکە دیموکراسی باوەڕی بە یەکسانی هەمووان هەیە و فەیلەسووفەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مەعریفە لە پاوانی ئەوان دایە کەواتە دیموکراسی ناتوانێ لەگەڵ فەیلەسووفەکاندا

1. Ibid, pp. 117-118.

2. Natural Right and History, p. 143.

بحاوێتەوە. بەڵام فەیلەسووف دەبێ لەگەڵ ڕەشایی خەڵك و دیموكراسیدا بحاوێتەوە بۆ ئەوەی نەبنە كۆسپی سەر ڕێگەی. فەیلەسووف لە لایەكەوە دەبێ بێدەنگ و هێمن بێ و لە لایەكی تریشەوە لە نووسراوە شاراوەكانیدا دەبێ ڕەخنە لە بیر و باوەڕ و تیۆر ناڕاستەكان بگرێ. تاكە ڕێگەی دەرباز بوونی فەیلەسووف لەو دوو فاقییە ئەوەیە كە حەقیقەت بۆ كەمایەتییەك ڕوون كاتەوە و تا ئەو جێیە بۆی دەلوێ خەڵكی ئاسایی بۆ لای بیر و ڕای باش هان بدا. بەڵام دەبێ بە پارێز بجووڵێتەوە و ژیانی خۆی لە حەقیقەت جیا كاتەوە. ئەو درۆ كردنە پاساوی بۆ هەیە، چونكە شاردنەوەی حەقیقەت ئەركێكی سەرشانی فەیلەسووفی ڕاستەقینەیە.[1]

بە گشتی فەلسەفە، بە تایبەت لە دۆخی ناهەمواردا، هەڵگری دوو تایبەتمەندی بووە: سازان لەگەڵ دەسەڵاتدارە سیاسییەكان و دەربڕینی حەقیقەت بۆ كۆمەڵێكی بچووكی حەقیقەتناسان. هەمیشە وانە ڕواڵەتییەكان یەكێك بوون لە پێداویستییەكانی پاراستنی دەڤەری فەلسەفە. كەواتە فەلسەفەناس دەبێ بەدوای ناسینی دواسیمای ڕاستەقینەی فەلسەفەكانەوە بێ واتا دەبێ مەبەستی ڕاستەقینەی فەیلەسووفەكان لە پشت پەردەی وتە ڕواڵەتی و ئایدۆلۆژیك و ئامرازییەكانیاندا بدۆزێتەوە و ئەوە تاقانە میتۆدی دروستی لێكدانەوەی دەقە فەلسەفییەكانە. بە واتایەكی تر، لە لێكدانەوەی دەقەكاندا دەبێ مێژوو بسڕێتەوە. فەیلەسووفەكان ناچارن بیر و بۆچوونەكانی خۆیان لەگەڵ ویست و خواستەكانی سەردەمدا بگونجێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ویست و خواستانە دەبەزێنن. كەواتە بە پێچەوانەی ڕوانگەی كۆمەڵناسانی مەعریفە، هزر و بیر و باوەڕی فەیلەسووفەكان دەربڕی پێگەی مێژوویی ئەوان نییە.

كۆمەڵناسی مەعریفەش یەكێكی ترە لە دەركەوتەكانی زانستە كۆمەڵایەتییە نوێیەكان كە «فەلسەفە جۆراوجۆرەكان وەك نوێنەری كۆمەڵگا و چین و ئەتنیەكەكان لە قەڵەم دەدا.» و وەك سەرخانی كۆمەڵگا دەڕوانێتە هزر بە گشتی.[2] بەڵام ناوەكی فەلسەفەی سیاسی بەستراوە بە دەقی مێژوو نییە، كەواتە كۆمەڵناسی مەعریفە داوێكە كە لێكۆڵەڕان پێوە دەكا و لە حەقیقەتیان دوور دەكاتەوە. كۆمەڵناسانی مەعریفە تووشی هەڵەیەكی دوو قاتیش دەبن:

---

1. Presecution and the Art of Writing, p.35.

2. Ibid, p. 7.

لەبری ئەوە لە هەناوی سەردەمی خۆیاندا لە بۆچوونی فەیلەسووفەکان تێ بگەن ئەو بۆچوونانە دەخەنە تای تەرازووی سەردەمانی خۆیان و هەوڵ دەدەن لە هەناوی سەردەمانی خۆیاندا لێیان تێ بگەن. لە ئەنجامی ئەو کارەدا هەندێ چەمکی نامۆ دێننە ناو لێکدانەوەکەی خۆیان. یەك لەو چەمکە نامۆیانە بەستراوەیی هزرە بە زەمان کە هەڵقوولاوی ڕێژەییخوازیی سەردەمی مۆدێرنە. کەواتە مێژووگەراییە لە بنەمادا نامێژووییە، چونکە بانگەشەی ئەوە دەکا کە باشتر لە هاوسەردەمەکانی خۆی لە بیر و بۆچوونەکانی ڕابردوو تێدەگا و لە ڕاستیدا هزری سەردەمی مۆدێرنی پێ سەرتر لە بیر و باوەڕی سەردەمانی ڕابردوویە. لە کاتێکدا بە باوەڕی شتراوس تێگەیشتن لە بیر و باوەڕی بیرمەندانی ڕابردوو دەبێ پشت بە تێگەیشتنی خۆیان لە خۆیان ببەستێ و میتۆدی ڕاست و دروست ئەوەیە کە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە چونکە هەموو لێکدانەوەکان ناڕەسەن و مێژووین. بە باوەڕی ناوبراو تەنیا یەك ڕێگەی تێگەیشتن هەیە و ئەویش تێگەیشتن لە حەقیقەتە لە ڕوانگەی حەقیقەتی بنچینەوە. بە واتایەکی تر، تەنیا شتراوس خۆی لە حەقیقەت تێدەگا.

***

به کورتی شتراوس باوەڕی وایە کە مۆدێرنیتە لە سەردەمی ئێمەدا تووشی قەیرانێکی قووڵ هاتووە کە هەم لایەنی تیۆریی هەیە و هەم لایەنی کردەیی. لایەنی تیۆریی ئەو قەیرانە دەرئەنجامی هەرەسهێنانی فەلسەفە و زاڵ بوونی ڕێژەییخوازیی و پۆزەتیڤیزم و مێژووگەراییە لە تێڕامانی مۆدێرندا. فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دوائامانجەکانی مۆدێرنیتە لە چەمکەکانی وەك دیموکراسی، زانستگەرایی و ئازادی و خۆشگوزەرانی و زانستدا دەبینێ، بەڵام لە سەردەمانی ئێستادا حەقیقەتی ئەو پرەنسیپانە زۆر بە توندی کەوتوونە بەر شك و گومانەوە. پۆزەتیڤیزم و ڕێژەییخوازیی و مێژووگەرایی دەرئەنجامی نەخۆشی زەینی مۆدێرنن و بەرەو جیهانی حەقیقەت ناچن. لە سەردەمی مۆدێرندا خۆری حەقیقەت ئاوا بووە و هەمووانی تووشی تاریکستانی نەزانی و ڕێژەییخوازیی کردووە. تێگەیشتنی فەلسەفی لە حەقیقەت بۆ هەمووان دەست نادا و تەنیا ڕەنگە هەندێ لە فەیلەسووفەکان دەستیان ویێ ڕابگا. لە سەردەمانی ئێستادا کاری زانست بۆتە دڵخۆش کردن و دڵ دانەوەی خەڵك واتا سوود گەیاندن بە خەڵك لە کاتێکدا حەقیقەت چ پێوەندییەکی بە سوود گەیاندنەوە نییە. زانستە مۆدێرنەکان گیرۆدەی ویست و خواستە مرۆییەکان بوون هەر بۆیە ئالییەکی دژە فەلسەفیان هەیە.

فەلسەفەی سیاسی کلاسیك هەموو هەوڵی دۆزینەوەی حەقیقەتی ڕەها و بەزاندنی بیر و ڕاکان بوو، بەڵام فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن بۆچوون و بیر و ڕا ڕێژەیی و مێژوویییەکان دەکاتە ڕەها. لە ئاکامدا خۆی وەك فەلسەفەی سیاسی ڕەت دەکاتەوە. بێتوو فەلسەفەی سیاسی نەبێ، ئەوسا کۆمەڵگای سیاسی ناتوانێ ویست و ئامانجەکانی خۆی بە دروستی دەستنیشان بکا و قەیرانی کردەوەیی مۆدێرنیتە دەرئەنجامی دۆخێکی ئەوتۆیە. دەرئەنجامی ئەو قەیرانە ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بە گومانەوە دەڕوانێتە هیوا و ئامانجەکانی و شك و دوودڵی کەوتۆتە سەر ئەو بۆچوونە کە ئایا خۆشگوزەرانی مەرجی تەواو و پێویستە بۆ ئاسوودەیی ژیان. دواجار بۆمان دەردەکەوێ کە زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان تەنیا ئایدۆلۆژین و ناتوانن باس لە حەقیقەت بکەن. کەواتە باوەڕ بە زانست لاواز دەبێ و لە ئەنجامدا زانستە پۆزەتیڤیستییەکان ناتوانن هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە بدەن بۆ باشتر بوونی سیستەمی لیبراڵ-دیموکراسی بە سەر شێوەکانی تری حکومەتدا.

# (٦)

## مایكل ئۆكشات

ئەو دۆخەی بە شێوەیەكی بێئەنجام لە جۆرە جیا جیاكانی جیهانی دیسكۆڕسی دا تەراتێنی دەكەین، دۆخێكی زۆر ئاڵۆزە.

دەربارەی مێژوو و هەندێ وتاری تر

ژیانی سیاسی وەك كەوتنە ناو دەریاییەكی بێسنوور و بێ بن وایە: نە كەنار و پەناگە و پێگەیەك بەدی دەكرێ بۆ خۆ دەرباز كردن و نە سەرەتا و ئامانجێك. ئەركی ئێمە ئەوەیە نەهێڵین نوقم بین و بخنكێین. دەریا هەم دۆستە و هەم دوژمن، دەریاوانی واتا كەڵك وەرگرتن لە سەرچاوەكان بۆ گۆڕینی هەر چەشنە دۆخێكی ترسناك بۆ دۆخێكی لەبار.

**عەقلانییەت لە سیاسەتدا:**

مایكل ئۆكشات یەكێكە لە مەزنە فەیلەسووفە سیاسییەكانی بەریتانیا لە سەدەی بیستەمدا. نواڕینی مەعریفەناسانەی دژە عەقلی ناوبراو لەخۆگری چەشنە بۆچوونێكی ئیگزیستانسیالیستییە. زۆربەی لێكۆڵەران پێیان وایە پۆلێن كردنی هزرەكانی ئۆكشات كارێكی نەگونجاوە، بەڵام لە هەمان كاتدا هەر ئەو تایبەتمەندییە دەبێتە ڕێنوێنمان بۆ گەیشتن بە تایبەتمەندی سەرەكی هزر ناوبراو. هەندێ لەو باوەڕە دان كە ناوبراو كۆنسەرڤاتیڤە و ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێ، دەبێ بڵێین كۆنسەرڤاتیزمی ناوبراو زۆر سەیر و سەمەرەیە و پێوەندییەكی ڕوونی لەگەڵ هیچ كام لە قوتابخانەكانی كۆنسەرڤاتیزمدا نییە. هەندێكی تر پێیان وایە لە ڕووی فەلسەفییەوە ناوبراو كەسێكی ئایدیالیستە و یەكێكە لە سەرەكیترین فەیلەسووفە ئایدیالیستەكانی ئینگلیزی، وەك تی.ئێچ.گرین (Thomas Hill Green)(1836-1882) و برادلەی (Francis Herbert Bradley)(1846-1924) و

بۆسـانكوت (Reynard Bosanquet) (1848-1923). ئۆكشـات خـۆی دەڵـێ فینۆمینۆلۆژیای ڕوحی هیگڵ و دەركەوتـە و واقعییـەتی ( Appearance and Reality) (1893) برادلەی لە هەر كتێبێكی دیكە زیاتر كاریگەری لە سـەر مـن هـەبووە.[1] لـە گـەڵ ئەوەشدا، ئایدیالیزمی ئۆكشات جۆرێكی سەیر و سەمەرەیە. ناوبراو گەندەڵی هـزری سیاسـی مۆدێرن لەو بۆچوونە گرێ دەدا كە جـەخت دەكاتـە سـەر سـەرێتی هـزر بـە سـەر مـاددەدا. بێگومان ئۆكشات لە دەسپێكدا بە ئاشكرا لە ژێر كاریگەری ئایدیالیزمی ئینگلیزیـدا بـوو و هەر وەك ئایدیالیستەكان پێی وابوو جیهانی كردەوە مرۆییەكان لە كۆمەڵێك هـزر پێكهـاتووە كە پێوەندی ناوخۆییان پێكەوە هەیە نەك پێوەندی دەرەكی. بەڵام دواتر زۆر بە توندی دیدێكی ڕەشبینانەی تێدا پێك هات سەبارەت بە سەرجەم فەلسەفە و میتافیزیك و لەو پێوەندییەدا، بە باوەڕی هەندێ لە لێكۆڵەران كەوتە ژێر كاریگەری بۆچوونەكانی مارتین هایدیگـەر لـە بـواری فینۆمینۆلۆژیای ئەزموونی مرۆیـیدا. لـە دەیـەی ١٩٢٠دا ئۆكشـات بەشـداری دەكـرد لـە قۆناغـەكانی وانەی هایدیگەر لە ماربورگـدا. بـە گشـتی لـە نووسـینەكانی دوایـی نـاوبراودا جیهانی ئایدیال جیهانی پێش زانیارییە. سـەرەكیترین نووسـینەكانی بـریتین لـە: ئـەزمـوون و سیماكانی[2](١٩٣٣)، عـەقلانییەت لە سیاسەتدا و هەندێ وتاری تـر[3](١٩٦٢)، سـەبارەت بـە ڕەفتاری مرۆڤ[4](١٩٧٥)، دەربارەی مێژوو و هەندێ وتاری تر[5](١٩٨٣).

## سیماكانی ئەزموون:

ئۆكشات لە یەكێك لە بەرهەمە سەرەتاییەكانیدا بـە نـاوی ئـەزموون و لایەنـەكانی بـەم شێوەیە بەڵگە دێنێتەوە كە پلانی ڕۆشنگەری لە پێوەندی لەگەڵ وەدەست هێنانی سـەرجەمی هزر و تێگەشتن لە كردەوەی مرۆ بە پێی وتەزای زانست كارێكی نەگونجاوە و ئەزموونی مرۆیی لە چوارچێوەی هیچ وتەزایەكی فكری یەكـەدا دەرك نـاكرێ و زانسـت تـەنها مۆدێلێكـە بـۆ تێگەیشتن لە بابەتەكان. ناوبراو باس لە چوار جۆرە جیهانی هـزر دەكـا: جیهـانی فەلسـەفە،

1. M Oakeshott, Experience and Its Modes, Cambridge, 1933, p.6.
2. Experience and Its Modes
3. Rationalism in Politics and Other Essays
4. On Human Conduct
5. On History and Other Essays

جیهانی مێژوو، جیهانی زانست و جیهانی کردەوە. بە بۆچوونی ناوبراو فەلسەفە سەرجەمی ئەزموونی مرۆیی لەخۆ دەگرێ، کەواتە دەکەوێتە پێشەوەی سێ جیهانەکەی تر. ئەزموونی فەلسەفی ئەزموونێکی بێ گریمانە و بەڵگەی کەماڵ و پێگەیشتوویی خۆی پێیە[1]. بە بۆچوونی ناوبراو ئەزموونی فەلسەفی «ئەزموونی جیهانێکە لە هزرەکان»[2] لایەنە جۆراوجۆرەکانیشی کۆمەڵێك جیهانی هزر لەخۆ دەگرن و فەلسەفە سەرجەمی ئەزموون لەخۆ دەگرێ. دەکرێ لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بڕوانینە مێژوو و زانست و کردەوە، بەڵام ناکرێ لێکدانەوەیەکی مێژوویی، زانستی و کردەوەییمان لە فەلسەفە هەبێ. جیهانی فەلسەفە نۆڕماتیڤترین جیهانە و جیهانەکانی تر تەنیا کاتێ بوونیان دەتوانێ سەربەخۆ بێ کە لە جیهانی فەلسەفە دابڕێن. لە ڕوانگەی ئۆکشاتەوە دۆزینەوەی حەقیقەت چ پێوستی بە گەڕانەوەی دەرەکی نییە. چونکە بابەت سەرجەمی ئەزموونی هزرەکانە، کەواتە یەکریزی ناوخۆیی بەسە بۆ ڕاستی و دروستی هەر چەشنە بانگەشەیەك. یەکریزی دوو ئاستی هەیە: یەکەم، ئاستی ڕەها کە تەنیا لە فەلسەفەدا دەردەکەوێ و دووەم، ئاستی ڕێژەییە کە لە لایەنە ئابستراکتەکانی ئەزموونی ئێمەدا، وەك زانست و مێژوو، دەست دەکەون. شێوەی بەڵگە هێنانەوەی دروست و یەکدەست لە هەر یەکەوە لە لایەنەکانی ئەزموونددا دەستنیشان دەکرێ. «هەر لایەنە چەندەی یەکدەست و یەکریز بێ بە هەمان ڕادەش بۆ خۆی دروستە.»[3] چونکە یەکریزی تەنها لە هەر لایەنێکی ئەزمووندا دێتە ئاراوە نەك لە مابەینی لایەنەکاندا کەواتە هەر لایەنە پێوانەی حەقیقەتی دەروونی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو ئەزموونەی بە لای نۆڕماتیڤدا دەشکێتەوە واتا فەلسەفە، هەر جیهانێکی ئابستراکت وەك جیهانێکی جیا تێك دەڕووخێنێ. پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان لایەنەکانی ئەزمووندا لە ئارادا نییە. ئەو لایەنانە لە جیهانی فەلسەفەدا تێك دەڕووخێن و بەو شێوەیە بە لایەنێکی هاوبەش دەگەن.[4]

ئۆکشات سەبارەت بە فەلسەفە وەك یەکێك لە سیماکانی ئەزموون و لە هەمان کاتدا لەخۆ گری گشتایەتی ئەزمووندا دەڵێ: «پڕەنسیپ ئەوەیە: هیچ کات لە ئامانج نەپرسین.»[5]

---

1. Experience and Its Mode. P. 12
2. Ibid, p. 27
3. Ibid, p.75
4. Ibid, p. 81
5. M. Oakeshott, On Human Conduct, Oxford, 1975, p.2

فەلسەفە هەندەکی بوون و ڕێژەیی بوونی جیهانی زانست و مێژوو و کردەوە دەبەزێنێ و بەرەو بەرزایی دەکشێ. زانست و کردەوە و مێژوو وەك لایەنەکانی ئەزموون ناتوانن قاشەپۆلکی پاژ بوونی خۆیان ببەزێنن. هەروەها ئەو لایەنانەی خۆیان لە قەرەی هەڵچوونی سەرسامی (Wonder lust) فەلسەفە نادەن و لە ئەزموونڕوندا دەمێننەوە، هەر چەندە بابەتی بەرباسیان لایەنە زەروورییەکانی ئەزموونە. فەلسەفە سەرتر لە لایەنەکانی تر دەچێ، چونکە وشیار و خۆ هەڵسەنگێن و گشتگیرە. «هەر لایەنە بەشێکە لە ڕوانگەی ئەزموون وەك گشتایەتییەکی تیۆریی سنووردار و ستەمکار کە یان دەبێ دووری لێ بکەی یان دەبێ بە سەریدا زاڵ بێ.»[1] فەلسەفە وەك ئەزموون، بە دەوری ئەزمووندا دەخولێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر خۆی و تایبەتمەندی ئەزموون بە شێوەیەکی ڕەها دێنێتە دی.

بە بۆچوونی ئۆکشات مێژوو وەك لایەنێکی ئەزموون بە تەواوی بەرهەمی کاری مێژوونووسە و هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ڕابردوو و بیر کردنەوە لە ڕابردوو. مێژوونووسان هەم مێژوو دروست دەکەن و هەم پێوانەی بابەتی دەخەنە بەر دەست بۆ نێوبژیوانی دەربارەی مێژوو. بەڵام ڕابردووی مێژوونووسان جیاوازە لە ڕابردووی تاقی کراوەی پیاوانی کردەوە: «مێژوو شرۆڤەی ڕابردوویە بۆ ڕابردوو. ئەوەی مێژوونووس ئۆگرییەتی ڕابردووی مردووە واتا ڕابردوویەك کە جیاوازە لە ئێستا.[2] هیچ ڕەوتی ڕووداوێك لە مێژوودا بوونی نییە بە مەرجێك کە پێشتر هزری مێژوویی ئەو ڕووداوەی دروست کردبێ و بە بێ بوونی پێش گریمانەیەك دەربارەی سروشتی پێوەندی نێوان ڕووداوەکان ناکرێ ڕەوتێکی وەها دروست بکرێ.»[3] مێژوو هەمان نووسینەوەی مێژووە: «نووسینەوەی مێژوو تاکە ڕێگەی دروست کردنی مێژووە.»[4]

جیهانی زانستیش وەك لایەنێکی ئەزموون لە لایەن بیرمەندانەوە بینا دەکرێ. ئەو بیرمەندانە جیهانی سروشتی زانست دەئافرێنن نەك بڵێی دووبارە بیدۆزنەوە: «سروشت وەك دایکی زانستی، زەینی زانستیی دەئافرێنێ بۆ ئەوەی خۆی ئاسوودە بکا.»[5] بیرمەندان بەپێی لایەنی ئەزموونی خۆیان بابەتی بابەتی دەستنیشان دەکەن. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە بابەتی

1. Experience and Modes, p. 80
2. Ibid, p. 106
3. Ibid, p. 137
4. Ibid, p. 99
5. Ibid, p. 193

بابەتی بابەتێکی چەندییە. ئەزموونی زانستی دەستاودەستی پێ دەکرێ و بەردەوامە، بەڵام زانست ڕوونکەرەوەی بارودۆخی ئێمەیە و بابەتییەتێکی دەرەکی ڕوون دەکاتەوە: «حەقیقەتی زانستی دەکەوێتە ناو گونجانی بۆچوونەکانی ئێمە دەربارەی سروشت، چونکە بە بێ بۆچوونەکانی ئێمە سروشتێك لە ئارادا نییە.»[1] ڕێسامەندی سروشت تەنیا پێش گریمانەیەکە کە بینین دەتوانێ بیسەلمێنێ، کەواتە زانست بە مانای لێکدانەوی بە هەوەس و هەڵبێژییە. «جیهانی ئەو حەقیقەتانەی دەکەونە دەرەوەی ئەزموون و هزرەوە، چەمکێکی تەواو بێ مانایە. جیهانێکی کە تەواو بابەتییە گونجاو نییە جیهانی حەقیقەتە بابەتییەکان بێ، چونکە بە پێی پێش گریمانە دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەزموونەوە و بەستنەوەی حەقیقەت و واقعییەت لە جیهانێکی ئەوتۆ کارێکی بێ کەڵکە.[2] ئێمە تەنیا شتێك دەرك دەکەین کە پێشتر چاومان پێی کەوتبێ.»[3] هیچ ئەزموونێکی تۆخ بوونی نییە. «زەین تەنیا کاتێ دەتوانێ لە شتێك تێ بگا کە ئەو شتە مانای هەبێ و سەر وە جیهانێك بێ.»[4] حەقیقەت و واقعییەتەکان تەنیا لە دەقی ماناو کردەوەدا سەرهەڵدەدەن و بەرهەمی نێوبژیوانی ئێمەن. کەواتە تیۆری ڕێکهاتنەوەی مەعریفە مانای نییە. پێشتر جیهانێك لە هزرەکان بینا کراوە کە حەقیقەتەکان لەگەڵ هزرەکاندا ڕێکدێنەوە و دەگونجێن.

ئۆکشات پێی وایە جیهانی کردەوەش هەر وەك لایەنەکانی تری ئەزموون جیهانێکە لە هزرەکان. بە بۆچوونی ناوبراو کردەوە جۆرێکی تایبەتی بیر کردنەوەیە- جۆرە هزرێك کە ئیرادە دەورووژێنێ. بەڵام ڕاستەقینەی هزر لە جیهانی کردەوەدا زۆر جیاوازە لە ڕاستەقینەی هزر لە ئەزموونی مێژوویی و زانستی و فەلسەفیدا. لە نێوان ژیانی فەلسەفی و ژیانی بە کردەوەدا بەردەوام گرژی دێتە ئاراوە و هەر کام هەوڵدەدا بە سەر ئەوی دیکەدا زاڵ بێ. پیاوی کردەوە پێی وایە ژیانی فەلسەفی کلکی جەستەی ئەزموونی ڕاستەقینەو کردەوەی تەواوە. فەیلەسوفەکانیش پێیان وایە جیهانی کردەوە لادانە لە پڕەنسیپ. بە بۆچوونی ئۆکشات، جیهانی کردەوە لە ڕووی سروشتەوە جیهانێکی ناتەواوە و تەنیا دەکرێ بڵێین وەستانێکە لە

---

1. Rationalism in Politics, p. 196
2. Ibid, p. 195
3. Experience and Its Modes, p. 14
4. Ibid, p. 96-97

ئەزموونی ئێمەدا. هەر وەك ئاماژەی پێدرا، تەنیا فەلسەفە دەتوانێ باس لە ئەزموون بکا لە تەواوییەتی خۆیدا. جیهانی کردەوە گۆڕانی بە سەردا دێ و حەقیقەتەکانی بەردەوام نین. یەکریزی لە جیهانی کردەوەدا کاتێ دێتە دی کە نێوانی هەیە و دەبێ بسڕێتەوە، بەڵام ئەو مەودایە هیچ کات ناسڕێتەوە و ئەگەریش بسڕێتەوە هێزی پاڵنەری کردەوە لە ناو دەچێ. کردەوە یەکریزی خۆی لە نەریتێکی کردەییەوە وەردەگرێ نەك لە تێبینییە ئابستراکتەکانەوە. ئایین و ئەخلاقیش سەر وە جیهانی کردەوەن. بە باوەڕی ئۆکشات پەیامی سەرەکی هەر ئایینێك لەو ڕێ و ڕێچکە دایە کە بۆ ژیانی دەکێشێ نەك لە میتافیزیکی ئەو ئایینەدا. ئایینەکان لە ڕاستیدا شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیانن نەك شێوەکانی هزر و تێڕامان.

پوختەی باس و بابەتی ئۆکشات تا ئێرە ئەوەیە کە ئەزموونی مرۆیی جۆرە جیا جیاکانی لایەنی هزر و کردەوە لەخۆ دەگرێ. ناکرێ ئەو جۆرە جیا جیایانە دابەزێنین بۆ تەنیا دانەیەك. ئەو بۆچوونە زانستییە کە تەنیا یەك مۆدێلی عەقلانی و ڕاست و دروست هەیە و سەرجەمی ناسینی مرۆ دەکرێ لە ڕێگەی ئەوەوە ڕێکخرێ بۆچوونێکی بێ بنەمایە. بەو شێوەیە هێرش دەکاتە سەر سەرجەم میراتی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی دیکارتی و پۆزەتیڤیزم. ئۆکشات لە زمان پاسکاڵ، گەورە ڕەخنە گری مەعریفەی دیکارتییەوە، دەڵێ: « ویستی دیکارت بۆ مەعریفەیەکی بە متمانە پشتی بە پێوانەیەکی ناڕاست لە بنبڕی بەستبوو.»[1] تیۆری دیکارت ئەو ئەنجامە دیتێرمینیستییەی لێدەکەوێتەوە کە تاقانە ناسینی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە پرەنسیپە سەرەتاییەکانەوە هەڵێنجرابێ، بەڵام بە بۆچوونی ئۆکشات ئەو پرەنسیپانە خۆیان بە تەواوی لە دەرەوەی گۆڕپانی ئەزموون بوون. بە باوەڕی ئۆکشات ناکرێ بڵێین زانست لە چاو لایەنەکانی تری ئەزموونی مرۆیی پلەیەك لە سەرترە. ئەزموونی مرۆیی لە چەندین جیهان پێکهاتووە کە هەر یەکەو مێژوو و لۆژیکی دەروونی تایبەت بە خۆی هەیە و کاری سەرەکی فەلسەفە دۆزینەوەی لایەنەکانی ئەزموونی مرۆییە.

1. Rationalism in Politics, p. 19.

**ستاتۆی فەلسەفە:**

ئۆکشات پاش وەسفی فەلسەفە بەو شێوەیە وەك لایەنێکی ئەزموون ڕووبەڕووی لایـەنێکی تری، واتا ئەزموونی بە کردەوەی، دەکاتەوە و پێی شتێکی بـێ کـەڵك و کـارە. لـە پانتـایی کردەوەدا فەلسەفە تەنیا ڕێگرێکە و بەس و هیچ پێوەندییەکی بە کردەوەوە نییە. فەیلەسووف سەوداسەری یەکریزییە، بەڵام جیهانی کردەوە یەکریزی تێدا نییە. فەلسەفە هیچ گرنگییـەکی کردەیی نییە و لە ڕوانگەی جیهانی کردەوەوە شتێکی بێ کەڵك و کارە، بە تایبەت فەلسەفەی ژیان دژە گۆیەکی بێ مانایە.[١] فەلسەفە هیچ پێوەندییەکی بە ژیانی ژیاوە نییە: «تـەنیا ئـەو کاتە دەبێ گوێ لـە فەیلەسـووفان بگـرین کـە باسـی فەلسـەفە دەکـەن.»[٢] گـەڕان بـە دوای حەقیقەتی فەلسەفیدا دەبـێ وەك دوژمــنی ژیـانی کردەوەیـی مـەحکووم بکـەین. فەلسـەفە ئاگاداری لە سەر تەواوییەتی ئەزموونی مرۆیی هەیە، بەڵام هەوڵدان بۆ گەیشـتن بـە جیهـانی تەواو لکێنراوی ئەزموون هەوڵێکی بێهودیـە.[٣] ژیـانی سـەرکەوتووانە پشـت بـە مەعریفـەی فەلسەفییەوە نابەستێ و هیچ پێوەندییەکیشـی پێـوە نییـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا، بـە بۆچـوونی ئۆکشات بێ کەڵك و کاری بەکردەوەی فەلسەفە زۆر گرنگە: فەلسـەفە توانـایی ئـەوەی نییـە کاریگەری هەبێ لە سەر کردەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر ئەو لاوازییە سروشتی جیهانی کردەوە پێناسە دەکا. چونکە فەلسەفە تەواو فەلسـەفییە و جیهـانی کـردەوەش تـەواو کردەوەییـە.[٤] ئۆکشات بە توندی دووری لەو کەسانە دەکا کە باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی کردەیی دەخەنە ناو چوارچێوەی سیستەمە عەقڵی و فەلسـەفییەکانەوە. بـە بۆچـوونی نـاوبراو پلانـە عـەقڵی و فەلسەفی و ئایدۆلۆژیکـەکان بیـژووی وێککـەوتنی فەلسـەفە و کـردەوەن و دواجـار دەکەونە زیندانی ئەو جیهانەوە کە لێی هەڵـدێن. «پڕەنسـیپەکانی کـردەوە بەرهـەمی هـزری فەلسەفی... نین کە لە ڕەفتاری مرۆدا ڕەنگ بدەنەوە، بەڵکو بەرهەمی ڕەفتاری بـە کـردەوەی مرۆیی و چالاکی مرۆڤن کە دواتر هزری فەلسەفی دەربڕینێکی ئەبستراکتیان پێ دەبەخشێ لـە

1. Experience and Its Modes, p. 320.

2. Ibid, p. 355.

3. Ibid, p.356.

4. Ibid, p. 339.

چوارچێوەی وشەدا.»[1] گومانی فەلسەفە لە پێوەندی لەگەڵ پرێسپێکتیڤە پاژییەکان و وەسفی واقعییەت وەك ڕووداو هیچ چەشنە شك و دوو دڵییەك لە قەتعییەتی ژیانی کردەییدا پێك ناهێنێ. لە ڕاستیدا، جیهانی کردەوە و ژیان بە دوورن لە فەلسەفە: «فەلسەفە ئیزن خواستنێکی تێگەیشتنە لە ژیانی کردەیی.» ئەو کەسەی لە جیهانی کردەوە دایە وەك ئەو کەسە وایە کە بە دەم خەوەوە دەڕوا و فەلسەفە بە بێ هۆ دەیەوێ وەهۆشی بێنێتەوە. جیهانی کردەوە جیهانێکی سەربەخۆیە و لۆژیکی تایبەت بە خۆی هەیە. لە ڕاستیدا، جیهانی کردەوە جیهانی پێش هزرە. جیهانی کردەوە وەك جیهانی زمان ئاگاداری یاسا و ڕێساکانی خۆی نییە و چەندی زیاتر ئەو یاساانە لەبیر بکا زیاتر زیندوو دەبێتەوە. فەلسەفە چالاکییەکی وشیارانەیە بۆ گەڕان بە دوای یەکریزی تەواودا، بەڵام کردەوە ناتوانێ ئاگاداری سروشتی مەرجداری خۆی بێ. کەلەبەرێکی هەمیشەیی هەیە لە نێوان کردەوە و پاساوی عەقڵانی ئەودا.

ئۆکشات باوەڕی وایە کە ناسینی هەر چەشنە چالاکییەك لە دوو بەش پێك دێ: بەشی یەکەم، ناسینی چۆنیەتی ئەنجامدانی و بەشی دووەم، ناسینی پڕەنسیپ یان تیۆرکەی. ڕەنگە بزانین چۆن کردەوەیەك بە ئەنجام دەگەیەنین بەڵام نەتوانین باسی چۆنیەتییەکەی بکەین؛ بۆ نموونە کەڵك لە زمان وەردەگرین، بەڵام ئاگاداری وربەکارییەکانی دەستووری زمان نین. لە لایەکی ترەوە ڕەنگە بە تەواوی لە پڕەنسیپەکانی کارێك تێ بگەین، بەڵام نەتوانین ئەو کارە ڕاپەرێنین وەك ئەوەی یاساکانی زمانێك بە شێوەی تیۆریك فێر بین، بەڵام نەتوانین بەو زمانە قسە بکەین. بە بۆچوونی ئۆکشات ناسینی هەر کردەوەیەك تەنیا لە ڕێگەی بە کردەوە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە دەگونجێ و تیۆر نابێتە ئەڵتەرناتیڤی کردەوە. تیۆری هەر کردەوەیەك تەنیا دەرکەوتەیەکی پاژی ئەو کردەوەیە. کەواتە «ئەو کەسانەی دەتوانن ڕێبەرایەتی جیهان بە دەستەوە بگرن، ئەوانە نین کە هزر و بیرێکی گەش و ڕوونیان هەیە یان مرخ و توانای بیر کردنەوەیان هەیە. سەرکەوتنە مەزنەکان لە بارودۆخی لێڵ و تەماوی ئەزموونی بە کردەوەیی دا دێنە دیی. ئەوەی ئێمە لە هەموو شت کەمتر پێویستیمان پێی هەیە ئەوەیە کە پاشاکان ببنە فەیلەسووف.»[2]

---

1. Rationalism in Politics, pp. 72-73.

2. Experience and Its Modes, P. 321.

## باڵادەستی عەقڵانییەت:

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا بە باوەڕی ئۆکشات، بە داخەوە لە سەردەمی ئێمەدا ناسینی فەلسەفی لە چوارچێوەی عەقڵانییەت و ئایدۆلۆژیاوە دزەی کردە ناو جیهانی کردەوەوە و کاریگەری وێرانکەری هەبووە لە سەر ئەخلاق و سیاسەت. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە ڕیشەی عەقڵانییەت لە کۆمەڵگا و سیاسەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی ڕێ ونکەری دیکارت و بیکن بە مەبەستی گەیشتن بە ناسینێکی جێ باوەڕ. ئۆکشات وەك بنیاتنەرانی عەقڵانییەت لە سیاسەتدا هێرش دەکاتە سەر ڤۆڵتەر، بێنتهام، مارکس و ئەنگێلس. تەنانەت ناوبراو ڕەخنە لە فرێدریش هایکیش دەگرێ کە خۆی ڕەخنە لە عەقڵانییەتێك دەگرێ کە بەلای دروست کردنەوەدا دەشکێتەوە: «پلانێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەر چەشنە پلاندارێژییەك ڕەنگە لە پێچەوانەکەی باشتر بێ، بەڵام خۆی سەر وە هەمان سیاسەتە.»[1] ناسینی عەقڵخوازانە لە رووی تیۆرەوە پێی وایە سەرجەمی مەعریفە دەچێتە چوارچێوەی کۆمەڵێك هیپۆتیز و ڕێساوە و هەر کردەوەیەك کە لەگەڵ ئەو هیپۆتیز و ڕێسایانەدا نەگونجێ وەك کردەوەیەکی ناعەقڵانی دێنێتە ژمار. بە پێی ناسینی عەقڵخوازانە، تەنیا ئەو کردەوە و بیر و بۆچوونانە وەك بەشێك لە مەعریفەی مرۆیی جێ باوەڕن کە لەخۆ گری پڕەنسیپ و ڕێسای بێ شك و گومان بن. لە ڕوانگەی عەقڵخوازانەوە، هەر دامەزراوە یان فەرمانێك کە پاساوی عەقڵانی لە پشت نەبێ ناعەقڵانییە و دەبێ لە ناو بچێ. «تاکی عەقڵگەرا لایەنگری سەربەخۆیی فکرییە لە هەموو بوارەکاندا و لە بەرانبەر هەر چەشنە دەسەڵاتێکدا جگە لە دەسەڵاتی عەقڵ پشتگیری لە هزری ئازاد دەکا. لە ڕوانگەی عەقڵگەرایانەوە هیچ شتێك تەنیا بە هۆی بوونی بایەخی نییە.» سیاسەتی عەقڵانیی «سیاسەتی کەماڵخوازی و یەکدەستییە». لەو ڕوانگەوە بونیادەکانی وەك ئایین و پاشایەتی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان هیچ پاساوێکی عەقڵیان لە پشتەوە نییە. بە بۆچوونی ئۆکشات عەقڵانییەت، شوێنەواری وێرانکەری هەبووە لەسەر ئەخلاق و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. لە ژیانی سیاسیدا عەقڵانییەت، جەخت دەکاتە سەر زەرووڕەتی پێکهێنانی دیسیپلینێکی تەواو نوێ و ئایدیال و بە چاوێکی سووکەوە دەڕوانێتە ڕیفۆڕمی هێدی و هێور لە میراتی ڕابردوودا. گرنگترین نموونەی عەقڵانییەتیی سیاسی شۆڕشی

---

1. Rationalism in Politics, P. 36 .

بەڵشەڤیکی بوو کە کاول بوونی سەرجەم میراتــی ڕابــردووی لێکەوتــەوە. شــۆڕش و ڕیفۆڕمــە بنچینەییـــەکــــان ئـــــامــــــرازەکـــــانی سیاســـەتی عـــەقڵێن. بــە بۆچـــوونی نـــاوبـــــراو عەقلانییەتیی سیاسی کاریگەرییەکی قووڵی هەبووە لەسەر ڕوحی ســەردەمانی ئێمــەدا. لــەو ڕوانگەوە، چونکە بونیادە و دامــەزراوە نەریتییــەکان پلانێکــی عــەقلانی و وشــیارانەیان لــە پشتەوە نییە، کەواتە دەبێ لــە نــاو بچــن. عەقلانییــەت لــە سیاســەتدا گــرنگترین ئــامرازی سڕینەوەی ڕەوایی بووە لە بونیادە و دامەزراوە باوەکانی سەردەمی ئێمە.

بە باوەڕی ئۆکشات ئێمە ئێستا لە سەردەمانی جڤاکە وشیارەکاندا دەژین و هەر کەسە بۆ ئەوەی قسەی گوێی لێ ڕاگیرێ دەبێ بە پێی هەندێ پرەنسیپ بجوولێتەوە. عەقڵگەراکان بابەتە باوەکان لە بابەخەکان جیا دەکەنــەوە، چــونکە دەســپێکی ناســینیان پێگەیــەکی دەرەکییــە. جیاوازی نێوان بابەخ و باو یەکێکە لە تایبەتمەندییــەکانی هــزری مــۆدێرن و عــەقڵگــەرا. بــەو شێوەیە بابەخ و باو لە جیهانی ژیان دادەبڕێن و پێوەندی ڕاستەقینەی نێوانیان ڕەت دەبێتەوە؛ لە کاتێکدا بە بۆچوونی ئۆکشات «نێوبژیوانی ئەخلاقی بەو کردەوەیە دەگوترێ کە لە گەرمــەی کردەیەکی ئەخلاقیدا ئێمە ئەنجامی دەدەین.»[1] عەقڵخوازان لــە هەنــدێ پرەنســیپی دەرەوەی خودی کردەوەدا بۆ سەرچاوەی زانســت دەگــەڕێن. لــەو ڕووەوە باوەڕییــان وایــە کــە چــەمکی مەعریفەی زانستی مەعریفەیەکی هەڵڕستەدە و سەرترە و لە ئاکامدا مەعریفە و بۆچوون لێك جیا دەکەنەوە و مەعریفەیان پێ سەرترە، بەڵام بە بۆچوونی ئۆکشات بۆچوون تێگەیشتنێکە لە پێگە لە کاتی ئەنجامدانی کردەیەکی دوور و درێژدا و هەروەها خوێندنەوەی واقعییەتێکە کــە تاك تێدا سەرگەردانە.[2] عەقڵخوازان بیر لە تەکنیك و ئامراز دەکەنــەوە، چــونکە نەریتــەکان ناناسن. ئەوان دەکرێ بڵێین تەتەڵە(لوح)یەکی سپی بــە کۆمــەڵن کــە زانیــاری و نەریتــەکانی ڕابردوو ڕەت دەکەنەوە. خاڵی دەسپێکی بۆچوونەکەیان ئەوەیە کە «زەین بۆشــە، واتــا شــك و گومان و نەزانی ڕەها.»[3] عەقڵگەراکان بە هۆی ئەوە کــە پێوەنــدی خۆیــان لەگــەڵ نــەریت و ڕابردوو دەقرتێنن، لە هەڵبژاردنی ڕێگەدا دادەمێــنن و لــە ســۆنگەی ئــەو سەرلێشــێواوییەوە

1. Ibid, P. 105.

2.Experience and Its Modes, P. 255.

3. Rationalism in Politics, P. 12.

بەدوای بابەتییەت و قەتعییەتدا دەچن. عەقلانییەت پشت بە لێکدانەوەیەکی ناڕاست لە ناسینەوە دەبەستێ. لە هەمبەردا، بە باوەڕی ئۆکشات ئەو کردەوەی سەرچاوەی ناسینە کردەوەی نەریتییە و تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی کردەوە دایە کە دەگەینە ڕێسا. کەواتە کردەوە لەخۆ گری بۆچوونە و تیۆر شیلەی گیانی کردەوەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. کەواتە مەعریفەی عەقڵخوازانە مەعریفەیەکی ڕەسەن و نۆڕماتیڤی ئۆگرییە بەردەوامەکان و جووڵەی کۆمەڵگا نییە. عەقلانییەت، تووشی لەخۆبایی بوون هاتووە و پێی وایە تڕۆپکی زانایییە. «عەقلانییەت ناتوانێ کەموکوڕییەکانی خۆی چارەسەر بکا... لە ڕێگەی زێدەتر داشکانەوە بە لای عەقلانییەتدا ناکرێ خۆ لە هەڵە و تاوانەکانی ببوێرین. ئەوە تاوانی ژیان لە ڕووی کتێبە... عەقلانییەت سەرەتا فوو لە چرا دەکا و پاشان هاوار دەکا نابینێ...»[1]

ئۆکشات ڕیشەی عەقلانییەتی مۆدێرن دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی کەونارا. بە باوەڕی ناوبراو ژیانی ئەخلاقی خەڵکی ئەوروپا هەر لە دەسپێکەوە بە هۆی عەقلانییەتێك کە بەلای وشیاریدا دەشکایەوە، تووشی پەشێوی هات. ژیاری یۆنانی و ڕۆمی و مەسیحیی بە گشتی هەر هەموویان لە ژێر کاریگەری ڕووخێنەری ئەو چەشنە عەقلانییەتەدا بوون و جەختیان دەکردە سەر وشیاری ئەخلاقی و بەدواداچوونی وشیارانەی ئامانجە دۆگمەکان و هەروەها بەڕێوە چوونی ئەو ئامانجانە. ئەخلاقی ڕاستەقینە گرێدراوی کردەوەی فەلسەفی بوو. بە بۆچوونی ناوبراو ئایدۆلۆژیا ئەخلاقییەکانی سەردەمی کەونار بوونە میرات بۆ شارستانییەتی مۆدێرن. هۆی تێداچوونی مەسیحییەتی سەرەتایش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو میراتە پڕ بوو لە توخمی عەقڵخوازانە. ئەخلاقی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی مەسیحی وەك شێوەیەك لە ژیان، لەبری گەڕان بەدوای وشیاریدا بە تەواوی کەوتە شوێن ئامانجە ئەبستراکت ئەخلاقییەکانەوە. بەو شێوەیە ئایدۆلۆژیای ئەخلاقی مەسیحی بوو بە جێگری ژیان و ڕەفتاری ئەخلاقی مەسیحی. بەو پێیە ئۆکشات باوەڕی وایە کە هەرەسهێنانی ئەخلاقی لە ڕۆژئاوادا دەرئەنجامی لاڕێ بوونی مۆدێڕنیتە لە میراتی کلتوری یۆنان و ڕۆما و مەسیحییەت نییە، بەڵکو ناوبراو لەو باوەڕە دایە کە ئەو میراتە خۆی لە خۆیدا هەڵگری شکست و نەمانی ئەخلاقی بووە. نەریتە فکری و ئەخلاقییەکانی زاڵ لە ڕۆژئاوادا بە بەردەوامی و هەر لە دەسپێکەوە لەخۆ گری توخمە

---

1. Ibid, P. 31-32 .

عەقڵخوازە وێرانکارەکان بوون. لە ڕووی فکرییەوە، عەقلانییەتی ڕۆژئاوا پێوەندی نێوان کردەوە و ڕای بەراوەژوو کردۆتەوە و ئەو گومانەی پێکهێناوە کە دەکرێ جیهانی پانو پۆڕ و کراوەی ژیان و کردەوەی سیاسی لە چوارچێوەی هەندێ پرەنسیپی ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتدا ببەسترێتەوە. لە ڕووی ئەخلاقیشەوە پێی وایە ژیانی ئەخلاقی واتا کۆمەڵێك پرەنسیپ و ڕێسای ئەخلاقی.

بیر و بۆچوونی عەقڵخواز لە سەردەمانی گواستنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ سەردەمی نوێ، واتا لە سەردەمانی لێکدابڕان و هەرەسهێنانی حەقیقەت و بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەگوڕتر بوو. لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا دوو جۆرە کەسایەتی پێکهات: یەکەم، تاکی عەقڵخواز کە نموونەی مرۆڤە لە سەردەمی مۆدێرندا و دووەم، تاکی شێواو (Individual Manque) یان دژە تاکە (Anti-Individual). جۆری دووەم هەمان مرۆی جەماوەرییە کە ئامانجی لەناو بردنی هەمووی ئەو شتانەیە کە بەڵگەن لەسەر ناتەواوی و کەموکوڕییەکانی. ئەو جۆرە کەسایەتییە خۆ لە تاکییەتی دەدزێتەوە و بۆ ئەوەی یەکسانی خۆی بشارێتەوە خوازیاری یەکسانییە. ڕێبەر دەسکردی کۆمەڵی ئەو تاکانەیە. تاکی شێواو چونکە هیچ ئامانجێکی نییە، پێویستی بە ڕێبەر و ئایدۆلۆژیا هەیە و خوازیاری ئەوەیە خەڵکانی تر لەبری ئەو بڕیار بدەن. دژە تاك پێویستی بە پلانگەلی ڕوون و قەتعییەت و وەك یەکی هەیە.[1]

بە باوەڕی ئۆکشات سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان دەرئەنجامی دزەکردنی عەقلانییەتە بۆ ناو سیاسەت. هەر ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی بانگەشەی ئەوە دەکا کە لەخۆ گری هەندێ پرەنسیپی گشتی جێ باوەڕ و متمانەیە کە بێتوو بەڕێوە بچن دۆخێکی باشی لێدەکەوێتەوە. سیاسەتی سەردەمانی ئێمە پانتایی کردەوەی زەینێکی عەقڵخوازە کە هەوڵدەدای دامەزراندنی کۆمەڵگای دڵخوازی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیە لە سەر بنەمای هەندێ پرەنسیپی ئەبستراکتی وەك جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆ و هەندێ پرەنسیپی گشتی تر. بە بۆچوونی ئۆکشات دزەکردنی عەقلانییەت بۆ ناو سیاسەت زۆر وێرانکارانە بووە و تۆتالیتاریزم گرنگترین دەسکەوتی بەربلاوبوونەوەی عەقلانییەتە لە سیاسەتدا. لە تۆتالیتاریزمدا ناسینی

---

1. Rationalism in Politics, P. 161,168.

کردەیی دەخرێتە پەراوێزەوە و لەبری دەزگای پان و پۆڕی سەرکوت دادەمەزرێ بە پێی هەندێ تیۆر و وەهم و گومانی فریودەرەوە. تۆتالیتاریزم چڵەپۆپەی عەقلانییەتی سیاسییە. بە باوەڕی ناوبراو ناسینی مرۆیی زۆرتر ناسینێکی کردەییە نەك تیۆریك و ئەوەش بە خو و خدە و نەریت و کردەوەکانی ئێمەوە دیارە؛ئەوە لە کاتێکدایە کە تۆتالیتاریزم پشت بە تیۆرداڕشتن و زاڵ بوونی تیۆریك بە سەر ڕاستەقینەدا دەبەستێ.

## داکۆکی کردن لە نەریت:

ئۆکشات لە بەرانبەر عەقلانییەت و ئایدۆلۆژیادا داکۆکی لە لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆ نەریت دەکا. نەریت بە درێژایی زەمان و بە شێوەیەکی ناوشیار گەشە دەکا و دەربڕی ئەزموونێکی ڕەسەنە، بەڵام عەقلانییەت و ئایدۆلۆژیا زەینییەتێکی دەسکرد دەئافرێنن. ناسین تەنیا بەرهەمی نەریت و کردەوەیە و پشت بە نەریتێکی فێرکارییەوە نابەستێ واتا ناکرێ میتۆدێك بە دەستەوە بدرێ بۆ فێرکاری ناسین. بۆ ئەوە لە نەریتێکی سیاسی تێبگەین، پێویستە لەو نەریتەدا لە دایك بین، بەڵام عەقڵگەراکان هیچ کات ناتوانن بچنە ناو پانتایی سیاسەتەوە. نەریتی سیاسی وەك زمانی دایك وایە و لە ڕێگەی عەقڵ و تێگەیشتنی پێشترەوە فێری نابین و شێوەی بەکارهێنانی چ پێویستی بە زانینی ڕێساوە نییە. زمان هەمان بەکارهێنانی زمانە. وێژەرانی زمانی سیاسەتیش هیچ پێویستیان بە ڕێسای سیاسەت نییە. کەواتە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە نەریتدا دەرئەنجامی تێڕامان و تێفکرین نییە. لێرەوە دەکرێ بگەینە ئەو ئەنجامە کە هەڵبژاردنی ئەخلاقی هیچ کات دەستەبەر نابێ.[1] لە نەریتدا بە پێچەوانەی عەقلانییەت و ئایدۆلۆژیا، کردەوە و هزر لێك جیا ناکرێنەوە. نەریت بە هۆی ئەوە کە خاوەن یەکگرتوویەکی ناوخۆییە، بە دوورە لە وشیاری و ئایدۆلۆژیا. لە ڕوانگەیەکی ئەوتۆوە، بۆ نموونە ئازادی نە پرەنسیپێکی فەلسەفی و ئایدۆلۆژیکە و نە کۆمەڵێك مافی جیا جیا؛ بەڵکو بە سەرجەمی ئەو ئازادییە لێك دانەبڕاوانە دەگوترێ کە لە کردەوەدا دەگورێن.[2]

ئۆکشات لێکدانەوەیەکی تایبەتی لە نەریت هەیە: «نەریت بەو ڕەفتارە دەگوترێ کە بەر لەوە فریودەر بێ، تێگەیشتنییە و لە ڕاستیدا لە زۆربەی لایەنەکانەوە لە بنەمادا ڕەفتارێکی

1. on Human Conduct, P. 79
2. Rationalism in Politics, P. 12

لیَ تێگەیشتنییە. نەریت نە چەقبەستووە و نە کۆتایی پێهاتووە. ناوەندێکی نەگۆڕی نییە کە دەرك تێیدا بگیرسێتەوە... هەندێ بەشی هێورتر لە بەشەکانی تر گۆڕانی بەسەردا دێ، بەڵام هیچ بەشێکی بەدوور نییە لە گۆڕان. هەموو شت کاتییە.»[1]

داکۆکی کردنی ئۆکشات لە نەریت بۆتە هۆی ئەوە کە هەندێ لە لێکۆڵەران پێیان وابێ بۆچوونەکانی ناوبراو لە بنەمادا کۆنسەرڤاتیڤانە و نالیبڕاڵین، بەڵام خۆی بە شێوەیەکی تر داشکانەوە بە لای کۆنسەرڤاتیڤیزمدا شی دەکاتەوە: «داشکانەوە بە لای کۆنسەرڤاتیڤیزم لە سیاسەتدا... بەو مانایە نییە کە ئەو بیر و بۆچوونانە ڕاستن یان تەنانەت پێمان وابێ ڕاستن. لە ڕاستیدا بە باوەڕی من ئەو داشکانەوەیە هیچ پێوەندییەکی بە بۆچوونێکی تایبەت دەربارەی جیهان و ڕەفتاری مرۆ بە گشتییەوە نییە... هەروەها هیچ پێوەندییەکی بە یاسا سروشتییەکان یان دیسیپلینی خوایی یان ئەخلاق و ئایینەوە نییە.»[2] نەریتی سیاسی تێگەیشتنێکی هاوبەشە دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی بابەتەکان و لەوەوە ناگەینە ئەو پرسیارە کە دەبێ چ بکرێ. نەریت، هەر وەك زمان، هیچ پێوانەیەك بۆ ڕەفتاری دروست دەستنیشان ناکا. نەریت وەك «ئەو باوبۆرانە وایە کە لە دەریادا هەڵی دەکا و ئەوە دەریاوانە کە دەبێ لە هەڵبژاردنی ڕێگەدا لەبەر چاویان بگرێ.»[3] نەریت وەك ئامێری مۆسیقا وایە کە پێی دەژەنرێ، نەك ئەو هەوایەی دەبێ بژەنرێ.»[4] کەواتە نەریت لە بۆچوونەکانی ئۆکشاتدا تەواو جیاوازە لە مانای نەریت لای کۆنسەرڤاتیڤەکان. ناوبراو بەو شێوەیە باس لە کۆنسەرڤاتیڤیزمی خۆی دەکا: «کۆنسەرڤات بوون واتا سەرێتی دان بە ناسراو بەسەر نەناسراودا، بابەتی ئەزموون کراو بەسەر بابەتی ئەزموون نەکراو، ڕاستەقینە بەسەر ئەفسانەدا، بابەتی بەکردەوە (بالفعل) بەسەر بابەتی شاراوەدا، بابەتی بەرتەسك و سنووردار بەسەر بابەتی بێ سنووردا.»[5] کۆنسەرڤاتیڤیزم بەو مانایە تەنیا دەکەوێتە هەمبەر هەر چەشنە عەقڵانییەتییەکی ئایدۆلۆژییەوە، دەنا هیچ ناوەڕۆکێکی نەگۆڕ و چەقبەستووی نییە. ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیا بە مانای «سڕینەوەی هەموو هیوا بۆش و بێ ناوەڕۆکەکانە و هەروەها وریابوونەوەیە لەو بابەتە کە ئەوانەی پێمان

1. Ibid, P. 128
2. Ibid, PP. 183-184
3. Ibid, P. 70
4. Ibid, P. 58
5. Ibid, P. 168

وابوو ڕێنیشاندەرن و بۆچوونەکانیان سەروو مرۆییە لە ڕاستیدا وانییە.» بەدوادا چوونی وشیارانە بەدوای ئامانجەکاندا کاریگەری شکێنەری دەبێ لەسەر ڕەفتارە تاکەکەسییەکاندا. بە هەر حاڵ ئایدۆلۆژیا ناتوانێ ڕزگارمان کا لە دڵەڕاوکێیەکانی ئەپیستمۆلۆژیکانە. بەو شێوەیە تێگەیشتنی ئۆکشات لە سیاسەتیش تێگەیشتنێکی دژە ئایدۆلۆژیکە. بە بۆچوونی ناوبراو سیاسەت هونەرێکی بە کردەوەیە کە سیاسەت کردنی سەرکەوتووانە پێویستی بە لێهاتوویی و لێزانی هەیە نەك زاڵ بوون بەسەر تیۆر عەقڵخوازانە و ئایدۆلۆژیاکاندا. سیاسەت چالاکییەکە کە لە هەمان کاتدا کە لەگەڵ مانەوەی دۆخی ژیانی بەکۆمەڵە، هیچ سنوور و چوارچێوەیەك دیاری ناکا و بەلای ئامانجێکی پێشتر دیاری کراودا ناشکێتەوە. «دەبێ ئەو وەهمە وەلا نێن کە لە سیاسەتدا ڕۆخێکی ئەمن و ئاسوودە بەدی دەکرێ یان ڕێگەیەك بەرەو پێشکەوتن دەدۆزرێتەوە.»[1] پانتای دەوڵەت پانتای دەستنیشان کردنی ئەوپەڕەکان نییە. هەر وەك چۆن زمان ئەوپەڕەکانی(غایات) پەیڤ دەستنیشان ناکا، سیاسەتیش ئەوپەڕەکانی ژیانی سیاسی دیاری ناکا. دەوڵەت «لە گروپێك زیارەتکەر پێك نەهاتووە کە یەك ئامانجی هاوبەشیان هەبێ، بەڵکو لە گرووپێك ئاوانتوریست پێك دێ کە هەر یەکە تا ئەو جێیەی دەتوانێ لە جیهانێکی پێکهاتوو لە خەڵکانی تردا هەڵوێست دەگرێ لە بەرانبەر ئێش و ئازاری وشیاریدا...»[2]

هەروەها ئۆکشات دەڵێ بەداخەوە هەنووکە باڵادەستی ئایدۆلۆژیا عەقڵگەراکان ئەوەندە گشتگیر بووە کە نەریتیش دەخوازێ خۆی لە چوارچێوەی وشیاری ئایدۆلۆژی و عەقڵگەرایانەدا دەربخا.[3] تەنانەت کۆنسەرڤاتیزم و نەریتخوازیش بوون بە ئایدۆلۆژیا. بە بۆچوونی ناوبراو نەریتێك کە ببێ بە ئایدۆلۆژیا دەکەوێتە داوی عەقلانییەتەوە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مۆدێرنیتە و هزرەکانی هیچ پێوانەیەکیان نەداوە بە تاك بۆ هەڵبژاردنی ئەخلاقی. ئەخلاقی مۆدێرنیتە ئەخلاقی عەقلانییە، کەواتە لە سەردەمی مۆدێڕندا نەریتیش وریا و عەقلانی دەبێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە تەنیا بە نەریتێك دەگوترێ نەریت کە نە عەقلانی بوو بێ و نە ئایدۆلۆژیك. نەریتی بە ئایدۆلۆژیك بووش هەر وەك ئایدۆلۆژیای عەقڵ-خواز توانایی ئەوەی نییە هێزی ئێمە بۆ سەرکەوتن لە ژیانی سیاسیدا بەرز کاتەوە و لە جیا

1. Ibid, P. 133
2. on Human Conduct, P. 243
3. Rationalism in Politics, P. 2.

کردنەوەی هەنگاوی سیاسی باش لە خراپ یارمەتیمان بدا. کەواتە نەریتخوازی، واتا نەریتی بە ئایدۆلۆژیك بوو و وشیار و بە عەقلانی بوو، هەر ئەو زیانانەی لێدەکەوێتەوە کە عەقلانییەت لێی کەوتەوە.

## کۆمەڵی مەدەنی:

ئۆکشات لە بەرانبەر دەوڵەت و سیاسەتی ئایدۆلۆژیانە و عەقڵگەرادا داکۆکی لە کۆمەڵی مەدەنی (Civil Association) دەکا و هەر ئەو چەمکە ناوەڕۆکی لیبرالیزمی ناوبراوە. تایبەتمەندی بنچینەیی کۆمەڵی مەدەنی پابەند بوونە بە ڕێسای ناسروشتی و ناڕەسمی. لە هزری ئۆکشاتدا کۆمەڵی مەدەنی لە هەندێ کلکی ناپێوەندیداری وەك هزری گرێبەستی کۆمەڵایەتی و ئابووری بازاڕ و هتد پاقژ دەبێتەوە، کە لە درێژەی مێژووی لیبرالیزمدا سەریان هەڵداوە. بە باوەڕی ناوبراو کۆمەڵی مەدەنی وتەزایەکی ئەخلاقییە. بە بۆچوونی ناوبراو کردەوەی ئەخلاقی بە کردەوەیەکی نائامرازیانە دەگوترێ کە بەدەر لە خۆی هیچ ئامانجێکی نییە و ئامرازێکیش نییە بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستێکی تر. هەروەها ژیانی ئەخلاقی تاکە یەك فۆرمی نییە، بەڵکو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پلۆراڵ و جۆراوجۆرە. بەو شێوەیە کۆمەڵی مەدەنی، کە بەرهەمی یەکێتی یاسا و ئەخلاقە، بەدەر لە خۆی هیچ ئامانجێکی نییە. کۆمەڵگا، وەك کۆمەڵی مەدەنی، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك تاك کە بە بێ ئەوە ئامانجێکی هاوبەشیان هەبێ لە ژێر ئالای یاسادا پێکەوە دەژین. ئەرکی یاسا ئەوە نییە کە ئەرکێکیان بەسەردا بسەپێنێ یان ئامانجێکیان بۆ دیاری بکا. دەوری یاسا لە ڕاستیدا ئاسانکارییە بۆ پێوەندی نێوان تاکەکان. لەو ڕووەوە یاسا بە واتا دروستەکەی بەرتەسککەرەوەی ئازادی تاك نییە. لە بۆچوونی ئۆکشاتدا ئامانجی حکومەتی یاسا لە کۆمەڵی مەدەنیدا دەستەبەر کردنی هەندێ پرەنسیپی ئابستراکتی وەك ماف و خۆشگوزەرانی خەڵك نییە، بەڵکو یاسا دەبێ هەلومەرجێك بخولقێنێ کە تێیدا خەڵك بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە هاتوچۆی یەکتر بکەن و پێکەوە پەیمان ببەستن. یاسا هیچ ئامانجێك بۆ کۆمەڵگا دەستنیشان ناکا، بەڵکو تەنیا یارمەتی تاکەکان دەدا کە بەدوای ئامانجە تایبەتەکانی خۆیاندا بچن. کەواتە یاسا خۆی لە خۆیدا هیچ ئامانجێکی نییە.

بەڵام بە باوەڕی ئۆكشات لە كۆمەڵگا مۆدێڕنەكاندا لەبری كۆمەڵی مەدەنی بەو واتایەی باسكرا، كۆمەڵی پابەند (Enterprise Association) سەری هەڵداوە كە تێیدا دەوڵەت وەك ڕێكخراوێك سەیر دەكرێ بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی تایبەت. لە هزری سیاسی مۆدێڕندا دەوڵەت وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی دەستنیشان كراو سەیر دەكرێ نەك ئەوەی خۆی هەر وەك ئەخلاق، ئامانجی خۆی بێ. دەوڵەت زۆرتر وەك ئامرازێك بۆ بەرز بوونەوەی سامانی نەتەوەیی و پێكهێنانی یەكسانی و دابین كردنی خۆشگوزەرانی گشتی سەیر دەكرێ. ئەو بۆچوونە باوە لە دەوڵەت و حكومەت لە سەردەمی ئێمەدا لە كۆمۆنیزم و فاشیزم و دەوڵەتی خۆشبژیو و سۆشیالیزم و بە گشتی دەست خستنە ناو كاروباری ئابووری لە لایەن دەوڵەتەوە بەدی دەكرێ. دەوڵەت وەك كۆمەڵی بەرعۆدە، لە بەرانبەر دەوڵەت وەك كۆمەڵی مەدەنیدا، لەگەڵ تاكەتی و ئازادیدا دەكەوێتە ناكۆكییەوە. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە دۆخی مۆدێڕندا دژواری پەژراندنی ئەرك و بەرپرسایەتی تاكەكەسی دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی تاكی سەقەت-تاكێك كە خوازیاری پێكهاتنی كۆمەڵگایەكی داخراو و توند و تیژە، كۆمەڵگایەك كە تێیدا شوێنێك بەدی ناكرێ بۆ قبووڵ كردنی ئەرك و بەرپرسایەتی تاكەكەسی و تاكایەتی. هاوكات لەگەڵ هەرەسهێنانی تاكایەتی فەزای پێویست بۆ كۆمەڵی مەدەنی بەرتەسك و بەرتەسكتر دەبێتەوە. تاكی سەقەت خۆی بەرهەمی پرۆسەی سەرەتایی عەقلانییەتە و لە قۆناغەكانی دواتردا دەبێ بە دژە تاك. دژە تاك كەسایەتی دژبەری تاكە-تاك بەو مانایەی كە وەك دەسكەوتی ڕۆشنگەری و مۆدێڕنیتە دێتە ژمار. هەر وەك ئاماژەی پێدرا، دژە تاك، جیاوازییە تاكەكەسییەكان قبووڵ ناكا و ڕێگەی ڕزگار بوونی خۆی لە كۆمەڵێكدا دەبینێ كە تێیدا هیچ جیاوازییەك نەبێ لە نێوان تاكەكاندا. هاوكات لەگەڵ تێپەڕ كردنی كۆمەڵی مەدەنی و گەیشتن بە كۆمەڵی بەرعۆدە، لە تاكیشەوە دەگەین بە دژە تاك. دژەتاك كەرەسەی خاوی دەوڵەتی مۆدێڕن بووە بە هەموو شێوازەكانییەوە، هەر لە فاشیزمەوە بگرە هەتا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی.

بە بڕوای ئۆكشات ڕێگە چارەی دەرباز بوون لەو دۆخە ناخۆشە گەڕانەوەیە بۆ حكومەتی سنووردار و بچووك. بە بۆچوونی ناوبراو ئەركی حكومەت سەپاندنی بیر و بۆچوون بەسەر هاووڵاتیان و ڕێنمایی و فێركاری یان دەستەبەر كردنی شادی و خۆشی هاووڵاتیان یان دنەدانیان بۆ ئەنجامدانی كردەوەیەكی بە كۆمەڵ یان ئامۆژگاری كردنیان بۆ بەرگری كردن لە

کێشمەکێشە بێ ئەملاوئەولاکان نییە. ئەرکی حکومەت تەنیا بەڕێوەبردنی هەندێ ڕێسایە کە ئەکتەرەکان قبووڵیان کردووە. حکومەت وەك بەرپرس و بەڕێوەبەری کۆبوونەوەیەك دەبێ چاوەدێری باس و بابەتەکانی نێوان ئەندامانی بەشداربوودا بکا و خۆی بپارێزێ لە چوون بۆ ناو باسەکانەوە. مەرجی سەرەکی وەدیهاتنی ئازادی نەبوونی ناوەندێکی دەسەڵاتی سیاسییەو هەموو ئامرزەکانی پێویست بۆ دیموکراسی و لیبرالیزم هەر لە جیا بوونەوەی ئایین لە دەوڵەت و خاوەنداریێتی تایبەتەوە بگرە تا سەربەخۆیی هێزی داد و حکومەتی پەرلەمانی بەشێکن لە بەشەکانی ئەو پڕەنسیپە. لە دەوڵەت بە مانای کۆمەڵی مەدەنیدا ڕێساکانی باو نائامرازین، واتا هیچ پلان و ئامانجێکی دەستنیشان کراو لەخۆ ناگرن، بەڵکو تەنیا ڕێخۆشکەری وەدیهاتنی ئامانج و پلانە تاکەکەسییەکانی تاکەکانن. تەنیا لە بارودۆخێکی ئەوتۆ دایە کە تاکەتی و ئۆتۆنۆمی تاکەکەسی دەستەبەر دەبێ. بەو شێوەیە ڕێسا نائامرازییەکان و تاکایەتی و پەرش وبلاوی دەسەلات دەبنە بنەمای سەرەکی دەوڵەت وەك کۆمەڵی مەدەنی.

لەسەر بنەمای ئەو تێبینیانەوە، ئۆکشات لە کتێبی دەربارەی ڕەفتاری مرۆڤەوە باس لە دوو جۆرە دیسیپلین دەکا: یەکەم، دیسیپلینی یاسامەدار(Nomocratic) کە پشت بە یاسا و ڕێسا نائامرازگەرایانە دەبەستێ و دووەم، دیسیپلینی غایەتمەدار(Teleocratic) کە لەخۆ گری زنجیرەی ئامانجەکانە و غایەتێکی بالاتر دەکەوێتە لوتکەی هەمووانەوە و هەوڵی کۆمەڵگا و دەوڵەت وەدیهێنانی ئەو غایەتەیە. ئەو دوو کۆمەڵە، واتا کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵی سیاسی، بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە. دیسیپلینی یاسامەدار بنەمای کۆمەڵی مەدەنییە و دیسیپلینی غایەتمەدار بنەمای کۆمەڵی پابەندە.

## کورتەی بابەت:

چەمکی کۆمەڵی مەدەنی لە هزری ئۆکشاتدا ڕەنگدانەوەی هەرە بەرزی ئەخلاقی تاکگەراییە و وەك گرنگترین دەسکەوتی شارستانییەتی ڕۆژئاوا دێتە ژمار. کۆمەڵی مەدەنی لە هزری ئۆکشاتدا وێنای کۆمەڵگایەکی پەرەسەندووترە، هەر چەندە خۆی میراتی شارستانییەتی ڕۆژئاوایە. بەلام لە ڕۆژئاوادا وەدیهاتنی کۆمەڵی مەدەنی ڕووبەڕووی ئاستەنگییەکی سەرەکی هاتووە کە هەمان کۆمەڵی پابەندی عەقڵگەرایە.

له قۆناغەکانی دواییدا له شارستانییەتی ڕۆژئاوادا ئەخلاقی تاکایەتی، که بنەمای کۆمەڵی مەدەنییە، لاواز بووه و لەبری ئەو دژه تاکەتی سەری هەڵداوه. یەك له هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییه زاڵ بوونی عەقڵی تیۆرییه و سەرچاوەکانی ئەو جۆره عەقلانییەتەش زۆر کۆن و دێرینه. کەواته هیچ هیوایەك به گۆڕان و ڕزگاری خێرا نییه. ئێمه ئێستا له ڕوانگەی عەقڵی تیۆرەوه تەنانەت دەڕوانینه پانتاکانی به کردەوەی ژیان و بەو شێوەیه خەسارەکه دوو قاتە. دەبێ به دوای سەرچاوه دەست لێ نەدراوەکانی نەریت و هونەر و کردەوەی ناعەقڵیدا بچین، هەر چەند زاڵ بوونی عەقلانییەت مەجالی بوونی سەرچاوەگەلێکی ئەوتۆی نەهێشتۆتەوه. ئەو بەشه له ژیانی نەریتی، واتا ژیانی کردەیی ڕەخساو له بەندی عەقلانییەتی تیۆری دەتوانێ سوودمەند بێ له گۆڕینی بارودۆخەکه و سەرهەڵدانی کۆمەڵی مەدەنیدا. هەڵبەت دوارۆژ بەرهەمی گۆڕانه له شێوەی ژیانی ئێمەدا نەك پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ له شێوەی بیرکردنەوەی ئێمەدا و زاڵ بوونی عەقلانییەت به شێوەیەکی سەرانسەری دەبێته هۆی ئەوه که گۆڕانێکی ئەوتۆ زۆر دژوار بێ.

## (٧)

# سازش و ململانێی نێوان ئایین و مودێڕنیته له ڕۆژئاوا

له سەرەتای دەیەکانی سەدەی بیستەم دا قەیران بە شێوەیەکی بەرچاو مۆدێڕنیتەی ئەورووپایی گرتەوە و بە تایبەت جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو بۆچوونەی لێکەوتەوە کە شارستانییەتی ئەورووپایی بەدوور نییە لە قەیران و بوو بە مایەی کەوتنەوەی قەیرانێکی قووڵ لە کولتووری ئەورووپاییدا. پۆل ڤالری (Paul Valéry ) (1871-1945)، ئەدیب و بیرمەندی فەڕەنسایی، لە ساڵی ١٩١٩دا هاواری کرد کە «ئێمە شارستانییەتەکانی دوایی تازە بۆمان دەرکەوتووە کە ئەگەری تێداچوونمان هەیە.» ناوبراو باوەڕی وابوو کە قەیرانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ سیستەمێکی دیاریکراو بۆ ژیان و بیرکردنەوە نییە. هەر لەو سەردەمەدا، تی.ئێس.ئیلیوت، شاعیری نێوبەدەرەوەی ئەمریکایی، باوەڕی وایە کە سەرهەڵدانی مرۆڤی بێ ناوەڕۆك یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی سەردەمی خۆی. ئاودەن (W.H.Auden)، شاعیری ئینگلیزی، لە نووسراوە بە ناوبانگەکەی لە ژێر ناوی سەردەمی دڵەڕاوکێ (Age Of Anxiety)دا باس لە تەنیایی ڕووحە نەخۆشەکان و ژیانی بێ مانا و ئامانج دەکا لە سەردەمی مۆدێڕندا. ئیگزیستانسیالیزم کە خۆی بەرهەمی بارودۆخێکی ئەوتۆ بوو، پێی وایە دڵەڕاوکێی مرۆڤی مۆدێڕن دەرئەنجامی زانیارییە دەربارەی ژیان لە جیهانێکی پووچ و بێ مانادا. نکۆڵی کردن لە بوونی خوا مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێیەکی قووڵ دەکا و مرۆڤ خۆی بە تەنیایی دەبێتە پێکهێنەری مانا و بەها و بایەخەکان. هزری مەرگی خوا و عەقڵ و زانست و مێژوو و پێشکەوتن سەرچاوەی دڵەڕاوکێی سەردەمی مۆدێڕنن. ئارتور کستلەر دەڵێ: «مرۆڤی سەدەی بیستەم نەخۆشییەکی سیاسییە کە هیچ وەڵامێکی بۆ پرسی مانای ژیان نییە.» ڕەخنەگرانی مۆدێڕنیتە باسیان لە بێ باوەڕی بە زانست دەکرد. بە بۆچوونی ئەوان زانست دواجار دەبێ بە تەکنۆلۆژیای شەڕ و ماشێن بە سەر

مرۆڤ دا زاڵ دەکا. لە ڕوانگەی ئەوانەوە زانست نەیدەتوانی ئەو ڕۆڵە ئایینیانە بگێڕێ کە لەناو چوو بوون. ویلیام ئینگ (William Ralph Inge)(1860-1954) سەرپەرشتیاری مەزنە کلێسەی سەن پۆلی لەندەن، هزری پێشکەوتن وەك خورافەی مۆدێڕن ناوزەد دەکا. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، لە پانتای هزری ئایینیشدا گەلێ ئاڵوگۆڕی بەرچاو هاتنە ئاراوە. زۆربەی خواناسان و بیرمەندانی ئایینی ئەوروپا، لە دژی ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی بیستەم، سەردەمی مۆدێڕنیان وەك سەردەمی دڵەڕاوکێ و بێ مانایی و هەرەسهێنانی بایەخەکان وەسف دەکرد و هەوڵی وەڵامدانەوە بە پرسی بۆشایی مەعنەوی و دووبارە گەڕانەوە بۆ پرسی پێوەندی نێوان ئایین و دنیایان دەدێ. لەو ناوەدا، لە لایەکەوە هەندێ هەوڵ دەدرا بۆ زیندوو کردنەوەی خواناسی بەر لە سەردەمانی مۆدێڕن و لە لایەکی ترەوە بە لەبەر چاو گرتنی دۆخی مۆدێڕنیتە، هەوڵ دەدرا بۆ وەڵامدانەوە بە پرسەکانی سەردەمی نوێ لە ڕوانگەی ئایینییەوە.

خواناسی مەسیحی لە سەدەی بیستەمدا گەلێ ئاڵوگۆڕی قووڵی بەخۆوە بینیوە و ڕوانگەی جیاواز تێیدا سەری هەڵداوە. هەمووی ئەو ڕوانگانە، هەر لە ڕێنسانس و ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنساوە بگرە هەتا شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی زانستە مۆدێڕنەکان و تەکنۆلۆژیای نوێ و لیبڕالیزم و دیموکراسی، بە شێوەیەك لە شێوەکان دژکردەوەیەك بوون لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕە سەرەکییەکانی سەردەمی مۆدێڕندا. لەو نێوەدا بە گشتی دەکرێ باس لە پێنج ڕوانگەی سەرەکی بکەین:

١. هەندێ لە خواناسان و بیرمەندانی ئایینی سەدەی بیستەم تەنیا هەوڵیان ئەوە بووە کە خواناسی کۆن دووپات کەنەوە و جیهان بە پێی ئەو شێوە خواناسییە لێکدەنەوە، بە بێ ئاوڕدانەوە لە پرس و ئاڵوگۆڕەکانی سەردەمانی مۆدێڕن. بە پێی ئەوە ئەو ڕوانگەیە تەنیا ڕوانگەیەکی ئایینییە، باسکردن لەسەری لە دەرەوەی باس و بابەتەکەی ئێمەیە.

٢. هەندێکی تر لەو باوەڕە دان کە ئایین بنەما و بنچینەیەکە دانابەزێنرێ و بە پێی ئایین دەبێ لە ڕاستییەکانی جیهان تێ بگەین. لەو ڕووەوە مەسیحییەت دەبێ بە شێوەیەکی جیددی ڕووبەڕووی پرسەکانی جیهانی مۆدێڕن بێتەوە. بەڵام ئەو تاقمە خواناسە دواجار لە ڕێگەی ڕەت کردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی مۆدێڕنیتە و خستنەڕووی چوارچێوەیەکی ئایینی لەسەر بنەمای مەسیحییەت وەڵامی مۆدێڕنیتە دەدەنەوە. بە سەرنجدان بە گرنگی ئەو ڕوانگەیە لە

باسەکەماندا، باس لە بیر و بۆچوونی یەك لە سەرەکیترین نوێنەرانی ئەو ڕوانگەیە واتا کارل بارت (Karl Barth)(1886-1968) دەکەین.

٣. گرووپێکی تر لە بیرمەندانی ئایینی جەخت دەکەنە سەر زەروورەتی وتوویژ لە نێوان باوەڕ و تێگەیشتنی ئایینی لەگەڵ مۆدێرنیتە، بەڵام هەوڵی تێکەڵ کردنی ئەو دوو بوارە نادەن، واتا نە مۆدێرنیتە بە پێی چەمکەکانی مەسیحییەت لێك دەدەنەوە و نە مەسیحییەت بە پێی چەمکە مۆدێرنەکان. بە گشتی هەوڵی ئەو گرووپە دووبارە نوێژەن کردنەوەی پەند و وانەکانی مەسیحییە لە وتوویژ لەگەڵ فەلسەفە هاوچەرخەکاندا و لە ڕێگەی لێکدانەوەی سیمبۆلەکانی مەسیحەوە وەڵامی پرسەکانی جیهانی مۆدێرن دەدەنەوە. سەرەکیترین نوێنەری ئەو ڕوانگەیە پۆل تلێش (١٨٨٦-١٩٦٥)ە کە سەر پیی باس لە بیر و بۆچوونەکانی دەکەین.

٤. گرووپێکی تر لە ڕێگەی بەکارهێنانی یەکێك لە فەلسەفە مۆدێرنەکانەوە دەخوازن تێگەیشتنی مەسیحی لە تێگەیشتنی مۆدێرن گرێ بدەن. بە واتایەکی تر، خوازیاری لێکدانەوەی دووبارەو بەردەوامی مەسیحییەتن بە پێی پرس و بابەتە مۆدێرنەکان و لە لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکاندا کەڵك لە ڕوانگەکانی وەك ئیگزیستانسیالیزم، هێرمێنوتیك یان نوارینی مێژوویی وەردەگرن. وەك نوێنەری ئەو ڕوانگەیە باس لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئیدوارد سکیلیبێکس[1] (١٩١٤- ) دەکەین.

٥. دوا گرووپ، گرووپێکن کە لە بنەمادا پشت بە فەلسەفە مۆدێرن و سێکیولارەکانەوە دەبەستن و باوەڕیان وایە کە مەسیحییەت تەنیا کاتێك جێی متمانەیە کە لەگەڵ ئەو فەلسەفانەدا هاوئاهەنگ بێ. بە واتایەکی تر بە پێی پێوانە دەرەکییەکان باس لە مەسیحییەت دەکەن. چونکە باسەکەی ئێمە دەربارەی دژکردەوەکانی ئایینە لە هەمبەر مۆدێرنیتەدا، کەواتە ڕوانگەیەکی ئەوتۆ دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی باسەکەمانەوە.

بە گشتی جیاوازی سەرەکی نێوان هەڵوێست و بۆچوونەکانی بەرباس لێرەدا لەسەر پرسگەلێکی وەك شێوەی هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر مۆدێرنیتەدا، سروشتی ئایین و خواناسی، سروشتی مۆدێرنیتە و گرنگی مەسیحییەت بۆ تاوتوێ کردنی پرسەکانی سەردەمی

---

1. Edward Cornelis Florentius Alfons Schillebeeckx.

نوێیه. هەمووی ئەو هەڵوێستانه به جۆرێك دەڕواننه ئاڵوگۆڕەكانی سەردەمی مۆدێڕن و به یەك جۆر وەڵامیان دەدەنەوە، كەواته به تەواوی نەریتی نین.

**كارل بارت:**

كارل بارت، خواناسی سویسرایی، یەكێك بوو لە مەزنه بیرمەندانی ئایینی سەدەی بیستەم و ڕێبەری بزووتنەوەی نوێی ئۆرتۆدۆكسی لە ئایینی پرۆتستانتدا. ناوبراو لە بنەماڵەیەكی خواناس و ئاكادیمیكدا لە دایك بوو و لە زانكۆكانی برلین و توبینگەن (Tübingen) و ماربورگدا خواناسی خوێند. لە ساڵەكانی ۱۹۲۱ تا ۱۹۳۳ بانگ كرا بۆ وانه وتنەوە لە زانكۆكانی گاتینگەن(Göttingen) و موونستەر(Münster) و بۆن. ناوبراو لە سەردەمانی باڵادەستی نازییەكاندا یەكێك بوو لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی خۆڕاگری ئایینی لە بەرانبەر هەوڵەكانی دەوڵەتی هیتلەر بۆ زاڵ بوون به سەر كڵێسەی ئەڵماندا، هەر بەو هۆیە لە ساڵی ۱۹۳۵ ڕێگەی وانه وتنەوەی لێ گیرا. لەوەو پاش گەڕایەوە بۆ وڵاتەكەی خۆی و تا كاتی مردنی لە وێ ژیا. بارت لەو سەردەمەدا پێشەوای ئایینی شاری سافەنویل (Safenwil) بوو لە سویسرا و زۆربەی نوسراوەكانی هەر لەو سەردەمەدا نووسی. نووسراوە سەرەكییەكانی بریتین لە: نامه بۆ ڕۆمەكان[1] (۱۹۱۹)، پەیڤی خوا و پەیڤی مرۆڤ[2](۱۹۲۸)، دۆگماكانی كڵێسه[3](۱۹۶۷-۱۹۳۲) لە یازده بەرگدا، خواناسی پرۆتستانت لە سەدەی نۆزدەهەمدا[4]: كۆمەڵگا، دەوڵەت و كڵێسه[5](۱۹۶۰)، مرۆڤایەتی خوا[6](۱۹۶۰).

لە لێكدانەوەی بیر و بۆچوونەكانی بارتدا گەلێ جیاوازی بیر و ڕا هاتنه ئاراوە. هەندێ كەس باوەڕیان وابوو كه بۆچوونەكانی بارت دژكردەوەیەكی كۆنسەرڤاتیڤانه بوون لە هەمبەر مۆدێڕنیتەدا و پێیان كەسێكی كۆنەپەرستی ئایینی بوو، هەندێكی تر لەسەر ئەو باوەڕەن كه بۆچوونەكانی ناوبراو پۆست مۆدێڕنن و تاقانه نوێنەری پۆست مۆدێرنیزمه لە خواناسیدا. بێ

1. The Epistle to the Romans
2. The Word of God and the word of Man
3. Church Dogmatics
4. Protestant Theology in the 19th century
5. Community, State and Church
6. The Humanity of God .

شك ئەو جۆرە بۆچوونانە، هەروەك لە پانتا نائایینییەکانیشدا بەرچاو دەکەوێ، ئاڵۆزن و لە ڕوانگەیەکی مۆدێرنەوە دەڕواننە ئایین و نەریت. هەموو هەوڵی بارت تێگەیشتنە لە مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی تایبەتی هەبێ لە بەرانبەریاندا، سروشتییە کە لە ئەنجامی ئەو کارەدا سنوورەکانی مۆدێرنیتە دەبەزێنێ. بە بۆچوونی ناوبراو مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری لە چلەپۆپەی پێگەیشتنی خۆیاندا، واتا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لانیکەم لە ناو لێهاتوانی فکری ئەورووپادا ئایینیان لاواز و بێ متمانە کرد. کەواتە ئامانجی سەرەکی ناوبراو زیندوو کردنەوەی دەسەڵاتی مەسیحییەت بوو لە ڕووی فکرییەوە، بەڵام ناوبراو بە ئاوڕدانەوە لە ڕاستییەکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتە ئەو کارەی ئەنجام دا. کەواتە دەکرێ بڵێین مۆدێرنیتە خۆی سنوور و ئامانجەکانی خواناسی مۆدێرنی مەسیحی دیاری کردووە.

بە باوەڕی بارت ڕۆشنگەری بوو بە مایەی سەرهەڵدانی مرۆڤی ڕەهاخواز و جاڕنامەی سەربەخۆیی بابەتێکی مرۆیی بوو؛ بەو مانایە کە مرۆڤی مۆدێرن بە تەواوی سەربەخۆیی وەدەست هێنا، جگە لە بەستراوەیی بە عەقڵی خۆی. مرۆڤی مۆدێرن لە ڕێگەی دابڕانی لە خوا دەسەڵاتی خۆی دەدۆزێتەوە. مەرجی سەرەکی ئەو سەربەخۆییە شك کردن بوو، بە تایبەت شك کردن لە بوونی خوا وەك تەسلیس و هەروەها شك کردن لە وەحی و گوناهی سەرەتاییدا.

لە ڕوانگەی بارتەوە تێگەیشتنی مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری لە چەمکی ئازادی هەمان تێگەیشتنی بۆچوونی نەریتی مەسیح بوو لە چەمکی گوناە. سوژەی ئۆتۆنۆم هەمان مرۆڤی ئاڵۆز و پەشێوی بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینە کە خوا و نێوبژیوانی چاك و خراپی خۆی بوو. بەو شێوەیە لە تێگەیشتنی ڕۆشنگەری لە سوژەی ئۆتۆنۆمدا مرۆڤایەتی و خواناسی دەبن بە یەك. لەو نێوەدا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو کە لە مەسیحییەتدا هاتە ئاراوە ئەوە بوو کە «چیتر مرۆڤ بۆ خوا نەبوو، بەڵکو خوا بۆ مرۆڤ بوو.» هێرش کردن بۆ سەر ئەو تێگەیشتنە نوێ و مۆدێرنە لە مەسیحییەت، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵدا، یەکێك بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی بارت. سەرەکیترین نوێنەری ئەو شێوە بۆچوونە لەو سەدەیەدا شلایرماخەر[1] بوو، کە بارت زۆر بە توندی هێرشی کردۆتە سەر. زیندوو کردنەوەی خواناسی مەسیحی لە

1. Friedrich (Ernst Daniel) Schleiermacher

ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەهەمدا، پاش ئەو گورزە گورچوبڕانەی ڕۆشنگەری تێی سرەواندبوو، قەرزداری هەوڵ و کۆششەکانی شلایرماخەرە. لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ناوبراو لە مەسیحییەت لێکدانەوەیەکی مرۆڤ_سەنتەر بوو. بە پێی لێکدانەوەی ناوبراو، ئایین وەك بەشێکی ژیانی تەواوی مرۆڤ سەیر دەکرا و یەکێکە لە پێداویستییەکانی مرۆڤ، چونکە دەبێتە مایەی یەکگرتوویی بەشەکانی زەینی مرۆڤ. بە واتایەکی تر بە پێی ئەو لێکدانەوە، ئایین بۆ بە خۆ پێگەیاندنی تاکەکەس پێویستە و مانا دەبەخشێتە ژیانی. بەو پێیە لێکدانەوەی شلایرماخەر لە ئایین لێکدانەوەیەکی مۆدێڕنیستی بوو، واتا سەرەتا بوونی مرۆڤ تاوتوێ دەکا و دواتر باس لە دەوری خوا لە بوونیدا دەکا. بەڵام بارت سەرەتا باس لە بوونی مەسیح دەکا و پاشان باس لە جێگە و پێگەی مرۆڤ تێیدا دەکا. لە لێکدانەوەی شلایرماخەردا ئایین لە بنەمادا وەك کردەوەیەکی ئەخلاقی دێتە ژمار و مەسیح بۆیە دێتە ناو ژیانی تاکەوە بۆ ئەوە کاریگەری هەبێ لەسەر بوونی ئەخلاقی ئەو تاکە. هەروەها مەسیح، وەك بوونەوەرێکی مێژوویی، ئەزموونی ئایینی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکا. بە واتایەکی تر، مەسیحیش سەر وە مێژووی ڕابردوویە و کتێبی پیرۆز نێوبژیوانی نێوان مرۆڤ و مەسیحە. بە گشتی بە باوەڕی بارت، خواناسی مۆدێڕنیستی سەدەی نۆزدە ئایین بە تەواوی دەخاتە ژێر پێوە، چونکە مرۆڤ_سەنتەرە، نەك خواتەوەر و ئەو لێکدانەوەیەش لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەخلاقی کانتدا سەری هەڵداوە. هزری ڕۆشنگەری لە لای کانت، وەك ڕزگار بوونی مرۆڤ لە ژێردەستی و باڵغ بوونی، بنەما و بنچینەی وەها لێکدانەوەیەکە. ئایینی باو لە سەردەمی مۆدێڕندا، واتا خواناسی لیبراڵی سەدەی نۆزدە، هەوڵ دەدا خوا قبوڵ بکا وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی ئامانجەکانی مرۆڤ و هەروەها کەڵکی لێ وەربگرێ. لەو تێگەیشتنەدا مەسیحیش تەنیا نێوبژیوانێکە لە نێوان خوا و مرۆڤ دا. بەڵام لە ڕوانگەی بارتەوە کەڵك وەرگرتن لە خوا بۆ نیاز و پێداویستییە مرۆییەکان بە مانای ڕەت کردنەوەی تەواوییەتی خوایە. لەو لێکدانەوەیەدا ئێمە تەنیا پێویستیمان بە یارمەتی خوایە. بەڵام هەموو هەوڵی بارت لەبری مانای مرۆییو مێژوویی باوەڕ، ئەوەیە کە بگەڕێتەوە بۆ مانا گشتییەکەی لە کتێبی ***پیرۆزدا*** و بەو شێوەیە هێرش دەکاتە سەر تێگەیشتنە مۆدێڕنەکان لە مەسیحییەت. بە بۆچوونی ناوبراو ئینجیل باس لە ئایینی مرۆڤەکان ناکا، بەڵکو زۆرتر بەلای شتێکی لێڵ و تەماویدا دەشکێتەوە بە ناوی ***شانشینی یەزدانی***. ناوبراو لە ئینجیلدا ***جیهانێکی نامۆی نوێ*** دەدۆزێتەوە کە لە دژی جیهانی

ڕاستەقینەیە. بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی بارتەوە، پرسی سەرەکی جیاوازی چۆنایەتی بێ کۆتایی نێوان زەمەن و ئەبەدییەتدا. وێککەوتنی زەمان و ئەبەدییەت هەروەك وێککەوتنی جغز و ئەو هێڵە وایە کە بە پەنایدا دەکشێ و ئەو هێڵە هیچ شوێنێك لەو جغزە داگیر ناکا. بە بۆچوونی بارت خاڵی وێککەوتنی ئەبەدییەت و جغزی زەمان مەرگە و مەسیح لەسەر ئەو هێڵە ڕاوەستاوە. ئەو شێوە بۆچوونە لە خواناسی بارتدا دەرگای باس کردن لە خواو مەسیح لە مێژوو و جیهاندا دەبەستێ و ئیتر نەدەکرا باس لە مەسیحی مێژوویی بکرێ. هەروەها ئەو ڕوانگەیە جێگەی هیچ مشتومڕێکی نەهێشتبۆوە، هەر بەو هۆیە لایەنگرانی بارت بۆ دەرباز بوون لەو گرفتە هەر یەکەو ڕێگەیەکی تایبەتی هەڵبژارد. بەڵام بارت لە نووسینەکانی دواتریدا ئەو گرفتەی کردەوە و مەسیحی هێنایە ناو چەقی مێژوو. لەو ڕوانگەدا، مەسیح وەك بەزرترین بوونەوەری سەر هێڵی ئەبەدییەت و مەرگ نەجاتدەری مرۆڤە. مەسیح دەکەوێتە چەق و ناوەندی هەموو شتێکەوە. لەبری مرۆڤی سەردەمی ڕۆشنگەری کە وەك سوژەیەکی ئۆتۆنۆم و ئازاد سەیر دەکرا، عیسا مەسیح دەبێتە جێگری و لە ئاکامدا لێکدانەوەی خواتەوەر لە جیهان و مێژوو دەبێتە جێگری لێکدانەوەی ئامرازی و مرۆڤ_سەنتەر. زەمان و ئەبەدییەت بە بێ بوونی هیچ پێوەندییەك لێك گرێ دەدرێن. هێڵی مەرگ، هێڵی جیاکەرەوەی نێوان خوا و مرۆڤ نییە، بەڵکو تەنیا دەستنیشان کەری بوونی بوونەوەرێکە، واتا مەسیح. کەواتە دابڕانی زەمان و ئەبەدییەت لێکتر بەو مانایە نییە کە ناکرێ بیر لە خوا بکرێتەوە، بەڵکو خوا پێشاوپێش لە زەماندا بوونی هەیە، کەواتە جیاوازی چۆنایەتی بێ بڕانەوە لە نێوان خوا و مرۆڤ دا بە مانای مەودا و نێوان نییە، بەڵکو ئەو جیاوازییە پێکهێنەری حەقیقەتی مەسیحە. خوا جیهانی لەبەر هاتنە دی دادپەروەری و ئەوین و شتی لەو بابەتە نەئافراندووە، بەڵکو بۆ ئەوەی خەڵق کرد تا عیسای مەسیح بێتە بوون. بەو شێوەیە، خوا هەر لە ئەزەلەوە ویستی لەگەڵ مرۆڤ ببێ بە یەك و لە ڕێگەی مەسیحەوە خوایەتی خۆی هەڵڕستەد. بوونی خوا بەدەر لە بڕیاری خوا نییە.

بە گشتی خواناسی بارت، بە پێچەوانەی خواناسی لیبراڵی سەدەی نۆزدە کە لەسەر بنەمای میتافیزیکی میکانیکی سەردەمی مۆدێڕن بوو، پشت بە میتافیزیکێکی مەسیح تەوەرەوە دەبەستێ. بەڵام ناوبراو لە نووسینەکانی دواتریدا ئەو سنوورەش دەبەزێنێ. هەروەك ئاماژەی پێدرا، ڕەخنەی ڕۆشنگەری لە ئایین بانگەشەکانی خواناسی دەربارەی عەقلانییەت، دەمکوت

کردووە و پشتیوانەکانی متمانەی حوکمە ئایینییەکانی لەناو بردووە، بەڵام شلایرماخەر هەوڵی‌دا لە ڕێگەی شیکاری وجودی مروڤەوە پشتیوانەیەکی تری لەناو ئۆگرییەکانی مرۆڤ دا بۆ بدۆزێتەوە. بەڵام بارت، بە پێچەوانەی ئەوەی باسکرا، پشتیوانەکانی شلایرماخەریشی تێك شکاند و دەریخست کە هیچ چەشنە عەقلانییەتێك لە پشتەوەی مەسیحییەت نییە. ئێستا هەوڵی فکری ناوبراو ئەوە بوو کە پێشان بدا بانگەشەی مۆدێرنیتە دەربارەی عەقلانییەتیش دەبێ وەلامی ئەو پرسیارانە بداتەوە: ئایین بۆ چی دەبێ بۆ پشتیوانە عەقلانییەکانی خۆی لە ڕاڤەکانی بەر لە ئاییندا بگەڕێ؟ بە واتایەکی تر دیسکۆرسی مەسیحییەت بۆ چی دەبێ بۆ متمانەی تێگەیشتنی خۆی لە دیسکۆرسێك دەربارەی جیهاندا بگەڕێ؟ بۆچی نابێ زانست و مۆدێرنیتە بۆ دۆزینەوەی پشتیوانەکانی عەقلانییەتی خۆی لە مەسیحییەتدا بگەڕێ؟ بە بۆچوونی بارت، حوکم و ڕستە دینییەکان یەکگرتوویەکی دەروونی تایبەت بە خۆیان هەیە و سەلماندنی ئەخلاقی بوونیان پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لەو یەکگرتوویییە دەروونییەدا. هەروەها ئەو حوکمانە بەشێوەیەکی ئازادانە و لە ڕووی هەوەسەوە چێ نەکراون و سیستەمی ئەو حوکمانە دەبێ گیان بناسێ، چونکە ئەگەر ئەو سیستەمە بە تەواوی ڕاست بێ ئەوسا هەموو شت دەکەوێتە داوێنی ئایینەوە.

بە گشتی بارت هێرشی کردە سەر لێکدانەوەی مۆدێرنیستی لە خواناسی مەسیحی لیبراڵ لە سەدەی نۆزدەدا لە ڕوانگەی میتافیزیکی مەسیحییەوە و لەبری لێکدانەوەی ئامرازی و مرۆڤ_سەنتەر لە ئایین کە خۆی لە ژێر کاریگەری مۆدێرنیتەدا بوو، لێکدانەوەی خواتەوەری خستە ڕوو. لە ڕووی مێژووییەوە، باوەڕی وابوو کە کولتووری بورژوایی ڕۆژئاوا، کە ژێرخانی خواناسی مۆدێرنی پێك دێنێ، بەرەو نەمان چووە، هەربۆیە ئەو خواناسییەش تین و توانای مانەوەی نەماوە.

**پۆل تلێش:**

پۆل تلێش خواناسی پرۆتستانتی ئەڵمانی لە خێزانێکی لۆتەری و کۆنسەرڤاتیڤدا لە دایك بوو. لە زانکۆکانی برلین و توبینگەن خوێندی و لە ساڵی ١٩١٠ بڕوانامەی دوکتۆرای وەرگرت کە دەربارەی فرێدریش شلینگ[1] بوو. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا قەشەی هێزە

1. Friedrich Wilhelm Joseph Schelling

زەوییەکان بوو و بە هۆی پێوەندییەکی نزیك کە لەگەڵ خەڵکی بەلاَ لێ دراودا هەیبوو هەندێ بۆچوونی ڕەشبینانەی تیدا دروست بوو. ناوبراو باوەڕی وابوو کە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی دەروونی خۆی لەو سەردەمەدا ڕەنگدانەوەیەکە لە ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە شارستانییەتی ڕۆژئاوادا. پاش شەڕ، لە زانکۆی برلیندا خەریکی وانە گوتنەوە بوو و دواتر بوو بە مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی فرانکفۆرت. لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٣٠دا هەندێ بابەتی لە دژی نازیزم بڵاو کردەوە. لە ئەنجامی ئەو کارەدا کاری زانکۆیی لێ سەندرایەوە و هاوڕێی بنەماڵەکەی ڕای کرد بۆ ئەمریکا و لە «قوتابخانەی خواناسی(ئیلاهیات)[1] » نیۆیۆرکدا دەستی کرد بە وانە گوتنەوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٦دا ژیانی خۆی لە کتێبێکدا بە ناوی لەسەر سنوور[2] چاپ کرد و لە ساڵی ١٩٤٨دا کۆمەڵێك لە وانەکانی خۆی لە ژێر ناوی بنەما لەرزۆکەکاندا[3] چاپ و بڵاو کردەوە. لە ساڵەکانی ١٩٥١ تا ساڵی ١٩٦٣نووسراوە سەرەکییە سێ بەرگییەکەی خۆی نووسی لە ژێر ناوی خواناسی سیستەماتیك[4]دا کە لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە ناو و ناوبانگێکی باشی وەدەست هێنا. هەر لەو ساڵانەدا لە زانکۆکانی هارڤارد و شیکاگۆدا خەریکی وانە گوتنەوە بوو. نووسراوە سەرەکییەکانی تری بریتین لە: ئازایەتی بوون[5] (١٩٥٢)، بوونی نوێ[6](١٩٥٥)، خواناسی کولتوور[7](١٩٥٩)، ئێستای ئەبەدی[8] (١٩٦٣). تلێش بە توندی لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی نیچە و کییەر کەگارد و هایدگەردا بوو و شیکارانی نووسینەکانی، خواناسی ناوبراویان وەك خواناسی ئیگزیستانسیالیستی وەسف کردووە.

مەبەستی سەرەکی تلێش ئاشت کردنەوەی باوەڕی ئایینی و کولتووری مۆدێرن بوو و لەو ڕێگەوە دەیخواست خەڵکانی بێ باوەڕی سەردەمی نوێ باوەڕ بە مەسیحییەت بێنن. بە بۆچوونی ناوبراو ئایین و کولتوور پێوەندییەکی بنەڕەتیان پێکەوە هەیە و کولتوور بێ ئایین هەر

---

1. Union Theological Seminary
2. On the Boundary
3.The Shaking of Foundations
4. Systematic Theology
5. The Courage to Be
پل تلیش، شجاعت بودن، ترجمەی مراد فرهاد پور، (تهران، علمی و فرهنگی، ١٣٦٦).
6. The New Being
7. Theology of Culture
8. The Eternal Now

ناتوانێ بوونی ببێ. پێوەندی نێوان ئایین و کولتوور وەك پێوەندی نێوان ڕواڵەت و ناوەڕۆك وایە لە هونەردا. کولتوور ڕواڵەت و ئایین ناوەڕۆکە. دۆخی مرۆیی بەردەوام هەندێ پرسیاری درووژاندووە کە بە شێوەی جیاجیا باس لە کولتوورەکانیان دەکا و نەریتە ئایینییە جۆراوجۆرەکانیش وەڵامی جیاوازیان پێیە بۆ ئەو پرسیارانە. تلیش لە ڕێگەی سیمبۆلە ئایینییەکانەوە وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکیانە دەداتەوە کە کولتووری مۆدێڕن خستوونییە ڕوو. ناوبراو لە کولتووری مۆدێڕندا باس لە پێنج پرسیاری سەرەکی دەکا: پرسیاری یەکەم ئەوەیە کە چۆن دەکرێ وەڵامی پرسی تێداچوون بدرێتەوە و لە بەرانبەریدا خۆ ڕاگری؟ وەڵامی تلیش بۆ ئەو پرسیارە سیمبۆلی خواوەندی پەروەردگارە. پرسیاری دووەم ئەوەیە کە چۆن دەکرێ هەر حەقیقەتێکی گرنگ بە تەواوی بناسین؟ لە ڕێگەی سیمبۆلی لۆگۆسەوە (Logos) وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. پرسیاری سێیەم ئەوەیە کە چۆن دەکرێ لەگەڵ پرسی سەرەکی لەخۆنامۆبووندا یەك لا بینەوە؟ وەڵامەکەی لە سیمبۆلی مەسیح دایە. پرسیاری چوارەم ئەوەیە کە بە سەرنجدان بە لێلایی و تەمی ئەخلاق و ئایین و کولتوور، چۆن دەکرێ ژیانی مرۆڤ ڕەسەن و جێی متمانە بێ؟ وەڵامی پرسی لێلایی و تەم بەو مانایە لە سیمبۆلی ڕووح دایە. پرسیاری کۆتایی دەربارەی مانای مێژووە کە وەڵامەکەی لە سیمبۆلی پاشایەتی خوا دایە.

دوو پرسیاری یەکەم (واتا پرسی فەنابوون و ناسینی بە یەقینی حەقیقەت) بە گشتی پێوەندییان بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی خاوەن کردار پێکهاتووە لە کۆمەڵێك هەندەك، بەشێکە لە کۆمەڵە گەورەترەکان و دەبڕێتەوە و تێدا دەچێ؛ واتا بە بەردەوامی ڕووبەڕووی لێکدابڕانی ناوخۆیی و لێکدابڕان لە کۆمەڵە دەرەکییەکان دەبێتەوە. پرسیاری یەکەم پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە وەك بوونەوەر و دەسکرد و پرسیاری دووەم پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە وەك زانا و ناسکار. مرۆڤ وەك دەسکرد دەبڕێتەوە و جارجار خۆی لە ژێردەستەیی بێ مانای ژیان و هزری مەرگدا دەبینێ. بە واتایەکی تر بوونی مرۆڤ بە بەردەوامی لە لایەن نەمانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ. بەڵام مرۆڤ بەردەام لە بەرانبەر ئەو هێرشەدا خۆ ڕادەگرێ. کەواتە هێزی ئەو خۆڕاگرییە لە کوێوە دێنێ؟ لە ڕوانگەی ئەنتۆلۆژییەوە، مرۆڤ سنووردارە و تێدا دەچێ و دەبڕێتەوە و لە لایەن مەرگ و نەمانەوە هەڕەشەی لێ دەکرێ، بەڵام سەرچاوەی خۆڕاگری لە هەمبەر ئەو مەترسیانەدا خۆی نییە. بوون واتا بڕانەوە. ڕەنگدانەوەی بوونێکی ئەوتۆ لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکدا هەندێ ناکۆکی

لێدەکەوێتەوە کە ڕەنگدانەوەی ناکۆکی نێوان بوون و نەبوونە. مرۆڤ لە هەموو چالاکییەکانی خۆیدا دەبێ لە نێوان تاکەتی خۆی (خۆ بوون) و بەشداری لە کۆمەڵگادا (خۆ نەبوون) و لە نێوان جووڵانەوە یان داهێنان (خۆ بوون) و دیسیپلیندا (خۆ نەبوون) و لە نێوان ئازادی (خۆ بوون) و چارەنووس (خۆ نەبوون)دا هاوسەنگی پێك بێنێ. پێکهێنانی ئەو هاوسەنگییە پێویستی بە خۆڕاگرییە لە بەرانبەر هەڕەشەی مەرگدا و مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو مەترسییەدا ناڕوخێ. بەڵام هێزی ئەو خۆڕاگرییە بە باوەڕی تلێش دەگەڕێتەوە بۆ خوا نە مرۆڤ. بە واتایەکی تر، سیمبۆلی خواوەندی پەروەردگار لە مەسیحییەتدا تاکە وەڵامی گونجاوە بۆ مەترسی مەرگ. چیرۆکە ئایینییەکان باس لە ئامادەیی خوا لە جیهاندا دەکەن. کەواتە دەسەڵاتی بوون، واتا خواوەند، بە بەردەوامی ئامادەیە و لە بەرانبەر مەترسی نەماندا بنەما دەبەخشێتە بوونی ئێمە. سیمبۆلە مەسیحییەکان دەربارەی مرۆڤ جەخت دەکەنە سەر هەرمانی و داهێنەری و لە هەمان کاتدا دەرك نەکراوی خوا. دەسەڵاتی بوون توخمێك نییە لە بونیادەی بوونی مرۆڤ یان سەرجەم بونیادەی بوونی ناوبراودا، بوونەوەرێکی سەرتریش نییە، چونکە هەر بوونەوەرێك دەبڕێتەوە. ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی پیرۆزە، واتا نەدەرك دەکرێ و نە شی دەکرێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ پرسیاری پێوەندیدار بە ناسینی ئەو حەقیقەتانەوە کە بۆ مرۆڤ گرنگن تلێش سەرەتا باس لە ناوەڕۆکی ناسین دەکا. لە تێگەیشتنی ناوبراودا ناسین هەموو پێوەندییەکانی مرۆڤ و جیهان لەخۆ دەگرێ. بە واتایەکی تر، ناسین جگە لەوە کە وەرگرە، فۆڕم دەریشە. بونیادەی زەینی مرۆڤ خاوەنی توانای ناسینە بەو مانایە. مرۆڤ، لە بەرانبەر عەقڵی ئامرازیدا، خاوەنی عەقڵی ئەنتۆلۆژیانەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵ و کۆششی ناوبراو بۆ تێگەیشتن لە ڕاستەقینە و فۆڕم پێدانی (ناسین) بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و مەترسی بێ مانایی و نەبوونی قەتعییەت دایە و لەو ڕێگەوە هەندێ تێشوی ناسین و زانست کۆ دەکاتەوە و پێی دەژین. بە واتایەکی تر لە بەرانبەر هەڕەشە و مەترسی بێ مانایيدا خۆڕاگری دەکا. هۆکاری ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵ و کۆششەکانی ئێمە بۆ ناسین لە گەڵ مەترسیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە عەقڵی ئەنتۆلۆژیانەی ئێمە دەبڕێتەوە. تێگەیشتنی عەقلانی مرۆڤ لە جیهان ڕووبەڕووی سێ کێشە و ئاستەنگی سەرەکی دەبێتەوە: یەك، تێگەیشتنێکی ئەوتۆ هەم لەخۆ گری هەندێ توخمی لۆژیکییە و هەم لەخۆ گری هەندێ توخمی سۆزاوی و هەستەکییە و ئەوەش زۆر جار

گرژی و ناکۆکی لیٚ دەکەویٚتەوە. دوو، ناسینی عەقلانّی جیهان لە هەمان کاتدا هەم لەخۆ گری لایەنی چەقبەستوویە و هەم لایەنی دینامیك کە پیٚکەوە دەکەونە گرژی و ناکۆکییەوە. ئەو گرژییە بە شیٚوەی گرژی نیٚوان ڕەهاخوازی و ڕیٚژەییخوازییەوە دەردەکەویٚ. مەبەستی ڕاستەقینەی ناسین لیٚك کۆکردنەوەی ڕەها و ڕیٚژەییە. سیٚیەم، ناسین لەخۆ گری گرژی نیٚوان پشت بە خۆ بەستن، وەك دوا هۆکار لە ناسیندا و پشت بە ئەوی تر بەستنە (بۆ نموونە لەسەر نەریت یان سەرچاوەکان و پیٚوانە دەرەکییەکان). ئەویتر لەخۆ گری پیٚوانەکانی ئەوپەری حەقیقەت و جوانی و خیٚرە. ئامادەیی ئەو پیٚوانانە بە مانای ئامادەیی دەسەلاٌتی بوونە، بەلاٌم چونکە مرۆڤ ئاگاداری ئەو دەسەلاٌتە نییە بەردەوام لە نیٚوان ئەو دوو لایەنەدا سەرلیٚشیٚواوە. سڕینەوەی گرژی نیٚوان خۆ و ئەویتر لە ناسیندا پیٚویستی بە ئاویٚتە کردنی پیٚوانە دەرەکییەکان لەگەلّ بۆچوونی خۆو بەناوخۆیی کردنی ئەوان هەیە. بە گشتی مانا بەخشین بە ژیان پیٚویستی بە مەعریفەیەك هەیە کە هەم لۆژیکی بیٚ و هەم هەستەکی، هەم ڕەها بیٚ و هەم ڕیٚژەیی، هەم لە ناوخۆی ئیٚمەدا بیٚ و هەم لە دەرەوەی ئیٚمەدا.

تلّیش بۆ وەلاٌمی پرسیاری ئەپیستمۆلۆژیانەی مرۆڤ لە مەسیحدا دەگەڕیٚ وەك سیمبۆلی لۆگۆس (وشەی خوا یان عەقلّی گشتی). مەسیح بەو مانایە ڕەنگدانەوەی ئەوپەر هیواکانی مرۆڤە و بنەما و بنچینە دەبەخشیٚتە مانا. وەحی و موعجیزە دوو هۆکاری سەرەکی و تەواوکەرن بۆ مانا بەخشی. لە ڕیٚگەی وەحی و موعجیزەوە بنەمای مانا لە ژیاندا خۆی لە تاکەکان ئاشکرا دەکا. عیسا خۆی موعجیزەی سەرەکی مەسیحییەت بوو و بنەمای مانای بەخشییە ژیانی لایەنگرانی. بە باوەڕی تلّیش بنەمای مانا ڕەنگە بەردەوام لە عەقلّی ئەنتۆلۆژیکی ئیٚمەدا ئامادە بیٚ، بەلاٌم بە بیٚ وەحی لیٚی ئاگادار نابینەوە. ئامادەیی فیزیکی مەسیح دەبیٚتە مایەی وشیاری دەربارەی ئامادەیی بنەمای مانا. بنەمای مانا، هەر وەك دەسەلاٌتی بوون لە باسی ڕابردوودا، ڕازیٚکی سەربەمۆرە و نابیٚ لەگەلّ نیٚوبژیوان واتا مەسیح لیٚمان تیٚك چیٚ. مەسیح تەنیا نیٚوبژیوانی بنەمای مانایە نەك خودی مانا. لە ڕیٚگەی مەسیحەوە تەنیا ڕاستەقینەی ئەو ڕازە ئاشکرا دەبیٚ. کەواتە بە گشتی مەسیح وەك سیمبۆلی لۆگۆس وەلاٌمدەری گرفتەکانی ناسینە و گرژییەکانی نیٚوان لایەنی لۆژیکی و لایەنی هەستەکی و لایەنی ڕەها و لایەنی ڕیٚژەیی و دواجار گرژییەکانی نیٚوان لایەنی ناوخۆ و دەرەکی مەعریفە چارەسەر دەکا.

پرسیاری سێیەم، واتا پرسیاری لەخۆنامۆبوونی مرۆڤ ، پێوەنـدی بـە سروشـتی مرۆڤـەوە هەیە. بوون بە مانای لە دەرەوە بوونی نەبوون نییە و ئەو نەبوونە هـەمان هێـزی شـاراوەی و مەجالی بوونی ئێمەیە، واتا سروشتی ئێمەیـە. بـوون واتـا بـوونی مـەودا و نـامۆ بـوون لـە سروشتی ئێمە. دۆخی وجودی مرۆڤ هەمان نامۆ بوونە لـە دەسـەڵاتی بـوون. هـەر وەك لـە پرسیاری یەکەمدا باسکرا، نەمان هەڕەشە لە مرۆڤ دەکا و لێرەدا ئەو هەڕەشەیە دێتـە بـواری کردەوەوە. لە ئەنجامدا، پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و خەڵکانیتر و جیهاندا بەردەوام پەشـێو و دابڕاوە. ئەو دۆخە لە مرۆڤ دا بە شێوەی تەنیایی و بـێ مانـایی دەردەکـەوێ. سـیمبۆلەکانی داکەوتن و گوناه لە مەسیحییەتدا ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە و باس لەوە دەکا کە گواسـتنەوە لە سروشتەوە بۆ وجوود و پەشێوی وجوودی دەرئـەنجامی ئـازادی و چارەنووسـی ئێمەیـە ئـەو گواسـتنەوە ناسروشـتی و ناعەقڵانییـە دابڕانێکـە کـە ئـازادی ئێمـە پێکـی دێنـێ. گونـاه ڕەنگدانەوەی بەرپرسایەتی تاکەکەسییە لەو لەخۆ نامۆ بوونەدا، بـەڵام داکـەوتن چارەنووسـی مرۆڤە. بە بۆچوونی تلێش بۆ وەڵامی پرسیاری نامۆ بوون دەبـێ لـە مەسـیحدا بگـەڕێن وەك دەسەڵاتی بوونی نوێ. مەسیح پەناگای مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی بوونێکی نـوێ کـە هێـزی بـوون پێشانی سروشتی سنوورداری مـرۆڤ دەداتـەوە. ڕێگـە چـارەی نـامۆیی بـوونی مـرۆڤ ئاشـت بوونەوەیە لەگەڵ هێزی بوون کە ئەوسا مرۆڤ هەم لەگەڵ خۆی ئاشت دەبێتـەوە و هـەم لەگـەڵ خەڵکانی تردا. مەسیح هێزی مانا دەبەخشێ و لە ئاکامدا، مرۆڤ لەگەڵ ئەو کۆدەی بنـەمای بوونە دەبێ بە یەك. بەڵام ئەو دۆخە تەنیا لە ساتەوەختێکدا دێتە دی و پەشێوی بوونی مـرۆڤ ناسڕێتەوە. مەسیح لە بارودۆخی بەردەوامی نامۆیی مرۆڤ دا هێزی بـوونی نـوێ دەبەخشـێتە مرۆڤ ، بەڵام بوونی خوا یان هێزی بوون شیکردنەوەی بۆ نییە. خوا بەشداری دەکـا لـە دۆخـی بوونی پەشێوی ئێمەدا. لە خاچدانی عیسا بـە مانـای ئـامـادەیی خوایـــە لـــە هـەناوی نـــامـــۆیی قووڵی مرۆڤەکاندا. مەسیح وەك مرۆڤ — خوا هەم دەکەوێتە بەر مەترسی نامۆیی و پەشێوی بوونەوە و هەم هێزی بوون لە ڕێگەی ئەوەوە دەگوازرێتەوە بۆ خەڵکانی تـر. کـاتێ پەشێوی بوون لە ڕوویەکەوە (واتا ژیانی مەسیحەوە) تووشی شکسـت هێنـان دەبـێ، کەواتـە دەکرێ بە گشتی بڵێین شکست خواردوویە.

دوو پرسیاری دوایی تلێش پێوەندی بە پرسی فیعلییەت یان بـوونی مرۆڤـەوە هەیـە واتـا ژیانی بابەتی و کۆنکرێتی مرۆڤەوە. فیعلییەت تێکـەڵاوی کـۆنکرێتی سروشـت و بـوون یـان

بەکردەیی بوونی سروشتە لە بووندا. مرۆڤی کردەیی بەدەر لە لایەنی لەش و ماددی لایەنی ڕوحیشی هەیە و ڕووح یەکگرتوویی دەسەڵاتی ژیان و مانایە. بە واتایەکی تر، ڕووح هێزی گونجاندنی ژیانی لەشە لەگەڵ هزر و یۆتۆپیا و ماناکاندا. بەو مانایە ڕووح عەقڵ و ئەوین و شەهوەت لەخۆ دەگرێ. بوونی بەکردەیی مرۆڤ دەبێ سێ دەور بگێڕێ: دەوری یەکەم، سازدانی یەکریزی لەگەڵ پانتای ئەخلاقدا؛ دەوری دووەم، خودسازی (پانتای کولتوور)؛ دەوری سێیەم، تێپەڕکردنی خۆی (پانتای ئایین).

یەکبوون لەگەڵ خود واتا پانتای ئەخلاقی، سێ لایەنی هەیە: لایەنی یەکەم، یەکریزی لە ناوخۆ دایە، واتا لە ژیانی ئەخلاقیدا دەبێ یەکریزو سەنتەرتەوەر بین، کەواتە بەرپرسین لە بەرانبەر هەڵبژاردنی یۆتۆپیاتەوەرەییەکانماندا. لایەنی دووەم، هەنگاونان بەرەو ئەزموونی نوێ، واتا هەر چەشنە ژیانێکی ئەخلاقی یەکریز لە بنەمادا لێڵ و تەماوییە. هەر کردەوەیەکی ئەخلاقی کردەوەکانی تر دەکاتە قوربانی یان زیان دەگەیەنێتە ئەوانی تر. بەڵام چونکە ژیانمان بەلای یەکریزی و سەنتەرتەوەرەییدا دەشکێتەوە، ئەو پرسیارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە داخوا دەکرێ بگەین بە ئەخلاقێکی بەدوور لە لێڵایی و تەم؟ ئەو لایەنی سێیەمە، واتا گەڕانەوە بۆ یەکریزی لەگەڵ خود.

دووەم ڕۆڵی بوونی بەکردەوەی مرۆڤ ،خودسازییە واتە پانتای کولتوور. کار، بەرهەمهێنان، دروست کردنی سیمبۆل، کولتوور و هونەری ئێمە هەر هەموویان باس لەو مانایە دەکەن کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەوانەوە دەگا بە خودسازی و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا. بەڵام لێڵایی و تەم لێرەشدا بەدی دەکرێ، چونکە ئەو دەرکەوتە و پێکهاتانەش هەم ژیانێکی نوێ پێك دێنن و هەم مەجال بە سەرهەڵدانی ژیانەکانی تر نادەن. کەواتە ئەو جار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە کە داخوا دەکرێ بگەین بە کولتوورێکی بەدوور لە لێڵایی و تەم؟

ڕۆڵی سێیەم تێپەڕکردنی خود و هەنگاونانە بەرەو سەرووتر کە دەکەوێتە پانتای ئایینەوە. ئایین خۆی لەخۆ گری دوو پانتاکەی پێشووە واتا ئەخلاق و کولتوور؛ چونکە ژیانی ئەخلاقی و کولتووری بەردەوام بەرەو بەرزایی دەکشن. کەواتە سەرجەم کردەوە ئەخلاقی و کولتوورییەکان لایەنی ئایینیان هەیە. بەڵام هەوڵ دان بۆ تێپەڕ کردنی خۆش لە ڕێگەی ڕێوڕەسم و بونیادە ئایینییەکانەوە لەخۆ گری لێڵایی و تەمە، چونکە ئەو ڕێوڕەسم و پێکهاتانە بابەتگەلێکی بڕاوەن کە دەخوازن بێ بڕانەوەیەك دەربخەن کە ئامانجی تێپەڕ کردنی خۆی مرۆڤە. کەواتە

دواجار ئەو دەرکەوتانە دەبنە لەمپەر لە بەردەم ویستی تێپەڕکردن (ئیستیعلا). بەو شێوەیە ئایین بە گشتی تەماوییە و پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە داخوا دەکرێ لە ڕێگەی ئایینی بێ تەمەوە بتوانین ڕەوتی تێپەڕ کردنی خود بپێوین؟

تلێش بۆ وەڵامی پرسیارەکانی پێوەندیدار بە ئەخلاق و کولتوور و ئایینی تەماویی لە سیمبۆلە مەسیحییەکانی وەك ئامادەیی ڕووح و شانشینی خوا دا دەگەڕێت. ئامادەیی ڕووح، سیمبۆلی پەروەردگاری ئامادە لە ژیانی ڕوحی مرۆڤ دایە. ڕووح تەواوترین سیمبۆلی خواوەندە. خواوەند وەك ڕووح (بە پێچەوانەی خواوەند وەك ئافرێنەر، یان مەسیح وەك دەسەڵاتی نوێ) لە ڕاستەقینەی کۆنکرێتی ژیانی مرۆڤ دا دەردەکەوێ. ئامانجی تێپەڕکردنی خود گەیشتن بە ئامادەییە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ لە خوا تێ بگا چونکە سەرەتا خوا لە مرۆڤ تێ دەگا. لە ئاکامدا مرۆڤ دەگا بە ژیانی بێ تەم. بەڵام ئەو ئەزموونەش بەردەوام پچڕپچڕە و سروشتێکی تەماوی هەیە. گەیشتن بە ئامادەیی بەردەوام لە چوارچێوەی جڤاکێکی ڕووحانیدا دێتە ئەنجام. جڤاکی ڕووحانیش پێویست ناکا کڵێسە بێ، بەڵکو بونیادەی ناوخۆی هەموو گرووپ و جڤاکە ئایینییەکانە. کاتێ جڤاکی ڕووحانی بەو مانایە دەستەبەر بوو، لێڵایی و تەم لە تێپەڕکردنی خود دەسڕێتەوە و چونکە لێڵایی و تەمی پانتای ئەخلاق و کولتووریش پەیڕەوی لێڵایی و تەمی پانتای ئایینن، کەواتە ئەزموونی ئامادەیی ڕووحانی، ساتەوەختی سڕینەوەی لێڵایی و تەم لەو دوو پانتایەشە. بە هەر حاڵ ساتەوەختەکانی سڕینەوەی لێڵایی و تەم پچڕپچڕ و پاڕادۆکسیکاڵە. هەر چەند لە هەموو کۆمەڵگاکاندا دێتە دی.

دواپرسیار دەربارەی ئەگەری هاتنە دی ژیانێکی بەدوور لە لێڵایی و تەمە لە مێژوودا، پرسیارەکەش بە کورتی ئەوەیە کە داخوا مێژوو مانای هەیە؟ لە ڕوانگەی تلێشەوە مێژووش دەبێ سێ دەوری هاوشێوە بگێڕێ: ڕۆڵی یەکەم، پێکهێنانی یەکریزییە لەگەڵ خود، ئەوەش بەو مانایەیە کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و دادپەروەرانە هەماهەنگی پێك بێنێ لە نێوان خەڵك و گرووپەکاندا؛ ڕۆڵی دووەم، خولقاندنی دۆخێکی بێ تەم و لێڵاییە، چونکە لەو بوارەشدا تەم و لێڵایی دێتە ئاراوە؛ ڕۆڵی سێیەم ئەوەیە کە دواجار هەنگاو بنێ بۆ تێپەڕکردنی خود بە بێ لێڵایی و تەم لە هێزی شاراوە و سروشتی بوونی. پاشایەتی خواوەند وەڵامێکە بۆ پرسیاری ئەگەری بوونی ژیانێکی بەدوور لە تەم و لێڵایی لە مێژوودا. پاشایەتی خواوەند سیمبۆلی ئامادەیی ڕووحە لە مێژوویی هەر ئەتنیك و گرووپێکدا و ئەو ئەتنیك و گرووپە دەخاتە

ناوەندی مێژووە و ئەو بڕگە تایبەتە لە مێژوودا بەلای هەموو گرووپەکانی ترەوە گرنگە، چونکە دەربڕی زاڵ بوونە بەسەر تەم و لێڵاییی لە فیعلییەتی بوونی مرۆڤ دا. ئەزموونی یەکریزی و داهێنان و تێپەڕکردنی بەدوور لە تەمومژ لەو خولانەدا هەمان ئەزموونی ماناداری و ئاڕاستەمەندی مێژووە. بە واتایەکی تر، پاشایەتی خواوەند دەربڕی ئەوەیە کە ئامانجی ناوخۆیی زەمان بەرز کردنەوەی بڕانەوەیە بۆ ناوەوەی بێ بڕانەوە یان پەیوەست بوونی زەمانە بە سەرمەدییە (ئەبەدییەت)وە. کەواتە توخمی سروشتی هەر بوونێك دەمێنێتەوە و زەمان و ژیانی کۆتایدار (متناهی) لە ژیانی سەرمەدیدا شوێندانەرن. ئەو پرۆسە گشتییە تەنیا لە ڕوانگەی خواوەندەوە بەدی دەکرێ. بە واتایەکی تر، هەموو شت لە خواوەندا ڕوودەدا. ژیانی خواوەند لە ڕێگەی لەخۆ نامۆ بوونەوە ڕووبەڕووی بوون دەبێتەوە و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ خۆی و پانتای بوون و زەمانیش لەخۆ دەگرێ.

بەو شێوەیە ئامانجی تلّیش وەڵامدانەوە بە پرسی سەرەکییە بێ وەڵامەکانی سەردەمی مۆدێرنە واتا پرسی تێداچوون و مەجالی ناسینی حەقیقەتو نامۆیی مرۆڤ و مەجالی ژیانی ڕەسەن و واتاداری مێژوو، لە ڕێگەی سیمبۆلەکانی مەسیحییەتەوە. هیچ گومانێك لە گرنگی ئەو پرس و کەڵکەڵە بنچینەیانەدا نییە کە بۆ مرۆڤی مۆدێرنی پێك دێنن، هەر چەندە وەڵامەکانی تلّیش پێویستی بە باوەڕ بە ئایینە. لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی ناوبراو ئەوەیە کە مەسیحییەت لە قووڵترین کەڵکەڵە فکری و کولتوورییەکانی سەردەمی مۆدێرن گرێ بدا و وەڵامەکانیان لە ئاییندا بدۆزێتەوە. لە ڕوانگەی تلّیشەوە گرنگترین دەوری ئایین لە سەردەمی مۆدێرندا ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو دڵەڕاوکێ گشتگیرەی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی بێ مانایی. گرفتی سەرەکی سەدەی بیستەم دڵەڕاوکێیە کە دەرئەنجامی لەناوچوونی سەنتەرییەتی ڕووحانییە لە سەردەمی مۆدێرندا.

تلّیش لە کتێبی «ئازایەتی بوون»دا بە تێروتەسەلی باس لە سەردەمی مۆدێرن دەکا وەك سەردەمی دڵەڕاوکێ. بە بۆچوونی ناوبراو هەنووکە دڵەڕاوکێ بۆتە دیاردەیەکی گشتگیر و سیمبۆلەکانی دڵەڕاوکێ لە هەموو شوێنەکاندا بەدی دەکرێ. هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، نەبوون لە سێ لاوە هەڕەشە لە بوونی مرۆڤ دەکا و لە ئاکامدا سێ جۆرە دڵەڕاوکێ دێتە ئاراوە. ئەو سێ مەترسییە بریتین لە: مەرگ، کە لە ڕووی بوونەوە هەڕەشە لە مرۆڤ دەکا؛ بێ مانایی، لە ڕووی ڕوحییەوە مەترسییە بۆ سەر مرۆڤ؛ هەستی گوناە کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە

هەڕەشە لە مرۆڤ دەکا. سێ فۆڕمی سەرەکی دڵەڕاوکێ، واتا دڵەڕاوکێی مەرگ و بێ مانایی و گوناە، لەو مەترسیانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو دڵەڕاوکێیانە لە هەر سێ فۆڕمیدا وجوودین، واتا دەرئەنجامی شێوازە نائاسایی و نەخۆش ئاساییەکانی زەینی مرۆڤ نین. هەر کام لەو دڵەڕاوکێیانە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی ڕۆژئاوادا سەریان هەڵداوە: دڵەڕاوکێی مەرگ لە کۆتاییەکانی شارستانییەتی کەونارادا زاڵ بوو؛ دڵەڕاوکێی ئەخلاقی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا زاڵ بوو و دڵەڕاوکێی ڕوحی، واتا بێ مانایی، لە سەردەمی مۆدێرندا زاڵ بووە. هۆکارە سەرەکییەکانی زاڵ بوونی دڵەڕاوکێی بێ مانایی لە سەردەمی مۆدێرندا دەگەڕێتەوە بۆ هەرەسهێنانی ڕەهاکان و سەرهەڵدانی لیبراڵیزم و سەرکەوتنی شارستانییەتی پیشەسازی. لە ڕوانگەی تلیشەوە، لە کاتی ئاڵوگۆڕە مەزنەکاندا دڵەڕاوکێ گشتگیر دەبێ و بە دوو فۆڕمی سەرەکی خۆ دەردەخا: یەکەم، بە شێوازی دڵەڕاوکێی دەرئەنجامی سنووردار بوونی خنکێنەری فەزا کە هەستی نەگونجاو بوونی هەلاتن و ترس لە داکەوتنی لێ دەکەوێتەوە؛ دووەم، دڵەڕاوکێی دەرئەنجامی پانایی وردکەری فەزا، واتا هەستی داماوی لە فەزایکی بێ برانەوە و بۆش و ڕەشدا. مرۆڤی مۆدێرن گیرۆدەی هەر دووکی ئەو دڵەڕاوکێیانە بۆتەوە.

**ئیدوارد سکیلبێکس:**

سکیلبێکس، خواناسی هۆلەندی گرووپی دومینیکەن، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لە پاریس دەستی بە خوێندن کرد. لەگەڵ مێرلۆپۆنتی[1](١٩٠٨-١٩٦١) و ئالبر کامۆدا[2](١٩١٣-١٩٦٠) پێوەندی هەبوو و لە ژێر کاریگەری ئیگزیستانسیالیزم دا بوو. لە ساڵی ١٩٥٧ بوو بە مامۆستای مێژووی خواناسی زانکۆی نیمگەن[3] لە هۆڵەندا. بەرهەمە سەرەتاییەکانی زۆرتر پێوەندی بە مەسیحناسی و ڕێوڕەسمە پیرۆزەکانەوە هەبوو، بەلام لە قۆناغی دووەمی ژیانی فکری خۆیدا واتا لە ساڵی ١٩٦٥ بە دواوە دەستی کرد بە تاوتوێ کردنی پێوەندی نێوان ئایین و دونیا و لەو بوارەدا زۆر بە خەستی کەوتە خوێندنەوەی

1. Maurice Merleau-Ponty
2. Albert Camus
3. Nijmegam

هێرمێنـــوتیکی هایدیگـــەر و گادامـــەر[1](-١٩٠٠ ) هـــەروەها فەلســـەفەی زمانـــەوانی ڤیتگنشـــتاین، دیاردەناســـی و بۆچـــوونە ڕەخنەییـــەکانی هۆرکهایمـــەر[2](١٨٩٥-١٩٧٣) و هابرماس. گرنگترین نووسینەکانی بریتین لە: خـوا: دوارۆژی مـرۆڤ (١٩٦٨)، تێگەیشـتن لـە ئیمان (١٩٦٨)، عیسا: ئـەزموونێك لـە مەسـیحناسـیدا[3](١٩٧٩)، کڵێسـە بـە سـیمایەکی مرۆییەوە[4](١٩٨٦).

بابەتی سەرەکی نووسینەکانی سکیلبێکس بریتییـە لـە پێوەنـدی نێـوان ئـایین و دونیـا، پێوەندی نێوان ژیانی ئایینی و ژیان بە گشتی، مانای ڕزگاری لە کۆمەڵگا سـێکیولارەکاندا و دەوری کۆتاییناسی ئایینی لە تێگەیشـتنی مێـژووی مـرۆڤ دا. لـە نووسـینەکانی نـاوبراودا مەسیح وەك پاڕادایمی جۆری مرۆڤ دەردەکەوێ؛ پراکسیسی عیسا پاڕادایمی گەیشتن بە کەماڵی مرۆڤایەتی و ڕێگەی دەرچوونە لە دەرد و ئازاری جیهانی مۆدێرن. بە گشـتی هـەوڵی نـاوبراو سازدانی یەکگرتوویی بوو لە نێوان ئایین و مۆدێرنیتە لە ئەزموونی مرۆڤ و مێژووی مرۆڤ دا و باوەڕی مەسیحی بە شێوەیەك بۆ مرۆڤی مۆدێرن دەخستەڕوو کە لێی تێ بگا.

یەکێك لە گرنگترین چەمکەکان لە خواناسی سکیلبێکسدا دەوری ئەزموونی مرۆییـە لـە باوەڕی ئایینیدا. بە بۆچـوونی نـاوبراو ئـەزموونی مرۆیـی دژی وەحـی و سروشـتی خواوەنـد ناوەستێتەوە، بەڵکو ڕێگەیەکە لەو ڕێگەوە لە نێوان خوا و مـرۆڤ دا پێوەنـدی دێتـە ئـاراوە. مەبەستی ناوبراو لە ئەزموون، هـەموو تێگەیشـتن و کـردەوە و ڕووداوە مرۆییەکانـە. هـەروەها وەحی و سروشتی خواوەندی تەنیا وتە و حوکمەکانی خواوەند نین، بـەڵکو لـە دەقـی ئـەزموونی مرۆییدا دێنە دی و پێوەندییـەکی دیالـەکتیکیان لەگەڵیـدا هەیـە. کەواتـە ئـەزموونی مرۆیـی دیاردەیەکی گەلێ ئاڵۆزە. ئەزموون لە ڕێگەی زمانەوە سوودمەندە، بـەڵام زمـان و چـەمکەکان هیچ کات هەمووی ئەزموون لەخۆ ناگرن. ئەزموون دواجار لـە لایـەن چـەمك و عـەقڵانییەتـەوە دەستی بەسەردا ناگیرێ، هەرچەند عەقڵانییەت و زمـان بـۆ دەرك کردنـی ئـەزموون پێویسـتن. ئەزموونی مرۆیی هەڵگری ڕازێکە کە خۆی ڕێگەیەکە بەرەو مەعریفە. بنچـینەی دەرك کردنـی

---

1. Hans George Gadamer
2. Max Horkheimer
3. Jesus: An Experiment in Christology
4. The Church With a Human Face

خوا له ئەزموونددا ئەوەیە. چونکە زمان و عەقڵانییەت ناتوانن لە ئەزموونی ئاڵۆزی مرۆیی بە گشتی تێ بگەن، کەواتە هیچ ڕوانگەیەکی مرۆیی ڕەها نییە. هەر بە هەمان شێوە هەڵوێستی مەعریفەیی کلێسە لەچاو قووڵایی سامناکی ئەزموونی مرۆڤ دەبێ بە بابەتێکی پاژی و ڕێژەیی. هەر لەو ڕووەوەیە کە بە بۆچوونی سکیلبێکس، بۆ شرۆڤەی مێژوو و ئەزموونی مەسیحییەت دەکرێ لە چوارچێوە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفی کەڵك وەرگیرێ. بە گشتی مەعریفە بە تەواوی ڕوانگەیە. بە واتایەکی تر، هیچ زمانێکی ڕەها بۆ تێگەیشتنی ڕازی بوون لە ئارادا نییە.

سکیلبێکس هەروەها بە جەخت کردن لە سەر ئەزموون بەو مانایە، ئاوڕیش لە لکاوی بوونی مێژوو دەداتەوە. مێژوو هەمان ئەزموونی لێك دانەبڕاوی کۆمەڵگایە کە گرنگییەکی تەواو ئایینی هەیە. ڕەنگە ئەو ئەزموونە پەیوەستەیە لەگەڵ وانە ئەبستراکتەکانی کلێسەدا بکەوێتە ناکۆکییەوە. ئەگەر وابێ چارە چییە؟ بە باوەڕی سکیلبێکس ڕاستی و دروستی باوەڕ تەنیا لە پڕەنسیپە ئەبستراکتەکاندا نییە، بەڵکو لە دیالەکتی نێوان بۆچوون و کردەوە دایە. ناوبراو لە بەرانبەر ئۆرتۆدۆکسدا ئەو چەمکە وەك ئۆرتۆپراکسیس (Orthopraxis) ناوزەد دەکا. بەو شێوەیە ئەزموونی مرۆیی لە بنەمادا خۆی پیرۆزە و پیرۆزی لە پڕەنسیپ و حوکمە ئەبستراکتەکاندا شاراوە نییە. مێژووی لێك دانەبڕاو خۆی بەشێکە لە پرۆسەی ئایین و ئەزموونی مرۆیی خۆی ڕەهەندی وەحی و شوێنی ئامادە بوونی خوایە.

یەکێکی تر لە چەمکە سەرەکییەکانی خواناسی سکیلبێکس ئەزموونە ناکۆکەکانە. بە بۆچوونی ناوبراو کاتێ ئێمە دان بە پەیوەستە بوونی ئەزموونی مێژووییدا دەنێین، دەبێ ئاوڕیش لە پرسی دەرد و ئازاری مرۆڤ و گوناه و نادادپەروەری بدەینەوە. ئەزموونە ناکۆکەکان هەر ئەو دەرد و ئازارەی مرۆڤە کە دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ پاڕادایمی عیسا وەك مۆدێلی ژیان. ئەزموونە ناکۆکەکان دەربڕی هەندێ دۆخی قووڵن لە مرۆڤ دا. ڕەنج و ئازار گریمانەی مرۆڤ دەربارەی کۆمەڵگای ئایدیال خەوشدار دەکەن و ڕوانگەیەکی ڕەخنەیانەی تێدا پەروەردە دەکەن. ئەو ئەزموونانە تایبەتمەندییەکی ئاشکراکەریان هەیە و لەو ڕووەوە ڕوانگەیەکی سەرچڵە بۆ بینینی جیهان. بۆچوونی ستەم چێشتوان دەربارەی جیهان بۆچوونێکی سەرترە و پاڵنەرێکیشە بۆ خەبات لە ڕێگەی وەدیهاتنی پاڕادایمی مەسیح. هەموو ئایدۆلۆژیا کەماڵخوازەکان لەو ڕوانگە ڕەخنەیانەدا هاوبەشن کەواتە دەتوانن لە هاتنە دی ئەو پاڕادایمەدا هاریکاری بکەن. وەدیهاتنی پاڕادایمی مەسیح بە مانای هاتنە ئارای پاشایەتی خواوەند و

گەڕانەوەی دووبارەی عیسا مەسیحە. بە باوەڕی ناوبراو ئەزموونە ناکۆکەکان لە توندترین لایەنی خۆیاندا لە ژیان و مەرگی عیسادا دەردەکەوتن. عیسا نییەتی خێری هەبوو، بەڵام شکستی خوارد. کەواتە پشت بەستن بە ئەزموونە ناکۆکەکان، وەك بنەمای ڕەخنە، دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی مەرگی عیسا. لە ڕوانگەی سکیلبێکسەوە دەرد و ئازاری مرۆڤ پێویستی بە بوونی خوا هەیە لە جیهاندا ، چونکە خوا بە مانا مەسیحییەکەی زۆر نزیکە لە دەرد و ڕەنج و خەباتە مرۆییەکانەوە و خۆی نوێنگەی ئەو نزیکییەیە. بوونی خوا لە جیهاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆی لە ڕێگەی نێوبژیوانەوە، واتا لە ڕێگەی مێژۆوە لە جیهاندا بوونی هەیە و لەو ڕووەوە بە تەواوی ڕاستەوخۆ و ئامادەیە. خوا مێژووی کردۆتە نێوبژیوانی ئامادەیی خۆی لە جیهانی مرۆییدا. هەر وەك ئاماژەی پێدرا، ئەزموون و مێژوو خوا و مرۆڤ لێك ناکەن، بەڵکو ڕەهەندێکن بۆ ئامادەیی خوا. ڕیشەی ئەزموونی مێژوویی دەچێتەوە سەر خوایەك کە خوازیارە لەگەڵ مرۆڤ دا پێوەندی ساز بدا. ئەزموونە ناکۆکەکان ئێمە لە خوا نزیکتریش دەکەنەوە. کەواتە ڕزگاری لە کۆمەڵگا سێکیولارەکاندا هەروا پرسێکی گرنگە و مرۆڤ لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا دەتوانێ ڕزگاری وەدەست بێنێ.

بە گشتی هەوڵی سکیلبێکس ئاوێتە کردنی ئایین و مۆدێرنیتەیە لە ئەزموون و مێژوودا، لەو ڕووەوە دژبەرانی دەڵێن تەئکید کردن لەسەر مێژوو و ئەزموون دەسەڵاتی دۆگماکان لاواز دەکا و دەیانکاتە ڕێرەوی ئەزموونی مێژوویی. بەڵام سکیلبێکس زۆر گرنگی دەدا بە شرۆڤەی زمانی دۆگما ئایینییەکان و بەو پێیە تێگەیشتنی مێژوویی لە ئایین گرنگایەتی پەیدا دەکا. مێژوو وەك پێشمەرجی تێگەیشتنی دۆگماکان هیچکات پانتایەکە جێ ناهێڵێ. بە باوەڕی ناوبراو لێکدانەوە مێژووییەکان پێوەندییەکی دیاریکەریان لەگەڵ دۆگما ئایینییەکاندا هەیە. بەم شێوەیە سکیلبێکس لە ڕێگەی ئاشت کردنەوەی مێژوو و ئایینەوە دەخوازێ وابکا باوەڕی مەسیحی بۆ مرۆڤی مۆدێرن دەرك بکرێ و مسداقیەتی مەسیحییەت بۆ جیهانی مۆدێرن بچەسپێنێ. ئەو جیهانەی کە ئیتر لە فۆڕمی نەریتی پەیامی مەسیحییەت تێ ناگا. کەواتە مەبەستی سەرەکی ناوبراو پێکهێنانی زەمینەی گفتوگۆیە لە نێوان ئایین و جیهانی نائایینیدا.

# (٨)

# له كۆنسەرڤاتیزمەوە تا هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرنیزم

«هزری پۆست مۆدێڕن زۆر جار بە هزری پێش مۆدێڕن دەچێ، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر دووکیان دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە.»

«کاهون»-«لە مۆدێرنیزمەوە تا پۆست مۆدێرنیزم»

یورگن هابرماس بەم شێوەیە بەڵگەی هێناوەتەوە کە لە سەدەی بیستەمدا هاوپەیمانەتییەکی سەیر لە نێوان نەریتخوازی و کۆنسەرڤاتیزم و پۆست مۆدێرنیزمدا هاتۆتە ئاراوە. ناوبراو کۆنسەرڤاتە فەلسەفییەکان بە سەر سێ دەستە دابەش دەکا: دەستەی یەکەم، نییوکۆنسەرڤاتەکانی وەك لۆدڤیك ڤیتگنشتاین؛ دەستەی دووەم، کۆنسەرڤاتە کۆنەکانی وەك لیۆ شتراوس؛ دەستەی سێیەم، کۆنسەرڤاتە لاوەکانی وەك میشێل فۆکۆ ( Michel Foucault)(1926-1984) و ژاك دریدا (Jacques Derrida) (1930 - ). بە بۆچوونی هابرماس هەموو ئەو کۆنسەرڤاتانە لە یەك شتدا هاوبەشن، ئەویش دژایەتی کردنی مۆدێڕنیتە و هزری ڕۆشنگەری ئەوروپایە.[١] بە سەرنجدان بە ڕادیکاڵ بوونی بۆچوونی کەسانێکی وەك فۆکۆ ڕەنگە ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی زێدەڕۆیانە بێ، بەڵام شك لەوەدا نییە کە لە نێوان هەندێ لە بۆچوونە کۆنسەرڤات و هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێڕنەکاندا وێکچوون هەیە. بۆ نموونە هەموویان لە بەرانبەر زانستگەرای، ئەزمونگەرایی، عەقلانییەت، مرۆڤگەرایی و پۆزەتیڤیزم بە هەموو شێوەکانییەوە دەوەستنەوە و وەك پێشمەرجی تێگەیشتن داکۆکی لە نەریت و زمان و مێژوو دەکەن. بۆچوونی هەندێ لە کۆنسەرڤاتەکانی سەدەی بیستەمیش لە ژێر کاریگەری ئەو

١. رابرت هولاب، یورگن هابرماس: نقد در حوزەی عمومی، ترجمەی حسین بشیریە، (تهران، نشر نی، ١٣٧٥)، فلل سوم.

هزرانەدا بووە کە شوێنێکی بەرچاویان هەبووە لە سەر هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرنیزمدا؛ بۆ نموونە هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، مایکل ئۆکشات لە ژێر کاریگـەری هایدگـەردا بـوو و باوەڕی وابوو کە بۆ دۆزینەوەی جیهانی ئایدیال دەبێ لە جیهانی بـەر لـە زانیاریـدا بگـەڕێن. ناوبراویش باوەڕی وابوو کە پلانی مۆدێرنیتە دەربارەی ئەگەری گەیشتن بە تێگەیشتنی تـەواو لە هزر و کردەوەی مرۆڤ بە پێی وتەزای زانست کارێکی بێ سەرئەنجامە. بە بۆچوونی نـاوبراو زانست دەربڕی بارودۆخی مرۆییە و بابەتییەتی دەرەکـی دەردەخـا و مـرۆڤ لـە نـاو جیهـانی دیسکۆرسە جۆراوجۆرەکاندا سەرگەردان و سەرلێشێواوە. ئۆکشات لە ڕەخنـەی عەقلانییـەتی دیکارتی دا بەڵگەی دێنایەوە کە خاڵی هەنگاونانی عـەقڵگەراکان «زەینی بـۆش واتـا شـك و نەزانی ڕەها»یە؛ کەواتە بە تەواوی لە نەریت دادەبڕێن و نەریت وەك زمانی دایك وایە کە لـە ڕێگەی عەقڵی پێشـترەوە فێـری نـابین. هـەروەها، ئۆرتیگـا یـی گاسـت بـاوەڕی وابـوو کـە سەرهەڵدانی زانستی نوێ دەبێتە مایەی هەرەسهێنانی سەرجەمی بینای مەعریفە. بە باوەڕی ناوبراو زانای ئەو سەردەمە چ لە فەلسەفەی نـاوخۆیی زانسـتەکەی و هـەروەها هەلومـەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەو زانستە نازانێ. بەو شێوەیە دەکرێ بڵێین زانستی مۆدێرن لە دەقـی نەزانییەکی نوێدا ڕێ دەکا.

بە گشتی هەر وەك ئاماژەی پێدرا، قوتابخانەی پـۆزەتیڤیزم لـە دژایـەتی لەگـەڵ میراتـی ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتە و هەروەها دژایەتی کردنی عەقلانییەت و هزری ئازادی و سەربەستی مرۆڤ دا سەری هەڵدا. کۆنسەرڤاتەکان نکۆڵی لە بانگەشـەی سـەرەکی مۆدێرنیتـە دەربـارەی ئازادی و زانیاری مرۆڤ دەکەن و پێیان وایە گیانلەبەرێکی گوێ لە مستی نـەریت و مێـژووە. بەو جۆرە کۆنسەرڤاتیزم بەردەوام هاوڕێ بووە لەگەڵ چەشـنێك بۆچـوونی فکـری کـە جـەخت دەکاتـە سـەر نـەریت و مێـژوو و نـەگونجاو بـوونی دابـڕان لێیـان و ڕووبـەڕووی ئـەو ڕەوتـە ڕۆشنگەرییە بۆتەوە کە پابەند بووە بە مەجالی سەرهەڵدانەوەیەکی نوێ و ڕزگار بوون لە دەقی نەریت و مێژوو. کەواتە ئەو فەلسـەفانەی لـە هەمبـەر بـاوەڕە سـەرەکییەکانی ڕۆشـنگەریدا سەریان هەڵداوە بێگومان پێوەندییەکی گشتیان بە کۆنسەرڤاتیزمەوە هەیە، هەرچەندە ڕەنگـە بە ناو و ناسناوی تر بناسرێن. داشکانەوەیەکی کۆنسەرڤاتیوانەی ئەوتۆ بەلای مێژوو و نەریتدا لە پانتایی تیۆرداڕشتنی فەلسەفیدا لە دەسپێکی سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵـداوە. بـەو شێوەیە ڕەخنەی دەرئەنجامـە سیاسـی و کۆمەلایەتییـەکانی مۆدێرنیتـە لـە هـزری سیاسـی

کۆنسەرڤاتانەدا لە ڕێگەی ڕەخنەی عەقڵ و زانستی مۆدێرن لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە دەگاتە دواقۆناغی خۆی. ئەو شێوە نواڕینە ڕەخنەییە پێمان دەڵێ مەعریفەی بابەتی و دەرەکی کارێکی نەگونجاوە و هەر ناسینێك پێویستی بە بەستێنێکی پێشتر هەیە؛ ئەزموونی پەتی شتێکی نەگونجاوە و بێگومان دەبێ ئاوڕ لە بەستێنەکانی بەر لە ئەزموونی مێژوویی، نەریتی، کولتووری و میتافیزیکی مەعریفەی زانستی بدەینەوە. بەم شێوەیە مرۆڤ سوژە و بکەرێکی ئازاد نییە، بەڵکو بەستراوەی دەقی مێژوو و نەریت و زمانە. بۆچوونە زانستییەکان پەتی نین بەڵکو لە بەستێنی گریمانە ئەنتۆلۆژییەکاندا یان لە چوارچێوە مێژوویی و نەریتییەکانی هزردا سەرهەڵدەدەن. هەر وەك چۆن بە پێی پرەنسیپەکانی کۆنسەرڤاتیزمی سیاسی سەرهەڵدانی سیستەمێکی سیاسی تەواو نوێ کارێکی نەگونجاوە، خستنەڕووی تیۆریەکی تەواو نوێ و دابڕاو لەو بەستێنانەش کارێکی نەگونجاوە.

ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێ ڕامانی پۆست مۆدێرن، ئاوێتەیەکە لە شێوە ڕوانینی ستراکچراڵیزم و هێرمێنوتیکی و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی نیچە، ڤیتگنشتاین، هایدگەر، لاکان، دریدا و فۆکۆ. بنەما فەلسەفی و تیۆرییەکانی ڕامانی پۆست مۆدێرن لە قوتابخانەی پۆست ستراکچراڵیزمدا لە دایك بوون. ئەگەر وردتر بگەڕێین ڕیشەکانی ئەو شێوە ڕامانە دەچێتەوە سەر بزووتنەوەی ڕۆمانتیك و دژە ڕۆشنگەری ئەورووپا. هەمووی ئەو ڕەوتە فکرییانە لە ڕاست عەقڵی سوژەتەوەر یان فەلسەفەی زانیاریدا ڕەشبین بوون و ڕەخنەیان هەبووە لە سەر دیسکۆرسی فەلسەفەی مۆدێرنیتە. شێوەیەکی ڕوونی ئەو ڕەخنەیە لە هزری فەلسەفی هایدیگەردا بەرچاو دەکەوێ. هایدگەر لە بەرهەمەکانی خۆیدا بە تایبەت لە کتێبی «بوون و کات»[1]دا (١٩٢٧)، ڕەخنە لە بۆچوونی دیکارتی دەگرێ وەك میتۆدی بنچینەیی مۆدێرنیتە. لە ڕوانگەی هایدگەرەوە بۆچوونی دیکارت لەمەڕ جیاوازی بنچینەیی نێوان ناسکار و بابەتی ناسین دۆخێکی لێ کەوتۆتەوە کە لەو دۆخەدا زانست وەك مەعریفەی سەرتر و بەش بەش زاڵە و بۆتە بنەمای بوون. لە ڕوانگەی دیکارتەوە، جیهان جەستەیەکی ماددی پاسیڤە کە هاوڕێی کۆمەڵێك لە جیاوازییەکانی دەرئەنجامی لێك دابڕانی سوژە و ئۆبژە دەبێتە بابەتی ناسین وەك بەشێك لەو جیاوازییانە دەکرێ ئاماژە بە جیاوازی نێوان ڕووح و

---

1. Sein and zeit (Being and Time)

لەش، خود و بابەت و عەقڵ و هەست بکەین. کەواتە مۆدێڕنیتە بە پێی خوێندنەوەی دیکارت دۆخێکە کە تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی نکۆڵی کردن لە بوونی مرۆڤ لە جیهان دایە. بە پێی ئەو جۆرە خوێندنەوەیە، زەینییەتێکی بەش بەش باڵی بە سەر جیهانێك لە کەلوپەلە پاسیڤەکاندا کێشاوە. بە پێی ویستوخواستی خۆی لێیان ورد دەبێتەوە و هەڵیان دەسەنگێنێ. کەواتە لەو ڕوانگەوە، پێوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان پێوەندییەکی ئامێری یان تەکنیکیانەیە. بەو شێوەیە سوژە لە جیهان دادەبڕێ و لە ڕێگەی بەسترانەوەی لە ئیرادەی تەکنیکیانەوە نکۆڵی لە جیهان دەکرێ. لە هەمبەردا هایدیگەر داکۆکی لە گەڕانەوە بۆ هەستی پێگەمەندی مرۆڤ لە جیهاندا دەکا- جیهانێك کە بوونی دەکەوێتە پێشەوەی بوونی مرۆڤ و بە وردی نە پێناسە دەکرێ و نە دەستنیشان، بەڵکو مرۆڤ خۆی لە ڕێگەی ئەو جیهانە و لەو جیهانەدا دێتە بوون. ئێمە لە ڕێگەی خەڵکانی ترەوە لە زمان و لە جیهان داین. دەبێ گوێ لە جیهان بگرین، نەك بە مۆڕەوە لێی بڕوانین. ئامادەیی دیکارتیانەی مرۆڤ لە جیهاندا تەنیا جۆرێك پێوەندییە.

هزری نیچەش یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی پۆست ستراکچراڵیزم و پۆست مۆدێڕن کە نکۆڵی لە بوونی هەر چەشنە پێوەندییەکی نەگۆڕ دەکا لە نێوان ناسکار و بابەتی ناسیندا بە تایبەتی بۆچوونی دژە ئایدیالیستی، شێوە ڕامانی ئاسۆیی و ناوەند سڕینەوەی ناوبراو و هەروەها ڕەخنەی ناوبراو لە زانستی مۆدێڕن کاریگەری هەبووە لەسەر ڕامانی پۆست مۆدێڕن. بۆچوونی دژە ئایدیالستی و ڕامانی ئاسۆیی هزرەکان دێنێتە یەك ئاست. ئاسۆیی بوونی هزرەکان بە مانای جیاوازی نێوانیانە. یەکسانی، کە بەردی بناخەی دیموکراسی و ئایینە، جیاوازییەکان دەسڕێتەوە و ئەخلاقی هەرەمەیی لێ دەکەوێتەوە. ئایدیالیزم هەمان یەکسانسازییە. لە بۆچوونی نیچەدا ئایدیالیزم بریتییە لە پێشنیاری هەر چەشنە حەقیقەتێکی هەمەکی و بنچینەیی و ناوەندی بۆ یەکخستنەوەی واقعییەتە لێك بڵاو و ڕەسەنەکان. ئایدیالیزم لەخۆ گری سروشتگەرایی و غایەتخوازییە. کاتێ حەقیقەتێکی ناوەندی بۆ ژیان لەبەر چاو بگرین، ئەوسا دەبێ نکۆڵی لە لایەنەکانی تری ژیان بکەین. لە ڕاستیدا ژیان گشتایەتییەکە لە جیاوازییەکان کە ناکرێ دایبەزێنینە سەر پڕەنسیپێکی یەکە. ئەوەی لە گەڕ دایە جیاوازی تۆخە و هیچ پێوانەیەکی دەرەکی لە بەردەستدا نییە بۆ یەکسانسازی. بۆ نموونە ئەو هزرە ناوەندی و ئایدیالیستییە کە دەکرێ سەرجەمی ژیانی مرۆڤ دابەزێنێتە سەر هەوڵ دان بۆ پاراستنی سروشت غایەتناسییەکی وەك یەك بەخشە کە نکۆڵی لە بەشێکی بەرچاوی

ژیان دەکا. ژیانی مرۆڤ لەخۆ گری توندوتیژی، لەخۆبردوویی، گیانبازی و خۆڕاگرییە لە بەرانبەر دەرد و ڕەنجدا و ئەوانەش لە پڕەنسیپی پاراستنی سروشتدا ناگونجێ. کەواتە ژیانی مرۆڤ لە بنەمادا ناکرێ دابەزێندرێ و کۆمەڵێکە لە جیاوازییەکان. ژیان بە پێی هیچ حەقیقەتێکی غایی ناناسرێ. بەڵام فەلسەفە و زانست و ئایین لە ڕێگەی دەستنیشان کردنی حەقیقەتێکی ناوەندییەوە نکۆڵی لە ژیانی ڕاستەقینە دەکا کە پڕاوپڕە لە جیاوازییەکان. لە ڕوانگەی نیچەوە ئەو جیهانە ئیرادەیەکە بەلای دەسەڵاتدا دەشکێتەوە و هیچ سوژەیەکی خاوەن ئیرادە لە پشتەوەی دەسەڵاتدا نییە و هەروەها هیچ حەقیقەتێکیش لە پشتەوەی پێکدادانی نێوان هێزەکانەوە نییە. هەموو جیاوازییەکانی نێوان خود و ئەویتر، بوون و نەبوونو سوژە و ئۆبژە بەرهەمی ئیرادەیەکە کە بەلای دەسەڵاتدا دەشکێتەوە. بایەخەکانیش سروشتی نین، بەڵکو لە کایەی نێوان هێزەکاندا دێنە دی. ئەو ئیرادەیەی بەلای دەسەڵاتدا دەشکێتەوە نە سەرچاوەی هەیە و نە غایەت و نە دەسپێك و نە کۆتایی، چونکە هەمووی ئەوانە چەمکگەلێکی ئایدیالیستین[1].

بە گشتی بۆچوون و دیدەکانی هایدیگەر و نیچە دەربڕی ڕەخنەی عەقڵی سوژەتەوەر و فەلسەفەی زانیاری بوونە و لەو ڕووەوە وەك پاشخانێکی فکری بەرچاو دێنە ژمار بۆ ڕامانی پۆست مۆدێرن. لە ڕوانگەی هایدیگەر و نیچەوە ئیتر ناکرێ بە عەقڵێکی پاقژەوە بڕوانینە جیهان و لە ڕۆچنەی خوێندنەوەی تیۆر گشتییەکانەوە لە حەقیقەت تێ بگەین. لەو ڕووەوە ڕامانی پۆست مۆدێرن هێرش دەکاتە سەر فەلسەفەی مۆدێرن و گریمانەکانی و بە گشتی دژی بنئاژۆیی فەلسەفی (بە مانای مەجالی دامەزراندنی بنەمایەك بۆ مەعریفە) و سروشتگەرایی و واقیعخوازییە. هەندێ لە بیریارانی پۆست مۆدێرن تەنیا هێرشیان دەکردە سەر ئەو فەلسەفەی مۆدێرنە کە لە سەدەکانی شازدە تا هەژدەدا لە دایك بوو، لە کاتێکدا هەندێکی تری وەك دریدا لە ژێر کاریگەری دید و بۆچوونی نیچە و هایدیگەردا هێرش دەکەنە سەر بنیاتی میتافیزیکە لە ئەفلاتون بەدواوە. هەڵوێستە سەرەکییەکانی ڕامانی پۆست مۆدێرن دەکرێ بەو شێوەیە کورت کەینەوە: دژایەتی کردنی بنئاژۆیی فەلسەفی، نکۆڵی کردن لە مەعریفەی بابەتی

---

1. Lechte, Fifty key Contemporary Thinkers from Structuralism to Post modernity, London, Rutledge, 1994, pp.216-220.

دەربارەی جیهان، ڕەت کردنەوەی هەڵوێستە ئیستیعلاییەکان لە هزردا، ڕەت کردنەوەی تیۆری ڕەنگدانەوە لە مەعریفەناسیدا، ڕەت کردنەوەی جیاوازییە بەڕواڵەت بنچینەیی و ئەبەدییەکان لە هزردا، ڕەت کردنەوەی خوێندنەوە ماکرۆکان، وەك بۆچوونی گەشە سەندنو ماتریالیزمی مێژوویی، ڕەت کردنەوەی بێ لایەنی و سەروەری عەقڵ، پێداگری لەسەر مێژوویی‌بوونی عەقلانییەت و مەعریفە، ڕەت کردنەوەی سوژەی ئۆتۆنۆم، بابەتسازی زانست وەك بەرهەمێکی کلتوری، پێداگری لە سەر وەسفی زانست وەك کایەیەکی زمانی، ڕەت کردنەوەی وەسفە سروشتییەکانی مرۆڤ بە شێوەی عەقلانییەتی دیکارتی، پێداگری لە سەر شوناسی دەڵەمەیی و دەستکردی مرۆڤ، پێداگری لە سەر پڕش‌وبڵاوی و یەکە نەبوونی تاك، پێداگری لە سەر یەکگرتوویی مرۆڤ و جیهان یان سوژە و ئۆبژە، پێداگری لەسەر دیاریکەرێتی دیسکۆرسەکان لە کردار و شێوازەکانی ژیاندا، ڕەت کردنەوەی تاك مانابوونی وشە و دەقەکان، ڕەت کردنەوەی هەر چەشنە یەکگرتوویی و قەتعییەت و بەسیت بوون و بە کەماڵ گەیشتنێك، ڕەت کردنەوەی جیاوازی نێوان قووڵایی و خشکەیی و بە گشتی ڕەت کردنەوەی ئەگەری گەیشتن بە هەر چەشنە حەقیقەتێك.

بە شێوەیەکی وردتر دەکرێ هەڵوێستی ڕامانی پۆست مۆدێڕن لەو پێنج خاڵەی خوارەوەدا کورت کەینەوە:

١. ڕەخنە گرتن لە ئامادەیی یان نمایشی واقعییەت و لەبری ئەو پێداگری لە سەر دووبارە نواندنەوە و ئافراندنی واقعییەت: هەڵوێستە بنئاژۆکان لە فەلسەفەدا تەئکید دەکەنە سەر ئامادەیی یان نمایشی واقعییەت بەڵام ڕامانی پۆست مۆدێڕن جگە لە دووبارە نواندنەوەی واقعییەت باوەڕی بە شتێکی تر نییە. دووبارە نواندنەوە پانتای هێما و چەمکەکانە. تەئکید کردن لە سەر دووبارە نواندنەوەو ئافراندنی واقعییەت- هەر دوو لە دژی ئەگەری ئامادەیی بابەتی ئەزموونی و بابەتین. لە ڕوانگەی پۆست مۆدێڕنەوە، هیچ واقعییەتێکی سەربەخۆ بوونی نییە و بێگومان بەستراوەی زمان و هێماکانە. بە واتایەکی تر هیچ چەشنە داتایەکی بابەتی شەفاف و سەربەخۆ لە ئارادا نییە و زمان و دووبارە نواندنەوە بە بەردەوامی ئامادەیان هەیە و ڕێگرن لە بەردەم نمایشی بابەتی واقعییەت. کەواتە تاقانە گفتوگۆی شیاو و گونجاو دەربارەی دووبارە نواندنەوەی شتەکانە نەك دەربارەی سروشتی شتەکان. بەو شێوەیە هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقی زمان بوونی نییە. ئێمە تەنیا لە ڕێگەی دەقی زمانەوە، واتا لە

ڕێگەی دووبارە نواندنەوە و هێماکانەوە، پێوەندی بە شتەکانەوە دەگرین؛ کەواتە هەموو شت بەندە بە وتەوە.

٢. ڕەت کرنەوەی پڕەنسیپ و قبووڵ کردنی دیاردەکان: مەبەست لە پڕەنسیپ لە بنئاژۆیی فەلسەفی و فەلسەفە عەقلانییەکاندا بنەمای غایی هەر شتێکە لە پشتی پەردەی ڕواڵەتەکاندا. پڕەنسیپ واقعییەتێکی قووڵترە لە پشتەوەی دیاردەکان و یان بە بۆچوونی ستراکچراڵیستەکان قووڵاییە لە بەرانبەر سەرزەویدا. بۆ نموونە لە تیۆری ستراکچراڵیستیانەی مارسەل موس (Marcel Muss) (1872-1950)، کۆمەڵناس و ئەنترۆپۆلۆژیستی فەڕەنساییدا، باس لە دوو جۆرە کۆمەڵگای دیاریتەوەر و کاڵاتەوەر دەکرێ. لە کۆمەڵگای جۆری یەکەمدا دیاری وەك بونیادەی شاراوەی کۆمەڵگا و بنەمای پێوەندییەکان و ئەخلاق و ڕێوڕەسم و جەژن و زەواجەکان و هتاددا دێنە ژمار و بەو پێیە بنەمای بونیادەی گشتی کۆمەڵگا پێك دێنێ. بەڵام لە ڕوانگەی پۆست مۆدێڕنەوە پڕەنسیپێکی ئەوتۆ ناناسرێ هیچ بگرە هەر بوونیشی نییە. هیچ مانایەکی قووڵ لە پشتی هیچ دەقێکەوە نییە.

٣. ڕەت کردنەوەی یەکگرتوویی: لە ڕامانی پۆست مۆدێڕندا ئەوەی تا ئێستا وەك لەخۆ گری یەکگرتوویی سەیر دەکرا، لە ڕاستیدا پلۆڕاڵە. سەرچاوەی ئەو هزرەش دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری ستروکچرالیانەی گاستۆن باشلار (Gaston Bachelard)(1884-1962). ناوبراو پێداگر بوو لەسەر ئەوە کە هیچ هزرێکی سادە و ساکار و ڕوون بوونی نییە، بە پێچەوانەی دیکارت کە پێی وابوو مەرجی پێشکەوتنی تێهزرین ئەوەیە کە بە هزری سادە و ڕوونەوە دەست پێ بکەین. بەو شێوەیە هەر دیاردەیە چنراوەیەکە لە پێوەندییەکان و تەنیا لە فۆڕمی سەنتێزدا دەکرێ لە دیاردەکان تێ بگەین. لە ڕوانگەی پوست مۆدێڕنەوە، مرۆڤ و وشە و مانا و دەقەکان هیچ یەکگرتووییەکیان نییە. هیچ شتێکی سادە و ساکار و ڕاستەوخۆ بوونی نییە. هیچ دەقێك یەك مانای نییە و بە شێوازی جۆراوجۆر دەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ و هەر تاکێکیش فرە لایەنە.

٤. نکۆڵی کردن لە تایبەتمەندی ئیستیعلایی بایەخ و نۆڕمەکان: لە ڕوانگەی پۆست مۆدێڕنەوە چەمکەکانی وەك حەقیقەت، عەقلانییەت، دادپەروەری، جوانی و خێر گرێدراوی ئەو پرۆسانەن کە خۆیان وەسفیان دەکەن؛ دەکرێ بڵێین بەرهەمی ئەو پرۆسانەن. بە واتایەکی

تــر بایــەخ و نــۆرم گــەلێکی ئــەوتۆ دابــڕاو نــین لــە دەق و زمــان و ئــەزموونو ئۆگرییــە کۆمەڵایەتییەکان.

٥. بیرۆکەی ئەویتربوون وەك دەستنیشانکەری خود: لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنەوە، مرۆڤ و مانا و هزر و تیۆرکان یەکێتی و یــەکگرتوویی ڕواڵــەتی خۆیــان تــەنیا لــە ڕێگــەی پرۆســەی سڕینەوە و ئەوینرەوە وەدەست دێنن. هەر پرەنسیپە لە سەر بنەمای نەبوونی پرەنسیپێکی ترە. بۆ سازبوونی شوناسی هەر شــتێك پێویســتە شــتەکانی تــر بــە غــەیر و نــامۆ بــن. هــەموو جیاوازییەکان لە وتەی فەلسەفیدا هەر وەك ڕاستی و درۆ و حەقیقــەت و پوچــەڵ کــراوە، بــەو شێوەیە دەگۆڕێن. پێکهاتنی شوناس پێویستی بە غەیرسازی هەیە[1].

بە گشتی کۆنسەرڤاتیزم و هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرنیزم لەو لایەنەدا هاوبەشن کە هەر هەموویان بە پێچەوانەی عەقلانییەتی ڕۆشنگەرییەوە، پێداگرن لە سەر بەســترانەوەی مــرۆڤ و مەعریفەی مرۆیی بە نەریت، مێژوو، زمان و دەسەلات. لەو ڕوانگەوە ئاماژە دەکەینــە ســەر ڕای هەندێ لە بیریارانی هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرن.

بە گشتی هێرمێنوتیك لە دژی پۆزەتیڤیزم لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا سەری هەڵــداوە. هــەر وەك ئامــاژەی پێــدرا، پــۆزەتیڤیزم پێــداگرە لەســەر یــەکگرتوویی میتــۆد لــە هــەموو زانستەکاندا، شیکاری بابەتی ژیانی کۆمەڵایــەتی لــە ڕێگــەی دۆزینــەوەی پێوەنــدی خــاوەن هۆکردی (علّیّ)، بابەتییەتی ڕاستەقینەکان و سەربەخۆیان لە میتۆدی خوێندنەوە. بە تایبەت لە ڕوانگەی پۆزەتیڤیزمەوە، زمانی ڕۆژانەی لێڵ و تەماوی و بایەخدانەرانەیە، کەواتە لــەبری ئەو دەبێ زمانێکی ورد و شەفاف بەکار بێنین بۆ دووبارە خستنەڕووی واقعییەتێکی دەرەکی و ئەو زمانە زانستییەش تا ئەو جێیەی دەکرێ پاقژ بێ لە لێڵایی و تەمی زمانی ڕۆژانــە. بــەو شێوەیە گریمانەی سەرەکی پۆزەتیڤیزم دابڕانی ژیانە لــە زمــانی ژیــان یــان بــە واتایــەکی تــر سەربەخۆیی واقعییەت لە زمان. بە پێچەوانەوە، لە ڕوانگەی هێرمێنوتیکیــدا هــیچ چەشــنە جیاوازی و سەربەخۆییەك لە نێوان ژیان و زمانــدا بــەدی نــاکرێ. کــردەوە کۆمەڵایەتییــەکان پێکهێنەری زمانی ئێمــەن و زمــانیش لــە دەقــی کــردەوە کۆمەڵایەتییەکانــدا فــۆرم و مانــا

1. L. Cahoone (ed.), From Modernism to Postmodernism, Oxford, Blackwell, 1996, P. 1-23.

وەردەگرێ. زمان ئافرێنەر و سروشتی واقعییەتە، کەواتە زمان و کردەوە یەکگرتوون. کەواتە تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە دۆزینەوەی ئەو مانا نێوان زەینی و هاوبەشەوە هەیە کە واقعییەت لە سەر بنەمای ئەوانەوە فۆرم دەگرێ. هەڵبەت ئەو مانایە لێك دابڕاو و نارِوون و پرِش و بڵاون و پێویستە لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. تێگەیشتن لە مانا نێوان زەینییەکانی ناوئاخنی کردەوەکان خۆی گرنگترین هەوڵ و کۆششە بۆ شیکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی. شیکردنەوە بە پێی مانا نێوان زەینییەکان تێگەیشتنێکی قووڵی لێدەکەوێتەوە. لە ڕاستیدا لەو ڕوانگەوە، لێکدانەوەی مانا نێوان زەینییەکان هەمان لێکدانەوەی کردەوە و بونیادەکانە.

لە هێرمێنوتیکی فەلسەفی هانس گۆرگ گادامێردا، کە لە ژێر کاریگەری نەریتی دیاردەناسی مارتین هایدیگەر دایە، زۆر جەخت دەکرێتە سەر دەوری نەریت و بڕیاری زوو و دەمارگرژی لە مەعریفە و تێگەیشتنی مرۆییدا. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە هیچ خاڵێکی دەرەکی بوونی نییە بۆ چاوەدێری بابەتی دۆخی مێژوویی، بەڵکو لە بنەمادا مەجالی زانیاری لە نەریتدا دەستەبەر دەبێ. بە واتایەکی تر هەلومەرجی خوددەرکی ئێمە لە زمان و نەریت دایە. زمانی خوددەرکییەکانی ڕۆژانە دوایین بان زمانە. نەریت بە مانای ڕۆشنگەری ڕووبەڕووی عەقڵ نابێتەوە، بەڵکو عەقڵی ڕۆشنگەریش نەریتێکە کە تێیدا بیر دەکەینەوە. دیسکۆرسی عەقلانییەتی ڕۆشنگەریش، دیسکۆرسێکی مێژووییە. گادامێر بە شێوەیەك پێداگری دەکا لەسەر دەوری بێ ئەملاوئەولای بڕیارە زووەکان لە تێگەیشتندا کە بیرهێنەرەوەی بۆچوونەکانی ئیدمۆند برێکە. بە باوەڕی ناوبراو هەر چەشنە مەعریفەیەك لە داوێنی ئەو جۆرە بڕیارە زووانە دەکەوێتەوە؛ بڕیاری زوو مەرجی تێگەیشتنە و مرۆڤ بەردەوام گیرۆدەی ئەو دەقانەیە واتا نەریت و مێژوو. تەنیا بوون لە ناو نەریت دایە کە دەبێتە مایەی دەرك کردن و تێگەیشتن. زانیاری لە ڕێگەی ئەو بابەتەوە دەستەبەر دەبێ کە گادامێر ناوی دەنێ یەکێتی نەریتی گشتی. بوون لە ناو ئەو نەریتەدا بنەما و بنچینەی تێگەیشتنە. ئێمە سەر بەو نەریتەین و نەریتیش بەشێکە لە ئێمە. یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی ڕوانگەی هێرمێنوتیکی گادامێر شوێندانەری مێژووە لە تێگەیشتنی مرۆیی. حەقیقەتەکان لە دەقی مێژوو و نەریتێکی ئەوتۆدا لە دایك دەبن. ئێمە لە نەریت و مێژوودا دەژین و ناتوانین لێیان دەرباز بین و سەیری خۆمان و جیهانی خۆمان بکەین. بە پێی ئەوە کە لە ناو دەقی نەریتدا بیر دەکەینەوە و

زانیاری وەدەست دێنین، ناتوانین بە تەواوی نەریت و مێژووی خۆمان بناسین. ئێمە لە پێگەیەك داین و زانیاری وەدەست دێنین، بەڵام ناتوانین ئەو پێگەیە بە تەواوی بناسین. بە گشتی دەرك کردن تەنیا لە نەریت و بڕیاری زوو و مێژوو و ئاسۆدا مسۆگەر دەبێ. گادامێر بەو شێوەیە هەوڵی داوە سەروەری بگێڕێتەوە بۆ چەمکەکانی وەك ئۆتۆریتە و بڕیاری زوو و نەریت. بە بۆچوونی ناوبراو بزووتنەوەی ڕۆشنگەری چەمکی پێشداوەری (بڕیاری زووی) بێ ئیعتیبار کردووە، بەڵام ئەو بێ ئیعتیبارییە خۆی دەرئەنجامی پێشداوەرییەکی ترە کە پێوەندی بە بانگەشەکانی میتۆدۆلۆژی زانستە سروشتییەکانەوە هەیە لەمەڕ دۆزینەوەی حەقیقەت. پێشداوەری و نەریت بە بۆچوونی گادامێر، وەك بەشێك لە واقعییەتی مێژوویی ڕێگر نین لە بەردەم دەرك کردن، بەڵکو هەر وەك باسکرا مەرجی دەستەبەر بوونی دەرك کردن و تێگەیشتنن. ناوبراو باوەڕی وایە کە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری هۆکاری ڕووبەڕووبوونەوەی نابەجێی نێوان ئۆتۆریتە و عەقڵە و لە هەمبەردا بەڵگە دێنێتەوە کە دەسەڵات دەرئەنجامی فەرمانبەری نییە، بەڵکو دەرئەنجامی بوونی بۆچوون و توانایەکی بە هێزترە لە سەرچاوەی دەسەڵاتدا. کەواتە ملکەچ کردن لە بەرانبەر دەسەڵاتدا پشت بە عەقڵ و ئازادییەوە دەبەستێ نەك بە توندوتیژی و باڵادەستییەوە. نەریتیش یەکێکە لە شێوازەکانی دەسەڵات و پێوەندی بە عەقڵ و ئازادییەوە هەیە. بە گشتی لە ڕوانگەی گادامێرەوە ناسینی جیهان لە بوون لە جیهاندا جیا ناکرێتەوە. مەعریفە و ئەزموون ئاوێتەی یەکترن و هیچ پێگەیەکی دەرەکی بەدی ناکرێ کە لەوێوە سەیری جیهانی ئەزموون بکەین[1].

بۆ شیکردنەوەی زیاتری هەڵوێستەکانی گادامێر باشتر وایە ئاماژەیەك بکەینە سەر ڕەخنەی هابرماس لە گادامێر. هابرماس باوەڕی وایە کە ئەو هەڵوێستانە لە بنەمادا هەڵوێستگەلێکی کۆنسەرڤاتیڤانەن. لە ڕوانگەی گادامێرەوە شێوازی سەرەکی ئەو بۆچوونە بەو شێوەیە کە زمانی ڕۆژانە و تواناکانی زمان وەك بنەمای غایی سەرجەم تێگەیشتن و ئەزموونی مرۆڤ لە قەڵەم دەدا، واتا بانگەشەیەکی گشتی بۆ هێرمێنوتیك لەبەر چاو دەگرێ. بەڵام هابرماس لەبری ئەوە باس لە مەجالی تێگەیشتنی بان زمانی زمان و نەریتی باو دەکا بە مەبەستی ناسینەوەی گومان و دوودڵییەکانی پێوەندی. بە باوەڕی ناوبراو دەروون پشکنی و

١. یورگن هابرماس: نقد در حوزەی عمومی، ل ٧٩- ١١٥.

ڕەخنەی ئایدۆلۆژیا گومان و دوودڵییەکانی پێوەندی ئاشکرا دەکەن و بەرەو زمانێکی شەفاف و عەقلانی و حەقیقەت دۆزمان دەبەن. لە کاتێکدا بە پێی بەڵگاندنی گادامێر دواجار نەریتی زمانی ئێمە نوێنگەی هاودەنگی ڕەوا و ناوەندی حەقیقەتە. لە ڕوانگەی هابرماسیشەوە حەقیقەت دیسکۆرسییە، بەڵام دەرئەنجامەکەی جۆرە دیسکۆرسێکە کە لە بارودۆخی ئەگەری پێوەندی بێ خەوش و بەدوور لە باڵادەستی و ئایدۆلۆژیادا سەری هەڵدا. کەواتە بە پێچەوانەی بەڵگەهێنانەوەی گادامێر، دەبێ عەقڵ لە دەسەڵاتی نەریت جیا بکرێتەوە. ئامانجی هابرماس ڕزگار کردنی عەقڵی پێوەندی و کلتوری بووە لە بەرانبەر باڵادەستی عەقلانییەتی ئامێری بە سەر جیهان ژیاندا. لە زاراوەی هابرماسدا سیستەم پانتایی زمانی خەوشدار و ئایدۆلۆژیا و عەقڵی ئامێرییە و جیهان ژیان پانتایی کردەوەی پێوەندی و عەقڵی لێك تێگەیشتنە. وێناندنی جیهان ژیان لەخۆ گری ئەگەری بوونی تۆخمێکی ئەخلاقی و نۆڕماتیڤە لە پێوەندییە مرۆییەکان و بوونی ویستوخواستی عەقلانی و ڕاستەقینەی مرۆڤ و پانتایی ئەخلاق و حەقیقەت. گریمانەی سەرەکی ناوبراو ئەوەیە کە پێوەندی ئازاد و بێ خەوش لە پانتایی گشتی و جیهان ژیاندا ویستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکا. بە واتایەکی تر، گریمانەی ناوبراو بوونی قسەکەر و بیسەرێکی ئایدیال و تەواو عەقلانییە کە پێشتر ئۆگری لێك تێگەیشتن لە مەبەستی یەکترن. کەواتە زمان دواجار تەنیا ئامرازێکە بۆ سازدانی پێوەندییەکی تەواو و عەقلانی[1].

لە ڕوانگەی هابرماسەوە قسەکەری ئایدیال لە ڕاستیدا قسەکەری بەر لە زمانییە، بەڵام لە ڕوانگەی هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرنیزمەوە زمان قسەکەر پێك دێنێ و کەواتە مەجالی دەرباز بوون لە نەریتی زمانی نییە. لە ڕوانگەی هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرنیزمەوە مرۆڤی بان مێژوویی و سروشتی، زمانی شەفاف و حەقیقەت نوێن و ویستوخواستی بان مێژوویی هەر بۆ باس کردن ناشێن. زمان تەنیا ئامراز نییە، بەڵکو فۆڕم دەبەخشێتە مرۆڤ و کردەوەکانی. زمان لە ڕێگەی قسەکەرەوە قسە دەکا نەك قسەکەر لە ڕێگەی زمانەوە. لە هێرمێنوتیك و پۆست مۆدێرنیزمدا هزری سوژە یان ناسکار کە پێوەندییەکی ڕوونی لەگەڵ جیهاندا هەیە، واتا سوژەی مۆدێڕن، ڕەت دەکرێتەوە؛ بەردەوام پەردەیەك لە زمان و

1. J. Habermas, “The Hermeneutic Claim to Universality”, Contemporary Hermeneutics edited by J. Bleicher, London, Routlege, 1980, PP. 181-211.

دیسکۆرس دەکەوێتە نێوان سوژە و واقعییەتەوە و مەعریفەناسی پێوەندی بەو پەردەی زمان و دیسکۆرسەوە هەیە نەك بە زانیاری دەربارەی واقعییەت. هەر مەعریفە و دیسکۆرسێك سروشتێکی مێژوویی هەیە. بەو پێیە ئەو حەقیقەتانەی لەو ڕێگەوە دەردەکەون مێژوومەندن. زمان و دیسکۆرس دیاریکەر و فۆرم بەخشن و دەبنە ڕێگر لە بەردەم سەرهەڵدانی واقعییەت. لە پەردەی دیسکۆرسدا هەندێ لە هەڵوەدەرفەتەکانی نەفس و تاك و پێوەندی و کردەوە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزرێن و هەندێکی تریش دەسڕێنەوە. کەواتە هیچ حەقیقەتێکی تەوەرەیی و بان دیسکۆرسی یان بەر لە دیسکۆرس لە ئارادا نییە و بگرە لە هەر دیسکۆرسێکدا هەندێ شێوازی حەقیقەت پێك دێن و شێوازەکانی تریش لەناو دەچن. کەواتە وێناندنی پۆزەتیڤیستی و عەقلانی لە مەعریفە وەك ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی بابەتی ناراستە. ژیانی کۆمەڵایەتی و ویستوخواستە باوەکان تەنیا تەعبیرێکن لە هەڵوەدەرفەتەکانی وەدیهاتنی تاك و کۆمەڵگا، واتا ستاتۆیەك لە ناو ئەو هەموو ستاتۆیە. بەو شێوەیە نە دەکرێ چاوەڕوانی دۆزرانەوەی حەقیقەتێکی بنەمایی بین و نە هیوایەکیش بە چاکسازی هەیە.

هێرمێنوتیك لە هزری بیرمەندە جیاوازەکان دا شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتووە. یەکێك لەو شێوازە سەرەکیانە هێرمێنوتیکی دۆزەرەوەیە (Hermeneutics of Recovery) کە مەبەستی دۆزینەوەی مانای کردارە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوەی لێکدانەوەی ئایینی سەدەی نۆزدە کە ئامانجی دۆزینەوەی پەیڤی سوژەی خوا بوو. بە واتایەکی تر، ئامانج دۆزینەوەی بیروڕا و نییەتی ئەکتەر و دانەرانە. لەو ڕوانگەوە چونکە نییەت و بیر و بۆچوونی ئەکتەرەکان پێکهێنەری مانای کردارە کۆمەڵایەتییەکانە، کەواتە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ بە ڕێی خوددەرکی ئەکتەرەکانەوە شی بکرێتەوە. کەواتە دەبێ یەکریزی ناوخۆیی بیر و بۆچوون و کردارەکان بدۆزینەوە، چونکە زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی وەك یەکن؛ بۆ نموونە پەتەر وینچ (Peter Winch) لە وتاری بەناوبانگی «دەرك کردنی کۆمەڵگای سەرەتایی»[1]دا بەو شێوەیە بەڵگە دێنێتەوە کە زانایانی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا لە تێگەیشتنی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا تووشی ئەو هەڵە بنەڕەتییە بوون کە کردارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەیان بە پێی لێکدانەوەی ڕۆژئاوا لە واقعییەت و حەقیقەت شی کردۆتەوە.

---

1. Understanding a Primitive Society

به پێی بۆچوونی زانا کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوا واقعییەت یان حەقیقەتێکی بابەتی و دەرەکی و ئیستیعلایی بوونی هەیە کە پێوانە و پێوەری سەرەکییە و لە ڕێگەی زانستەوە دەناسرێ. بەڵام بە پێی بۆچوونی وینچ، سەرەتا دەبێ واقعییەتی سەربەخۆ لە شێوازە جیاجیاکانی فکر و ژیاندا بدۆزینەوە و دواتر کرداره کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ئەو واقعییەتەوە تاوتوێ بکەین. بە واتایەکی تر زمان مانا دەبەخشێتە واقیع یان ناواقیع و جیاوازی نێوان حەقیقی و ناحەقیقی پێوەندی بە زمانەوە هەیە. هەروەها بە باوەڕی وینچ ناکرێ کرداره باوەکانی ناو کولتوور و شێوازەکانی ژیان بە پێی عەقلانییەتی زانستی ڕۆژئاوا وەك عەقلانی یان ناعەقلانی لە قەڵەم بدەین. کەواتە پێوانەی عەقلانییەت شتێکە تایبەت بە ناوخۆی کولتوور و شێوازەکانی ژیان. عەقلانییەت لە ناو دیسکۆرسدا خۆی حەشار داوە لەو ڕووەوە هەڵسەنگاندنی عەقلانییەتی کرداری خەڵکانی تر بە پێی پێوانەی عەقلانییەتی ڕۆژئاوا کارێکی بێ کەڵك و بێ مانایە. بە گشتی پێوانەی عەقلانییەت لە ناو هەر کولتوورێکدا دەروون ڕسکە و زانایانی کۆمەڵایەتی دەبێ بە پێی ئەو پێوانانە کردارەکانیان تاوتوێ بکەن. بە باوەڕی وینچ مەبەستی زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، واتا دەرك کردنی باشتری کردارەکان، بە بێ هێرمێنوتیکێکی لەو چەشنە ناگونجێ و ئەو هێرمێنوتیکە لەخۆ گری دەرك کردنی کردارەکانە لە ڕوانگەی ئەکتەرەکانەوە. بوونی هەر زمانێك خۆی لەخۆگری جۆرە عەقلانییەتێکە. ئەوەی کە دەگوترێ کۆمەڵگایەك خاوەنی زمانە مانای وایە ئەو کۆمەڵگایە خاوەنی جۆرە عەقلانییەتێکە. بۆ تێگەیشتن لە عەقلانییەت هەر کۆمەڵگا و کولتوورێك دەبێ زمانی ئەو کۆمەڵگا و کولتوورە بپشکنین[١].

هەندێ لە ڕەخنەگران باوەڕیان وایە کە هێرمێنوتیك بەو مانایە مەیلێکی کۆنسەرڤاتیڤانەیە، واتا ڕوانگەیەکی ئەوتۆ لە ڕێگەی قبوڵ کردنی پێوانەکانی عەقلانییەتی ناوەکی، توخمە پێکهێنەرەکانی هەموو کولتوورەکان وەك توخمگەلی عەقلانی قبووڵ دەکا. ستفەن لوکێس (Stephen Lukes) لە وتارێکی بەناوبانگدا لە ژێر ناوی «دەربارەی دیاریکەری کۆمەڵایەتیانەی حەقیقەت»[٢]دا وەك داکۆکی کردن لە عەقلانییەتی گشتی و

1. P. Winch. "Understanding a Primitive Society, American Philosophical Quarterly, Oct. 1964, PP. 307-324

2. On the Social Determination of Troth"

ڕەخنەی ناوخۆیی بوونی پێوانەکانی عەقلانییەت و حەقیقەت بەو شێوەیە بەڵگەی هێناوەتەوە کە بە بێ بوونی لانی کەمی پێوانە گشتییەکانی حەقیقەت و عەقلانییەت لە هەر کولتوورێکدا ناکرێ لەو کولتووره تێ بگەین. بەو پێیە ناوبراو باس لە زەروورەتی شیکاری بونیادە کولتووری و دیسکۆرسییەکان و جیا کردنەوەی عەقلانی لە ناعەقلانی لەو ستروکتورانەدا و هەروەها شیکاری دەوری ئایدۆلۆژیا و دەسەڵات لە شاردنەوەی حەقیقەت و عەقلانییەتدا دەکا.[1]

ڕوانگەیەکی ترەوە ئەو هێرمێنوتیکەی کە بۆ بەرپرچدانەوەی ئەم کەموکوڕیانە و دیاریکردنی جێگە و پێگەی ڕاست و دروستی تیۆری هێرمێنوتیك خراوەتەڕوو، هێرمێنوتیکی تەعبیری /دەربڕینی[2] یە. چارلز تایلۆر (Charles Taylor) لە وتاری بە ناوبانگی خۆیدا لە ژێر ناوی «زمان و سروشتی مرۆڤ دا»[3] ئەو شێوە هێرمێنوتیکەی شی کردۆتەوە. بە پێی بۆچوونەکانی ئەو ڕوانگەیە، زمان تەوەرەی تێگەیشتنە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین لە جیهان تێ بگەین. بە شێوەیەکی وردتر دەکرێ بڵێین، ڕۆڵ و دەوری زمان تەنیا بەرهەم هێنانەوەی واقعییەت نییە، بەڵکو زمان پێکهێنەری واقعییەتە. ئەو ڕوانگەیە هەم ڕووبەڕووی تیۆری وەسفی زمان لە نەریتی هزری ڕۆژئاوا دەبێتەوە و هەم تیۆری بەرهەم هێنانەوە. لە تیۆری وەسفیدا زمان کۆمەڵێك هێمایە بۆ دەرخستنی جیهانی بابەتی و هەروەك باسکرا، پۆزەتیڤیزم تێگەیشتنێکی ئەوتۆی لە دەور و ڕۆڵی زمان هەیە. لە ڕوانگەی تایلۆرەوە زمان تەنیا ئامرازێك نییە بۆ وەسفی جیهان بەڵکو پێکهێنەری واقعییەتە، بەڵام نەك بەو واتا خشکەیەی کە لە تیۆری بەرهەم هێنانەوەدا دەخرێتە ڕوو. «زمان کرۆکی چالاکییەکە کە بە پێی ئەو شێوەیەك لە ژیان لە جیهاندا دەردەبڕین/وەدی دێنین.» زمان بە تەواوی لە بەر دەستی ئێمەدا نییە، بەڵکو دیاردەیەکی بەکۆمەڵە و پێشینەکەی زۆر بەر لە ئێمەیە. بە پێی تیۆری هێرمێنوتیکی بەیانی، هێرمێنوتیکی بەرهەم هێنانەوەیی ناتەواوە،

1. S. Lukes "On the Social Determination of Troth", Modes of Thought: Essays on Thinking in Western and Non-Western Societies, Edited by R. Horton and R. Finnegan, London, Faber & Faber, 1973, pp. 230-248.

2. Hermeneutics of Expression

3. Language and Human Nature"

چونکە خوددەرکی ئەکتەرانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە گشتی لەخۆ ناگرێ و لە ئاکامدا ناتەواوە. لە لایەکی ترەوە هێرمێنوتیکی بەیانی، بە پێچەوانەی ڕوانگە ستروکتورییەکان، واقعییەتی ڕواڵەت و خوددەرکییەکان دەپەژرێنێ، بەڵام دەیانخاتە ناو دەقی پێشدەرکەکان و مانا نێوان زەینییەکانەوە. مانا نێوان زەینییەکان هەندێ پێشدەرکی لێڵ و تەماوی پێك دێنن کە لە دەقی ئەواندا خوددەرکی وشیارانە پێك دێن و ژیان و کرداری کۆمەڵایەتیش لە ڕێگەی ئەو خوددەرکیانەوە پێك دێن. بە گشتی زمان هەڵودەرفەتە بێ سنورەکان سنوردار دەکا و لە ژێر تیشکی ئەودا هەندێ هەڵودەرفەت دەخولقێنێ و هەندێکی تریش دەسڕێنەوە و هاوکات لەگەڵ گۆڕانی زمان هەندێ ستاتۆی نوێ لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵگادا لە دایك دەبن.[١]

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەڵوێستی تیۆریی هەندێ لە بیرمەندانی پۆست مۆدێرن دەکەین لە چوارچێوەی ئەم باسەدا. ژان فرەنسوا لیوتار (Jean François Lyotard) لە کتێبی دۆخی پۆست مۆدێرن (La Condition Postmoderne)دا باوەڕی وایە کە بۆ دۆزینەوەی بنەمای پاساوهێنانەوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان دەبێ لە گێڕانەوە مەزنەکاندا (حیکایەتە مەزنەکان meta narrative ( بگەڕێن. بە بۆچوونی ناوبراو زانستیش بە بێ پێشینەی نازانستی بەدی نایە. پەرەسەندن و دادپەروەری و پێشکەوتنی مێژوویی لەو گێڕانەوە مەزنانەن. ئەو گێڕانەوانە ڕەنگی هەندێ دوارۆژ دەرێژن کە هەم سیستەمی کۆمەڵایەتی پاساو دەدەن و هەم زانست. گێڕانەوەکان غایەتێکی جێ باوەڕ بۆ کردەوە و زانست و کۆمەڵگا بەدەستەوە دەدەن. گێڕانەوەکان هەرچەندە پاساودەری زانستن، بەڵام دەکەونە دەرەوەی زانستەوە. دوو گێڕانەوەی مەزن زاڵ بوون بەسەر زانستە هاوچەرخەکاندا: یەکەم ئەوەیە کە زانست بۆ خۆی بەرهەم دێ و دووەم ئەوەیە کە زانست بۆ رزگاری خەڵك بەرهەم دێ. بەڵام لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنەوە گێڕانەوەگەلێکی ئەوتۆ لە ئامانجەکانی زانست جێ گومانن و هیچ هۆیەکی قەناعەت پێهێنەر بۆ چارەسەری گرژی لەسەر

---

1. C. Taylor. "Language and Human Nature" Human Agency and Language, Cambridge, U.P. 1985, pp. 215-243.

ئیعتیباریـــان لـــە ئارادا نییە. کەواتە لـــەگـــەڵ بێئیعتیبار بوون و هەرەسهێنانی گێڕانەوە مەزنەکان، زانست تەنیا دەبێتە کایەیەکی زمانی. هیچ تیۆریەك ناتوانێ لە تەواوییەتی زمان تێ بگا. گێڕانەوە مەزنەکانیش بەشێکن لە کایە زۆرە زمانییەکان. کایەی زمـانی کۆمـەڵێك ڕێسایە کە دەکرێ لەسەر بنەمای پێوەندی کۆمــەڵێك ڕســتەوە لێیــان تــێ بگــەی و شــییان بکەیەوە. ڕێساکانی کایەی زمانی لە زانسـتی مۆدێڕنـدا بـەو شـێوەیەن: ١. تـەنیا حـوکمی وەسفی حوکمێکی زانستییە؛ ٢. دەستەواژە زانستییەکان جیاوازن لە دەستەواژانەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن؛ ٣. تەنیا سەلاحیەتی قسەکەری ڕستە گرنگـە نـەك سـەلاحیەتی بیسەر؛ ٤. ڕستەی زانستی لە ڕێگەی بەڵگاندن و شایەتەوە دەبێتە جێ متمانە؛ ٥ . زانست چ پێویستی بە گێڕانەوە نییە بۆ پاساودانی خۆی، بەڵکو خۆرێکخەرە؛ ٦. هەر بیریارێك بۆ قبووڵ کردنی هەر چەشنە دەستەواژەیەکی وەسفی دەبێ تەئیدی هەموو زانایانی ئەو بوارە وەرگـرێ. بە گشتی لە ڕوانگەی لیۆتارەوە گێڕانــەوە مەزنــەکان کــە بانگەشــەی حەقیقــەتی بنچــینەیی دەکەن، دارزاون. چەمك و گێڕانەوە گشتییەکان خزمایـەتیان لەگـەڵ تۆتالیتاریزمـدا هەیـە و ئیمپریالیزمی تێگەیشتنیان لێدەکەوێتەوە.[١]

ژاك دریدا، بیرمەندی پۆست مۆدێڕنی فەڕەنسایش وەك زەمینەی پێویست بـۆ تێگەیشـتن جەخت دەکاتە سەر زانیاری و زمان. مرۆڤ بۆ دەرك کردنو تێگەیشتن پێویستی بـە زانیـاری و زمان هەیە و ئەو دووە کە دەبنە مایەی ناسین بێگومــان ناوئــاخنی ڕەوتــی ناسـینن. کەواتـە ناسینی ئێمە ناسینێکی تەواو نییە. بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی تەواو و پەتی دەبێ زانیاری و زمان بسڕێنەوە بەڵام ئەوە کارێکی نەگونجاوە. لە ئاکامدا، زانیاری و زمان کە کاریگـەریان هەیە لە تێگەیشتندا لە پانتای ناسین دەردەکەون و دەسڕێنەوە. بـوونی زانیـاری شـتێکی بـێ ئەملاوئەولایە، بەڵام خۆی نابێتە بابەتی ناسین. بەڵام هەر وەك چـۆن زمـانی ڕۆژانـە پاسـیڤ نییە، بەڵکو سەبەب و هۆکاری نەریت و ڕابردوویە؛ زمانی زانستیش شەفاف و بابـەتی نییـە. دریدا لە ڕێگەی میتۆدی هەڵوەشاندنگەرایانەی خۆیەوە دەیەوێ بلا فەلسەفەی ڕۆژئـاوا پشـت ئەستوورە بە دیسکۆرسی لۆژیکی ئەرستۆییەوە. دیسکۆرسی مەنتیق لە ڕێگەی دانانی قانونی سێینەی لۆژیك، سیستەمێکی لە جیاوازییە بنچـینەییەکان دروسـت کـردووە؛ وەك جیـاوازی

---

1. Fifty Key Contemporary Thinkers, PP. 246-250.

هەست پێکراو لە مەعقول، واقعی لە ئایدیالی، ئەفسانە لە حەقیقەت، سروشت لە کولتـوور، ماددە لە فۆڕم و هتاد. پرەنسیپی سێینەی لۆژیکی ئەرستۆیی بریتین لە: ئەو ئەوە[١]، هەر شتە هەمان خۆیەتی؛ کۆنەکردنەوەی دوو دژ، هیچ شتێك ناشێت هەم بـوونی هـەبێ و هـەم نـەبێ؛ خۆبواردن لە رادەی ناوەڕاست، لە نێوان بوون و نەبووندا هیچ رادەیەکی ناوەندی بـوونی نییـە. بە باوەڕی دریدا ئەو ڕێسایانە هێمایەکن بۆ بوونی شتێکی قووڵ و واقعییـەتێکی سروشـتی و پڕەنسیپێکی سەرەکی. ئەو پڕەنسیپە کە بناخە و بنچینەی نەریت بریتیە لە فەلسـەفە، دەبـێ بەدوور بێ لە پارادۆکس، وێکچوون، تاك خودی، بێ نێوبژیوان و هەروەها خودوشیار بێ. بـەو شێوەیە بە پێی دیسکۆرسی مەنتیق کە لەخۆ گری قانونەکانی تێهزرینە، مـەجالی ئـاڵۆزی و ئاوێتە بوون، ئامادەیی بێ نێوبژیوان، جیـاوازی و پـەتی نـەبوون ڕەت دەکرێتـەوە. لـە سـەر بنەمای ئەو قانونانە و ئەو نکۆڵی و ڕەت کردنـەوە و سـڕینەوانەیە کـە سیسـتەمی چـەمکە سەرەکییەکانی هزرین لە دایك دەبێ و هەر ئەو چەمکانە پڕەنسیپەکانی زاڵ بە سـەر نـەریتی فەلسەفەی ڕۆژئاواوەن. بەڵام بنەماشکێنی لە ڕێگەی گەڕان و پشکنین لە سروشت و ناوەرۆکی ئەو نەریتە و بنەما و بنچینەی ئەو نەریتە لە مەنتیقدا دەری دەخا کە ئەو نەریتە پڕاوپڕە لـە کون و کەلەبەر و درز و مەتەڵ؛ بۆ نموونە ئەوەی لە لای هەندێ فەیلەسووف وەك سروشت سەیر دەکرێ هەم ئامادەیە و هەم نادیار، هەم هەیـە و هـەم ونـە و خـاوەنی شوناسـێکی ناپەتیـە. سڕینەوەی ئەو دوئالیزمانە کارێکی نەگونجاوە. بنەماشکێنی ناتوانێ ئەو ناکۆکیانە بسـڕێتەوە و خۆی لەو نەریتە لێکدراوە دەرباز بکا. مەرجی دەرکەوتنی هەر پڕەنسیپێك بەردەوام نەبوونی پڕەنسیپێکی ترە.[٢]

ژاك لاکان، بیرمەند و دەروونناسی گەورەی فەڕەنسـایش لـە ڕوانگەیـەکی تـرەوە جـەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی زمان وەك چوارچێوەی پێکهێنەری سوژە. بە پێـی شـیکاری نـاوبراو زمـان توانای وتنی زۆرترە لەو بابەتانەی دەیانڵێ. زمان لە ڕەهەندی مرۆڤـەوە دێتـە ئاخـاوتن. بـە بۆچوونی ناوبراو ڕێگری سەرەکی لە بەردەم تێگەیشتن لە هزری شۆڕشگێڕانەی فرۆید بریتی بوو

---

١. یەکبوونی دوو شت پێکەوە لە بوون و حەقیقەتی سروشتیدا، وەك یەکبوونی سوقرات و مرۆڤ لەو ڕسـتەدا: سوقرات مرۆڤە.

2. Ibid. PP. 105-109.

لە: سەرهەڵدانی تیۆری ئیگۆیزم (Ego) لە دەرککردنی ڕەفتاری مرۆڤ یان تیۆری یەکگرتوویی و یەکریزی ئیگۆ وەك سەرچاوەی شوناسی تاك. ئـەو تیۆریـە لـە هـەموو بوارەکـانی زانسـتە مرۆییەکاندا زاڵ بووە. سەردەمانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە جیهانی زانستدا قۆناغی سوژە بوون و هیومانیزم و ئاگایی خوازی تاك بووە. بەو شێوەیە ئیگۆ دەکەوێتە ناوەندی ژیانی ڕوحی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ ؛ لە کاتێکدا بە پێی شیکاری لاکـان، سـوژە و ئیگـۆ بەسـتراوەی دەقی زمانن. لاکان لە ڕێگەی لێکدانەوەی کوژەڤ بۆ «دیالەکتیکی ئاغا و کۆیلە»ی هیگڵەوە چەمکی ئەویتر دەدۆزێتەوە وەك توخمی سەرەکی لە پێکهاتنی خـود دا. سـوژەبوونی تـاك لـە قۆناغی ئاوێنەدا لە دایك دەبێ کە قۆناغی سەرهەڵدانی توانایی منداڵ بۆ تێگەیشتن لە سـیما و ڕوخساری خـۆی لـە ئاوێنـەدا، لـە نێـوان شـەش تـا هـەژدە مانگـەوە. ئـەو خۆناسـییە، خۆناسییەکی ڕوون و ڕاشکاو نییە و هیچ یەکێتی و یەکریزییەك لە نێوان ڕوخسار لە ئاوێنـەی (ئەویتر)دا و زەینی منداڵدا لە ئارادا نییە. بەڵام ناسینی ئـەو ڕوخسـارە یـان ئـەویتر مـەرجی بوونی منداڵە بە سوژەی مرۆیی. پێ نانی منداڵ بۆ جیهانی زمان بە گشتی گرێدراوی ئەو زمان ناسیەیە. کەواتە زمان یان کولتوور(توخمـە سـیمبۆلیکەکان) بـەردی بناخـەی سـوژە بـوون و تاکەکەسێتی مرۆڤن. لەو پێوەندییەدا لاکـان تیۆرکـەی خـۆی لـە سـەر بناخـەی زمانناسـی فەردینان دو سۆسێر (Ferdinan de Saussure)(1857-1913) دادەمـەزرێنێ. بـە پێـی زمانەوانی سۆسێر، لە نێوان دال و مەدلوول یان لە نێوان وشەکان و شـتەکان دا پێوەندییـەکی دڵخوازانە لە ئارادایە. وشەکان لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا مانا پەیدا دەکەن نەك لە پێوەنـدی لەگەڵ شتەکاندا. وشەکان بە بەردەوامی هیچ چەشنە پێوەندییەکیان بە ناوەرۆك و مەدلوولەوە نییە و تەواو سەربەخۆن و هیچ وشەیەك بەردەوام گرێدراوی شتێك نییە.

زمان تەنیا ستروکتوورێکە لە جیاوازییەکان. پانتای وشـەکان پانتـای سـیمبۆل و هێمـا و ڕوخسارەکانە و هەر لەو پانتایە دایە کە مرۆڤ وەك سوژە لە دایك دەبێ. لـە دیـدی لاکانـەوە زەینییەت لە پانتای وشەکاندا لـە دایـك دەبـێ. بـەڵام زمـان تـەنیا هـەڵگری زانیـاری یـان ئامرازێکی پێوەندی گرتن نییە، بەڵکو زۆر خراپ لێ تێگەیشتن، هەڵە، پەشێوی، خلیسـکان، بیرچوونەوە، خوازە (ئیستعارە) و مەجاز لە ناو زماندا دەردەکەون؛ چـونکە وشـەکان پانتـای پێکهاتنی سوژەن، ئەوانە لە ناوشیاریدا جێگیر دەبن کە پێوەندییەکی قـووڵ هەیـە لـە نێـوان زمان و ناوشیاری تاکەکەسیدا. ناوشیاریش هەر وەك زمـان چـێ دەبـێ و پێوەنـدی وتـاری و

پێوەندی گرتن تووشی پەشێوی دەکا، ئەویش نەك بە شێوەیەکی ڕێکەوت بەڵکو بە پێی نەزمی ستروکتووری و کەموکوڕییەکانی زمان. بە گشتی ناوشیاری لە زماندا ئامادەیە و لە ڕێگەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی دەروونی تاکەوە دەکەوێتە ناوەند سڕینەوە لە سوژەی تاکەکەسی.[1]

لە دەیەی ١٩٨٠دا لە ژێر کاریگەری هزری هایدگەر و نیچە و خەڵکانی تردا ڕامانی پۆست مۆدێرن بە لای ڕەخنە و نکۆڵی کردن لە دیسکۆرسی فەلسەفی و پێشکەوتنخوازی مۆدێرنیتەدا شکایەوە و لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە سەرجەم گریمانەکانی ڕۆشنگەری و بنەماکانیان لە عەقڵی گشتیدا، بە هیوای دۆزینەوەی ڕێگەیەك بوون بۆ دەربازبوون بوو لە کوێرەڕێی مۆدێرنیتە. لەو ڕوانگەوە گێڕانەوە مەزنەکانی مۆدێرنیتە، هەر وەك پێشکەوتن و دادپەروەری و یەکسانی کە پشتیان بە عەقڵ بەستووە، تووشی هەرەس بوونەتەوە. هزری پۆست مۆدێرن بە گشتی ڕەخنەی لەو بوارانە گرتووە تیۆری مەعریفەی ڕۆشنگەری، عەقلانییەتی کانتی، ئامرازگەرایی دیکارتی، توندوتیژی ***چەمکی گشتی***، خەسڵەت و شوناسی نەگۆڕ و عەقلانی مرۆڤ و هەروەها میتۆدناسییە عەقلانی و ئەزموونییەکان. لەم ڕوانگەیەوە مەعریفە بە گشتی بەرهەمی دیسکۆرسە و سروشتێکی دیسکۆرسییانەی هەیە. لە دەرەوەی دیسکۆرس و کولتووردا هیچ پێگەیەك بۆ نوارین لە جیهاندا بەدی ناکرێ. سەیرکردنی دەرەکی بە شێوەی کانتی ناگونجێ و هیچ فەزایێکی فکری داگیرنەکراویش بوونی نییە. بەدەر لە گەمە زمانییەکان، پەرش وبڵاوی، جیاوازی، ئاسۆییبوونی هزر و کۆتبوونی حەقیقەت بە دەق، شتێکی تر لە ئارادا نییە. لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی پۆست مۆدێرنەوە وشەکان دەکەونە پێش شتەکان و لەوان لەسەرترن؛هیچ بنەما یان سەرچاوەیەك بۆ مانا لە بەردەستدا نییە؛مەعریفە ڕەنگدانەوەی حەقیقەت نییە و لە مێژوو یان لە عەقڵێکدا بەدی ناکرێ، بەڵکو مێژوو خۆی کۆمەڵێك ***دوورگەی گوتارییە***. بەم شێوەیە لە هزری مۆدێرنیتەدا نکۆڵی لە هاوتای عەقڵ و مەعریفە و ڕزگاری دەکرێ.

بە گشتی جیاوازی سەرەکی نەریتی کۆنسەرڤاتیزم و سەرجەم بۆچوونەکانی پێشووتری دژە ڕۆشنگەری و مۆدێرنیتە، بۆ نموونە بزووتنەوەی ڕۆمانتیك لەگەڵ هەڵوێستەکانی ڕامانی پۆست

---

1. Fifty Key Contemporary Thinkers, PP. 66-71.

مۆدێرندا لەوە دا کۆکە کە لە قوتابخانەی کۆنسەرڤاتیزم و بزووتنەوەی ڕۆمانتیکدا ڕەخنەگرتن لە عەقڵ هاوڕێ بووە لەگەڵ قبووڵ کردنی بنیاتێکی تر بۆ مەعریفە؛ بەڵام بیرکردنەوەی پۆست مۆدێرن نکۆڵی لە سەرجەم ئەو گێڕانەوە مەزنانە دەکا کە بنەمایەك بۆ حەقیقەت بە دەستەوە دەدەن.(هەڵبەت لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەوە، بیرمەندانی پۆست مۆدێرن دەستیان بە هەندێك بنەمای تر ڕادەگا وەك ئیرادە، دەسەڵات، زمان، هونەر و جەستە). گێڕانەوەی مەزنی لەم چەشنە ئیتر نە پێویستە و نە خوازراویشە.

# سەرچاوەکان

Blackstone, William T. *Political Philosophy,* New York, T. Y. C. Company, 1973.

Bloom, A. "Leo Strauss", *Political Theory,* 1974.

Burns, Smith. *Ideas in Conflict: The Political Theories of Contemporary World,* New York, Norton, 1966.

Cropsey, J. (ed.), *Ancients and Modern: Essays on the Tradition of Political Philosophy in Honor of Lew Strauss,* New York, Basic Books, 1964.

Crowley, B.L. *The Self, the Individual and the Community: Liveralism in the Political Thought of F.A.Hayek and Sidney and Beatrice Webb,* Oxford, 1987.

Eccleshall, Robert, et al. *Political Ideoliogies,* London, Routledge, 1984.

Ford, D. (ed.) *the Modrn Theologians,* 2 Vol., Oxford, Basil Blackwell, 1989.

Gabriel, Ralph H. *The Course of American Democratic Thought,* New York, Ronald Press, 1939.

Gellner, E. *Postmodernism, Reason and Religion,* London, Routledge, 1992.

Gray, John. *Liberalisms: Essays in Political Philosophy,* London, Routledge, 1989.

-----------. Hayek on Liberty, Oxford, 1984.

Green, D. *The New Right: The Counterrevolution in Political, Economic and Social Thought*, London, 1987.

Held, David. (Ed.) *Political Theory Today*, London, Polity Press, 1991.

Hobhouse, L.T.*Liberalism* New York, Oxford U.pr. 1964.

Housheer, R. (Introduction to I. Berlin), *Against the Current.*

Jouvenel, Bertrand de. *On Power: Its Nature and Hostory of Griwth*, New York, 1949.

--------------. *Sovereignty: An Inquiry inti the Political Good,* Chicago, 1957.

--------------. *The Pure Theory of Political,* Cambridge, 1963.

King, D. *The New Right: Politics, Markets and Citizenship,* London, 1987.

Laski, Harold Joseph. *The Rise of European Liberalism,* London, George Allen& Unwin, 1936.

Leach, R. *British Political Ideologies*, London, Philip Allan, 1991.

Levan Baumer, F. (ed.) *Main Currents of Western Thought,* Yale, 1973.

Macpherson, C. B. *Democratic Theory: Essaye in Retrival,* London, Oxford, U.Pr. 1973.

Macpherson, C. B. *The Life and Times of Liberal Democracy,* Oxford U.Pr. 1977.

Macquarrie, J. *Twentieth Century Religious Thought,* London, 1988.

Miller, E. "Leo Strauss", *Contemporary Political Philosophers,* edited by A. de Crespigny and K. Minogue, London, Methuen & Co. 1976.

Mounier, Emmanuel. *Character of Man*, London, 1956.

-----------.*Personalism*, London, 1952.

-----------.*Revolition Personnalist et Communiaire,* Paris, 1935.

Osgood, Samuel. *French Royalism under the Third and Fourth Republics,* The Hague, 1960.

Parekh, M. *Contemporary Political Thinkers,* New York, 1990.

Pierce, Roy. *Contemporary French Political Thought,* London, Oxford University Press, 1966.

Rees, Richard. *Simon Weil, a Sketch for a Portrait,* London, Oxford U.Pr. 1966.

Rejai Mostafa, (ed.) *Democracy: The Contemporary Theories,* New York, Atherton, 1967.

Siedmand, S. and Wagner, D. (eds.), *Postmodernism and Social Theory,* Basil Blackwell, 1992.

Smith, D. *TheChicagi School: A Liberl Critique of Capitalism,* New York, St. Martin`s press, 1988.

Susser, Bernard, *Grammer of Modern Ideology,* London, Routledge, 1988.

Talmon, J.L.*The Origins of Totalitarian Democracy,* New York, 1960

Wagner, Peter, *ASociology of Modernity: Liberty and Discipline,* London, Routledge, 1994.

Wayper, C. *Political Thought,* London, Hutchinson, 1963.

Weil, Simon. *Gravity and Grace,* London, 1952.

---------. *Intimations of Christianity,* London, 1957.

---------. *Letter to a Priest*, London, 1953.

---------. *Opperssion and Liberty*, London, 1958.

---------. *The Need for Roots: Prelude to a Declaration of Duties toward Mankind,* New York, 1952.

--------. Waiting for God, *New York, 1951.*

Wright, Gordon. *France in Moern Times: 1970 to the Present,* Chicago, 1960.